گۆڤاری

# "ڕۆژی نوێ"

ساڵی دووەم/ بەرگی سێیەم

(ژمارە ١-٦)

(نیسانی ١٩٦١- ئەیلوولی ١٩٦١)


ئامادەکردنی

**سدیق ساڵح        ڕەفیق ساڵح**



بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١٠

٠٥٠,٩١٥٩٧٠٧
س ٢٧٦ ساڵح، سدیق
گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"، بەرگی یەکەم (ژمارە ١–٦)،
ئامادەکردنی سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح.
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١٠.
(بەرگی دووەم) (ژمارە ١–٦)، ٧٣٢ل: (١٦×١٩,٥ سم).
١– گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"–
٢– ساڵح، ڕەفیق (ئامادەکەر)

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٢٢
کتێب: گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"
ساڵ: دووەم
بەرگ: سێیەم (ژمارە ١–٦)
ئامادەکردن: سدیق ساڵحو ڕەفیق ساڵح
سکانو پاککردنەوەو مۆنتاج: لانە تەها عوسمان
خەتو ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ٥٠٠
ژمارەی سپاردن:
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

هەموو مافێك پارێزراوە.

لە بڵاوکراوەکانی
**بنکەی ژین**
**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**
عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان،
تەلاری ژین– تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)
تەلەفۆن: ٢-٣١٩٤٧٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠٤٨٤٦٣٣٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤
کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ ژ. س. پۆست: ١٤
**www.binkeyjin.com**

# ئاگری نوێ



قارەماني نەمری کورد سمایل خانی سمکو لەگەل شوررشگیرە کوردەکانا لە شاری شنو
ئەم وینەیە پیش کوشتنی سمکوی نەمر بە چەند سەعاتیك گیراوە

ژمارە ١ سالی ٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ١ | روژی نوی | کامەران |
| ٧ | من و بلبل | محمد مصطفی کوردی |
| ١٢ | سالی نوی | محرم محمد امین |
| ٢٠ | کومیتەی ئیستیقلالی کوردستان | شاوەیس |
| ٢٩ | گوشەی زانست | دارا کاکە حەمە |
| ٣٧ | روژی نوی | ئیبراهیم حاجی محمد |
| ٥٨ | کەشکولی روژی نوی | |
| ٦٥ | جوغرافیای کوردستان | کریم زەندی |
| ٧٧ | زمانەکەمان | صادق بهاء الدین |


ئەمانەو گەلیك وتاری بەنرخو هونراوەی بە سوز ئەخویندنەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەرگی روژی نوی

بەبونەی سالی دووەمی روژی نوی‌وە ، بەرگیکی نوی پەسندکرا کە لەلایەن ماموستای هونەرمەند قادر محمد مصطفی کوردی‌یەوە کرابوو ، بەلام بە داخەوە پیتانی رائەگەیینین کە ئەو بەرگە فریای ژمارە -١- نەکەوت چونکە چاپخانەی ( رابطه ) لە بەغدا داخرا ، بەرگەکەش لەوی‌بوو کە بیکەن بەکلیشەو بومانی بنیرنەوە ، لەبەر ئەوە ئەمجارە ئەو وینە میژوویی‌یەمان کرد بە بەرگ بـــەلام لە ژمارە -٢- وەوە بەرگی نوی‌ی تایبەتی چاپ ئەکری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

رۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ١ خاکەلیو (نەوروز) ٢٥٧٣ ك ــ مارت ١٩٦١ ز سالی ٢

# روژی نوی

لە دەمیکەوە بە عەزرەت ئەوەوە بووم کە گوڤاریکمان هەبی لەسەر ریبازی راستی کوردایەتی خزمەتی نەتەوەی کورد بکا ... لە تەنگی بانگی شیوانا ... کزەبای پیش نەوروز لە شەقامەکانی شارا دوا زەبری خوی ئەنواندو وەك لە شکری شکاو بەرەو ئەشکەوتی مەرگ هەل ئەهات ، . . لە پرر کاك جەمال شـــالی‌ی هاورریی دیرینمم دی کە ٢٠ سال ئەبی هاورریمە ... مژدە ... کاك جەمال بەراستە ؟..

بەلی ... بەلی ریگەمان پی‌درا کە گوڤاری روژی نوی دەرکەین ... ئەم هەوالە خوشە ، بە تامە ، لەشی گەرم گەرم داهینام . . روژی نوی ... دلم لەگەل هـــەر چرکەیەکیا دەنگیکی لیوە ئەهات ئەیوت روژی نوی ... روژی نوی ....

دەستمان‌کرد بە ئیش کردن ... نووسین ، وەرگیران ، خوینـــدنەوەی وتارو هونراوەی خویندەواران ... چاپ‌کردن ....

ژمارە (١) دەرچوو ... (٢) ... (٣) لە ژمارە ٣دا دلسوزان تی‌یان گەیاندین کە گو ارەکە هەنگاو بە هەنگاو بو پیشەوە ئەچی ... ژمارە (٤) ، (٥) ، (٦) ، (٧) لە ژمارە (٧) دا دەنگی دلسوزان لە جاران گەرمترو بە جوشتر بلند بووەوە ... بو پیشەوە ژمارە (١٠) دەربارەی وتیان وا بەرە بەرە میژووی‌کورد رووناك ئەبیتەوە .

لە ئەنجامی یارمەتی‌ی ئیوەدا ئەی دلسوزینە ، لە ئەنجامی هەولی ئیوەدا ئـــەی

کورد پەروەرینە لە ئەنجامی دلسوزیی خاوەنی چاپخانەی کامەرانا و کریکارانی چاپخانەدا توانیمان بەبی دواکەوتن (١١) ژمارەی روژی نوی دەرکەین، بەلام لە پرر کوسپیکی گەورە هاتە ریمان ... لە روژی ١٩٦١/٢/١٠دا چاپخانەی کامەران داخرا . . ژمارە (١٢) کە لەژیر چاپدا بوو وەستینرا . . . چیبکەین ؟ یەك مانگ دوای خەین ؟ یان . . ؟ بەم جورە تا ٢/٢٢/ چاوەنواریی ئەوەمان ئەکرد کە چاپخانەکە بکریتەوە، ئەمررو بە سبەی ، سبەی بە دوو سبەی تا ٢٢ی مانگ ، لە ٢٢ی مانگـدا داوامان لە چاپخانەی ژین کرد کە ژمارە ١٢ مان بو چاپ بکا ، خاوەنی چاپخانەکە کاك احمد زرنگ دلسوانە هاتە دەست وە نەیهیشت کە ئەو ژمارەیەشمان دوا کەوی .

وا پیمان نایە سالی دووەمەوە ، وە لە ئەنجامی یەك سال هەول دانا ، گەلیـــك شت فیر بووین ، وە ئەو هەلانەی کرد بوومان بومان دەرکەوت . . .

٭ زور سوپاسی خاوەنی گوڤار ماموستا جـــەمال شالی ئەکەم کە بەراستی زور دلسوزە بو گوڤارەکە ، وە زور چابوکە .

٭ زور سوپاسی دەستەی نووسەران ئەکەم کە زور دلسوزن ، وە ئەوی شایەنی باس بی ئەوەیە کە ئیمـــە ( دەستەی نووسەران ) بو دەرکردنی ئەم گوڤارە زور بەریکی پیکەوە گونجاوین‌و یەك دلین‌و بەو پەرری هیمنی‌و لەسەر خوییەوە لە هەموو سووچ‌و کەلینیکی گوڤارەکە ئەدویین .

٭ بە داخەوە ئەیلیم کەوا هەندیك لەو خوشك‌و برایانەی وتارو هونراوەمان بو ئەنیرن وا ئەزانن کە گوایا گوڤاری روژی نوی بریتییە لە چەند لاپەررەیەك‌و پیویستە هەر چونیك ئەبی پرر بکریتەوە ، نازانن کە گوڤارەکەمان ریبازیکی تایبەتیی خوی هەیە کە لە گەلیك گوڤاری کوردو بیگانەوە وەرگیراوە .

روژی نوی رابەری ئەکا نەك رابەری بکری ، لەبەر ئەوە بە پیی توانا باشترین بەرهەم ئەبی پیشکەش بکەین لە پیناوی کوردایەتیدا .

٭ چاپکردن‌و ریك خستنی گوڤاریك هەروا ئاسان نییە ، بەلکو زوربەی کاتمان هەل ئەلووشی لەبەر ئەوە توانا نییە کە لاپەررەکانی لەمە زیاتر بکەین ، وە هەروەها



بنکەی ژین
www.zheen.org

له رووی جوری کاغەزو بەرگ و چاپەوە ئەمەی گوڤارەکەمان ئەیکا ئەو پەرری توانایەتی .

٭ پیش نیازی هەموو دلسوزیك بەچاوی ریزگرتن و نرخ پی دانەوە وەرئەگرین بەلام جی بەجی نەکردنی هەندیکیان یان لەبەر ئەوەیە کە بەلای ئیمەوە پەسند نی‌یە ، وە یان جی بەجی کردنیان لە توانادا نی‌یە .

٭ ریبازی ئیمە ئاشکرایە .... کوردایەتی‌ی راستی راستەقینەی پاکە لەبەر ئەوە هیچ هیزیك نی‌یە بتوانی ئەوەندەی توسقالیك کار لە ئیمە بکاو لەم ریگە راستە لامان بدا نە بەلای چەپمانا وە نە بەلای راستمانا .

ئەی خویندەواری بەرریز ، من زور شادم بەوەی ئەم ئەرکەم خستووەتە سەرشانم بەلام دووبارە هەر ئەو تکایەتان لی ئەکەمەوە کە لەمەو پیش کردوومانە کە ئەویش ئەوەیە یارمەتیمان بدەن یارمەتی .... بەلین بی تا دوا تنوکی توانا دریغی نەکەین

ئیتر هەر بژین

دلسوزتان

کامەران

سەر نووسەری روژی نوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

# باوەرر و ترس

ە لەناو تیرەیەکی قولەرەشدا لە ئەفەریقا جورە بالداریك هەیە خواردنی قەدەغەیە ، وەك چون لەناو ئیمەشا هەندیك بالدارو حەیوان خواردنیان قەدەغەیە ، بەلام سەیر ئەوەیە ئەوان لەو باوەررەدان کە هەر کەسیك گوشتی ئەو بالدارە بخوات ئەمری روژیك لە روژان کورریك لەو تیرەیە بالداریك لەو چەشنە بالدارە ئەکوژی وە گوشتەکەی ئەخوا « بەلام نازانی کە خواردنی قەدەغە کراوە ، وەیان بەو خواردنە گوایا ئەمری » ئەم کوررە هیچی لی نایەت ، دوای چەند سالیك دووبارە یەکی لەو بالدارانە ئەکوژی وە دەست ئەکا بەخواردنی لەوکاتەدا سەروکی خیلەکەیان لەویوە تیپەرر ئەبیو پیی ئەلی « ئەوە چی ئەکەی نازانی هەر کەس گوشتی ئەم چەشنە بالدارە بخوا ئەمری ؟ »

ئەم کوررە ترسیکی ئەوتوی لی ئەنیشی لەپاش شەوو روژیك ئەمری .

ە دکتوریك کە ماوەیەك لە هەندیك شوینی دوور لە شارستانیی لە ئاوستەرالیادا ئەمینیتەوە ئەگیرریتەوە ئەلی « جاریکیان کورریك لە تەمەنی ٢٠ سالیدا هاتە لام وتی ئەخوشم منیش کە سەیرم کرد بوم دەرکەوت هیچی نییە ، لەگەل ئەوەشدا لە خیوەتیکدا دام ناو کەوتمە چاویری کردنی کەچی روژ بەروژ لاواز ترو بیهیز تر ئەبوو ، وە هیچ ئەخوشییەکیشی ئەبوو زور سەرم لەمە سوررما ، روژیکیان سەروکی خیلەکەیان کە پیی زانی من خوم بەم ئەخوشەوە ماندوو کردووە هات وە پیی وتم « هیچ خوت ماندوو مەکە ئەمە هیچ چاری نییە وە هەر ئەبی بمری چونکە حوکممان داوە بەمردن « اعدام » وە حوکمی ئیمەش ئەوەیە کە سیحر بازەکەمان ئیسقانیك لە لەشی ئەو کەسە بدا ، ئنجا ئەم کوررەش سیحر بازەکەمان ئیسقانەکەی لە لەشی داوە ، وە هەر کەسی ئەو ئیسقانە بەر لەشی بکەوی ئەمری » بەلی سەروکی خیلەکە راستی کرد ، وە بو روژی دوایی کوررەکە مرد .

بەلام کە مرد لاشەکەیم هەلدرری کەچی هیچ ئەخوشییەکی ئەبوو ، توەمەس تەنیا لە ترسانا مردووە ، چونکە باوەرری وابووە کە هەرکەسی ئەو ئیسقانی سیحر بازە بەر لەشی بکەوی ئەمری .

ە دکتوریك ئەلی « ژنیك لە خوین لیهاتن ئەترسا « نزیف » لەکاتیکا کە عەمەلیاتیکی زور ئاسانمان ئەکرد ئەو ترسە کاریکی وای تی کردبوو وروژمی خوینی نزم بووەوەو مرد .

www.zheen.org

# [ سەرنج لەسەر سەرنج ]

شیخ محمدی خال

له روژی نوی‌ی ژماره یانزه لـەژیر سەرباسی ( سـەرنج ) دا چەند رەخنەیەك گیرابوو لەو قسه بەرزانەی کەلە ویژەی بیگانانەوه وەرگیرابوون ، هەر چەند قسەکان قســـەی من نیین ، وه مافی منی تیانیه تەنیا وەرگیرانیان نەبی بو زمانی کوردیی ، بەلام هەر بو رووناك کردنەوه وا ئەم چەند دیررەم نووسیی .

١ .. کابرای ئەلمانی که ئەلی : ( لای ئیمه هەر حکومەتی بەبی حزب سەرئەکەوی ) هەر بە خویان ئەلی ، وه ئەگونجی ئەمه بو خویان راست بی یا راست بووبی ، بەلی ئەگەر بی ووتایه : ( لـــه جیهانا هەر حکومەتی بەبی حزب سەرئەکەوی هەق بوو رەخنەی لی‌بگیری .

٢ ـ ویژەی لاتینی که ئـــەلی : ( کتیبی بي‌کەلك له جیهانا نیه یا زور هیچو پووچیش بی ) مەبەسی ئەوه نیه که ئەو کتیبه هەمووی به کەلکه یا لای هەموو کەسیك به کەلکه ، چونکه خوی ئەلی هیچو پووچه ، بـەلکو مەبەسی ئەوەیه که ئـەو کتیبه هەر چەند هیچو پووچ بی شتیکی وای تیا ئەبی که به کەلك بی . جگه لـەوه که زور شتی واهەیه یەکیك به هیچ و پووچی ئەزانی و یـەکیکی تر فەلسەفەی قوولی لی وەرئەگری ، وەك پەندی پیشینیانی انگلیزیی ئەلی : ( ئەو شەوەی که چاوی هیندی مەل ئەنووقینی ، چاوی هیندیکیش ئـەکاتـەوه ) . لەگەل ئەمیشه که ئەم جوره شیوه [ ئوسلووب ] یه بو مبالغەیه له کەلکي کتیب ، واته کتیب زوری به کەلکه ، بالـه هەزارانا کتیبیکیش بیی به بی‌کەلك .

٣ ـ هەموو شتیك له جیهانا دەستوورو باویکي تایبەتی هەیه ، واتـه ئەسبابیکی تایبەتی وای هەیه که ئەو ئەسبابه هاتنەدیی ئەو شته دیتەدیی ، که نەش هاتەدیی شتەکه نایەتەدیی ، هەژاریی ، دەولەمەندیی ، ساغی ، نەخوشیي ، چاکی ، خرایی ، هەریەکه ئەسبابیکی تایبەتی هەیه ، که خوا بوی داناوه لەم جیهانەدا ، هەر کەسیك دەولەمەند



www.zheen.org

بوو ئەوە مەعنای وایە کە ئەسبابی دەولەمەندیی بو ریك کەوتووە ، هەر کەسیکیش هەژار بوو ئەوە مەعنای وایە کە ئەسبابی هەژاریی بو هاتوتە پیشەوە ، چونکە جیهان جیهانی ئەسبابە ، هیچ شتیك بەبی سەبەب نەبووەو نابی ، با هیندی شتیش سەبەبەکەی لە ئیمەوە دیار نەبی .

تەنانەت منالی دوو سالانەش ئەمە ئەزانی ، نابینیت کەلە گویسوانەیەکەوە بەردیکی بەسەرا ئەکەوی خیرا سەربەرز ئەکاتەوە تا تی‌بگا لە سەبەبی کەوتنە خوارەوەی ئەوبەردە

مەبەسی کابرا کەلە ویژەی لاتینیدا ئەلی : ( ئەگەر بەپی دەستوورو باوی خوا بژییت لە جیهانا هەرگیز هەژار نابیت ) ئەمە بوو کە ووتمان ، نەك خواپەرستی‌یە ، خو کابرا نالی : ( ئەگەر خوا پەرستیی بکەیت دەولەمەند ئەبیت ) ، بەلی ئەگەر وای بووتایە سەرنجەکە راست ئەبوو ، بـــەلام دەستوورو باوی خوا لە کوی ؟ وخوا پەرستیی لە کوی .

٤ ـ هەموو جەنگیك تایبەتی یا تیك‌رایی بویە ئەقەومی چونکە لایەکیان وائەزانی کە ستەمی لیکراوە یا تحقیر کراوە وە ئەمیش ئەمە بەنەنگیکی گەورە ئەزانی وەبوی هەزم ناکری ، ئنجا بو لابردنی ئەم نەنگە وە بو ساریژ کردنی دلی خوی جەنگەکە هەل‌ئەگیرسینی ، کە ئەمە لە روویەکەوە پی‌ی خوشە بویە ئەیکا ، ئەگینا نەی ئەکرد ، مەبەسیی کابراکە ئەلی : ( جەنگ سەرەتای شیرینە ) ئەمەی مەبەسە ، واتە شیرینە بەم مەعنایە کە نەنگیك لەسەرخوی لائەبا یا داخی دلی خوی بە دوژمنیك ئەریژی ، یا قازانجیك بو خوی رائەکیشی .

٥ ـ ووتەی دوانزەهەم لە ویژەی عربی‌دا مەعنای وا نیە کە جاران هەموو کەسیك وابووەو ئیستاش وایە : ـ بەلکو مەبەسي ئەمەیە کە جاران ئەو جورە کەسانـە زور بوون ، وە ئیستاش ئەم جورە کەسانە زورن لەناویانا .

# من و بولبول

نووسینی : محمد مصطفی کوردیی

بولبولی شەیدای سەودا سەر کە شەوانی بەهاری بەوکورتیو کەم تەمەنییە لی بوو بوو بەسال ، وە لەبەر ئارەزووومەندیی روخساری خونچەی گولە باخ و زەردەخەنە و دەمدانەوەی بەدەم کزە بای بەری بەیانەوەو هەلمژینی تەنیا دلوپە شەونمە بونخوشە مرواریییەکەی ئاوی و سەر خوش و مەستبوونی بەو ئاوە و گەیشتن بەو ئاواتە پاکو خاوینە شەو چاوی لیك نەئەنا ، وەتا روژ ئەبوەوە چەندەها بەستەی خوشی دلفرینی لە دلی خویا ئامادە ئەکرد کە بەیانی دوای گەیشتن بەو ئاواتەی وە بەبووکی رازاوەی گولی نازدار بەدەم سەرخوشییەوە بیلی ، وە تەنانەت دلی مردووش زیندوو بکاتەوە و بیهینیتە کول ، وە چاوی ووشکە سوفیش وەك کویرەکانی بژیەنیتەوە و فرمیسکی پی داررێژی .

بەدریژایی بەهار ئەمە کارو پیشەی بولبولی شەیدا بوو ، بەروژ و بەشەو سرەوتی نەمابوو ، وە ئوقرەی لی بررابوو ، وەك شیتی پەتیارە هەرئەهاتو ئەچوو لەم چل بو ئەو چل و لەم گول بو ئەو گول .

کە بەهاری ئەم ناوە کەمیك بەناواچوو ، بلبلانی تر لەوناوەدا زور بوون ، وە یەکودوو کوئەبوونەوە ، وەکو لەشتیك بدوین وابوو ، تومەز ئەیانەوی بەکومەل بەرەو کویستان بررون بو ئەو جیگایەی کە یەشتا بەهاری تازەیەو ، گول و خونچەو گولووکی کورپەیەو ، سەوزەو چیمەنو لالەزاری ساوایەو ، کزەی فینكو نەرمە بای بەری بەیانو شەونمی مروارییی مشەیە .

ئەوەندەم زانی دەنگو ئاوازەی بولبول لە گویم بررا ، چونکی روەو کویستان دابویانە شەققەی بال و رویشتبوون .

منی خەفەتباری دلتەنگیش کە کزکز دانیشتبووم ، وەبەخەفەتی نەتەوەو خاکەکەمەوە ئەتلیمەوە و ئەژنوم داوەتە بەر سنگی بەپەژارە سیخناخم ، وە بەچاویکی گیژو ویژی

لیلی سوورەوە ئەرروانمە ئاسوی دووری نادیاری پاشە روژ ، وە بەهەزاران جور بیری لی ئەکەمەوە و لە دلی خوما تاووتوی ئەکەم و لـــە قەلبییری شاش‌وویشی سەرنجی ئەدەم و گیژی ئەکەم‌و ئەی بیژمەوە و کوتەلی ئەگرم، هەر بەم تەحرە شەو ئەدەمە دەست روژ و روژ ئەدەمە دەست شەو بی ئەوەی کە بەرهەمیکی لی چاوەروان بکەم و بەروبوومیکي لی بنیمە لاوە ، جا بەم جورە کە ووتم ـ رەنگە دەیەکی ئـەوەش نەبی کەوا لـە دوو تویی دەروونما جوش ئەخوا ـ بەنەمانی دەنگی بولبولی‌شەیداو هەلفرر هەلفررو چرییکەو زرییکەی ـ کە پرر ناخی هەستییم بوو بوو ـ هوشیکم هاتەوە بە بەر خوما ، روانییم ئەندامم کەسیرەبـوە ، ئەژنوم دەقی گرتوە ، کە هەلئەستمە سەر پیان سەرم گیژ ئەخوا ، کە هەنگاو ئەنیم رەت ئەبەم .

ئنجا لە دلی خومـا ووتم : منیك کە ئادەمیم ، وە هەســـتی لیکدانەوە و بیر کردنەوەم هەیە : وە لە بولبول توانا ترم بەسـەر هەست‌وکەوت‌و جیگا گورکی‌دا ، بوچی منیش روەو ئەو کویستان و ئیلاخان و ئسارانە نەرروم و توزیك ســـرریی جەستەم دەر نەکەم ؟ ! وە سرەوت و ئارامیك نەدەمەوە بەدلو میشکم ، وە بەئاوی بەفراوی نزاران شوستو شـویەکی خوم نەدەم وە دەروونی پرر جەخارم لە ژەنگو کەرروی بەسەر یەکا کەوتوو پاك نەکەمەوە ؟ ! ب

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەم بونەیەوە منیش روەو کویستان سەرم نا ، رویشتم رویشتم تا گەیشتمي ، کە گەییم چی ببینم ؟!! هەر قەد پالەی بەرەنگیك ، وە هەر یالەی بە جوریك ، وە هەر دولەی بە تەحریك ، وە هەر دەشتەی بە چەشنیك ئەنوینی ، تەماشای هەر شـاخیك ئەکەیت وەك پەلکە زیررینە دەستی کردگار رازاندوویەتیەوە ، لە سەوزو لـە سوورو لە ئال‌و لە مورو لە ژەنگارو لە سپیی بەراستیی بی‌ئەوەی کە هەستی پی‌بکەم کالای خەم‌و خەفەت‌و پەژارە لە خویەوە لە بەرم داررنرا ، وە باری سەرشانم بە جوریك سووکبوو ، وەکوو سویسکە بەسەر ئەو چیاو نزارانەدا ئەسووررامەوە ، چاووم لـەو تەماشاگا بەرییانە ، وە دلم بەو وینە رەنگاو رەنگانە ، وە گویم بـە بەسـتەی کەوو کوترو پوررو سویسکەو بە دەنگي کارو بەرخ‌و خشەی گەلاوگیا ـ کەبای شەمال ئەی

هیناو ئەی برد ـ تیرو تەسەل نەکرد بە رەنگیك مەست بو بووم وەم ئەزانی کە هیچ پەیوەندیی‌بەکم بەم جیهانە نالەبارەوە نییە وە تازە لە ئاسمان هاتوومەتە خواری بەم تەحرەی کە ووتم ماوەی بەهاری کویستانم بردە سەر ، بەلام وەکوو دوو روژ بی لەلام وابوو ـ ئای کاتی خوشیی چەن تەسكو توروسكو بی‌پیتە وەك بەفری بەهار وایە لە خویەوە ئەتویتەوە ؟!!

کە بەهاری کویستانیش پییر بوو ، وە گەلای گولو خونچە وەریی ، وە کالای سەوزی چەمەنو چیا زەرد هەل گەررا ، ئیتر دەنگي بولبولی شەیدا بەرەبەرە لە گویم بررا ، تومەز بەرەو گەرمیان لە گەررانەوە دان ، ئنجا منیش هوشیکم هاتەوە بەبەرا ، وە کەلکەلەی گەررانەوە کەوتە سەرمەوە ، ئیتر بەرەو دوا روەو گەرمیان داکشامە خوارەوە .

کە هاتمەوە دییم بولبولی شیتی شەیدا بانگی گریانی لی‌هەلداوە ، ئاوازی چەمەر چوپی ئەگاتە کاکەشان ، بە هەزار زبانو هەزاران ئاحر ئەلاوینیتەوە بو گول ، بو چیمەن ، بو لالەزار ، بو کزەی بەری بەیان ، بو دانەی مرواریبی شەونمي ناو خونچە ، بو کەرویشکەی سەوزە گیا بەدەم بای شەمالەوە ، چونکی هوگری ئەمانەیەو ئیستا ئەبینی دیمەنی هەموو شتیك گورراوە ، وە هیچ شتیك وەك خوی نەماوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

منیش کە رمووەدەی یارانی هاودەمم ، وە هوگری برایانی چاکی پاکی دل رووناکم وە کوشتەی ناوجەرگەی کورری هاوری‌یانی‌یە کبییری نیشتمان دوستم ، ئیستا روو ئەکەمە هەر شوینیك ئەو شوینەی جاران نیە ، ئەچم بەلای هەر کەسیکا وەکو هەر نەی‌دیبم وایە ، سەرنج ئەدەمە هەر یاریکی دیرینی هاو ئامانج لە ناوچاویا ئەخوینمەوە کە وەك دوژمنی باوە کوشتە تەماشام ئەکا ، تەك ئەدەم بەلای هەر برایەکی ئاوپشتی هاوبیرا رووم لی وەرئەگیرری ، ئەبینم نە ئەو ئاسەی جاران ماوەو نە ئەو حەمامە ئیتر واتاس بردمیەوە نەم ئەزانی چی‌بکەم ؟!! وە لەبەر خومەوە ئەمووت ئەو روشتەیەی کە هەموو بەرەیەکی ئەم نەتەوەیەی پیکەوە بەستبوو چی لی‌هات ؟!! بوچی پچررا ؟!! کی پچرراندی ؟!! ناچار بووم هەناسەیەکي، دووکەلاوییم هەلکیشا و رووم کردە چیا

که لەوی بولبول بانگی لی هەلداوه و شیوەنی گەرم کردوه و پرسەی داناوه چەمەر چوپی‌یه ، وتم : هاودەردەکەم بولبولی زار ! تو بگری بو گول منیش بو دل ، تو بو شـەونم منیش بو برایەتی ، تو بو کزەی بەری بەیان منیش بو یەکیتی ، تو بو شنەی شەمال منیش بو کومەلی یاران ، تو بو سەوزەی کوساران منیش بو دوستایەتی تو بو چل و چرو منیش بو خوشەویستی ، تو بو گولووکی رەنگاو رەنگ منیش بو روشتەی پچرر پچرری کومەلایەتی ، توخوا بەم رەنگه بـا هەردووکمان بگریین تـا ئەمریـن .

# روژی نوی پرسیی

بنکەی ژین
www.zheen.org

له ژماره (۱۰)ی سالی یەکەمدا دوو پرسیارمان له خوینـدەواره بەرریزەکان کردبوو ، له ئەنجامدا گەلیك وەلامان بو هاتەوه که گەلیك پیش نیازی سوودمەندو نایابیان له گەلدا بوو . . .

ئەی خویندەواره بەرریزەکان زور سوپاستان ئەکەین بەرامبەر بەو پیش نیازانەتان ، وه بەلینتان ئەدەینی که به گویرەی توانا کامی پیویست بی جی بەجی بـکەین ، وه هەروەها گەلیکی لی جی بەجی کرا .

ئەی خویندەوارانی بەرریز روژی نوی ( گوڤاری خوتانه ) ئیوەن دەری ئەکەن، بەررپوەی ئەبەن به یارمەتیتان سەری ئەخەن‌و پیشی ئەخەن .

# پــــیری

پیری هاتووەن بەپیریمەوە
هیچ نی‌یەن وەتەنگ دلگیریمەوە

مەولەوی

بە پیر پیریوە کوکەکوکمە
خوازبینی‌ی بەفرو هەڵەکوکمە

پیرەمیرد

پیری بە تەنیا رەحمەتە
پیری و فەقیری زەحمەتە

شیخ رەزا

چاوەکەم توش پیر ئەبی ریشت ئەبیتە گورەوی
گەر بفەرمووی من فلانم پیت ئەلین توخوا ئەوی ؟

حاجی قادری کویی

لە پی کەوتووم‌و نەفسم بو هەوا ئەشنی وەکو منداڵ
لەبەر پیری سەرم خوی ناگریت و تازە پی ئەگرم

مەحوی

تەمەن روو بو خەزان ئەرروا کەچی گەردوون ئەوا تازە
لە ویرانەی دلا تووی گولی دلداری ئەرروینی

ئەخـول

بنکەی ژین
www.zheen.org

سالی نوی

# لیکولینەوەیەکی سیاسی لەو کارەساتانەی

## لە سالی رابووردوودا رووی داوە

محرم محمد امین

گوڤاری روژی نوی کە بەم ژمارەیە پی ئەنیتە دووهەمین سال لە خەباتیاو تیکوشانیا لە پیناوی هینانە دبی ئەو ئامانجانەی لە یەکەم ژمارەیدا خستویەتە بەرچاوی خوێندەوارە خوشەویستەکانی، سالی یەکەمی تەمەنی بەری ئەکا کە پرە لەگەلی کارەساتی سیاسی لەگیتیدا کە گورینیکی بنجی قولی پەیدا کردوە لە پەیوەندی نیوان دەولەتاندا، وەلە ژیانی زوربەی گەلاندا، وە ئەم گورینە سەراپایە قوولە گەلی کورت و کوسپ و هەورازی بریوە بویە هەتا یەت خیرا تر ئەبی کە گومانی تیا نیە زور بەزوویی گوشەیەك نامینی لەم گیتیەماندا نەیگیریتەوە بەنەتەوەی کوردی تیکوشەرمانەوە لەبەر ئەوە بەپیویستی ئەزانین سەرنجی بدەینە ئەو کارەساتانە تا بزانین چ کاریگەریکیان ئەبی لەسەر دوا روژی گەلان بەگشتی، وە نەتەوەی کوردمان بە تایبەتی بو ئەوەی بتوانین بە هوشداریو دووربین بەپیر ئەو کارەساتە زور گرنگانەوە بچین کە لەمەودوا چاوەروانمان ئەکا .

لە سالی رابووردوودا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بە سەرەکی دەولەتە ئیمپریالیزمەکان ئەژمیریت روژ بەروژ روو لە نەهاتو بەرەو نابووتی رویشتوە، ئەو سیاسەتەی ئامانجەکانیی خو ئامادە کردنە بو جەنگیکی گشتی تر بەچەکی ئوتومی و هیدروجین بو ئەوەی خوی رزگار بکا لە تەنگ و چەلەمەکەی کە هەتا یەت زیاتر ئەیتاسینی و لرخە لرخیی پی ئەخا، ئەم سیاسەتە جەنگ پەروەریەی ئەمریکا هەر وەکو لە ناوەوە کاریگەریکی زور خراپی هەبوە بو سەر ژیانی ئابوری گەلی ئەمریکاو بی ئیشیەکی فراوانی بلاو کردوتەوە لە ناو کریکارانداو هەژاری و نەخوشی تەشەنەی کردوە، لەدەریشەوە کاریگەریکی خراپتریی هەبوە لە پەیوەندی نیوان



www.zneen.org

دەولەتاندا . هەول و کوششی ئەمریکا بو تیکدانی ئاسایش ، وە دروست کردنی بنکەی ساروخی و ئوتومی لەو وولاتانەی لە پاشکویەوە ئەرون یا ژیر دەستن ، وە گیرانی دەسیسەو پیلان بو لە ناو بردنی سەربەخویو سەربەستی وولاتە تازە رزگار بوەکان وە هەلویستە دوژمنایەتی‌یەکانی بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاری گەلە ژیر دەستە چەوساوەکان، وە هەولدان بو پیك هینانی پەیمانی هیرش بەری بوسەر بەرەی سوشیالیزی و وولاتە دیموکراتی‌یە گەلی‌یەکان و هەموو نەتەوە ئازاد بوەکان ، وە لە پاشا گەرانی فروکەکانی‌ی زور بەبی ئابروانە بە ئاسمانی یەکیتی سوڤیتدا بە نیازی جاسوسیەت لە بەرەبەری گرتنی کونگرەی سەرەك دەولەتەکاندا لە پاریس‌بو چەسپاندنی ئاسایش لە گیتیدا ، وە تیکدانی ئەو کونگرەیە کە جیگای هیوای گەورەی گەلان بوو بەهوی کردەوە استفزازی‌یەکانی ئایزنهاوەری سەرەك کوماوی پیشوی ئەمریکاوە ، ئەمانە هەمووی پیستە مەرینەکەی لەبەر ئەمریکا دامالی‌و بەتەواوی دەم و لموزە گورگینە ناقولاکەی بو گەلان کەوتە روو ، وە لە هیچ کاتیکدا بەرادەی ئیستا نارەزایی و بیزاری و قینی رای گشتی عالەمی بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا بەرز نەبوتەوە ، دەربرینی ئەم قین و بیزاری‌یە بە تەواوی لە گەشتەکەی سەرەك ئایزنهاوەردا دەرکەت کە بەهەر وولاتیکدا ئەرویشت بە تویکلە هیلکەو تویکلە شووتی دەر ئەکرا ، وە گەلی ژاپون هەر نەیهیشت پی بنیتە خاکەکەیەوە .

وە هەروەها ئەمریکا لە ناو دەولەتە امپریالیزمە سوین خورەکانی خوشی‌دا ئەو جیگا سەرکردایەتی‌یەی جارانی نەماو لەبەر چاویان سووك بوو پاش ئەوەی دەرکەوت کە یەکیتی سوڤیتی لە ئەمریکا زور پیش کەوتوترە لە دروست کردنی چەکی ئوتومی هیدروجینی و ساروخی و مانگی دەست کرددا ، وە ئیستاکە بزووتنەوەیەکی سیاسی هەیە لە ئەوروپای روژ ئاوادا بەسەر کردایەتی ئەدیناوەری مستشاری ئەلمانیای روژ ئاوا بو گورینی پەیمانی ئەتلەسی بە جوریك کە ئەمریکا لە سەرکردایەتی‌یەکەی جارانی بخری .

وە دەولەتە ئیمپریالیزمەکانی تریش ، وەکو بەریتانیاو فەرەنسە کە هیشتا هەر لە



www.zheen.org

پاشکوی ئەمریکاوە ئەرون ، پیچەوانەکانی ناوەوە و دەرەوەیان لەم سالەدا بەهیز ترو . توند تر بوە ، لە بەریتانیا لەبەر سیاسەتی جەنگ پەروەری و داگیر کەری لەتەنگ و چەلەمەیەکی ئابووری زور بە هیزدا ئەتلیتەوە و بی ئیشی پەرەی سەندوە بەجوریك ناکوکی خستوتە ناو سەرمایەدارە گەورەکان خویانەوە لە پارتی ( محافظینی ) دا وە ئیستاکە بەشیکی زور لە بورجوازی‌یەکانی بەریتانیا داوای گورینی ئەم سیاسەتە ئەکەن و ئەیانەوی لە پاشکوی ئەمریکا رزگاریان بی . وە تەنگ و چەلەمەی فەرەنسە زور تیژترو بە تەوژمترە لە هی بەریتانیا بەهوی جەنگی رزگاری گەلی قارەمانی جەزائیرەوە کە خەزینەی فەرەنسەی تابووت کردوەو شەکا شەکای بە دکتاتوری‌یەتی دیگولی کونەپەرست خستوە .

ئەمە بەکورتی باری بەرەی امپریالیزمی عالەمی بوە لەم سالەدا ، وە ئەگەر سەرنجیکیش بدەینە بەرەی سوشیالیزمی و وولاتە دیموکراتی‌یە گەلی‌یەکان و گەلانی‌تر ، ئەبینین کە ئەم بەرەیە روژ بەروژ روو لە پیش‌کەوتن و بەرزبوونەوەدا بووە وە دەست‌کەوتن بە دوای دەست‌کەوتندا دەست‌گیریان بوە بەهوی ئەو رژیمەی تیایا ئەژین کە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی ئەو وولاتانەی لەسەر دامەزراوە. لە هەموو کونگرەیەکی دەولەتیدا ، بەتایبەتی لەکومەلی نەتەوە یەکگرتوەکاندا سیاسەتی دەولەتە سوشیالیزمەکان و وولاتە دیموکراتیە گەلی‌یەکان بە تەواوی ریك‌کەوتوەو گونجاوە لەگەل ئاوات و ئامانجەکانی هەموو گەلانی گیتیدا کە سەربەخویی و سەربەستی و دیموکراتی و ئاسایشە وە لەناوچوونی رژیمی امپریالیزمی و کونەپەرستی‌یە لەهەموو گیتی‌دا ، وە لە سیاسەتی ناوخوشیاندا کە رووی دووهەمی سیاسەتەکەیانە بە ئاشکرا روون‌بوتەوە لەم سالەدا سەرکەوتنیکی بزورگیان دەست‌کەوتوە لە هەموو روویەکی ژیانەوە ، لە ئابووری ، لە تەندروستی ، لە ئەقافی ، لە تەکنیك ، وە لە زانستدا ، وە لە سەر دەستی زاناکانی سوڤیتیدا مانگی دەست کرد گەلی هەنگاوی‌تری نا بو پیشەوەو گەیشتە مانگ و زوهرەو ئەوەندەی پی ناچی هەر وەکو زاناکانی بەرەی امپریالیزمی نوقلانەیان لیداوە مروڤ بنیرن گەشت بکا بە ناو ئەستیرەکانداو خەوە کونەکەی مروڤایەتی بە تەواوی بهیننە دی‌ی .

ئەم دەست کەوتنە و سەرکەوتنە گەورانەی بەرەی سوشیالیزمی و وولاتە دیموکراتی‌یەکانی گەلی لە پیش رەویانەوە یەکیتی سوڤیتی مەزن لە سیاسەتی ناوەوە ، وە هەلویستە بە شەرەفەکانی ئەم بەرەیە لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەرامبەر مەسەلەی رزگار بوونی نەتەوە ژیردەستەکان و بەرگری کردن لە نەتەوە ئازاد بوەکان و مەسەلەی ئاسایشی گیتی ، ئەمانە هەمووی ئەوەندەی‌تر بەرەی سوشیالیزمی وولاتە دیموکراتیە گەلی‌یەکانی بەرزکردەوەوە بوو بە هیزیکی ئیجگار گەورە لە نەخش‌کردنی سیاسەتی دەولەتیدا بەرەو ئاسایش‌و دیموکراس ، وە لە جاران بەهیزتر پالی‌ی بە بزووتنەوەی رزگاری‌و دیموکراسی‌یەوە نا بو پیشەوەو لەگەلی جیگادا ، لە مصر ، لە عیراق لە سەرەتای شورش (١٤) ی تەموزدا ، لە کوبا ، وە لە لائووس تەگەرەی‌دا لە پیلانەکانی امپریالیزم‌و هەر لە جیگای خویدا گور بەگوری کردن .

وە لەکوری بزووتنەوەی گەلە ژیردەستەکان و نیمچە ژیردەستەکان و ئەوانەی رزگاریان بوە ، ئەتوانین سالی رابووردوو دابنین بە سالیکی پرر گیژە لووکەو گەردوو لوولی شورشی رزگاری وە لە گەلی جیگادا هیزی امپریالیزمی و کونەپەرستی بەشیکی زور لە قەلاو سپیرەکانیان لەکیس چوەو لە جیگاکانی‌تریشدا ئەوەندەی نەماوە بکریتە دەری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ئەمریکای لاتینی پاش رزگار بوونی کوباو سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە هەرەشەو گورەشەکانیا بەرامبەر گەلی کوبا ، بزووتنەوەیەکی جەماهیری زور فراوان دەستی پی‌کرد وە لە پیناوی رزگار بوونی ئەو وولاتانەدا لە دەست جامبازەکانی ئەمریکا ، وەراپەرین هەلمەت‌و خونیشان دان هەموو گوشەیەکی ئەو وولاتانەی گرتوتەوە ، وەلە لائووس ئەمریکا لە رووڕەشی بەولاوە هیچی کەی بو نەمایەوە کە پیلانە امپریالیزمی‌یەکەی ئاشکرابوو بو ئەوەی ئەو وولاتە سەر لەنوی بە پاشکوی خوی‌یەوە ببەستیتەوە ، وەلە هەموو لایەکی ئەمریکادا کلپەی شورشی رزگاری بەرز بوەوەو گەلی لەم گەلانە لە کویلەیەتی امپریالیزمی رزگاریان بوو ، وە ئەوانی تریش خەباتی سەختیان هەر بەردەوامە کە گومانی تیانی‌یە لەئەنجامدا سەرکەوتن هەر بو ئەوانە . وە ئەو قارەمانیتیەی گەلی کونگو بەجی هیناوەو

هیشتا هەر بەجێی ئەهێنی لە پێناوی سەربەخۆیو سەربەستی خۆیدا دژی امپریالیزمی بەلچیکا

بە تەواوی دەماری هاری امپریالیستەکانو نوکەرەکانی جولانو وای لیکردن تاوانیك بکەن هیچ پیاو کوژیك لە میژووی تاواندا نەی کردبی بە کوشتنی نیشتمان پەروەری نەبەز باتریس لومومبا سەرەك وەزیرانی حکومەتی نیشتمانی گونگو. وە جەنگی ڕزگاری گەلی نەبەزی جەزائر دژی امپریالیزمی فەرەنسە هەتایەت بەهیزترو ووزەدار تر ئەبی ڕوژی ڕزگاری ئەویش ئەوەندەی نەماوە .

وەلە ڕوژهەلاتی ناوەڕاستو خوارووشدا ، کوماری ڕزگاربوی عیراق ئەو تیشکە گەشەیە کە لە ڕوژی (١٤)ی تەموزی سالی ١٩٥٨دا ئەم ناوچەیەی ڕووناككردوتەوە ، ئەگەر چی امپریالیستەکانو کونەپەرستەکانی ناوخو چون لە سەرەتاوە لە چالاکیدا بوون، لە ماوەی سالی ڕابووردوودا هەر بەو بی یە ؛ بگرە زیاترو بە چەشنیکیتر چالاکییان بەکار هیناوە بو نانەوەی ناکوکیو دوو دلی لە نیوانی گەلو حکومەتە نیشتمانییەکەماندا، وە لە نیوانی نەتەوەی کوردو عەرەبـــدا ؛ ئەم دوو نەتەوەیەی کولەکەی بە هیزی کوماری خوشەویستەکەمانن . بەلام شارەزایی گەل لە دەسیسەو پیلانی امپریالیستەکان و بەرزی هوشی هەردوو نەتەوەی عەرەبو کوردو پتەویو بە هیزی یەکیتییان بوو بەهوی سەرنەکەوتن نیازە چەپەلەکانی امپریالیزمو کلکەکانیی . وە لە سالی ڕابووردوودا گەلی عیراق بە کوردو عەرەبییەوە ؛ وە بە هەموو چینە کومەلایەتیەکانیو پارتییـــە نیشتمانییەکانییەوە چاوەڕی براندنەوەی ماوەی گواستنەوە بوون ؛ وە هەلگرتنی حوکمي عرفيو یاسانائاساییەکان و دانانی یاسای هەلبژاردن و هەلبژاردنی نوینەران بو ئەنجومەنی نیشتمانی ؛ وە نەتەوەی کورد مان چاوەڕی بوو لە سالی ڕابووردوودا بەندی سیەیەمي دەستورە موەقەتەکەمان بە تەواوی بەکار بهیـنریت وە گەلەکەمان بە هەموو مافەکانی خوی شادبن ؛ بو ئەوەی هیچ درزو دەلاقەیەك نەمینیتەوە دوژمن لیوەی بیتە ژووریو زەفەرمان پی بەری ؛ بەلام چ لە دەربارەی خواستە گشتییەکانی گەلی عیراق وە چ لە دەربارەی خواستە تایبەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق لە سالی ڕابووردوودا هیشتا زوریان نەهاتوتە دی کە هیوادارین ئەوەندەی

پی‌نەچی هەمووی بیتەجی بو ئەوەی ئیجگاری قور بدری بە دەمی دوژمنداو لە داخا بتوپی .

وە هەر لەم سالەدا دەولەتەکانی عەرەب لە ژیر هیزی خواستی گەلەکانیاندا ، بە تایبەتی پاش ئەوەی اسرائیل بە یارمەتی امپریالیزمی فەرەنسە کەوتە دروست کردنی بومبای ئەتومی کەوتنە لە یەك نزیك بوونەوەو هەولدان بو نەهیشتنی ناکوکی لە نیوانیاندا ، ئەوەبوو حکومەتی ئەردەن دانی نا بە کوماری عیراقدا ، وە حکومەتی عیراق کەوتە بەینی حکومەتی تونس‌و کوماری عەرەبی یەککرتووەو ئاشت کردنەوەو ریگا تەخت بوو بو گرتنی کونگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی عەرەب لە بەغدا کە ئەمانە هەمووی کردەوەیەکی پەسندو بەجی بوو لە پیناوی بەهیزکردنی پەیوەندی لە میانەی دەولەتە عەرەبەکاندا بو ئەوەی هەموو پیکەوە هەول بدەن بو گەیاندنی نەتەوەی عەرەب بە هەموو ئامانجەکانی‌و رزگار کردنی فەلەستین لە داگیرکەرەکان‌و بە دەنگ برا عەرەبەکانی تریانەوە بچن لە عومان‌و جەزائرو وولاتەکانی تر ، بەلام گفت‌وگوکانی کونگرەی بەغدا ئەوەندە بەرز نەبوو بگاتە ئاستی ئەو کیشانەی لەبەر دەستدا بوو جی‌بەجی بکری هەروەها ئەنجامی کونگرەکەش لەوانە نەبوو زور دل خوشکەرە بی ، بەلام هەرچی چونی بی هەنگاویك بوو بو پیشەوە کە هیواداریین هەنگاوی بەرزترو گەورەتری لە دوابی کەمایەی خیروخوشی بی بو برا عەرەبەکانمان

وە لە تورکیا لە سالی رابووردوو دا انقلابیك روویدا ، ئەمە هەرچەندە بزووتنەوەیەکی رووکەشی بوو ، وە کاریکی قوولی ئەوتوی نەکردە سەر ژیانی نەتەوەی کوردو تورك لەو دەولەتەدا ، بەلام مەغزایەکی سیاسی گەورەی هەبوو ، ئەم انقلابە پاش خونیشان دان‌و مانگرتنیکی جەماهیری فراوان روویدا لە داخی سیاسەتە کونەپەرستەکەی تورکیا کە لە ناوەوە دکتاتوری‌یەتیکی تەواوی بەکار ئەهینا وە لە دەریشەوە لە پاشکوی امپزیالیزمی ئەمریکاوە ئەرویشت ، وە کونەپەرستەکان لە ترسی ئەوەی نەوەکو بزووتنەوەکە بگیرریت بو کردەوەیەکی شورش گیری تەواو و رژیمی کونەپەرستی لە رەگ‌و ریشە دەربهینی ، انقلابەکەی ژنرال کورسیل پیك هات بە نیازی سررکردن‌و تەفرەدانی گەل ، بەلام لافاوی بزووتنەوەی رزگاری‌و دیموکراتی‌لە

گیتیدا ئەوەندە بەهیز بوە تورکیا لە شەپولەکانی دەرباز نابی ، هاکا لەژیر زەبری خەباتی هاوبەشی نەتەوەی کوردو تورکدا ئەو رژیمە دارزیوەش وەکو رژیمە بوگەنەکانی تر تلیسایەوەو نەتەوەی کوردمان لەو بەشە کوردستانە داگیرکراوەدا بە هەموو مافەکانی خوی شاد بوو .

وە رژیمی شایەتی کونەپەرستی لە ئیرانیشدا تا لەولاوە پینە ئەکری لەلایەکی ترەوە شیتالی لی ئەبیتەوە ، وە گەلی ئیران بە نەتەوەی کوردو فارس‌و ئازربایجانی‌یەوە زور بە گورتر لە جاران هاتوونەتە کوری خەباتەوە بو لەناوبردنی رژیمی کونەپەرستی امپریالیزمی ، وە روژ نی‌یە گەل قین‌و بیزاری خوی دەرنەبری لە دەست جەورو ستەم کاری چینی کاربەدەستی چلکاو خور بە خونیشان‌دان‌و بەیان نامە بلاوکردنەوە کە ئەمانە هەمووی پیش‌رەوی گیژەلووکەیەکی شورشی‌یە هاکا هەلبکا لە ئیرانداو ببی بە هوی رزگار بوونی نەتەوەی کوردمان لە کوردستانی بەزور بە ئیرانەوە بەستراودا .

سەرئەنجامي ئەم لیکولینەوەیەمان ئەوەیە کە بەرەی ئیمپریالیزمي لە سالی رابووردوودا لە سالەکانی تر خیراتر بەرەو خواروو پووك بوونەوە رویشتوەو تەنگ‌و چەلەمە کوشندەکەی ئەوەندەی تر لی‌ی پیس کردوە کە ئیستا لەسەرەمەرگدایە ئەوەندەی پی‌ناچی ئیجگاری ئەنیژری بەهوی بەهیزبوون‌و پیش‌کەوتنی بەرەی سوشیالیزمی‌و وولاتە دیموکراتیەتە گەلی‌یەکانەوە ، بەهوی کوتانەوەی سەرو پوتەلاکی‌یەوە بەبی راوەستان لەلایەن گەلانی ژیر دەستی‌یەوە رزگار بوونیان لە چنگە خویناوی‌یەکەی ، وە بەهوی بەهیزبوونی خەباتی چینی کریکارانەوە لەناو رژیمی امپریالیزمی خویدا لە پیناوی رووخاندنی ئەو رژیمەو دامەزراندنی رژیمی اشتراکیدا

سەردەمی رژیمی امپریالیزمی‌و کونەپەرستی باوی نەماوە ، وە سەردەمی سەربەستی سەربەخویو دیموکراتیەت‌و ئاسایش هاتوتە پیشەوە ، وە نەتەوەی کوردمان کە سالەهای سالە وولاتەکەی پارچە پارچە کراوەو بەدەست هیزی امپریالیزم‌و داگیرکەرانەوە ئەنالینی‌و ئەچەوسیتەوە ، ئەوەندەی نەماوە بەری خەباتی سەختی خویناوی خوی بچنیتەوەو بە شادی‌و سەربەستی لە باوەشی سەربەخویي‌و دیموکراتیەتدا بژی . ئیمرو ئەو روژە لە هەموو کاتیك نزیك ترە ؛ بویە ئیستا لە هەموو کاتیك زیاتر پیویستیمان بەخو ئامادە کردن‌و ریك‌خستن‌و یەکیتی هەیە لەهەموو گوشەیەکي کوردستاني‌خوشەویستماندا.



بنکەی ژین
www.zheen.org

# منال و برسیتی

کاتی که ئەلمانیا خوی دا به دەستەوە زوربەی ئەو منـالانەی له بەندیخـانەکانا بوون خەریك بوون له برسـانا بمرن بەلام له گەل ئەوەشـدا که تیرو تەسـەل کران وه گەلیك جوره ڤیتامینیان درایه وه له رووی تەندروستی یەوه چوونـەوه دوخی باشی جارانیان ، لەگەل ئەمەشـدا زوربەیان هەر له قیژەقیژو گریان و داچلەکـین ئەکەوتن ، وه زوری یان له خەوا پەیتا پەیتا رائەچەنین و ئەگریان زانایان لەمە زور سـەریان سوررما تا زانایەکی دەروونی چاری کردن بەم جورە : دوای ئەوەی منالەکان نانیان ئەخواردوو به تەواوی تیر ئەبوون ، وه سەریان ئەکردە سەرسەرین بنوون ، هەر یەکەیان کولیرەیەك ئەخرایـە ژوور سـەری ، بەم جورە منالەکان لەو ئەخوشی یە نەفسی یە رزگاریان بوو ، تومەس ئەم کولیرە دانانە له ژوور سەریان کاری ئەکردە میشکیان لەو رووەوە که گوایا سبەینیش ( نان ) هەیه بیخون بەم جورە دل نی یایی ئـەو منالانەی گرتەوە کوش وه له سامی بریتی رزگاریان بوو .

# خەمی چیتە ؟

کەس بی خـەم نی یه ، ئەمنـال ئەگەورە .

- که منال بووم خەمی خواردنم بوو ، که برسیم ئەبوو ئەگریام .
- که نەختی گەورە بووم خەمی خویندنم پەیدا کرد ، جارو باریش توورەبوونی باوکم .
- که پیم نایه هەررەتی لاویمەوە کەوتمە بیرکردنەوە له ژن هینان .
- ئیستەش خەمی مناله وردیلەکانمـە بەخیویان کەم .
- سبەینیش که پیربووم ترسی مردن ئەکەویتە دلەوە .

کی بی خەمە ؟ کەس .

بەلام کەمتەر خەمی مانای کامەرانی نی یه .... تو رەنگە خەمی خوت یان چەند کەسیکت لەبەر بی بەلام هی‌وا هەیه خەمی نەتەوەیەك ...

کامەرانی تەنیا له تیکوشانایـە بو زال بوون بەسەر هەموو گیروگرفتیکدا کامەرانی تەنیا لەتیکوشانایه بو کامەرانی ی نەتەوەکەت ...

www.zheen.org

# مێژووی نەتەوەکەت

# کومیتەی ئیستقلالی کوردستان

اسماعیل حقی شاوەیس

قوماندانی فیرقە میرالای خالد بەگی جبری کە سەروکی خیلی جبران بوو ، وە لە ناوچەی مووش - خنس ( Muh - Henis ) دانیشتەبون . لە سالی (١٩٢١) ی زاینی لە ( ئەرزروم ) کومەلی پەنهانی ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستانی ) دامەزراند وە لە ماوەیەکی کەمدا ئەم کومەلەیە لە کوردستانی تورکیا لە ( هەر شەش ویلایەتەکە ) دامەزراوی کەوتەکار ، بەلام کومەلە ئاشکرا وە نهینیەکانی کەی کوردستـــان وەکوو ( کومەلی تعالی کوردســـتان ، وە تەشکیلاتی اجتماعی ، وەهیوی وەدیموکرات وە سوشیالیستی کوردستان ) ئەم کومەلانە هەموویان لـە ناو کومەلی ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستان ) خویان تواندەوە ، وە جگە لەمەش لە ئەنقەرە ( یوسف زیا بەگ ) کە نوینەری شاری ( تبلیس ) وە سەروکی ( مەحکەمەی ئیستقلالی ) تورکیا بوو لـــە سالی ( ١٩٢٢ ) ی زاینی کومەلیکی پەنهانی بەناوی ( ئیستقلالی کوردستان ) دوروست کردبوو ، وەلقەکانی لە ناوچەکانی ( وان وە تبلیس وە ئەنقەرە وە ئەستەمول پیك هاتبون ) وە دیسان ئەم کومەلەیەش لە ناو کومەلی ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستان ) خوی تواندەوە ، وە بەم جورە لەسالی ( ١٩٢١ ـــ ١٩٢٢ ) ی زاینی هەموو پارتی وە کومەلە سیاسیە ئاشکراوە نهینیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا چوونە ژیر ئالای ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستان ) وە هەموویان یەکیان گرت وە بو رزگاریو سەربەخویی کوردستان پەیمانیان بەست وە لەگەل ( کوتەر پاریتەکانی تورك ) کەدژی ( کەمالیەکان ) بون ریکەوتن ،

لەم ماوەیەدا ( دوو ) هوی گرنگ کاری کردە سەر بزوتنەوەی گەلی کورد لە

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستانی تورکیا ، یەکەمیان کونگرەی روژهەلاتی ئیسلامی کە لە باکو ( لە قەفقاسیا ) لەسالی ( ١٩٢١ ) ی زاینی بەسترابوو ، ئەم کونگرەیە کوردستانی بەجاریك هوشیار کرد وە جوولاندی پیش ئەوەی کە شیخ سەعیدی گەورەی قارەمان خوی دەرخات وە بو باس وە مەسەلەی کوردستان بیتە کورەوە ، وە لەم کونگرەیەدا نەتەوەکانی هیندستان وە ئیران وە تورکیا وە قەومەکانی ئیسلامی روسیا ( جگە لە کورد ) هەموویان بەشدار بوون ، بەلام لـە باتی نوینەرانی راستەقینەی گەلی کورد بو ئەم کونگرەیە قوماندانی شەرق جەبهەسیی ئوردووسیی فەریق کازم قەرە بەکر پاشا لـە قارس وە ئەرزرومەوە چەند کومەلیك لە تورکی بەناوی کوردو و کوردستانەوە ئامادە کردبوو ، وە ئەمە گەلی کوردی والی کرد کە بکەویتە شـك و گومان وە بەبوونی مەترسی لەسەر دەستکەوتەکان و تیکوشانی ، بەلام هوی دووهەم لەسەر بزوتنەوەی گەلی کورد لەم ماوەیـەدا گوفتوگو کردن وە دەمەقالیی پارلـەمانی قوایی میللی بوو لە شاری ( ئەنقەرە ) چونکە هەر چەندە کەلە دوو کونفرانسی میللیدا ، لە کونفراسی یەکەمی ئەرزروم کە لە مانگی ٢٣ ی تەموزی سالی ( ١٩١٩ ) وە کونفراسی میللی دووهەم کە لە مانگی ئاغستوسی سـالی ( ١٩١٩ ) ی زاینیدا لـە سیواسی دا ( Suios ) بەسترا ، وە بەپیی تەشکیلاتی أساسی ( دەستووری ) کەمالی (٢٣) نیسانی سالی ١٩٢٠ ، کوماری تورکی بریتی بو لە دوو گەل ( تورك وە کورد ) وە دان بەوەدا نرابوو کە ئەم دوو میلەتە لـە ناو سنووری ئەنتوگرافی خویان سەربەخو ئەبن ، وە بەیەکەوە بەرامبەر بەدوژمنی کوماری تورکی ئەپاریزن ، بەلام جگە لـە بارەی لەشکر وە سوپا وە سیاسەتی دەرەوە نەبیت ئەم دوو گەلە لە ناوەوە سەربەخو ئەژین وە گەلی کورد بە زمانی نەتەوایەتی خوی وە بەپیی رەوشتوو خوی کوردایەتی ئیدارەی کوردسـتان ئەکات ، وە ئابووری جیاوازی بو خوی ئەبیت وەهەر وەکو ئاوستریا ، واتە وەکوو مەجارسـتانی کون کورد وە تورك هەر دوو گەل بەیەکەوە ئەژین وە برایەتیان رائەگرن .

تورکیا بەو مەرجانە دانی بەمافەکانی گەلی کوردا نابوو بەلام لـە روژی (٣٠) تشرینی یەکەم لە سالی ١٩٢٣ تورکیا اعلانی جەمهوریەتی کرد بەلام بەرامبەر بەگەلی

کورد عەهدو پەیمانی بەیەکجاری شکاند وە بەجاریك خویان لە کورد جیاواز کرد وە کوردستانیان بە کولونیکی ( مستعمەرەیەکی ) تورکیا دانا ، وە کوماری تورکی دەستی کرد بە بەربەرەکانیتی گەلی کورد وە پەیمانی شکاند وە بو هەلیك ئەگەرا کەوا لەگەلی کورد بدات ، وەلە ئەنجامی کاردا وە لەدوا بەدوای هەلوەشاندنەوەی پەیمانی سیفەر کە تیایا دان بە حکمی زاتی گەلی کورد نرابو ، وە گورینی پەیمانی سیڤەر بە پەیمانی لوزان شورشی خالد بەگ جبری بەسەرکردایەتی (کومیتەی استقلالی کوردستان) بەرپا بوو

لە ئەنجامی ئەو هویانەی کە لەسەرەوە لی‌ی دواین گەلی کورد بەرامبەر سیاسەتی قوایی میللی ـ حکومەتی کەمالی کەوتبوە شك وە لە دوو شت گومانی پەیدا کرد بوو یەکەم کە حکومەتی ئینگلیز وە فرانســـا لەگەل کەمالیستەکان ریکەون بە مەرجی کە حکومەتی تورکیا واز لە ویلایەتی ( موسل وە هەولیر وە کرکوك وە ســـلیمانی ) بهینیت بەلام لـە جیاتی ئەوە ناوچەکانی ( ئەدرنە ، ئەستانبول وە داردەنل وەئازمیر وە برووسە ) بدەنەوە بە دەولەتی تورکیای تازە وە حکومەتی ئینگلیز وە فرانسا دان بەحکومەتی کمالیدا بنیت وە سەلتەنەتوو خەلافەتی عثمانی نەناسیت ، وە لـە ئەنجامدا مافی گەلی کورد تیا بچیت . وە دووهەم شت کە گەلی کورد گومانی لی ئەکرد لـە سالەکانی دوای جەنگی گیتی یەکەمین ئەوەیە ئەگەر ( تورکیا ) مەترسی دەرەوەی لە سەر لاچیت دوا بەدوای ئەوە وەر ئەگەرریتەوە سەر گەلی کورد وەلە پەیمانی (تورك وکورد ) خوی قورتار ئەکات هەر وەکو چون سەلتەنەتی عثمانی گەلی کوردی دەست خەروو کردو پەیمانی شکاند دیسان کەمالیەکان بەودەورەدا برون وە لە پاداشتی چاکە نووکی سونگیو نیزەیان بەرامبەر بە سنگی گەلی کورد بکەن .

گەلی کورد لـەبەر ئەو مەترسیانە بەهەموو ( ریکخراوەکانیەوە ) لـە ژیر ئالای کومەلەی ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستان ) کوبووە بە سەروکایەتی خالد بەگی جبری وە بەوە بزوتنەوەی کوردایەتی خوی کوکردەوەو هەنگاویکی گەورەی بو پیشەوە نا ، خـالد بەگ لای هەموو کورد پەروەریك ناسرابوو . وەلای شارستانی‌ی وە لادی‌یی

وەزەمیندار وە هەژار نرخی هەبو ، وە گەلی کورد هەموو رولەکانی وە نیشتمان پەروەر وە روشن بیرەکان لەم کومەلەدا خروگلیر بونەوە .

ئەم کومەلە هەولی ئەدا کە گەلی کورد بەجاریك لە رژیمی کەمالیستەکان رزگاری بیبت بو ئەوەی ئاوات‌و مەرامی احمدی خانی بە ناو بانگ بەجی بهینریت کە لەناو دلو جەرگی هەموو کوردیك جیگیر بو بو .

کومیتەی استقلالی کوردستانی لە هەموو شوینیکی کوردستانی تورکیا بەنهینی دامەزراوە بو مەبەستەکانی کومیتە خالید بەگ لەگەل سمکو ــ جمیل پاشازادەکان دیار بەکر ، نەوەکانی شیخ عبدالقادر شەمزینی یەکیان گرت . وە لەسالی ( ١٩٢١ ) لەشـــاری ئەرزروم ناوچەی کومیتەی کوردســـتانی دامەزراند کە ( ٢٤ ) قارەمان بون ، وە ئەمانە ( ١٢ ) تی‌کوشەریان یەکتریان ئەناسی . ئەم کومەلە لەگەل کومەلەکانی پیشوی کوردستاندا جیاوازی هەبو لـەرووی ریکخستنەوە چونکە ریکخراوەکانی شـیوەیەکی تایبەتی هەبوو چونکە کومەلەکە پەیدا بوو بوو لـە ( هیلانە هیلانە ) وە هـەر هیلانەیەکیان لە ناو خویاندا ئەندامەکانی (١٢) کەس بون ، وە ئەم دوانزە تی‌کوشەرە یەکتریان ئەناسی بەلام هەر هیلانەیەك بەهوی ( سەروکی ) هیلانەوە پەیوەندی بـــە هیلانەی سەروو خویەوە هەبوو وە ئەندامەکانی هیلانەیەك ئەنـدامی هیلانەکانی کەی نەئەنـاســـی .

ناونیشاني هیلانەکان : هەر هیلانەیەك ناویکی نهینی هەبوو ، وە بـــەناوی گولو گیایەك وەیا بەناوی زەوی‌و زاریکی کوردستان ناوەنووس کرابوون ، وەکو هیلانەی بەی‌بون ، رەبەنوك ، گولی‌سوور ، لەلای‌لاك ، شەوبو وە هیلانـەی : چیا ، شـاخ ، کیو ، جوگە ، چەم وە هیلانەی : گولـە جووت یارە وە گولە گەزیزە وە نـەرگز ، وە لوولەپەر . . ، وە هتد .

بەم جورە لادیی وە شارستاني وە هەموو چینو دەستەکاني گەلی کورد هاتنە نـاو بزووتنەوەی رزگاری گەلی کوردەوە وەبو سەربەخویي کوردان پـەیمانیان بـەســـت وە سویندخور بون .

ئارمه ( دروشمو نیشانـەکانی کومەلی کومیتەی ئیستقلالی کوردستان ) : قەلەمیکی پەرر وەلە سەریەوە بەراستەو چەپدا خاکەنازوو پاچیك وە لەسەرو ئەمانەوە گولەپەموو وە گولە گەنمیك وەلە ناوەراستیانەوە خەنجەریك ، وە بەناو قەدی هەموویانەوە وینەی ( روژ ) ، رەمزو نیشانەی ( کومیتەی ئیستقلالی کوردستانی ) تورکیا بو .

لە ئەنجامدا کومیتەی ئیستقلالی کوردستان بە سەرکردایەتي ( خالدبەگی جبری ) لە سالی ( ١٩٢٤ ) ی زاینی لە ناوچەی ( بتلیس ) وە ( وان ) شورشی بەرپاکرد بەلام لە مانگی شوباتی سـالی ( ١٩٢٥ ) ی زاینی خالد بەگی جبری لـەگەل یوسـف زیا بەگدا لەناو جەرگی خەباتی پیروزدا گیران وە لەلایەن حکومەتی کەمالیستەکانەوە گوللە باران کران وە بـــەم جورە ئـەمانیش گیانی پاکی قارەمانیتیان چوە ریزی کاروانی شەهیدانی نەمری کوردستانەوە ، بەلام بەگرتن‌و کوشتنی ئـەم دوو سەرکردەیەی گەلی کورد ( شیخ سعیدی پیران ) هەستا ، وەلە ئەنجامدا لە هەموو شوینیکی کوردستاندا ئەم شورشانە بەرپابون لە نیوان سالـەکانی ( ١٩١٦ ـ ١٩١٩ ) ی زاینی کە بـــەم راپەرینوو شورشانە بەناو بانگن .

١ ـ شورشی جاری وە ئورمی ( سمکو ) وە جوان‌رو وە قەدەم‌خیر وە لورسان لە ئیران .

٢ ـ شورشی قوچگیری وە مەلاتیە وە بای‌بورد وە شیخ‌سعید وە گەلی زیـلان وە ئارارات وە دەرسیم لە تورکیا ( ١٩٢٠ ـ ١٩٣٨ ) ی زاینی .

٣ ـ شورشی سلیمانی وە بارزان لە کوردستانی عیراق بەناوبانگن .

تەنیا لە کوردستانی تورکیادا لەم بزوتنەوانەی گەلی کوردا لە پیناوی ( کوردایەتیدا ) [ دوو ] ملیون کورد گیانی خویان پیشکەش کرد وە لە پیناوی سەربەخویی کوردستاندا شەهید کران ، وە [ یەك ] ملیون کوردیش بو روژاوای ئەنادول وە ئەستەمول وە ئەدرنەوە هەتا سنوورەکانی [ بولگارستان ] دور خرانەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# عبدالكريم قاسم

سەروكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوماری عیراق



بە بونەی سالی دووەمی روژی نوی‌وە پیشكەشی ئەكەین

١٩٦١/٤/١

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سالی پیشوو

ئەو نووسەرو خوێندەوارانەی وتارو هونراوەیان لە ژمارەکانی پێشووی روژی نوی دا بلاوکراوەتەوە ئەمانەن کە ناویان لە خوارەوە ئەنووسین ، ئەمە جگە لەگەلێك وتاری میژوویی بە نرخ وە هونراوەی پیشین ، وە وردە نووسینی‌تر کە هەمووی لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە بلاوکراوەتەوە .

ئاراراتی
أ . ت . سوارە
أ . جیژنی
امین محي الدین
ئەخول
اکرم فوزی
ئەنجوم زوهدی
اسماعیل حقی شاوەیس
ا . ب . هەوری
بشیر مشیر
باوکی میدیا
بکر جاهد
ج . ب . روژبەیانی
جگەر خوین
جەمیل سنە دژیی
ج بابان
جەمال نوری
جەمال شاربازیری

جەلال حسام الدین تالەبانی
جەمال شالی
جەمال نەبەز
چیا
حەمە جەزا
دایکە کورد ( شیواو )
داخ
دارا کاکە حەمە
دکتور قادر شالی
» کەمال عبدالله
» محمود علی عثمان
» دارا احمد
» محمد احمد دزەیی
دووبرا
داخ لە دل
دەرسیم
روژ
سیامەند

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەروەند
شیخ محمدی خال
شیخ مصطفى
شیخ حەسەن
شوکت نوری ع،بەکە
شاکر فتاح
شیتوکە
شیرکو بی‌کەس
ع . ن عطار
عبدالله سنوی
عبدالحافظ أنور الماني
عبدالعظیم ماوەتی
علاء الدین سجادی
علی احمد طه
عمر عبدالرحیم
عمر رەمزی
عبدالله ئەژدەر
عبدالله شالی
غفور رشید
قانع
قادر شەریف کوردە
کمال میرزا غفور

کاروان
کاوس قەفتان « کاکەی ریبوار »
کەژال محمد قەرەداخی
کامل بصیر
کاکە شوان « احسان عبدالکریم »
کریم زەندی
گەلاویژ سعید احمد
محمد مصطفى کوردی
محمد صالح رشید
محمود هەمزە
معروف قەرەداخی
محمد فیدا
مچە
محمد نوری توفیق
معروف خزنەدار
محرم محمد امین
مەدهوش
ماموستا نجم الدین ملا
کامەران
وەفادار « قوتابی کورد لە مەهاباد »
نەسرین سابیر کویی
نەریمان
رزگار

بنكەی ژین
www.zheen.org

# کووزەلە

کووزەلە : کە بەعەرەبی [ قرة العین ] و [ کرفس الماء ] و [ جرجیر الماء ] وە بەفارسی ( رواس ) ی پی ئەلین گیایەکی تام و بون خوش ، «گەوار - هازیمە»ە نەتەوەی کورد لەسەر دەمیکی زور دیرنەوە بویان دەرکەوتووە کە ئەم گیایە خواردنی بە کەلکی گەلی نەخوشی دی وەکوو : نەخوشی زەردوویی ، سپل ، ژانە سك ، میز گیران ، لەرز ، سەرەرای ئەمانەیش کەسیك رەنگ و رووی زەرد بی سووری ئەکا منالی گوشت پارەیش کە لە سکی دایکیدا جەرابی دەری ئەهاوی . شاعری نیشتمانی « شیخ سەلام » کە چوو بوو بو « لەندەن » ئەیووت لەوی کووزەلە لـە ئینجانەدا ئەروینن وە بە « دانگ ـ مثقال » ئەی فروشن ، کەچی لـــە کەناری سەرچاوەو رووبارەکانی کوردستان دا لە لیرەوار رواوە و کەس نایخوا .

بنکەی ژین
www.zheen.org

فولكلور

# خوزگه

خوزگه بەگوزە ئەچی بو كانی
جار جار ئەكەوی لە شلكەی ررانی

٭ ٭ ٭

خوزگەم بە دەرزی كە تیژو تەنكە
دایم دەروازەی سینەو مەمكە

٭ ٭ ٭

خوزگەم بەو كەسەی دراوسیتانە
بە شەوو بە روژ چاوی لیتانە

٭ ٭ ٭

خوزگەم بەو ئاوەی بەرەوخوار ئەرروا
دوو سیوی تیخەی بولای یار ئەرروا

٭ ٭ ٭

خوزگەم بەسالان بە روژگاران
تەفرەقە نەبووین چون گەلای داران

٭ ٭ ٭

خوزگە من بیام گوزەی بان شانت
تك تك مەتكیام وەبان مەمانت

٭ ٭ ٭

خوزگە لەم دنیا تویان بایە پیم
چش لەوە دنیا دوزەخ بوایە جیم

---

روژنامەی

## كوردستان

تا نووسینی ئەم چەند دیررە (٢) ژمارەی روژنامەی (كوردستان)ی تیكوشەر دەرچوو .

پرر بە دل پیروزبایی لە كورد پەروەران وە دەستەی نووسەرانی كوردستان ئەكەین وە ئاواتە خوازی سەركەوتن و پیشكەوتنی ئەو روژنامە خوشەویستەین .

وەك بەم دوو ژمارەیەدا بومان دەركەوت كوردستان كەلینیكی گەورەی گرت ، چونكە دەمیك بوو كورد پەروەران چاوەرریی ئەوەیان ئەكرد كە روژنامەیەكی سیاسی بە زمانی كوردی دەربچی .

## گوشەی زانست

# پەیدابونی زەوی

نوسینی : دارا کاکە حەمە

ئەم ی زەوی‌یەی ـ الكرة الارضیه ـ مروڤ نشـــینەو مەلبەندی مروڤایـەتیە ئەستیرەیەکە لـەو ئەسـتیرە بی‌شومارە زورانەی ، کەبە دەوری خور ـ الشمس ـ دا ئەسورینەوە ، هەر وەك چون هەیف ـ القمر ـ بە دەوری گوی زەوی‌دا ئەسوریتەوە بە سورانـەوەیەکی بەردەوامی چون یەك ، بە مەرجیك دوری لـە نیوانیانا نـەگوررو چوون یەکە .

هەروەها ژمارەیەکی زور لە ئەستیرە لەسەر محوەرو مەداریکی سەربەخو ، بـــە دەوری خوردا ئەسورینەوە ، بەم ئەسـتیرانەو زەوی‌و هەیڤـو خور پیکەوە ئـەوتری کومەلەی خور [ المجموعة الشمسية ] .

گەر بە شەویکی سامال بە وردی سەرنج لە ئاسمان بدەین ، هەزارەها ئەستیرەمان بەرچاو ئەکەوی ، کە دوو جورن : جوریکیان کە بی تیشكو بی گەرمایین ، وەبـە گەورە دینەبەر چاومان ، لـــە راستیدا زور بچکولەن ، گەر لەگەل گەورەیی خوردا بەراوردیان بکەین ، وە نزیك ترن بـە زەوی لە ئەستیرەکانی تر ، وە روناکیش لـە خورو ئەســـتیرە پرشنگدارەکانی تر وەرئـــەگرن ، وەکو زەوی چون تیشکی خور وەرئەگری‌و خوی تاریكو بی‌پرشنگە . ئەم جورە ئەستیرە بی‌پرشنگو گەرمایانە لـە زمانی عەرەبیا پیان ئەوتری ـ الكوكب ـ .

بەلام جوری دوهەم کەلە خویانا پرشنگدارو پررتینی گەرمایـین ، وەکو خور کە پیان ئەوتری ـ النجم ـ بە تەن ـ الجسم ـ لە ئەستیرە کەوکەبەکانی تر گەورە ترن وەلە سروشتا بەشیوەی توپەلە ئاگریکی ئیجگار بەتین‌و پرشنگدار دروست بون ، وە

زور ترینیان راوەستاون وەبە دەوریانا مەداری تایبەتی هەیە ئەستیرەی لەسەر ئەخولیتەوە

خور زور زور گەورەیـە کە مروڤ زور بەگران دیتە بـەرچاوی ، دور نیـــە ئیمە زەوی زور بە گەورە بزانین ، بەلی گەورەیە گەر لەگەل لەشی بچکولەی خومانا بەراوردی بکەین ، بەلام زەوی تەنها گل متکیکە لە بوشایی ئاسمانا هەلواسراوە ، خور بە ملیونەها میل لە ئیمەوە دورە هەروەها ئـەستیرەی تری وەکو خور هەن کە زور لە خور گەورە ترو پرشنگدار ترو بەتین ترن ، بەلام هەزاران ئەوەندەی خور لـە ئیمەوە دورن بویە هەست بە تیشـكو گەرماییان ناکەین ، تەنانەت زور ئەستیرەی وا هەیە کەبە ئاستەم ئەیانبینین کەچی لە راستیدا زور زور لە خور گەورەترو بەتین ترن

زانا ئاسمان ناسـەکان وایان بو دەرکەوتوە کە هەمو ئەو ئەستیرانەی بـە دەوری خوردا ئەسورینەوە وە لـەوانە کە زەوییـە هەمو پارچەی خورن ، بـەهوی روداوی ـ ظاهرە ـ گورران‌و پەرەسەندنەوە لە کات‌و زروفی تایبەتی‌دا لە خور پەرریون ، وە هەریەکە بوتە ئەستیرەیەکی سەربەخو .

کاتیك کە خور ئەم پارچانەی هیشتا لی نەپەرری بو ، زور لە ئیستای گەورە ترو گەرم ترو پرشنگدار تربوە ، بەمەدا بومان دەرئەکەوی کە خور هەتایەت بەرەو کزی‌و ساردبونەوەو نەمان ئەروات .

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەبەر ئەوەی کە زەوی پارچەی خورە بەتەواوی لی‌ی جیانەبوتەوە ، بـەلکو هەر وەکو بەسیمیك پیك گەیشتبن بـــە دەوری خوردا ئەسوریتەوە ، بە مەرجیك ماوەی نیوانیشیان نەگورە ـ ثابت ـ وە هەر ئەم سورانەوە چوون‌یەکە ـ منتظم ـ کە بوتـە هوی پەیدابونی هیزی راکیشانی زەوی ـ القوە الجاذبیة ـ .

هەر چەندە لە زانستی نوی‌دا دەستوری قوقزی ـ قانون التحدب ـ ئەم ووتـەیـە بەدرو ئەخاتەوە بەلام هیشتا هیچ دەستوریکیان بەسەر ئەوی تردا زال نەبوە .

وەکو ووتمان زەوی پارچەی خورە هەر لـەو دەمەوە کە لی‌ی جیابوەوە پـەریە سـەر ئەم مەدارەی ئیستا لەسەری ئەسوریتەوە ، وە دەستی کرد بە خولانەوە یەکی لـە دوانـە هاتو ، وە ساردبونـەوەو لە ئەجمەوە بو بە کەوکەب [٣] کە ئـــەمە ئەنجامی هەمو ئەستیرە پرشنگدارەکانە ،

بەمەدا بومان دەر ئەکەوی کە خور پاش ملیونەها ســـالی کە سارد ئەبیتەوە و پرشنگی نامینی ، وەکو ئیستای زەوی لی دیت ، ئەوکاتە هیچ جورە گیانداریك لەسەر کەون ناژی .

بەم جورە لەگەل سورانەوەی رەورەوەی میژودا چ خور چ زەوی و چ هەیڤ وە چ ئەستیرە پرشنگدارەکانی تر هەتا یەت سـارد تر ئـەبنەوەو تاریك تر ئەبن .

وە ئەم روداو ـ ظاهرة ـ یەش بە نســـبەت گەورەو بچوکی جیاواز ئەبیت ، تەنانەت هەیڤ چونکە لە زەوی بچوکترە زور زانای ئاسمان ناس دانی بەوەدا ناوە کە هەیڤ زور لە زەوی سارد ترەو پرە لە روبارو دەریای بەستەلەك .

هەر وەکو زانراوە خور هەمو ئەو مادانەی وان لـە پیك هینانیا ، لەبەر گەرمي بونەتە گاز ، و زوری گازەکانیش شی بونەتەوە بو ئوتوم ـ ذرة ـ وە ئەم گازانە لە دوخیکی خوش گەرر(٤)دان .

زەویش کاتیك کە لە خور جیابوەوە هەر وەکو خور ـ گەرم و پرشنگدار ـ بو بەلام وردە وردە سارد بوەوە گازەکانی دەورو پشتی بوونە شلەو رەقو ئیسکی خرری وەرگرت «٥» .

هەروەها هەیڤ ـ قمر ـ لـە زەوی دەرپەری لـــەبەر هەمان هوی گورران و پەرەسەندن . هەندی زانای ئاسمان ناس وایان داناوە کە هەیڤ ئەو پارچە زەوییەیە کە ئیستا چالایی ئوقیانوسی پاسەفیك لی دروست بوە .

هەروەك چون زەوی دەستی کرد بەسارد بونەوە هەیڤیش دەستی کرد بەســارد بونـــەوە .

لەو کاتەدا کە زەوی سارد ئەبوەوە هەر هەلمو تەمیکی لە دەور بو خەست بوەوەو بەباران باریە سەر زەوی گوایا ئەلین هەزاران سال بارانیکی شەستو رەهیلە باریوە وە

«٣» لە پیشەوە جیاوازی نیوان نجم و کوکب مان باس کرد

«٤» خوش گەرر ـ سریعة الحرکة ـ

«٥» هەموو شلەیەك لە بوشاییدا سارد بیتەوە ئیسکی خرری وەر ئەگریت .

ئەم بارانەش هەمو چاڵو چوڵی زەوی پرر کردوتەوە و دەریاو روباری لی پەیدا بوە پاش ئەوەش کە گەرمیو ئاگر نەما وردە وردە هوکانی سروشت ـ عوامل الطبیعة ـ دروست بو ئیتر وای لی هات لە توانای گیان لەبەرا بیت لەســـەری بژی ئنجا پاش هەزاران ساڵ مروڤیش دروست بوە بەڵام لەشیوەی ئاژەڵدا .

ئیستاش ئەو گەرمیەی لە ناو زەویدایە هەر پاش ماوەی ئەو گەرماییە کونەیە بەڵام وردە وردە ئەویش هەر سارد ئەبیتەوە .

لە سەرەتای دروست بونی مروڤدا دە هەزار ساڵ لەسەر یەك بەفر باریوە کە نیوەی ژوروی گوی زەوی پرر کردوتەوە ئەم راستیەش زور لـە زانـا جیولوجیەکان دانیان پیا ناوەو بە سەدەکانی سەهول بەندان ـ العصور الجلیدیة ـ ناوی ئەبەن .

# ســـوپاس

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەبونەی ساڵی دووەمی روژی نویوە زور ســوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەهەموو دەزگاکانی و روژنامەی خەباتی و نامەخانەکانی ئەکەین وە زور ســوپاسی نامەخانەی خەبات لە سلیمانی وە بەرریوەبەرەکەی کاك بکر جاهد ئەکەین کە تیکررا یارمەتییەکی دلسوزانەی روژی نوییان داوە وە زور ســوپاسی هەموو ئەو نووســەرو شاعیرو خوینەدەوارانە ئەکەین کە یارمەتییان داوین وە هەروەها ســوپاســی چاپخانەی کامەران وە کریکارانی ئەکەین کە بەدڵی خومان گوڤارەکەیان بو چـاپ کردووین وە سوپاسی چاپخانەی ژین ئەکەین کە لــە ژمارە ١٢ دا کە چاپخانەی کامەران داخرا یارمەتیی داین هەر بژین .

# [ مــەی ]

دوینی بە توبەیە قەدەحەکەم شکان
ئەمرو بەخوینی ئەو قەدەحە توبەکەم شکان
پیرەمیرد

دل لە میحنەت کەیلە ، ساقی سابەرووی خەندانەوە
بمدەری جـامی بە یادی تەلعەتی جانانەوە
مەلا حەسەنی بیارە

چی‌یە پیری دل ، ئەمرو وەك عەرەق خور
لــە کونجی تەکیە ، بو مەیخانە ئەگری
بیخود

من‌و پیری خەراباتو دەری مەیخانە تـا مردن
من‌و ساقی‌و مەی‌و جام‌و قسەی رەندانە تـا مردن
احمد حەمدی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەتو شەمپانیاو ویسکی من‌و قاپی شەرابی رەش
ئەتو نوتی دە دیناری من‌و نو عانە تا مردن
بیکەس

هەر عەمارەتیك ویســتت باقی بی
ئاو : مەی ، خاك : خلتە ، بەنا : ساقی بی
مەولەوی

شوکور هوشیارە ( مەحوی ) تی ئەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی خرابەی بوچی لی ئەگرم
مەحوی

# نـامەی دلســـوزان

لەو روژەوە کە یەکەم ژمارەی روژی نوی دەرچووە تا ئەمررو پـەیتا پـەیتا لە کوردستانو دەرەوەی کوردستانەوە ، نامەمان لە رەوشەن بیرانو خویندەوارانو خویندکاران و کریکارو جوتیارو ئافرەتانەوە بو دیت وە ئەم دلسوزانە لە قوولایی دلیانەوە دیرری سوپاسو نرخ پیدان بـــە گوڤارەکەمان هەل‌ئەهینجنو ئـــەینینە ســـەر رووی نامە بەسوزەکانیان . . ئەم کورد پەروەرە دلسوزانە بە هەموو تواناییانەوە دەستی یارمەتی بو روژی نوی دریژ ئەکەنو هەول ئەدەن پیش‌ترو پیش‌تر کەوی .

نیازمان وابوو کە بەبونەی سالی تازەوە ئـەو نامانە بلاو بکەینەوە بـــەلام نـەك ژمارەیەك بگرە بە ١٢ ژمارەش رەنگە توانای بلاوکردنەوەیان نەبی . . ئنجا بیرمان لەوە کردەوە کە تـەنیا نامەی ئەو کورد پەروەرانە بلاوبکەینەوە کەلـــە دەرەوەی کوردستانان بـەلام بو ئـەوەش داخی گرانمان توانا نـەبوو چونکە لاپەررەیەکی زور زوری گەرەك بوو ، ناچار بووین کە تەنیا ناوی ئەو دلسوزانە بنووسین وە تـــەنیا نامەی دکتور کامەران وە ماموستا عصمت شریف وە ئوردوخانی جلیل بلاوکەینەوە

| نامەمان لەم برایانەوە بو هاتووە : |
| --- |

امین جلال برزنجی وە صلاح فرج لە یەکیتی سوڤیتەوە
اکرم توفیق لە چیکوسلوڤاکیاوە
کاوس قەفتان وە معروف خەزنەدار لە یەکیتی سوڤیتەوە
حسن سلیمان لە ( لوزان ) ەوە
کمال کریم لە ئەلمانیاوە
احسان عبدالکریم لە یەکیتی سوڤیتەوە
عمر دزەیی لە فەرەنســـەوە
ئاسو نوری احمد طه لە نەمساوە

# [ نامەی دکتور کامەران بـــەدرخان ]

پاریس : ٩٦١/١/١٨

هەڤالی دەلال و بەها گران جمال شـالی

نامەیا وەو کتیبین کوردی کو وە ژ کەرەما خوە ساندینە گهانە دەستی من و ئەز زور سپاسان دەکەم وە .

هەر وەکی زانینا من د زاراوایە سورانی دە کیم بەندین کو ئەز منی کاری نڤیساندنا وان ئیم ژ من ناین .

ژ ئیروو پیدە هەچی بەندی و هیژا کوا لـە سەر کوردسـتانی د کوڤار ئان روژنامەین ئاوروپایی‌یە دە تینە چاپ‌کرن ئەز ئی ژ وەرا ری‌کەم .

هیڤیا منە کو د دورا وە دە خورت هەنە کو بە زمانین ئەلەمانی‌و فرانسزی دزانن ئەز ژ وەرا کولـەکسیونا روژا نوی کو من لە بەیرووتی ددا چاپ‌کرن و هەن نڤیسارین دن ری‌دەکەم .

ئەو تشتین کەڤ نن لی هەیە کو هون هەز بکەن کو ئەو لە با وە پەیدا بکەم ژ کەرەما خوە سلاڤین من یەن دل گری‌دایی بگەهینن هەڤالان و نەمازە شاعیری مەیا مەزن برادەر کامەران .

خوشی‌و سەر فەرازی‌یا وە ئارمانجا دلی منە . خەباتا کو هون دەی‌کەن نەمرە . خودی هەر ئاری‌کاری وە بی .

برادەری وە

کامەران ئالی بەدرخان

---

ئوردوخانی جەلیل

لینینگراد

بو برای خوشەویست کاکە کامەران

روژتان باش

بـەهوی کاك مەروف چاوم بـە هەندی لـە ژمارەکانی ( روژی نوی ) کەوت ،

بەراستی نەك تەنیا پەسندی ئـەکەم بو ئەو بیروباوەرە راستانـەی بلاوی ئەکاتـەوە ، بەلکو دەرهینانی بەم شیوە قەشەنگە جیگای شانازی‌یە .

لە شاری یەریڤان دانەنیشم ، بەلام ئیستاکە بو ماوەی پینج مانگ هاتومەتـــە لینینگراد بو کاری زانستی ، لەپاش ئەم ماوەیە ئەگەریمەوە ئەرمەنستان .

گەلیك جیگای سوپاسە ئەگەر گوڤاری ( روژی نوی ) بوم بنیرن بو ئەرمەنستان لام وایە ئەم وولاتە هەق دانەییکی هەیە چونکە هیچ نەبی بەشیك لە نەتەوەی کوردی ئیمە لەو وولاتە ئەژین . سلاوم پیشکەش بی بەدەستەی نووسەران .

ئیتر بژی کورد و کوردستان

---

لوزان

عصمت شریف

بو برای بەنرخم ماموستا جەمال شالی‌ی بەرریز

روژتان باش

بنکەی ژین
www.zheen.org

برای بەنرخ

چەنـد روژیك لـەمەوبـەر ژمارە ( ٩ ) ی گوڤارە بـەنرخەکەتانم وەرگرت زور شادبووم وە زور سوپاستان ئەکەم . . روژی نوی لەو روژەوە کە دەرئەچی هەنگاویکی ئیجگار گەورەی ناوە لە کورری خزمەت کردنی ئەدەبی کورد وە چار کردنی ئـەو مەسەلە گرنگانەی لە کومەلی کوردەواریدایە . روژی نوی بووە بەو گوڤارەی کە هەموو چاومان تی‌برریوە .

وە زور سوپاستان ئـەکەین لـــەو رووەوە کە دەربارەی کومەلـەی خویندکاران ئەنووسن . . ئاواتم پیشکەوتنو سەرکەوتنتانە لەسەر ئەو ریبازە راستەی گرتووتانـە سلاوم پیشکەش بی بـە دەستەی نووسەران وە بـە سەرنووسەر شاعیری بەنرخ ماموستا کامەران .

# روژی نوی چون گەشەی کردوو

## پیتەکانی چون کونەکرایەوەو ریك ئەخرا ؟

پیت‌ریکخەر : ئیبراهیم حاجی محەمەد

کاك ئیبراهیم حاجی محەمەد کە لاویکی عەرەبە لە چاپخانەی کامەرانا نزیکەی ٢ سالە پیت ریك خەرە ، ئەم برا عەرەبە دلسوزەمان بەوپەرری دلسوزی‌یەوە هەول ئەدا بو دەرهینانی روژی نوی بە شیوەیەکی جوان و قەشەنگ ، وە دەسیکی بالای هەیە لە پیت ریکخستنی کوردیدا ، زور سوپاسی ئەکەین وە سوپاسی تیکرا کریکارەکانی پیت ریکخستن و چاپ‌کردن ئەکەین .

روژی نوی

تکەی ژین
www.zheen.org

روژی لە روژان بە بیرما نەهاتووە یا بیرم لەوە نەکردوتەوە کە ووتاریك لــە روژنامەیەك یا گوڤاریکا بنووسم ، چونکە نووسەر نیم‌و نووسینیشم نەکردووە بە پیشە ، وە هەروەها چونکە دەستی نووسینیشم نی‌یە .

بەلام ناچار بووم بەوەی کە هەر چونیك بیت شتــیك بنووسم دەربارەی ئەو هەموو گیروگرفت و کوســپانەی کە لــە ماوەی ســالیکدا هاتوونەتە ریگەمان کە زوریشیان هیچی وا نەبوون لەگەل ئەوەشدا نەمان توانی‌وە بەســەریانا زال بین ، وە لەگەل ئەمانەشدا ( روژی نوی ) لە کاتی خویدا دەر چووە و دوا نەکەوتووە .. کە ئەمەش کاریکە بو ئیمە مایەی شانازی‌یە ! رە بوچی نەبیتە مایەی ســەربەرزی و شانازی ؟! کە من لە ماوەی ( ١٨ ) سالا کە خەریکی پیت ریکخستنم ، بەدریژایی ئەم ماوەیە لە گەلی چاپخانەدا ئیشم کردووە و گوڤارم دەر هیناوە بەلام تا ئیستا لە هەموو عیراقدا نــەم دیوە کە گوڤاریك توانیبیتی لــە ماوەی ســالیکدا بەبی دواکەوتن بەریك‌و پیکی دەر بچیت ، بــەلی زور گوڤاری وا هەیە کە چەند سالیك دەرچووە

بەلام نەك بەریكو پیكی و بەبی دواكەوتن وە لە كاتی خویدا .

وەجگە لە مانەش شتیكی تر زیاتر پالی پیوە نام كە ئەم ووتارە بنووسم ! ئەویش ئەوەیە كە زور لە ئەدیب و نووسەرەكانمان لـە ئیشەكەی ئیمە نازانن وە بە كاریكی ئاسانی ئەزانن ! بەم بونەیەشەوە با ئەمەتان بو بگیررمەوە :

ماوەیەك لەمەوبەر یەكیك لە هاورریكانم داوای دانەیەكی ژمارەیەكی روژی نویی لی كردم منیش پوزشم بو هینایەوەو پیم ووت : كە تەنها دانەیەكم لەو ژمارەیە هەیە كە ئەویش ناتوانم بی بەخشم چونكە خـاوەنی گوڤارەكە بـە ئیمزای خوی پیشكەشی كردووم .. !

لە دواییدا ووتی : ئەی لە چاپخانەكەش دانەیەكتان لا نییە ؟ منیش پیم ووت : نـــەء . !!

ئەمجا ووتی : ئەی باشە لەبەر خاتری من ناتوانی دانەیەكم بو چاپ بكەیتەوە .!؟ منیش ناچار دەسم كرد بە پیكەنین و مەسەلەكەم تیگەیاند .

## دژواری یەكەم

یەكەم دژوارو گیروگرفت لە چاپ كردنی ژمارەی یەكەمدا كە هاتە ریگەمان دژواری پیتەكان بوو ، چونكە یەكیك لەو مەرجانەی كە بو چاپ كردنی گوڤارەكە لە سەری ریك كەوتبووین ئەوە بوو كە ئەبی پیتی ووردمان هەبی ؛ وە ئەمەش ئەبوو كە خاوەنی چاپخانەكە پیتی نوی بكرری جگە لەو پیتانەی كە هەیەتی . وە بەسەر ئەم دژوارەدا زال بووین بەوەی كە توانیمان ئەو پیتانە هەموو بكررین ئەگەر چی نزیكەی ( ٦٠٠ ) شەشسەد دیناریكیشی تیچوو .

وەبەر لەوەی دەست بكەم بەریك خستنی پیتەكانم خوم لەبەر دەم لی پرسینەوەیەكی گەورەدا بینی ئەویش ئەوەیە كە من ئەبی لەروژیكی تایبەتیدا نوسراوە دەست نووسەكانو ووتارەكان وەر بگرم وە لە روژیكی تایبەتیدا بە چاپ كراوی بیدەمەوە دەستیان ، لە پیش سەری مانگدا بەسـی روژ وە ئەگەر ئیمە ئەو دوو روژە دانەنیین بو بەرگ تیگرتنی وە وەرگرتنی دەســـت نووسەكان لە روژی هەشتی مانگدا ئەوا ئەو ماوەیەی



بنکەی ژین
www.zheen.org

لەبەر دەمانا نەمێنێ بۆ چاپ کردن تەنها (١٧) رۆژە بە رۆژانی هەینیو پشوو دانەوە وە جگە لە هەندێ شتی تریش کە کتوپڕ روو ئەدات لەو ماوەیەدا وەك کوژاندنەوەی کارەبا ( کە ئەمەش شتێکی ئاساییە لـە شارەکەدا ) یان نەهاتنی کرێکارێك بەهۆی نەخۆشی یا رۆشتنی بۆ شوێنێك بە کتوپڕی . یا راوەستاندنی مەکینەی چاپ کردنەکە بەهۆی تێك چوون یا شکانی پارچەیەکییەوە .

جا ئەگەر شـــتێك لەم رووەوە رووی‌دا ئەوا ناچار ئەبێ ئەم ماوەیەیان بۆ پڕ بکەینەوە ، بەوەی لە رۆژانی هەینی و پشوودا ئیش بکەین ، ئەویش بەو جۆرەی کە لەو رۆژانەش‌دا ئەبێ بێجگە لە هەشت سەعات بگرە دوو قاتیش ئیش بکەین‌و جاری واش بووە کە تا ( ١٢ ) ی شـەو ماوینەتەوە ، بەڵام لـەگەڵ ئیمەش‌دا سەرنووسەر کاك ( کامەران ) ئەویش ئەمایـــەوە چاوەڕروانی ئـــەو لاپـــەڕرانەی ئـــەکرد کە چاپی بکەین و بۆی بەرین تا ئەگەر هەڵەی چاپی تیا بوو راستی بکاتەوە .

وە بەم بۆنەیەشەوە ئەمەتان بۆ ئەگێڕمەوە :ـ

جاریکیان شەو درەنگ سەعات ( ١٢ ) ی شـــەو لە چاپخانەکە هاتینە دەرەوە دوای ئەوەی ئیشی ئەو رۆژەمان تەواو کرد ، پاش ئەوەی گەیشتمە ماڵەوە ئەمەندەی پێ نەچوو بە قایم لە دەرگاکەمان درا ، کاتێ دەرگاکەم کردەوە ئەبینم ( کامەران ) بەپیجامەکەیەوە وەستاوە وەکو کەسێکی پەشۆکاو بۆچی هاتی !؟

هاتووە بۆ ئەوەی کە دڵ نیا بێ لەوەی کە دێڕێك هەیە بزانێت هەڵەکەی چاك کردووە یان نەء ؟ منیش پێم ووت :

باشە بەیانی ئەمە سەیر ئەکەم . لە وەڵاما ووتی :

ئەی من ئیستاکە بۆچی هاتووم .!؟

تکات لێ ئەکەم با ئیستا بچین بۆ چاپخانەکە و سەیری بکەین !

منیش ناچار لە گەڵیا چووم بەو شەوە ساردە و چاپخانەکەمان کردەوەو تا دڵ نیا بێ لەو رستەیە کە ئەگونجێ چاك نەکرابێ . ئەمانـــە گشتی لە ژمارەی یەکەمی رۆژی نوێ دا رووی دا ، وە هەمیشەش روو ئەدا .

ئایا ئەم شتانەی کە روو ئەدات گشتی بە ئاسانی ئەڕوات ؟

بی‌گومان نەء ! لەگەل هەموو گیروگرفتیکدا شوررشیك بەرپا ئەبی .. !! شوررشی (کامەران) ، ئەویش بەو جورەی کە لەگەلیا ئەکەوینە مشت و مرر تا قایلی ئەکەین بەوەی کە روژی دووەم حەق ئەم شتانەی بو ئەکەینەوە .

لە راستی دا گەلی گیروگرفت و دژوار دیتە ریگەمان وە ئیمەش تواناو ماوەمان کەمە ، چونکە ئەوەی ئیمە چاپی ئەکەین بریتی نی‌یە تەنیا لە روژی نوی بەلکوو زور پەررتووك و نامیلکە و پەخشان و بلاوکراوەو نووسینی بازرگانیشمان بو دیت بو چاپ کردنیان کە ئەمانەش گشتیان ماوەیەکی زوریان ئەوی بو چاپکردن لەگەل ئەوەشدا روژی نوی چاپ ئەکری بە ریك و پیکی و بی دوا کەوتن وە لە کاتی خویـــدا دەر ئەچی .

چاپکردنی گوڤارەکە هەر بە یەك جار پیك نایەت بەلکو ئەبی بە چەند جاریك بیتە بەرهەم وە یان بلیین بە چەند پلەیەکا سەرئەکەوی تا ئەگاتە ئەنجام ، بەم جورە کاتیکی زور ئەخایینی تا ژمارەیەك تـەواو ئەبی . . . ریك خستنی پیتی تەنیا ٨ لاپەررە یەك روژی تەواوی ئەوی ئنجا دوای ئەوە ئەبی هەلەکانی چاك بکری ، ئنجا ئەوسا چاپ ئەکری ، بەم جورە هەشت لاپەررە هەشت لاپەررە تا کوتایی هەموو لاپەررەکانی گوڤارەکە دیت بە پیت ریکخستن و چاپکردنیانەوە بەلام سەر وتارەکان وە چوارچیوەو نەخش و نیگارەکان ئەگەر بیتو بە رەنگاو رەنگ چاپیان بکەین ئەبی دوای چاپکردنی لاپەررەکان دوو بارە بخرینەوە ژیر چاپ ، وە رەنگی نوی بکریتـە چاپەکەوەو چاپ بکرین بەم پی‌یە ئەگەر بیتو ٢٠ سەر وتارو (عنوان)چوار چیوەی رەنگاو رەنگمان لە یەك ژمارەدا هەبی ئەوا ئەبی ٤٠٫٠٠٠ جار چاپی زیادە بکەین جگە لە چاپی وتارەکان . دوای چاپکردن ئنجا ئەبی ئەو هەموو لاپەررانە کوبکرینەوە وە بە گویرەی ژمارەی لاپەررە بخرینە ناو یەکەوە وە دەرزیی لی بدری ، وە بە مەکینەیەکی تایبەتی ئەمسەرو ئەوسەری هەموو دانەیەکی بقرتینری تا ریك دەرچی ، بەم جورە ، دوای ئەم هەموو ئەرکە روژی نوی بەو چەشنە دیتە بەردەستی تو ئەی خویندەواری بەرریز .

# گرنگترینی دژوارەکان

بە تیکررای ئەو روژانەی کە بە سەرمانا هاتو تیپەرر بوو کە بریتی بوو لەسالیك بەرهەمەکەمان ١٣٣٦ لاپەررە بو لە (١٢) ژمارەی روژی نوی دا ، وە لە هەموو ژمارەیەکیشدا گیروگرفت هەر هاتوتە ریگەمان هەندیکی توانیومانە بە سەریا زال بینو هەندیکیشی هەروا ماوەتەوە ، وە لیرەدا هەندی کەس رەنگە بپرسن ئاخو ئەم گیروگرفتانە ئەبی چی بن وا چار نەکراون !!؟.

ئەم دژوارەش دژواری ناخوشی خەت و دەست نووسی هەندی لە نووسەرە بەریزەکانە ، چونکە بەلای پیت ریکخەرەوە هەتا خەت خوش بی و باش بخوینریتەوە ئەوا ئیشەکەی خیراترو ئاسانتر ئەبی ، بەرهەمی زیاترو هەلەشی کەمتر ئەبیت .

لەبەر ئەمە زور لەو نووسینانەمان ئەهاتە بەردەست کە بە خەتیکی تا بلیی ناخوشو لە هەردوو دیوی کاغەزەکەش نوسرابوون ، هەتا هەندیکیش هەر لە نووسین نە ئەچوو چونکە نەبوشایی هەبوو لە ووشەکانداو نەسەری دیرریشی دیار بوو . وە هەندیکیش لەم نووسینانە نووسینەکانی ماموستا ( شیخ محمدی خال ) بوو . چونکە هەندی جار لەسەر کاغەزی وا ئەینووسی کە پانی دووگری بوو کەچي دریژی‌یەکەی ١٦ گری بوو .

www.zheen.org

وە هەروەها نووسینی واشمان بو ئەهات کە نووسەرەکەی بوشایی زوری ئەخستە ناو ووشەکانەوە بەلام بوشایی‌یەکی زور سەیر ، وە هەندیکیش لەم کەسانە بەم جورە ئەیان نووسی :-

( رو ژی‌نوی‌خو شه ویست )

بەلام نووسینەکانی ماموستا ( محرم محمد امین و ماموستا کریم زەندی ) — لە خوا بە زیاد بیت — پی‌ویستی بە کەسي بوو کە بتوانی کاغەزی سپی بخوینیتەوە هەتا بتوانی ووتارەکانی ئەوان ساغ کاتەوە .

وە من تەنها ئەوەم نەوی کە لەوە بگەم کە بوچي ئەدیبە دلسوزەکانمان توزیك

بە دەربەست خەتەکانیانەوە نایەن .

چونکە بە تەنها هەڵەیەك جاری وا هەیە کەمانا و مەبەستی رستەیەك لە بنەڕەتا تیك ئەداو ئەگۆڕری .

وە لیرەدا هەموو تاوان و گوتاووروکەش دیتەوە سەر پیت ریکخەرو چاپ لیدەری بە سزمان . وە خوینەری خوشەویستیش تی ناگات کە گوناهی ئیمـــە نی‌یە گوناهی خاوەن خەتەکەیە .

لە کوتایی ووتەکەما ئەلیم :

تکام وایە کە نووسەرە بەریزەکانمان لـەم ووتەیەم دلگیر نـەبن چونکە مەبەست‌و ئامانجی من ئەوەیە کە ئەدیب‌و نووسەرە دلسوزەکانمان ، لەمەولا توزی بە دەربەست خەتەکانیانەوە بین‌و هەولی ئەوە بدەن کە بە خەتیکی خوش بنووسن .

وە ئیمەش لەگەل ئەم هەموو گیروگرفتانەش‌دا کە هاتوونەتە ریگەمان بەوپـــەری شانازی‌یەوە توانیومانە کە ئیشەکەی خومان بە ریك‌وپیکی بەجی بهینین ئەویش چونکە بە خزمەتیکی گەورەمان زانیوە بەرامبـــەر بە روژنامەچی‌یەتی کوردو ئەدەبی کورد و ئەتەوەی کورد بەشیوەیەکی گشتی .

وە ئیمەش بە هەرەوەزو یارمەتی دانی دەستەی نووسەرانی روژی نوی‌و نووسەرە بـەریزەکان‌و پیت‌ریکخەرو چاپ لیدەرو کریکارەکانی چاپخانە ئەتوانین وا لە گوڤـاری روژی نوی بکەین کە بە تـەواوی ببیتە پیش‌رەوی هەموو گوڤارەکانی عیراق‌و گوڤارە عەرەبیکان لەگەل ئەوەشدا کە تواناشمان تا رادەیـەك کەمە ، وە بـە چاپیکیش ئیش ئەکەین کە ئـەمروو بـە دواکەوتوترین شیوەی چاپ دائـەنری بە نسبەت چاپگەری سەدەی ئیستامانەوە .

وە ئەگەر خوا کردی‌و توانیمان کە مەکینەیـەکی ( لاینوتایپ ) وە ( ئوفست ) وە ( زەنگوغراف ) بهینین کە ئەمەش دوور نی‌یە پشت بەخوا ئەوا ئەتوانین بلیین کە گوڤاری روژی نوی ئەتوانی شان بدا لە شانی گوڤارەکانی جیهان لە پاشە روژیکـــی نزیك دا .

# « ناودارانی کورد »

## حەپسەخانی نەقیب

« ئەی ئافرەتانی کوردستان پیویستە هەموو »

« سالیك یادی حەپسەخانی نەقیب بکەنەوە »

٭ بنەماڵەی « شـیخان » وەك چون لـە پیاوا ، شیخ مارفی نودیو کاك احمدی شیخ و شیخ مەحموودی قارەمانی تیا هەل کەوتووە هەروەها لە ئافرەتیشا حەپسەخانی نەقیبی هەبووە ، کە نموونەی ئافرەتی دلسوزو کورد پەروەری کورد بوو .

٭ حەپسەخانی نەقیب کچی شیخ مەعروفی حەفیدی کاك احمدی شیخە . لە شاری ســـلیمانی لە سالی ١٩٨١ ی زایینیدا لە دایك بووە ، خوشکەزای شیخ علی‌ی شیخ عارف وە شـــیخ قادر وە شیخ محمدی ســـەرکارە وە ئاموزای شـیخ مەحموودی قارەمانی نەمرە وە خیزانی شیخ قادری حەفید .

٭ بویە پیی ئەلین حەپسەخانی نەقیب چونکە باوکی کە شیخ مەعروفە ( نەقیب ) بووە ، ئەم ( نەقیبی‌یەش ) لە لایەن حکومەتی عوسمانی‌یەوە پیی بەخشــراوە بەو هویەوە کە نوینەری (سادات ـــ شیخان ) بووە .

٭ لە ١٥ ی نیسانی ١٩٥٣ دا بە نەخوشی‌ی سەرەتان کوچی دوایی کردووە وە لە گردی سەیوان « گردولکەی شیخ حسینی قازی » کە پیی ئەلین گردی شیخ محمدە پچکولە نیژراوە .

### رەوشـــتی

حەپسەخان یەکی بوو لە ئافرەتە هەرە بەناو بانگەکانی کورد ، وە دائەنرا بـــە

www.zheen.org

—— ١٥١٠

سەرگەورەی ئافرەتانی شاری سلیمانی ، ئافرەتیکی دل نەرمی رەوشـەت بەرزی زمان شیرینی دەروون پاك بوو ، دیوەخانەکەی هەمیشە جمەی ئەهات ، پرر بوو لە ژنانی سلیمانیو دەرەوەی .



حەپسە خانی نەقیب

هەر ئافرەتێك تووشی کێشەو تەنگەو چەڵەمەیەك ببوایە لە رووی نەبوونیو زور لی کراوییەوە پەنای ئەبردە بەر حەپسەخان ئەویش وەك دایکێکی دڵسوز بەپێی توانای یارمەتیی ئەدا .

حەپسەخان سەرکردەی راستەقینەی ئافرەتان بوو لە رووی کومەڵایەتییەوە وە لە رووی کورد پەروەرییەوە ، دەسێکی ئەوتو باڵای هەبوو کە هەمیشە نەك هەر ئافرەتان بەڵکو تێکڕا کورد پەروەران شانازییان پێوە ئەکرد ، وە هەروەها لە رووی مروڤایەتیشەوە نموونەیەکی نایاب بوو .

لە دیواخانی حەپسەخانا لە باتی باسکردنی جلو بەرگی ئالو واڵای ژنان و باسی ئەم و ئەو کردن هەمیشە باسی خوێندەواری و رەوشت پاکی و کورد پەروەری بوو دیواخانەکەی قوتابخانەیەکی بەرزی کومەڵایەتیی کورد بوو .

## تێکوشانی

ه لە ساڵی ١٩٣٠ ی زایینیدا حەپسەخان نامەیەکی دەربارەی مافی نەتەوایەتیی کورد نووسی بو ( عصبة الأمم ) .

ه هەوڵێکی بێ پایانی دا بو کردنەوەی قوتابخانەیەکی ژنان کە بە ئێواران ژنانی کورد لەو قوتابخانەیەدا بخوێنن بو فێربوونی نووسینو خوێندنەوە وە حەپسەخان خوشی بوو بە قوتابیی ئەو قوتابخانەیە کە یەکەم قوتابخانەی ژنان بوو لە مێژووی کورددا .

ه خانوویەکی خوی بەخشی بە زانیاری کە بکری بە قوتابخانە ، وە ئەم خانووەی لەسەر زانیاری تاپو کرد .

ه کاتێ کە کوماری کوردستان دامەزرا حەپسەخان بە هەموو جورێك ، بە هەموو توانایەکییەوە کەوتە یارمەتی دانی ئەو کومارە پیروزەی کورد بەرامبەر بەمە پێشەوای نەمری کورد قازی محمد سوپاسی نامەیەکی گەرمو گوڕی بو نارد .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## یارمەتی دانی هەژار

ئەم ئافرەتە دلسوزەی کورد بـە هەموو جوریك یارمەتی هەژاران‌و لی قەوماواتی ئەدا . ئەگەرچي بی‌گومان هەژاری وەك دەردیکی کومەلایەتی نەبەو چـار ئەکرا وە نەبەکەسی تر تا لە بنەررەتەوە چار نەکری بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەو بەخشـــینەی حەپسەخان بەلگە بوو بو دل نەرمی‌ی ئەو دایکە دلسوزەو یارمەتی‌یەك بوو کەگەلیك لی قەوماوی لە تەنگ‌و چەاەمە رزگار ئەکرد .

## چەند دیرریك

ه حەپسەخان تەنیا کورریکی هەبوو کە ناوی شامل بوو بەلام ئەم کوررەشی لـە تەمەنی یەك سالانا کوچی دوایی کرد ، وە لەم کوررە زیاتر تەکچی بووە ، نەکورر .

ه کاتی کە شیخ مەحموود لە دەربەندی بازیان لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەدیل گیرا حەپسەخان لەگەل زوربەی شیخانا چوو بو کوردستانی ئـیران ، لەم هەلاتنەدا ، حەپسەخان دەردی نەبوونی و برسیتی‌و ئەرکی ریگەی زور چەشت

ه دەستە دەستە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە ، وە لـە ئەوروپـاوە ژن و پیاو ئەهاتن بو سەردانی حەپسەخان ، وە هەمیشە مالەکەی پرر بووە لـەو میوانانەی کە لە دەرەوەی سلیماني و کوردستانی عیراقەوە هاتوون ، وە میوانداری‌یەکی کوردانە کراون .

ه ماموستا شاکر فتاح لە نامیلکەکەیا ( ئافرەتی کورد ) نووسیویتی کە :ـ چەند حەبسیکی عەرەب ( لە خەلکی بەسرا ) لە زیندانی سلیماني ئەبن داوای یارمەتی لە حەپسەخان ئەکەن ئەویش خوی ئاسایی یارمەتی‌یەکی باشیان ئەدا وە ئەم نامەیەشـیان بو ئەنووسی :

« .. تا لە سلیمانی دان وابزانن میوانی پووری خوتانن ئەمەی ناردوومە شتیکی دەمو دەستە . بم بەخشن لە کەموو کوورری بەلام بو لەمەودوا هەرچی یارمەتی‌یەك کورر لە دایکی خوی داوا ئەکات لە منی داوا بکەن .. تا بە دیداری دایکتان شاد ئەبنەوە من لە جیگەی دایکتانم »

بنکەی ژین www.zheen.org

# کومەلایەتی

## دەست هەلگرن لەم زورداری یە

مامۆستای ئایینی « شیخ مصطفی »

« ما أكرم النساء إلا كريم ، ولا أهانهم إلا لئيم »

( پیغەمەر )

به داخەوه ئەیلیم که لـه ناو کوردەواریدا هیشتا نرخی ئافرەت کەمه وه له زور رووەو به چاوی ریزگرتن و نرخ پی دانەوه سەیر ناکرین بەلکو وەك کەل و پەلیك یان گولیك تی‌یان ئەنوارن وه له زور شویندا جەورو ستەمیکی زوریشیان لی ئەکەن .

ئافرەت به زور به شوو ئەدەن

ئافرەت ئەچەو سیننەوه

له ئافرەت ئەدەن هەر وەك له ئاژال بدەن

ئەمانه هەموو تاوانن ، تاوانیکی کومەلایەتی‌و ئایینین . . ، له ناو ئیمەدا به تایبەتی له لادیکانا ، کچ ئەفروشن به شیربایی ژن ، به ژن ئەکەن ، به هـــەموو جوریك ئەیانرره‌تیننه‌وه‌و کەچی هیچ مافیکیشیان نی‌یه ،.. تەنانەت مالی وا هەیه نیرینەکانیان پوشتەو پەرداخ بەلام کچەکانیان رەش‌و رووت ، وه بگره له هەندی مالیشا خواردنیان جیاوازه .

ئافرەت کە نیوەی کومەلە

ئافرەت کە دایکی کومەلە

بەو چاوەوە سەیر ناکری کە هاوبەش و هاوڕێ و هاو شادیی ژیان بی ، بی‌گومان ئەمەش بەلگەی جورە دواکەوتنیکی کومەلایەتی‌یە کە لە ئەنجامی ژیر دەستی و نەزانیدا بومان بووە بە تەوق و چوتە گەردن .

ئەی پیاوینە قەدەم خیرو کچە نەغەددیی ئافرەت بوون . . .

ئەی پیاوینە لە هەموو تەنگانەیەکا ، لە شورڕش و کوشتارا ، لە هەول و تەقەلادا ئافرەت فریانان کەوتووەو وەك ئیوە بە پی‌ی توانای خوی یارمـــەتی‌ی داون و تیکوشاوە .

ئیوە لە ئافرەت بوون ، لە کوشی ئافرەتا چاوتان هەلهینـاوە ، بەشیری ئافرەت گوش کراون ، بە دەنگی ئەو پەروەردە بوون ، ئەوە کە پی‌ی گەیاندوون .

دەست هەلگرن لەم جەورەی بەرامبەر بە ئافرەت ئەیکەن خوا ئەفەرموی (والمؤمنون والمؤمنات بعضهم اولياء البعض ) ئەی ئەوانەی کە خوتان بە لەخوا ترس و ئایین پتەو دانەنین بە چاوی سووکەوە سەیری ئافرەت مەکەن چونکە تاوانیکی گەورەیە بە پی‌ی ئایینی ئیمە .

www.zheen.org

## پاراستنی نیشتمان

بەگویرەی ئایینی ئیسلام پاراستنی نیشتمان وە هەول دان بو رزگاری و سەربەستی پیویستی سەرشانی هەمووتانە . خوا ئەفەرموی « واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم » .

بەگویرەی ئایین پیویستە هەموو نیشتمان پەروەریك پیشمەرگەی گەل و نیشتمانەکەی بی وە خوی راییبی بو روژی تەنگانە و خوی فیری خەباتیکی سەخت بکا لە پیناوی گەل و نیشتمانەکەیا .

## بەرتیل

جورە کەسانێك هەن هەر هەلپەی ئەوەیانە کە ئەم و ئەو برروتیننەوە لەمانە ئەو چەشنە فەرمانبەرانەی کە کوسپ ئەخەنە ریگەی کارو فرمانی ئەم و ئەوەوە بو ئەوەی بەرتیلیان لی بسێنن ...، وە بەرتیلیش بە گەلیك چەشن وەرئەگرن وەکو پارە، خواردەمەنی، ناومال وە بەگەلیك ناوەوە، وەکو دیاری، خەلات ... هتد

بەم جورە فەرمانبەری وا هەیە دوای چەند سالێك لە فەرمانبەریێی دە ئەوەندەی هەموو ئەو مووچەیەی سامان هەیە کە لە ماوەی ئەو چەند سالەدا وەری گرتووە .

ئەم چەشنە فەرمانبەرانە بێ شەرمانە دەســـت لەمو لەو پان ئەکەنەوە ، کەچی خوشیان بە پیاویکی « تەواو » ئەدەنە قەلەم. با لەرووی ایینیەوە ئەم سەر گوروشتەیەتان پیشکەش بکەم بو ئەوەی بوتان روون بیتەوە کە بەرتیل چەند سەر شورریە ، وە هەروەها بوتان دەرکەوی کە بەرتیل بە چ ناویکەوە وەر ئەگیری .

جاریکیان پیغەمەر دروودی خوای لی بی یەکی ئەنیری بو زەکات کوکردنەوە ، ئەوکەسە کە دیتەوە بە پیغەمەر ئەلی ئەمە زەکاتە وە ئەم شتومەکانەش هی خومن پیان خەلات کردووم پیغەمەریش کوبوونەوەیەك پیك دینیت وە لە کوبوونەوەکەدا ئەلیت « من یەکیکم لە ئیوە دانا کە بچی زەکات کوبکاتەوە بەلام ئیستا کە هاتوتەوە ئەلی ئەمانەیان داوە بەخوم. ئنجا پیغەمەر دەســـت دریژ ئەکا بو شتومەکەکان وە ئەلی :ـ ئایا ئەی خاوەن ئیمانینە ئەگەر ئەم پیاوە لە مالی خویا بوایەو ئەم کارەی پی نەسپیردرایە کەس هیچی پی ئەبەخشی؟ دیارە ئەمانەی وەرگرتووە بەرتیلە بو ئەوەی کەمیان زەکات لی بســـینی » ئنجا پیغەمەر فەرمان ئەدا ئەو شتومەکانە بەسەر ئەو خەلکەدا دابەش کرین .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# [ بو پیکەنین ]

لەم ماوەیەدا کە بەریکەوت چوومە بەغدا هەلیکی زور خوش بو کە توانیم چاوم بە دەستەی هاوریبان بکەویت ، بیگومان قسەو باسمان هەر لەسەر گوڤاری روژی نوی بو . بەراستی هەستی هاورییان بەرامبەر بەم گوڤارە زور بەرزە . لەمانـە هەندیکیان گلەیییان لی ئەکردین چونکە وتارو نامەیان ناردوەو بلاومان نەکردوەتـەوە ، هەروەها ئیمەش لە هەندیکیان بە گلەیی بوین لەبەر ئەوەی لە نوسین فەراموشیان کردوە .

یەکی لەمانە کاك چالاك تالبانی بو کە دەمیکە بیبەشی کردوین لە قسە خوشەکانی و نوکتە بەتامەکانی . وچانیکمان دەست کەوت لەگەل چالاكو توانیمان هەندیك لـەم قسانە ببیسین ، وەبو پیکەنین گەلی وتەی خوشی بو وتین بەلام لەو کاتەدا لەبەر زوری کووری برادەران وا بزانم توزیك ورياييمان کز بو ،وەلەیەکیك لەم نوکتانە پیکەنینەکەی فەوتا لەبەر ئەمە چالاك وتی : کاك جمال تو کە نوکتەکەت بو ئەلین ئەبی ختوکەشت بدەن بو ئەوەی پیبکەنیت ئەگینا پینا کەنیت ! وا بزانم ئەمەش بە تەنها نوکتەیەکە ئنجا با بەشیك لەم قسە خوشانەیتان پیشکەش کەین .

جەمال شالی

بنکەی ژین
www.zheen.org

٭ ٭ ٭

یەکیك بو هاوریکەی ئـەگیریتەوە ئەلیت ژنەکەم زور زالـە بەسەرماو هیچ بـە قسەم ناکاتو لیم ناترسیت . هاوریکەی ئەلیت خەتای خوتە تو ئـەبی بیترسینیت . ئەلیت چون ؟ ئـەلی کە چویتەوە بو مالیو هەستت بـە کەمو کوریەك کرد خـــیرا هاواری بەسەرا بکە بلی [ پیلاوەکەم داکەنم ] ؟ ئیـتر ژنەکەت بەمە ئەترسیتو بی قسەیت ناکات .

کابرا ئەمەی زور بەدل ئەبیت هەر ئەگاتە مالیو ژنەکەی توزیك دەرگاکە درەنگ ئەکاتەوە توورە ئەبیت لییو هاواری ئەکات ئەلیت ( کچی پیلاوەکەم داکەنم )

ژنە لەبەر ئەوەی ئـەم نیریەی لە میردەکەی نەدیوەو فیر نەبوە هاواری بـەسـەرا

بكريت هيرشى بو ئەبات ئەليت : ئەيەرو پيلاوەكەت دائەكەنى چى‌ئەكەيت ، بەزياد نەبيت ؟ كابرا خيرا زنەق ئەچيت‌و بە كزيەوە ئەليت : بە بى‌خاوسي ئەروم .

° ° °

لادى‌يى‌يەكي ناشى ئەچيت بو سينەما ، بليت ئەبريت ، بەلام لەپاش توزيك يەتەوە لاى بليت فروش داواى بليتيكى تر ئـەكات . دووبارە ئەروات‌و ديتەوە بليتيكى تر ئەكريتەوە ، چوار پينج جار يەت‌و ئەروات‌و داواى بليت ئەكات ، بليت فروش ئەليت كابرا تو ئەم بليتانەت بو چيە ؟

كابرا ئەليت كاكە چوزانم ئەو ناپياوە كەلە دەرگاكە وەستاوە كە بليتەكەى ئەدەمە دەست خيرا ئەيدريت !

° ° °

ژنيك ميردەكەى زور دروزن ئەبيت دروى وائەكات كە هيچ ريى تى‌نەچيت ژنە هەردەم رەخنە لە ميردەكەى ئـەگريت‌و ئەليت ئەمە زور شتيكى ناشيرينە . مـــيردە ئەليت چى‌بكەم بەدەستى خوم نيە هەر بيرم ئەچيت‌و درو ئەكەم تو كە دانيشـــتين چاوم لى مورر بكەرەوە عانى كە قسە ئەكەم ئيتر بيرم ئەكەويتەوە ووريا ئەبمەوە كە درو نەكەم .

www.zheen.org

روژيك كومەليك دائەنيشن پياوەكە ئەليت من لە هاوينە هەوارى شەقلاوە ژوريكم دروست كردوە دريژيەكەى هەزار پيە ژنەكەى كە ئـەمە ئەبيستيت خيرا چاوى لى ئەكاتەوە كابرا پەشيمان ئەبيتەوە بەلام تازە لە دەمى دەرچوو . ليرەدا يەكيك بەســەر سامیەوە ئەپرسيت ئەليت باشە ئەم ژورە كە دريژاييەكەى ئەمەندەيە ئەى پانايى چەندە كابرا لەبەر ئەوەى وريا بووەوو ژنەكەى تيى‌گەياند خيرا وەلامى دايەوە وتى :

پانايیكەى ( ٢ ) پيە !

° ° °

حاکم لـه دزیك ئەپرسیت ئـەلیت : بوچی بەو نیوه شەوه بـــە گوریس خوت هەلواسی و چویتە سەربانی ئەو مالەو ئەو شتانەت دزیی لەو ریگا چەوتەوە ؟

دزه ـ ئاخر قوربان بەخوا دەرگاکە داخرابو هەر چەند هەولمدا بوم نەکرایەوە .

٭ ٭ ٭

یەکیك لـەو چیشت فروشانەی کە لەسەر شەقامەکان دائەنیشن نیسکینە ئەفروشیت کاسەی بە ( ١٠ ) پول کابرایەك کاسەیەکی لی ئەکریت هەر لـەوی دەسـت ئـــەکات بە خواردنی تەماشـا ئەکات بنە کەوشیك لەناو کاسەکەدایە توورە ئەبیت بـە چیشـت فروشەکە ئەلیت : ئەمە چیە من نسکینەم لی کریت کەچی بنەکەوشـی تیایە . چیشـت فروش ئەلیت : کاکە گیان تو هەموی ( ١٠ ) فلسـت داوه بە تەمای ( رادیو ) ت بو دەرچیت .

بنكەی ژین
www.zheen.org

# ئایا زانیوتە ... کە ؟


٭ مار ئەگەر دوو بەشی بقرتینی بەلام سەری زیانی پی نەگا ، نامری و چاکیش ئەبیتەوە ؟

٭ مەیموون و دووپشك و ئەو چەشنە ئەسپانەی بە چەپا ئەنواررن ناتوانن مەلە بکەن ؟

٭ جووجەلەی مریشك لە دەنووکەوە هەلگری ئەگەر جوولایەوە ئەوە کەلـەشیرە ، وە ئەگەر خوی نەجوولانەوە مریشکە ؟

٭ ئەو گیان لـەبەرانـەی زەخیرەی زستان ئەخەن ئەمانەن : میرووله ـ مشـــك ـ جال‌جالوکە ـ هەنگ ؟

٭ شیر و پلنگ و پیشیلە و مار لەشەوا چاویان ئەبریسکیتەوە ؟



# لە باخی گولیك

○ پار لە ژاپون پشکنەری پولیسي (مفتش) شمباکي نوتوجی دەستی لە کار کیشایەوە ، ئەلین ئەم پیاوە ئەمەندە شارەزا بووە لە دوزینەوەی گیرفان بررا ، جاری وا هەبووە کە دیویتی گیرفان برریك لە پاسی هامشوی ناو شارا گیرفانی یەکیکی برریوە ، ئەویش ئەو شتەی لە گیرفان بررەکە دزیوەو خستوویەتی‌یەوە گیرفانی شت لی دزراوەکەوە بەبی ئەوەی هیچ کامیان پی بزانن ئنجا دوای ئەوە گیرفان بررەکەی گرتووە .

○ لە سەرەمەرگا

بتهوڤن کە لە سالانی دوایی تەمەنیا کەرر بوو بوو لە سەرەمەرگا وتی « لە ئاسمان گویم چاك ئەبیتەوە » بایرون ی شاعری ئینگلیزیش هەر لە سەرمەرگا وتی « ئیستە پیویستە بنووم » بەلام ئەلیزابیث یەکەم ژنە شای بەریتانیا لە کاتی گیانەلاوا وتی « هەرچی سامانیکم هەیە ئەیدەم بە یەك دەقیقەی تری ژیان »

○ لەبەرئەوەی لە سەدا بیستی ئادەمزاد چەپلەرە سویسرا جورە کات ژمیریکی ئەوتوی کردووە کە بکریتە دەستی راست، وە بە دەستی چەپ قورمیش بکری بە ئاسانی .

○ سەگ فروشیك لە ئەوروپا لەسەر دووکانەکەی ئەمەی خوارەوەی نووسیوە « تەنیا خوشەویستی‌یەك کە بە پارە ئەکرریت و ئەفروشریت » ئنجا لە ژیر ئەو نووسینەدا نووسیویتی « سەگ بو فروشتن » .

○ چەشنە سوجایەیەك داهاتووە کە لەگەل رایەلەکانیا رایەلی تەلی کارەبایی تیایە ، ئەم سوجایەیە هەروەك سوجایەی‌تر وایە لە رووی نەرمی و هەل‌گرتن و گەسك دان و داختنەوە بەلام کە سویچەکەی بەسترا بە کارەباوە وە داگیرسینرا سەرجەم ئەو ژوورە گەرم

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژ،کاتەوە وە هیچ مەترسی یەکیشی تیا نی یە .

ه لە زەمانی (مأمون) ی پاشای عەباسیدا کابرایەك خوی بە پیغەمبەر لە قەلەم ئەدا ، مأمون ناردی بە شوینیاو ئەم گفت و گویە لە بەینیانا رووی‌دا

ــ : تو پیغەمبەری ؟

ــ : بەلی

ــ : چی ئەتوانی بکەی ( موعجیزەت چی‌یە ؟ )

ــ : هەرچی یەك داوا بکەی

ــ : دەفەرموو کالەکیکم لەو ئەرزەبو دەر بینە

ــ : ٣ روژی تر

ــ : ئنجا تو چون پیغەمبەریکی کە ئەلی ٣ روژی تر ، ئەبی ئیستە دەری بینی .

کابرا وتی : گەورەم خوا بە ٣مانگ کالەکیك دروست ئەکا ، ئنجا کە من بە ٣ روژ بیکەم بوچی ناقایلی ...

مأمون دایە پرمەی پیکەنین و بوی دەرکەوت کە ئەم کابرایە ( قوشمە ) یەو هیچی‌تر .

# نیوەی
# گوشتی دنیا هی ....؟

ه دانیمارك دەولەتیکە لە دەولەتە ئەسکەندناڤی‌یەکان ، ئەکەویتە باکووری ئەورووپاوە .

ه ژمارەی دانیشتوانی ٥ ملیونە

ه دانیمارك لە هەموو دەولەتیك زیاتر پەنیرو کەرەو هیلکەی هەیە .

ه لە سالی ١٩٦٠دا هیلکەو پەنیروکەرەی بە قەدەر چواریەکی هەموو دنیا هەبوو .

ه بەلام گوشت : هەر لە سالی ١٩٦٠دا بە قەدەر نیوەی هەموو دنیا زیاتر گوشتی هەبوو .

# راست کردنەوە

لە وتارەکەی ماموستا اسماعیل حقی شاوەیس دا لە لاپەررە ( ٢٤ ) دەربارەی زنجیرەیەك لە شوررشەکانی کورد بەرواری ١٩١٦ــ١٩١٩ بە هەلە نووسراوە تکایە راستی بکەنەوە وە بیکەن بە ( ١٩١٩ــ ١٩٤٦ ) .

بنکەی ژین www.zheen.org

# دوا روژی کورد

نوینەری روژنامەی ( الجهاد ـ تیکوشان ) ی فەرەنسی چوو بو دیدەنی‌ی دکتور کامەران ئالی بەدرخان ، وە دەربارەی نەتەوەی کورد چەند پرسیاریکی لی‌کرد . ئەم پرسیارو وەلامانەش لە روژنامەی ناوبراودا لـە روژی ١٣ ی شـــوباتی ١٩٦١ دا بلاوکرایەوە . روژی نوی‌ش بە پیویستی زانی کە ( کورتەی ) ئەو وەلامانە پیشکەش بکا بەخویندەوارانی .

لەلایەن ( قس جبرائیل ماری )ی بەرریز قسی کەنیسەی کاسولیکی لـە سلیمانی ئەو پرسیارو وەلامانەمان لە فەرەنسی‌یەوە بو وەرگیردرا زور سوپاسی ئەکەین .

## کامەران ئالی بەدرخان

- ئەمیر کامەران لە سالی ١٨٩٦ دا لە شاری دمشق لە دایك بووە
- لە فەرەنسەو ئەلمانیا خویندوویەتی .
- دکتورای لە قانون‌دا لە دانشگەی ( جامعە ) لایبزك وەرگرتووە .
- لە سالی ١٩٢٠ دا لەلایەن حکومەتی کەمالی‌یەوە حوکم درا بەمردن .
- لەو کاتەوە تا ســـالی ١٩٤٦ روژنامەی ( روژانوی ) و ( ئەســـتیر )ی دەر ئەکرد .
- لە سالی ١٩٤٧ دا دەزگای خویندنی زمانی کوردیی لە فەرەنسەدا دامەزراند.
- وە لە سالی ١٩٤٨ دا یادداشتیکی دا بە ( کومەلی نەتەوە یەکگرتوودکان دەربارەی نەتەوەی کورد .

www.zheen.org

پرسیار : دەربارەی کورد زور شـــت وتراوە تکاتان لی ئەکەین کە دەربارەی ئەم نەتەوەیە شتیك پیشکەش بە خوینەرەوانی روژنامەکەمان بکەی .

وەلام : کورد لە رەگەزی هیندو ئەوروپی‌یە ، نەتەوەیەکە خوو رەوشتی تایبەتی‌ی خوی هەیە ، کورد زور بە ناوبانگە ، لە رووی ئەدەبەوە مەم و زین ی احمدی خانی کە لە سەدەی هەژدەهەمدا دانراوە زور بە نرخە ، وە لـە پیش ئەو چەرخەشەوە هەر نەتەوەیەکی ناسـراو بووە کی‌بی صلاح الدینی ئەیوبی‌و کەریم خانی زەندی نەبیستبی ؟! لەم چەرخەشدا کورد دەوریکی بالای هەیە لە روژهەلاتی ناوەندا .

احمد شەوقی‌ی گەورەترین شاعیری عەرەب کوردە . کورد بیروباوەرری کوردایەتی‌ی زور بەهیزە ، وە هەر ئەو هەستە نەتەوایەتی‌یەش بوو کە بوو بەهوی ئەوەی بتوانن بەرەنگاری تەتەرو تورك بینەوە .. کورد پـاریزگاریی گیانی نەتەوایەتی و نەژادی خوی کردووەو ئەیکا .

پرسیار : تکا ئەکەین دەربارەی کوردستان هەندیك زانیاریمان پیشکەش بکەن .


وەلام : وەلامی ئەم پرسیارە لە پچووکترین بەرراوەدا هەیە بو نموونە فەرهەنگی نیگاریی فەرەنسی بکەنەوە ئانەمەی تیا نووسراوە « کوردستان ولاتیکە لە روژهەلاتی ناوەندا ، وە لە بەینی تورکیا و ئیران و عیراقدا بەش بەش کراوە » .. مەسەلەی کورد مەسەلەی کەمایەتی‌یەك نی‌یە بەلکو مەسەلەی ولاتیکی بەش بەش کراوە .. بەم بونەیەوە دەری ئەبررم کە شـــاریك هەیە لای کورد گەلیك خوشەویستە کە ئەویش شاری ( سیڤەر )ە چونکە لەم شارەدا پەیمانی سیڤەر مورکرا بو پیك هینانی دەولەتی سەربەخوی کوردستان .

پرسیار : وەزعی کورد ئیستە چونە ؟

وەلام : کوردی کوردستانی عیراق سەربەستی‌ی روژنامەگەری‌یان هەیە ، وە پارتی‌یەکی سیاسی‌ی کوردی هەیە کە حکومەت دانی بەبوونیا ناوە .

بەلام لە تورکیا : حکومەتی تورکیا دان نانی بە بوونی کورددا ، کە ژمارەی کورد لەو بەشەی کوردستانا ٦ ملیونە .

بەلام لە ئیران : ئەگەرچی حکومەتی ئیران دان ئەنی بەبوونی کورددا



دیمەنیکی جەژنی نەوروزی سالی ١٩٦٠ لە سلیمانی



کارگەی چیمەنتوی سەرچنار لە شاری سلیمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

وه لیوایەکیش هەیە بە نـاوی کوردسـتانەوە ، بەلام هەر کوردیان قایل نەکردووە .. ئیمە داوای سەربەستی روژنامەی کوردی وە خویندن بەزمانی کوردیان لی ئەکەین .

## توانەوەی کورد

هەنـدی روژنامەی ئەنگلوسـەکسـونی وای دەر ئەخەن کە توانـەوەی کـورد لەسەرگرتنایە ، وە ئیمە ( ئاژاوە ئەنی‌ینەوە ) وە گیروگرفت دروست ئەکەین بو ئەو حکومەتانەی میوانی‌ین .

بەلام : ئیمە میوان‌نی‌ین .. ئیمە لە نیشـتمانی تایبەتی‌ی خومانا ئەژی‌ین ، ئەم نیشتمانە بە کەژ و کیو و دول و دەرەیەوە لە هەزاران سالەوە نیشتمانی ئیمەیە .

بەلام لـە رووی ئاژاوەوە : ئیمە لـە جیهانیکا ئەژی‌ین کە هەموو نەتەوەیەکی هەولی ئازادیی خوی ئەدا .. کوردیش داوای ئازادی ئەکا لە رووی ئیداری‌یەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ژمارە (٢)

## بەم چەشنە ئەبی

خویندەوارانی بەرریز ئاگادار ئەکەین کە ژمارە ـ ٢ ـ وەکو ژمارە ( ٥ ) ی سالی یەك بریتی ئەبی تەنیا لە نووسینی ئەوانەی کە لە هیچ ژمارەیەکی سالی یەکەمدا وە لە ژمارە ـ ١ ـ ی سالی دووەمدا هیچیان بلاو نەکردوتەوە ، ئامانجیشمان لەمەدا ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی چەند سالیکە کوتی کەمتەرخەمی لە پی‌یان ئالاوە بیهاررن‌و پرو بکەن بە خامەکەیاناو وەك جاری جاران کە چون بو گوڤاری گەلاویژی ئەمریان ئەنووسی ، بنووسـنەوە ، وە هەروەها ئامانجیشمان ئەوەیە کە هانی نووسەری تـازە بدەین و یارمەتی‌یان بدەین بو پیشکەوتن .

# کەشکۆلی ڕۆژی نوێ

بستیکم نەدی لەم خاکە جوانــە
خویناوی کوردی پیا نــەرڕژابی
یا چیایــەکی ئــەم نیشتمانــە
هەزاران میشــکی تیا نــەپژابی
( بویە بە تەنیا هەر دلوپی خوین )
( بو شیعرەکانم ئەکەم بە هەوین )
[ کامەران ]

## بەهاری کوردستان

سەلام

خەیالی روخسار لە تویی سینەدا
دل لەت لەت ئەکا بە مەودای خەنجەر
شوعلەو شوق ئەدا لەو پووشینەدا
سوبحی ژیر هەورو پرشنگی ئەختەر

چی‌یە روخساری ئال هەلگەرراوە
شەونم باریوە لەسەر پەررەی گول
گول لە ئاهی من عەتری دەرداوە
دل ئەنالینی بە چەشنی بولبول



بنکەی ژین
www.zheen.org

نێرگز بیماری چاوی بیمارە
یەخەی خوی درری گول لە رووی روویا
سەرپوشی لادا باقل ئەو یارە
دل بی سەرو شوین ویل بوو بە دوویا

لادە لە باسی چاوو زولف و روو
وەتەن کەوتە ناو تەلیسمی جادوو
بگری برریژە فرمیسك وەك باران
گول گول بوو بە خوین خاکی کوردستان

بەهارە دیسان سەحرا بوو گولگوون
بی باك لە خوینی شەهیدی مەحزوون
لە شاخ و چیا گول گەشایەوە
شەونم لە شەرما چوو تکایەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەرگت دەن ئەی گول بە قەلبەی چلدا
خوشی نەبینی لە پەررەی دلدا
چون بە رووسووری دەرئەچی لە خاك
بی خەم لە خەمی ئەرواحی خەمناك

بولبول ئەخوینی چل چل بە نالە
کەوتە قاسپە قاسپ کەو لەکیوو دەشت
دەك خەجالەت بن بەو خوینە ئالە
نازانم چلون خال و میلتان رشت

دل ئەكا بە ئاو نالەو تافەی ئاو
کە پیچ پیچ ئەرروا وەك ماران گەستە
نسیم پشکنی کلاوە کلاو
بو خوینی ناحەق بو جەستەی خەستە

هەور ئەنالینی بەسەر شاخانا
باران ئەرریژی وەکو چاوی من
( بالخاصة ) بەسەر گردی سەیوانا
بو سەبزەی خاکی لاشەی بی کفن ،

ئەو گردە خاکی ئیسکی شەهیدە
سەبزەی ئەو خاکە داری ئەمەلە
لقی هیوایە چروی ئومیدە
بەری بو مەرگی دوژمن ئەجەلە

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کەی مەی ئەنوشم

هەلەبجە : ( محمد امین کاردوخی )

گەرمای ناو دیم (١) لا ناخوش بوو — دل بو گەران بـــە پـــەروش بوو
بـەناو باخا روو بـــەرەو ژوور — رویم هەتـا گەیمە سنوور
سنووری کوردی بەش کراو — مانی گەلی بـــە زور براو
هەتا رویم هەر ســـیبەر بوو — هەر دار گویزی پرر سەمەر بوو

(١) ناو دێی بیارە چونکە ئەم هونراوەیە لە تموزی ٩٦٠ تا لە بیارە ووتراوە

ئەمجا گەیمە کانی باخ    کە کەوتبوە داوێنی شاخ
لەو سەر کانیەی ساردی گوی چەم    دانیشتبون خزمان بە جەم
شوشەی عەرەق سارد کرابوو    زور جور ( مەزە ) دانرابو :

---

هەرمیو هەلوژەو قوخی کال    زەردو سوورو کەمێکیش ئال
تری و خەیارو تەماتە    ماست لەگەل گوشتو زەلاتە
ئاجیل ) بە پاکەت دانراو    [ کازدەوەژەی (٣) ]ی سویر کراو
بو مەزەی مەی ریز کرابوون    ئەم شتانە دانرابوون .

---

سەری عەرەق وا لابرا    پەرداخ تا لیو پرر مەی کرا
دەنگي چەریو دەنگی داوە    بە مەزەوە مەی خوراوە
بوو بە خوشیو بەزمو هەرا    ( گەرەلاوژە ) دەس پی‌ی کرا
قسەی بی جی یا پیکەنین    نەکرا ئەووترا ئیمە چین ؟

---

لەسەر بەردی ئەم بەری چەم    من بووم پەست بووم دل پرر ماتەم
ئا لەم شوینەی یەکجار دلگیر    دانیشتبوم ماتو زویر
بیرم هەر لای کوردستان بوو    دلم هەر لای نیشتمان بوو
چاوم بریبوە جوانی باخ    جار جاریکیش لوتکەیی شاخ
لەم جی خوشە دل پەست تر بووم    بو ناو ناخی دەریای بیر چووم
ئەم ووت خوا هەتاکو کەی ؟    کوردی هەژار ژیر دەس ئەکەی ؟
لە ئەفریقا کونغو سومال    وا رزگار بوون لە ژینی تال
کەچی گەلی کوردی زانا    هەر مایەوە لە زیندانا ! !
بیرم لە لای ئەمانە بوو    پەستیم بو شیو لانە بوو

---

(٢) ئاجیل : بادامو نوکو ناوکەکولەکەو شت ( چەرەس )
(٣) کاردەوەژە : فەریکە گویز

نکەی ژین www.zheen.org

ئـەم ووت بـە دەم گریانـەوە        بە جەرگی وەك بوریانـەوە
چون رەوایـە لاوانی کورد        بو بیگانـە ببن بە پرد ؟
یا چون ئەبی تامی مەی کەن ؟        گەلیان دیل بی ژین وا (طی) کەن ؟

---

تاقمي ئـەوبـەر خزمی سـەرخوش        بانگیان کردم ووتیـان بی هوش
سـەیرکە وەرە مەی بنوشـە        ژین تی بگـە مەی زور خوشـە
سویندیان ئـەخوارد هەزار هەزار        لەم کـاتەدا وەك گەلای دار
بو مەی نوشـی بچمە ئەوبـەر        پەستیو ماتیم لابەم لەسـەر

---

چولەکەیـەك لەسـەر داربـەی        جریواندی ووتی نەکەی
ریگای بـەرزی گەلت بـگرە        کالای دیلی توورده بدرە

---

منیـش ووتم خزمان دوسـان        قەسەم بە خاکی کوردستان
تا ژیـنی کورد وا بـەر بادە        شەرتە دوور بم من لـە بادە

---

بنکەی ژین www.zheen.org

وا تی‌پەری سی پانزە سـال        بەسەر ژینما بە خوشیو تال
نـەمکرد روژی من تامی مەی        غەم لانەچوو بە دەنگی نـەی
کەم بانگم کەن بە سەبەسە        مەی نا خومو هەر ئەمەسـە
بو ریی رزگاری کورد بروم        کوردیش دیل بی چون مەی ئەخوم؟

---

تا نەبینـم بە چاو نوبـە        ناشکینم من ئەم توبە
هەتا ئالای کورد هەل نەکری        هەتا دوژمن پەل پەل نەکری
هەتا بە دل ئوخەی نەکەم        شەرتە من تامی مەی نەکەم

له ويژه‌ی بیگانـه‌وه

# گورانی‌ی برســیکان

ئەم هونراوه ئی « جه‌سیم الدین » شاعیریکی هیندیه . ناوبراو ئه‌و هونراوه‌ی وه‌ختیـك هونی‌وه‌ته‌وه كه هیندوستان مستعمره‌و داگیرکراو بو ( وه‌ك کوردستانی به ئیران‌و تورکیه به‌ستراو که داگیرکراوه ) هیندوستان له سه‌رو ده‌می داگیرکراوی ده سالدا نه‌ك جاریك به‌لکو دوجار توشی قاتی و قرری‌ده‌بوو و به دوای ئه‌و برسیتی نه‌خوشیـكانی طاعون و وه‌باش له‌وی راوه‌ستی !

ئەم شیعره بو ئەم سه‌روده‌مه کوتراوه‌و له کاتی خوی دا هه‌ر ئه‌وه‌نده پرسوز و دلگیر بوو که نه ته‌نیا برسی‌کان بـه‌لکو تیره‌کانیش به هه‌واو ئاوازه‌وه ده‌یان له راندەوه .

ئەم هونراوه «گون» بووه به‌لام جوانی‌و پرهه‌ست بوونی خوی له ده‌ست نه‌داوه .

## [ گورانی‌ی برسیکان ]

ئای . . . کوردم
وه‌ره با بو شیوه‌رد بررین بررویین
گایه‌کان به نیره‌وه وه پیش خوت ده
پاش وه‌رد لی دان
وه درریی دلی ئه‌رز



تیکه‌ی ژین
www.zheen.org

بەرهەم ، خەرمەن سوور دەکەین
دونیاش تیر دەکەین
ئیمە نانی هەموو خەلك دەدەین
بەلام کەس هەیە لە ئیمە بپرسی
بوچی بو خومان بەردەوام برسین ؟!

ه ه ه

کوردم
وەرە بابو شیوەرد بررین بررووین
حەوت روژی حەوتو
خیزانمی تواندەوە ، کوشتی
دەردی سوتینەری برسیتی
دەگەل خوی بردە ناوگوررەوە
وا ئیستا ئەرز دەقەلشمەوە
تا بەلکو بی دوزمەوە
ئای کوردم
هەرکات ئەرز بو « ئەو » دەقەلشمەوە
بەرهەم ، بەرەکەت هەلدە قولی
بەلام دلی قەلش قەلشي من
کە لەو ئەرزە قەلشراوترە
هیچ کات بەرهەمیك نادا
ئیمرو بویە ئەرز دەدەمەوە
تاکو بزانم
تا گورری خوم چەندەم ماوە !

وەرگیر : « ا.س »

بنکەی ژین
www.zheen.org

# جوگرافیای کوردستان

## (بەکورتی)

## جوغرافیای سروشتی

- کەریم زەندی -

شوینی :-

کوردستان کەوتوتە خوارووی خورنشـــینی ئاسیاوە ، بربرەی پشتی خورهەلاتی ناوەندە لە چیاکانی قاوقاس و ئارارات و لازستانە وە دریژ ئەبیتەوە بو سەر کەندئاوی بەسرە بەهیلی بەندەردیلم و بەندەربوشار کوتایی دی

بنکەی ژین
www.zheen.org

سنووری :-

باکوری - ئەرمەنستان ، ئەرزورووم ، قارس

خورهەلاتی - ئەزربایجانی ئیرانی ، ناوچەی هەمەدان و ئەسفەهان و فارس .

خوارووی - خوزستان ، میزوپوتامیا ( شیوی دووزی ) ، چیای حەمرین ، لیوای دیر زوور .

خورنشینی - زیی فورات ، ئەنەدول ، قولکەی ئەسکەندرون .

ئەندازەی فراوانی :-

ئەندازەی پیوانەی رووی خاکی ٣٦٣ر٦٣٦ کم٢

رووی خاکی :-

رووی خاکی کوردستان بەزوری چیاو گردولکەیە ، دەشتی بەپیتی زوریشی هەیـە لـە نزیکی بەرو پشتی زیی دەجلەو فورات ، دەشـتی سوماو سندوس و تەرگەوەرو

مەرگەوەرو شنوولاجان و موکریان و ئەردەلان و شارەزوور و بازیان و دەشتی هەولیرو گەرمیان و دەشتایی‌یەکانی کرماشاهان و لورستان .

ئەو زنجیرە چیایەی کە لە قاوقاس و ئارارانەوە دریژ ئەبیتەوە تا نزیکی کەنداوی بەسرە بەناوەندی کوردستانا راکشاوە وەکو تیرەیەك کوردستانی کردوە بە دوو هەریمەوە ( کوردستانی خورهەلات و کوردستانی خورنشین ) .

هەریمی خورهەلات بریتی‌یە لە ،

١ ـ ناوچەی باکوور ( نیوانی گومی وورمی و ریزە چیاکانی سنوور )
٢ ـ ناوچەی موکریان ٣ ـ ناوچەی ئەردەلان ٤ ـ کرماشاهان ٥ ـ لورستان ٦ ـ لەکستان .

هەریمی خورنشینی بریتی‌یە لە :

١ ـ ناوچەی ئەرزورووم ٢ ـ ناوچەی بەتلیس ٣ ـ ناوچەی دیار بکر ٤ ـ ناوچەی وان ٥ ـ ناوچەی مەعمورەی عەزیز ٦ ـ بادینان ٧ ـ سوران ٨ ـ بابان ٩ ـ ناوچەی فەیلیەکان ( خانەقین و مەندەلی تا هیلی بەدرەو زرباتی‌یە ) ١٠ ـ ناوچەی دەچلەو قامیشلی و حسیچەو ئەعزاز و ئەلباب ١١ ـ ناوچەی ئەسکەندرونە کە (٣) قەزایە ( ئەسکندرونە ، چل‌خان ، ئەنتاکی‌یە ) .

www.zheen.org

ئەو زنجیرە ناوبراوەی کە کوردستانی کردوە بە دوو بەشەوە لە سەرەوە تا خوارەوە لە هەر جیگەیەکا ناوی جیاوازی هەیە لە قاوقاس ترازا چیای ئاراراتی لی جوی ئەبیتەوە بەرزی‌یەکەی ٥١٦٥مە لەترگەوەر پیی ئەلین چیای خەلیل لە نزیکی شنو کیلەشین‌و گادەر ، لیرەوە چیای بادینانی لی جوی ئەبیتەوە وەکو چیای بی‌خیر ١٢٢٠مە ، چیای سپی ١٢٩٤مە ، سەری ئامیدی ٢٢٣١مە گارەو مەتینە ، برادوست، حەساروست ٣٦٠٧مە هەندرین ، قەندیل و یەتەوە بو ناوچەی پژدەر کە پیی ئەلین چیای باژار و لە شارباژیر سورکیوی ئەرواتەوە بو پینجوین و هەورامان ( شاهو ) تا ئەگاتەوە بەزنجیرەی زاگرووس و سلیمان و هندکوش و همالایا .

زی‌یەکانی :ـ

١ ـ بەشی باکووری دەجلەو فورات ـ زێی فورات ٢٣٥٠کمە لە ئاوی فورات و مورادیە پەیدا ئەبی لە شاخەکانی ئارارات هەل ئەقولین ، دوای خاکی کوردستان دیتە زەوی سوریە و عیراقەوە .

٢ ـ دەجلە ١٩٢٠کمە لە گول بچوك هەل ئەقولی لەگەل ئاوی بوتان و باتمانـا ئەبن بەیەك لە فیشخابور دیتە بادینان و روباری خابوری تیکەل ئەبی کە ٢٤٥کمە .

٣ ـ زێی گەورە ـ ٦٥٠کمە لە روباری خازەر و گومەل و شەمدینانو رەواندوز گەلی عەلیبەك و روکچوك پەیدا ئەبی لە نەمرود ئەرژیتە دەجلەوە .

٤ ـ زێی پچوك ـ ٢٥٠کمە لـە چەمی سیوەیل و شلیروقزلجە پەیدا ئەبی دیتە ناوچەی ماوەت لـە دێی شەوبرزیکیموکە ، چەمی قەلاچوالان و سیوەیلی تیکەل ئەبن و لـە نزیـکـی کەرەتینە لەگەل چەمی تەیەتی دیتە سەر ئەخشی بە دوکان و تەقتەقدا لە فەتحە ئەرژیتە دەجلەوە .

٥ ـ سیروان ـ ٤٥٠کمە لە تانجەروی سلیمانی و سیروان دا پیك دێ لە نزیکی دەربەندیخان لە دوو ئاوان ئەبن بەیەك دوای ئەوە چەمی خورەتوو هەباسـان و ئەلوەندی تیکەل ئەبی ، لە خوار بەغداوە ئەرژیتە دەجلەوە .

٦ ـ چەمی چەخەتو ( زیرین ) ـ دریوایی ٢٤٠کمە لە خورخورەو چەمی سەقز و لەیلان و ساروق پەیدا بوە ئەرژینە گومی وورمیوە .

٧ ـ تەتەهو لە گەلیەکی قولەوە دێو ریزەکیوی کورتەك ئەبریو ئەرژیتە گومی وورمیوە .

<u>گومەکانی :ـ</u>

گومی وورمی ، گولی زری بار ، گومی وان .

<u>ئاووهەوای :ـ</u>

کوردستان شاخاویە زستانی ساردە پلەی سەرما ٤ ـ ٥ پلە لـە ژیر بەستنەوەیە چوار مانگی سال بەفر چیاکانی دا ئەپوشی ، دەشتەکانی گەرمترە ٥ ـ ٩ پلە لە ژوور بەستنەوەیە لە زستانا ، لە ئاووهەوای زەریای سپی ئاوەند ئەکا زسـتـان بارانی لی

ئەباری بەهاوین باربنی نی‌یە لە زستانا باران ٥ ـ ١٢ ـ ٢٥سم لەشاخەکانی ئەباری مام ناوەندی بارین ١٢ گری ئەبی. بای موسون (کات) لەزستانا لە زەریای سپی‌یەوە بوی دی. گەرمای هاوینی ئەگاتە ٤٥ پلەی سانتی‌گراد، پایزو بە هاری مام ناوەندی‌یە.

## باری ئابوری

کوردستان زور بەپیتە هەمو جورە کشتوکالیکي تیا ئەکری هەر چەندە ئاوی کەمە بەلام باران بتمانەی زوری لەسەرە ئەگەر بیتو هەمو زەوی زارەکانی بکیلری و بیتە بەرهەم سامانیکي هیجگار زوری ئەبی، گەنم و جو و توتن، برنج و لوکەو کونجی و کەتان و هەمو جورە میوەو سەوزەو چاندنەمەنی‌یەکی تری تیا ئەکری لەهی زستانەو هاوینە، هەروەها مازو و کەتیرە و ترش، دارو خەلوز لە جیگا لی رەوارو جەنگەلەکانا و بەرهەمی گیان لەبەرو ئاژال وەکو گوشت و خوری و پیستە و شیرو فەریکە رون، ماست بەرهەمی تر.

بیجگە لە کشتوکال پیشەسازیشی تیایە وەکو: چنینی ئاوریشم لە بەخیو. کردنی کرمی ئاوریشم بە تای‌بەتی لە سعردوموش و ئەردەشین، دروست کردنی چارشیو (عەبا) و کلیم و لفکە و گورەوی و رەشکی و کلاوی خوری و فەرەنجی و پەستەك و شال و لباد و سوجادە و قالی و راخەر و کلاش، خەنجەر و چەقو و کاسەو کەوچکی دارو تەشی و تیروك لە هەورامان، دروست کردنی سابوون لەسلیمانی و کارگەی چیمەنتو لە سەرچنار کارخانەی شەکر لەمیان دواو.

وە دروست کردنی شیرینی و دارتاشی و مسگەری و ئاسن‌گەری و زەرەنگەری‌و تەنەکەسازی و چەخماخ سازی و توکمەسازی لە شارەکانا. سەرەرای ئەمانەش سامانی کانی زوری هەیە وەکو نەوت لە بابە گوررگوررو شنوو نەوت‌شای کرماشاهان، ئاسن‌و مس و گوگرد لە هیندی جیگای کوردستانا بەتای‌بەتی لە دیاربەکر، مەرمەر لە بەتلیس.

لە بادینان لە سالیکا ٥ هەزار تەن برنج (٦٠) هەزار تەن جو و (٥) هەزار تەن گەنمي تیا ئ.کری.

لـه هەولیر (٥) هەزار تەن برنج و (٢٠) هەزار تەن گەنم و (٣٠) هەزار تەن جوی تیا ئەکری .

لە سلیماني (٥) هەزار تەن برنج (٢٠) هەزاز تەن گەنم و (٣٠) هەزار تەن جو (١٠٠) هەزار تەن توتنی تیا ئەکری .

لە کەرکوك ٥٠ هەزار تەن گەنم (٥٠) هەزار تەن جوی تیا ئەکری .

لـەو پروژانەی کە تیا کراوەتەوە پروژەی دەربەندیخان و دوکانە لـە هەریمی خورئـاوا .

## باری مروڤایەتی و نەتەوە

موناتی کوردستان و دەرەوەی ١٦ــ٢٠ ملیون کەسە

٨ ملیونی لە تورکیا لـــە ناوچەی ( ئەرزوروم ، وان ، دیاربەکر ، پەتلیس مەعمورەی عەزیز )

٧ ملیونی لـــە ئیران لە ناوچەی باکوور و موکریان ، ئەردەلان و کرماشاهان ، لورستان و لەکستان .

٢ ملیونی لە بادینان و سوران و بابان لیوای دیالەو کوت کە بریتیە لە (زاخو دهوك ، ئاکری ، ئامیدی ، سنجار ، شیخان ، هەمو ناوچەی سـلیمانی و هەولیر و کەرکوك جگە لە تورکمان ) .

وە لە خانەقین و قزرابات هورین و شیخان ، خورەتو و شارەبان و مەندەلی و بەدرەو زرباتیـیە و شیخ سەعد و شاری بەغدا .

٤٠٠ هەزار لە سوریە لە قامیشلی و دەچلەو چیمەو ئەعزازو ئەلباب و ناوچەی ئەسکەندەرونە دیهاتەکانی حەلەب ناوچەی حارم و جەبەل وەسـەت بەرو پشتی زیی عاسی و چیای کورد .

٢ ملیون لە دەرەوەی کوردستان لە ئەفغان و پاکستان ، خوراسان ، سجستان و هندستان ، خورهەلاتی ئەنەدول .

لەم ژمارەیە زوربەی لە دیهاتا نیشتەجییە بەکشتوکال وە ئاژال بەخیو کردنەوە

خەریکن کە میکشیان رەوندن گەرمیان و کویستان ئەکەن .

وە بەشیکیش لە شارەکانا نیشتەجین بە بازرگانی و پیشەسازی‌یەوە خەریکن .

شارە گەورەکانی :-

سلیمانی - ناوەندی کوردستانە دانیشتوانی (٦٠) هەزار کەسە

هەولیر - موناتی (٥٠) هەزار کەسە . شاریکی میژوویی‌یە .

کەرکوك - جەم سەری ریگایە شاری ئالتونی رەشە (٨٠) هەزار کەس زیاترە لە ٧٢٠/. ی کوردە .

مەهاباد - ٣٥ هەزارە ، سینە دوز ( سینە ) (٥٠) هەزارە .

کرماشا لە ( ١٠٠ ) هەزاز زیاترە شاریکی زور گرنگە .

سەقز و بانەو سەردەشت و بوکان زاخو و ئاکری ، ئامیدی و دهوك ، رەواندوز قەلادزی و رانیەو چوارتاو پینجوین و هەلەبجە و چەمچەمال و قادر کەرەم وکفری و قزرابات و شارەبان ، باش قەلاوشتامە ، سعرد ، موش و ئەردەشین ئەرزنجان و بایەزید و خونس چولەریك و ئەرغەنی‌و قامیشلی و حسیچە لە شارە بچوکەکانن چەند شاریکی گەورەی تریش هەیە وەکو بەتلیس ، وان ، دیاربەکر ، کویە ، خانەقین .

دانیشتوانی کوردستان هەموو بەکوردی وتوویژ ئەکەن بەشیوەی توزی لەیەك جوی وەکەمایەتی تورکمان و ئاسوری لە هیندی شوینیا بەتای‌بەتی لە کەرکوك و دوزو داقوق و دەشتی سندوس و ئاسوریش لە نزیکی وورمی و دیهاتەکانی هەولیر و بادینان و کەمەکی کلدانیش لە سلیمانی نیشتەجین .

شیوەی زمانی کوردی ٥ بەشە :-

١ - کرمانجی خورئاوا ( بادینی ) لە سنووری ئەرمیناوە تا هیلی گومی ورمی و شنو و زاخو و ئەسکەندرونە وتوویژی پی ئەکەن .

٢ - کرمانجی خورهەلات ( سوران و بابان و ئەردەلان ، موکریان تا هیلی لورستان )

٣ - لوری فەیلی ٤ - لوری لەکی ٥ - هەورامی .

کوردستان شاخاوی‌یە ریگاوبانی کەمە هەر ئەوەشە بوتە هوی هەژاری و دواکەوتنی

تەنها شــــارەکانی بەیەکەوە بەستراوە بەئوتومو‌بیل ریگا بو زوربەی دیهات و ناوچەی ناچی . لە ریگەی خانەقین و رەواندزەوە هەریمی خورهەلات بە خورنشین ئەگەیەنی هیلی ئاســـن لە جلەولاوە ئەچی بو خانەقین هەروەها کەرکوك‌و هەولیری بەیەکەوە بەستوە لە ئەخچەوانەوە هیلی ئاسن ئەچی بو شانەختی و بایەزیدوقە رەگوزە .

## باری سیاسی

کوردستان جیگەی دانیشتنی کوردە ، زور لە کونەوە ٠ کوردی تیا نیشتەجی‌یە ، کوماری سەربەخوی بەهیزی تیا بووە ٠ شـوینی لەشـکرکەش و مەلبەندی شەرو شور بوە تا سالی ١٩٣٦ ز بەهیلیك لە نیوانی شـــا عەباس سەفەوی و سـولتان مورادی عوسمانی‌دا بەش کرا ، هەریمی خورهەلاتی بو ئیران و هەریمی خورنشینی بو تورك تا سالی ١٩١٤ــ١٩١٨ ز .

لە سالی ١٩١٤ــ١٩١٨ ز کاتی جەنگی گشتی یەکەم ، ناوچەی بادینان‌و سوران و بابان و فەیلی‌یەکان لە هەریمی خورنشین خرایە سەر میزو پوتامیا ( شیوی دووزی )

وە لە سالی ١٩٢١ ز بەشیکی تری هەریمی خورهەلات بەزوری فەرەنسە خرایە سەر سوریە ، وەبەم جورە ماوەتەوە تا ئیستا .

ژینگەی ژین
www.zheen.org

**روژی نوی**

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

خاوەن و بەرریوەبەری لی‌پرسراوی : پاریزەر جەمال حاجی فقی شالی

دەستەی نووسەران

کامەران : سەرنووسەر

محرم محمد امین : ئەندام

کریم زەندی : »

عبدالله رضا ئەژدەر : »

ناوونیشان : سلیمانی ــ شەقامی سەیوان ــ روژی نوی

جەمال شالی

# [ مامەیارە و شیخەباس ]

مەدهوش

## مامەیارە :

ه مامەیارە ئەو گردە قووچەیە کە ئەکەویتە باکووری روژهەلاتی شاری سلیمانی .

ه ئەم گردە ناوی گردی گولان بوو ، وە هیچ ناوبانگیکی نەبوو ، کەچی بەرە بەرە بوو بە شوینیکی زور بەناوبانگ لە شاری سلیمانیدا

ه شاعیری گەورەی کورد پیرەمیرد بوو بەهوی ئەوەی کەلە میژەوە هەموو سالیك ئاگری نەوروز لەوی بکریتەوە ، وە شاییو زەماوەندی نەوزوز لەوی بگیرردریت

ه هونراوە بەناوبانگەکەی بیکەس ( بیستو حەوت ســـالە من رەنجبەری توم ) بیکەس لەوی خویندییەوە وە وەك وروژمی تیر ئاراستەی ســـەر سنگی ئەدمونسی نوینەری ئیستعماری کرد .

ه پیرەمیرد لەسەر وەسیتی خوی لە لوتکەی ئەو گردەدا نیژرا .

ه حکومەت ئەو گردەی رازاندوتەوە بە دارو درەختو گولو گولزار .

ه بەم جورە گردەکەی مامەیارە لە بیناوییەوە بوو بە ناودار لە گردی گولانەوە بوو بە مامە یارەی بەناوبانگي دیمەن جواني خوشەویست وە ئەوەشمان لە بیرنەچی کە مامەیارە لەوی نیژراوە بویە ناونراوە مامەیارە .

ه گردەکەی مامەیارە ئیستە خوشترین مەلبەندی بەهارو جوانترین شوینی دلتەرڕانو هەرزەکارانە ، وە لە ئەوروپاوە هەر کەسیك بیتە سلیمانی سەریك لەو گردە ئەدا .

## شیخەباس :

کەچی شیخەباس بە پیچەوانەی مامە یارەوە ، ئەم بەناوبانگترین شوین بوو بـەلام ئەمرڕو نە . . ئـەمرڕو زوربەی لاوان نازانن شیخەباس کامەیە یان درەختەکەی شیخەباس لە کویدا بووە ئەگەرچی گەڕرەکیکیش هەیە هەر بەناوی ئەوەوە [ شیخەباس ] ئنجا با باسی شیخەباستان بو بکەم .

ە گردیك هەیە پانو فراوانو نزم لەلای دیی هلوبەوە ، کە ئەکەویتە باشووری شاری سلیمانی وە نزیکەی ١٥ دەقیقە بەپی دوورە ، لەسەر ئەم گردە درەختیك هەبووەو ئەوەندە گەورە بووە کە بە ئاسانی [ ٢٠ ] گوریسی دیلانیی لیداخراوە ، وە نزیکەی ٣٠ مالیك لە ژیر سیبەرەکەیا چایان لیناوە .

ە بە ناوبانگترین سەیرانگای خەلکی شاری سلیمانی شیخەباس بووە روژی وابووە کە بە هەزاران روویان کردوتە ئەو شوینە .

ە بەلام کاتی کە لەشکری عوسمانی لە شەرری جیهانگیریی یەکەمدا لە سلیمانیدا بوو وە بە چەپەو بە راستەدا زولمی ئەکردو ئەو گەلەی ئەچەوسانەوە دەستی بو دارەکەی شیخەباسیش دریژ کرد . . . سەربازەکانی عوسمانی دارەکەیان برریەوەو سوتانیان تەنیا بو ئەختی خو گەرم کردنەوە . . بەم جورە دوای سەفەر بەر ئەو شوینە لە سەیرانگایی کەوتو ناوبانگی بەرەبەرە کەوتە ناو توماری لە بیرچوونەوەوە .

ە دارەکەی شیخەباس ئەمەندە بە ناوبانگ بوو وەختی کە شاعیری نەمری کورد نالی لە ئەستەموولەوە نامەی بە شیعرەوە بو شاعیری نەمری کورد سالم نارد ناوی ئەو دارەی تیا هیناوە ئەلی :

ئیستەش بە بەرگو بارە عەلەمدارە شیخەباس
یا بی نەواوو بەرگە کراوە بە شەخسی عوور ؟

سالم لە وەلاما نووسیبووی :

[ زستان لە ئەوەلیوە بوو درڕا بەرگی شیخەباس ]
[ رومی ئەوەندە شومە لە شەخسیش ئەدا زەرەر ]
[ ئەو بەردەکانی ناوی نرا قسی شەخسەکە ]
[ دایان بە شاخ و دارەکەیا تورکی بیهونەر ]

ە وە هەروەها مەلا ابراهیمیش لە نەوروزنامە بەناوبانگەکەیا ناوی شیخەباسی هیناوە کەلە ژمارەی پیشوودا بلاو کراوەتەوە .

ە بەلی شیخەباس بە پیچەوانەی مامەیارەوە ناوبانگی بەرەبەرە نەماو کەوتە ناو

توماری بیرچوونەوەوە تا لەم دوایی‌یەدا بویژان‌و نووسەران کەوتنەوە یاد کردنی بە تایبەتی ماموستا کامەران کە هونراوەیەکی ئەوتو وردو جوانی لەسەر داناوە ئەلی‌ی خوی بە چاوی خوی ئەو سەیرانگاو دارەی دیوە لە هونراوەکەیا کە ناوی [ مەرگی سیبەر ] ە وە لە دیوانی [ گول ئەستیرە ] دایە لە کوتایی‌دا ئەلی ،

ئەی دارەکەی شیخەباس ، ئاخ
لە دلی منا بووی بە ، داخ
هاتن سەربازی عوسمانی
نامەردانـــە سووتانیانی
[ مرد ، ! سیبەرەکەی شیخەباس ]
[ سووتا . ، درەختەکەی هەباس ]

ماموستا کامەران لەم هونراوەیەدا بەو پەرری وردی‌یەوە باسی جل‌و بەرگ‌و شایی و زەماوەندی ئەو سەردەمەی کردووە ، وەبە جوریك وینەی گرتووە کە پیرەکانیش سەرسامن لەو وینە شیرینە .

وا دیارە ماموستا کامەران وەك لە سوزی هونراوەکەیا دەرئەکەوی لەوانـەیـــە بکەویتە ئەو بیرەوە کە بی‌یەوی لەوی بنیژری .

ە بەم جورە دەرئەکەوی کە نووسـەران‌و بویژان ئەیانەوی ناوی میژوویی ئـــەو شوینە بە گەرمی بیننەوە یاد .ئەگەرچی رەنگە ئەم هەول دانـەش نەبیتە هوی ئـەوەی کە بیتەوە بە سەیرانگاکەی جاران بە تایبەتی چونکە دارەکە بررایەوە .

مەرگ و ژین میسلی سیبەر و تاوە
ئەوی باقی بمینی هەر ناوە

[ حاجی قادری کویی ]




# عبدالرحمن پاشای بابان

پەررە کاغەزیکمان دەستکەوتووە ئەوەندە پواوە ، ئەلی ھاکا ھەلوەری ، ئەم کاغەزە لەھەردوو دیوی بە مەرەکەبیکی رەش چەند رووداویکی میژوویی لی نووسراوە، بەلام داخیگران دیویکی وەختی خوی کاغەزیکی پیوە لکینراوە بو ئەوەی نەدرری، بەھوی ئەم کاغەزەوە ئەو دیوەی لەکیس چووە ... ئەم لاپەررەیە وا دیارە لەلایـەن ( مەلا محمدی قەلاچوالانی ) یەوە نووسراوە کە بنووسی تایبـەتیی بابانەکان بووە . کاغەزەکە بە زمانی فارسی نووسراوە . وا بەشی زوری ئەو نووسینەتان پیشکەش ئەکەین .

www.zheen.org

٥ سالی ١٢١٨ی کوچی (کە ئەکاتە ١٦٢ سال لەمەوپیش) ئیبراھیم پاشای بابان لە مووسل کوچی دواییکرد ، وە عبدالرحمن پاشای کورری بوو بە حوکمران وە کەرکووك و مووسل لە ژیر فەرمان رەوایییا بوو .

٥ ١٢٢٠ی کوچی لەشکری عبدالرحمن پاشا لەشکری خالد پاشای تورکی لە پردە سوور شکان ( کە ئیستە پیی ئەلین شیوە سوور ) وە شاری کەرکووکی گرت.

• ١٢٢٠ ھەر لەم سالەدا لەشکری عبدالرحمن پاشا لەشکری کیا پاشای تورکی شکان وە ( حوکمی کوردستانی ) کەوتەوە دەست .

• لە سالی ١٢٢٥ی کوچیدا ( کە ئەکاتە ١٥٥ سال لەمەوپیش ) ریکەوتی

روژی شەممەی ٦ی رەمەزان لەشـــکری عبدالرحمن پاشا لەبەر دەروازەی بەغدادا لەشکری سلیمان پاشای ئیبراهیمی ( وەزیری بەغدا )ی شکان . وە سلیمان پاشاو کهیای خەزنەدار کوژران . وە بەغدای گرت

ه لە سـالی ١٢٢٧دا لەشکری عبدالرحمن پاشای وەزیری بەغدا لەشـکری عبدالرحمن پاشای بابانی شکان ، وە عبدالرحمن پاشای بابان گەررایەوە وە لە ٢٠ی مانگی رەمەزانی ئەو سالەدا گەیشتەوە خاکی کورد .

ه لە سالی ١٢٢٨ی کوچیدا لە شەوی یەك شەممەدا ریکەوتی ١٧ی مانگی ربیع الأخیر ( تشرینی یەکەم ) لە سەعات (٥) دا عبدالرحمن پاشای بابان کوچی دوایی کرد .

ه لە سالی ١٢٢٨دا روژی (٥) ی مانگی ( جمـاد الأول ـــ تشرینی دووەم ) محمود پاشای کوری عبدالرحمن پاشای بابان لە جیی باوکی بوو بە فەرمان رەوا .

سەرنج : عبدالرحمن پاشای بابان لە شاری سلیمانی لە گردی سەیوان نیژراوە وە گوومەزی بو کراوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## چیـــا

ه بەرزترین چیا لە جیهـاندا « هیمالایا »یە ، بەرزی لووتکەکەی کە پیی ئەلـین « ئەڤرست » ٨٨٤٥ مەترە لە رووی دەریاوە .

ه بەرزترین چیا لە کوردستانی عیراقـــدا چیای « قەندیل » ە بەرزی لووتکەکەی ناوی « حەسار روست » ە « ٤٠٢٠ » مەترە لە رووی دەریاوە .

ه بەرزترین چیا لە سلیمانیدا پیرەمەگروونە کە ٢٩٦٠ مـــەتر لە رووی دەریاوە بەرزە .

ه بەرزی چیاکانی هەورامان و کوررەکاژاو ٢٨٠٠ مەترە لە رووی دەریاوە .

# زمانی کەمایەتی

صادق بهاءالدین

بەراستی زور بەختیارو دلشاد بوم کە چاوم بە ووتاری زمانی کوردی کەوت لە گوڤاری روژی نوی ئورگانی تیکوشەری کوردی ، چونکە دووان لە زمانی کوردی بو ئەوەی شیوەکانی کوردی لە یەکتر نزیك بینەوە تیکوشینیکی زور گرنگ و بەرزە وە چاکترین ریگایە بو یەکیتی نەتەوەی کورد . بەلام پیویستە نوسەری ووتار لە زمانی کوردی شارەزای شیوەکانی کوردی بی بو ئەوەی بتوانی بە چاکترین وە کورترین ری شیوەکانی کوردی لە یەکتر نزیك بکاتەوە .

نوسەری ووتاری ( زمانی کوردی ) لە گوڤاری ناوبراو کاك ( أ. جیژنی ) هەر چەند شارەزاش بیت لە چەند شیوەکانی کوردی بەلام وا دیارە شارەزای تەواو نیە ( پوسپور نیە ) لە شیوەی کرمانجی چونکە شارەزا ئەبی پوسپور بیت لە گرامەری شیوەکانی کوردی بو ئەوەی بتوانی شیوەکانی کوردی بەرانبەری یەکتر دابنریت ، وە بەم جورە ری بو خویندەوارانی کورد بکاتەوە کە فیری هەموو شیوەکانی زمانی کوردی بن ، وە بیزانن چ جاوازییك لە بەینی شیوەکانی زمانی کوردی دایە بو ئـەوەی شیوەکانی نزیکی یەکتری بکەن کە نەتەوەی کورد باشتر لەیکتری تی بگەن ، ئەوسا بە ئاسانی ئەتوانن شیوەییکی پی نوسین دابنیین کە هەمو ملەتی کوردی پی بنوسی .

پیش ئەوەی دەست بەینە راستکردنەوەی چەوتەکانی کەلە ووتاری ناو براوەکەی خویندمانەوە ئەمەوە بە برای زور خوشەویست ( أ. جیژنی ) بگەبینم کەم راستکردنەوە خزمەتیکی زمانی کوردی یە کە هیچ نوسـەریك ناتوانی پیش بکەوی ئەگەر رەخنەی لی نـەگرن بو ئەوەی هیچ چەوتی لای نەمینی .

بو ئەوەی بیزانین چ کەمو کورتیەك لە بەشی کرمانجی دا هەیـە ئەبی سەر لـە نوی گرامەری ووتارەکە بینوسینەوە بو ئەوەی تی بگەین کەمو کورتی یـەکە چی یـــە

وه له كوى دايه :

١ـ نيشانەى ( جمع ) له سورانىدا ( ان ) ە بەلام له كرمانجىدا ( ييت ) وەيان [ يين ] ە وەكو

| كرمانجى | سورانى |
| --- | --- |
| كوريت من ، كورين من | كورانى من ، كورەكانى من |
| برابيت من ، برابين من | برايانى من ، براكانى من |

له كرمانجىدا نيشانەى [ جمع ] « آ » وەيان « آن » ە بەلام له كاتى ازافه كردنا ئـەگوريت ، كه [ ييت ] وەيان [ يـين ] بـەكار ئەمينرى ئـەگەر ووشەى جمع موزاف بيت له رستەدا [ جملەدا ] ، بەلام ئەگەر موزاف اليه بيت ناگوريت وەكو

| | |
| --- | --- |
| كومەلا گەنجا ، گەنجان | كومەلى گەنجان ، گەنجەكان |
| قوتابخانا كورا ، كوران | قوتابخانەى كوران ، كورەكان |
| كومەليت گەنجان ، كومەلينى گەنجان | كومەلانى گەنجان ، گەنجەكان |
| قوتابخـانيت كورا ، كوران ، قوتابخانـين كورا ، كوران | قوتابخانانى كوران ، قوتانخانەكانى كورەكان |

بنكەى ژين
www.zheen.org

٢ـ زەميرى متكلمى مفرد له سورانى دا (م) ئەبى بەلام له كرمانجىدا هەر ( من ) ئەمينيتەوە وەكو .

| كرمانجى | سـورانى |
| --- | --- |
| كورى من ، ( كورا«١» من ) | كورم ، كورەكەم |
| برايى من ( برايا من ) | برام ، براكەم |

نابى له هيچ شيوەيىكى زمانى كوردى و هەروەها له هيچ زمانيكدا نير (مذكر) بكرى به ( مى ) « مؤنث » چونكه ووشەوى ( كور ) وە ( برا ) نيرن (مذكرن) ماموستاى خوشەويست لەم هەردو رستانە [ جملانە ] يه مى ژماردون چونكه لـــه

١ چەوتەكان خراونه بەينى دوكەوانه

شیوەی کرمانجیدا [ آ . a ] نیشانەی «٢» [ می ] یە لە ازافەکردنا ، لەبەر ئەوە راست نیە بیژی « کورا من » چونکە ووشەی کور نیرە وە نیر نابی بکری بەمی ، هەروەها ناتوانی لە شیوەی کرمانجیدا بیژی : ئەسپا من ، گایا من ، چونکە ووشەی « ئەسپ » وە « گا » نیرن مذکەرن بـــەلام ئەتوانی بیژی : ماینا [ ماهین ] من ، مانگا [ چیل ] من چونکە : ماین وە مانگا می نە مؤش لـــە هەمو شیوەکانی کوردی .

٣ــ زەمیری متکلمی « جمع » « ئیمە » [ مان ]ە لـە سورانیدا بەلام لـــە کرمانجیدا مە : وەکو :

مالمان ، مالەکەمان ، مالی ئیمە مالامە « مالی مە »

ولاتمانە ، ولاتەکەمان ، ولاتی ئیمە وەلاتیمە « وەلاتامە »

ماموستای خوشەویست لیرەشـدا بە چەوت چووە کە ئەلی : « مالیمە » وە « وەلاتامە » چونکە ووشەی « مال » لـە کرمانجیدا [ مییە ] ازافە کردنا لەبەر ئەوە ئەبی بیژی : [ مالامە ] و راست نیە بیژی : [ مالیمە ] .

بەلام رەنگە لە هەولیر بەکاری بینن . وە ووشەی [ وەلات ] نیرە ازافە کردنا لەبەر ئەوە ئەبی بیژی : وەلاتی مە ، و ناتوانی بیژی : [ وەلاتامە ] .

٤ــ زەمیری غائبی مفرد [ ئەو ] وە [ دی ]یە لە سورانیدا بەلام لە کرمانجی دا [ وی ]یە وەکو :

کورەکەی ، کورەکەی ئەو کوری دی ، [ کورا وی ]

لیرەشدا ماموستای خوشەویست چەند کەمو کورتی لای هەیە :

١ ـ یەکەم ووشەی « کور » کە « نیرە » کردووە بە « می » وەکو لەپیشا

---

٢ لە کرمانجیدا لەکاتی ازافە کردنی «ناوا» « اسم » « نیر . مذکر » لە « می. مؤنث جیاواز ئەکریت » ووشـەی نیر دوایی پی دیست بەتیپی « ی . e » وە ووشەی « می . مؤنث » دوایی پی دیت بە تیپی « آ . a » وەکو : کوری من ، کچا من .



www.mzhosin.org

پیش‌کەشمان کردن ، لـەبەر ئەوە ناتوانی بیژی [ کورا وی ] ، بەلام تەنها ئەتوانی بیژی « کوری من » . ئەگەر لـــە جاتی « کور » ئەم ووشانەی خوارەوە بکارت ئینا وەکو : « کچ ، خوشك ، پور » کە می‌نە ئەتوانی بیژی : کچا من ، خوشکا من ، پورا من .

٢ ـ لە کرمانجی‌دا دو زەمیری غائبی مفرد بەکار دینن یەکەمیان « وی »یە کە تەنها بەکار دیت ئەگەر غائبی مفرد نیر بیت وەکو: برایی وی ، وی گوت ، وە دوومیان « وی »یە کە تەنها بەکار دیت ئەگەر غائبی مفرد « می » یان مینگە بیت وەکو : برایی وی : وی گوت .

| زەمیری غائبی مفردی نیر لە کرمانجی | | زەمیری غائبی مفردی می لە کرمانجی | |
|---|---|---|---|
| کوری وی | Kure wi | کوری وی | Kure we |
| کچا وی | Kica wi | کچا وی | Kica we |
| خوشکا وی | Xuska wi | خوشکا وی | Xuska we |
| برایی وی | Biraye wi | برایی وی | Biraye we |

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥ـــ زەمیری غائبی جمع لەسورانی‌دا « ئەوان » وە « یان »ە بەلام لەکرمانجی‌دا « وان »ە وەکو :

کوریان ، کورەکەیان ، کوری ئەوان ( کوری وان ) ، ( کورا وان ) لیرەشدا ماموستای تیکوشەر هەر لسەر چەوتی پیشووی چووە کە ووشەی « کور »ی کردویەتی بە « می » چکە لەوەش ، زەمیری جمع لە کرمانجی دا نەك تەنها « وان »ە بەلام وا ، ئەوا وە « وان »ە . ووشـــەی « کور » نیرە ئـــەبی دوایی پی بیت بە تیپی « ی ، e » لەبەر ئەوە راست نیـە بیژی « کوری وان بـەلام ئەبی بیژی » کوری وان ، یا کوری وا یان کوری ئەوان . ئیستە کە چەوتەکانی لە نوسینەکەی ماموستادا بومان راست‌کردنەوە ، سەر لە نوی بەراستی ئەنوسینەوە :

زەمیری غائبی جمع لە سورانی‌دا « ئەوان » وە « یان »ە بەلام لەکرمانجی دا

« وا ، ئەوا ، وان وە ئەوان » ە

| سورانی | کرمانجی |
| --- | --- |
| کوریان ، کورەکەیان . کوری ئەوان | کوری وا ، کوری ئەوا ، کوری وان |
| کچیان ، کچەکەیان ، کچی ئەوان | کچا وا ، کچا ئەوا ، کچا وان |
| برایان ، برا کەیان ، برای ئەوان | برایی وا ، برایی ئەوا ، برایی وان برایی ئەوان |
| خوشکیان ، خوشکەکەیان ، خوشکی ئەوان | خوشکاوا ، خوشکا ئەوا « ئەوان » خوشکا وان |

٦ ـــ زەمیری مخاطبی مفرد لە سورانیدا « ت » وە « تو » یە بەلام لەکرمانجیدا « تە » یە ئەگەرچی ئەوانیش بەشیکیان « تو » بەکار دینن وەکو :

| | |
| --- | --- |
| کوری تو ، کورەکەت ، کورەکەی تو | « کوری تو » « کوری تو » کوری تە |
| مالی تو ، مالەکەت ، مالت | « مالی تو » ، « مالا تو » مالان « مالی‌تە » |

لیرەشدا ماموستای خوشەویست هەر لەسەر چەوتی پیشوی رویشتووە کە ووشەی « کور » ی کوردویەتی بە « می » جگە لەمەش جیاوازیەکەی بەینی زەمیری « تە » وە « تو » دەری نەخستووە کە لە کرمانجیدا . زەمیری مخاطبی مفرد « تە » تەنها بەکار دیت لەگەل فعلی مازی متعدی نەك لەگەل فعلی مازی لازم وەکو :

بنکەی ژین www.zheen.org

مازی متعـدی : تە خوار ، تە خوار ـ خواردت ـ تە دانا ـ دات نا ـ تە بر ـ بردت ـ ، تە هەلگرت ـ هەلت کرد ـ .

بەلام لەگەل فعلی مازی لازم و فعلی موزارع و موستەقبەل ـ تو ـ لە جاتی ـ تە ـ بەکار ئەهینری وەکو :

. فعلی مازی لازم: تو چوی ـ چویت ـ تو رابوی ـ هەلسایت ـ تو هاتی ـ هاتیت ـ تو رونیشتی ـ دانیشتیت ـ .

فعلی موزارع : تو د خوی ـ ئەخویت ـ تو د چی ـ ئەچیت ـ .

ـ ماوەیەتی ـ




## ئەندازیار محمود حسن

ئامادەیە بو هەموو ئیش‌وکاری هاوولاتی‌یە خوشەویستەکان لە نەخشەو پیوان و تەماشا کردنی خانوو دووکان‌و ریگاو پردو هەموو جورە ئیشیکی فەنی

شەقامی مەولەوی

گازینوی جارانی جمهوری

# پەروەردەی منال

دکتور قادر شالی

دکتوری روژی نوی

ئەی خوینەرەوە بەرریزەکان لەمەودوا هەر پرسیاریکی تەندروستی‌تان بوو لە دکتوری روژی نوی‌ی بکەن بە وردی وەلامتان ئەداتەوە ، لەسەر زەرفەکە بنووسن تەندروستی . ئەوی ئەشی‌یەوی ناوی بلاوبکریتەوە ئاگادارمان بکا یا پیتیك وەیان ناویکی خواستەمەنی‌ی بو دانی‌ین .

( روژی نوی )

دان هاتنی منال

بالای «

کیشانەی «

منالی نا تەواو

بنکەی ژین
www.zhinan.org

## دان هاتنی منال

دان هاتن لە هەموو منالیکا چوون یەك نی‌یە بەلام بە شیوەیەکی گشتی لە تەمەنی ( ٥ ــ ١٠ ) مانگی دەست ئەکا بە دەرهاتن وە کاتی دەرهاتنی زور گرنگ نی‌یە بەلکو چوونیەتی هاتنی سەرنج راکیشە بو نەخوشی لەو منالەدا وە یان ناکاملی‌ی منالەکە .

دانی منال بە شیوەی سروشتی بەم جورە دیت :

(١) لە تەمەنی ( ٥ ـ ٦ ) مانگی دانی ناوەراستی خوارەوەی دیت .

(٢) « ( ٧ ـ ١٠ ) « دانی ناوەراستی سەرەوەی دیت .

(٣) ئنجا دانی ئەملاو ئەولای ناوەراستی سەرەوەی دیت .

(٤) دوای ئەمە دانی ئەملاو ئەولای ناوەراستی خوارەوەی دیت

(٥) داني لای خریکانی .

لە سەدا هەشتای منالان ئەتوانین ژمارەی دانیان بەم جورە دانی‌ین :

( تەمەنی منالەکە بە مانگ ـــ ٦ = ژمارەی دانەکانی ) وەکو :

منللیك تەمەنی ١٤ مانگ بی ژمارەی دانەکانی ئەمەندەیە : ١٤ ـ ٦ = ٨ دان ژمارەی دانی شیری ٢٠ دانە ، وە پیویستە لە ماوەی ٢٤ ـ ٣٠ مانگدا منال هەموو دانەکانی هاتبن .



دان نەهاتن و درەنگ هاتنی و بە ناریکی دان هاتن وا ئەگەیینی کە ئەو منالە نەخوشیی نەرم بوونی ئیسقانی هەیە « کساح » یان ئەو منالە تەواو نی‌یە . . . منال کە دانی دیت سکی ئەچی‌و ئەررشیتەوە ، وە منـــالی وا هەیە جگە لەوەش ئەکوکی و ئەکروزیتەوەو تووشی بی خەوی‌و نەخواردن ئەبی .

## بالای منال

منال کە لە دایك ئەبی دریژی‌یەکەی ٤٥ ـ ٥٠ سانتیمەترە ، وە لە تەمەني یەك سالیدا ئەبیتە ٧٥ سانتیم ، لە یەك سالیش بەولاوە هەر سالی ٥ سـانتیم زیاد ئەکا .

تا تەمەنی ١٢ سالی کورر کەمیك لە کچ دریژترە .

لە ١٢ ـ ١٣ سالی کچ کەمیك لە کورر دریژترە .

بەلام پاش ئەو تەمەنە بە شیوەی گشتی کورر لە دریژ بوونا زیاتر هەل ئەدا .

## کیشانەی منال

منال کە لە دایك ئەبی ٧ ـ ١٠ پاوەنە وە پاش شەش مانگ قورسایی ئەگاتە دوو ئەوەندە واتە ١٤ ـ ٢٠ پاوەن وە لە یەك سالیدا ئەبیتە سی ئەوەندە وە لە دوو سالیدا چوار ئەوەندە .

منال له حه‌فته‌ی یه‌که‌می ته‌مه‌نیا نزیکه‌ی ١ـ١٠ کیشانه‌ی له‌شی که‌م ئه‌کا .
به‌لام پاش ١٥ روژ ده‌ست ئه‌کا به زیاد کردن

## منالی ناته‌واو

منالی که ته‌واو نه‌بی واته ( پی‌گه‌یشتنی سروشتی نه‌بی ) نیشـانه‌ی ناته‌واویی به‌م جوره‌ی خواره‌وه ئه‌بی :

کیشانه‌ی ٥ و نیو پاوه‌ن ئه‌بی ـــ دریژیی ٤٥ سانتیم پیوانه‌ی سه‌ری له ١٣ ئینج که‌متر ـــ سه‌ری به‌گویره‌ی له‌شي گه‌وره ئه‌بی مل‌و پ‌ه‌لی کورته ـــ سه‌رسنگی پانه ـ بوشایی به‌ینی ئیسقانه‌کانی سه‌ری له راده‌ی سروشتی زیاتره ـــ پیستی وشك‌و چرچه ـ ده‌ماری خوینی ژیر پیستی دیاره ـــ مووی پشتی زوره ـــ خالی زور به له‌شه‌وه‌یه ـــ سکی به‌رزه ـــ ناوکی ده‌رپه‌رریوه ـــ ئه‌ندامی ( جنسـی ) به ته‌واوی دروسـت نه‌بووه ـــ جاروبار شین هه‌ل ئه‌گه‌رری ـــ دانی دره‌نگ‌و به ناریکی دیت .

## پولیت

ژنیکی گه‌نج ئه‌یویست ناوی کچه‌که‌ی بنی پولیت بـــه‌لام میرده‌که‌ی ئه‌م ناوه‌ی به‌لاوه خوش نه‌بوو له‌به‌رئه‌وه زور هه‌ولی ئه‌دا که ناونه‌نری پولیت به‌لام بی سوود بو تا فیلیکی دوزی‌یه‌وه که ئه‌مه‌یه :

میرده‌که روژیکیان له‌به‌رخویه‌وه ئه‌یوت « ئای پولیت ، چه‌ند یادی خوش به‌بیرما دینیت ، پولیت توبووی یه‌که‌م خوشه‌ویستم بویه ئیسته‌ش هه‌رچه‌ند ناو پولیت ئه‌بیستم مووچرركه‌م پیا دیت » .

ژنه‌که که ئه‌مه‌ی گوی لی‌بوو قیژانی‌و وتی « نه‌ه ... کچه‌که‌مان نابی ناوبنین پولیت ئه‌گه‌رچی ناویکی خوشیشه ئه‌بی ناوی بنیین مارگریت به‌ناوی دایکی خوالی‌خوش‌بوومه‌وه».

# خەباتی چینایەتی لە چیروکی پیشمەرگەدا

کامل حسن البصیر

لەم وتارەمدا نامەوی لە رووی هونەرەوە لە چیروکی پیشمەرگە بدویم بەلکو ئەمەوی ، نەختیك لە بیروباوەری دانەرەکەی ، کە دکتور رحیمی قازی‌یە ، بکولمەوە لەو بارەوە کە تصوری تیکوشانی نەتەوەی کوردی کردووە لەو چیروکەدا ، دکتور رحیم قازی ماوەی چواردە سالە لە یەکیتی سوڤیت ئەژی ، تصور کردنی ئەو لەم رووەوە نرخیکی سەرکردەیی ( قیمە قیادیە ) هەیە سەرەرای ئەوەش کە خوی مروڤیکی بیرروونالئو رابووردویەکی جوانی هەیە لە تیکوشاندا ، وە ئیستاش هەر لە هەول دایە بو خزمەت کردنی نەتەوەی کوردو مروڤایەتی .

من کەلەم ووتارەدا لەو نقطە گرنگە ئەدویم هەست بەوە ئەکەم کە رەخنەی ئەدەبی کوردی لەم رووەوە فەراموش کراوەو خراوەتە پشتگوی وە لەم جورە مەیدانانەدا رمبازی نەکردووە لەبەر ئەوە دەربرینی بیروباوەرمو شیوەی رەخنەم مناقەشەیەکی گەرم بەرپا ئەکا لە نیو نووسەرە بەریزەکانمانا ، بویە داوا لەو نوسەرانە ئەکەم کە بە هەموو سەربەستیەكو صراحەتیکەوە بینە مەیدان ، بیرورای خویان دەرخەن .

لیرانەدا لە هەندیك لە هەلویستی برادەرە رەخنە گرەکانی پەراوی ( کامران شاعر من کوردستان ) ئەدویم ، کەوا گەلیك لەو برادەرانە نوسراوی زوریان بو ناردووم لەو نوسراوانەدا تەنیا پەراوەکەم پەسەندو بایەخدار ئەکەن ، بی‌ئەوەی هەولی ئەوە بدەن کەلە شوینە لاوازەکاني بدوین ( کەتی‌ی دایە ) ، تەنیا دو برادەر نەبی ، کە یەکیکیان بە دەم هەندی سەرنجی خوی دەربری‌و منیش بە دەم وەرامم دایەوەو داوام لیکرد کە با مناقەشەکەمان بخەینە سەر لاپەرەکانی روژنامەو گوڤارەکان ، بەلی بەلینی دامی ، بەلام بەجی‌ی نەهینا . دووەمیشیان لە گەلیك شوینا سەرنجو تیبینی خوی

دەرخستبوو ، برادەریکم کە گوی لی‌بوو بوو ، داوای لیکردبوو کە ئەو سەرنجو رەخنانەی خوی بە نووسین بلاوبکاتەوە ، ئەویش لە وەلاما وتبووی بلاوی ناکەمەوە چونکە هەندی کەس هەیە تولەم لی‌ئەسینتەوە .

بویە بو وینە ئەم دوو برادەرەم هینایەوە ، چونکە ئەمەوی نقطەیەکی زەروورى هەیە لیرەدا بیخەمە روو وە لە سەریشی سوورم ، ئەویش ئەوەیــە کە بەربەرەکانی فکری‌و جیاوازی بیروباوەر کاریکی شەخسی نی‌یە کە پیمان ناخوش بی‌و تولە لــە خاوەنەکەی بسینین ، بەلکو ئەمە کاریکی چاکی ئەوتویە کە کاروباری زانیاری‌و ئەدەبی بەرەو پیش ئەبات ، هەر لەبەرئەوە بوو کە من لە سەرەتای وتارەکەمدا وتم کە ئەو رایانەی من باسی ئەکەم تیژن‌و رەنگە ناراستیش بن ، لەبەرئەوە چاکترین ریگەیەك بو راستکردنەوەی ئەو هەلانە ، وەرامیکی لەسەرخوو زانستی‌یە .

وا من باسی تصوری دکتور رحیم لە بارەی خەباتی نەتەوەکەمان لــەم قوناغەی ژیانیا ، بەرپا ئەکەم کە لە چیروکی پیش مەرگەدا لی‌ی دواوە .

ئەمەوی لە دوو شت بکولمەوە ، یەکەمیان ریگەی راست بو تیکوشان وەکو دکتور رحیم قازی خوی تصوری ئەکات ، دووەمیان دەرخســتنی ئەوەی کە ئــەم چیروکە واقعی کومەلایەتی نەتەوەکەمان ئەنوینی ، وە ئایا ئەم چیروکە ، لە کومەلی ( مجتمع ) کوردستانەوە هەلقولاوەو سروشتی ژیانی ئەنوینی ، یان چیروکیکی ئەوتویە کە عزالدین مصطفی ، نوسەری پیشەکی‌یەکەی ، لە هەندی روویەوە ئەلی :

( ئینجا ) دیتــە ســەر تەلار ـ کـە بەشیوەیەکی سادەی کوردی بەرگی ( پوفیست چیروکی رووداوی روسی ، بەبەرداکراو یـا بلین لەســەر شیوەی هەندی لە چیروك نوسە عەرەبەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە ) لە . ئایا نوسەری ئەم چیروکە ، دکتور رەحیم قازی ، لە ریبازی خەباتی نەتەوەکەی گەیشتووە وا لـە چیروکەکەیدا تصوری کردووە ، یان ئەو چیروك نووسانەی کە لە کومەلیکی (مجتمعیکی) سەرمایەداری‌و لـە قوناغیکی خەباتی چینایەتی‌دا ئەژین ، کاری تیکردووە ، وەکو عزالدین مصطفی ئەلی : ( وە خاوەنی پیش مەرگە لە بەرگیکی جوانا وەك نوسەرانی

پەیرەوی بوی سوشیالیستی ( واقعی‌یەتی ئیشتراکی ) وینەیەك ئەخاتە روو ، وینەی ژیانی جوتیارانی کوردستان ، پەیوەندی نیوانی فەلاح و دەرەبەگانی خائین ، دوژمنایەتی دەرەبەگانی نوکەر بەگەلی کوردو کوردایەتی و ، هەولدانیان بو خنکاندنی جمهوریەتە جوانە مەرگە لە دلا زیندوکەی و لەم کاتەدا ئەتباتە کوری چەند دیمەنیکەوە کە وەك لەگەل گوگول و تولستوی‌دا بیت یا وەك لەگەل مەکسیم گورکی دا بیت لە چیروکی ( دایك )دا ) لەو .

لی دوانی ئەم دوو کارە بەلای مناوە زور گرنگە چونکە ئەهمیەتی چیروك پیشان ئەدا لە ئاراستە کردنی کومەلانی خەلکی کوردستان‌دا ، ئەمە لە لایەکەوە ، وە لە لایەکی‌ترەوە ، پایەی چیروك دیاری ئەکا لەنیوان بەرهەمی ئەدەب‌دا .

هیچ گومانی تیا نی‌یە ، ئەوبناغەیەی کە ئیسکی ( شکل ) کومەل ( مجتمع ) دانی کە بەسەربەستی لە خاکی خویا بژی ، وە قوناغی میژوویی دیاری ئەکا ، ئەوە چونیتی هوی بەرهەم هینانە ( وسائل الانتاج ) کە بەکار ئەهینری ، وە ئەو پەیوەندی‌یە ئابوری‌یەیە کە لە نیوان‌دا هەیە . ئەم کومەلە هیچ پیش ناکەوی لە قوناغیکەوە بو قوناغیکی تر و ئیسکەکەی ناگوردری ، ئەگەر شیوەی بەرهەم هینان و پەیوەندی ئابوریان نەگوردری .

دیسان گومانی تیا نی‌یە ، ئەو هیزەی کە بەم گورینە هەلئەسی ، هیزی ناکوکی نیوان چینەکانی کومەلە ، ئەوەی کە ئیمە پی‌ی ئەلین ، خەباتی چینایەتی ، ئەمە لە حەلیکا کە ئەو کومەلە ( مجتمع ) لە خاکی خویا سەربەخو بی ، وەکو کومەلی روسی ( المجتمع الروسی ) پیش شورشی ئەکتوبەر .

بەلام کاتیك کە کومەل سەربەخو نەبی و لە قوناغی رزگاری نیشتمانی تی نەپەری بی ، بەلکو لە خاکەکەی خویا ژیر دەستەبی‌و لە ژیر دەستەلاتی چینیکی چەوسینەری کومەلیکی تردا بژی ، ئەو هیزەی کە ئەم کومەلە رزگار ئەکا ، هیزی کومەلانی خەلکە ( جماهیر ) ، وەکو کومەلیك کە هەموو لایەکی چەوسابیتەوە ، هەر چەندە هەندی تاقمی دەستی خستبیتە ناودەستی داگیرکەرانەوەو بووبنە داردەستی ئەو چینە



بنکەی ژین
www.zheen.org

دەستەلاتدارەی کە جەزرەبەی نەگەیەنی بە کومەلانی خەلکی ئەو کومەلە ( مجتمع )، وەك کومەلی کورد ( المجتمع الکردی ) .

با بی‌ینە سەر چیروکی پیش مەرگە ، کە خاوەنەکەی دکتور رەحیمی قازیە ، بام سەرنجیك .لە تصورەکەی بدەین لە بارەی چونیتی خەباتی کومەلی ( مجتمع ) کوردەوە ئایا بەکومەلیکی سـەربەخوی دائەنی کەوا خەریکی بەربەرەکانی چینایەتی‌یە ، وەکو کومەلی روسی پیش شورشی ئەکتوبەر ، لەم بارەدا ، ئەبی نوسەرە روسەکان وەکو گوگول ، تولستوی و مەکسیم گورکی کاری تی کردبی . یان بەکومەلیکی وای دائەنی کە چینی چەوسینەری کومەلی فارس ( الطبقة المستغلة من المجتمع الفارسي ) چەوسانوویەتیەوە و خەریکی خەباتی نەتەواویەتی‌یە ،

لەم حەلەدا نوسـەر ئەبیتە نوسەریکی داهینەری ئەوتو کە لـە قوناغی میژوویی کومەلەکەی گەیشتووە ، کەواتە ئەبی شارەزای ئەو چەکەش بیت کە لـە خەباتدا بەکاری ئەهینی ، لە پاشا ئەم تی گەیشتنی‌و شارەزایی‌یەی پیویستە برژینیتە ناو چیروکیکی ئەوتووە لە هەندی رووەوە نەعەرەبی‌و نەروسی بی ، بەلکو چیروکیکی پەتی کورد بی چ لە رووی مادەکەی‌و چە لەرووی تیسکەکەیەوە .

مارق

www.zheen.org

---

**( دل‌و گل )ەکەی مەدهوش لەم حەفتەیەدا ئەکەویتە بازاررەوە .**

### له بارەی نامیلكەی :

# چونی بارزانیانی قارەمان

## بو یـــەكیتی سوڤیت

سلیمانی : خەبـــە

بەراستی نامیلكەیەكی پر سـودو بەنرخە ، لاپەرەیەكی زیرین لـە میژوی نەتەوەی كورد پیشان ئەدا ، ئەو نەتەوەیەی كەبە دریژایی میژو هەر پیشەی آزایەتی‌و قارەمانیتی و مەردایەتی بووە ، هەرگـیزاو هەرگیز سـەری بو هیچ دوژمنیك‌و داگیركەریك شور نەكردووە ، بەلام ئەوەی جیی داخە كە زوربەی ئەو میژویە نەنوسراوەتـەوەو وون بووە ، هەندیكی نەبی كە دەماو دەم بەشیوەیەكی شیواو پیمان گەیشتووە .


لەبەر ئەوە كاك ووردی زور سوپاس ئـەكری كە لاپەرەیەكی لـــە قارەمانیتی بارزانی‌یەكان نوسی‌یەوەو كردی بە نامیلكەیەك‌و خستیە بەردەمی گەلەكەمان

بەلای منەوە ئەو نامیلكەیە دوو كەم‌و كورتی سەرەكی تی‌دایە :

١ ـ سەرانسەری ئەو نامیلكەیە نەمیژوو نە برواریكی تیدا نی‌یە ، بەلكو ئـەبوایـە ئەو قارەمانیتی‌یە بە بەرواری سال‌و مانگ‌و روژ برازایەوە . هەر لەو چیروكە كونانە ئەچی كە دەماو دەم پیمان گەیشتووە . نە ئەبوایە وا بوایە چونكە زوربەی قارەمانانی ئەو رووداوە ، ماون‌و شارەزاو زانەریشن .

٢ ـ ئەبوایە نەخشەی ئەو شوینانەی تیا بوایە كە ئەو قارەمانی‌یـەتـەی تیا رووی داوە كە بەشیكە لە كوردستان ، ئەمەش وەكو هەموومان ئەیزانین كاریكی ئـــەوتو گران نی‌یە كە نەكری ، ئەوە نەخشـــەی كوردستان ، ئەوە سەركردەكانی ئـــەو قارەمانیتی‌یـــە .

هیوادارم كە كاك ووردی سەرنجی ئەم دوو كەم‌و كورتی‌یە بدات‌و لـە هەلبـكا لای بات‌و تەواوی كات .



تیکوشەری نەبەزی کورد ، سەروکی پارتی دیموکراتی کوردستان مصطفي بەرزانی ، لەلای راستیوە ماموستای تیکوشەر ابراهیم احمد سکرتیری کومیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان وە لەلای چەپیەوە نوینەری روژنامەی [ النهضة ] ی لبنانی راوەستاون

ئەم وینەیە بەو بونەیەوە گیراوە کە نوینەری روژنامەی ناوبراو چەند پرسیاریکی لە تیکوشەری کورد مصطفی بەرزانی کرد دەربارەی نەتەوەی کوردو پارتی‌یە پیشرەوەکەی‌و کوردستانی پیروز .

www.zheen.org

# گره‌و

٥ روژی نوی به بونه‌ی سالی تازه‌یه‌وه گره‌و ئه‌کا .

٥ له مه‌ودوا ناو به‌ناو گره‌و ئه‌کا .

٥ پاداشتی گره‌وی ئه‌م جاره‌مان به‌م جوره‌یه :

یه‌که‌م : ١ــ په‌رراوی ( میژووی کوردو کوردستان ) نووسینی ماموستای نه‌مر امین زه‌کی به‌گ وه‌رگیرانی ماموستا علی عونی ــ ئــه‌م په‌رراوه ماموستای ئاینی شیخ مصطفی شیخ مه‌عروف پیشکه‌شی ئه‌کا ــ

٢ــ پینج په‌رراوی کوردی .

٣ــ ئابوونه‌ی سالیکی ( روژی نوی ) .

٥ ٥ ٥

دووه‌م : ١ــ پاندانیکی پارکه‌ر ٢١ی تازه .

٢ــ ئابوونه‌ی سالیکی روژی نوی .

٣ــ دوو نامیلکه .

٥ ٥ ٥

سی‌یه‌م : ١ــ فه‌رهه‌نگی خال .

٢ــ ئابوونه‌ی سالیکی روژی نوی .

---

سه‌رنج : ٥ ئه‌گه‌ر یه‌که‌م یان دووه‌م وه یان سی‌یه‌م هه‌ریه‌که‌ی له یه‌ك که‌س زیاتر بوو ئه‌وا ناوه‌کانیان رائه‌کیشری .

٥ پاداشته‌کان له باره‌گای روژی نوی پیشکه‌ش ئه‌کری .

٥ ئه‌و وه‌لامه‌ی تا روژی ١٩٦١/٤/٢٢ پیمان نه‌گات قبوول ناکری .

٭ کوبونی گرەو لە گوڤارەکە بکەرەوە ، وە بە خەتیکی رەوان پرری بکەرەوە ، وە لەسەر زەرفەکە بنووسە « گرەو » .

٭ بەلام وەلامەکان بە خەتیکی جوان لە کاغەزدا بنووسە وە لەگەل کوبونەکەدا بینیرە .

## گرەو

وەلامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :

١ــ (ا) شیخ مەحموودی نەمر ، سمایل خانی سمکو ، قازی محمد ، هەریەکە لەم قارەمانانەی کورد بە « چ » جوریك کوچی دوایی‌یان کردووە ، بە کوشتن ؟ خنکانن ؟ نەخوشی ؟ وە هەر یەکەیان لە « چ » سالیکدا کوچی دوایی‌یان کردووە ؟

(ب) ئەم شاعیرانە بە « چ » لەهجەیەکی کوردی شیعریان وتووە ؟

بابە تایەری هەمەدانی ــ مەولەوی ــ احمدی خانی ــ پیرەمیرد .

٢ــ (ا) « بەدرە » کە قەزایەکە لە لیوای کووت ، وە دانیشتوانی کوردن وە بەشیکە لە کوردستان بە « چ » لەهجەیەك ئەدوین ؟

(ب) ئەمانە چین ؟

ئاڤیستا ــ میدیا ــ ئەغەدە ــ چوارچرا

٣ــ لەمانە کامیــان قارەمانی شەهیدی کوردن ، شاعیری کوردن ، موسیقار یان ئەدیب وە یان زانای کورد وە یان بیگانەن وە لە « چ » .نەتەوەیەکن ؟

ئەدیسون ــ کوماسی ــ رەسوولی جەوانمەردی ــ بیتهوڤن ــ تاغوور برناردشو ــ لیون تولستوی ــ علی بەگی شــیرزاد ــ یوسف ضیاء ــ جلادت بدرخان ــ حاجی جندی .

## مەتەل :

١ــ ئایـا کامیان بو تو کەمتری تی ئەچی ؟ هاورری‌یەکت دووجار بەری بو

سینەما یان دوو هاوڕریت یەك جار لەگەل خوت بەری ؟

٢ــ هەموو تاوانیك بەپی‌ی قانوون سزای هەیە، تاوانیك نەبی ئەو تاوانە چی‌یە ؟

٣ــ کابرایەك دەستی راستی خستبووە گیرفانی چەپی‌یەوە وەدەستی چەپی خستبووە گیرفانی راستی‌یەوە ، چون ئەبی ؟

٤ــ یەکیك کوتەرە داریکی گەورەی برد بو دارتاشیك وتی بەچەند بوم ئەکەی بەدوو کەرتەوە ؟ دارتاشەکە وتی بە (٥٠)فلس کابرا وتی ئەی بە (٤) کەرتەوە ؟ بەچەند بوی کرد بە (٤) کەرتەوە ؟ .

٥ــ ئەمە چی‌یە لە ( دەقیقەیەکدا ) دوو جارت گوی لی ئەبی کەچی لە( قەرنیکا ) یەك جار ؟

٦ــ ئەمە چی‌یە کە لی‌ی هەل ئەگری زیاد ئەکا ، بەلام کە ئەیکەیتەوە سەری کەم ئەکا .

| | | |
|---|---|---|
| روژی نوی | کوبونی<br>(گوەوز) | ژمارە ١ ـ سالی ٢ |
| ناو : | | |
| ناونیشانی تەواو : | | |
| بەروار / ٤ / ١٩٦١ | | « ئیمزا » |

www.zheen.org

# لەدکتۆرم پرسی جگەرەو چا زیانیان چی‌یە ؟

دەربارەی جگەرە کیشان و چا خواردنەوە و ئەسپرین و میوە . پرسیارمان لـە دکتور محمود علی عوسمان کرد زور سوپاسی ئەکەین کـە ئەم وەلامانەی خوارەوەی پیشکەش کرد .

## جگـەرە

ه مادەی بنچینەیی لە جگەرەدا ( نیکوتین ) ە ، وە نیکوتینیش زور زیان بەخشە بە ئادەمزاد .

ه بەکیشانی یەك جگەرە ـ١ـ میلی گرام نیکوتین لـە نـاو دەمدا ئەمینیتەوە ، وە لەمەش ٣ /٠ میلی گرامیکی لی ئەمژریت بو خوین .

ه نیکوتین زەهرە ، ٧٠ میلی گرامی بەیەك جار بچیتە خوینەوە ئەو کەسە ئەکوژی ،

ه نیکوتین ئەگەرچی لە سەرەتادا جیهازی ( عصبی ) بە هیز ئەکا ، بەلام لە ئەنجامی زور وەرگرتنیا ئەو جیهازە بی‌هیز ئەبی .

ه نیکوتین دل بی‌هیز ئەکاو زور خواردنی ئەبی بەهوی سك چوون و گیژ بوون و بەرز بوونەوەی تەووژمی خوین ، وە ئارەزووی خواردن کەم ئەکاتەوە و زیان لـــە سی‌یەکان ئەدا ، وە زوریی ئەوانەی کە تووشی سیل و سەرەتان ئەبن جگەرەکیشن .

## چـــا

چا خواردنەوە ئەگەرچی جیهازی ( عصبی ) وریا ئەکاتەوە و هیزی ئەداتی بەلام زور خواردنەوەی ئەم زیانانە ئەبەخشی :ـ

ه ماندوو کردنی دەمارەکان

ه دەست لەرزین

ه خواردن هەزم نەکردن بەباشی

ه خیرا لیدانی دل وە بەناریك وپیکی .

## ئەسپرین

زور خواردنی ئەسپرین ئەبی بەهوی :ـ

- تەسەممومی خوین
- بی‌هیز بوونی جیهازی ( تەنەفوسی )
- بی‌هیز بوونی دل
- گوی کپ بوون و تەنگە نەفەسی .

## میوە بو منال

باشترین میوە بو منال تا تەمەنی یەك سالە پرتەقالە ، وە هەروەها ڤیتامین D.A
ی زور پیویستە بو منال کە ئەم دوو ڤیتامینە لە رون ماسیدا هەیە .
پرتەقال وەکو وتمان باشترین میوەیە بو منال بەلام لەگەل ئەوەشدا ئاوی میوەکانی
یش هەر سوودمەندن ئەگەر ئەوەندی پرتەقالیش کەلك بەخش نین .
پرتەقال بو منالی یەك سالە پیویستە ئاوەکەی بدریتی ، وە روژی لە ١ تا ٢
وچکی چا .


بنکەی ژین
www.zheen.org


### بو سالی تازە

بو کەل‌وپەلی بازرگانی
بو کوگا
بو خواردەمەنی

وە بو هەموو جورە کارو فرمانیکی پیشەسازی‌و هونەروەری
پروپاگەندە لە روژی نوی‌دا بلاو بکەنەوە

بەبونەی سالی تازەیەوە لە ئیستەوە هەموو لایەك ئاگادار ئەکەین
کە بـــە جوانترین شیوە ، زور دلگیرو رازاوە پروپاگەندە بلاو
ئەکەینەوە .



دیاری نەوروز

بنکەی ژین
www.zheen.org



# نەوروزی

# ســـالی ١٩٦١

بیرو باوەرری کو دایەتی لەسالان
گەلالەتر بووە .

مەشخەلی نەتەوایەتی لە جاران
بلیسەدار ترە .



هەستی پیروزی کوردایەتی بالی کیشاوە بەسەر دلی ملیونان کوردا
هەلدانەوەی لاپەررە خویناوی‌یەکانی میژووی نەتەوەی کورد دلی بەردینیش
راچەنانووەو تەزووی خەباتی ئاگرینی رشتوتە دەماری ملیونان کوردەوە .

( کورد ) ئەبی وەك هەموو نەتەوەیەك مافی نەتەوایەتی‌ی خوی هەبي
کوردستان وەك هەموو نیشتمانیك ئەبی رزگارو یەکگرتوو بی .

بیرو باوەرری کوردایەتی لە سالان گەلالەتر بووە
بویە ئەمسال لە سالان گەرمترو بەجوشتر بە پیر جەژنی نەوروزەوە چووین .

لە نەوروزا کە یادی گەورەترین شوررشی نەتەوەی کوردی دلیرە .

لە نەوروزا کە پیروزترین جەژني نەتەوایەتی‌ی کوردە .

ئەمسال لە ســالان گەرمترو زور بەشیوەیەکی جوانتر ئاهەنگ و شایی لە هەموو قوژبنیکی کوردستانا لە شارانا لە دیکانا لە لوتکەی کەژوچیاکانا کرا . . . ئاهەنگ و شایی‌یەکی ئەوتو کە لەمەوپیش هەرگیز نەبووەو نەکراوە .

## لە بەغدا

ە لە هولی ( خلد ) لە سەعات ٧ و نیودا ئاهەنگی نەوروز دەست پی‌کرا .

- ئەم ئاهەنگە گەورەیە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پیك هینرابوو .
- لەلایەن هەڤالی تیکوشەرەوە ماموستا جەلال تالەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتاری پارتی لەناو شەپولی چەپلە ریزانو لیزمەی بژی بژیو ئافەریندا پیشکەش کرا .
- بو ئەم ئاهەنگە نوینەرانی گەلیك دەولەت ، وە هەندیك کاربەدەستانی کوماری عیراق وە روژنامەگەران هاتبوون .
- سیادەی فوأد عارف و فاضل عباس المهداوی و فتاح شالی و وصفی طامرو ماجد محمد امین هاتبوون بو ئەم ئاهەنگە .
- خوشترین گورانیو جوانترین هەلپەرکیی کوردی پیشکەش کرا .

## لە سلیمانی

شەوی نەوروز ئاگر بەربووە شاری سلیمانی ، لە هەزاران سەربان و لە سەدان شەقام ئاگری نەوروز کرابووەوە ، وە لە لوتکەی هەرروتــە ( شاخی گویژە ) دوو ئاگری گەورە کرابووەوە ، وە هەروەها لەسەر گردەکەی مامە یارەش کە مەلبەندی پیرەمیردی نەمرە بلیسەی نەوروز بەرز بووەوە .

بو بەیانیش خەلکی بەوپەرری شادیەوە جلو بەرگی جەژنیان گورریو دووکانەکان هەموو داخرابوونو ئەو خەلکە رژابوونە شەقامەکانەوە وە لە گەررەکی دەرگەزین ( بەرخانەقا ) کورری هەلپەرکی و دەهول و زوررنا گیرا ئنجا خوپیشاندانیکی زور گەورە کرا ، کە نزیکەی ٦ هەزار لاوی کوردپەروەر بە شەقامەکانا بەرریز ئەروشتنو سروودی نەتەوایەتییان ئەوت وە نزیکەی ٧٠ سوارچاکیش لەسەر دەستووری کوردانە بەناو شارا ئەهاتنو ئەچوون . . .

لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوودستانیشا میکروفون سەر لە ئیوارە گوراني و سروودو هونراوەو بەیاني پارتيی پیشکەش کرد .

بەم جورە لە دەربەندیخانو رانیەو گەلیك شوینی تری کوردستان ئاگری نەوروز کرایەوەو شاییو ئاهەنگ زور بە جواني کرا .

# پروگرامی میژوو بو پلەی ناوەندی

— پاشماوەی پیشوو —

پولی یەکەم :—

بەشی یەکەم

١— مروڤی کون لە سەرەتای ژیانیا .

مەبەست لە مروڤی کون چیە ؟ چەشنەکانی . ئەو سروشتەی کە تیا ژیاوە ژیانی کومەلایەتی وە ئەو کارەساتەی بەکاری هیناوە : کەلوپەل ، ئاگر پوشەنی . خواردەمەنی ، جیی حەوانەوەی ، هەلبژاردنی چەند نمونەیەك لەو شوینو ئەشکەوتانەی کە پاشماوەی ئەوانی تیا دوزراوەتەوە .

( هەزارمیرد ، زەرزی ، شانەدەر ، برداپلکە ) .

٢— لە ئەشکەوتەوە بو گوند .

لە کوکردنەوەی خواردەمەنیەوە لەسەردەمی بەردینی کونا بو سەردەمی بەرهەم هینانی خواردەمەنی ( لەسەردەمی بەردینی نویدا ) .

ئەم گورانە گرنگە لە کوییدا پەیدا بو ؟ وەکار کردنی لە ژیان وە مەبەستیا : کشتوکال ، بەخیو کردنی ئاژال ، پەیدا بونی گوند ، ریك خستنی کومەلایەتی ، گورران وە پیش کەوتنی کەلو پەلی مروڤ ، هەلبژاردنی چەند نمونەیەك لە شوینەکانی کوردستان بەبی ئەنجامی ئەو هەلکەندنانەی کە تازە کراوە لە شوینو پاشماوە دیرینەکانا ، گەورەبونی گوندەکانی سەردەمی بەردینی نوی . پیش کەوتنی کشتوکال لە پیش پەیدابونی شارستانیتی بالادا لە کوردستانا .

٣— ریك خستەکانی ( التنظیمات ) پیشین لای دانیشتوەکانی کوردستان : ئەو نەتەوانەی کەلە کوردستانا نیشتەجی بون . دامەزراندنی یەکەم پیش کەوتن ( الحضارە ) لە کوردستانا . کەلك وەرگرتن لە زەویو زاری کوردستان

بەكار هینانی ئاو بو كشتوكال ، گوررانی گوند وە شار . شیوەی ریك خستنی كومەلایەتی لە ناویانا . شیوەی فەرمان رەوایی لە شارەكانا . ژیانی روژانەیان ، ئەوانەی پیكی هیناوون . پیش‌كەوتنیان لەم ماوەیەدا .

٤ــ گوتی‌یەكان ، نەژادیان ، شوینیان ، پەیوەندیان لەگەل دانیشتوانی خواروی عیراق ( سومر و اكد ) ، ماوەی دەسەلاتیان لە خواروی عیراقدا . كوتایی فەرمان رەوایان لە خواروی عیراقدا بە راست بونەوەی ( ئوتوحیكال ) وە گەررانەوەیان بو ناوچەی خویان .

٥ــ شارستانی‌تی گوتی‌یەكان . شیوەی فەرمان رەوایی‌یان ، ژیانی ئابوریان . ژیانی كومەلایەتی‌یان ، سوپایان .

٦ــ لولو نەژادیان ، شوینیان ، پەیوەندیان لەگەل گوتیەكان ، پەیوەندیان لەگەل ئاشوریەكانا لە سەرەتای سەدەی سیانزەهەمی پیش زایینەوە .

٧ــ شارستانی‌تی لولویەكان . شیوەی فەرمان رەوایی‌یان . ژیانی ئابوری وە كومەلایەتیان ، سوپایان .

٨ــ كاشی - كاسو - كاسی - كوشی : نەژادیان ، شوینی یەكەمیان ، چونیەتی‌هاتنیان بو خواروی عیراق ، چون دەولەتەكەیان دامەزران ؟ چونیەتی پەیوەندیەكەیان لەگەل ئاشوری وە عیلام وە فرعەونەكانی مصرا ، هەندی لە شاكانیان ( كاندونیاش ، كاشتلیاش ، خاریشیباك ، كادشمانخارت ، هوری‌جالسو ) .

٩ــ شارستانیەتی كاشیەكان : شیوەی فەرمانیان ، ژیانی ئابوری وە كومەلایەتیان . سوپایان ، زمانیان ، ئایینیان .

١٠ــ سوباریەكان - شوینیان پەیوەندیان لەگەل میللەتانی سەردەمی خویان .

١١ــ خالدیەكان - شوینیان ، پەیوەندیان لەگەل ئاشوری‌یەكان ، دەولەتەكەیان بەناو بانگ‌ترین شاكانیان . روخاندنی دەولەتەكەیان .

١٢ــ ئاریەكان - شوینیان ، دامەزراندنی دەولـەتەكەیان ، چونیەتی پـەیوەندیان لەگەل ئاشوری‌یەكاندا ، روخاندنی دەولەتەكەیان .

١٣ ــ ميتابى‌يه‌كان ـ شوينيان ، په‌يوه‌نديان له‌گه‌ل فرعه‌ونه‌كانى مصردا ، دامه‌زراندنى ده‌وله‌ته‌كه‌يان ، روخاندنى ده‌وله‌ته‌كه‌يان .

١٤ ــ ميدياكان ـ شوينيان ، نه‌ژاديان ، زمانيان ، دامه‌زراندنى ده‌وله‌ته‌كه‌يان ، په‌يوه‌نديان له‌گه‌ل فارس وه ئاشوريه‌كانا ، يه‌ك‌كه‌وتنيان له‌گه‌ل كلدانيه‌كان وه روخاندني ده‌وله‌تى ئاشورى له ٦١٢ پيش زايين ، په‌يوه‌نديان له‌گه‌ل ليديا روخاندنى ده‌وله‌ته‌كه‌يان .

١٥ ــ له روخاندنى ميدياوه تاكو سه‌رده‌مى ئيسلاميه‌تى

١٦ ــ شارستانى‌تى كورد له سه‌ره‌تاى ميژووه‌وه

أ ـ باسيكى كورت ده‌رباره‌ى شارستانيه‌تى وه جوره‌كانى ، شارستانى بنه‌ره‌تى ( اصلى ) وه وه‌رگيراو ، ره‌گه‌زه‌كانى ( عناصر ) ى شارستانى

ب ـ ئايين وه شيوه‌ى فه‌رمان ره‌وايى .

ج ـ ئايينى زه‌رده‌شتى ، ميژانى ئايينى زه‌رده‌شتى .

د ـ ژيانى ئابورى و كومه‌لايه‌تى .

ه ـ ئاوه‌دانى و هونه‌ر .

و ـ زانستى

بنكه‌ى ژين
www.zheen.org

پولى دووه‌مى ناوه‌ندى ـ

١ ـ چاوپياخشاندنيكي گشتى به ميژوى كوردا له پاش روخاندني فه‌رمان ره‌وايى مادى بچوكه‌وه [ ٣٣ به‌ر له زايين هه‌تا په‌يدا بونى ئيسلام ] .

آ ـ جوغرافياى كوردستان ـ سنورى ، روى خاكى ، ئاووهه‌واى ، هه‌ريمه‌كانى

ب ـ دانيشتوانى كوردستان ـ كوردوخه‌كان ، بارته‌كان ، ماده‌كان .

ج ـ ئايينى كورد له‌پيش ئيسلامدا ـ كورد و ئايينى زه‌رده‌شت ، په‌يوه‌ندى كورد له‌گه‌ل ئايينى مه‌سيحى و جوله‌كه .

د ـ ژيانى كومه‌لاتى كورد ـ هوز ـ چينه‌كانى كومه‌ل . ره‌وشت و خوى كورده‌وارى ، پايه‌ى ئافره‌ت ، په‌يوه‌ندى هوزه‌كان له ناو يه‌ك تريدا ، شيوه‌ى ريك

کەوتن و ناوبژی کردن لە ناویانا .

ﻫ ـ ژیانی ئابوری کورد ـ بازرگانی ، بازار ، ریگای بازرگانی .

و ـ باری سیاسی کورد.

ز ـ پەیوەندی کورد بە فارس و رومو ئەرمەنەوە .

۲ ـ پەیدا بونی ئیسلامەتی وە پەیوەندی کورد بە ئیسلامەتیەوە .

۳ ـ پەیوەندی کورد بەئیسلامەتیەوە وەلەسەر دەمی جی‌نشینەکانی پیغەمبەردا .

٤ ـ پەیوەندی کورد بە ئەمەویەکانەوە .

٥ ـ کورد لەسەر دەمی عەباسی‌یەکانا ـ

آ ـ ابو مسلم خوراسانی کورد وە دامەزراندنی دەولەتی عەباسی .

بـ فەرمان رەواکانی کورد لەسەردەمی عەباسی‌یەوە تا نەمانی عەباسی‌یەکان .

۱ ـ فەرمان رەوایی روادی دوای [ ۲۳۰ ـ ٦۱۸ ] ك .

۲ ـ فەرمان رەوای سالاری لە ئازەربایجان [ ۳۰۰ ـ ٤۲۰ ] ك .

۳ ـ حەسنەوی بەرزەکانی [ ۳۳۰ ـ ٤۰٥ ] ك لە هەمەدان .

٤ ـ شەدادیەکان لە ئارام [ ۳٤۰ ـ ٤٦٥ ] ك .

٥ ـ دوستەکی مەروانی لە دیاربەکر [ ۳٥۰ ـ ۳۸۰ ـ ٤۷٦ ] ك .

٦ ـ عەنازی لەحەلوان [ ۳۸۰ ـ ٤٦٦ ] ك .

۷ ـ شەبەنکاری لە فارس [ ٤۱۲ ـ ٦٥۸ ] ك .

٦ ـ پیش‌کەوتنی کورد لەسەردەمی ئیسلامەتیا ـ

آ ـ گوررانی نەرمانی یاسای فەرمان رەوایی لە کوردەواریا لەسەردەمی ئیسلامدا .

بـ باری کومەلایەتی .

جـ باری ئابوری .

د ـ باری خویندەواری .

ﻫ ـ باری هونـــەر .

[ ماویەتی ]

# بیستوته ؟

ــ : بیستوته له شاری سلیمانی له شه‌قامی کاوه

له‌و شوینه‌ی ناوی کاوه‌یه ئه‌م شته‌ومه‌که نایابانه هه‌یه ؟

ــ : ئه‌ی چون نه‌مبیستووه ؟ وا خوم ئاماده کردووه له‌م روژانه‌دا سه‌ریك له‌و شوینه بده‌م‌و دیاریی هاوین بکررم که ( ئلاجه‌یه‌کی ) نایابه ...

ثلاجه‌ی RCA ( ٩ ) پی بی ١٢٠ دینار

» » (١١) پی بی ١٤٠ »

رادیوی RCA ( ٦ ) گلوپی ( ٥ ) شه‌پولی ٢٦ دینار

» » ( ٦ ) » ( ٣ ) » ١٦ »

سلیمانی ــ شه‌قامی کاوه

جه‌مالی حاجی فرج

ته‌له‌فون ٤٠٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پیلاوی ئه‌هرام

پیشانگه‌ی [ پیلاوی ئه‌هرام ] که‌وتوته سه‌ر شه‌قامی مه‌وله‌وی له ته‌نیشت ئه‌جزاخانه‌ی رؤوف ، وه هه‌موو جوره پیلاویکی پیاوانه وه ژنانه لــه پیلاوی ئه‌هرام به‌پوختی ده‌ست ئه‌که‌ویت .

## رونی نیرگز                                    رونی راعی

وەکیلی گشتی شەریکەی مەنتوجاتی بذوری قوتنی
لە سلیمانی

# حاجی احمد رشید بەقال

لە جێ‌نیشتەکەمان بەرامبەر ( شارەوانی سلیمانی ) ئەم پیویستیانەت بە نرخی هەرزان دەست ئەکەویت .

| | | |
|---|---|---|
| رونی نیرگز | : | رونی راعی |
| سابونی تەوالیت | : | سابونی جل شتن |
| « لەیلا | : | « باز |
| « لوکس | : | « پشیلە |
| « عایدە | : | وە سیرفی توز |
| « لایفبوی | : | |

هەروەها هەموو پیویستیەکی بەقالی وە برنج وە خوی ، وە رونی حیلـــە وە هەموو چەشنە خورمایەکی باشی بەنرخی هەرزان ئەفروشین .

حاجی احمد رشید بەقال
سلیمانی ـ بەرامبەر شـارەوانی



بنکەی ژین
www.zheen.org

# پیروز بایی

له کانگای دڵەوە پیروزبایی لە دەســتەی نووسەرانی گوڤاری رۆژی نوی ئەکەم بە بونەی سالی دووهەمیەوە ، ئومیدم زورە کە گوڤارە خوشەویستەکەمان بەو پیویستیانە هەلسی کە خزمەتی نەتەوەو نیشتمانە خوشەویستەکەمان ئەکات وەك ئەم ماوەیە پی‌ی هەلساوە ئالای وریا بونەوەی نەتەوایەتی‌و هوشیاری گەلەکەمان هەلکا وە بەرەو پیشەوە ری‌ی ژیانی پرر لە کوسپ شەق بکا .

ژیان بو روژنامەو گوڤارە دلسوزەکانی کورد . با هەر لەشەکانەوەدا بی ئالای هوشیاری‌و وریا بوونەوەی نەتەواتیمان .

بژی کوردو کوردستان .

موسکو ــ احسان فؤاد

٩٦١/٣/٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کومەلەی خویندکارانی کورد

لــە ئەوروپــا

## لقی یەکیتی ســـوڤیت

ئەم هەوالانەمان لە قوتابی‌یە کوردەکانەوە بو هاتووە لە یەکیتی سوڤیتی‌یەوە :

ە لە ژمارەی ( ٥٠ ) قوتابی‌ی کورد لەیەکیتی سوڤیتی تەنیا ١٥ قوتابی تا سەرەتای ١٩٦١ ئەندام بوون لە کومەلەدا .

ە ئەو قوتابی‌یانەی نەهاتوونەتە نـاو کومەلەوە هەندیکیـان دوژمنایەتی‌یان لەگەلا نەکردووە بەلام هەندیکیان دوژمنایەتی‌یەکی بەتینیان ئەکرد وە تەنانەت یەکی لــەم

قوتابی‌یانه قوتابی‌یانی کوکردبووەوە وە دژی کومەلە گەلیك قسەی ناشیرین و نارەوای کردبوو وە داوای کردبوو کە دوژمنایەتی لەگەل کومەلە بکری .

ه تا ئیستە لەلایەن حکومەتی سوڤیتی‌یەوە بەشیوەی رەسمی ریگە نەدراوە بـــە کومەلە ، وە نـاتوانی هول و شوینی ئاهەنگ ئامادە بکا ،. جگە لـەوەی کە ناتوانی هیچ نووسینیك بلاو بکانەوە .

ه لە مانگی شوباتەوە نزیکەی ( ١٥ ) قوتابی نوی برریاریان داوە بینە ناو کومەلەوە بەم جورە ژمارەی قوتابی‌یانی کومەلە ئەبیتە ( ٣٠ )

ه لە ( ئاهەنگی ) کونگرەی قوتابی‌یانی عیراقدا وتاری کومەلە لەلایەن سەروکی کومەلەوە خویندرایەوە کە باسی تیکوشانی نەتەوەی کورد و ، ژیانی کومەلایەتی‌ی تیا دەرخست لە ( زانستگای موسکو )

## هەلبژاردنی لیژنەی بەرریوەبەریتی کومەلە

کومەلەی خوینـدکاران ـ لقی یەکیتی سوڤیت هـەلبژاردنی کرد وە لە ئەنجامدا ئەم برایانە بەم شیوەیەی خوارەوە هەلبژیردران ـ :

سەروك : احسان فوآد

سکرتیر : میران فوآد

ئەندامان : کاوس قەفتان ـ بەرریوەبەری لقی لنینگراد ـ ناجی بریفکانی ـ محمد رشید احمد ـ عبدالخالق حویزی ـ امین جلال .

www.zheen.org

# تکایـــەك

## لـە کومەڵەی خویندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا

بو هەموو گوڤارو روژنامە کوردیکان !

بو هەموو نوسەرە بەریزەکانی کورد :

کومەڵەی خویندکارانی کورد لە کاتیکا سلاویکی گەرمی تیکوشانتان پیشکەش ئەکات تکاتان لی ئەکات ، لەمەولا بە ریكو پیکی چاپکراوەکانتانی بو بنیرن ، ئەگەر لە تواناداو بوو زیاتر لە دانەیەك ( تا زیاتر بیت باش ترە ) ، چونکە لەگەڵیك وولاتانی ئەوروپا بە دەستەوە هەیە کومەڵە کتیبخانەیەکی کوردی بو خوی دابمەزرینی سەرەرای ئەوە ( ریکخراوی جیهانی کوردستان ) یش کتیبخانەیەکی کوردی لە شاری ( ئەمستەردام ) دامەزراندوە .

لیرەدا بـــە پیویستی ئەزانم پرو بە دل سوپاسی ماموستایان کامل بصیر ، عبداللە شالی‌و توفیق وردی ، وە روژنامەی خەبات‌و ژین‌ و گوڤاری ( روژی نوی ) و ( روناهی ) بکەم کە تا ئیستا بە ریكو پیکی هەموو شتیکی خویانیان بو ناردوین .

ئیتر هیواداریـن لە بەرهەمی خوتان بی‌بەشمان نەکەن .

کمال فؤاد

سکرتیری گشتی کومەڵەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

بەرلین ١٠/٣/١٩٦١

## سوپاس

زور سوپاسی ئەو دلسوزانە ئەکەین کە بە بونەی جەژنی نەوروزەوە جەژنە پیروزەیان بو ناردوین ، هەربژین بە شادی و کامەرانی ، بژی کوردو کوردستان .

( روژی نوی )

www.zheen.org

# چیرۆکی ژمارە

## ( دیاریی جەنگ )

لە گوڤاری ( سپیروسیا ) وە وەرگیراوە

وەرگێڕ : محمد سعید جاف ـــ کەلار

( ژولی ) شوخ و شەنگ ئەلی : لەوکاتەدا کە دیاری کرام بو ( رابرت فورمان ) هەموو کەسیك باسی ئیمەیان ئەکرد وە زور بە خوش بەختیان دا ئەناین .

من لە کانگای دلەوە ( رابرت ) م خوش ئەویست ، وە ئەویش وەك من وابوو دلداریی من و رابرت لە شـــارە پچووکەکەماندا زور دەنگی دابووەوە ، دایك و باوکمان زور دوستی یەك بوون وە لە منالی ئیمەوە دراوسیی یەکتری بوون ، وە ژیانی منالیمان هەر بەیەکەوە بو :. دوای شایی و ئاهەنگی دیاری کردنەکەمان ترسی ئەوەم لی نیشـــت کە کارەساتیك من و رابرت لەیەك دووربخاتەوە .. وە ماوەی ئەوەمان نەدا کە بەتەواوی و ئاسوودەیی بین بە هاوڕیی ژیانی یەکتری ، چونکە لەو روژانەدا ئاگری جەنگی کوریا لە بلیســـە سەندنا بوو ، رابرتی دەسگیرانم تازە قوتابخانەی تەواو کردبوو ، پیویست بوو دەوری ســـەربازی تەواو بکا ، زوری پی نەچوو ( رابرت )یان برد بو ســـەربازی بە چاوی پرر لە فرمیسکەوە تا لەشکرگا بەرریم کرد ، دوای ئەوەی مەشقی سەربازی تەواو کرد ماوەی ئەوەیان نەدا کە چاوی بەکەس و کار و دوستەکانی بکەوی ، لەگەل هاورریکانیا بە فرروکە رەوانەیان کردن بو ناو ئاگری جەنگی کوریا ، تا چەند مانگیك بەهوی نامەوە ئاگامان لەیەك بوو ، وە باسی سزای جەنگی لە نامەکانیا بو ئەکردم ، کە چون ولاتی کوریا بەهوی جەنگەوە بووە بە دوزەخ ، منیش پرر بەدل لـــە پەروەردگار ئەپاررامەوە کە زوو



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئاگری ئەو جەنگە بکوژێنیتەوە .. لەعنەتم لە جەنگ هەڵگیرسینەران ئەکرد .. هەر رۆژیکم بەساڵیك لی بەسەر ئەچوو .. هیشتا چەند رۆژیکی مابوو بو جەژنی سەری ساڵ کە شەویك دوای سەعات ( ١٢ ) زەنگی دەرگاکەمان لی درا ، دایکم بە پەلەپەل دەرگاکەی کردەوە ، وە من هیشتا نەنووستبووم .. هەستام تا بزانم ئەوە کی‌یە بەو درەنگ شەوە هاتووە .. وەچی‌ی ئەویت ؟! کە دایکم دەرگاکەی کردەوە دایك و باوکی رابرت بە پەشوکاوی‌و رەنگ هەڵ‌بزرکاوی‌یەوە خویان کرد بە ماڵا ، پارچەیەك کاغەزی زەرد بەدەست باوکی ( رابرت )ەوە بوو . لیمان پرسین چی رووی داوە ؟ بەلام وەلامیان نەدایەوە ، باوکی رابرت پارچە کاغەزەکەی دایە دەستم .

کە چاوم بەیەکەم دیرریا خشان نووسرا بوو « زور بە ناخوشی‌یەوە ئاگادارتان ئەکەین کە ( رابرت )ی کوررتان لە کاتی جەنگدا بومبایەکی بەر کەوتووە .. ئیتر لە حەیبەتا نەمتوانی بروسکەکە هەمووی بخوینمەوە » . هاواریکم کرد .. لەسەر خوم چووم .. کاتیك کە هوشم هاتەوە بەرخوم . لەسەر پیخەفەکەم خوم بە راکشاوی دی دایکم دەستی گوشیم و وتی ( ژولی ) مەترسە ، رابرت زیندووە کە ئەمەم گوی لی بوو لە خوشی‌یانا سەرم بەرزکردەوە ، دایکی رابرت وتی « داوای لی بووردنت لی ئەکەین نەئەبوو ئەم هەواڵە ناخوشەت بەو جورە پی بگەیەنین .، وەکو لە بروسکەکەدا نووسراوە رابرت بریندارە وە بە فرروکە هیناویانەتەوە ، وا لە نەخوشخانەی سوپا لە ناوچەی روژ ئاوا . لەمە زیاتر هەواڵمان بو نەهاتووە ، پیویستە چاوەرریی هەوالیکی تازە بین » .

دە روژ لە ئاگادار بوونم لەم هەواڵە ناخوشە تی‌پەرری و کاتم زور بەدرەنگ و ناخوش لی بەسەر ئەچوو ، وە هەر چەند دەنگی زەنگی تەلەفون یا دەرگا بهاتایە تا بوم دەرئەکەوت کە هەواڵی ناخوشی مردنی ( رابرت ) نی‌یە دڵەکوتی و هەناسە بررکیم پی ئەکەوت ، لەم کارەساتە ناخوشە تەنیا دڵخوشی‌ی خوم بەوە ئەدایەوە کەوا ( رابرت ) هیشتا زیندووە وە هیوام بەتەواوی نەبررا بوو .

روژیك نووسراویکم لەلایەن یەکیك لەکاربەدەستانی نەخوشخانەی سوپاوە بو هات

تیایا نووسرا بوو که پیویسته بەگورجي نووسراو بنووسم بو ( رابرت ) له خوشی‌یانا رام کرد بولای دایك و باوكی ( رابرت ) .. پیش ئەوەی بگەمە بەر دەرگای مالەکەیان دەنگی گریانی دایکی ( رابرت )م هاته گوی که چوومه ژوورەوە بوم دەرکەوت کەوا نووسراویان بو هاتووە ، . له نووسراوەکەدا دەرکەوتووە کەوا « بو ئەوەی رابرت له مردن رزگاری بی پزیشك هەردوو دەست و هەردوو پی‌ی که بومبا ونجرو ونجری کردوون برریویاننەوە » . ئەم هەوالـه ناخوشه زور خەمگینی کردم .

بەلام لەگەل ئەوەشدا هیوام بەوە پەیدا کرد کەوا رابرت به یەکجاری له مردن رزگاری بوو . هەولمان دا من و دایك و باوکی رابرت بچین بو خەستەخانەی سوپا بەلکو چاومان به رابرت بکەوی ، هەر چەندمان کردوو کووشا پزیشکەکان ریگەیان نەداین رابرت ببینین چونکه بەلایانەوە باش نەبوو که رابرت لەو کاتەدا چاوی به ئیمه بکەوی ، وه پی‌یان وتین کەوا لەپاش مانگیکی تر ئەتوانین چاومان پی‌ی بکەوی .. دوای بەسەر چوونی ئەو مانگه چاوەنواررری کردنه پرر ناسوره بەپەلەپەل خوم گەیاندە خەستەخانه هەر که گەیشتمه نزیك رابرت بەدەم قولپی گریانەوە هەردوو دەستم بو دریژ کرد که دەســـت بکەینه ملی یەکتری ، هیچ ئەوەم له بیر نەمابوو که رابرت دەستی نی‌یه .. ناتوانی وەك جاران دەست بکاتە ملم . رابرت به چاوی فرمیسك تی‌زاوەوە پی‌ی وتم « ژولی خوشەویستم ئیتر من بەکەلکی تو نایەم ، هەردوو دەست و هەردوو قاچم برراوەتەوە ، من رابرتەکەی پیش شەرری شوومی کوریا نیم .. ئەمەش دیاریی شەرر هەلگیرسینه پیسەکانه ، ئەوانن که بوون بەهوی ئەوەی من دەست و پیم ببررنەوەو ئاوا من و تو لەیەك دوور کەوینەوە ..

ماوەی ئەوەم نەدا وتەکانی تەواو بکا ، باوەشم کرد بەلەشی بی دەست و پی‌ی رابرت‌داو دەمم نایه ناو دەمیەوەو فرمیسکی هەردوکمان لەسەر گونای رابرت تیکەل بوو ، رووومەتمان بەفرمیسکی یەکتری تەرر بوو .. له وەلامی قسەکانی رابرت‌دا وتم : ئەی خوشەویستەکەم وانی‌یه وەك تو وتت .. ئەوە هەلەیـه ، بەلکو بەپیچەوانەوە من لەمەولا زیاتر بەهەست‌و توانام ژیانت ئەخەمه کوشی ئاسوودەیی‌و کامەرانی ، وه هەموو

ئاواتیکم ئەوەیە کە تا دوا هەناسەم هاوڕێی ژیانت بم ، لە پەیمانی دلداریی من و تودا هیچ ئەو مەرجانەمان دا نەناوە کە ئەبی هەر لە سوودو خوشیدا من و تو هاوبەش بین ، ئیمە بەجوریك پەیمانی خوشەویستیمان بەست کەوا لە ئازارو ئەرك و زیانیشا هاوبەش بین . .

رابرت زور سوپاسی کردم .. دوای ئەوەی دەست و پیی لاستیکیان بو (رابرت)ی خوشەویستم کرد نەخوشخانەی جی هیشت وە گەڕرایەوە بو مالەوە .. دوای دوومانگ شایی و ئاهەنگ سازکرا وەمن و رابرت بەیەك گەیشتین و بووین بەهاوڕێی ژیان ، وە ئیستە کوڕر و کچیکمان هەیە ، وە هیوادارم تا دوا ساتی ژیانمان هەر لەخوشی و شادیا بین و بەختەوەر بین‌و هەر نموونەی ژن و میردیکی راست‌و دلسوزی یەك بین .


# پیـــلاوی

# دیجله دیجله دیجله

جوانـــه پتەوە هەرزانـــه

بچو بو پیشـانگەی [ پیلاوی دیجلـــه ] لە شەقامی مەولـــەوی لای کاك قادر صـابر توزیك بحەویرەوە ، جووتی پیـلاوی دیجلـــەی نایابی لی بکـره .

# بوزانين

وا بلاوی ئەکەینەوە کە کەم کردنەوەیەکی نهێنی هەیە لە دیواني متصرفیتی لیوای سلیمانی‌دا بو دروست کردن و دامەزراندنی ( سیفون بو لقی « ب . ف » لـــە پروژەی سەنگەسەر لە ژیر چەمی گارفین ) ، بە پیی مەرجی ئیش کردن کە لە لای ژمیرەری ناوچەی ئاودانی کەرکووك چنگ ئەکەویت پاش ئەوەی کە نرخەکەی کە دوو دینارە ئەدریت .

وە داخوازی‌یەکەش لە بەرگیکی داخراودا پیشکەش بە ئەنجومەنی بەریوەبەریتی لیوای سلیمانی ئەکریت لە سەعات ( ١٠ ) ی سەر لە بەیانی روژی ١٠/٤/١٩٦١ ، وە ئەبی وەصلی پارەمەتەشی لەگەلا بیت کە (١٧٠)سەدو حەفتا دینارە .

وە لە پشتی بەرگەکەش بنووسری ( کەم کردنەوەی نهێنی بو دامەزراندنی سیفونی لقی « ب . ف » لە پروژەی سەنگەسەر شیوی گارفین ) .

تی‌بینی :-

هەر داخوازی‌یەك وەصلی پارمتەو شاهادەی توماری لای مخمنی ضریبة الدخلی و ژووری بازرگانی پی‌وە نەبیت یان لە دوای کاتی دانراو بگاتە متصرفیت ئەوا پشت گوی ئەخری‌و بە هیچ جوریك چەکی نانکیش وەر ناگیریت لە جیانی پارمتە .

متصرفی لیوای سلیمانی

روژی نوی
ژمارە ١ سـالی ٢
١٩٦١/٤/١

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ROJÎ NUWÊ

GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ, KOMEL̂AYETÎYE

JIMARE —1— SALI —2—

2573y - KURDÎ, 1961 y - ZAYÎNÎ

| ئابوونه : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونەی سالێك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| « « لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| « « بو قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلەیمانی

# ڕۆژی نوێ




( قارەمانی نەمری کورد قەدەم خێر )

ژمارە ٢ سالی ٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم ژمارەیەدا


١ ٤٦ سیدارە

١٤ زمانەکەمان — صادق بهاء الدین

٢٣ ســـەلام — جەمال شالی

٤٥ جوگرافیای کوردستان — کەریم زەندی

٤٩ کەشکولی روژی نوی

٥٥ چایخانەکەی دەرویش شەریف — فاضل محمد عرفان

٥٧ تومار — محمد باقی سعید

٦٥ زانستی دەروون و ئەدەب — محرم محمد امین

٧٢ دستوفسکی

٧٥ شیوەکانی زمانی کوردی — باوکی تەنیا

٧٧ وەرزش — باوکی شەمال

٨٣ کەشتی ئاسمانی

٨٧ گوشەی زانست

٨٩ کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

٩٣ خەباتی چینایەتی لە چیروکی پیش مەرگەدا — ( کامل بصیر )

٩٨ لە زیندانا — چوارچرا

١٠٩ چیروکی ژمارە — مەم


ئەمانەو گەلیك وتاری بە سوودو هونراوەی

جوان ئەخویندیتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ڕۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ٢ بانەمەرر (گولان) ٢٥٧٣ ك ــ مایس ١٩٦١ ز سالی ٢


# مێژووی نەتەوەکەت

## ٤٦ سیدارە



بنکەی ژین
www.zheen.org

١٩٢٥/٥/٥ ، دەمەدەمی ئیوارەبوو ، زەردەپەرر لەسەر لوتکەی چیا ئاگرینەکانی کوردستان بە دەم شنەی بای خەمەوە ئەلەرزی‌و لە بوشایی سزادا ئەتوایەوە ، لەم‌کاتەدا کاروانی شانازی بەرەو دیار بەکری شاری نازداری کوردستان ئەکشا ، لە سەعات ٥ دا ئەو کاروانە نزورگە گەیشتە دیار بەکری مات‌و خەمگین .

کاروانی شانازی کە شیخ سەعیدی پیران و شوررشگیررە کوردەکان بوو ، لەناو کەمەرەی لەشکری تورکا لە سوارەو لە پیادە گەیشتنە شاری دیار بەکر کوت لەپی و زنجیرکراو ، تا بیرینە بەردەمی دادگەی کەمالی‌یە خوینمژە دررندەکان .

سەربازە تورکە ترسنوکەکان هەریەکەیان گولیکی کردبوو بە لوولەی تفەنگەکەیەوە گوایا ئەمە دروشمی شادی‌و سەرکەوتنە ، بەلام بی‌گومان ئەبی گورج بلی‌ین « ئەی

ئەوکاتەی لەبەردەمی لەشکری کوردا زیررەتان نەکرد نەك گول ، بەلکو گوللەش لە ترسا پیلکەی تفەنگەکانتان بە دەستە لەرزوکەکانتان لە لوولە دەری نەکرد ؟ »
سەربازە تورکەکان گورانیی سەرکەوتنیان نەوت ، وە خویان بە سەرکەوتو دانەنا .

بەلی گررو کلپەی ئەو شوررشە بزورگە لەو سالەدا کوژایەوە ، بەلام ئایا شوررشی کورد کوتایی هات ؟ کورد مرد ؟ .... نەء .... ملیونان نەء کورد هەر بە ئامانجی خوی ئەگا ... ئەگا . .

لە روژی ٣ شەمەی ریکەوتی ١٩٢٥/٥/٢٦دا دادگەی عەسکەری تورکی لە شاری دیار بەکردا یەکەم کوبوونەوەی کرد بو موحاکەمە کردنی شیخ سەعیدی نامرو کوردە شوررشگیررەکان .

روژنامەگەرانو وینەگرانی سینەمایی ئامادە بوون ، بەلام شیخ سەعیـــدی قارەمان زور بە تووررەییو قینەوە سەیری ئەوانەی ئەکرد چونکە ئەیزانی کە روژنامەگەرانی تورك چونو چینو چی ئەنووسن .

سەروکی دادگە ( مظفر مفید قاتسو ) رووی کردە قارەمانی نەمری کورد وتی :

ـــ: ناوت ؟

ـــ: محمد سعید کوری شیخ مەحموود

ـــ: خەلکی کویی ؟

ـــ: ( پالو ) بەلام لە ( خنس ) دائەنیشم

ـــ: تەمەنت ؟

ـــ: لە ٦٠ بەرەو ژوورم .

سەروکی دادگە بەم جورە پرسیاری یەکە یەکە لە شوررشگیررەکان کرد ..
ئنجا ( مدعی گشتی ) لە راپورتەکەیا وتی :

کارەساتیك لە نیشتمانی تورکدا رووی دا کە کارەساتی وا هیشتا لە جیهانا رووی نەداوە ، ئەم کارەساتەش چەتەگەرانە بوو ، وە لە ژیر پەردەی ئایینەوە ئەم تاوانبارانە هەولی ئەوەیان ئەدا کە نیشتمانی ( تورك ) لەت کەن وە بەشیکی لی جیا بکەنەوە .

ئەم تاوانبارە ( پەنجەی دریژکرد بو شیخ سەعید ) بوو بەهوی کوشتنی هەزاران سەربازی تورك .



بنکەی ژین
www.zheen.org

وه شیخ عبداللطیف و شیخ اسماعیلی برای ، له ژیر ره‌هبه‌ریی شیخ ســـه‌عیددا به‌شداری ئه‌م کاره‌سانه بوون ، وه له کاتیکدا که هیرش برایه سه‌ر شاری دیاربه‌کر ئه‌م دو برایه خه‌لکیان هان ئه‌دا بو شوررش‌کردن‌و یارمه‌تی دانی په‌لامار ده‌ره‌کان .



قاره‌مانی نه‌مری کورد

**شیخ ســـه‌عیدی پیران**

به‌لام شیخ محمد شریف سه‌رکرده‌ی ناوچه‌ی ( عزیز ) بوو . وه شیخ عبدالله‌ش له‌کوشتاری ( گه‌نج ) و ( ڤارتو ) دا به‌شدار بووه .

له کاتیکا که شیخ عبدالله شاری ( ڤارتو ) ی گرت ( عه‌قید قاسم ) یارمه‌تیی ئه‌دا .

( محمد مهری ] ش ئەگەرچی بەلگەمان بەدەستەوە نی‌یە کە لە سەرەتادا لەشوررشا بووبی بـــەلام لەم دوایی‌یەدا ( فەرمانی خوی ) بەجی‌هیشت وەکەوتە یارمەتی دانی شوررشگیرەکان ،

سەروکی دادگەی کەمالی‌یەکان لە شیخ سەعیدی بزورگی پرسی :ـ

ــ: من لەو باوەررەدام کە ئیوە لە خوتانەوە ئەم شوررشەتان بەرپا نەکردووە ، بەلکو بیگانە ئەمەی پی‌کردوون .

ــ: بیگانە نە لەناوخودا وە نە لە دەرەوە بە هیچ جوریك پەیوەندیی بەم کارەی ئیمەوە نەبووە ، ئیمە خومان وە تەنیـا خومان ئەمەمان‌کرد . جارەها داوای مافی خومانمان لە حکومەت‌کرد ، وە هەولمان‌دا کە گفت و گویەك بکەین دەربارەی مافی خومان کەچی حکومەت هیچ وەلامیکی نەبوو .

:ــ بوچی هەولتان دا شاری دیار بەکر بگرن ؟

:ــ تا ، زمانی دروزن ببرین‌و مەچەکی دز ، وە بەگویرەی ئایینی ئیســـلام خراپە نەیەلین .

ــ: تو ، کە بەیان نامەت دەرئەکرد لەژیر ناوی خوتا ئەتنووسی (أميرالمجاهدين) لەمەدا مەرامت چی‌بوو ؟

ــ: داخی گرانم لەوەدا هەلە بووم بـــەلام لەم دوایی‌یەدا ئەو هەلەیەم راست کردەوە ، وە خوم ناو نا [ نوکەری تیکوشەران ] .

ــ: چون کەوتیتە سەر ئەوباوەررەی کە تو ئەتوانی دیار بەکر بگری ؟

ــ: بویە لەو باوەررەدا بووم کە ئەتوانین دیار بەکر رزگارکەین چونکە لە شکرەکەمان ئازاو خوین گەرمو کارامە بوو .

## ســــیدارە

لە ٢٧ی حوزەیرانی سالی ١٩٢٥دا دادگەی عەسکەریی خوینمژیی تورکەکان کوبووەوە وە دوای موحاکەمە کردنیکی ناررەوا کە بریتی بوو لە جنیودان بەتیکوشەرانی

کورد وە هێرش بردنە سەر شیخ سەعیدی نەمر بە وشەی ناشیرین‌و پیس کە لە دەمی ئەندامانی نەك دادگایەك بەلکو لە دەمی نزمترین رەوشت نزم نایەتە دەری دادگە بریاری دەرکرد بەم جوردی خوارەوە .

دەرکەوت کە تەکیکان هیلانـەی خراپەن لەبەر ئەوە دادگە بریاری دا کە تەکیکانی ئەو ناوچەیە هەموویان داخرین ( ئەو ناوچەیەش مەرامی کوردستان بوو )

وە هەروەها دادگە بریاری خنکاندنی تیکوشەرانی کوردی دەرکرد .

سەروکی دادگە وتی :ـ

تیاتانایە کە هانی خەلکی‌ی داوە بو شوررش ، وە هەندیکتان پرروپاگەندەتان کردووە ، بەلام هەندیکی‌کەتان چەکی لە دژی دەولەت هەل‌گرتووە .. بەلام تیکررا هەمووتان هەر بو ( یەك ) ئامانج هەولتان داوە کە ئەویش دامەزراندنی دەولەتی کوردستانی سەربەخویە ) وە لە دەمیکەوە خەریکی ئەمەن ، وە بو ئەم ئامانجەبوو کە شوررشتان بەرپاکرد ، بەلام حکومەتی تورك توانی‌ی ئاواتتان تیك شکینی ، بەم‌جورە پاداشتی رەفتارتان لە سەر سیدارە وەرئەگرن .

## رزگاری کوردستان

مدعی گشتی‌ی دادگەی عەسکەریی کەمالی‌یەکان کە پەیتا پەیتا وتەی نارەواو رزیوی ئەهینایەوە وتی « ئەم خائینـانە ئاژاوەیان لە بەشیکی زوری ئەم ولاتە پاکەدا بەرپاکرد ، وە ئەیانویست بە ناوی ئایینەوە بگەن بە ئامانجی خویان » .

شیخ سەعیدی قارەمان لە وەلاما وتی [ ئیمە ئایینمان نەکردووە بە داردەست ، ئیمـــە ئامانجی نەتەوایەتی‌ی خومان هەبوو کە ویستمان سەرومال لە ریی ئەو ئامانجانەدا ببەخشین ، ئیمە خائین نی‌ین ، .. ئیمە خەباتمان ئەکرد بو رزگاری کوردستان‌و نەتەوەی کورد ] .

## ٤٦ سـيداره

دوای ئەوەی دادگەی کەمالیەکان برریاری خنکاندنی شیخ سـەعیدی ئەو سوررشگیرە قارەمانەکانی کوردی دەرکرد ، بەونیازەوە کە برریاری ( مردنی نەتەوەی کوردی گوایا دەرکردبی ) شیخ سەعیدو قارەمانانی کورد بران بو بەندیخانە تابو روژی دوایی لە پیناوی کوردو کوردستانا ( بکرین بە سیدارەدا ) ...

ئەری ئیوە ئەی نەوانەی ئەمرروش لەم چەرخەشدا هەر هەولی توانەوەو نەمانی نەتەوەی قارەمانی کورد ئەدەن ، دەرزمان دانەدان ؟ تاکەی ؟ ... پیمان نەسەلمان کە کورد هەرگیز نامری ؟...

ئیستە بوتان دەرکەوت کە بە خنکاندنی شیخ سەعید و دکتور فوآدو سەدان قارەمانان کورد ( نەخنکا ) بەکوشتنی ئەوان کورد نەکوژرا ؟

ئیوە سەودای خوتانو ئیمە تیکوشانی خومان ، پیویست ناکا بە گفتو گوکردن ورد کردنەوە ، ئەوەندە ئەلیین کە ئەوی دژی کورد بي خوی بە سەرا ئەکەوی ملی ئەشکی ئەوی هەول بدا بو لە ناوبردنی کورد دوژمنی کوردەو نەکورد بە لە ناو ئەچیو نەکورد توسقالیك لە کوردیتی ئەرروشي ....

سەدان جار تاقی کراینەوە ، ئیمە ئەو مەعدەنەین کە هەرچی کیوی جیهان هە بی بە ئاگر نامانتوینیتەوە ...

کاتی کە قارەمانانی کورد بران بو بەندیخانە نەك هەر دەستو پییان زنجیرکە بەلکو زنجیریان کردە گەردنیشیان ....

ئەو روژە لە زیندانا قارەمانەکان زور بە رووخوشیو پیکەنینەوە کاتیان بەسەربرد ( عەرەب عیدی ) ی گورانی بیژی بە ناوبانگ کە ئەویش حوکم درابو بە مردن ئەو روژە تا توانیی « لاووك » ی بو قارەمانان ووت .

بەلام لە هەموو دیمـەنیك بە ناسورترو جەرگبرر تر دیمەنی ئەو باوکانەبوو خوشیانو کوررەکانیشیان حوکم درابوون بە مردن وە لە هەمو دیمەنیکیش کاریگەرتی جوانترو پرر لە شانازی دیمەنی ئەو باوکە قارەمانانە بوو کە دلخوشیی کوررەکانی

ئەدایەوەو بە وشەی پیروز دەماری ورەیان گەرم گەرم دائەهینان ...

چەند بەرزی‌یە باووك دەست بكاتە گەردني كوررەكەی‌و بلی « كوررم مەترسە ، سەربەرزی‌و شانازی‌یە كە باوك‌و كورر پیكەوە بچنە بەر سیدارە لە پیناوی كوردو كوردستانا » .

ئەری لەمە شانازی تر هەیە ؟ لەمە بەرزی تر هەیە ؟ بو نەتەوەیەك كە باوك‌و كورری دل پولایینانە ، چاو نەترسانە قارەمانانە بچنە بەر سیدارە ؟.

ئەلین كە كورر بە ئاستەم پەنجەی گەرم بی باوك ئاگر لە دلی بەر نەبی ، كەچی ئەو باوكانە كە بی‌گومان كوررەكانیان زور خوش ئەویست بە تایبەتی چونكە هاو بیرو هاو خەباتیان بوون ، بی‌گومان ئەو باوكانە كە خوشەویستی‌ی كوردستان پالی پیوە نابوون بو ناو كلپەو بلیســـەی شورش ، ئەو باوكانە بەزەردەخەنەوە لەو روژەدا كە چەند سەعاتیكیان مابوو بو مردن ئەدووان و گفت‌وگوی نەرم و نیان‌و خوشیان ئەكرد ..

هەر بژی یادی ئەو كوررو باوكە قارەمانانە .

لەشەوی ٢٩/٢٨ حوزەیرانی سالی ١٩٢٥ ی زایینی‌دا لەسەعات ١٢ ی نیوەشەودا سەروكی یاساولەكان قیژانی وتی :ـ ئەی سەربازینە گورج ئەو حوكم دراوانە بیننە دەری

شیخ شەعیدی قارەمانی بزورگی كورد و قارەمانانی كورد كە هەموو كوت لەپی‌و زنجیر لەدەست و تەوق لە گەردن بوون تیكررا هەر چوارو پینجیكیشیان بەزنجیریك پیكەوە بەســـتران‌و لەبەر تیشكی چرایەكا لە بەندیخانە هینرانە دەری بەرەو كەناری شاری دیاربەكر بران كە لەوی ٤٦ سیدارە هەل خرا بوو .

قارەماني نەمر فەقی حەسەن لە پیش كاروانی شانازی‌یەوە ئەروشـــت بەلام شیخ سەعید خرابووە ناوەرراستی ریزی قارەمانانەوە ، وا دیار بوو لەو كاتەشدا هەر لەوە ئەترسان كە نەتوانن شیخ سەعید بخنكینن وە خوی‌و هاورریكانی رزگاریان بی ، بویــە لە ناوەراســـتی ریزەكەدا دانرابوو . ( صالح ئاغای هانی ) ش لەگەل كوررەكەیا زنجیر كرابوو . ئەی مەرگك نالەرزی لەبەردەمی باوك و كوررا .؟

دوای ئەوەی دوبارە ئەفســـەرە درندەكانی تورك لەبەر سیدارەشدا هەر وشەی

ناشیرینیان هەل ئەهینایەوە ، وە قارەمانانی کورد وشەی ئاگرینی خەبات و کول نەدانیان ئەررشتە خاکی کوردستان ٤٦ قارەمانی دلیری کورد گیانیان بەبەهەشتی نەمریی دلی نەتەوەی کورد بەخشیو لە پیلووی چاوا ناویان نووسرا .

دوای ئەوەی قارەمانانی کورد و پیشەوای گەورەی نەمری کورد شیخ سەعیدی پیران گیانیان بە کورد و کوردستان بەخشی ، تورکە کەمالیە ترسنوکەکان کەوتە خوین رشتنی کوردو زیندە بەچال کردنی ئافرەت و منال و سوتاندنی شارو دیهاتی کوردستان . وە لەم شارانەدا دادگەی نادادی دوژمنی داد بەناوی ( دیوانی شەرر) ەوە دانرا :ـ

وان . بتلیس . ئەرزروم . بایەزید . سعرت ، ماردین . خەرپووت . ئورفە مەلاتیە . دیاربەکر . دەرسیم .. هتد .

وە بەسەدان و سەدان کورد کران بەداراو بەسەد هەزاران کورد بەزور کوچ پی کرا .

بەلام لە ئەنجامی ئەم هەموو رەفتارو کردارە ناپەسندانەی حکومەتی ئەتاتورکی خوینمژا ، میژوو دووبارە بانگی کردەوەو وتی :

کەس نەلی کورد مردووە

کورد زیندووە .

زیندووە ، قەت نانەوی ئالاکەمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

* تیکررا زانیاریەکانی ئەم وتارە لە پەرراوە میژووییە دەست خەتەکەی ماموستا « احمد فخری امین » ەوە ، وەرگیراوە زور سوپاسی ئەکەین کە ئەو پەرراوەی داینی تا وەك سەرچاوەیەك سوود بگەیینی بە خوینەوارانی روژی نوی .

# جەژنتان پیروزبی

بەبونەی جەژنی پیروزی نەوروزەوە ئیمەی قوتابی‌یان ئەندامی کومەلەی خویندکارانی کورد بەگەرمی پیروزبایی لە گەلە نەبەزەکەمان ئەکەین وەگەرمترین هەستی دلسوزانەی کوردایەتی پیشکەش بە نەتەوەکەمان ئەکەین . پەیمان تازە ئەکەینەوە کە شان بەشانی هەموو روشن بیرە کورد پەروەرە کول نەدەرەکانمان وە بە پشتی نەتەوەو کومەلە تیکوشەرەکەمان ئەو پەری توانای لی بخەینـــە کارەوە بو ناسینی میللەتانی ئەوروپی بە رابوردووی خەباتی نەتەوەکەمان و خەباتی ئیستای وە روونکردنەوەی لاپەرەکانی مەسەلەی نیشتمانی‌یمان بی ئەوەی بەموو لە ریبازی راستی کوردایەتی لابدەین . بەلی کومەلەکەمان ئەپاریزین لەگەرای ژەهراوی بیگانە پەرستی‌و کلکایەتی چەپەل ! ئامانجی بەرزی میللەتەکەمان ئەکەین بە هیوای پرشنگداری ریبازمان بی ئەوەی بیەلـــین کومەلەکەمان ژیر دەستەی هیچ تاقـم و بەرەیەك بیت ـــ چونکــه رابوردوی پرر لە پەژارەو ئەشـکەنجەی خەباتی نەتەوایەتیمان ئەم ریبازە راستەی زور بەروونی بو دەرخستوین وەبوتە بەلگەیەکــی زانستی راست کە لەبەر تیشکیا ئەتوانین نەخشەی پاشە روژمان بکیشین .

با هەربژی یادی نەوروزی نەمر شانازی لاپەرەی خەباتی نەتەوایەتیمان . بژی خەباتی نەتەوایەتیمان . بژی خەباتی نەتەوە تیکوشەرەکەمان . سەر شوری بو ئیمپریالیزم‌و کلکەکانی . رووڕەشی بو نوکەران و بیگانە پەرستان . با هەر لە شەکانەوەدا بیت ئالای هوشیار بوونەوەو راچلەکینی نەتەوایەتیمان ، بژی کوردو کوردستان .

**احسان فوآد**

لەباتی لیژنەی لقی کومەلەی خویندکارانی کورد
یەکیتی سوفیتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

له ویژەی بیگانـەوە

# کچـــه لادێییەکه

٢٥ چەرخ لەمەوبەر « یووانج »ی ئیمپەراتوری چین دلی بە کچە لادێییەکاچوو، ئەم ئیمپەراتورە ئەگەرچی ژنیشی هەبووە وەکورریکیش ، لەگەل ئەوەشـــدا کچە لادێییەکەی هینا .

بـــەلام ئەم کچە لادێییەی‌کە پەروەردەی کەژوکیوو دەشت و دەربوو ژیانی نوی‌ی بەلاوە خوش نەبوو ، هەمیشە لەوکوشکە گەورەیەدا مات و خەمگین بوو ، وە بە هیچ دیمەنیك یان وتەیەك دلی نە‌ئەکرایەوە .

لەبەر ئەوە ئیمپەراتور خەلاتیکی گەورەی دانا بو ئەو کەسەی کە ئەم ژنە جوانە بینیتە پیکەنین ... روژیك لە روژان پیریکی کەس نەناس خوی کرد بە کوشکاو وتی من ئەم شاژنە ئەهینمە پیکەنین ، پیرەکە داوای کرد کە شەویك لە شەوان مەشخەلەکانی کوشك دابگیرسینن ، وە داگیرساندنی ئەم مەشخەلانەش نیشانەی هیرش‌بردنی دوژمن بوو بو سەر کوشك .

ئەوەبوو شەویکیان لە پرر هەموو مەشخەلەکانیان داگیرسـان ، شاژنیش لەو کاتەدا لە تەلارەکەوە چاوی برریبووە ئەستیرە گەشەکانی ئاسمان بە یادی ژیانی جارانی‌یەوە ، کە مەشخەلەکان داگیرسان یاساولەکان وەیان زانی کە دوژمن هیرشی هیناوەتـــە سەرکوشکی ئیمپەراتور ، لەبەر ئەوە شلەژان‌و کەوتنە هات‌و بردو راکردن بو پاراستنی کوشك ، بەلام کە دەرکەوت هیچ رووی نەداوەو یاساولەکان گەررانەوە شوینی خویان شاژن دایە پررمەی پیکەنین ، بەم جورە ئەو پیرەمیردەی کەس نەیئەناسی شاژنی هینایە پیکەنین‌و خەلاتەکەی وەرگرت ، دوای چەند روژیك دووبارە مەشخەلەکان داگیرسینرانەوە ، بەلام ئەم جارە یاساولەکان هیچ جوولەیان نەکرد چونکە وایان ئەزانی کە ئەمجارەش وەك جاری پیشوو گالتەیە ، کەچی ئەم جارە دوژمن هیرشی بردو کوشکی گرت و ئیمپەراتورو ژنەکەیان سەربرری بو روژی دوایی کوررەکەی ئیمپەراتور لەجی‌ی باوکی دانرا ، تومەس ئەم هەموو کەین‌و بەینە هەمووی لەلایەن باوکی کونە ژنـــەکەی ئیمپەراتورەوە کراوە ، وە پیاوە پیرەکەی شاژنیشی هینایە پیکەنین هەر ئەوبوو .

# لە کوگای سروشتا

سەروی بالات نەوبەرە ، تازە شکوفەی کردووە
تو ، کە بوی شیرت لە دەم دیت ئەم ( مەمەت ) کەی کردووە
( نـالی )

دوو پی‌یالەی زەررفشانن سەر بەدوو گڑنیژەوە
یا دوو حەلقەی گەوهەرن بەندن بە دوو بزمارەوە
( مصباح الدیوان )

مەمان شەکرە سیو ، یا لیموی کالەن
یاخو شەمامەی زەردی بی خالەن
( میرزا مصطفی دەلی‌دەلی )

قەدی شەنگ‌و شوخ ئەگەر بی ، سەروی بوستانی تووە
باخی سیو ، و ، خوخ ئەگەر بی ، ناو گولستانی تووە
( صـافی )

بنکەی ژین
www.zheen.org

گویی نەزاکەتی جیسمی مەلەکی
لە ئاوریشمی خاو دا ئەچلەکی
( مەولەوی )

دوگمەو دولابی دەوری سوخمەی ئـال
بوون بە پەرژینی باخی پرتەقـال
ملوانکەو بەرموور بەربوونە خواری
راگیر بوون لە دەور جووتە هەناری
( فولکلور )

# خوین

کورد نابڕریتەوە خەیالیان خاوە
بەراتی نەجات بە خوین نووسراوە

( پیرەمیرد )

داری ئازادی بە خوین ئاو نەدری قەت بەرناگری
سەربەخویی بی فیداکاری ئەبەد سەرناگری

( بیکەس )

لە سلیمانی جادەی بەر سەرا
بە خویناوی کورد ئاوڕرشین کرا

( سەلام )

سەد شوکری خودا ئیستە کەوا بوتە گولستان
چەند سالە کە ئەررژا وەکو گول خوینی گەش و ئال

( مفتی پینجوین )

بەبی قەدری بە سەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن
گولالەی سووری ئەم سەحرایە خویناوی جگەرتانە

( احمد مختار جاف )

شەهیدی عەشقم و مەمشون و کفنم بو مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بو دەعوای شەهادەت بەرگی خوینینم

( کوردی )

شیرەکەم پێتان حەلالە خوێنەکەم گەر وون نەکەن
نامداران پرر حەمیەت کارو ئەولادی وەتەن

( حەمدی )

هەروا بە خوێنی زامی جەرگەوە
بمنێنە ناو خاك خوێن بە بەرگەوە
شورین نەیگورری خوێنی زامانم
بەوە پەسندی ناو شەهیدانم

( وەلی‌دیوانە )

دیاری ( دەرسیمت ) کاسەیەك خوێنە ؛
چەپکە ئەگریجەی دایکی بە سزمان
تا ، رزگار نەبی ئەو ، خاك‌و شوێنە
قەت ئوقرە ناگری دلی کوردستان

( کامەران )


# بو سالی ١٩٦١

شەریکەی ( مرفی ) جوانترین‌و باشترین رادیوی بو سالی ١٩٦١ دروست کردووە . رووبکەرە دووکانـەکەمان تا ببینی ( مرفی ) ی ١٩٦١ چون رادیویەکە .

لە بیریشت نەچی کە مەکینەی خەیاتی‌و سەعاتی زور نایابمان هەیە لەگەل ئەوەشا هەرزانیشن .

**اسماعیل عبدالله**

وەکیلی گشتی‌ی رادیوی مرفی
لە سلیمانی

# زمانەکەمان

صادق بهاءالدين

[ پاشماوەی ژمارەی پیشوو ]

تو درابی ( هەل‌ئەستیت ) تو درويني ( دائەنیشیت )

فعلی موستەقبل : تو دی خوی ؛ تو دی چی ، تو دی رابی .

جگە لەوەش چونکە ووشەی ( مال ) می‌یە لە ازافە کردنا ئەبی دووایی پی‌بیت بە تیپی ( آ . ە ) . ئیستە سەر لەنوی بەراستی ئەنوسینەوە .

زەمیری مخاطبی مفرد لە سورانی دا « ت » وە « تو » یە بەلام لە کرمانجی‌دا زەمیری « تە » بەکار دیت ، تەنها لەگەل فعلی مازی متعدی ' وە زەمیری « تو » بەکار دیت لەگەل فعلی مازی لازم‌و فعلی موزارع‌و موستەقبەلا وەکو :

کوری تو ، کورەکەت ، کورەکەی تو — کوری تە

مالی تو ، مالەکەت ، مالت — مالا تە

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧ ـ زەمیری مخاطبی جمع لە سورانی‌دا « ئیوە » یە وەلە هەولیردا « نگو » وە هەروەها لە سورانی‌دا نیوە ئەبیتە « تان » بەلام لە کرمانجی‌دا ئەو زەمیرە « وە » وە « هەوە » وەکو :

کورتان ، کوری ئیوە ، کوری نگو — کوری‌وە ، کوری هەوە ، ( کوراوە ) ( کوراهەوە )

مالتان ، مالی ئیوە ، مالی نگو — ( مالی وە ) ، ( مالی هەوە ) ، مالا وە ، مالا هەوە

لیرەشدا ماموستای خوشەویست لەسەر چەوتەکانی پیشووی رویشتووە کە ئەلی ( کورا وە ) وە ( کورا هەوە ) چونکە کور نابی بە می وە کە ئەلی ( مالی وە ) وە ( مالی هەوە ) چونکە مالی می‌یە لە ازافە کردنا نابی بکری بە نیر . جگە لەوەش لە کرمانجی‌دا نەك زەمیری « وە » وە « هەوە » تەنها زەمیری مخاطبی جمعن بەلام

« هنگه » وه یان « هنگو » ش بەکاری دینن . که بەمە دەرئــەکەوی « نگو » ئەصلەکەی « هنگو » یە وەبو سو کردن تیپی « ه » لیی فری دراوه .

کەوابو له کرمانجیدا ئەتوانی چوار زەمیری مخاطەبی جمع بەکار بینی که ئەمانەن ( وه ، هەوه ، هنگه ، هنگو ) وەکو :

کورتان ، کوری ئیوه ، کوری‌نگو کوری‌وه ، کوری هەوه ، کوری‌هنگه ، کوری‌هنگو
مالتان ، مالی ئیوه ، مالی نگو مالاوه ، مالاهەوه ، مالاهنگه ، مالاهنگو

٨ ـ زەمیری متکلمی مفرد که « من » ە له سورانیدا ئەبی به [ م ] وه بــه « فعل » ەوه ئەبەستری بەلام له کرمانجیدا به « فعل » ەوه نابەستری وەکو :

من خواردم « خواردم » ( من خوارد )
من زانیم « زانیم » من بزانی
من خویندم « خویندم » من خویند
من دیم « دیم ـ دیم » من دیت
من بردم « بردم » ( من برد )

ماموستای بـەریز لیرەشدا بـه چەوت چووه له تەسریفی ئەم هەردو فعلانــه ، « خوارد وه برد » چونکه مەسدەری فعلی یەکەم له کرمانجیدا ( خواردن ) ە وه مەسدەری فعلی دووەمیان « برن » ە لـەبـەر ئـەوه تیپی « د » زیایه وه ئــەبی بیژی « من خوار » وه « من بر » .

٩ ـ له جمعی متکلم دیسان ماموستای دلسوز ئەگەریتەوه سەرچەوتی پیشووی له تەسریفی « فعل » دا که ئەنوسی

ئیمه خواردمان « خواردمان » ( مە خوارد )
ئیمه بردمان « بردمان » ( مە برد )

لیرەشدا تیپی « د » زیایه چونکه مەسدەری هەردو « فعل » کان « خوارد » وه « برن » ە له کرمانجی دا . تەسریفی فعل لـه شیوەی کرمانجی وەکو سورانی نیه بەلام ئەم جیاوازیانه لــه بەینیانه وەکو :

| تەسریفی فعلی مازی لە سورانی | تەسریفی فعلی مازی لە کرمانجی |
|---|---|
| من خواردم [ خواردم ] | من خوار |
| تو خواردت [ خواردت ] | تە خوار |
| ئەو خواردی [ خواردی ] | وی خوار بو نیر : مذکر |
| ( بو نیر و می ) | وی خوار بو می : مونث |
| ئیمە خواردمان [ خواردمان ] | مە خوار |
| ئیوە خواردتان خواردتان | ( وە ، یان ، هەوە ، یانهنگە یان هنگو ) خوار |
| ئەوان خواردیان [ خواردیان ] | ( وا ، ئەوا ، وان ، ئەوان ) خوار |

ئەگەر سەرنجی لە تەسریف بیدەین دەرئەکەوی چ جاوازییك لە بەینی سورانی ئو کرمانجی دایە .

١ــ زەمیری موتەسل بە « فعل » وە نانوسریت لە کرمانجیدا وەکو سورانی .

٢ــ زەمیری مخاطەبی مفرد لە سورانی دا « تو » یە بەلام لەکرمانجی « تە » یە .

٣ــ لە سورانیدا هەر یەك زەمیری غائبی مفرد بەکار ئەهیـنری بو نیر و می بەلام لەکرمانجیدا دو زەمیری غائبی مفردی جیاواز هەیە :

١ــ یەکەمیان « وی wi » یە کە تەنها بەکار دیت بو نیر : مذکر .

٢ــ دووەمیان « وی we » یە کە تەنها بەکار دیت بو می : مؤنث . وەکو زمانی انگلیزی « he » هی بو نیر بەکار دیت وە « She » شی بو می بەکار دیت.

٤ــ زەمیری متکلمی جمع لە سورانی دا « ئیمە » یە و لەکرمانجیدا « مە »یە . کە جیاوازی بەینی هەردوکیان « ئی . e » یە .

٥ــ زەمیری مخاطبی جمع لە سورانیدا « ئیوە » یە وە لە کرمانجیدا « وە » یە یان « هەوە » یە کە جیاوازی بەینی هەردوکیان دیسان « ئی e » یە .

٦ــ زەمیری غائبی جمع لە سورانیدا « ئەوان » ە و لە کرمانجیدا « وا » ، « ئەوا » ، « وان » ە بەلام « وا » پتر بەکاری دینن چونکە سوکترە .

١٠ــ له سورانیدا « تو » ئەبی بە « ت » بەلام لەکرمانجیدا دەستی لی نادری وەکو :

| | |
|---|---|
| تو خواردت « خواردت » | ( تو خوارد ) ، ( تە خوارد ) |
| تو زانیت « زانیت » | ( تو زانی ) تەزانی |
| تو خویندت « خویندت » | ( تو خویند ) تەخویند |

ماموستا لیرەشدا بە چەوت چووە کە ئەلی ( تو خوارد ) وە ( تە خوارد ) ، [ تو زانی ] وە [ تو خویند ] .

١ــ هەر وەکو لە پیشوو رونمان کردەوە لە کرمانجیدا [ خوارد ] نیە چونکە مەسدەرەکەی فعلی « خوارن » ە .

٢ــ زەمیری « تو » لەگەل فعلی مازی متعدی بەکار نابیت بەلام تەنها زەمیری « تە » بەکار دیت لەبەر ئەوە ئەبی بیژی تە خوار ، تە زانی ، تە خویند .

١١ــ لە شیوەی سورانیدا [ ی ] ی غائیب ئەنوسری بە [ فعل ] ەوە کەچی لە کرمانجیدا بە [ ناوە ] ەوە وەکو :

| شیوەی سورانی | شیوەی کرمانجی |
|---|---|
| دلشاد خواردی | دلشادی ( خوارد ) |
| دلشاد خویندی | دلشادی خویند |
| سمکو دیتی ( دبی ) | ( سمکویی ) دیت |

ماموستا هەر لەسەر چەوتی پیشووی رویشتووە کە ئەلی دلشادی ( خوارد ) ، ئەبی تیپی [ د ] ئەنوسریت هەر وەکو پیشکەش کرابی . وەبە چەوتی چووە کە ئەنوسی ( سمکویی ) دیت لە جانی یەك یی دو یبی نوسیوە راستیەکەی [ سمکوی دیت ] .

١٢ ـ ماموستای خوشەویست کە ئەفەرمی تیپی [ د ] کەلە کوتایی ووشەدا گران دیتە سەر زمان لە شیوەی کرمانجی دا لابراوە بەلام خوی ئەنوسی [ کرد ] لــە کرمانجیدا بەرانبەری ووشەی کرد [ فعل ] لە سورانی هەمو تیپی [ د ] کەلــە

دوایی ووشەدایە لە سورانیدا لانەبری لە کرمانجی .

١٣ ـ لە شیوەی سورانیدا دوایی [ آخر ] بە [ تر ] بەکار ئەهینری بەلام لە کرمانجیدا بە [ دی ] وەکو :

| | |
|---|---|
| مالیکی تر | [ مالیکی دی ] |
| روژیکی تر | [ روژەکی دی ] |
| جاریکی تر | [ جارەکی دی ] |
| کوریکی تر | [ کورەکی دی ] |


ماموستای خوشەویست جیاوازی نەکردوە بەینی ووشەکانی نیرو می لە ازافە کردنا لە شیوەی کرمانجی ، کە ئەم جیاوازیە ئەبی بکریت چونکە ووشەی [ مال ، روژ ، جار ] می‌نە لە کرمانجیدا لـــە کاتی ازافە کردنا ئەبی لەســـەر دەستورەکەی کە پیش‌کەش‌مان کردن بروا ٠ بەلام ووشەی [ کور ] چونکە نیرە وەکو ئەوانی تر نیە ئیستە بەراستی ئەنوسینەوە :

| | |
|---|---|
| مالیکی تر | مالەکا دی |
| روژیکی تر | روژەکا دی |
| جاریکی تر | جارەکا دی |
| کوریکی تر | کورەکی دی |

بنکەی ژین
www.zhein.org

هەرگیز هیچ شتیکی بـەنرخم بـەهوی ریکەوتەوە نەکردووە ، وە هیچ داهینانیکم بە ریکەوت نەبووە هەموو شتیکم لـە ئەنجامی ئیش کردنا پیك هیناوە .

ئەدیسون



# له باخی گولیك

ه ئەلیاس هووی داهینەری مەکینەی بەرگ دروون دوای ئەوەی هەموو پارچەکانی مەکینەکەی دروست‌کرد ، هەرچەندی کردوکوشا نەیزانی دەرزیکەی چون دروست بکات ، هەرچەند بیری لی‌ئەکردەوە بی هوودە بوو ،.. جاریکیان لە خەویا لە ئەفەریقا خیلیکی پیاوخور بە دیل ئەیگرن ، ئەویش تکا لە سەرەکی خیلەکە ئەکا کە نەیخون وە ئەلی من مەکینەیەکی واتان بو دروست ئەکەم بە مەرجیك نەمخون ، سەرەکي خیلەکەش ئەلی « باشە ، بەلام ئەگەر تا ٢٤ سەعاتی‌تر دروستی نەکەی ئەتخوین .. الیاس هووی لە کاتیکا کە بیر ئەکاتەوە ، لەپرر رمی پیاوخورەکان سەرنجی رائەکیشی کە سەیر ئەکا ئەم رمانە کونیك لە سەرەکانیانایە ، کە ئەمە ئەبینی گورج بە بیریا دیت کە دەرزیی مەکینەی بەرگ دروون بەوجورە دروست بکا ، لە خوشی‌یانا ئەقیژینی و ئەلی « دوزیمەوە ، دوزیمەوە » بە دەم قیژەوە لە خەو خەبەری ئەبیتەوە ... بەم جورە ئەم داهینەرە لە خەویا دەرزیی مەکینەی بەرگ درونی دروست‌کرد ،

ه جاریکیان گەوجیك هەولی کوشتنی سوقراتی فەیلەسووف ئەدا ، یەکیکیش لە قوتابی‌یانی سوقرات بە ماموستای ئەلی ( ئایا ریگەم ئەدەی ئەو گەوجە لە ناو بەرم ) ؟

سوقرات ئەلی : ئەگەر تو ئەو گەوجە بکوژی ئەزانی ئەوتری چی ؟ ئەوتری گەوجیك گەوجیکی کوشت وە من ریگەت نادەم چونکە زانا ریگەی خراپە پیشانی کەس نادا .

* نوسەریکي بە ناوبانگ پیشکەش کردنی پەرراویکی بەم جورەی خوارەوە ئەنووسی :

پیشکەش بی بە ژنەکەم کە لە ماوەی نوسینی ئەم پەرراوەمدا لە مالی باوکی

www.zheen.org

بوو ، وە ئەگەر وا نەبووایە بوم نـــە ئەنووسرا .

## ◦ هەموو شەش پەنجەن

لە ئیسپانیا دێیەك هەیە ناوی (سیرفارا دی بوتریجو) یە ، دانیشتووانی ئـــەم دێیە کە ژمارەیان ٤ هەزار کەسە تیکرا بە ژن و پیاوو گەورەو وردەوە دەستیان شەش پەنجەو حەوت پەنجـــەیە ، وە بە دەگمەن ٥ پەنجەیان تیا هەیە سەیر ئەوەیە ئەوی ٥ پەنجـــە بی بە شوومی دائەنین وە نە ئەیکەن بە حاکم وە نە بـــە بەرریوەبەری دیکە .

◦ لەسەر گورری بنیامین فرانکلن ئەمە نووسـراوە [ وەك پەرراویکی پەررە درراوی پەرت و بلاوبوو کە هـــەر بەرگەکەی مابی ، ( وەك ئەو پەرراوە ) لاشەی بنیامین فرانکلن ئالـــیرەدا بووە بەخوراکی مارو میروو ، بەلام ناوەرروکی پەرراوەکە ون نابی ، دانەرەکەی چاپی دووەمی ئەکاتەوە لەشیوەیەکی جوانترا ] .

## ◦ ناوبانگ

ژنیك لە پەخشکەری پەرراو «لورد نورسکلیف»ی ئینگلیزیی پرسی : دانەری ئەم پەرراوەی لەم دواییەدا بلاوت کردەوە چون وا لەپرر ناوبانگی دەرکرد ، بەیانی لە خەو هەستاو ئەم ناوبانگە گەورەیـــەی بو پەیدا بوو ؟

پەخشکەری ئینگلیزی لەوەلاما وتی:
ئەو بەیانی‌یەی کە تو ئەلی‌ی دانەری ئەم پەرراوە ناوبانگی تیا دەرکرد ئەو بەیانی‌یە دوا روژی پانزە ســال نووسینی ئـــەو نووسەرە بوو کە روژی ١٠ ســـەعات خویندوویەتی‌یەوەو نووسیویتی تا توانیویتی بیت بەو دانەرە بە ناوبانگە ، بەلی ئەوی بەیانی کە لە خەو هەل‌ئەســـی و لەپرر ناوبانگ پەیا ئەکا ئەوە مانای ئەوەیە کە هەرگیز نەنووستووە .

> یەکی لەکەم و کورریی ئەم جیهانە ئەوەیە کە گەوج لە هەمووکەس زیاتر باوەرری بەخویەتی کەچی زیرەك لە هـــەموو کەس دوو دل‌ترە .
>
> برتراند راسل

نکەی ژین
www.zheen.org

# یەزیـــدی یەکان

بە ناڕەوا ناوی یەزیدی بەسەر ئەم کوردانەدا سەپێنراوە . ئەمانە بە هیچ جورێك نە پەیوەندی‌یان بە یەزیدی کوڕی موعاوی‌یەوە هەیە وە نەبە هیچ یەزیدیکی ترەوە بەلکو ناوەکەیان لە یەزدانی‌یەوە هاتوە کە یەزدان ووشـەیەکی کوردی‌ی زور کونـە بە مانای ا . . .

ئەم یەزدانی‌یانە کوردن ، لە نەوەی مادەکان ، وە هەر ئەوانن کەلە سەر ئایینی زەردەشتی ( ئایینی کونی کورد ) ماوون ، بەلام کەمێك لە پەیرەوی ئایینی ئیسلام و مەسیحی تیکەل بە ئایینەکەیان بووە .

بە گویرەی ئایینی زەردەشتی دوو خوا هەیـە ، هورمز ، وە ئەهریمەن وە باوەڕیان وابوو کە باشترین کاری خوای چاکە کە ناوی هورمزە دروســـت کردنی روژە ، لەبەر ئەمە روژیان دانا بە دروشمی هورمز وە هەروەها ئاگریش چونکە رووناکی‌یە بەلام دروشمی خوای شەڕر ، بریتی بوو لـە بالندەیەکی درر ، وەکو هەلو ، وە ماریکی بەدەمەوە بی .

بەم پێ‌یە وەکو ئەبینین ئەم دروشمانە ئیستەش لەناو یەزدانی‌یەکانا ماوە . . لـە پەرستگای ( لالش ) ی یەزدانی‌یەکانا لەسەر دەرگاکە وینەی مار هەلکەندراوە . وە لە قەلای عەمادی‌یەشا لەسەر دەرگای روژئاوا ـ دەرگای مووسل ـ لەسەر مەرر نیگاری روژ هەلکەندراوە ، وە لـەســـەر دەرگاکەی تر ( دەرگای روژهەلات ) نیگاری ئەو بالندەو مارە کە دروشمی ئەهریمەنی خوای شەڕرە هەلکەندراوە .

یەزدانی‌یەکان بە زمانی پەتی‌ی کوردی ئەدوین وە شانازی ئەکەن بەوەوە کـە کوردن ، بەلام بەداخەوە دەری ئەبڕین کەوا لـە هەندیك جارا خیلە ئیسلامەکانی کورد بە هاندانی چەند مەلایەکی گەوجي نـەفام هیرشیان بردوونە سەرو هەولی سزا دانیان داوون .

---

لە پەرراوەکەی ماموستا [ احمد فخری امین ] ەوە وەرگیراوە .

## « برناردشو »

ه پیاویکی قەلەو بە برناردشوی وت (هەر کەس‌تو ببینی ئەلی‌خواردن لە ئینگلتـەرەدا دەست ناکـــەوی ، تەنگ و چەلەمەی کەم خواردنی هەیە . . . برناردشوش لە وەلاما وتی ( هـەر کەس توش ببینی ئەلی: ( هوی ئـەم تەنگ و چەلەمەیە توی )

ه نووسەریك بـــە برناردشوی وت (ئەوە بیر لەچی ئەکەیتەوە ؟ وا دەستت ناوەتە ژیر چەنەت ؟ برناردشـــو وەلامی نەدایەوە ئنجا نووسەرەکەوتی(بیرەکەت بەپولیك ) برناردشوش گورج وتی « بیرم لە تو ئەکردەوە » .

ه کچیکی زور جوان چووە لای برناردشو و پیی وت « ماموستا من ئەمـەوی شوو بکەم بە تو » برناردشو وتی بوچی ؟ کچەکەش وتی « تا منالیکمـان بی وەك تو بلیمەت‌و وەك من جوان » برناردشوش گورج وتی « ئەی بەلکو وەك تو بلیمەت و وەك من جوان بی ؟ » .

## باوەری من

هەندیك هەن ، دوورەپەریز لەسەر کەناری شەقامی ژیان دەستیان ناوەتە بەر ئەژنویان‌و خویان رائەژەنن و ئەلاوینەوە بو دەردو ئازاری نەتەوەکەیان ....

ئەم ترسنوکانە با بوگەل نەکرروزینەوە بو ترسنوکی‌ی خویان بگرین‌و ئاخ هەل‌کیشن . ئەمانە : ئەگەر ترسنوك نین‌و لە دژوارو دەردی سەری ناترسن بابینە ناوجەرگەی گەلەوەو ئازاری وەك دل بە ئازاران بچیژن‌و باری وەك باری گرانی ئەوان هەل‌گرن و وەك ئـەوان تی‌بکوشن .

نیوە ئەی ئەوانەی تووشی نەخوشی‌ی ترس بوون لەم جورە رەفتارانە نە سوود وەرئەگرن و نە سوود ئەبەخشن بەم جورە کردارانە خوتان لە کوت‌و زنجیری ترس رزگار ناکەن‌و بەم چەشنە (پاریز)و داوو دەرمانانە ئەو نەخوشی‌یە ( دوابرراوەتان ) لە کول ناکەوی .

« أ »

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سـەلام

جەمال شـالی

سـەلام شاعیرێکی ناسراوی کوردە ، لـە رۆژەکانی جەنگی گیتی یـەکەمدا چاوی کراوەتەوە ، سەیری کردوە ولاتەکەی لە شەری ژیان و مردندایە ، وە گەلی کورد بە داخە لە تورك و لە داگیرکەران ، وە ئاگاداری شۆرشی شیخ محمود بوەو تالی و ئازاری ئـەو رۆژانـەی هەلـگرتوە وە هەر وەکو لـە میژووی ژیانیـدا دەرئـەکەویت بـەشـداری بزوتنەوەی کوردایـەتی بوە ، وە شـارەزای کۆمەل و ریکخراوەکانی گەلی کورد بوە .



بویژی ناسـراوی کورد خوالیخوشـبوو شیخ سەلام لە سالی ١٨٩٢ ی زایینی لە دایك بوە وە لە ١٩٥٩/٣/٣ کوچی دوایی کردوە

من لیرەدا لە باسی شیعرەکانی خوالیخوشبوو شیخ سەلام ئەکولمەوە لەو رووەوە کە ئایا شـاعیرەکەمان دل و دەروونی بو کورد تـەرخان کردوە ؟ وە هەسـتی بـە کەموو کورتی نەتەوەکەی خوی کردوە ؟ وە ئایا ئازار وو ئەشکەنجەو نەبوونی هەژارانی کوردی هەلگرتوە ؟ ئایا شاعیرمان کوردستانی خوش ویستوە ؟ وەتا چ رادەیـەك ئامادە بوە بو ئەوەی لە پیناویا گیانی خوی بـەخت بکات ؟ . ئاخو گەلی کورد شـیعرەکانی خوش

ویستوەو لەگەلیا هاودەنگ بوون ؟ وە ئایا سەلام گرری کوردایەتی خوش کردوە وە گەلی کوردی هوشیار کردوتەوە بو ئەوەی کوردایەتی بکەن وە سوور بن لەسەر ئامانجو ریبازەکانی کوردایەتی ؟ .

گفتو گوی ( ملەکەوە ) کە تەنیا یەکیکە لە هونراوەکانی بویژی ناسراومان کەلە سالی ( ١٩٣٤ ) ی زایینیدا وتویەتی، لەو دەمەتەقییەدا کە لەگەل ( ملەکەوەدا ) کردویتی وەلامەکانمان بو روونو پەتی ئەبیتەوە .

شاعر ئەلیت :

ئەی ملەکەوە بوچی داماوی ؟
بوچی وا کەوەو شین هەلگەراوی ؟
بو رەنگی خاکی لە رووت براوە ؟
بوچی سەوزە گیات لی نەرواوە ؟
. . . . . . .
. . . . . .
جەوابم بەرەوە تو بە دەست و برد
شاخی سەر بەرزو قەلای قەومی کورد
زور بە کەساسی شاخی کونە سال
جەوابی دامەوە بە زمانی حال
شاخیکی بەرزو سەوزو سەخت بوم
پر گولو نەسرین پر لە درەخت بوم

شاعر لەو چەند دیرەی دواییدا وەسفی خاکی کوردستان ئەکات کاتی کە نیشتمانەکەمان خوی خاوەنی خوی بوە، وە دەری ئەخات کە چەند بە پیتو بەرەکەت بوە ، وەلەو روژانەدا خەلکی کوردستان بە سەربەرزی ژیاون ، وە ئەلیت :

برای هاو پشتی ( ئەریوان ) من بوم
ریی ( دوازدە سوارەی مەریوان ) من بوم



بنكەی ژین
www.zheen.org

بەلام بیگومان چیای سەربەرزی ملەکەوە لە جیاتی باز کوندەبەبوو لە سەری خویندوە بویە ( چیا ) لە وەلاما ئەلیت :

پیت بلیم بوچی شین هەلگەراوم
بو بووم بە قەقنەس بوچی سوتاوم
دیم رژا خوینی ئەولادەکەی خوم
بەسەرما ووتی : جگەر گوشەی توم
خوینی ناحەقی رولەی کوردانم
بەسەرما رژا جەرگی سوتانم

زور بە ئاسانی شاعیر تەسویری وەزعی گەلی کورد ئەکات وە بومان دەرئەخات کە چەند ناخوشە ولاتمان داگیر کراوبیت . وەبی خاوەن بیت وە پارچە پارچە بیت بویە لە هونراوەی ( کورد ) کەلە سالی ( ۱۹۳۷ ) ی زایینیدا وتویەتی ئەلیت :

ئیشی سەختە گل ئەکا هەردوو گلینەی چاوی کورد
دەردی بی دەرمانە دەردی قەومی لی قەوماوی کورد
هەر کەسی هەلسی بە خوینی ناحەقی یاری ئەکات
کەس نیە رەحمی بکا ئیمرو بە دوو داماوی کورد

بەلی کی هەبیت کە رەحم بکات بە گەلی کورد لە دوای ئەوەی کە گەلی کورد لە نیوان روژەکانی شەری گیتی یەکەمیندا بە دەیان شورشی بەرپا کرد بو ئەوەی رزگاری بیت وەبە هەزارەها لە رولەی خوی کردە قوچی قوربانی سەربەستی کوردستان بی ئەوەی نەك دەولەتیك بەلکە تەنیا پەنجەیەکی یارمەتی بو گەلی کورد بکەویتە یاریدەو هاوکاری ، کی هەیە ، ئایا عصبة‌الامم ؟ ، لە هەلویستی ( لیژنەی ئینتداب ) کە لیژنەیەکە لە لیژنەکانی ( کومەلی ئەقوام ) کەلە سالی ( ۱۹۲۵ ) ی زایینیدا بو وەرگرتنی دەنگ هەندی لە ئەندامەکانی لە ( جەنیفەوە ) هاتن بو شاری ( موسل ) وە هەموو شارەکانی کوردستانی خواروو گەران وە سەروکی لیژنەی ناوبراو ناوی میستەر ( تلیکی ) بو شاعیر بەرامبەر فرمانی ئەم لیژنەیە دەنگی گەلی کورد دەرئەبریت

وه ئەلیت :

لوجنەی ئینتداب مەرەخەسی هـات
گەررا کەشفی کرد سەراسەر ولات !
ئەگەر راست ئەکەیت هەلی سوورینە
بەس بو سیاسەت هەلمان پـــەررینە
تەریق نابیتو تو چیت پی ئەکەن
( کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن )

بەم جورە شاعیر نیشانمان ئـــەدات کە ئەو دەولەتە گەورانەی کە بـــە ناوی ( کومەلی ئەقوامەوە ) کەوتونە کار هەر بو ئەوەیە کە سیاسەتی دەولەتە ئیستعماریەکان وە دەولەتی ( بەریتانیا ) رەچاو بکەن ، وە تـەنانەت ئەم کومەلە کوتەکی دەســتی میستەر هەندرسنە کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوە لە سالی ( ١٩٣١ ) ی زاینیدا بویە شـاعر ئەلیت :

کومەلی درو ، جیگەی مەکروفەن
کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن

بەلی کومەلی ئەقوام مافی گەلی کوردی خستە ژیر پیوە ، وە لەبەر خاتری دەولەتە گەورەکان وازی لە مافی گەلە پچوکەکان هانی ، وە هەر لەسەر ئەو سیاسـەتە پەیمانی [ سیڤەری ] گورری کەلە هەندی لە بەندەکانیا دان بە هەقی گەلی کوردا نرابوو وە گورری بە پەیمانی [ لوزان ] ، وە گەلی کورد دابەش کرا ، بویە ئـــەبیت شاعیر ئازابیت وە بەراستوو دروستی دەنگی گەلەکەی هەلبرریت شاعیرمان بـە ئازایـانـــە بەرامبەر [ کومەلی ئەقوام ] ئـەلیت :

منشەئی فیتنە کومەلی تـــەزویر
وا ئـــەدەی حەقی ئـــەقوامی صغیر ؟
کارخانەی فەسـاد کومەلی میحەن
[ کوتەکی دەستی مستەر هەندرسەن ]

ئایا ئەم قسانە هەق نیە ؟! ، وە ئایا قسەی شاعیر راست نیە ؟! ؛ بـــەلام بو وەلامی ئەم دوو پرسیارە سەیرە ، شاعیر *بەلگەی بەدەستەوەیە وە زور بەلگەی هەیە* ئەوەش ئەو خوینە گەشەیە هی گەلی کورد کە رژا لەبەر دەرگای سەرا .

لـــە سلیمانی جادەی بەر ســـەرا
بە خویناوی کورد ناورشیـــن کرا

بەلی راستە ئەی خوا لیخوشبوو شیخ سەلام چیاکانی کوردستان وە دولو دەرەکانی بە خویناوی رولەی کورد سـور کراوە ، لەبەر ئـەوە شاعیر دلی هەلقرچاوەو داوای مەی ئەکات ، بەلام چ [ مەیەك ؟ ] . ئەگەر سەیری هونراوەی (ساقی نامە بکەین) ئەزانین گەلی کورد لـە چ جورە مەیەکی خواردوتەوە لەو روژە رەشانەدا ، وە چ جورە ژەهریکی تام کردوە ، وە بە چ پەرداخیك ؟ بە پەرداخی فرمیسکی رژاوی دایکانو ئەشکەنجەی شەوانی رولە کوژراویان ، شـاعیرمان بەرامبەر هەستی دەولـەتە گەورەکان لە دوای شەری گیتی دووهەمین لە سالی (١٩٤٢) ی زایینی ئەم شعرەی وتوە

بدە ســاقي شەرابی چەشنی گولنار
پیالـــە پرر بکـە تا دیتە لیوی
شەرابی بی ، رەشو تاریكو رەنگ تیر
بەبی عود و کەمانـــو تار و بلویر

بنکەی ژین
www.zheen.org

٭ ٭ ٭

کورد ، کوردی هەژار ، ئەیەویت لە هەژاری رزگاری بیت ، کەچی دەولەتـــە ئیمپریالیزمەکان *لە* شەری گیتی دووهەمیندا هەر وەکوو جاری جاران پاداشتیان سیدارەو هەلواسین بوو ، ئیتر سەلام هەقیەتی کە شەرابی خوینینی ئەویت کە پیالەکەی گلینەی چاوی بەداخ ریژراوی گەلی کورد بیتو شەرابەکەشي فرمیسکی رولەکانی بیت .

بـە خویناوی شـەهیدی کوردی بیکەس
پیالـــە پر بکـــە ساقي دەم و دەس

دوا جار بو دەردەکەمان ، دەردی کویلەتی گـەلی کورد دەرمان دائـەنیت وە

ئەلیت ، بەلام چون رزگارمان ئەبیت ، وە بەچی ؟

ئایا وەکوو جاران ، بەهوی شیرو تیرەوە کە کورد توانی بەو هویەوە دەولەتی ( ماد ) دروست بکات لە هەزارەها سال لەمەوبەر ؟ ، بی گومان نەء ، بەهوی عیلم وەزانین وە یەکبونەوە .

لەبەر بی عیلمی‌یە زارو زەلیلن
لەبەر بی علمی‌یە وا حەپس و دیلن

خوا هەلناگریت شاعیرەکەمان هوشی ئەوەی هەبوە کە بیگانە پەرستی خراپە ، وە ئەبی گەلی کورد بو خوی تی‌بکوشیت ، وە تەنانەت شاعیر بەرامبەر [ صلاح‌الدینی ئەیوبی ] وە ( کریم‌خانی زەند ) بە ازایانە رای خوی دەربریوەو ئەلیت :

بەلی دوو شیری خاکی کوردەوارین
لەناو شاهانی دنیادا دیارین
ئەلین دوو پلنگی خاکی پاکی کوردن
بەلام بو خزمەتی بیگانە مردن

بنکەی ژین
www.zheen.org

شاعیریك هەستی کوردایەتی بەو جورە بیت بی‌گومان تووشی کەمی‌و نەبوونی‌و دەربەدەری‌و حەپس‌و سزابوە وە هەتا لە وەزیفەی میریدا هەر روژە لەشوینیك بوە ، وە لە دەوری کوندانەیان هیشتوە کە لە شوینیکدا بمینیتەوە ، لەبەر ئەوە سەلام بە هەژاری تەمەنی خوی بردوتە سەر هەر چەندە کە باوکیوە مولکو مالو زەویو زارو مەررو مالاتی بو بەجی ماوە ، بەلام هیچ سوودیکی لی وەرنەگرتوە بویە شاعیرمان هەمیشە لەگەل هەژاراندا دەنگی هەژارانی بەرزکردوتەوە . ئەگەر لەو شیعرەی بکولینەوە کە لە سالی ( ١٩٥٢ )ی زاینیدا بە یادی دیوانەی بەناوبانگ (ئیلی‌بەگی‌یەوە) وتویەتی راستی ئەوەمان بو دەرئەکەویت ، وە بومان دەرئەکەویت کە ئەو دەولەمەندانە کە هەر خەریکی ورگو گیرفان پرکردنن وە هەر خەریکی خویانن بەبی ئەوەی ئەگەر دنیاش بکەویت ئەوان توزیك دەماری پیاوەتیان بجولیت هەروەکو ئەیان بیت ، وە

جگەلەوەی کە زوریان خویان فروشتوە بە دوژمن ، وە هەمیشە پەرەی گوی‌یان قووت ئەبیتەوە کە بزوتنەوەی کوردایەتی روژی لە روژان نووچەیەك بینیت وە یا پیاویك لە پیاوە نیشتمانیەکانمان ناخوشی بیتەریی . وە هەروەکو قەلەموون ئەکەونە یەك وەبەر بنە سەرو گویلاکی نیشتمان پەروەران ، شاعیرمان بەرامبەر ئەم جورە پیاوانە ئەلیت:

وورگی زلی گەن و گووە　　عیلمـــی لە ناواکەی بووە

هیزی هوزی لە بیر چووە　　هـــەروابوە ، هـەروابووە

رەنگی سووری تاریك ئەبی

ورگی زلی باریك ئــــەبی

ئە ا شاعیرمان باسی ئەوەمان بو ئەکات کە ئەو جورە ورگ زلە خوفروشانە کە خویان بـ ئەدەن وە کارو فرمانیان تەنیا دوژمنایەتی هەژارە وە خوین خوری هەژارن ، بەلام دوا وژ هەر بو هەژارە .

بەراستی دوا روژ بو هەژارە نەك بو ئەو خوفروشە خویریانە ، کە بە بەرتیل و سوود ئەژین . وە چاویان بە ئاژاوە هەلاتوە بەرامبەر گەلەکەیان ، وە پیاوەتی بیگانە پەرستی ئەکەن ، یا بە فرروفیل و تەلەکەبازی خەلکی قاو ئەدەنو هەلیان ئەخەلەتینن ، وەیان بویە لە خویا ئەدەنوو ساویلکە بە دەوری خویان ئەخەن هەروەکو دەلەبەیا ، بەلام ئەوانە ئەرون تی سابونن ، وە هەروەکو شاعیر ئەلیت :

ئەی دوژمنی قەومی هەژار　　برسی‌ی کەری گشت کریکار

خاوەن پارەی م موو دولار　　گەلت سووتان تو بە یەك جار

پارەد هەمووی چەشەی رراوە

حیلە و فیل و بەن و باوە

ئەمجا بە ...

من نامەوی قەت بەندە بم　　یا خو فیری دەستدە بم

یا لای میری پەسندە بم　　ا وەکو مەل پەرەندە بم

لە عاستی گەل شـــەرمە ە بم

روو زەردی خواو هەم بەندە بم

هـــەموو کەسیك ئەتوانیت کە لووتی بژەنی لەشتی خراپوو رووی خوی رەش بکات ، وە زمان پیسی شتیکە لە توانای مروڤدایـــە گەریبەویت دەرچیت لە ریزی مروڤایەتی بو ئەوەی دوژمنایەتی مروڤایەتی وە مروڤە باشەکان بکات ، وە لە باردا هەیە بو مروڤ کە تووی ( نیفاق ) بچینیت وە بی‌گومان بو ئەوە دوژمن لە گەلیەتی، بەلام دلودەروونی شاعیر ئەو ئاکارانە پەسند ناکات ، وە بیزاری خوی دەرئەبریت ، وە چاو لەو نامەردانە ناپوشیت ، چونکە دلودەروونی شاعیر دلودەروونی گەلە وە ئاوینەی بیروو باوەری گەلەکەیەتی ، وە نیشاندەری چاکەو بزوینەری پیشکەوتنیق وە شاعیر هەستی هەژاران هی کریکاران وە جوتیاران وە پالە دەرئەبریت ، لەبەرئەوە چارنیە کە پیاو خراپ دەرئەکەویت وەروویان زەرد ئەبیت ، وە ئادەمیزادەکان ئەیان ناسن وە ئاشکرا ئەبن ، وە کلکی شاراوەیان دریژ ئەبیتەوەو ئەکەونەروو . بویـــە شاعیر ئەلیت :

ئاموژ گاریت چاوو راوە     یارمەتیتان دانـــەو داوە
کەی بو لاتی لی قەوماوە     رزوتو برسی و حەپەساوە

بەلام شاعیر باوەرری بە میلەتە وە ئەزانیت ئیتر هەلنافریویت وەئەلیت :

لاوانی کورد قەت ناخەون     هەول ئەدەن پیش بکەون
سەردائەنین تا ســـەرکەون     نابی ســـەعاتی بسرەون

ئەمجا شاعیر یەتە سەر باسی ئەو هاوانتە چیانە کە لەسەر حسابی بزوتنەوە ئەژین وە هەر روژەی پیستی ئەکەنە بەری خویان ، وە شـانازی بەوەوە ئەکەن کەوا ملی پیاوی باش بشکینن وە چالی بو هەلکەنن لەسەر ریو شوینی خویان وە هــەروەکوو خویان باوەریان پی‌یە ، وە شاعیر ئەلیت :

چەن سپلەیەك بوت بوون بەگا     دانا لە دەستت رائـــەکا
لاچو بروکی شـــەر بـکا     ئابروت تکا ، ئابروت تکا

° ° °

ئەی خویندەوارە خوشەویستەکە بی‌گومان پیش ئیستا شیخ سەلامت بیستوە کە



بنکەی ژین
www.zheen.org

شاعیریکە . ئیمەش لیرەدا هەندیك لە رووی شیعرەکانیمان دەرخست بە نیازی یادکردنەوەی ، وە ئیستا توزیك لە رووی کومەلایەتی شیعرەکانیوە ئەدوین ، لە هونراوەی ( قوتابخانەی کوردستان ) بە چاکی بومان روون ئەبیتەوە ، کە بویژی نیشتمان پەروەر چون بە وەستایانە وەزعی میلەتی کوردی لەو روژەدا نیشان داوە کە ( نیفاق ) تەشەنەی سەندوە ، وە دروو دەلەسە بالی رەشی بە سەر کومەلانی خەلکیدا کشانوە وە یەکیەتی و راست گویی تیداون بوە ، وە بی‌گومان ئەنجامی ئەم حالەش نەخویندەواریو هەژاریو نەخوشی و دیلی گەلەکەیە بەهوی ئەوەی کە چەندەها سالە کوردستان لە ژیر دەستی داگیرکەراندا بوە وە ئەوانەش دیاریکانیتی .

بەلام وەنەبیت ( شیخ سەلام ) لەم دەردە کومەلایەتیانە وە لەم وەزعەی گەلی کورد کەمتەرخەمی خومانی لەبیر چوبیتەوە کە گوناهی گەلی کورد خوشی تیدا هەیە ، وە بو راستی قسە لە هونراوەی ( سکالایکی شاعیر ) سەرزەنشتی گەلی کوردی کردوە کە پشت بە خویان نابەستن وە بیگانە پەرستن .

قەومی نەفام‌بی دوای خەلك ئەکەوی
جیی خوی خوش ئەکا بزن بو شەوی
تامال وەستابی مزگەوت حەرامـــە
مالت رووخاوە نیرگـــەی ئەنەوی

ئەم حالەی گەلی کورد ، وەزعی ژیانی کومەلایەتی وە ئابوری ، وە دەربەدەری لاوەکانی گەلی کورد ، هەر شاعیرە کەوا توانیویتی بومان روون بکاتەوە وە بە تایبەتی گەلی کورد نە دانشگایەکی زانستی وە نەگوڤاریکی سەقافی وە نە دەسگایەکی سیاسی ئەوتوی نەبوە ، لەبەر ئەوە شاعیر ئەو هەموو ئەرکەی بە جاری خستوتە سەرشانی خوی وە ( سەلامیش ) یەکیك بوە کە لە ئاوی حەیاتی کوردایەتی نوشیوەو هاندەری پیشخستنی کومەلی کوردەواری بوە ، وە ئیلهامی لە خاکی پیروزی « کوردستان » وە نەتەوەی دلیری کوردەوە وەرگرتوە ، کە ئەبیت خوی چاری خوی بکات وە خوی ریگا نیشاندەری خوی بیت ، بویە شاعیرمان وەك نەرەشیر پیت ئەلیت لە

هونراوەی « وەتەن چیە » وە بەسەر چیاکانی کوردستاندا ئەنەرینیت :

هەستە لە خەو ئەی لاوی کورد
تی بکوشــە بە دەست و برد
هاوار ئەکا دایکی وەتەن
وا گیان ئەدا پیـادا بگەن

١٩٣٥ زاینی

وە لە هونراوەی « کەی کورد ئەجولیت » ئەلیت :

خەریتەی هەموو خاکی کوردستان
دایك بە دەرزی و دەزو دروومان
بنووسی لەسەر ، سەربیشکەی منال
هەر بە کوردستان بیتە گرروگال
لە بیشکەی وادا چاو هەلئەهینی
درویە هەلسـی تولە بسـینی

١٩٢٩ زاینی

بنکەی ژین
www.zheen.org

کەوابوو « سەلام » شاعیر بوە ، گەل پەرست بوە ، نیشتمان پەروەر بوە وە حەزی بە قازانجی هەژاروو دەربەدەر کردوە ، خو تەنانەت شاعیرەکانی هاوەلی وەکو دیوانەی بە ناوبانگ « ئیل بەگی » وە « سالم ساحیبقران » بە دلسوزانە یادی کردونەتەوە وە بە یادی ئەوانەوە شیعری وتوە ، وە شیوەنی بە سوزی بو « ئەحمەد حەمدی » وە بو « ماموستا ئەمین زەکی » وە بو شاعیرو هاوریکانی وتوە . گەلی هونراوەی تەررو پاراوی لەسەر جوانی وە سروشت وە دیمەنەکانی کوردستان وتوە کە پرر لە ئاوازەو موسیقایە ، وە هەمیشە شیعرو زانستی لە لا گرنگ بوە .

جگەلەم چاوپیاخشاندنە کە بەسەر شیعرەکانی خوالیخوشبو دا روانیمان لە یەکیك لەبەرهەمەکانیا کە « دیوانەکەیەتی » ، بەلام بەرهەمی هەرە گەورەی سەلامی بویژی نەمری کورد وەرگیرانی « چوارینەکانی » خەیامە لە فارسیەوە ، کە بەراستی بە هیچ

زمانیك لە هەموو جیهاندا بەو جورە جوان و راست و رەوان ئەو « چوارینانە » وەرنەگیرراون .

شیخ سەلام لە سالی « ١٨٩٢ »ی زاینی لە دیی « عازەبان » لە دایك بوە ، کوری شیخ احمدی عازەبانی‌یە ، وە عازەبان لە ناوچەی وارماوە لە قـــەزای « هەلەبجەدایە » . لە تەمەنی چوارسالیەوە خراوەتە بەرخویندن ، وە خویندنی تەنیـا لە حوجرەدا بوە ، وە زمانی فارسی وە عەرەبی زانیوە ، وە بە تایبـــەتی لە زمانی فارسیدا دەسیکی تیجگار بالای هەبوە ، وە زوری ژیانی بە فەرمانبەری بەسەر بردوە ، وە دیوانەکەی کە بریتی‌یە لە « ٢٠٠ » لاپەرە لە سالی «١٩٥٨»ی زاینیدا لە لایەن نامەخانەی «گەلاویژەوە » لەچاپخانەی تەمەدن لە چاپدراوە ، وە لەروژی ٥٩/٣/٣ی زاینی کوچی دوایی کردوە ، خوالی‌ی خوشی بیت .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## روژی نوی

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

خاوەن و بەرریوەبەری لی‌پرسراوی : پاریزەر جەمال حاجی فقی شالی

### دەستەی نووسەران

کامەران : سەرنووسەر

محرم محمد امین : ئەندام

کریم زەندی : «

عبدالله رضا ئەژدەر : «

ناوونیشان : سلیمانی ــ شەقامی سەیوان ــ روژی نوی
جەمال شالی

[ روني نيرگز ]　　　　[ روني راعى ]

وەكيلى گشتى شەريكەى مەنتوجاتى بذورى قوتنى
لە سليمانى

# حاجى احمد رشيد بەقال

لە جێ‌نيشتەكەمان بەرامبەر ( شارەوانى سليمانى ) ئەم پيويستيانەت بە نرخى هەرزان دەست ئەكەويت .

بنكەی ژین
www.zheen.org

| | | |
|---|---|---|
| رونى نيرگز | : | رونى راعى |
| سابونى تەواليت | : | سابونى جل شتن |
| « لەيلا | : | « باز |
| « لوكس | : | « پشيلە |
| « عايدە | : | وە سيرفى توز |

سـابونى لايفبوى

هەروەها هەموو پيويسـتيەكى بەقالى وە برنج وە خوى ، وە رونى حيلـــە وە هەموو چەشنە خورمايەكى باشى بەنرخى هەرزان ئەفروشين .

حاجى احمد رشيد بەقال
سليمانى ـ بەرامبەر شـارەوانى



# بو پیکەنین

## زیرەکی :

ماموستایەکی دانشگا لە گەشتیکا لەگەل جوتیاریکا بەپی ئەروشت ، ماموستاکە بە جوتیارەکەی وت : بو ئەوەی ئەم ریگەیە زوو ببرین با بو خومان دەست بکەین بە دەمەتەقیو مەتەل لە یەکتری داهینان ، جوتیارەکە وتی باشە بەلام لەبەر ئەوەی تو خویندەوارو تیگەیشتووی پیویستە پاداشتی مەتەلەکانمان جیاواز بی ، واتە ئەگەر من مەتەلیکم نەزانی ٥٠ فلس بدەم بەتو ، بەلام ئەگەر تو نەتزانی ١٠٠ فلس بدەی بەمن .. ماموستاکە وتی زور زور باشە .

جوتیارەکە پیی وت : ئەو بالندەیە چییە کە ٣ قاچی هەیەو بە (٢) قاچیش ئەفرری ؟

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماموستاکە دوای لیکدانەوەیەکی زور وتی : نازانم

جوتیارەکە وتی : دەبینە ١٠٠ فلس

ماموستاکە دوای ئەوەی ١٠٠ فلسەکەیدا بەجوتیارەکە پیی وت : باشە چییە؟

جوتیارەکەش وتی : نازانم ها ئەوە ٥٠ فلس .

کامیان زیرەکتر بوو ؟

بیگومان جوتیارەکە . .

---

ە دەولەمەندیکي کەم دوو :ـ کە وتم فلان شت ئیتر پیویست ناکا دریژەی پی بدەین کە وتم ( نانی ئیوارە ) مانای ئەوەیە هەموو شتیکم بو ئامادەکەی تیگەیشتیت ؟

نوكەر : بەلی . . .

وا ریکەوت شەویك ئەو دەولەمەندە نەخوش کەوت بانگی کردە نوکەرەکەی و وتی : سەرم ئەیەشیت

نوکەرەکەشی گورج چوو دکتوریكو دەرمان فروشیكو گورر هەلکەنیك و دەگەز کفنی بو هینا . . .

---

ه کچیك بە دەستە خوشکەکەی ئەلی :

دیواری بەینی مالی ئیمەو دراوسیکەمان زور تەنکە هەرچی قسەیەك بکەین گوی‌یان لی ئەبی .

کچەکەی‌تر : دەباشە پارچە قوماشیکی پیا بگرن

کچەکە : ئاخر ئەوسا ئیمەش گویمان لە قسەی ئەوان نابی .

---

ئەو بو پیکەنینانەی سەرەوەمان لە کاك رەسوول دەباغەوە لە کویەوە بو هاتووە سوپاسی ئەکەین ، وە هەروەها ئەم بو پیکەنینانەی خواریشەوەمان لەکاك(حسن‌ع.ح.د) بو هاتووە سوپاسی ئەکەین .

یەکەم : تکات لی ئەکەم ئەمەندە عەرەق مەخورەوە ، ئەبی بەهوی عومرکورتی.

دووەم : وا نی‌یە ، من هەر عەرەقیش ئەخومەوەو کەچی وا تەمەنم خوی ئەدا لە ( ٤٠ ) . .

یەکەم : ئاخر قوربان وا نەبوایە ئیستە تەمەنت هەشتاش ئەبوو .

---

ه دەولەمەند : سەرم مەیەشینە من لە ریگەوبانا پارە نادەم بە هەژار !

هەژار : کەواتە میرم با دوکانیك بگرم بو سوال کردن .

---

ه ماموستا : ٥ جار ٦ ئەکاتە چەند ؟

قوتابی : ئەکاتە ٣٥

ماموستا : نەء ئەکاتە ٣٠

قوتابی : ئەوە پیش جەنگی دووەم بو بەلام ئەمرو نەء .

کاك ع . تینووش ئەم بو پیکەنینانەی بو ناردوین سوپاسی ئەکەین .

ە ژنیك لەناو کومەلیکدا بە گەرمی باسی چاکەی ئافرەت ئەکا ، وە ئەلی : ئەگەر ژن نەبوایە پیاو لە کوی ئەبوو ؟

پیاویك وەلام ئەداتەوە : لە بەهەشت ئەبوو . .

ە رەوشت نزمیك :

یەکە ئا ئەو ژنە شوخو شەنگە ئارامی لی هەلگرتووم ، ئەوە مانگیکە دەورو خولی ئەدەم کەچی هیچ خویم تی ناگەیەنی .

دووەم : تو خوا کە خوی تیگەیانیتو ریك کەوتن منیش ئاگادار بکە .

یەکەم : بوچی ؟

دووەم : چونکە ژنمە .

ە ماموستا : ئادەی ئازاد وشەی ( قوماش ) م بو بخەرە رستەوە ( جملە )

ئازاد ، بی دەنگ ئەبیو هیچ وەلام ناداتەوە .

ماموستا : وەرە بزانم ، ئەزانی قوماش مانای چی ؟ چاکەتەکەی بەرت لەچی دروست کراوە ؟

ئازاد . لە پانتولە کونی باوکم

www.zheen.org

# [ زیررین ]

لەم مانگەدا چیروکی زیررین کەوتە بازاررەوە ، پیروزبایی لە نووسەرەکەی [ کاك امین میرزا کریم ] ئەکەین ، وە هیوادارین کە بەرهەمی ئەدەبی هەر لە زیاد بوونابی .

# [ ژیان چی‌یه ؟ ]

ڕوژی له ڕوژان پولی مه‌ل له‌سه‌ر لق‌و پوپی دره‌ختیك ئه‌یانخویند ، له ساتیکا که مه‌ستی خوشخونی بوون یه‌کیکیان وتی : ئه‌ری ژیان چی‌یه ؟ هه‌موو سه‌ریان سوورما له‌م پرسیاره سه‌یره ، گه‌لی لیکیان دایه‌وه تا یه‌کیکیان وتی (ژیان گورانی‌یه)

میرویه‌ك له‌ولاوه ته‌قه‌لای ئه‌دا خوی له‌ژیر گل ده‌ربهینی هه‌ر که سه‌ری ده‌رهانی‌و روشنایی بینی وتی ( نه‌ء ؛ ژین تیکوشینه له تاریکیدا ) له‌ولاوه گولی تازه پشکوتو زاری راگرتبوو بو هه‌نگیك که ماچیکی خاوین‌و گه‌رمی بکا وتی [ ژیان خو ده‌رخستن و شادی‌یه ] .

هه‌نگیکی تر به‌لایا رویی‌و وتی ( نه‌ء بلی ژیان روژیکی خوشی هاوینه ) میرووله‌یه‌ك له‌ولاوه له توپه‌لیکی له خوی گرانتر ئالابوو هه‌لی‌گری ماته‌مینی ماندوویی دایگرتبوو وتی ( من له تیکوشینیکی سه‌خت‌و ئه‌رکیکي گران زیاتری تیا نابینم )

له وه‌لاما بالداریکی تر پیکه‌نی ، پیکه‌نینیکی وا که هه‌وری خه‌می سه‌ر رووی پی برره‌وینیته‌وه ، وه‌خته‌بوو کووره‌ی تووره‌یی تاو بسینی کلوکوی دامریته‌وه ئه‌گه‌ر شه‌ست‌و ره‌هیله‌ی باران نه‌بوایه ئاخیکی هه‌ل‌کیشاو وتی ( ژیان فرمیسکه )

بازیك ئاسمانی ئه‌برری به مه‌له ئه‌یچریکان‌و ئه‌یووت ( نه‌ء دروت کرد ژیان هیزو ئازادیه ) .

له‌پاش نه‌ختی ، تاریکی هه‌لمه‌تي هینا ، شه‌و باری خست ، میش‌و مه‌گه‌ز به ویزه‌ویز له لق‌و پوپی دره‌خته‌کان ئه‌وورووکان‌و ئه‌یانوت « ژیان خه‌وه » شارو دی بی‌ده‌نگ‌و سه‌نگ ، کش‌و مات بوو ، به‌یان نزیك بووه‌وه ، قوتابی‌یه‌ك چرای ژووره‌که‌ی خوی کوژانه‌وه‌و هه‌ناسه‌یه‌کي هه‌لکیشا وتی ( ژیان قوتابخانه‌یه ) .

لاویکیش به‌دخویی هه‌ل‌ته‌کاندبوو شه‌وی له باوه‌شی داوین پیساندا به گه‌مه‌و ده‌ستبازی به‌سه‌ر بردبوو خه‌م له درزی ده‌روازه‌ی دلیه‌وه سه‌ره‌تاتکی ئه‌کردو

ئەیوت « ژین ئارەزوویەکە تەرك نابی ، خەویکە نایەتە دی »

بەیانیش بە شنەشن ئـەهاتو ئـــەیوت ( ژین گری‌یـەکە ناکریتەوە ، نهینی‌یەکە کە ئاشکرا نابی )

خور دەرکەوت ، دنیا روشن بووەوە ، پوپەی درەختانی بیشەکە سپی هەلگەرران بەیان ناوچەوانی ئەرزی ژیاوەی ماچ کرد هەموو لایـەك دەنگی ئەدایەوەو ئـەیووت ( ژیان دەست پی‌کردن‌و ئیش کردنە )

له یادگاری لاوانـــەوە

وەرگیراوە

www.zheen.org

پیـــلاوی

دیجلە دیجلە دیجلە

جوانـــە پتەوە هەرزانـــە

بچو بو پیشـانگەی [ پیلاوی دیجلـــە ] لە شەقامی مەولـــەوی لای کاك قادر صـابر توزیك بحەویرەوە ، جووتی پیـلاوی دیجلـــەی نایابی لی بکرە .

# وتەی بەنرخ

نێرەر . ع . تینو

ه دلداری بە ئازار گوش ئەکری .

( موریس مەتەرلینگ )

ه لە مردن نزیك بەرەوە ژیانت پی ئەبەخشری .

ــ حەزرەتی ابو بکر ــ

ه ئەوی خەلکی لە ترسی ئازاردانی ریزی ئەگرن خراپترین کەسە .

( سوقرات )

ه بە پیوە بمریت چاکترە لەوەی لە کرنووش بردنا بژییت .

ــ پاسیوناریا ــ

ه سزای دروزن ئەوە نی‌یە کە کەس باوەری پی ناکا بەلکو ئەوەیە کە خوشی باوەرر بە خوی ناکا .

( جورج برناردشو )

ه باشترین شتیك بو جوان بوونی ئافرەت کامەرانی‌یە .

ه میشکی گەورە ئەو میشکەیە کە پەیتا پەیتا زانیاری لە میشکی ئەم و ئەوەوە وەرئەگری .

ه ئەوانەی کە گوڤاریك ئەگرن بە دەستەوە هەر چاوی پیا ئەخشینن ، بی‌گومان هەر تەپوو توز ئەچیتە چاویانەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ئەستێرە

[ کامەران ]

لە ، ئاسمانی ژینا ، بەیان
ئەستێرەی گەشم ئەپروان
ئەستێرەی سوور وەکو پشکو
ئەمرشتە ناو گەرووی ئاسو
پەنجەم لە ئاگری رووتا
لەو پرریشکەدا ، ئەسووتا
تەزووی ژانیکی پی ئەدام ؛
گەرم ، ئیجگار خوش و بەتام
ئەلین : روناکیت ئەررشتە
ئەم ولاتەی وەك بەهەشتە
کەچی خوت شوینت تەنگ و مات
ژاکاوە گولالەی هیوات !!
ئەلیم : کی ئەستیرەی باران ؟
هەولی ئەدا بو نیشتمان ؟
من ؟... ( ئەمەندەم بەسە ، شادی )
بەرهەمی جوانی ئازادی

° ° °

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هونه‌ری به‌رز



لافاوی « نووح »

ئه‌مه سووچیکه له نیگاری ــ لافاوی نووح ــ

ده‌ستکردی هونه‌رمه‌ندی نه‌مر « میخائیـــل ئینجیـلو »



هەررەتی لاوی

( میخائیل ئینجیلو )



ئافرەتیک لەکاتی لافاوەکەی نووح دا

( دەستکردی میخائیل ئینجیلو )



وینەیەکی دەستکردی

( ئیسپانی )

« نامەی خوشەویست »

شەوە ؛ خەریکە بە پەنهانی نامەی خوشەویستەکەی ئەخوینیتەوە سەلام لەپرر خوشکەکەی بەسەرا دیت ئەیەوی لی ی بپرسی « ئەوە چی یە » .

# پێشینان وتویانە

نێرەر ( هومەر )

- بەرد لە جێی خوی سەنگینە
- ئەو جێیە خوشە کە دلی تیا خوش بی
- دوو کالەك بە دەستی هەل ناگیری
- لە هەموو هەوریك باران ناباری
- سوار تا ئەگلی نابی بە سوار
- تا مال وەستابی مزگەوت حەرامە
- بە ریش نییە بە تیشە
- پاروو لە دەم داکەوی بو کوش چاکە
- بانێکەو دوو هەوا
- ئاسنی سارد ئەکوتی
- بە زستان جاریك ئەلین ساردە
- شوین کلاوی بابردوو کەوتووە

بنکەی ژین
www.zheen.org

هونەری راستەقینە ئەو هونەرەیە کە لە گیانی نیشتمان هەل ئەقولی گیانی نیشتمانیش گەلە ، بلیمـــەتی و هیز ئەوەتا لە ناوجەرگەی گەلدا .

شوپان

# جوگرافیای کوردستان

- ٩ -

کەریم زەندی

## هەریمی خورهەلات :

ئابوری کرماشـاهان : ـ

زەوی کرماشاهان هەر لە میژەوە کانگای ئازوخەو خواردەمەنی بوە ، ناوچەیەکی ستراتیجی بوە لەشکرەکەشی کەلکی لی بیتراوە ، ئیستاش لە رووی ئا وری‌یەوە سەرچاوەیەکی باشە بو دانیشـتوانی ، ئاوو زەوی بـەپیت‌و دانـەویلەو میوەو سەوزەو خوراکی ترو سوتەمەنی‌و پووشووپاوەن بو ئاژال‌و بەرووبومی گیان لەبەرو روەوکی تری زورە .

زور لە کونەوە زەوی کرماشا ئاوی دەرکردوە بە پیتی ، کاتی ئیستاش دەشتی بە فەری هەیە کە ئەشی بو کشت‌وکال‌و چاندنەمەنی . گەلی جوگەی لی هەلگیراوە لـــە روباری قەرەسوو وە گاماسیاو وە ئاوە روکەکانی خورئاوای بـە تـەواوی زوربـــەی زەوی‌یەکانی بە ریك‌وپیکی ئاودیر ئەکا .

دانەویلە ـ لە ناوچەی کرماشا دانەویلە و پەموی زورە وەلـە بەشـی شائـاوا دا پون‌ئاو ( سەد ) ی لی کراوە وە ئەنجامیکی باشی هەیە ، دانەویلەی ناوچەی کرماشا لە سالیکا بەم جورەیە :

گەنم ١٣٠ هەزار تەن ، جو ٦٠ هەزار تەن ، برنج ١٢٠٠ تەن ، پاقلە ٣٠ تەن گەنمەشامی ٣ هەزار تەن ، نیسك ٤٥٠ تەن ، لوبیا ٣٠ تەن ، لوبیای سپی ٤٥٠ تەن لوبیای سوور ١٢٠ تەن ، ماش ٦٠ تەن ، نوك ٩٠٠ تەن ، کونجی ٤ تەن .

ئاژال ـ ناوچەی کرماشا لەوەرگای زستانیو هاوینی زوری هەیە ئاژالی زوریان هەیە وە زوری دانیشتوانی بە ئاژال بەخیوکردنەوە خەریکن وە ژیانیان لەسەر بەخیو کردنی ئاژال بەندە .

٣٠٠ هەزار سەر مەری تیایە ، ٤٠٠ هەزار سەر بزنو ٣٠٠ هەزار سەر گـاو ١٢ هەزار گامیش ، ١٩ هەزار ئەسپو ماین ، ٢٥ هەزار وولاخو ٢٥٠٠ ئیسـتری تیا هەیــــە .

جەنگەل ـ ناوچەی کرماشا بەشیکی زوری بە جەنگەل داپوشراوە بە زوری داری بەرو و مازو و قەزوانو دارە بەنو داری بنیشت هەتا بـەرزاییـەکانی ئــــەلوەندو نالەشکینە دیت . وەلە نالەشکینەوە تا بەشی باتاق لە باکورەوە بو باشوری جەنگەلـە نزیکی ئاوایییەکانی داری کەمترە چونکە لیی ئەبرری بو سوتەمەنی بەکاری دینن ولە بەرزایییەکانی دالاهو و قەلاجە کوتایی دی .

پیشەسازی ـ دانیشتوانی کرماشاهان توانایی پیشەسازییان هەیە زوریان چەککی خویان دروسـت ئەکەن بە تایبەتی بەشی کرند سەرەرای ئەوەش کە ئاســـنگەریو مسگەریو دارتاشیو هەموو جورە پیشەیەکی تری هەیە ، تەنراو ، قالیو بــــەررەو سوجادە دروست ئـەکەن بـەلام هیشتا ماویـەتی بە تەواوی پیش بکەویو کارگەی باشی تیا دابنری .

www.zheen.org

کانەکانی ـ لە رادەی یەکەما نەوتی زورە لە نەوت شا بەهوی لولەوە بەدریژایی ٣٠٠ کم هیناویانە بو کرماشا لەوی لە پالیوگا پاك ئەکریتەوە ، لە بەشی فەیروزئاوا بەشی کوران ، کانی خەلوزی بەردی هەیە ، فلزی زوری تیا دوزراوەتەوە تا ئیسـتە کەلکی لی وەرنەگیراوە .

بازرگانی ـ ئەم ناوچەیە کەوتوتە سەرە ریگەی بازرگانی بەهوی نزیکییەوە لـــە ریگای ئاسنی عیراق هەموو جورە کەلوپەلیکی بازرگانی بو چوەو لیی ئەچیتە دەرەوە

[ بەشەکانی کرماشاهانو شارەکانی ]

١ ـ کرماشا ـ کەوتوتـە سەر هیلی ٤٢/٢٠ پانی باکورو هیلی ٤٧ دریژی خور

هەلات لـە دەشتاییەکی فراوانایە کە روباری قەرەسوو لە باکورەوە بو باشوور پیا ئەروا لە باکوری خورهەلاتی شارەوە تیئەپەری ..

ئـەم شارە لـە کاتی ساسانییەکانا دروست کراوە وەلە سەدەی نوهەمی کوچیدا بایەخی پەیدا کردووە لە سەردەمی سەفەوییەکانا ئەم شارە بارامی چوارەمی ساسانی بناغەی داناوە ، پاشماوەی میژوویی تیاماوە بەلگەیە بو کونی ئەم شارە . وە لـەبەر ئەوەی جەمسەری ریگای بەغداو خانەقینو تەهرانە لە رووی سیاسیو سپاییو بازرگانییەوە زور گرنگە بە تایبەتی لە شەری گەورەی یەکەما گرنگترین گرێی هاتووچوو گوستنەوەبو

٢ ـ شاناوا ـ شاریکی تازەیە لـە سـالی ١٩٢٥ ز بناغەی دانراوە لـە دییەکی بچوکەوە بوە بە شاریکی گرنگ کە ریی هاتوچوو گوستنەوەی لی جیا ئـــەبیتەوەو جەمسەری ریگەیە ، ریگەی عیلام ـ قەسر ـ تەهرانی لی جیائەبیتەوە لەبەر ئـــەوە جیگایەکی سپایی هەیە روژ بە روژ لە پەرەسەندنایە .

٣ ـ کرند ـ شاریکی ئاووهەوا خوشو سازگارە لە شیوی کرندایە لـــە رووی ئابوریو دیمەنی دلگیرەوە سەرنج رائەکیشی ، خاوەنی باشترین ئاسایش گایە لەنیوانی نوختەی خاوین کردنەوەی نەوتی کوردستانی خورئاواو دیوارە شاخاوییەکانی خورهەلاتا

٤ ـ قەسری شیرین ـ زیی ئەلوەند بە باشوریا ئەروا لە ٣ لاوە بەسیتەپە ئابلوقە دراوە لە باشورەوە دوو گردی دوور تری لە هەمویان بەرزترەو لەویوە شارەکە دیارە ، ریگەی نەوتشا دیتەوە ئەلوەندو لە چەند جیگەیە جیا کەرەوەی بەرزاییکانا تیئەپەریو لەلای خورئاواوە ٢ ـ ٣ کم دوورتر لە تەپە نزیکەکان یەك ریزە گردولکەی دریژ ئەبینری کە پیئەلین شاخە سپیو هیلی سنوری بانی پیا تیئەپەری .

لەلای خورهەلاتییەوە وردە کیوی وەکو ئیمام حسن لـە باکورەوە بو باشـوور کشاوە بە کیوی سەختو دژوار کوتایی دی .

بەم جورە بەشی قەسری شیرین لە رووی زەوییەوە لە خەسرەوی ریكو تەخت ترە ، زور شـاخاوی نییـە لـە ریگەی سەرپل تا ریگەی خوم پارە بەرزایی ناریك ئەبینی وەکو بەرزاییەکانی خەسرەوی .

٥ ـ گیلان ـ نزیکەی ١٥٠٠ کەسە لە سەرەریگەی نەوتشاو عیلامە .

٦ ـ باوەیس‌کە بەشەکانی ـ بەرزایی‌یەکانی ئەم بەشە شیوەیەکی تای‌بەتی هەیە ، کیوی پەمو دیواریکی سەختەو دەشتایی‌یەکی فراوان پەیدا ئەکا لە باشوری‌یەوە کە روباری هەواسانی پیا ئەروا ئەم دەشتە چەند دی‌یەکی تیایە ، گەورەکەیان‌و مامیشان لە ریکی ئەم دی‌یانە دیی مەیدانە لە هەریمی خورئاوا ، جیگایەکی بەرجەستەو بەپیتە لەسەر کەناری زیی سیروان .

دەشتی خورئاوای بەمو تا روباری سیروان دەشتیکی بە پیت‌و بەفەرە بوکشت‌وکال دەست ئەدا ئەم بەشە خیلی شەرەف بەیانی‌و تیرەکانیانی تیا نیشتەجین .


# بو سالی تازە

بو کەل‌وپەلی بازرگانی

بو کوگـا

بو خواردەمەنی

وە بو هەموو جورە کارو فرمانیکی پیشەسازی‌و هونەروەری پروپاگەندە لە روژی نوی‌دا بلاو بکەنەوە

بەبونەی سالی تازەیەوە لە ئیستەوە هەموو لایەك ئاگادار ئەکەین کە بـــە جوانترین شیوە ، زور دلـگیرو رازاوە پروپاگەندە بلاو ئەکەینەوە .


بنکەی ژین
www.zheen.org

# کەشکۆلی ڕۆژی نوێ

## سەراپای کچە جاف

پیرەمیرد

کچولەی بەناز ، کچولەی بەناز
جنسی لەتیفی شوخی سەر نەفراز .
ری عیشوە باز ، دوستی شەکەر راز
پیکەنینەکەت بو زام ، مەرهەمساز
بلبلی سەرچل ، سەرچلی غەماز
شاهیێ شاهی سەر قولەی پیباز
قوبەی سەر سینەت وەك هەرمیێ وەراز

بنکەی ژین
www.zheen.org

رەنگی روخسارت بەیانی بەهار
ئەگریجەت بەندی دلە ، وەك زیننار
بروت لە رووی روو تور کردووی لووت‌لار
کەوانەی پەرگار دەستی کردگار
برژانگ لە «کەوان» ئەبرو تیر نداز

چاو ، دیدەی ئاهوی خەوالووی خاموش
بروسکەی تیلا ، شەرجوی ، شەرفروش

به نەشئەی بادەی (نازی‌خوی) سەرخوش
مەیخانەی عەشقی خستوته خروش
حوسن‌و عەشق لەگەل یەك کەوتوونە راز

گوارە ، کەوتوتە ژیر ئەگریجەی خاو
هەل‌ئاوە سراوە «لەخوینا گیراو»
لامل‌و گوارە هەردوو تەلای تاو
هەردوو ژیرمالەی فەرقی زەررکلاو
گیان‌و دل بویان کەوتوونە پەرواز

سەرگونات ، سیوی لاسوورەی سەردەشت
«پاوانەت» داوی گەنمەکەی بەهەشت
تامەرور زورەو هیچ کەس لی‌ی نەچەشت
کەمەربەستەی دەست وەیسی (ماهی‌دەشت)
ئال لەسەر سپی سونعی کارساز

سینە زیوی قال لە بوتەی یەزدان
جووتی شەمامەی بیستانی جینان
هیشتا نەیدیوە دەستانی دەستان
پەنهانە لەژیر کراسی کەتان
لە درزی بەروك وەك مانگ بەرق ئەنداز

www.zheen.org

# قیبلەی موراد

سالم

ئەی قیبلەیی مورادم ئاخو بە روژگاران
جاری ئەپرسی لەکەس : حالیغەریبی (تاران)

بەو سویندەکەی کە خواردم من هەر ئەوەم کە دیومت
حاشا ؛ بکەم فەراموش میساقو عەهدی جاران

تانەقشی خاترم بی خوررەم بەهاری حوسنت
دەتکی لەهەوری چاوم ئەشکم بەمیسلی باران

شەو تا سەحەر لەهیجرت بومن حەرامە خەوتن
هەردی سەدایی گریەم وەك رەعدی نەوبەهاران

لاکین لە ئەسلی کارا ئاسیومە حالەتی تو
سەنگینە گویی سەماعت بودادی داد ـ داران

تو هەر ئەوەی کە چاوت جەرگی برریم بە ( ئیما )
منهەر ئەوەم کە عەشقت کردوومی ویلی شاران

سالم لەجوری دولبەر ـ کوتاکە ـ شەرحی دەفتەر
تو ، بیخەبەر لەتاو ئەو ، ئەو بی خەبەر لە یاران

# زولفت

نالی

زولفت کە لەسەر رووبەخەمو تابشە ئەمررو
دوودی سییەهی عوودە لەسەر حاریزی پشکو

بنكەی ژین www.zheen.org

دەستم کە بەسەد وەعدە لەسەد جیگە شکاوە
جەبری نی‌یە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستو
خالت چی‌یە؟ دانەی گەنمی جەننەتی رووتە
چاوت چی‌یە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرو
شەوبویی سەری سونبولی زولفت لەسەری‌دام
ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبو
قوربان وەرە تائەم غەزەلە تازە لەبەرکەین
عیززو شەرەفی (نالی) یە تەشریفی قەدی‌تو

## زولف لوول

بیسارانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

شیرین زولف لوول ، شیرین زولف‌لوول
فیدای زولفت بام‌گا گرژەن ، گا لوول
گا چون سیامار پەشیوەن مەلوول
گا وینەی لاولاو مەپیچو نەتوول
گاهی پەشیوەن ، گاهی گرنجەن
گاگا گرەبەند ملەمای زەنجەن
گاتاتان جە دەس گەردوش شەمال
گاخەفتەن ساکین نەدەوران خال
قیبلەم چیش مەبو تایی جەو زولفە
جەو زولف وە شبو لوول سەر کلفە
وەزیم نەگەردەن عومر ویەردەم
تجدید بو دەفع هوناوان وردەم

# نامەی ئاگرین

وەلامی ئافرەتانی کوردستان بو جووتە خوشکان تولەو مامز لە کوردستانی ئیران .

هاوارە خویناویەکەتان ئاگری خەباتی هیندەی تر خوش کردین ، وە ئەو ئیش و ئازارەی کە لە نامەکەتانا نوسرابو فرمیسکی نەهینایە چاومان ! نەخیر بەلکو پی ی را گەیاندین کە گەلەکەمان لە کوردستانی ئیران زیندوەو خەبات ئەکات .

درڕندیتی ( ساواك ) نوکەری ئیمپریالیزمی ئەنگلو ئەمریکی وە فاشیزمی فارسی تازە نیە بەلای ئیمەوە بەلکو چیشتومانە لەو کاتەوەی کە خەباتمان کردووە لە ریی کوردو کوردستانا .

حوکم دراوەکان بەخنکاندن لە کوردستانی ئیران یەکەم کاروانی شەهیدان نین بەلکو زنجیرەیەکی نەپساوی کاروانی خەباتمانە ، بەلام ترس ریگای نادوزیتەوە بو دلمان ، هاواری منالانی گیراوەکان و حوکم دراوەکان بەخنکاندن تازەنیە لە گویمانا بەلکو ئاسمانی کوردستان پرە لە هاواری هەزارەها لەو منالانەی کە نان پەیدا کەرەکانیان دەر بەدەر کراون وە باوك و دایکەکانیان خنکینراون ، هەتا وەکو کوردستانە پارچە کراوەکەشمان زور لەو بەسەر هاتو کارەساتە خویناویانەی دی .

هەر لەبەر ئەوەش ئیمەی ئافرەتانی کوردستانی عیراق پەیامەکەتان وەر ئەگرین بەگیان و دلەوە ، وەك نیشانەی خەبات و تیکوشانتان ئەی ئافرەتانی کوردستانی ئیران وە دەنگمان بەرز ئەکەینەوە بەم بونەیەوە وە بەلینتان ئەدەینی کە بەردەوام بین لە خەباتا هەتا ئەم پەردەی شەوە رەشە لەسەر کوردستانەکەمانا ئەپوی ، شەوی ئازاردان و ئاوارەکردن و بەپەتا کردن ، شەوی خوین و فرمیسك و هاوار ، شەوی بەندیخانەو سیدارەو زیندان .

ئافرەتانی جیهان کە گوی‌یان کەرر ئەکەن لە بیستنی بانگ و هاوارمان هەر ئەبی

روژیك ووریا ببنه‌وه و گوی راگرن له هاواری خویناویمان به‌لكو ده‌ستیان دریژکه‌ن بو یارمه‌تی دانمان .

ئه‌ی ئافره‌تانی جیهان ئه‌ی ئه‌وانه‌ی كه برواتان به‌مافی مروڤ هه‌یه له ژیانا ئه‌ی ئافره‌تانی جیهان كه خه‌بات ئه‌كه‌ن دژی ئازاردان و دوژمنایه‌تی . ئه‌ی ئافره‌تانی جیهان كه داخوازیتان ئاشتی‌یه ، ئه‌وه‌ی دیته‌ریمان و ئه‌یچیژین ئیمه‌ی گه‌لی كورد له كوردستانی ئیران و توركیا كه‌متر نی‌یه له توندو تیژیا له‌وه‌ی كه گه‌لانی چه‌وساوه و ئازاردراو ئه‌یچیژن . هوی ئه‌م بی ده‌نگیه له ئیوه‌وه چی‌یه ؟ ئه‌م خو دوورخستنه‌وه‌یه له ده‌ست گرتنمان بوچی ؟

له‌م روژانه‌دا كوردستانی ئیران له شه‌رریكی بی‌ده‌نگایه وه ئامرازی ئه‌م شه‌رره‌ش سیداره‌و ئازاردان‌و گرتوخانه‌یه .

گه‌له‌كانتان بناسینن به‌م باره‌ی كه تیایاین وه ناره‌زایی خوتان ده‌رببرن له كونگره‌كانتانا ، داوا له ریكخراوه‌كانتان بكه‌ن كه تاوان باری حكومه‌تی فارسی بكات له ریی بالویزخانه‌كانیه‌وه .

بیروباوه‌ری مرڤایه‌تی وه گه‌لی كورد چاوه‌رریی ئه‌م ئیشه‌تانه .

هه‌ر بژی خه‌باتی ئافره‌تانی كوردستانی ئیران له پیناوی خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تیدا .

هه‌ر بژی یه‌كیه‌تی ئافره‌تانی كوردستان

هه‌ر بژی بیروباوه‌رری مروڤایه‌تی راسته‌قینه .

بژی كورد بژی كوردستان

ئافره‌تانی
پارتی دیموكراتی كوردستان
له سلیمانی

بنكه‌ی ژین
www.zheen.org

# چاپخانەکەی دەرویش شەریف

فاضل محمد عرفان

لەو برروایەدام کەپیویستە یادی ئەو جیو مەلبەندانە بکرینەوە کە هیزیکی زوریان بووە بوسەر هەستو ژیانی کومەلایەتی، جا هەر ئەم برروایەیە کەهانی دام ئەم دوو وشەیە بنووسم بو گوڤاری روژی نوی‌ی خوشەویست

دەرویش شەریف پیاویك بووە لە چەرخیکی پەنجا سالی زیاتر هیزیکي زوری بووە لە دلی دەستەیەکی زور لەپیاو ماقوولان و خویندەواران‌و شاعیرو زانایانی شارەکەمان ئەم پیاوە کە بریتی بوو لەگەلیك سروشتی سەیرو خوو رەوشتی سەیر : بوو بوو بەهوی کوبوونەوەی ئەو هەموو پیاوە بەنرخانەی شارەکەمان کە هەندی جار رابواردنیان توورەبووني مام دەرویش بوو گەلی‌جاریش ئەو چاوشیرە پاك‌و خاوین‌و بەتام‌و بون خوشە بوو کەپیشکەشی ئەکردن .

بی‌گومان ئەم کوبوونەوەیەیان کەلکی زوری هەبوو چونکە لەم یانەیەدابوو کە بیرو باوەرر بەراووورد ئەکرا ، شیعرو ئەدەبیاتي کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی ئەهینرایە مەیدانی لیکولینەوەو سەرنج لیدان ، وەگیروگرفتی کومەلایەتی روشن ئەکرایەوە .

دەرویش ، تابلی‌ی پیاویکی پاك‌و خاوین ، تابلی‌ی توورەوکەللە رەق ، تابلی‌ی لەخواترس‌و بەدین بوو

زورجار لەکاتی هەلچوونیا هیرشی زور توندوتیژی ئەبردەسەر پیاوە بە نرخەکانی ولاتەکەمان کە لەوانە سەروکی نەمری کورد شیخ مەحموودی گەورەو سیداحمدی‌بابە رەسوول‌و صالح پاشاو محمدبەگی قادرپاشاو شیخ محمدی گولانی وە زور پیاوانی تری بەنرخ‌و گەورە بەلام ئەم زاتانە بەگیانی لی‌بووردن‌و رووی بەزەردەخەنەو خوشی یەوە گوی‌یان بو شل‌ئەکردو ئەیانکرد بە مەبەسی رابواردن‌و دەمەتەقی ، تەنانەت مام دەرویش گەلی جار ئەوەندە نووررە ئەبوو لەوگوی نەدانەیان هەرچی قوری‌و پیالەیەکی هەبوو

وردووخاشی ئەکرد . ناچار دوای سارد بوونەوەی مام دەرویش و نیشتنەوەی کولی پیکەنینیان ئەو کەسەی کە خوی بە هەلگرسینەری ئاگری ئەو توورره بوونە ئەزانی ئەو شتومەکانەی بو مام دەرویش ئەکرری‌یەوەو چایخانەکە وەکو جاران ئەکەتەوە گەرر هەروەکو هیچ نەقەومابی .

هەموو شاعیرو ئەدیبانی سلیمانی ئامشوی چایخانەکەیان ئەکردو سەروساختیان لەگەل مام دەرویشدا هەبوو ، وە جار جار بو توورره‌کردنی مام دەرویش چەند بەیتیکی سەیریان ئەهونی‌یەوە ، لەوانە ئەم چەند بەیتەی خوارەوەی خوالی‌خووش‌بوو زیوەر ئەخەمە بەرچاو کە بەناوی سید ئیبراهیمی حەفیدەوە وتوویەتی وە خوالی‌خوش‌بوو سید عبدللەی حاجی سید حسنیش بەیتیکی تی‌هەلکیش کردووە :

ئەگەر دەرویش شەریف دەرویشە بو زیکری خودا ناکا
وەگەر خو سوفی‌یە بو روو لە خەتمەو خانەقا ناکا
ئەگەر سونی رەووشتە ، سەبی عومەر بوئەکا دایم
وەگەر خوشیعەیە بو روو لەسەحنی کەربەلا ناکا
ئەگەر چاخانە گیررە مشتەری بو نارەزان یەك یەك
وەگەر خو بانگك دەرە بوسەر منارە بو سەلا ناکا
ئەوەم لاخوش‌بو روژی شیخ محمد(١) رووی لەپاشاکرد(٢)
وتی پاشا شەریف بوفەرقی شیخان‌و مەلا ناکا
وتی ئینسان نی‌یە وەك بزنە جرتە توورره‌یە دایم
شی‌یاکەی گەر لە . . . هەلسووی لە گاگەلدا هەوا ناکا
بلوکم ماعیری شاعیر زەریف بمناسە ئەی سوفی (٣)
ئەزانی ماعیری وەك من لە دنیادا حەیا ناکا

دەرویش شەریف لە پیش مردنیا بە چەند سالیك چایخانەکەی نەما ، وە چەند سالیکیش لەوە پیش ئیبراهیمی کورری ئەیگیررا ، لە سالی ١٩٥٦دا کوچی دوایی‌کرد ، خوالی‌ی‌خوش‌بی .

---

(١) شیخ محمدی گولانی (٢) صالح پاشا (٣) بلوك پچووك‌کراوەی بالەیە ، بلەش پچووك کراوەی ئیبراهیمە ، وە مەرام لە سید ئیبراهیمی حەفیدە .




**( قامیشلی )**

دیمەنی شارە جوانەکەی کوردستانی سووریا قامیشلی




**( سـنـە )**

شاری بە ناوبانگی کوردستانی ئیران

زنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org



ئەمە بەشیکە لەکورتکراوەی ئەو یادداشتەی لەلایەن ئیراوە کوردەکانەوە پیشکەش کرا بە « ترای گڤ‌ی‌لی » ئەمین‌داری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاریس ، لە ١٩ ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٤٧ دا .

وەرگیر لە ئینگلیزی‌یەوە

محمد باقی سعید

بنکەی ژین
www.zheen.org

باری کورد لە ئیراندا :ـ کوردەکانی ئیران ئەو دەردە سەری‌و ستەم کاریەیان چیشت وەهەر ئەو بارە ناخوشی‌یەیان هەبوو کە کوردەکانی عیراق وە تورکیا هەیان بوو لە ژیر دەستی کونە پەرستانی ئەو وولاتانەدا .

سەر کردەکانی و ئەفسەرانی رەزا شاە سەربەست بوون بەهەوەسی خویان خوین بریژن بەرامبەر هەر جوولانیك روو ئەدات هەر چونیك بیت بو ئەوەی دوا پشوی کورد نەهیلن وە دەم بەســـتو بی هیزیان بکەن ، وەکو خاوەنی کتیبی « القضیة الکردیة » لە سالی ١٩٤٣ دا لە لاپەرە ( ٥٢ ) دا ئەلیت .

« هەر جورە کومەل‌و ریکخراویکی کومەلایەتی بوزانست‌و ئەدەب یاخود بو بیر دەر برین بوایە هەمووی قەدەغە بوو لە ئیراندا وە نابیت لە ناو ئیراندا هیچ شتیك بەکوردی بنووسریتەوە ، وەکو چون لە تورکیادا پی‌یان ئەووتریت تورکە شاخاوی‌یەکان هەروەها لە ئیرانیشدا نایانەوی پی‌یان بلین کورد بەلکو پی‌یـــان ئەلین « ئیرانی‌یە شاخاوی‌یەکان » ( وە بەتیرەیەکیان دا ئەنین لە فارس ) .

وە هەروەها « کولونیل نیل نستون » ئەلی سیاسەتی رەزا شاە هەر چەند زور بەتین‌و بەهیز بوو لەگەل ئەوەشدا هەر چونیك بوایە ئەمەی بو نەئەچوە سەر لەگەل کوردەکان‌دا ، سەدەها سەرەك هوزو تیرەکانی دوور خستەوە لە ناوچەکانی خویان‌دا وە زوری لی کردن کە لە تاران وە هیندی شوینی تر دانیشن وە هەر چیان شك ئەبرد دەستی کیشا بەسەریان‌دا ، وە هەروەها بنکەی سوپایی کردەوە بو پاریزگاری لەسەر ریگاکان‌دا وە لەو شوی‌نانەی کە ئیران ترسی لی ئەکرد لەلایەن کوردەکانەوە لە پاش ئەوەی هەموو سەرکردەکان‌و خاوەن دەست هەیە لە ناوی برد ، کوردەکان کەوتنە ژیر چەپوکی جەورو ستەمکاری مووچە خورە ئیرانی‌یەکانەوە ، وە دەستیان کرد بەتالان و تاوان کردن بی لی پرسینەوە .

بەدریژایی میژووی رابوردوو کورد هەر بەئاوانەوە بوون وە چاوەروانی هەلیك بوون بو ئەو روژەی کە هیوای بەرزیان بهیننە دی لە ئازادی و رزگاری‌و سەربەخویی بی ئەوەی کول بدەن وەبیەزن ، وە ئەم روژە پیروزەش هاتە دی . لە تشرینی دووەمی سالی ١٩٤١ دا کاتی سویندخورەکان ئیران‌یان داگیر کرد ، کوردستانی ئیران لەمە دوور بوو وە بەسەربەستی مایەرەو ئاواد بوو . قازی محمد پیشەوای گەورەی کورد ئەمەی بەهەل زانی بوخو ئامادە کردن بو دامەزراندنی کوماریکی خویی لە کوردستانی ئیران‌دا وە بو ئەم مەبەستە لەسەر ئەم پەیرەوانەی خوارەوە رویشتن :-

١ ـ لەسەر کوردەکانی ئیران پی‌ویستە بەش داربن وە دوا نەکەون وەخویان بخەنە ژیر فرمانەوە بو پیك هینانی کوماریکی خویی . وەلەلایەن کوردەوە هەموو ئیش‌و کاریکی هەل‌سوریت بو ئەوەی بتوانیت سەربەخویی وەرگریت لەو بەشانەی ( کوردستان ) کە ئەکەویتە ناو ئیرانەوە .

٢ ـ زمانی کوردی رەسمی‌یە لە وولاتەکەدا ، وەلە هەموو قوتابخانەکان‌دا بەهەموو پلەکانی‌یەوە پی‌ویستە بەکار بهینریت .

٣ ـ ئەنجوومەنی هەریمەکانی کوردستان پیویستە بە گورجی هەل‌بژیریت بە پیی دەستوری نوی بو ئەوەی بتوانیت دەست بکیشی بەسەر هەموو ئیشیکدا وە چاودیری

www.zheen.org

هەموو کاریکی دانیشتوان وە پیویستی‌یەکیان بکات

٤ ـ هەموو فەرمانبەرانی ئەبیت لە دانیشتوانی وولاتەکە بن .



« دیاری روژی نوی »
تیکوشەری بە ناوبانگی نەتەوەی کورد
« دکتور کامەران ئالی بەدرخان »

٥ ـ حزبی دیموکراتی کوردستان پیویستە هەول بدات بو ئەوەی برایەتی‌و یارمەتی

بەهیز تر بکات لەگەل دانیشتووانی ئازربایجان وە مەسیحی‌یەکان کەلە هەزیمی تر ئەژیان

٦ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان پیویستە هەول بدات بو بەرزکردنەوەی پایەی زانیاری‌و تەندروستی‌و ئابووری کوردستان بە پیش‌خستن‌و پیك هینانی پەروەردەکردن وە ری پیشان‌دانی تەندروستی‌و چاندن‌و بازرگانی .

لە ١٥ی کانونی یەکەمی سالی ١٩٤٥ دا ئالای نەتەوەی کورد هەلکرا بەزەماوەندیکی گەورە کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و سەروك هوزەکان‌و گەلی دانیشتوانی هەریمەکانی تر لەمەدا بەشداربوون .

لە ٢٢ ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ دا قازی محمد بە سەرکومار هەل‌بژیررا بووبە سەرکردەی کوماری کوردستانی سەربەخو وە ئەنجوومەنی وەزیران پیك هات. ئـەو کومارەی کە گیانیکی پیش‌کەوتنی هەبوو بو بەرژەوەندی‌و بەختیاری گەلەکەی‌و ئاسوودەیی‌یان لەگەل حکومەتیك کە دلسوزی تەواوی هەبی بەرامبەر یاساو دەستووری نوی وەلەسەری لانەدا بو هینانەدی پاشە روژیکی باش بوکومارە ساواکەی وەکوماری‌تازە لەپیش هەموو شتیکا ئاوری لە خویندن وە پەروەردە کردن دایەوە ، لەم بارەیەوە ( مستر . ل . رامباوت ) لە پەراوەکەیا [ The kurdis and the law ] ( کوردو یاسا ) لە لاپەرە ١٠٣ دا ئەلیت :

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی لە روژانی سەرەتای دامەزراندنی کومارەکەوە بانگ دانی سەربەخویی رووی دا لە هەموویان گرنگ تر ئەوەبو قازی‌محمد بە زەماوەندیکەوە قوتابخانەیەکی بەرزی بو کچان کردەوە وە بریاری دەرچوونی روژنامەیـەکی گەورەی دا لـە ژیر نـاوی ( کوردستان ) دا کە قسەکەربوو بە زوبانی کومارەوە ، وە دووەم شت کە ئاوری لی‌درایەوە ریك خستنی کاروباری ئابووری بوو وە بەریوەبردنی ژیانی شارسـتانی‌تی‌و کاروباری دادپەروەری‌و دانانی یاساو دەستوور وە ریك‌خستنی میلیشیای میللی بوو لەگەل رەنگ رشتنی وولات وە پیوانی ، وە هەروەها کاروباری تەندروستی بوو ، وەلـــە روژانی یەکەمی کومارەوە دەست کرا بە چاپ کردنی کتیب بە کوردی وە دانانی پەراوی قوتابخانەو گورینی پەراو لـە زمانی بیگانەوە بو کوردی لە هەموو روویـەکی

زانیاری‌یەوە .

وە رۆژنامە ئەدەبی‌و سیاسی‌یەکان دەریان خست کە گیانی کوردایەتی چەنـــد بەرەنگاری ئەکرا بەلام ئەمرو رزگاری بوو بەرەو ژیانیکی باشتر کەوتە ری هەرگیز وەستانی نی‌یە ، وە هەر بەو گیانە تازەیەوە زەوی و زار وە دابەش کردنی بـــە جوریکی یەك سان وەکشتوکال درا بە لیژنەیەك کە جی‌بەجیی بکات ، وە هەروەها بە زەماوەنـدیکی گەورە ئیسـتگەی کوماری نوی کرایەوە لە (مەهاباد) ئەم هەموو ئیشە گرنگانە لەم ماوە کەمەدا لە ژیانی کومارەکە پیك هات ، وە کومار هەنگاویکی تـازەی نا بـەرەو پیشـــەوە کە مژدەی خوش‌و بەختیـاری‌و اشتی‌یان ئەدا بە گەلی کوردکەوا دەرگای روژیکی رووناکیان لی کرایەوە .

بەرامبەر بەم هەنگاوانەی کە کوماری نوی نای بو پیشەوە کاربەدەستانی ئـیران سەروك کوماریان بانگ کرد بو (تاران) بو ئەوەی لەوی لەگەل کاربەدەستاندا بکەویتە گفتو گووە ، پیشەوا قازی محمد چوو بو ئەوی بەلام هیشتا بە تەواوی نەگەیشتبوونە ئەنجام وە ئەو ماوەیەی کە دانرابوو بو گفتوگو کردن تەواو نەبوو بوو کاربەدەستانی ( تاران هیزیکی گەورەیان ئامادە کرد بو لی‌دانی کوماری کوردستان .

بەرامبەر بەم کارە ناپەسەندەی کاربەدەستانی ئیران بو سەر کوردەکان کاربەدەستانی مەهاباد مەلا مصطفی بەرزانی دەنگ‌دا بو سـەرکردەیی ئەو لەشـــکرەی کە مولی خواردبوو وە ئامادە بوو لە دەوری شاری سەقزو محمد ئاباد ، وە زور جار هەردوو هیزەکە بەیەکدا ئەهاتن بەلام هیندە بەتین نەبوو ، وە توانیان هیزی ئیرانی‌یـــەکان بگرنەوە وە چەند شوینیکی بەهیز لە دەستیان بسیننەوە .

قازی محمد لەگەل پەیام نیری روژنامەی ( ئەی . ئی . پی ) ( A. E. P ) گفتوگویەکی کرد لە ١ی حوزەیرانی سالی ١٩٤٦ دا ( ووتی کوردەکان بەوەش قایل نەبن ئەگەر کاربەدەستانی ئیران برریاری ئـەوە بدەن لـەسـەر یاسای دیموکراتی تازە برون وە سەربەستی بدەن ، وە ئەو دەستوورەی بو کوردستان دانراوە لەسەری برون کە ئیستا بەرپایە لـــە کوردستاندا بو سەربەخویی زاتی وە بەریوەبردنی کاروباری کوردستان لەگەل هیزی سووپاییدا )

پەیام نیرەکە پرسی ( لەوەسل ناکەیت ئەم بەرامبەری ناکوکی‌یە لەمیان کوردستان وە کاربەدەستانی مەرکەزیی ئیران‌دا هەیە بیتە هوی ئەوەی کە بیگانە دەست بخاتە ئیش‌و کارتانەوە .

پیشەوا قازی محمد وەلامی دایەوە ( باری کوردستان زور جیاوازی‌ی هەیە لەگەل باری ئازربایجان‌دا چونکی کوردستان لەلایەن هیزی سوپایی سوڤیتەوە داگیر نەکراوە وە لەو کاتەوە کە رەزاشاه لەسەر حوکم نەماوە نەئەمنی‌یەی ئیرانی وە نەهیزی سوپایی نەی‌توانیوە بیتە کوردستانەوە لەبەر ئەوە ئیمە لەو کاتەوە هەر بەسەربەخویی ژیاوین وە لەگەل ئەوەشدا هەر نایەلین بیگانە دەست بخاتە ئیش‌و کارمانەوە لە هیچ لایـــەك ، کەوابو باری ئیستای کوردستان پەیوەستی بە ئیشی ناوەوە هەیە ، پیویستە لە بەینی کاربەدەستانی کوردستان وە ئیران‌دا جی‌بەجی بکریت‌و نەمینی وە ئەم تەنگ‌و چەلەمەیە لەبەر ئەمە پەی‌وەندی بە دەرەوە نی‌یە )

قازی محمد لە پاشا دووا لە بارەی خەباتی کوردەکانەوە بو سەربەستی‌و پیشکەوتن کە چون سزاو مەینەتیان چیشتوە لەریی ئازادی‌دا وە چون لە دوای شەری یەکەمەوە پیکەوەنانی دەولەتیکی کوردی لە پەیمانی ( سیڤەر‌دا ) بریار درا وە نەهاتەدی بەهوی کونە پەرستان‌و داگیرکەرانەوە ، بەلام ئەمرو ئیمە داوای ماف‌مان ئەکەین بەشانازی‌یەوە وەبە هەموو توانایەکمانەوە کە سەربەخویی‌یەکی زانیمان هەبیت بو نیشتمانـەکەمان ، ئەرك‌و چەوتی ئەکەویتە سەرشانی کاربەدەستانی ئیران کە تائیستا هیچ هەنگاویکیان نەناوە بو بووژاندنەوەی کورد لەم ناوەدا وە ئاوریان لە پی‌ویستی نەتەوایەتیمان نەداوەتەوە وە ئیمە بە گەرمی‌یەوە وەبە هیوایەکی بەتینەوە چاومان بریوەتە ، ریی پیشکەوتن وە زور ئاواتین بوی ، وەبو ئەم مەبەستە ئیمە نامانەوی لاسایی کویرانەی یەکیتی سوڤیت یاخود ئەمەریکا بکەینەوە لەگەل ئەوەشدا دەرگا لەسەرخومان داناخەین وە پەیوەستیمان لەگەل وولاتە پیش‌کەوتووەکان‌دا بەهیز ئەکەین بە پیی بەرژەوەندی گەلەکەمان وە نیشتمانەکەمان بی جیاوازی ) .

[ ماویتی ]

# [ پـــەرراوی نوی ]

## پیش مەرگە

( لاپەررەیەکە لە خەباتی نەتەوەی کورد بەرامبەر ئاغاوات‌و داگیرکەران لە دەورو بەری کوماری دیموکراتی کوردستانا ) :

ئەم پەرراوە نایابە لە نوسینی دکتور رەحیمی قازی‌یە ، ١٦٠ لاپەررەیە بریتی‌یە لە چیروکیکی ئاگرین کە لاپەررەیەکە لە تیکوشانی نەتەوەی کوردی قارەمان ، پرر بەدل پیروزبایی لە دکتور رەحیم ئەکەین ، وە هیواداریـن کە لەم پەرراوە سوود بەخشانە هەر لە زیاد بوونابی .

## دل و گـــل

ه لەم مانگەدا ( دل و گل ) ەکەی مەدهوش کەوتە بازاررەوە .

ه دل و گل بریتی‌یە لە ٢ چیروکی جوان‌و بەسوز ، چیروکی یەکەمیان دەربارەی بیروباوەرری کوردایەتی‌یە ، وە ئەوی تریان چیروکی کومەلایەتی پرر ناسورە پیروزبایی لە کاك مەدهوش ئەکەین وە هیواداریـن روژ بەروژ گەرمتر بی لە نووسینا .

## هەمـــەجور

بەم زوانە کومەلە هونراوەی کاك احمد شـوکری ئـەکەویتە بازارەوە کە بریتی‌یە لە چەند هونراوەیەکی کومەلایەتی‌و کورد پەروەری .

## بەهاری ژیان

( بەهاری ژیان ) کە کومەلە چیروکیکی کومەلایەتی‌یە لـــە نووسینی کاك محمود زیوەر بەم زوانە ئەکەویتە بازاررەوە .

## خوشەوی

کاك کەمالی محەمدی حاجی فرج خوا کورریکی پی بەخشی ناوی نا خوشەوی ، خوالی‌یان پیروزکاو لە سایەی دایك‌و باوکی دلسوزیا بە خوشی‌و کامەرانی پەروەردە بی هیوادارین لە دواروژا بیت بە رولەیەکی دلسوزی کورد

## ئامانج

لەم ماوەیە داخواکوریکی بەخشی بە کاك محمد حاجی تایەری کویی وە خیزانەکەی ناویان‌نا (ئامانج) هیوادارین بە ئامانجي کورد بگەن .

## دیاری

روژی یەك شەمە ریکەوتی ١٩٦١/٤/٢ دیاری خوشکە فەریدە محوی کچی ماموستا شیخ محمدی محوی کرا بو برای هونە رمەند کاك نەژاد عەبدە · پیروزبابیەکی بەگەرمیان لی ئەکەین وە هیوا دارین کە ژیانیان بەکامەرانی بەرنە سەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

## باوەرر ئەکەی ؟!

( ستیڤنسن ) ی نووسەری بە ناوبانگی ئینگلیزی لە سالی ١٩٣١ی زایی‌نیدا چیروکیکی نووسی لەو چیروکەدا نووسیبووی کەوا روژی ٣ی مانگی سەبتەمبەری سالی ١٩٣٩ی زایینی شەری جیهـــانگیری دەست پی ئەکا ...

کەچی نوقلانەکەی ستیڤـسن ریك هاتە دی .

# زانستی‌ی دەروون‌و ئـــەدەب

لە کتیبی چەند ووتاریك لـە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی‌یـەوە وەرگیراوە

محرم محمد امين

گومانی تیانی‌یە کە دەروون ( نفس ) چاوگەی هەموو هونەریکە ، وە زانستی‌ی دەروون کەلە دەروونی مروڤایەتی ئەکولیتەوە ئەتوانری بەکار بهینری بو شی‌ی‌کردنەوەو لیکدانەوەی هونەر . لیرەدا دووشت ئەکەویتە ئەستوی زانستی دەروون ' یەکەم ـ لیی بداتەوە چون کردەوەی هونەریی پیك دی ، دووهەمیش ـ ئـەو هویانەمان بو روون بکاتەوە کە مروڤیك ئەکا بە هونەرمەند . . کەوابی زانایەکي دەروونی دوو کیشـەی لەیەك نەچووی یەتەبەر کە ئەبی لە دوو ریگای جیاوازەوە لی‌یان بکولیتەوە لەکردەوەی هونەریدا زانای دەروونی بەرەو رووی بەرهەمیك ئەوەستی کە گەلی لایەنی چالاکی دەروونی پر گری‌و گولی تیاهەیە ، بەلام لـەگەل ئـەمەشدا بەرهەمیکە لەژیر جلەوی ویستن ( ارادە ) دایە ، وەلە ریگای هوشەوە پەیدا ئەبی .

وەلە دەربارەی هونەرمەندەکە خوشی‌یەوە پیویستە لەسەر زانای دەروونی‌یەکە لـە شیرازەی دەروونی بکولیتەوە ، بەواتە زانای دەروونی لە باری یەکەمدا کردەوەی هونەریمان بو یەکالا ئەکاتەوە ، بەلام لەباری دووهەمدا مروڤیکی زیندووی هەلکەوتوومان بو روون ئەکاتەوە کە کەسیکی سەربەخویە ، وە هەر چەندە ئـەم دووبارە بەیەکدا چوون‌و بەیەکەوە بەستراون ، کەچی هەمان بابەت‌و ئەنجام‌مان پی‌نابەخشن . لەکردەوەی هونەریدا هەندی زانینمان لە دەربارەی هونەرمەندەکەوە دەست گیرئەبی ، بـەلام ئەم زانینانە ئەوەندە فراوان‌و قوول نین ، وەلە باشترین باردا نوقلانە لیدانەو هیچی‌تر .

هەر وەکو ئەبینین پـەیوەندی ( گوتی ) بە دایکی‌یەوە ئەختیك بومانی روون ئەکاتەوە کە لەبەر چی ( فاوست ) هاوار ئەکا : ( دایك ، دایك ، ئای چاند ووشەیەکی سەیرە ! ) ، بەلام بەم پەیوەندی‌یەدا ناتوانین بزانین چون ( گوتی ) درامای ( فاوست ) بهینیتە بـەرهەم هەر چەندە سەرنج بدەینە لـە یەك چوونی ( گوتی ) و

قارەمانی دراماکانی‌ی . وە ئەگەر ریگاکەی دووهەمیش بگریین ، بەواتە لە کردەوەی هونەری‌یەوە دەست پی‌بکەین بو ئەوەی لە هونەرمەندەکە بگەین لەمە زیاترمان دەست ناکەوی . بو نموونە ، لە کردەوەی هونەریی ( فاجتر ) دا شتیکی ئەوتومان دەست ناکەوی بومانی‌ی دەربخا کە [ فاچتر ] هەندی جار نارەزووی ئـــەکرد بـەرگی ژنانە لەبەر بکا .

زانستی دەروون لەگەل ئەم هەموو پیش‌کەوتنەشیا تا ئیستا لە توانایدا نی‌یە بریاری راستی تەواومان بداتی لە دەربارەی کردەوەی هونەری‌یەوە ، بەلام هەمیشە لە کوشش نەکەوتوە بو روون کردنەوەی پەنهانی‌یەکانی دەروونی‌ی هونەرمەند .

لە لیکولینەوەی هونەریدا جیاوازی‌یەکی بنجی هەیە لە نیوانی رەخنەگری‌ی هونەریدا و زانای دەروونیدا ، ئەشی شتیك زور گرنگ بی لەلای یەکەمیان ، بـەلام لـەلای ئەوی تریان بایەخیکی ئەوتوی نەبی ، بو نموونە چیروکیکی دەروونی کەلــە ژیر کاریگەری [ نظری ] یە یەکدا دائەنری زانای دەروونی گوی ناداتی چونکە ئەم چەشنە چیروکانە خویان خویان لیك ئەدەنەوە لەبەر ئەوەی نووسەرەکە کارەساتەکان ئەگونجینی لەگەل [ نظری ] یەکانی زانستی دەروونیدا ، هەروەکو چیروکەکانی نوسەری ئینگلیزی [ الدوس هکسلی ] ، لەم چەشنە چیروکانەدا خەلکی تر نەك زاناکانی دەروون ئەگەرین بەشوین زانستی‌ی دەروونیدا . وە ئەو چیروکانەی نووسەرەکە دەروونی کەسەکانی‌ی لیك ناداتەوە ، ئانەمەیە کە زانای دەروون ئـــەبزوینی لی‌یان بکولیتەوە چونکە هەر ئەمە کە بتوانی ئەم دەرگایە بکاتەوە .

وە وەنەبی ئەم کیشەیە هەر لە چیروکدا بیتە پیشەوە ، بەلکو لە هەموو کردەوەیەکی ئەدەبیدا هەیە . لە دوو بەرگە چیروکە شانویی‌یەکەی [ فاوست ] دا ئـەبینین کـە دلداری‌یەکەی [ کریتشن ] خوی خوی لیك ئەداتەوە ، وە زانایەکی دەروونی ناتوانی هیچی بخاتە سەر چونکە شاعرەکە هیچی نەهیشتوتەوە زور بەجوانی‌و پوختی باسی ئەکا کەچی بەرگی دووهەمی [ فاوست ] پیویستی‌ی بە لیکولینەوەو روون کردنەوە هەیــە چونکە قوولی خەیالی شاعرەکەو کومەل بەستنی کارەساتەکان خویندەوار وورو سەر لی شیواو ئەکاو ئەبی یەکیك هەبی بوی لیك بداتەوەو روونی بکاتەوە تابتوانی ژیـری

پێی بشکێ . ئەم دوو بەشەی ئەم کتێبە زور بە ئاشکراو جیاوازی هەردوو ریگاکەمان بو دەرئەخا کە لەسەرەوە باسمان کرد . تاقی کردنەوەی شاعرەکە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا ، تاقی کردنەوەیەکی ئاسایی‌یە لە عالەمی مروڤی هوشداردا . بەلام لـــە دووهەمدا شتێکی زور سـەیرەو گەلی رووی هەیە ، وە پیاو ئەهێنێتە پێکەنـینو سەر سورمانو لە سنووری هەموو سەردەمێك ئەچێتە دەری ، وە هەرچی رەوشتو خوویەك کە هەیە فری‌ی ئەداتـە ئـەو لاوە . [ گوتی ] لە هەردوو بـــەرگی ئـەم کتێبەیدا شوێنەوارێکی ئەوتومان ناخاتە بەردەست تا بتوانین بلێین لە کاتی نوسینەوەی بـــەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا مروڤێکی ئاسایی‌بوە ، وەلە بەرگی دووهەمدا تووشی نەخوشی دەمار بوە ، وە تەنها ئەتوانین بە مەزندە بلێین کەلە بەرگی دووهەمدا تاقی کردنەوەیـــەکی زور قولتر دەرئەبری لە تاقی کردنەوەی مروڤێکی ئاسایی . زانای دەروونی بەناوبانگ [ یونج ] چەشنی یـەکەمی ناو ناوە [ ئـەدەبی دەروونی ] وەهی دووهەم [ ئەدەبی خەیالـــدار ] .

ئەدەبی دەروونی باسەکانی خوی لە عالەمی مروڤی هوشدارەوە هەل ئـەهێنجی ، وەکو تاقی کردنەوەکانی ژیان ، وە بریندار بوونی عاتفە ، هەموو کویرەوەری‌یـەکی مروڤایەتی . ئەم تاقی کردنەوانە لە دەروونی هونەرمەندا جی‌گیر ئەبی لەپاشا لە ئاستە ئاسایی‌یەکەی بەرزتری‌ی ئەکاتەوە تاوای لیدی ئەبی بە تاقی کردنەوەی هونەرمەندەکە خوی ئنجا بە جورێکی زور جوان دەری‌ی ئەبری کە هەستی خوێندەوار ئەبزوینی . لیرەدا هیچ شتێك نامێنێتەوە بو زانای دەروونی لەوە بەولاوە هویەکانی لیك بداتەوە هەروەکو بومانی‌ی لیك ئەدانەوە کەلەبەر چی‌ی [ ڤاوست ] دلی چوو بە [ کریتشن ] دا ، وەلەبەر چی‌ی [ کریتشن ] کورپەکەی خوی کوشت ، زوربەی زوری بەرهەمی ئەدەبی لەم چەشنەیە ، بەواتە لە چەشنی دەروونی‌یە کە باسەکەی لە تاقی کردنەوەکانی مروڤایەتی‌یەوە وەرئەگری ، لەبەر ئەوە بەم چەشنە ئەدەبە ئەووتری دەروونی چونکە هەموو تاقی کردنەوەکانی جیگای سەرسرمانو سەمەرە نی‌یە .

بەم پی‌یە ئەدەبی‌ی دەروونی ناتوانی پەردە دامالی لە رووی پەنهانی‌یەکانی عالەمو لە سنووری شتی ژێر پێشکاو ناچێتە دەری .

بـــەلام ئەدەبی [ خـــەیالدار ] پەردەی رووی ئـــەم عالەمە ئـــەدرینی و ئەوەی لیمان دیاری نی‌یەو وون، دەری‌ی ئـەخا ، ئیمە لـــە ئـەدەبی دەروونیدا ناپرسین ئەوە چی‌یەو ئەوە بوچی روویدا ، بەلام لە ئەدەبی خەیالداردا هەمیشە ئەم پرسیارە خوی ئەسەپینی بەسەرماندا ، لەباس‌و کارەساتەکانی‌ی ئەم ئەدەبە سەرمان سر ئەمینی‌و دلە ترسیمان پی‌ئەخاو ئەمان پەشوکینی لەبەر ئەوە ئەگەرێین بەشوین لیکدانەوەو روون کردنەوەدا ، رووداوەکانی ئەم ئەدەبە هیچی لە رووداوەکانی ژیانی راستەقینە ناچی ، بگرە ئەلی‌ی خەو ئەبینین ، یا لە لوچی بیـیرماندا شاراوەتـەوەو هەسـتی پی ئەکەین بەلام لە دەروونماندا پەنگی خواردوتەوە .

بویە خویندەواری ئاسایی تام لەم چەشنە ئـەدەبـــە نابینی ، بەلکو رەخنەگری‌ی ئەدەبیش لەبەر دەمیا دوش دائەمینی ، تا لـــیرەدا ئیشي زانای ئەدەبی‌ی دەروونی دەست پی‌ئەکا .


ئەم پەنهانی‌یەی ئەدەبی [ خەیالدار ] ی‌یە لەوانەیە گومانمان پی پەیدا بکا کەبـە ئانقەست بی ، بەلام هەروەهاش لەوانەیە بمان هینیتە سەر ئەوەی بلـین ـ هەروەکو [ فروید ] ئەلی ـ کە تاقي کردنـەوەیەکی مروڤایەتی‌یـە لە شیوەیەکی بـەرزدا خوی شاردوتەوە لە پەنا ئەم پەنهانی‌یەدا . لەبەر ئەوە زاناکاني ئـەدەبی دەروونی هەمیشـە کوشش ئەکەن ئەم پەنهانی‌یانە لیك بدەنەوەو تی‌بگەن بوچی شاعرەکە ویستویەتی تاقي کردنەوەکەی بشاریتەوە .

وە ئەو زانا دەروونی‌یەی لەسەر ئەم رایەی [ فرویدە ] ە سەیری‌ی ئەم جورە بەرهەمە ئەکا هەروەکو سەیری‌ی کیشەیەکی نەخوشی بکا کە پیویست بە دوزینەوە بکا چونکە ئەم تاقي کردنەوەیە لەگەل ژیانی راستەقینەی مروڤدا ریك ناکەوی ، جا زانای دەروونی هەول ئەدا کە ئەم خەیالە سـەیرە دابنی بە [ رەمز ] ی کە نوسـەرەکە ویستویەتی تاقي کردنەوەی راستەقینەی خوی لە پەنادا بشاریتەوە ، بە واتە ویستویەنی‌ی راستەقینە بگوریتەوە بە خەیال .

بەلام ( یونج ) ئەلی : ئەگەر ئیمە بلین شتی‌ی خەیال کراو لە تاقي کردنەوەیەکی ( خویی ) یەوە پەیدا بوە ، ئەوسا ئەبی خەیالەکە پاشکوبی ، کەچی هیچی تر نی‌یـە

له ( رەمز ) یك بەولاوە بو ( واقع ) ، بەم جورە خەیال رووت ئەكەینەوە لــــە هەموو سرووشتیكی بنجی ، بەواتە رەمزیكەو هیچی تر كە ئەمەش راست نی‌یە .

ئیستا ئیمە هونەر دائەنێین بە دەربرینیكی جوانی راستی هەلچوونی دەروون ئەمەش وامان لی‌ئەكا لە لیكولینەوەی دەروونی‌ی بـەرهەمی هونەری‌یەوە بچین بو لیكدانەوەی دەروونی‌ی هونەرمەندەكەخوی . جا لەم بارەدا پیویستە گوی بدەینە ئەو تاقی كردنەوە بنجی‌یەی خوی شاردوتەوە لە پەنا كردەوە هونەری‌یەكەدا . وەلە لای خوینەدەواری ئاسایی وا دەرئەكەوی كە ئەم تاقی كردنـەوەیـە شتیكی خەیالی‌یەو هیچ پەیوەندیكی بە عالەمی مروڤەوە نی‌یە لەبەر ئەوە بەراستەقینەی نازانی ، وە رەنگە هەر بەقسەی هیچ‌ر پووچی دابنی ، بەلام ئەوی راستی بی ئەم تاقی كردنەوە خەیالی‌یە وانی‌یە بگرە بەرهەمی خەیالیكی قوولە كە هەمیشە هونەری هەلكەوتوو پەیدا ئەكا .




شاری سلیمانی لە شەوی نەوروزی سالی ١٩٦١دا
هەزاران ئاگر لە سەربانەكان كراوەتەوە

# RCA

ـــ : بیستوتە لە شاری سلیمانی لە شەقامی کاوە

لەو شوینەی ناوی کاوەیە ئەم شتومەکە نایابانە هەیە ؟

ـــ : ئەی چون نەمبیستووە ؟ وا خوم ئامادە کردووە لەم روژانەدا سەریك لەو شوینە بدەمو دیاریی هاوین بکررم کە ( ئلاجەیەکی ) نایابە ...

ثلاجەی RCA ( ٩ ) پی بی ١٢٠ دینار

« « (١١) پی بی ١٤٠ «

رادیوی RCA ( ٦ ) گلوپی ( ٥ ) شەپولی ٢٦ دینار

« « (٦) « (٣) « ١٦ «

سلیمانی ـــ شەقامی کاوە

جەمالی حاجی فرج


تەلەفون ٤٠٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پیلاوی ئەهرام

پیشانگەی [ پیلاوی ئەهرام ] کەوتوتە سەر شەقامی مەولەوی لە تەنیشـــت ئەجزاخانەی رؤوف ، وە هەموو جورە پیلاویکی پیاوانە وە ژنانە لـــە پیلاوی ئەهرام بەپوختی دەست نەکەویت .

# خوشەویستی



(شوتشی)ی ئیمپەراتوری (چین) کە لە سالی ١٦٤٤دا لە تەمەنی ٦ سالیدا خرایە سەرتەخت ، لە تەمەنی ٢٣ سالیدا حەزی لە کەنیزەکیکی خوی کرد کە ناوی (تونج‌کوی‌فی) بوو بەلام کاتی کە ویستی بیهینی قانوون ریگەی‌نەدا چونکە بەگویرەی قانوون ئەبووایە ئیمپەراتور تەنیا ژن لە خیزانی (مانشو)ی ئیمپەراتوری بینی . لەبەر ئەمە شوتشی یائەبوو دەست لەو کەنیزەکە هەل‌گری وەیان لە ئیمپەراتوری بکەوی .

شوتشی‌ی دلداری پاك‌و راستەقینە دەستی لە تەخت‌و بەختی خوی هەل گرتوو ئەو پاشایەتی‌یەی کرد بەقوربانی خوشەویستەکەی وە ووتی من تەخت‌و بەختم وەك پیلاوە شرریك دیتەبەرچاو ، ئنجا رووی کردە پەرستگایەك وە لەویدا ژیانی بەسەربرد .

ئەم پاشا دلدارە کەمرد لاشەکەیان لە ئالتوون گرتوو بەرگی پاشایی‌یان لەبەرکردوو لەسەر تەخت دایان ناو لە ناو ئەو پەرستگایەدا دانرا ، وە تانزیکەی سی سەدە ئەو پەرستگایە بوو بە زیارەتگای دلداران . . .

لە هەموو لایەکی چینەوە دلدارن ئەهاتن بو ئەو شوینەو لەبەردەمی ئەو لاشەیەدا سویندیان بویەکتر ئەخواردو دەستیان ئەنایە ناو دەستی یەکەوەو پەیمانی دلداری‌یان ئەبەست .

# دستو ڤسکی

زوربەی بلیمەتەکان دلیان لەکلپەی سزاو ئاسورا پەروەردە ئەبی .

ە دستوڤسکی ی نووسەری هەرە گەورەی رووس ٨١ سال لەمەوبەر کوچی دوایی کردووە .

ە لە سالی ١٨٤٩ای زایینیدا کاتی کە دستوڤسکی لە تەمەنی ٢٨ ساليدابوو ، وە ناوبانگیکی گەورەی دەرکردبوو ، بەهوی ئەوەوە کە لە کومەلیکی نهینیدا دژی حوکمی قەیسەری هەولی ئەدا گرتیان وەخستیانە زیندانی قەلای (بەهتەر بول)ەوە ، ١٨ مانگ لەو قەلایەدا مایەوە ، ئنجا حوکمدرا بەمردن .

بیگومان حوکمی مردن بەرامبەر بەلاویك لەهەررەتیدا . کە نەخوشیش بی زور ستەمە ، لەگـەل ئەوەشدا ورەی بەر نەداو وە زور بەهیمنیەوە چاوەنوارری مردنی ئەکرد . ، بـەلام لەوکاتەدا کە سەربازەکان ریز بووبوون دەستریژی لی بکەن ، لەوکاتەدا کە تفەنگەکانیان ئامادەکردبوو بو ئاراستەکردن ، وە تریەی تەپل لەگویی ژیانا ئەزرنگایەوە ئالەوکاتەدا کەوا هەر لەگەل بیدەنگ بوونی تەپلەکانا دەستریژی لی ئەکرا چونکە ئەو تەپل لیدانە نیشانەی مردن بوو ، ئالەو کاتەدا لەپرر فەرمانی قەیسەر هات بو لی بوردنی .

بەم جورە دستوڤسکی کە لەسەر لیواری دەریای مەرگ بوو ، رزگاری بوو وە حوکمدرا بەحەپسی ئامردن ، ئنجا نیردرا بو زیندان ئالەوی بەدەم ئەرکي گرانی سوخرەوە بمری .

بەلام دوای ٤سال لەو حوکمەش رزگاری بوو وەکرا بەسەرباز ئاماوەی پینج سال، کە بیگومان سەربازیش لە بەندی کەمتر نەبوو وە لەشکرگاکان لە بەندیخانـە خوشتر نەبوو .

ژنی
www.zheen.org

دستوفسکی مردنی بە چاوی خوی دی ، وەهەروەها تالاویکی زوری لە زیندانا چەشت . . . ، بەلام لە ئەنجامی ئـــەو هەموو سزاوناسورەدا خوی هاویشتە کوشی بیروباوەرری کونەپەرستیەوە ، وەباوەرری بەوە نەما کە حوکمی قەیسەری بررمی ٠

لیون تولستوی لەم رووەوە دەربارەی دستوفسکی وتوویەتی ( دستوفسکی لە دەستەی فوریرەوە بیروباوەرری وەرگرتووە ، ئنجا کاتی کـــە ئەو بیروباوەررەهیچو پووچە لەمیشکیا نەما قینیکی بی ئامانی لەو دەستەیە هەل گرت ، بەلام دەردوو بەلا ئەوەبوو کەوا کاتی دستوفسکی لە فرروفیلی «فوریر» رزگاری بوو ، ئیتر قینی لە هەموو بیروباوەرریکی پیشکەوتە هەلگرت ، وەتا رادەیەك دل بەقین بوو قینەکەی وەك شیتی لی هاتبوو )

لەگەل ئـــەوە شدا کـــە دستوفسکی لە ماوەیەکا بیری کونە پەرستی وروژمی بردبووەسەر لەگەل ئەوە شاهەر نووسەریکی بزورگ بوو هەر دلی بەهەژاران ولی قەوماوان ئـــەسووتا ، هەرهەستی بەچەوتەو چەوبلی ژیانیش ئەکرد ،

دستوفسکی کە لە بوتەی ترسی مردن‌و زیندان‌و ئازاوەی بیرا پەروەردە بوو لە ئەنجامابی و بـــە گەورەترین نووسەر ، وەبە جوریك ناو بانگی دەرکرد کە لەمپەرر تائەوپەرری جیهان ناوی دستوفسکی وەك نالەی هـــەور دەنگی ئەدایەوە ونیستەش وەك نووسەریکی ( پیشکەوتەی‌نەمر ) ناوی لەسەر زمانی ملیونان ئادەمزادە ٠

تیکەی ژین www.zheen.org

## رووبە رووی مردن

دستوفسکی لە نامەیەکیا کە بو میخائیلی برای ناردووە ئەلی :

ئـــەمررو بردیانین بو مەیدانی سیمونوفسکی ، لەوی فەرمانی مەرگیان بو خویند ینەوە ، سەلیبیان داینی ماچی کەین ، ئنجا شیریان لەسەر سەرمان شکان ، دوای‌ئەوە بەرگی سپی‌یان پوشی‌ین ئنجا سیانیان لی راگرتین بو دەستریژ لی کرنیان ، چونکە ئەبوایە سی سی‌بمانکوژن ، من دوای ئەوسیانە بووم ، بەم‌جورە تەنیا یەك دەقیقەی مابوو بمکوژن ،

نووسینەکانی

بەناوبانگ‌ترین پەرراوی چیروك نووسی نەمر دستوفسکی ئەمانەن :

( مالی مردن ) ( تاوان و سزا ) ( گەوج ) ( برایان کارامازوف )

# باوك و كورر

هەر بۆی یادی باوكو كورری قارەمان .
بۆی یادی ئەو قارەمانە كوردانەی كە لەگەل كوررەكانیانا لە پیناوی كوردو كوردستانا كران بە دارا .



قارەمانی شەهیدی كورد
شیخ عبدالقادری شیخ عبداللهی شەمزینی
لە سالی ١٩٢٥دا لە پیناوی كوردو كوردستانا لەسەر سیدارەی توركە كەمالیە درنجەكان گیانی پاكي بەخشي .



قارەمانی شەهیدی كورد
سید محمدی كورری شیخ عبد القادری شـــەمزینی
لە ســالی ١٩٢٥ دا توركە كەمالیـــە درردندەكان لە سیدارەیان دا .

# شیوەکانی زمانی کوردی یـــەك ناگری بی ئەوەی کوزمانیکي کوردی پیك نەهینري

سلیمانی : باوکی تەنیا

چەند سالیکە ، بە تایبەتی ، دوای شورشی چواردەی تەمووز ، باسی چونیتی یەك گرتنی شیوەکانی زمانی کوردی ، هاتوتـە گوری ، گەلیك لە نووسەرانو زانایان و شارەزایانی زمانی کوردی ، پینوسیان خستوتە کار ، بو ئەوەی چارەیـــەکی ئەم دژوارە گرنگە بکەن ، کەوا نـەتـەوەی کورد سالان سالە بەدەستی‌یەوە ئەنالینی ، وەکو ئیمپریالیزمو داگیرکەران ئەم دژوارەیان کردوتە داردەستی خویان بو جەزرەبەدان لە نەتەوەکەمان ، ئەم تەقەلاو کوششانەی نوسەرانو شارەزایان کەلکیکی ئەوتوی نەبوو بو چارەسەر کردنی ئەم دژوارە ، هەروەها لە سالی ٩٥٩ و ٩٦٠ دا دوجار نوینەرانی ماموستایاني کورد لە شەقلاوە کوبوونەوە ، بە دورو دریژ لـــەم دژوارە دوان و چارەیەکیان بو دانا ، بەلام لەبەر ئەوەی ، کە ئەو کونگرەیە دەستەلاتیکی ئـەوتوی نەبوو کە بتوانی بریارەکانی لەم رووەوە بخاتە کار ، وە خوشی تەنیا کوبونەوەیـەکی جارەکی ( وەقتی ) بوو ، بریارەکان هەر لەسەر کاغەز مایەوە .

بەکورتی چارەکردنی ئەم دژوارە تا ئیستا هەر بەنوسینیو دەرخستنی بـــیروراو پیشنیاز بووە ، هیچ هەنگاویکی تەتبیقی بە دوادا نەهاتووە ، وەبە لای منەوە چاکترین ریگە بو لابەلا کردنی ئەم دژوارە پیکهینانی ( کوزمانیکی کوردی ) یە ، وە ئـەم کارە لەبەر ئەم هویانەی خوارەوە کاریکی ئەوتو گران نی‌یە :

١ ـ لە کوماری عیراقدا ، بە آشکرا پی لەوە نراوە کە کوردو عەرەب لـــەم کومارەدا برابەشن ، وە کوردەکان وەکو عەرەبـەکان مافی نەتەوایـەتی‌یان پاریزراوە ، کەواتە پیکهینانی کوزمانیکی کوردی لـە کوماری عیراقدا مافیکی بنچینەیی نـەتـەوەی کوردە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢ ـ وا ریکەوتووە لە کوردستانی عیراقدا ، گشت شیوەکانی زمانی کوردی هەیە وەکو سورانی‌و کرمانجی ( بادینانی ) و لوری [ فەیلی ] تا تەنانەت هەورامیش هەیە وە لەم شیوانەدا شارەزایانی ئەوتو هەیە کە ئەتوانن پیکەوە لەو کوزمانەدا بە آسانی بەو کارە هەلسن .

٣ ـ لەبەر ئەوەی کوردەکانی سوڤیت سەربەستن ، شارەزاکانیان [ لە زمانا ] ئەتوانن هاوکاری ئەو کوزمانە بکەن .

٤ ـ هەندیك لە نوسەران‌و شارەزایانی زمان لـە کوردستانی ئیران‌و سوریاوە ، هەلاتوون وان لە عیراقدا پەنابەرن ، ئەمانە زور بـە آسانی ئەتوانن هاوبەشی ئـــەو کوزمانە بکەن .

کەواتە پیویستە بی سی و دوو هەموو تەقەلای ئەوە بدەین کە بـەزووترین کات دەسگایەك پیك بهینری بە ناوی [ کوزمانی کوردی ] یە وە ، بەجوریکی وەها ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیابی :

١ ـ ئەم کوزمانە دەسگایەکی رەسمی بیت وە لەلایـەن کومارەکەمانەوە بـەریوە ببری وەلە بودجە [ میزانیە ] دا پارەی بو تەرخان بکریت .

٢ ـ ئەم دەسگایە ، دەستەلاتیکی ئەوتوی هەبیت کە بریارەکانی لـە کوردستانی عیراق‌و لەناو کوردەکانی سوڤیت‌دا بخریتە کارو بەجی بهینری .

٣ ـ ئەو پەراوو پەرتووکانەی کە لەمەودوا چاپ ئەکریت چە پەراوی قوتابخانەکان و زانستگەکان وەچە ئـەو گوڤارو روژنامانەی کەلـە کوردستانی عیراق‌و ســـوڤیت‌دا دەرئەچی لەبەر روشنایی بریارەکانی ئەنجومەنی ئەو کوزمانە بیت .

٤ ـ ئەم کوزمانە بوی هەبی کە بتوانی جوری نوسینی کوردی دابنی ئەمەیـــە باشترین ریگە بو یـەکگرتنەوەی شیوەکانی کوردی‌و چارەسەر کردنی ئـــەو دژوارە گرنگە ، پیویستە هەمووومان لە هەموو لایەکەوە هەولی بو بدەین‌و ئەو کوزمانـــە پیك بهینین .



www.zheen.org




# یاریی توپی پی

ئایا تیپی توپی پێی یانەی وەرزشی سلیمانی ئەتوانی ئەم ساڵ ناودەرکا ؟
بوچی بە تیپی ( مصلحە ) و ( سکك ) مان دوڕران ؟

باوکی شەماڵ

تیپەکەمان لەم دواییەدا لە بەغدا لەگەڵ تیپی ( سکك ) دا یارییکرد وە بە (٦) گول بەرامبەر بە هیچ دوڕرانی کە بێگومان ئەم ئەنجامــــە تیپەکەمانی لاوازو بێهێز پیشان دا ، بەلام پیش ئەوەی بکەومە باسکردنی هوکانی ئەم دوڕرانە تکا لەهەموو خوینەرەوە بەرریزەکان وەکاربەدەستانی یانەی وەرزش ئەکەم کەوا نەزانن خوانەخواستە من ئەمەوی سەرزەنشتیان بکەمو تووانجیان تیگرم ، بەلکو بە پیچەوانەی ئەوەوە ، من لەکاتیکا کە ئەو دوڕرانەم بە چاوی خوم دی هەستم بە خەمگینیکرد ، چونکـــە بەڕاستی دوڕرانیك بوو وەکو وتمان بوو بەهوی ئەوەی کە تیپەکەمان بە تیپیکی بی هیز بدریتە قەلەم .

ئەو شتە گرنگەی کە ئەمەوی لیی بدویمو زور چاك بە ئاشکرایی ئەیبینم ئەوەیە کە تیپەکەی ئیمە لەکاتیکا کە ئەیدوڕرینی بەشوین هوی دوڕرانەکەیا ناگەڕریو هەولنادا هوی ئەو ژیرکەوتنەی خوی بدوزیتەوە تا چاری بکا بەلکو بەپیچەوانەوە هوی دوڕرانن ئەداتە پال هەندیك شتی زور هیچو پووچ و ناگرنگ وەکو ئەلین « فلانو فلان لە تیپی بەرامبەر نەرمو نییان نەبوونو یاریکردنیان توندتیژ بوو . یان ئەلین کوڕری یاری کردنەکە باش نەبوو ... هتد ، بەلام لە راستیدا هوی دورانن لە خویانایە لەبەر ئەوە پیویستە یاریکەرانی تیپ هەموو لەگەڵ فیرکەری تیپدا دابنیشنو بە ئاشکراو

www.zheen.org

بەبی شاردنەوە لە هەڵەکانیان بدوین‌و وە گوی‌رایەڵ‌بن بو فیرکەریان و پەیرەویی ئاموژگاری‌یەکانی بکەن‌و خویان لە خوپەرستی‌و خوخویی دوورخەنەوە .

هەر تیپیك لە ولاتی لە ولاتانی‌تری جیهانا یاری‌یـــەك بدوررینی ئەگەرری بـــە دوای هوی ئەو دوورانەداو زیاتر لە جاران هەول ئەدا کە پیش‌کەوی و مەشق جوانتر بکا تا بتوانی رادەی هیزی خوی بپاریزی و پیشتریش بکەوی ، کەچی تیپی ئیمە بە پیچەوانەوە کە یاری‌یەك ئەباتەوە ئەکەویتە مەشق‌کردن‌و گەرم‌تر ئەبی لەجاران بەلام کە دوورانی سارد ئەبیتەوەو دەست لە مەشق‌کردن تا رادەیەك هەل ئەگری ... بەلام پیویست وایە کە لە سەرکەوتن‌و ژیرکەوتنا هەر لەسەر مەشق‌کردن برراو زیاترو زیاتر هەول بدا .



سەرکەوتنی تیپی توپی پی‌ی یانەی وەرزشی سلیمانی بەسەر تیپی ( پولیس ) دا بە یەك گول بەرامبەر بە هیچ وە هەروەها سەرکەوتنی بەسەر تیپی (یەکیتی ابوعوف) دا کە یاری‌کەری زور نایابی تیابوو وەکو قاسم محمود ( زەوی‌یە ) ، طارق جەحا ، وە لطفی عبدالقادر ، بوو بەهوی پەیدا کردنی ناوبانگیکی زور گەورە بو ئەم تیپە لەناو هەموو وەرزش پەروەراتی عیراقـدا ، هەتا وەکو ( عادل بشیر ) ی فیرکەری تیپی لەشکر ، وە سکرتیری یەکیتی‌ی یاریی توپی پی‌ی عیراق بە منی وت کەوا تیپی توپی پی‌ی سلیمانی‌ی زور چووە بە دلا ، وە ئارەزوومەندە کە لە زوویەکی زوودا یاریی ئەم تیپە ببینی .

بەلی بردنەوەی تیپەکەمان لە تیپی پولیس‌و یەکیتی ابو عوف دا ناوبانگیکی گەورەی بو پەیدا کرد ، بەلام ئایا ئەم سەرکەوتنە نیشانەی ئەوە‌بوو کە گوایا تیپەکەمان لە تیپە دورراوەکان بەهیزترو پیشکەوتووترە ؟ لە وەلاما ئەلی‌ین ( نەء ) ... چونکە رادەی هیزی ئەو دوو تیپـــە دورراوە لە رووی هونەروەری‌یەوە بەرزترە لە رادەی هیزی تیپەکەی ئیمە ، یاریی توپی پی هونەریکی بەرزە پیویستە هەولیکی بی پایان بدەین تا فیری ئەم هونەرە بین وە سەیرکەران شادو قایل‌کەین بە هونەری یاری‌یەکەمان



www.zheen.org

نەك بە ئەنجام کە ( بردنەوەیە ) ، گەلیك جار سەیرکەران لە تیپی دورراو قایل ترن چونکە جوانترو ریكو پیكترو نەرمو نیانتر یارییان کردووە .

بو نموونە : تیپی ( پولیس ) و ( مصلحە ) دووجار لەگەل یەکتری‌یا یارییان‌کرد ، وە لە هەردوو جارەکەدا ( پولیس ) بردی‌یەوە کەچی لەگەل ئەوەشدا سەیرکەران هەر لە ( مصلحە ) قایل بوون چونکە یاری‌ی ئەوان جوانترو هونەرمەندانەتر بوو .

هوی دوورراننمان بە تیپی ( مصلحە ) ٣ــ١ زورە بەلام گرنگترین هوی ئـــەو دوررانە بی هیزی هیلی هیرش بردن بوو کە گەلیك هەلی لە دەس چوو کە ئەیتوانی ئەگەر ئەو هەلانەی لەکیس خوی نەدایە چەند گولیك بکا بەلام بەوەی باش بوو بەرەی بەرگریمان زور بەهیز بوو نەگینا مصلحە لە ٣ گولی زیاتر لی ئەکردین .

لەو باوەررەدا بووم کە ئەم دوررانە سوودیکی گەورەی ئەبی چونکو یاری‌کردن لەگەل تیپیکی وا بەهیزدا کە یاری‌کەری چاکی تیایەو لە دوای تیپی لەشکرەوە بە تیپیکی بەهیز دائەنری کەچی داخی گرانم لە ئەنجامی کەم مەشـــقیدا ئەم یاری کردنانەش لەگەل ئەو تیپە بەهیزانەدا سوودیکی ئەوتوی نەبوو ، بەلگەش بو ئەوەی کە تیپەکەمان لە دوررانتیا لەگەل ( مصلحە ) دا پەندی وەرنەگرتو هەلەی خوی چاك نەکرد دوررانە دوا بە دواکەی تری بوو کە تیپی ( سکك ) ٦ گولی لی‌کرد بە هیچ جا هوی ئەم دوررانەی دووەم چی بوو ؟ کە ئاشـکراشە تیپی ( مصلحـە ) لە تیپی ( سکك ) زور بەهیزترە .

هوی ئەم دوررانەش ( کەم ورەیی ) وە نەبوونی یارمەتی دانی یەکتری یە .

یاری‌کەرەکانی ئیمە ئەمەندە گوی یان نە ئەدایە ( یەکیتی‌ی یاری‌کردن و یارمەتی یەکتری دان ) بەلکو یاری‌یەکەیان زوری تاك تاکی بوو ، وە ئەمەش بوو بەهوی ئەوەی گەلیك جار کەلەبەر ئەکەوتە بەرەی ئیمـــە ، وە تیپی ( سکك ) لەم کەلەبەرانەوە هیرشی ئەبردوو هەلی لەکیس نە ئەدا ، وە هەروەها یاری‌کەرەکانی ئیمـە تیکررا یارییان باش نەئەکرد جگە لە قوژبنی راستو شوبهی ناوەراست .

لە کوتایی‌دا تکاو هیوامان ئەوەیە کە تیپەکەمان لە هەلەی پیشووی سوود وەرگری‌و وە هەول بـــدا کە جاریکی‌تر هەلەی وا نەکاتەوەو بە گەرمی مەشق بکا چونکە بەرەو پیری وەرزی نوی ئەبیتەوە .

# یەکەم مان گرتن

یەکەم مان گرتن لە مێژووی ئادەمزادا سالی ۳۰۹ی پێش زایینی رووی‌دا . ئەریستوسی سەرکردەی تیپی موسیقای شمشال ژەنی‌ی یونانی داوای لـــە تیپەکەی کرد کە لە پەرستگای ( جوبیتەر )دا بوون کە مان بگرن لەسەر ئەوەی پیاوانی تایبیی ئەو پەرستگایە رێگەیان نەدابوون کە ئەم شمشال ژەنانە لە ناو پـــەرستگاکەدا نان بخۆن .

# بیستووتە ؟ کە :

- فلیپینی‌یەکان چەشنە شمشالیکیان هەیە بە لووت لی‌ی ئەدەن ؟
- ( ئەدرین کویزت ) ژنە بەلجیکی‌یەکە تـەمەندە دوو دلە ٦٥٢ جار دەسگیرانی گرتووەو ٥٣ جاریش شووی کردووە ؟
- پیاویکی هیندیی سوور کە سەرۆکی خیلیکی هیندی‌یە دریژیی پرچی ۳۰۰ ئینجە
- (هیس)ی [ یاریدەدەری هیتلەر ] کەلە کۆتایی شەرری جیهانگیریی دووەمەوە لە بەندیخانەدایە بەرەلا کراوە بەلام ئیستە لە شیتخانەدایە .

## راستکردنەوە


لە ژمارە ــ ۱ ــ دا لە وتارەکەی ماموستا « شیخ مصطفی » دا لە لاپەررە ٤٧ دا لە « حەدیثەکەی پیغـــەمەمەردا ـ ص » هەلەی چاپ رووی داوە راستی‌یەکەی بەم جورەی خوارەوەیە :

ما أكرم النساء إلا كريم ولا أهانهن إلا لئيم

# لا
# فا
# وە
# کە

رۆژی ١٩٦١/٤/١٤

لە دەمەدەمی ئێوارەدا ئاسمانی سلێمانی بە هەورێکی رەشی مەیلەو سەوز تەنرا ، لە سەعات شەشدا باران دایکرد ئەوەندەی پێنەچوو ترس لە هەموو دلێك نیشت ، هەر کەس لەبەر خۆیەوە ئەیوت [ لە سەرەتای لافاوەکەی ٩٥٧ ئەچی ] باران تا ئەهات بە گوڕر تر ئەباری ، لە پڕر دایکردە تەرزە بارین ، شەستو رەهێلەیەك دەستی پێکرد یەکسەر شاری نایە کۆشی سامو مەترسی‌یەوە . .



لافاوەکەی سالی ( ١٩٥٧ ) لە شاری سلێمانی

هاکا لافاو هەستا ، هاکا لیشاوی شاخی گوێژە سلێمانیی رامالی بەلام بەندئاوە تازەکە جار جار هیوای ئەررشتەوە دل ،

بێگومان ئەگەر ئەو بەنداوە نوێیە نەبوایە نیوەی سلیمانی کاول ئــەبوو چونکە یەك سەعاتو چارەکیك بارانو تەرزە بێوچان باری ، لەگەل ئەوەشدا هەندیك خانوو خەریك بوون بتلیسینەوە ، وە هەندیکیش دیواریان تلیسایەوە ؛ وە ژنیکی گەنجیش کە ناوی [ خدیجە احمد ] ە لـە گەررەکی مەلکەندی ئاو بردی ، لـە مەیدانی کا فروشەکان لاشەکەیان گرتەوە ( لای حەمامی سوورەت ) .

ئەم لافاوە ئەگەرچی زیانیکی ئەوتوی نەدا بەلام مردنی ئەو ژنە گەنجە کە دوو منالی هەیە بووبە ناسور بو هەموو شاری سلیمانی .

لەگەل ئەوەشدا کە بەنداوە تازەکە ئاویکي زوری گل دایەوە ، هیشتا شەقامەکان هەر نەیانئەکیشا ، لە هەندیك شەقاما تا کەمەری زەلامیك ئاو هەستا بوو وە لەگەلیك کولانا شیوەکان تەقیبوون ، وە ئەگەر خوپاراستنیکي زور ورد نەبووایە گەلیك کەس لەو کولانانەدا ئاو ئەیبردن .

بەم لافاوەدا بومان دەرکەوت کەوا پیویستە بــەنداوە تازەکە قولـتر کری وە هەروەها زیرابەکان زوریان سـەر لەنوی هەل بدرینەوەو چاك بکرین چونکە ئـەم زیرابانە تەنگەبەرن وە قوول نین ، وە هەروەها شیوە کونەکانیش ئەگەرچی قووان بەلام لە زور شوینەوە لە کاتی لافاودا ئەتەپی . بەم بونەیەوە داواکارین کە هەول بدری بو چاك کردنی زیرابەکان .

٩٥٦ سالی لەمەو بەر خەلیفەی فاتمی ( العزیز باللە ) بو یەکەم جار لەمیژووی ئادەمزادا پوستەی هەوایی پیك هینا ، ئەم خەلیفەیە ٦٠٠ کوتری نامەبەری بو ئەم ئامانجە تەرخانکرد کە نامەیان لە بەینی میسرو شاما ئەهیناو ئەبرد .

www.zheen.org

# كەشتی‌ی ئاسمانی

ئادەمزاد لە هەزاران سال لەمەو بەرەوە ئەیەوی وەك مەل بال بگری ، تـا لە ئەنجاما توانی‌ی بالون دروست بكا ئنجا فرروكە ، وە دەست بكا بە گەشـت كردن‌و شەرر كردن بە فرروكەی زور بە گورر . بەلام لە سەدەی بیستەما خولیای ئەوەی كەوتە سەرەوە كە ئەستیرەی دەست كرد بنیری بو ئاسمان ، لەمەشا شەركەوتو چەند ئەستیرەیەكی نارد كە بە دەوری زەمینا بخولینەوە .

لەم رووەوە ( یەكیتی سوڤیتی بوو بە یەكەم دەولەت لە جیهانا ) چونكە توانی‌ی [ ساروخیك بگەیینیتە مانگ ] ..

زانا سوڤیتی‌یە بزورگەكان نیازیان وایەكە ئادەمزاد بگەیینە ئەستیرەكان، وەهیچ گومانی تیانی‌یە ، كە لەمەشا سەر ئەكەون وە روژیك ئەبی كە ئادەمزاد ئەستیرەو ئەستیرە گەشت بكا ، زانایانی سوڤیتی دوای ئەوەی لە گەلیك تاقی كردنەوەی كەشتی ئاسمانی‌یا سەركەوتن ئنجا برریاریان‌دا كە ئادەمزاد بنیرن بو ئاسمان ، ئەوەبوو لە روژی ٩٦١/٤/١٢ دا ئادەمزادیكیان نارد بو ئەودیو تویژی هەوایی زەمین ، ئەودیو هیزی راكیشانی زەمین وە گەررانیشیانەوە .

بی‌گومان ئەم سەركەوتنەی زانایانی سوڤیتی مژدەیەكە بو دوا روژیكی زور رووناك

٥ ٥ ٥

٥ زانایانی سوڤیتی روژی ١٩٦١/٤/١٢ ئادەمزادیكیان بە كەشتی‌ی ئاسمانی نـارد بو ئاسمان ، وەبە ئاسـانی كەشتی‌یەكەیان لەو شوینەدا نیشانەوە كە بو نیشـتنەوەی دانرابوو وە ئادەمزادی كەشتی‌یەكە كە ناوی [ گاگارین ] ە بە سەلامەتی گەیشتەوە سەر زەمین .

٥ كاتی كه میجەر گاگارین له ئاسمان بوو زانایانی سوڤیتی به تەلەفزیونو رادیو ئاگاداری بوون .

٥ قورسایی كەشتییەكه [ ٤٧٢٥ ] كیلوگرام بوو به گاگارین خویەوه .

٥ كەشتییەكه ناوی [ فوستوك ] ه بەمانا « روژهەلات » .

٥ كەشتییەكه [ ٣٠٢ ] كیلو مەتر بەرزبووەوه .

٥ گاگارین له ئاسمانەوه وتی :

من ئیسته لەسەر ئەمەریكای خواروەوم زور بـــه جوانی زەمین ئەبینم ، وەزعم زور باشه ، هەندیك شوینی زەمین بـه جوانی ئەبینم بەلام هەندیك شوین بووه به ژیر هەورەوه ، كەشتییەكەم زور بـەباشی ئەفری ، مەكینەكان بـــه باشی ئیش ئەكەن .

ئاسمان رەشـه

گاگارین وتی : رەنگی زەمین شین بوو بـەلام رەنگی ئاسمان رەشو تاریك

زانایەكی سوڤیتی وتی

[ بەم زوانه دووەم ئادەمزاد ئەنیرین بو ئاسمان ]

دلی كەوته كوته كوت

دكتوره سوڤیتییەكان ئەلین [ كاتی كه كەشتی یــەكه خەریك بوو بفری دلی گاگارین كەوته كوته كوت بەلام دوایی چاك بوو .

سەرنج : كاتی كه گاگارین له راكیشانی زەمین دەرچوو قاچو دەستی قورسیی نەما ، وه وای هەست ئەكرد كه قاچو دەســـتی نییه وه هەروەها خوشی وەك پەپوولــــه بەرز بووەوەو لــــەناو كەشتییەكەدا ئەهاتو ئەچوو .

بنكەی ژین
www.zheen.org

## گاگارین کێیـــه ؟

- ناوی [ یوری ئەلیکسفیچ گاگارین ] •
- تەمەنی ٢٧ ساڵە
- فڕۆکەوانە بە ڕوتبەی [ میجەر ]
- ژنەکەی ناوی [ ڤالنتینا ] یە ، دوو کچی هەیە ، کچێکیان یەك مانگە
- باوكو دایکی ماون .
- فڕۆکەوانیکە کەلە دەمیکەوە ناوبانگی ئازایەتیی دەرکردووە .
- گاگارین حەز لە یاریی ڤالی بوڵو باسکت بوڵو خو خلیسکانی سەربەفر ئەکا
- حەز لە نووسینەکانی تولستویو پوشکینو تشیکوف ئەکا .

| |
|---|
| ٨٩ دەقیقە : ئەم کەشتییە ئاسمانییە بە ٨٩ دەقیقە بە دەوری زەمیندا خولایەوە بەلام ١٠٨ دەقیقە لـە ئاسمانا مایەوە چونکە نزیکەی دەورەو نیویکی کرد . |

نیکیتا خروشوف بروسکەیەکی بو گاگارین لێدا ، لەو بروسکەیەدا نووسیبووی : گەلی سوڤیتی شانازی ئەکا بە ئازایەتیتەوە ، ئەو کردەوەیەی تو بوو بـــە دروشمی ئازایەتیو قارەمانیتیو قوربانی ، ئـــەو گەشتەی تو کردت لاپەڕەیەکی تازەی لـــە میژووی ئادەمزادا نووسی ، ئەم کارەی تو دڵی ڕۆڵەکانی سوڤیتی پڕ کرد لە شادیو شانازی کردن بە وڵاتی سوشیالیزمی ، پڕ بەدڵ پیروزبایی گەڕرانەوە پڕ شادمانیکەت ئەکەم .

ژینەی ژین
www.zheen.org

# دەربارەی گـاگـارین

## لـــە چەنـــد دیرریکدا

- گاگارین کاتی گەیشتەوە سەرزەمین زور دڵخوشو ڕووخوش بوو .
- لە هەموو جیهانەوە کاربەدەستانی دەوڵەتانو ، زانایانو ، ناوداران و ریکخراوان

بروسکەی پیروزبایی‌یان لی‌دا بەبونەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەوە .

ه ژنەکەی گاگارین ئەیزانی کەوا میردەکەی ئەچی بو ئاسمان لەگەل ئەوەشا زوری پی خوش بوو .

ه روژی ١٩٦١/٤/١٣ گاگارین گەیشتە موسکو ، وە خروشوف‌و هەندی لـــە کاربەدەستانی حکومەت‌و سەرکردەکانی حیزبی شیوعی سوڤیتی چوون بەپیریەوە .

ه هەموو شاری موسکو خروشا وەبە سەد هەزاران چوون بەپیر گاگارینی قارەمانەوە

ه حکومەتی سوڤیتی هەر کە گاگارین گەیشتە موسکو چەند سارووخیکی بەو بونـە شادەوە تەقان .

ه گاگارین لەقەبی [ قارەمانی یەکیتی سوڤیتی پی بەخشرا ]

ه وە هەروەها گەلیك شارو شەقامی بە ناوەوە ناونرا ، وە ئەوانەی لەو روژەدا منالیان بوو ناویان نا گاگارین

ه مەدالیای لنینی درایە .

ه وە هەروەها مەدالیای ئەستیرەی زیرینی پی‌بەخشرا وە بریار درا کە پەیکەری برونزی بو بکری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## [ ئاشـــتی ]

نیکیتا خروشوف لە وتارەکانیا دەری خست کە ئەم سەرکەوتنە هەنگاویکی زور گەورەیە بو پاراستنی ئاشتی‌ی جیهان ، وە هەروەها وتی کەوا یەکیتی سوڤیتی ئەم سەرکەوتنە بو ئاشتی بـەکار دینیت ، وە دژی شەررو شەرگیرانە ، وە هەروەها وتی ئیمە سارووخەکانمان بو خزمەتی ئادەمزاد بەکار دینین نەك بو کاول کردنی جیهان .

# گوشەی زانست

## مردن

### دوو چەشـــنە

کـــە یەکیك ئەمری وەئەبی ئیتر مردبی‌و دەستی لی شورابی چونکە مردن دوو چەشنە :

١ ـ مردنی ( ئکلینیکی ) : ئەو کەسەی کە دلی یەکسەر لە لیدان ئەکەوی‌و هەناسەی بەتەواوی ئەوەستی‌و چاوی وشك ئەبی ئەلین مرد ، وە ئەیبەن ئەیشون‌و ئەینیژن ، بەلام ئەم مردنە مردنی یەکەمە کە پی‌ی ئەلین مردنی ئکلینیکی .

٢ ـ مـــردنی ( بایولوجی ) لە چەشنی یەکەمی مردنا هیشتا شانەکانی ئەوکەسە نـــەمردووە « شانە = خایە » بەلام لەگەل ئەوەشدا مانای ئەوەیە کەوا ئەوکەسە لەپاش چەند دەقیقەیەك ئەمری . ئەم چەشنە مردنەی دووەم پی‌ی ئەلین ( مردنی‌بایولوجی ) .

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەم جورە وەکو بە تەواوی بو زانایانی دکتوری ساغ بوتەوە ئادەمزاد ئەگەرچی دلیشی بوەستی بەلام تا (شانەکانی نەمرن ) نامریت .

لەم رووەوە وا رووداویکتان پیشکەش ئەکەم .

(شریانوف ) ی چاوەشی توپچی‌ی لە شکری سوڤیتی لە جەنگی دووەمدا بومبایەکی بـــەرکەوت رانی راستی ونجرو ونجر کرد ، وەبە جاری دەمارو گوشت‌و ئیسکی تیك شیلا ، ئـــەگەرچی لـــە خەستەخانەکەدا زور خەریکی بوون بەلام مرد ،

وە لە ژوور سەری نووسرا «مرد بەهوی خوین لی روشتنیکی سەختەوە ، لە روژی ١٨ ی ئیپریلی سالی ١٩٤٤ دا لە سەعات ١٩و ٤١ دەقیقەدا گیانی دەرچوو » لەم کاتەدا کە لاشەی « شریانوف » لە سەر قەرەویلەیەك دانرابوو وە دکتورەکان

به خەمگینیەوە بە دیاریوە وەستابوون لەپرر پرروفیسور ( بخوفسکی ) ی بەناوبانگ لەگەل یاریدەدەرەکانیا خوی کرد بە ژووراو گورج دەستی دایە هەگبەکەیی‌و کردیەوەو کەوتە هەول دان بو رزگارکردنی شریانوف کە مردبوو ! !

وەکو وتمان شریانوف لە سەعات ١٩و ٤١ دەقیقەدا مرد ، دلی لە لیدان کەوتوو هەناسەی لی برزا ، بەلام لە سەعات ١٩و ٤٥ دەقیقەو ٣٠ چرکەدا لە راپورتەکەی ژوور سەری گورج نووسرا « دلی یەکەم لیدان لیی دایەوە » وە لە سەعات ١٩و ٤٨ دەقیقەدا نووسرا « ماسولکە کانی ملی رەق‌بوو . . . : دەستی‌کردەوە بە هەناسە دان » « لەسەعات ٢٣دا نووسرا بە ئاسانی ئەنوی‌و خەبەری ئەبیتەوە » ..

لە پاش ٢٤ سەعات لە مردنی ( ئکلینیکی )ی شریانوف ، راپورت بەم جورە نووسرا « شریانوف چاوی ئەبینی »

## چون لە مردنی بایولوجی رزگاری بوو ؟

باسەرنج بدەین ، ئەم پیاوە چون لە مردنی تەواوی کە پیی ئەلین بایولوجی رزگاری بوو !

( بخوفسکی ) فەرمانی‌دا کە یەکیك لە یاریدەدەرەکانی گورج هەناسە بەشریانوف بکەنەوە ، ئەویش بوری‌یەکي لاستیکی خستە ناو بوریی هەوایی شریانوفەوە وە بە ئالەتیك دەستی‌کرد بەهەوا تی‌کردن بەم هویەوە سی‌یەکانی کفیان کرد وە ئەمەکاری کردە میشك . هەر لەم کاتەشدا خوینیان کردە ( شریانیکی قولیەوە ) لە جیاتي ( وەرید ) وە بە ئالەتیك کە پیی ئەلین « بوبروف » پال بە خوینەکەوە نرا ،

بخوفسکی ئەیویست دلی شریانوف بخاتەوە ئیش ، شریانوفیش خوینیکی زور زوری‌لی روشتبوو ، کەچي لەگەل ئەوەشا لە ئەنجاما توانیی دلی بخاتەوە ئیش ، وە بو ئەم ئامانجەش هەولی‌دا کە خوراك بگەیینی بە ماسولکەی دلی ،

بەم جورە بخوفسکی « ئەو سەربازەی لە مردنی تەواو - مردنی بایولوجی » رزگارکرد وەهەروەها ٤٤ کەسی بەو چەشنە لە مردن رزگار کردووە .

# كومەڵەی خویندكاران

## دەنگ و باسی كومەڵەی خویندكارانی كورد لە ئەوروپا

ە نیاز وایە لە سەرەتای مانگی ئاب دا وەفدی كومەڵە بچیت بو موسكو لەسەر بانگكردنی لاوانی یەكیتی سوڤیتی بو ( فورومی لاوانو قوتابییانی جیهان ) فوروم = كوبوونەوەیەكی گەورەی نوینەرانی لاوانو قوتابییانی جیهانە كە لەو كوبوونەوەیەدا لەگەلیك مەسئەلەو دژوار ئەدوین .



تیكوشەری كورد ( كاك عصمت شریف )
سەرەكی كومەڵەی خویندكارانی كورد لە ئەوروپا

ە ئەم وەفدە دوای تەواو بوونی كوبوونەوەكە سەر لەو ناوچانە ئەدەن كە كوردی تیا ئەژی .

ە رەنگە لەبەر روشتنی ئەو وەفدە كونگرەی شەشەمی كومەڵە دوا بخریت بو روژی ٩٦١/٨/٢١ .

ە كومەڵە لەم بەینەدا (٥) زەماڵەی خویندنی لە دەوڵەتی ئەلمانیای دیموكراتی وەرگرت وە ئیستە (٥) ئەندامی كومەڵە لەسەر حسابی دەوڵەتی ناوبراو ئەخوینن .

ە یەكیتی قوتابییانی جیهان وە گەلیك لایتر بەلینیان داوە كە زەماڵە بدەن بە كومەڵە .

ﻫ ئیستە زور لە ریکخراوانی قوتابی ، لەمانە یەکیتی قوتابی‌یانی جیهان ، وە ریکخراوە عیراقی‌یەکان دوستایەتی‌یان لەگەل کومەلەدا هەیە ، وە ئەم دوستایەتی‌یەش بەرەو پتەو بوون ئەچی .

ﻫ ئەو قوتابی‌یە کوردانەی جاران بەربەرەکانی‌ی کومەلەیان ئەکرد ، ئیستە زوربەیان باش بوون ، وە ئەیانەوی بچنە ناو کومەلەوە ، وە کومیتـەی بەرریوەبەری گشتی سەیری داواکانیان ئەکا .

ﻫ لەم بەینەدا بیجگە لە گوڤاری « کوردستان » چەنـد چاپکراویکی‌تری کومەلە دەر ئەچی .

ﻫ کومەلەی خوینـدکارانی کورد لە ئەوروپا زور شانازی ئەکا بەیارمەتی‌ی هاو ولاتی‌یانەوە ، وە داوایان لی ئەکا کە زیاتر یارمەتی کومەلە بدەن .

ﻫ کومەلە دووبارە دەری ئەبرریتەوە کە هەندیك روژنامەی کوردی‌و پەرراوی کوردی هەن پی‌یان ناگا ، لەبەر ئەوە تکا لە خاوەنەکانیان ئەکا کە کەمتەرخەمی نەکەن لە ناردنی روژنامەو پەرراودا .

ﻫ سکرتیری کومەلە بەناوی کومەلەوە سلاوی نارد بو قوتابی‌یانی کوردستان ( لە سلیمانی ) .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## رومانیا

روژی ١٩٦١/٤/٢ لە لایەن کومەلەی خویندکاران ( لە رومانیا ) وە پەیوەستی‌ی قوتابی‌یانی عیراقەوە ئاهەنگیك پیك هینرا ، لەو ئاهەنگەدا دوو وتار پیشکەش‌کرا ، وتاریکیان لەلایەن قوتابی‌یە عیراقی‌یەکانەوە ( پەیمانی بەغدا ) وە وتارەکەی‌تر لە لایەن نوینەری کومەلەی خویندکارانەوە ، کـە دەربارەی نەوروزو تیکوشانی نەتەوەی کوردبوو . . . . ، وە هەروەها هەلپەرکی‌ی کوردی گیرردرا ، وەگورانی‌ی کوردی‌و عەرەبی پیشکەش‌کرا . . .

ﻫ کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ( لقی رومانیا ) ئەم سال نەیتوانی کارتی جەژنە پیروزەی ( نەوروز ) چاپ بکا لەبەر بی پارەیی ،


# لەندەن

لە لەندەنیش لە رۆژی نەورۆزدا کۆمەڵەی خوێندکاران ئاهەنگێکی خۆشی کرد ، وە گەلیک کەسی بانگ کردبوو لەوانە تیایانابوو ، ئینگلیز ، رووس ئەفریقی ژاپۆنی ، سویسری . . . . ، هتد .

لە سەعات ٨و١٥ دەقیقەدا ئاهەنگەکە بە سروودی نەورۆز کرایەوە ، ئنجا کاك سعدی امین وتارێکی جوانی دەربارەی ژیانی کوردو خەباتی خویناویی کورد پێشکەش کرد ، وەکاك حەمە صالح قەرەداخیش هونراوەیەکی خوی بەو بونەیەوە پێشکەش کرد کە لە سەرەتادا ئەڵێ :

کاوە ، وا ئیستە دیلە ، کوردستان　　بەرگەندەی دەستی پیس و ناکەسان
دابەش کراوە ، لق لق و بەش بەش　　لە ژێر چەپوکی زورداری رورەش

ئنجا چەند دیمەنێکی جوانی کوردستان بە شریتی سینەمایی پیشکەش کرا وە کوتایی ئاهەنگەکە بە سرودی ئەیرەقیب هێنرا .



وێنەی کومەڵیك لە قوتابیانی کورد
گیراوە بەبونـەی جەژنی نـەورۆزەوە
لە لەندەن لە رۆژی ٢٥ی مارت ساڵی ١٩٦١ی زاینی

ديوانى زانيارى كوردان

# گوزروان وە کنگر

بنکەی ژین
www.zheen.org

١ــ گوزروان کە بە فارسی ( گاوزبان ) وە بە عەرەبی ( لسان الثور ) ی پی ئەلین گیایەکە بە تایەبەتی لە دەمی بەهاران لە خاکی کوردستان لە دەشت‌و هەرد ئەروی خواردنی نەشە ئەدا بە دل وەبو بەهیز بوونی میشك وە ئازاری نەخوشی سنگ زور بەکارە ، پاش ئەوەیش رەوان وە نەخوشی سەفرایش لائەبا . گولەکەیشی وەکوو چایی دەم ئەکری لە خوی بە سوودترە وە لەگەل ئاوی سیو وە میوژ تیکەل بکری نەشەیەکی خوش ئەدا بی ئەوەی ئەقل لابەری ئەوە پیی ئەلین : شەرابی حلال .

٢ــ کنگر یان قنگر گیایەکە بەزوری لە دەشت‌و چیای کوردستان لە سەرەتای بەهاردا ئەروی خواردنی ئەم گیایە بەکولاوی زوو هەزم ئەبی وەبو نەخوشی میزلدان وە هیزی جووت بوون ئیجگار بەکارە .

وەرەگەکەیشی بو شوینی سووتاوی لی‌ی بنری خیرا خوشی ئەکاتەوە .

# خەباتی چینایەتی لەچیروکی پیش‌مەرگەدا

سلیمانی : کامل حسین البصیر

« پاشماوەی ژمارەی پیشوو »

دکتور رحیمی قازی ، هیچ دان نانی ، بەسنووری ئیران‌دا . کەوا ئیمپریالیزم بو بیروکراتیتی فارسی کیشاوە ، کە بەشـــیکی کوردستانی تیا توانووەتەوە ، ئەو لە چیروکەکەیدا وشەی ئیران یان گەلی ئیران بەکار ناهینی ، بەلکو هەمیشە وشەی (گەلی کوردستان ) بەکار دینی وەکو ئەلی (گەلی کوردستان تفەنگ و دەمانچەو شیست تیری وە دەست‌کەوت ) ل٥٨

ئیمە ئەزانین تەعبیریکی وەها ، لە مارکسیەت دا ئەوە ئەگەیەنی کە کومەلیك بن لـــە خەلك‌و سنوریکـــی سیاسی دان پی نراویان ( معترف ) هەبی ، ئەمەش خو تەعبیریکی اقلیمی‌یە جیاوازی هەیـە لەگەل تەعبیری ( گەلی کورد ) دا ، وە تەعبـیری گەلی کوردستان بەم مانایە هەرچی لە کوردســـتان دا بژی کورد بی ، فارس بی ، تورك بی ، عەرەب بی یان ئەرمەنی بی ... هتد ئەگریتەوە ،

کاتیك دکتور قازی ، پی لە سنووری ئیران نانی و تەعبیری گەلی ئیرانیش بەکار ناهینی ، آمانجی لەوەیە کە گەلی کوردستان گەلیکی دەســت بەســەرا کیشراوە ، بەلام سەیری ئەم چەند دیرە بکەین کە باســی ئەفســەرە فارسەکان ئەکات ( ئەفســەرەکانی تری لای سەرهەنگ خو جەندیش هەر کەســەی ناکارە خرایەکانی خوی دەرهـەق بەگەلی کوردستان دەر هینا ... هتد ) ل٦٦ . دیسان ئەمەش مانای ئەوەیە کە دانەر تەماشای مەسەلەی گەلی کورد ئەکا لە نیو سنووری ئیران‌دا وەکو مەسەلەیەکی کورد و فارس بیت ، وە بەچاوی چینایەتی تەماشـــای ناکات وەکو مەکسیم گورکی تەماشای کومەلی ( مجتمعي ) روسی ئەکا ، لە چیروکی ( دایکەکە )دا .

بـەلام سەرنجیکی ئەم دیرانە بدەین ( جاوەرە تاریکە شەو بی ئەو ئەفســەرانەی ئەرتەشی شاهەنشاهی کە لە خرایە و دوژمنایەتی بەدەر هیچ کاریکی دیکەیان لـەگەل کوردان نەکردبوو ، بەکیوو شاخی کوردستان‌دا برون و کوردی چەك داریان لەبەر

چاو بيت ) ل ٦٤ ( ئەو لاوە لادێییە كوردانەی كە ، بو خزمەتی ئیجباری دەبردری هەر لە روژی هەوەلەوە لەبەر ئەوەی كە زمانی فارسی نازانن لەگەل شەق و پیلاقەو قامچیو جنیوی ئەفسەرەكانی فارس زمان رو بەرو دەبی ) ل٦٤

دانەر لەو چەند دیرانەی سەرەوەدا ، ئەوە نابینی كە ئەفسەرانی ئیران ، فارس بن یان فارس نەبن ، آزارو چەرمەسەری ، سەربازە ئیرانیەكان بدەن ، كوردبن یان فارس ، بەلكو دانەر ئەوە بەر چاو ئەخا كە ئەفســـەرە فارسەكان چەرمەسەری‌ی كوردەكان ئەدەن ، هوی ئەم چەرمەسەریەش لە بارەی زمانەوەیە ، دانەر بەمەشەوە راناوەستی بەلكو بە آشكرا فارسەكان بەداگیر كەری ( ئیستعمار ) كوردستان دائەنی ، بام تەماشای ئەم دیرانەی بكەین ( لە هەرەتی زستانە سەختەكەی سالی ١٩٤٥ دا ، لەلایەن پیشەواوە ، ئەمردرا كە هیزی پیش‌مەرگە بو رزگاری مەلبەندی سەقزو دیواندەرە لە چەنگ هوردوی داگیر كەرانی ئیرانی دەری كەویت ) ل١٤٢

دانەر كاتیك كە حكمی ئیرانی بە حكمیكی ئیستعماری دا ئەنی بو گەلی كورد ، كەوا خاكەكەشی لەلایەن ئەوەوە داگیراكراوە ، مەبەسی لـە ئیستعماری بەفراوانترین مانایەوەیە ، با ئەم بەندانەی بخوینینەوە ( میرزا قوتیاس لەدەست ئیدارەكانی دەولەتی بەتایبەتی لەدەست ژاندارم و پولیس و ئیدارەی سەرباز گیری ، هیندەی عەزاب و كویرەوەری و چەرمەسەری‌و نالەباری دیتبو كە رقی دانیای لی هەلگرتبوون ، ئەو بەچاوی خوی دیتبوی كە كاربەدەستانی دەولەت بە چە جوریك سوكایەتی نەتەوەكەی‌و زمانەكەی‌و داب و ری شوینی وەلاتەكەی دەكەن ) ل٩٩

هەر كە دانـەر حكمی ئیرانی بە ئیستعمار دا ئەنی ، رزگاری نیشتمانیش بەو مفهومەی خوی ، رزگار بوونی گەلی كوردە لە چەنگی ئیران ، تیكوشانی گەلی كوردیش تیكوشانە بو رزگار بوونی كوردستان و روخانی ئەو سـنوورە دەستكردانەی كە ئیستعمار درووســـتی كردووەو وەكو تەوقیك كردوویەتیە ملی گەلی كوردەوە ، كوردستانیان كردووە بەسەرچاوەیەك بو كەرەسەی خاو ، كە بورجوازیەتی ئیران بەكاری ئەهینی بو دەسكەوتی خوی ، كوردستانیان كردووە بەبازاریك بو ساغ كردنەوەی كەل و پەلەكانیان ، . لەبەر روشنایی ئەوانەی سەرەوە رزگار بوونی گەلی كورد لـە

www.zheen.org

چەنك بیروکراتی چەپەلی ئیران نەك تەنیا خزمەتیکە بو خوی ، بەلکو دیسان خزمەتیکی گەورەشە بو چینی کریکارانی ئیران ، چونکە ئەم رزگار بوونە ، بورجوازیەتی ئیران لاواز ئەکاو سەرچاوەی کەرەسەی خاوی کویر ئەبیتەوە و بازاری کوردستان لە کیس احتکاریەکانی فارس ئەچی ،

دانەر کە حکمی ئیرانی بە ئیستعمار دانا بو گەلی کورد ، بە آشکرا دەری خست کە ئیمپریالیزمی ئیرانی ، هەندیك لەو دەرەبەگە خو فروشە کوردانەی بەکری گرتووەو کردونی‌یە دار دەستی خوی ، بو لیدانی بزوتنەوەی رزگاری کورد ، بام گوی لە قسەی ژاندرمەیەکی فارس بگرین کەبو آغایەکی خائنی کوردی ئەکا کە ناوی قەرەنی‌یە ( هیچ ئەوەی دەزانی کە هەندیك لە پیاوە دەولەمەندەکانی سەقز لە ترسان بارگەو بنەیان تیك ناوەو بەرەو تاران خەریکن هەلدین ؟ ئەتوش لە گوی‌ی گادا نوستوی . بە جوقەی پاشا قەسەم ئەگەر پیشمەرگەکان بینە ئیرە بەزمی سەگانت پی ئەگرن و حەلوات پی‌دەکەن . ئەو روژنامە کوردیەی کەلە مەهاباد دەردەچی سیایی تەواوی ئەو آغایانەی نوسیبو کە خزمەت بە دەولەتی شاهەنشاهی دەکەن . هتد ) ل١٧

لە بیرورای دانەردا لە بارەی خەباتی نەتەوایەتی کورد دژی ئیران بومان دەرئەکەوی کە بربرەی پشتی ئەو خەباتە نەتەوایەتیەو هیزی بنچینەکەی ، کومەلانی خەلکی هەژارە چونکە آمانجی ئەو بزووتنەوەیە رزگاری‌و بەختیاری ئەم کومەلانەیە ، بام گوی لە دانەر بگرین چون باسي کاك مامەندمان بو ئەکا ، کە جوتیاریکی پیرە .

( کاك مامەند جار جاریك پیروتی کوری دیتە بەرچاوی ، وە بەو هویەوە رووناکی یەك دیتە دلی‌یەوە وە دەلی « ئای کویر بم لە کوی‌ی پیروت گیان ؟ رەنگە بەو کارەی کە ئیوە دەست‌تان پی‌کردووە رووناکی‌یەك بو هەژاران بدوزنەوە ) ل٨

گەر ئەم کومەلانی خەلکە بربرەی پشتی ئەو خەباتە بن ، هەندی کومەلی تری شورشگیریش هەیە لەناو گەلی کوردا ، ئەوانەش ایسقان‌و گوشت‌و خوینی ئەو خەباتەن ئەمەش بە خویندنەوەی ئەم دیرانەدا بومان دەرئەکەوی کە دانەر باسی بزووتنەوەکە ئەکا ( دەرکەوتنی هەوەلین ژمارەی گوواری نیشتمان ، وەك توپ لە تەواوی کوردستان دا ، دەنگي داوە وە هەر کەسیکي کە تەسەوادیکي ببایە چ خاوەن مولك‌و تاجرو

کەسەبە چ مەلاو فەقێو میرزاو هیندیکه ، لە هەموو لایەکەوە هەولی دەدا ژمارەیەکی ( نیشتمان ) وە دست بهێنێو بیخوێنیتەوە ) ل١١٢

ئەمەش دیارە کاریکی سروشتی‌یە ، کە ئەم کومەلانە ( جماهیر ) لە دەوری ئەم بزوتنەوە رزگاری‌یە خربنەوە چونکە مەبەسی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە زولمو زوری بیگانە لەناو بەری ، پاشان ئەم بزووتنەوەیە بەوەوە نەوەستاوە کە ئـەم کومەلـە شورشگیریانـە بخاتە کوری خویـەوە بەلکو توانیویتی زوربەی آغا کوردەکان بخاتـە ریزەکانی خویەوە نەك وەك چینیکی چەوساوە بەلکو وەك کەسانیکی باشو نیازپاکی ئەوتو کە هەست بە زورداری ئەکەنو ئەچن بەگژیا . بام گوی لە رأی سەروکی ژەندرمەی فارسەکان بگرین لە بارەی سیاسەتی قازی محەمەدەوە ( ئەوەش بزانـە کە قازی سیاسەتیکی زور چاکی دەست پی‌کردووەو مالی ئیمەی بەقور گرتووەو تـەواوی عەشیرەتەکانی پیکەوە آشـت کردوتەوە ، بەشی زوری آغاواتی بو لای بزووتنەوەکە کیشاوە وە ئیستا ئەوانیش بە سوارەو چەکی خویانەوە تیکەلاوی هـیزی پیش مەرگە بوون ) ل٢١

ئەگەر لە دکتور قازی بپرسی کە دەسکەوتی ئەم آغایانە چی‌یە لە پشت‌گیری ئەم بزووتنەوە شورشگیریەدا دەست بەجی بەوە وەرامت ئەداتەوە کە باسی چەرمەسەری‌ی آغایەکی کوردت بو ئەکا لەلایەن کاربەدەستیکی ئیرانەوە ( جیا لەوە خو چەنـدی دەردیکیش بە ناغاوەتی دەورو بەری سەقز کردبو کەبا بە دەواری شـری نەکردبی ئەو بە زورداری هەمووی مەجبور کردبوون کە بچنە شارەکان بژین وە هەر آغایەی بو جیگایـەك هەلداشتبو وە ئـەوە بو خوشی وینەیـەك لە تەبعید کردنی ناغاوەتی کوردستان بو . بەگزادەی فەیزوللا بەگی کە ٢ لە دەوروبەری سەقز دەژیان سوراغیان لە ورمی‌و تەوریزو شیرازو کرمان رادەهات ، وە سەرهەنگ خوجەندی مالی بـەشی زوری ئەوانی بەقور گرتبو وە سەدەها هەزار تمەن بەرتیلی لی‌ئەستاندبوون ) ل٦٥

بورجوازیتی چاو برسی ئیران ، کاتیك کە چەرمەسەری گەلی کورد ئەدا ، کریکاریك و جوتیاریكو آغایەك لیك جیاناکاتەوە ، مادام ئەوان هەر بەرهەلستی ئەکەنو لە روویا ئەوەستنو ئەچن بەگژیا .


بەلام ئەوانەی کە لەبەر دەمیانا سەریان شور ئەکەن و کرنوش ئەبەن ، بەکاریان دینن و ئەیان کەن بەکوتەکی دەستیان بو لیدانی کومەلانی شورشگیر .

هەروەها لەبەر روشنایی و ورد کردنەوەو لیکولینەوەی ئەم چیروکە بومان دەرئەکەوی کە دکتور قازی بە وردی لە قوناغی گەلی کوردو سروشتی پەیدابوونی چینایەتی گەیشتووە ، بە رأی خوی قوناغەکەی ، قوناغی تیکوشانە لە پیناوی رزگاری نیشتمانی وە سروشتی پەیدا بوونی چینەکانی سروشتیکی جەماهیریە ، کەوا بربرەی پشتی کومەلانی جوتیارو چینی کریکاری چەوساوەیە ، کە هیچ لە بەرژەوەندی بورجوازیەتی فارس نی‌یە کە پی‌بگاو پیش‌کەوی ، وە ئەگەر هاتوو پیشەسازی خستە کوردستانەوە ، بو ئەوە ئەیکات کە کوردستان بکاتە بازاریك بو ساغ‌کردنەوەی کەل‌و پەلەکانی ، وە کوردستان بکاتە سەرچاوەیەك بو دەرهینانی کەرەسەی خاو .

لە دەوری کومەلانی جوتیارو چینی کریکاری چەوساوە هەندیك تاقمی شورشگیری تر کوئەبیتەوە نەك وەکو چینیکی بورجوازی بەلکو وەکو کەسانیك کە چارەنووسی خویان بەستبیت بە چارەنووسی کومەلانی خەلکەوە باش ئەوەش کەوازیان لەو دەستکەوتەی خویان هیناوە کە دەستیان ئەکەوی لە فروشتنی ولات‌دا بە بورجوازیەتی فارسي .

گەلی کورد بەم سیرووشتەیەوە کەوا لە چیروکی پیش‌مەرگەدا باسی کراوە ، تی‌ئەکوشی لە پیناوی سەربەخویی و آزادیا ، خەباتەکەشی خەباتیکی نەتەوایەتی‌یە کەلە جەرگەی کومەلانی خەلکەوە هەلقوولاوە . لەبەر ئەوە دکتور قازی هیچ ریبازیکی ئیران چیتی نەگرتوەتە بەر ، بەلکو ریبازەکەی ریبازیکی کوردستانی‌یەتە ، ئەم ریبازەش لەلایەن دکتوریکەوە کەلە یەکیتی سوڤیت ئەژی وەکو دکتور رەحیمی قازی ، هەلویستیکی راست و رەوان وە دەرئەخا کە پیویستە پەیرەو بکری لە مەسەلەی کوردا لە ئەنجامدا بانگی بیرکەرەوانی (مفکرین) گەلی کورد ئەکەم بەتایبەتی نوسەرەکانمان کەبە وردی و سەرنجەوە ئەم چیروکە بخویننەوەو باش تی‌ی بگەن ، چونکە ئەمە نموونەیەکی نوی‌یە بو پیشاندانی بزووتنەوە کورد ، وە چاکترین شیوەیە بو آراستە کردنی کومەلانی خەلکی کوردستان لەبەر ئەوە پر بەدل پیروزبایی لە دکتور رەحیمی قازی ئەکەین کە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی دەست کەوت لە چیروکی پیش‌مەرگەدا .

# لە زینـــدانا



**لە زیندانا :**

یەکەم شـــەو ناوی عیزەتی شەهیدم دی لەسەر دیواری ژوورەکـــەم هەل کەندرابوو .

« چوار چرا »

تا زنجیرەکەی لە پیما پەرچ دایەوە ، سی چوار چەکوشی دا بە قاچما ... نوینەکانم دا بە کولما و زنجیرەکەشم بە دەستیکم توند گرت .

گەیشتمە شوینیك ، حەوشەیەکی پچووكو چوار ژوور بوو ، خستمیانە ژووریکەوەو وتیان تا بەیانی لیرە بە ، بەیانی ئەتبەینە ناو بەندەکانەوە .

زیندانی بەغدا نزیکەی ١٥٠٠ بەندی تیابوو ، بەلام ئەو چوار ژوورە چوار پینج کەسیکی تیا دانرابوو ، یەکیکیان لەسەر کوشتن حوکم درابوو بە مەرگ ، بەلام بە چاوە سوورەکانیا وادیار بوو کە شیت بووە .

ژووروکەم بە قەرایی ٣ پی قوول بوو ، تاریكو تـەنگ ، گلوپیکی کزکزی تیا ئەسووتا ، رانكو چوغە شینکی‌یەکی هەژاری لادی‌یی لەسەر کلیمە شرریك دانیشتبوو. ئـەو شەوە بارانیکی زور باری ژوورەکەمان پرر بوو لـەئاو ، منو کابرای لادی‌یی ناچار بووین کە شەو بە گفتوگو بەرینە سەر چونکە ژوورەکەمان بە جوریك تەرر بوو بوو کە جی‌ی ئەوەی تیانەمابووەوە تیا راکشی‌ین .



بنکەی ژین www.zheen.org

من حوكم نەدرابووم بە مەرگ ، بەلكو تەنيا ٣ سال حوكم درابووم بەلام ئەبوو شەويك لەويدا بم تابو روژى دوايى شوينم بو ديارى بكرى .

٣٣ بەرزاني لەو زيندانەى بەغدادا بوون . زور دلم بەوە خوش بوو كەبو روژى دوايى ئەچمە لاى ئەوان .

شەو درەنگ بوو ، هاورريكەم هەر بە دانيشتنەوە كەوتە وەنەوزدان ، منيش كەوتمە دەرياى يادەوە ، بيرم لەو روژانە ئەكردەوە كەلە شەقامەكانى سليمانىدا بە هەزاران بانگمان ئەكرد نابى ئەو ئەفسەرە قارەمانانە بخنكينرين ( بەربوونى عزتو خيراللهو خوشناوو قودسى ) مان ئەوى .



[ شەهيد عزت عبدالعزيز ]

من وەك ئيستا ئەندامى پارتى ديموكراتى كوردستان بووم ، ئەوسا پىيان ئەوت پارتى ديموكراتى كورد ، هەر وەك ئيستەم زور شانازيم بە پارتىيەكەمەوە ئەكرد .

سال ١٩٤٩ بوو نزيكەى يەك سالو نيو بوو ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانەمان شەهيد كرابوون . لە كوى دا ؟ ئالەم شوينەدا كە منى تيام لە پرر ئاخيكم هەلكيشاو راچەنيم هاورريكەم داچلەكىو پەلى قژ كردەوەو وتى ئەوە چىيە ؟ ... زمانم بەسترا ... ئـــەوە چىيە كاكە ؟

فرميسك زايە چاوم لەرزين رژايە هەناوم. ديوارەكە لەبەر چاوم كەوتە بزووتن عزت . . خوشناو . . قودسى . . خەيرى .

دواى تاويك كە نـــەختى هاتمەوە سەرخوم هاورريكەم ، بە ئەسپايى پىى وتم ( چى بوو ؟ )

كاكە : ئەوە ناوى عزەتە لەو ديوارە هەلكەندراوە .

هاورريكەم وتى : بەلى دوانيان لـــەم ژوورەدا بوونو دوانيشيان لە ژوورەكەى

ئەودیوا . وە لەم زیندانەشا کران بە پەتا ..

شەومان هەرچونی بوو بەسەر برد . بو بەیانی من برامە ( قەلاّ٢ ) لە زیندانی بەغدا . کاك احمد ( کە لەسەر شوررشی بەرزان گیرابوو ) لەگەل پینج شەش بەرزانی ترا هاتن بە پیرمەوەو بردمیانە لای خویان .

لە ژووریکا بووم پی‌یان ئەووت ( قاووشی ژمارە ٨ ) ئەو ژوورە دوو پەنجەرەی هەبوو بەسەر شوینەکەی شەوی پیشوودا ئەیانئواری ، ژوورەکەمان ٤٦ بەندی تیابوو هاورریکەم پی‌ی وتم ئەو کابرا هیندی‌یە ریش سپی‌یە ١٣ سالە بەندە لەسەر پیاو کوشتن ، مەلا بانگدان بەویرد خویندن هەموومان خەبەر ئەکاتەوە .

لەپرر ، پیش مەلا بانگدان لە دەنگی کابرای هیندی راچەنیم ، بە دەنگیکی زور بەرز بانگی ئەکرد [ الله ، الله ] ...

کە سەرنجمدا بەندەکان هەموو پەشوکاون ، وتم کاك احمد ئەوەچی‌یە ، ویردی ئەو بەسزمانە بوچی ببي بەهوی ئەم هەموو پەشوکانو رووگرژی‌یە ' ، . احمد وتي « ئەوە نی‌یە ئەو کابرایەی ئەو دیو ئەبەن لە سیدارەی بدەن » کەوای وت دووبارە برا قارەمانەکانمم هاتەوە بیر .... وتم ( کام کابرا ) کە ناو نیشانی بو هەل دام بوم دەرکەوت کە کابرا چاو سوور بووەکەیە کە شەوی پیشوو دیمو وتم وا دیارە شیت بووە . . .

لە پرر عەمبازی پەنجەرەکە بووم ' بە دیوارەکەدا هەل زنام تا دەستم گرت بە شیشی پەنجەرەکەوە .

کابرای پیاو کوژیان لە ژوورەکەی هینایە دەری بەلام بە جوریك پی‌ی لە زەوی گیرکردبوو کە بزواندنی بەو شەش حەوت وەردیانە نەبوایە ستەم بوو . . . وردیانیکیش پەیتا پەیتا پی‌ی ئەوت ( مەترسە قایلە روحت بکیشن ! ) . . .کابرایان برد بو ژووری سیدارە ' تا ئەوی زریکانی ، بەلام لەوی دوای تاویك بي دەنگ بوو تومەس خنکینرا . . .

دەستم لە پەنجەرەکە بەرداو بەدلیکی خەمگینەوە هاتمە سەر پیخەفەکەمو راکشام . ، . . دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەو شەوەی کە قارەمانەکانمانی تیا کران



www.zheen.org

به سیدارەدا . ، . .

احمد وتی : منیش حوکم درابووم بەمەرگ ، بەلام بوم کرا بە ٢٠ سال کەچی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانمانیان ئالەو شوینەدا خنکان ، ئەوانیش لەو ژوورانەدا بوون.

ئاخ ژیان . . . پیاو کوژانیش ئەکەن بە سیدارەداو قارەمانانیش

وتم: بەلام کاك احمد , لەگەل ئـەوەشدا شانازی‌یە بو نەتەوەی کورد کە روڵەی وەك ئەوانەی هەبی کە بی ترس بچنە بەردەمی سیدارە ، . . هیچ گومانی تیا نی‌یە کە بەو پەرری ئازایەتی‌یەوە چوونەتە بەردەمی مەرگ .

وتی : لەم بەندە عەرەبانە بپرسە بزانە ئەلین چی ! ئەمانە ئاگایان لی بووە کـە قارەمانەکانمان شەهید کراون . . . ئەمانە ئەلین نەك هـەر ئازابوون بەلکو ئازایەتی لەبەر دەمی ئەو چوار قارەمانەدا بە چوکا هاتو لەرزی . : .

مەرگ مووچرکەی پیا ئەهات ، بەلام ئەوان زەردەخەنە لە لیویان نەبررا .

لـــە ١٩٤٧/٦/١٩ دا لە دیواری ژوورەکەم لە سلیمانی بە دەمە چەقویەك ئەم دیررەم هەل‌کەندبوو « ١٩٤٧/٦/١٩ یادی قارەمانانی شەهیدی کوردە ، ئەو یادەیە کە بوتە ئاگرو بەر بوتە دلی نەتەوەی کورد . . . ، تولە . . . تولە . . . »

لە روژی ( ١٩٤٩/٣/١٦ ) شدا لە ژووریکی تەنگ‌و تاریکا ناوی عزەتم دی لـە دیوارەکە هەل‌کەندرابوو . . ، بـەلام وادیار بوو وەردیانەکان چرنووکیان لی گرتبوو بویە ووشەکانی بە جوانی دیار نەبوو . . .

لە ١٩٤٧/٦/١٩ ی زایینی‌دا چوار قارەمانی کورد کە لە هەررەتی لاویـدا بوون لە پیناوی کوردو کوردستانا کران بە سیدارەی دوژمنا .

یەکی لەوانە عزت عبدالعزیزی ئەمربوو . . .

# عزت عبد العزيز

ە لە سالی ١٩١٠ ی زایینی‌دا لە دایك بووە .

٭ خەلکی « ئامیدی » ـ عەمادیـیە ـ یـە .

٭ عزت لـە بنەمالەیەکی بە ناوبانگی کوردە ، عبدالعزیز ئاغای حاجي طه کە باوکی عزەتە ، لە زەمانی عوسمانی‌یەکانا گەلیك جار گیراوەو خراوەتە بەندیخانەوە لەسەر تیکوشانی بو نەتەوەی کورد .

٭ لـە سالی ١٩٤٥ دا عزت کە ( رئیس أول روکن بوو فەرمانی گواستنەوەی بو شاری عەمارە دەرچوو ، ئەویش دەست لەکار هەلگرتنی داواکرد، کاتی کە داوای کرد ریگە بدری بەوەی دەست لەکار بکیشیتەوە ، وەکو چەند ئەفسەریکی هاورریی لـە ( ئوتیل تروکادیرو ) پی‌یان وت فەرمانی گرتنی دەرچوو ، ئەمیش کە خوی هەر نیازی ئەوەی هەبوو لە بزووتنەوەی بەرزانا بەشداربی ، چوو بو بەرزان .

٭ عزەتی قارەمان لە کوماری دیموکراتی‌ی کوردستانا کرا بە (پود پول کونیك) وە دەسیکی بالای هەبوو لە خزمەت کردنی کوماری کوردستانا .

٭ عزەت دائەنرا بـە ئەفسەریکی زور نایاب لـە سوپای عیراق‌دا ، وە مارشال مونتگومری سەرکردەی لەشکری هەشتەمی ئینگلیزی کە لەشکری ئەلمانی‌ی لـە ( عەلەمەین‌دا ) شکان ، ئەو لەشکرەی کە سەرکردەکەی رومیل بوو ، مونتگومری لە راپوریکی لەشکری‌دا نووسیوتی کەوا ( عزت عبد العزیز ) چاکترین ئەفسەرە لـە روژهەلاتی ناوەرراستدا لە رووی ئازایەتی‌و زیرەکی‌و کارامەیی‌یەوە .

مونتگومریش ئـەم راپورەی بە بونەی ( دەورەی مەشقی لە شکریی روژهەلاتی ناوەراستەوە ) پیشکەش کردبوو ، کـە لەم دەورەیەدا دەرکـەوت کەوا عزت ئەفسەریکی هەل کەوتووە .

٭ عزت لەزیرەکی‌و رەوشت بەرزی‌دا زور بەناوبانگ بوو، وەهەروەها شارەزایی لـە لەهجـەی سورانی‌دا هـەبوو . وەئینگلیزیی زورباش زانیوەو کەمیکیش تورکی‌و فارسی ، بیجگە لە عەرەبی کە زور تیایا شارەزا بووە . . .

٭ عزت گەنم رەنگیکی چاووبرو رەشی سمیل رەشی بالا مام ناوەندی بوو .

# كونگره

له بلاوكراوەكانی نەقابەی ماموستایان لقی سلیمانی ( پەرراوی كونگرەی دووەمی ناوخویی ماموستایانی كورد له شەقلاوه ) دەرچوو .

ه ئـــەم پەرراوه حەوتەم پەرراوی نەقابەی ماموستایانه ـ لقی‌سلیمانی ـ بریتی‌یه له ١١٢ لاپەرره .

پیروزبایی لەنەقابه ئەكەین وه هیواداریـن كه خویندەواران به ووردی بی‌خویندنەوه چونكه به دووروو دریژی باسی كونگرەی دووەمی تیا نووسراوه .

## زنجیرەی وتاره میژوویی‌یەكان

زنجیرەیەك وتاری میژوویی ماموستا اسماعیل حقی شاوەیس له روژی نوی‌دا بلاو كراوەتەوه ، خویندنەوەیان بەوردیو پیكەوه سوودیكی گەورەی هەیه بو شارەزا بوون له میژووی نەتەوەكەتا چونكه هەموو ( یەك ) زنجیرەن ،

وتارەكان لەم ژمارانەدا بلاوكراوەتەوه :ـ

سالی (١) : ژماره « ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ »

سالی (٢) : ژماره ـ١ـ

## پاریزەر جەمال شالی

هەموو جوره داوایەك وەرئەگریت لەسلیمانی وه دەرەوەی .

تەلەفون ٢٦٠

# ئاگات لی بی !

ئەی میژوو ئاگات لی بی چی بە کورد ئەلین !

ئاگات لی بی کە چون بە ١٨ ملیون کورد ئەلین ، نەتەوە نییە هەر نییە، . .

بوخوا پیت ئەلین ئاگات لی‌بی ئەو نەتەوە بزورگەی ناوی کوردەو لە هەزاران سالەوە وەك نەتەوەیەك دەسیكي بالای هەیە لە میژوودا ، ئەو نەتەوەیەی خاکەکەی ناوی کوردستانەو سنووریکی دەستکرد لەت و پەتی کردووە . ئاگات لی‌بی جەمال کورسیل چی پی‌ئەلی : ـ

کورسیل دوای ئەوەی سەری لە شاری ( مەلاتی‌یە ) دا ئنجا چوو بو (دیار بکر) کەخوت ئەی میژوو زور چاك ئەزانی کەوا دیاربەکر شاری بزورگی کوردستانە ، دیاربەکر ، مەشخەلی شوررشی هەرەبلیسەداری نەتەوەی کوردە ، دیاربەکر ئەوشارەیە کە هەزاران کورد لە ژیر ئالای کوردایەتی‌دا خویان لە سەری دابەکوشت کەچی کورسیل لەو شارەدا لە « شارەوانی‌ی ئەو شارەدا » لە وتارەکەیا وتی « نەتەوەیەك نی‌یە پی‌ی بووتریت کورد ، ئیوە هەمووتان تورکن »

ئەی میژوو تو کورد باش ئەناسی کەواتە ئاگات لی بی کە روژی لە روژان وایان پی وتووین ، نەك دوا روژ بلین وانەووتراوە .

هەندیك کەس هەموو بەهرەیە کیان هەیە ، یەك بەهرە نەبی ، کەئەویش بەهرەی بەکار هینانی ئەو بەهرانەیە .

( کنجسلی )

# کوردەکان
## تورکی نازانن

لەکاتیکا کە جەمال کورسیل ی سەروك کوماری تورکیا ئەلی ( نەتەوەیەك نی‌یە پی‌ی بلین کورد ) روژنامەی ( حورریەت ) ی تورکی کە دوژمنی کوردە لە روژی ٢٠ ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٦٠ دا ئەمەی خوارەوەی نووسیبوو .

[ ئەی هاو ولاتی‌یان بە زمانی تورکی بدوین ] . .

لە کاتیکا کەلە ئەستەموولدا ئەجەنگین بو سەرگرتنی ئەو داوایەمان ئەبینین کەوا لە روژهەلاتی ولاتەکەمانا (١) قسەکردن بە زمانی تورکی مەسەلەیەکی بە ناسورە چونکە بەرریوەبەریکی تورك کە سالەهایە لە روژهەلاتا ئەژی زور بە توندی ئەلی [ تەنیا لە سەدا پانزەی دانیشتووانی ئەم ولاتە شارەزای تورکین ، وەلە سەدا هەشتاو پینجی کورد زمانن و بە کوردی نەبی قسە ناکەن .

وە گەلیك سەروکی شارەوانی‌مان دیوە کە زور بەگران توانیومانە بە تورکی قسەیان لەگەل بکەین چونکە تورکی زور کەم ئەزانن .

---

[١] کوردستانی تورکیا

www.zheen.org

ئەو زانستەی من هەمە هەمووکەس ئەتوانی کوی کاتەوە و چنگی کەوی ، بەلام ئەو دلەی من هەمە کەس ناتوانی بیبی
( گوتە )

# ئەنجامی گرەو

لە روژی ١٩٦١/٤/٢٢دا لە سەعات ٨ی پاش نیوەرودا ناوی ئەوانەی وەلامی گرەوی ژمارە ـــ١ـــی روژی نوی‌یان دابووەوە ، بە پی‌ی وەلامەکانیان کران بە ٣ بەشەوە بەم جورە :

لە پلەی ١٠٠ تا ٩٠ دەستەی یەکەم
« ٨٩ تا ٨٠ « دووەم
« ٧٩ تا ٦٠ « سیهەم

ئنجا ناوی هەر دەستەیەك بە جیا دانرا ، وە لە هەر دەستەیەك ناویك راکیشرا لە ئەنجاما ئەم برا بەرریزانە دەرچوون :

یەکەم : رؤف مصطفی ـ ســـلیمانی ـ قوتابخانەی سانەویی کورران پولی دووەم لقی (أ)

دووەم : محمد حسن مەنگوری ـ هەولیر ـ قوتابخانەی ماموستایانی سـەرەتایی پولی یەکەم لقی (ب)

سیهەم : عباس عثمان ماستاو ـ سلیمانی ـ قەیسەریی نەقیب .

° ° °

## خەلاتەکان :

یەکەم : ١ـــ میژووی کوردو کوردستان نووسینی ماموستا امین زەکی بـــەگی نەمر ، وەرگیررانی ماموستا علی عونی ( لەلایەن ماموستای ئایینی‌یەوە شیخ مصطفی پیشکەش‌کرا ) .

٢ـــ دیاریی مەلا محمدی کویی

٣ـــ دیوانی احمد بەگی صاحبقران ( حەمدی )

٤ـــ دیوانی زیوەر

www.zheen.org

٥ــ كويرەوەري نووسيني ماموستا ابراهيم احمد

٦ــ گول ئەستيرەی کامەران

٧ــ ئابوونەی ساليکي روژي نوی

دووەم: ١ــ پاندانيکي پارکەر ٢١

٢ــ ناميلکەی ( پارتي پيشرەومان )

٣ــ کتيبخانەی کوردی نووسيني ماموستا نەريمان

٤ــ ئابوونەی ساليکي روژي نوی

سيهەم : ١ــ فەرهەنگي خال ، نووسيني ماموستا شيخ محمدی خال

٢ــ ئابوونەی ساليکي روژي نوی .

داوا له يەکەمو سيهەم ئەکەين کە بين بو بارەگای روژي نوی لەشەقامی سەيوان بو وەرگرتني خەلاتەکانيان . بەلام خەلاتي دووەم بە پوستەدا پيشکەش بە خاوەنەکەی ئەکري کە لە دانيشتواني هەوليرە .

# وەلامەکان

وەلامي يەکەم : أ ــ شيخ مەحمود ١٩٥٦ بە نەخوشي

سمايل خان سمکو ١٩٣٠ بە کوشتن

قازي محمد ١٩٤٧ بە خنکاندن

ب ــ بابە تايەري هەمەداني بە لوري

مەولەوی « هەورامي

احمدی خاني « کرمانجي

پيرەميرد « سوراني

وەلامي دووەم: أ ــ دانيشتواني بەدرە بە لەهجەی لوري قسە ئەکەن .

ب ــ ئاڤيستا : پەرراوی ئايينی زەردەشتە .

ميديا : دەولەتيکي کوني کوردە کە ٢٥٧٣ سال لەمەوبەر دامەزراوە .

نەغەدە : شاریکی پچووکی کوردستانی ئیرانە .

چوارچرا : ئەو مەیدانەیە لە شاری مەهاباد کە پیشەواو هاورریکانی تیادا کران بە دارا .

وەلامی سیهەم: ئەدیسون : زانایەکی بلیمەتی ئەمریکی‌یە کە کارەبای دوزی‌یەوە .

کوماسی : شاعیریکی نەمری کوردە

رەسوول جەوانمەردی : قارەمانی شەهیدی کوردە لەسالی ١٩٤٧دا لە سەقز کرا بە دارا .

بیتهوڤن : موسیقاریکی نەمری ( ئەلمانی ) یە .

تاغوور : شاعیریکی نەمری هیندی‌یە .

برناردشو : نووسەریکی گەورەو نەمری ئیرلەندی‌یە .

لیون تولستوی : نووسەریکی نەمری رووسی‌یە .

علی بەگی شیرزاد : قارەمانیکی شەهیدی کوردە لە سالی ١٩٤٧دا لەسەر حەوزی بوکان لە سیدارە درا .

یوسف ضیاء : قارەمانی شەهیدی کوردستانی تورکیایە لە سالی ١٩٢٥دا اعدام کرا .

جلادت بەدرخان : ئەدیب‌و تیکوشەری نەمری کوردە لە١٩٥١دا کوچی دوایی کرد .

حاجی جندی : نووسەریکی کوردی سوڤیتی‌یە .

## مەتەلەکان :

١ ـــ دوو هاورریت لەگەل خوت بەری کەمتری تی ئەچی .

٢ ـــ خو کوشتنە .

٣ ـــ بەرەو پشت چاکەتەکەی لەبەر کردووە .

٤ ـــ بە ١٥٠ فلس .


٥ ـــ ووشەی قافە ( ق ) .

٦ ـــ چالە .



بنکەی ژین www.zheen.org

# بەچیرۆکی ژمارە




( مەم )

تا ئەمرم وینەکەیم لەبەر چاو وون نابی ، رووە تیك قوپاوەکەی ، روومەتە زەردوو چرچەکانی ، ریش‌و سمیلە سپی‌یە بلاوەکەی ، دوو چاوە بەقوولا چووەکەی ، کە زوو زوو بەترســـەوە ئەجوولانەوە ، . تاە هەروەکو ئیستە لەبەر چاوما بی ، یا قەوماوەکە هەر ئیمررو رووی دابیت هەمووی لەبەر چاوی خەیالم وەك فلیمی سینەما دین‌و تی‌دەپەررن .

کات شەویکی زستان بوو ، سامال دنیای کردبوو بەشەختە ، کولانە تەسکەکان گوندەکەمان بەهوی چلوورەی سواندەی خانووەکانی ئەملاو ئەولای وەکو ئەشکەوتی دیرینی ئەهاتنە بەر چاو کە ستالاکتایت‌و ستالاکمایت گرتبیتی ، ئاسمان ساف‌و مانگی چواردە وەکو سەرما بەستبیتی وا لە ناویا وەستا بوو و ئەدرەوشایەوە کش‌و ماتی و بی‌دەنگی بالی بەسەر گوندەکەماندا کیشا بوو ، دولی ( زەرزا ) ی فراوانیش بەرگی بەفری پوشیبوو ، مانگی زیوینی وەك ئاوینە تیا دیار بوو ، دارو درەختە بلاوەکانی دولەکەو دارستانەکەو دەوری گوندەکەش لە ناو ئەو دنیا سپی‌یە بەرینە بی‌گەردەدا وەك گردولکەی پچووك پچووك هەندیکیشیان وەك خیوی ئاوداوان سپی لەژیر باری

بنکەی ژین www.zheen.org

بەفرا ملیان کەچ کرد بوو .

لەم جورە شەوەدا و لە دیهاتە شاخاوی‌یەکانی کوردستانا ، دررندە ، دەعبا ، بە تایبەتی گورگ و ریوی و دەلەك بو ژیان ئەکەونە جوولە و جستەو جو و گورج و گولی . گوندەکەی ئیمەش هەروەکو گوندانی تر دوســـتایەتی‌ی کون بوو لەگەل ئەم جورە دەعبایانە ، خو مام گورگ ئەگەر شەوی چەند جاریك بەسەری نەکردبایەوە ، دلی ئاوی نەئەخواردەوە ، بی‌گومان سەگە پاسەوانەکانی گوندیش ئامادە نەبوون هەرگیز بەئاسانی ریگایان پی بدەن و گوندەکە بپشکنن وە بە ئارەزووی خویان تەراتینی تیا بکەن ، وە دەست بەستە نەئەوەســـتان کاتی کە گەلە گورگ هیرشیان ئەهینا . بویە شەوان تا بەیانی هەر شەررو هەللا بوو ، خەلکی گوند زور جار لەخەو رائەچلەکین وەچەکدار لە ژوورە تاریکە کون بررەکانەوە بوی دەر ئەپەررین وە لەگەل ســـەگە وەفا دارەکان گورگی هیرش هینەریان راو ئەنا تا لە شاخەکە بەسەریان ئەخستن ، زور جاریش وا ئەبوو بەیانیان لاشەی یەك دوو گورگ لە ناو بەفر لە خوین سوور ئەکران ، منالەکانی گوند بە دەوریانا کو ئەبوونەوە .

زور ترین شەوانی زستان لە میژووی ژیانی گوندەکەمان ئاوا ئەهاتن و ئەچوون تا ئەو شەوە کە هەر ئیوارە لەگەل روژ مال ئاوایی لی کردین وە تاریکایی سەرو سیبەری دەرکەوت هەموو دانیشتوانی گوندەکە هەر وەکو شەوان خزاینە ژوورەکانمان وە دەرگاکانمان لەسەر خو توند کرد هەر یەکە لەگەل مال و خیزانەکەی لەبەر ئاگردان سنگمان لی رووت کرد و قاچمان لی راکیشا ، کە لەپرر سەگ وەرر دەستی پی‌کرد لامان زور سەیر بوو کەوا زوو گورگە دوستەکانمان ! بینەوە بو سەردان ، چونکی هیشتا ئیوارە بوو . ئەبی برسیتی ئارامی لی هەل گرتبن بەجوریك کە کات و وەختیان لی شیوابیت ، زور چاك ئەشی چونکە برسیتی زور بەهیزە هەموو شتیکی لی ئەوەشیتەوە .

من بەبی ئەوەی راست بمەوەو لە جیگاکەی خوم هەستم یان بچمە دەری هەر لەبەر ئاگردانەکە بانگم کرد هوی هەلەلە . هوی هەلەلە ، لەپاشـــا کە گویم رایەل کرد لە گوند دەنگی قەرەبالغی ئەهات . وەسەگەکان هیدی ئەکران و بانگ ئەکران کە بوەستن و پەلامار نەدەن ، ئەوەشم پی‌سەیر بوو چونکی ریبواریش بەوجورە شەوانە ئەگەر ریگای وون نەکردبی لە دەرەوە نامینی ، بەتایبەتی لە دولی ( زەرزا )دا کە

بەدرێژایی گوندی نزیك و ئاوەدانن ، بەلام سەر سررمانەکەم بلاوەی تی‌کەوت کە کویخا سعید لە پشـــت دەرگاکەوە بانگی کرد : کانەبي ، کانەبی ئیمەین ئیمە ، وە لەگەل دوو پولیس‌و پیرەمیردیك و کچیکی مندال خویان کرد بەژوورا ، پاش ئەوەی پیرەمیردەو کچەکەیان پی سپاردم بو ئەو شەوە ئەوانی تر کشانەوە دواوە .

پیرەمیردیکی کەلەگەتی نەختیك چەماوەی کەلوپەل درراو وە پیناوی بوو ، بەکونە پەستەکیك پەراسوکانی داپوشیبو ، کچەکەش لاوازو تەمەنی لە ١٠ ســـــال تیپەرری نەئەکرد ، هیشتا وینەی جوانی‌ی ســـــاوایی لەسەر رووی دیار بوو ، بەپالتو دریژ و فراوانەکەی سەرشانی زانیم کە کچی مامە پیرەیە ، بو ئەوەی پەلەجەرگەکەی لەسەرماو سایقە بپاریزیت پالتوکەی خوی هەل گرتبوو وە دابووی بەسەر ئەودا . هەردوکیان لە سەرمانا دەست و پل و پی‌یان گوج بوو بوون ، کچە باریك و بی‌هیزەکە رووی شین هەل گەررا بوو ، وە سررو وشك بوو بوو بەجوریك ئیسکی گونای لەبەر تیشکی ئاگردانەکە بریقەی ئەدا ، هەر کە پی‌ی نایە ژوورەکە پەلاماری روخ ئاگردانی دا وە لەبەر هالاوی گەرم وە لەبەر دووکەل کورر کورر ئاوی لەچاو بـاری ، مامەی پیرەش ورر ، وەتاسا بوو ، بەسەرسامی‌یەوە چاوی بەژوورەکەدا ئەگیررا بی ئەوەی دەم بیزوینی ، تا کاتیك بەسەر چوو ئەمجا چاویکی تیك شکاوی شەرماویی هەل برری کە وینەی کومەلیك گلەیی‌و بی دەسەلاتی‌ی تیا دیار بوو ، وە بە کوخەکوخ لەبەر خویەوە گوتی : ئاوا ، وەکو ئەبینی گەورەم لەم زەمینە گەورەیەدا لەم گیتی‌یە فراوانەدا جیگای دوو کلولی هەژار نابیتەوە .

لەبەر ئەوەی کە شیوەی گفت‌و گوی مامەپیرە لە موکریی ئەکرد لیم پرســـــی ( خالو وا دیارە خەلکی کوردستانی ئیرانن ) وەلامی دایەوە : ـ خەلـکی ئیران ؟ ها ! خەلکي کوردستانی ئیران ؟ خوزیا وازیان لی‌نەهینایین کە خەلکی جیگایەك بـین وە بە ولاتیکەوە بنووسی‌ین کە ئەلیم خەلکی ئەودیوم ئەلین ( نا ) هی ئەم دیوی ، وە گورج ئەمنی‌یە لە ( کیلەشین ) ەوە بو ئەم دیو ئاوام ئەکەن لیرەشەوە ماوەم نادەن هەناسەیەك بدەم کە ئەکەوومەوە داو چەند روژیك ئەمنینە بەندیخانە وەلە پاشان ئاوای ئەودیوم ئەکەنەوە ئەلین ئیرانی‌ی !! ئەناوا ئەبینی گەورەم کە خوشم لیم شیواوە وە نازانم پیت بلیم خەلکی کویم هەر ئەمەندە ئەبینم کە من‌و ئەو ساوا بەسزمانە ریگای

عیراقو ئیرانمان پی دەکوتریتەوە ، ئیستە وا هەست ئەکەم کە ئیمە ئەبی باریکی گران بین بە پشـــتی ئەم زەمینەوە باریکی وا کەلـە وزەی دنیادا نەبی هەلمان گری وەیا دوو لاشەی هیندە قەبەبین کە باوەشی فراوانی گیتی لە گرتنە خویمان وەررست بیت ، بەلی قوربان ئەمە حالمانە ،.. کە مامەی پیرە ئەم بەسەرهاتەی خوی بەچاویکی پرر ئەسرینەوە ئەگیررایەوە کچـەکەی لە روخ ئاگردان وەك مردوو چوار پەلی لـە خوهاویشـتبوو وە لـە خەویکی قولابوو ، جارجارە کە ئاگرەکە قرچەی ئـــەکرد پرروشکیکی بەتین تیشکی رووناکیەکەی رووی ساوا بیتاوانەکەی ئەگەشاندەوە ئایا ئەبی ئەوکاتە چ خەونیکی خوشی بە میشکدا هاتبی !؟ .

مامەی پیرە ئاورریکی دلسوزانەی لە پەلە ( پارچە ) جەرگەکەی دایەوەو دەستیکی دریژ کرد بە پالتو شررەکە دایپوشیەوە وەلە پاشا دەستی بەریشیدا هینا وە نەختیك لیم ورد بووەوە وەکو بیەوی تیبگا ئاخو وەزعی تا چ رادەیەك کاری تیکردووم ئەمجا کەوتە قسە :ـ ئەوا منیش چوومەتە تەمەنەوە ، وە دوور نیە لە ژیانا خراپەیەکم کردبیت ، وەیا مرویەکی ئەوتو بم کە ئەوەم پیررەوا ئەبینریت لە جیگایەك بحەسیمەوە بەلام ئـەم پچووکە تاوانی چیە ، لـەگەل من ریگا بکوتیتەوە ، وە ئازارو برسیتیو سەرماو دەردەسەری بچیژیت ؟ زورجار لیم ئەپرسیت ( بابە ئەوە بوچ ئیمە ئەرروین کەی ئەگەینەوە مال ؟ کەی دایکم دیتەوە ؟ ئەوە بوچ خانوومان نیـە ؟ لە دایـە توورره بووی ؟ ) یان هەر جار ئەبینیت لـە پیش ئەمنیەو پولیسین بەخوشیەکەوە کە بزەیەکی سادە لەسەر زاری پەیدا ئەبی ئەپرسیت ( باوکە گیان توش ئاوا ئـەبیتە پولیس ؟ ئەمجا توش هیستر ئەکرریت ؟ وە نیشانەی زیررینیشت پی ئەدەن وەکو ئەمانە ئەمانەو هەزار جورە پرسیاری وا کە دلم لەگەلیانا بتاویتەوەو پەکی وەلامم بکەویت ! خو کە ماندویش ئەبیت ، ئای کەزوو ماندوو ئەبیت ، بە برسیتی ، بە رووتی بە پی روشتن دەست بە فنەفن ئەکات ، ئەگری هاوار ئەکات ( باوکە ماندوو بووم ، ناتوانم برروم ، ئای برسیمە ، ئای خەوم دیت ) زور جار وابووە چەند سەعاتیك بەمپیریو بیهیزیە ئەم منالە بیدایکەم بەکول هەلگرتووە لە ئیرانەوە بو عیراقو لە عـیراقەوە بو ئیران بیئەوەی هەست بە سنووریك بکا .

ئەوەی جیگای داخو بەدبەختیشمە ئەوەیـە کە لەلایەن کاربەدەستانی هەردوولا جورە

پرسیاری وام لیٔ‌ئەکری ، وەلام هەرچونی بدەمەوە هەر توورەم ئەدەنە دەرەوە .

مامەی پیرە نەختیك لە جیگای خوی جوولاو یەك دوو جار کوخی ، ئـــەمجا سەری هەل‌برری بو ئەوەی دل نی‌یا بیت لەوەدا کە گویی لی‌ئەگرم‌و لەسەر سەربردەکەی رویشتەوە گوتی :

بەیانی کە ئەگەمە شوینی خوی ، لەبەردەمی فەرمانبەر رام ئەگرن ، پیشەکی ئەزانم کە لیم ئەپرسیت ( تو خەلکی کویی‌و بوچ هاتوویتە خاکی عیراق ؟ )

:ــ بەگم من کوردم وەلە ژیانما هەر لە ولاتی بیتوین دا ژیاوم وەلە گرانی‌یـە گەورەکەدا خوم‌و خیزانم لە برسانا کوچمان کرد بو کوردستانی ئیران بو لای مامم وەلە دەشتی ( مەرگەوەرر ) شەش سال جووتیاریم کردووە ، وە پالەو شوان بووم وە لەویش لەبەر ستەم‌و زورداری کاربەدەستانی ئەوناوە ، وە لەبەر نەبوونی‌و نەخوشی کە کە بە هویانـەوە خیزانەکەم قرربوون ، ژنم ، کوررم . کچی گەورەم هەموو لـەنـاو چوون وە ماینەوە من‌و ئەم ساوایە ناچار بووم بو وەدەست هینانی نان کە گواستمانەوە ناوچەی شنو کەوتینە داوی ئەمنی‌یەو پولیس . زور جار فەرمانبەر پیم ئەلی ( سنوور بەزاندن قەدەغەیەو تاوانە ؛ وە ئەگەر جاریکی تر ئەم تاوانە دووبارە بکەیتەوە سزا ئەدریی وە ئەخرییتە بەندیخانەوە )

شەو زور تی‌پەرری بوو ئاگردانەکە لەسەرخو نەرمە ئاگریکی دووکەلاوی تیادا ئەسووتا ، دووکەلەکەی لوولی ئەخواردو بەوەررستی بەرەو ژوور ئەبووەوە ، بریسکەی ئاگرە کزەکانی ناویشی هەتا ئەهات کز تر ئەبوو .

هـەروا چاوەکانی مامە پیرەش بەهیمنی ئەجوولانەوەو بچووك ئـە بوونەوە تالـە جیگاکەی خوی لیٔ‌ی راکشا .

سـەرم لی هـەلبرری سەیریکی رووە چرچە ریشاوی‌یەکەیم کرد ئەمجا سەرنجم لـە ساوا نوستووەکەی‌دا . وە لـەبەر خومەوە گوتم ئای مامە پیرە چەند بی تاوانی‌و وەچ ستـەم‌و بی دادی‌یەکی زورت لی کراوە کـــە وینەیان لـــەرووە وشك‌و لو چاوی‌یەکانتاو لەو نیو چەوانە گرژەدا دیارن ، بەلی لەم زەمینەدا زور کەس وەك تو دەربەدەرن وە بەبی ولات دائەنرین بەلام مەسەلەکەی تو شتیکی ترە !

مەسەلەکەی‌تو لەوە قوولترە کە دلی ساف‌و بی گەردی تو لیکی ئەداتەوە وە کـەوتمە



www.zheen.org

یادی ئـەو سەردەمەی کـە کوردستان یەك کوردستان بوو وە وا لەت لەتو دابەش نـەکرابوو ، وە سنووریی ئاسایی‌خوی هـەبوو نـەك سنووری دەستکرد ، وە هەموو کەسیك ئەیتوانی بە بی ترس بچیتە مالی مامی کە لە شاری شنو یا سابلاغ بووبی وە یا بولای خالی کە لە ( وان ) وە باشقەلا یان بولای دوستیکی لە سلیمانی‌و خانەقین لە سنەو دیاربەکرو مەرعش ،

بی ئەوەی کەس‌لی‌ی پرسیتەوە . وەیان بخریتە بەندیخانەوە ،

وە تەنانەت پرسیاریشي لی نەئەکرا چونکە کوردستان یەك کوردستان بوو نـەك لەت لەت کراو وەك ئەمررو .

بو بەیانی دنیا هیمن‌و بی کرریوە بوو ، ئاسمان سامال‌و روون بوو ، تاچاوبرری ئەکرد شینایی‌یەکەی بی نەئەهات سەرماگویچکەو لووتو دەست‌وپلی مروی ئەپەرراند خەلکـی گوندەکە کـەوتبوونە جوولەو هـەریەکەیان بەردەرگای مالەکانیان لەبەفر پاکژ ئـەکردەوە مندالەکانیش لـە تەختایی‌یەکەدا لە سەر سەهول خوخلیسکینەیان ئـەکرد ، وە بەرەو چەمەکە ئەخشان سەگ‌و توولەکانی ئاواییش بە دەوری منالەکانا رایان‌ئەکردوو گەمەو تەقلەبازیی خویان ئەکرد ، پاش نیوەرروش لەهەورازەکەی گەرووی ( سنگان ) هەردوو بەندەکە بەرەو کیلەشین درابوونە پیش سنگی ئیسترو دوو پولیس مامە پیرە دەستیکی زنجیر کرابوو وەبە چەمسەری زنجیرەکە لـەزینی ئیستریك بەسترا ووەوە ، وە بەپەشیوی‌یەوە هەنگاوی ئەنا وەپەیتا پەیتا ئاووری لەگوندەکە ئەدایەوە وەکو یادی شەوی پیشوو بکاتەوە یا نهینی‌یەکی لە دلدا بیت وەبی‌یەویت لـــەو دی‌یە کەهەندیك پـەروشی‌و دل نـەرمی‌ی لی دیوە ئاشکرای بکات جار جاریش سەیریکی ساواکەی ئەکرد کە گو ج ئەررویشت وەکو بە پەلە بویاریی مندالان‌بچی .

چاوم تی‌برریبوون بەهیچ جوریك توانام نەبوو چاویان لی بتروکینم تالە گەرووەکە ئاوا بوون وە لـەبەر چاوم بزربوون وە لە میشکما بوون بـە تارمایی . . . . لەبەر خومەوە ئـەموت ( بی‌ولات نیم ) بی ولات‌نین ، ئەی پیرە بەسزمانەکە نەلی‌ی ( بی ولاتم ) بی ولات‌نیم ، ئەم کوردستانە بەرینە ولاتمە ، ولاتتە ،ولاتمانە .

بی ولات نیم . . . . .




وەکیلی گشتی لەسلیمانی اسماعیل عبدالله شەقامی مەولەوی ☎ ٢١٥

# بوزانین

کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا هەیە بو بەلینـدان بو سەرتاشینی پەککەوتەکانی تەمەلخانە بەپیی ئەو مەرجوو گرەوانەی کە ئەتوانریت سەیر بکریت لەلای ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی لیوا ، هەچکەسی حەز بە هاوبەشی کردنی ئـەم کەمکردنەوەیە ئەکات پیویستە لە « ئەنجومەن » ئامادە بیت لە روژی دوو شەمە لە سەعات [١٠] دەی پیش‌نیوەرو کە ریکەوتی روژی ١٩٦١/٥/٨ ئەکات وە لەگەل خویا بارمتەی قانوونی ئامادە بکات .

موتەسەریفی لیوای سلیمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# R̂OJÎ NUWÊ

GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ. KOMEL̂AYETÎYE

JIMARE —2— SAL̂Î —2—

2573y - KURDÎ, 1961 y - ZAYÎNÎ

| تابوونە : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| تابوونەی سالیك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| « « لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| « « بو قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلەیمانی



بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ١ | میژووی نەتەوەکەت | |
| ٥ | کومەلایەتی | شیخ مصطفی |
| ٩ | بەهار | شیخ محمدی خال |
| ١٥ | تومار | محمد باقي سعید |
| ١٩ | پیشەسازی لە کوردستانا | شاکر فتاح |
| ٢٣ | پەروەردەی منال | دکتور محمود علی عثمان |
| ٢٩ | هیرشیکی ناڕەوا | کمال فوآد |
| ٣٧ | ژن .. سەیران | باخەوان |
| ٥٣ | دروستکردنی سابوون | غفور رشید |
| ٦٥ | زمانەکەمان | طاهر صادق |
| ٨١ | بەشی منال | عمر عبدالرحیم |
| ٨٥ | ١٩ی حوزەیران | محرم محمد امین |
| ٩٠ | شوڕشی قوچ گیری | اسماعیل شاوەیس |


ئەمانەو ( جوگرافیای کوردستان ) و ( چیروکی ژمارە ) و (کەشکولی روژی نوی ) و گەلیك وتاری پڕ سوودو نایابی‌تر ئەخویندیتەوە


بنکەی ژین
www.zheen.org


## جەژنتان  پیروزبی

بەبونەی جەژنی پیروزی قوربانەوە ، پڕ بەدل جەژنە پیروزە لە هاوولاتی‌یە خوشەویستەکان ئەکەین ، وە هیوادارین ئەم جەژنە کە کوردستان‌و عیراق‌و هەموو ولاتە ئیسلامی‌یەکان بەپیریەوە ئەچن بەوپەڕی خوشی‌یەوە بەرینەسەر ، وە جەژنیکی شادو بە پیت بی .

جەژنتان پیروزبی بە خوشی و سەربەستی .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ڕۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ٣ | جوزەردان ٢٥٧٣ ك ــ حوزیران ١٩٦١ ز | سالی ٢


# مێژووی نەتەوەکەت

## بو دەرەوە

### کوردستان نیشتمانی کوردە

### ئەی زوردارینە پی هەلگرن لەسەر خاکەکەمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە کوردستانی ( تورکیا ) ٨ ملیون کورد لــە ژیر باری گرانی زورداری و چەوسانەوەدا ئەژین .

لە کوردستانی تورکیا ، پولیسیك ئەتوانی سەدان کەس بەخاوو خیزانیانەوە دەر بەدەر بکا .

لە کوردستانی تورکیا ، لەگەل ئەو هەموو زورداری‌یەشا نەتەوەی کورد هەر لە خەباتایە لە پیناوی رزگاریی کورد و کوردستانا .

ئەی خوینەرەوە بەرریزەکان ســەرنج لەم چەند لاپەررەیە بدەن تا بزانن برا کوردەکانتان لەو پارچەیەی کوردستانا چون ئەژین ، وە بو خستنە رووی چونیەتی‌ی

ژيانيان وتەی روژنامە توركی‌یە كونەپەرستەكان ئەهينينەوە .

## قانوونی ژمارە ( ١٠٥ )

ئەتوانين بلێين كە ئەم قانوونە دژی مافی ئادەمزادە ، بەلام كە بەوردی بە گويرەی رووداو سەرنجی لی ئەدەين بومان دەر ئەكەوی وانی‌یە بەلكو قانوونيكی راست‌و بەجی‌یە .

ئەم قانوونە بەرامبەر بەو كەسانە بەكار ئەهينريت كە لە هەنديك شوينی ولاتا (مەرامی كوردستانە ) كوردەكان هان ئەدەن بو داوا كردنی مافيان . بەپی‌ی قانوونی ژمارە ١٠٥ دەستەلات دراوە بە پوليسی ئاسايش كە هەر كەسيك گومانی لی بكريت كورج بيگريت وە لەگەل خاوو خيزان‌و كەس‌و كاريا دوور بخرينەوە بو شوينيكی تر .

روژنامەی ميللەت ٢٥ی تشرينی يەكەمی ١٩٦٠

## گرتنی ٥٠٠ كورد

ناوچەی تيكوشانی ئەم ٥٠٠ كوردەی گيراون شاری ديار بەكرە ئەم كونەپەرستانە !! ئەلف‌و بی‌يەكی كورديان نووسيوەو ريكيان خستووە .. بەلام بەمنيان وت ئەگەر بچيتە دياربەكر ، لەوی لەبەر مزگەوتی گەورەدا بەدزی‌يەوە ئەلفبايەكی كوردی ئەفروشن ، كە لە عيراق‌دا چاپ كراوەو بەپەنهانی نيردراوە بو ئەوی . بەلام لە راستيدا زمانی كوردی بەهەموو رەنگيك زمانيكی تازە دەستكردە ، هەمووی لە ٤٢٠٠ ووشە پيك هاتووە كە لەمەش ٢٥٠٠ ووشەی توركی‌يە ، وە ئەوانی تريشی عەرەبی‌و فارسين ، ئەو كەسانەی ئەم زمانەيان دروست كردووە ، تەنيا توانيويانە (٥٠) وتەی بو داتاشن .

روژنامەی يەنی ئەستەنبوول ٦ی تشرينی دووەم ١٩٦٠

## قوتابخانەيەك

لە ناوچەی ( تيلو ) دا دوور لە سەرتەوە بە ١٠ كيلو مەتر قوتابخانەيەكی كوردی‌ی پچووك هەيە بەپەنهانی .

ئيمە بەچاوی خومان ئەم قوتابخانەيەمان دی ، ماموستاكەيان بەزمانی كوردی

بنكەی ژین
www.zheen.org

( دەرسی بەمناڵە تورکەکان ئەووتەوە وە فێری خوێندن و نووسینی کوردیی ئەکردن ماموستاکەیان لەســەر ئەو ئەلفبایە دەرسی پێ‌ئەووتن کە لـە عێراقەوە هێنابوویانە ناوجەرگەی ئەم ناوچەیەوە ، کە لەگەڵ ماموستاکەدا کەوتینە گفت‌و گو کردن بومان دەرکەوت کە ئەمانە ئەیانەوی ئالایەك بوخویان دروست بکەن .

روژنامەی یەنی ئەستانبوول ٢ی تشرینی دووەم ١٩٦٠

## کوردایەتی

ئیمە تـا دوورترین شوینی ئەم وولاتە چوین و پیایا گەرراین ، چووینە مووش و چالدیران ، وە هەروەها چووینە ( ساسون ) یش کە ئەو شوینەیە کوردەکان لە ساڵی ١٩٣٨ دا بو دووەم جار شوررشیان دژی حکومەتی تورك تیا بەرپا کرد لەم شوینەدا ٣هەزار سەربازو ئەفسەری تورك نیژراون کە لەو شوررشەدا کوژرا بوون ، سەروکی کوردەکان بەهەموو توانایـەکیەوە کوردایەتی ئەخاتە میشکی ئەو لادییانەوە کە لـە ناوجەرگەی نەبوونیو سەرگەردانیدا ئەژین .

یەنی ئەستانبوول ٣١ی تشرینی یەکەم ١٩٦٠

## سروودی تورکی نالین

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە بەرواری ٢٣ی نیسانی ١٩٦٠ لەلایەن ماموستا ( ئوزتورکەوە ) ئەم نامەیەمان لە « سعرت »ەوە بو هات .

« من ئەم دیررانەتان بەفرمیسکی خوینین بو ئەنووسم »

ئەمررو ، کە روژی جەژنی سەربەستیمانە روژی پیروزو نازداری نیمەی تورکە ئاهەنگیکمان پیك هینا ، لەم ئاهەنگەدا قایمقام و سەرکردە لەشکرییەکان ئامادە بوون ، کاتی کە دەست کرا بەخویندنی سروودی نیشتمانیی تورك ، هەموو بەجاریك هەستاینە سەرپی کەچی کوردەکان کە سالونەکەیان پرر کردبوو لە جیی خویان نەجوولان ، وە بەلکو جگەرەشیان ئەکیشاو بەکوردیش !! قسەیان ئەکرد ، کاربەدەستانی تورك بەمە زور قینیان هەستا وە کەوتنە سەرنجدان لـــە کوردەکان بەلام کوردەکان

هیچ روویان تی نەئەکردن وە لە بەر خویانەوە بەیەکتری‌یان ئەووت :

خو ئیمە تورك نی‌ین ، ئیمە کوردین ، ئیمە ئەو روژە ئەکەین بەجەژنی پیروزمان کە کوردستانی تیا رزگار ئەبی ، ئەوسا ئیمەش سروودی نەتەوایەتی‌ی خومان ئەخوینین‌و بەپیوە ئەوەستین و جەژن ئەکەین .

یەنی ئەستانبوول ٣٠ی تشرینی یەکەم ١٩٦٠

## بو دەرەوە ئیرە کوردستانە

کاتی کە بەرەو ( بوتان ) ئەرروشتین تووشی کومەلیك ژن بووین کە جلی رەنگاو رەنگیان لەبەردا بوو ، وە بەسەر گردیکا سەر ئەکەوتن بەرەو زیارەتگایەك ، لەپشت ئەم ژنانەشەوە کە ژمارەیان ئیجگار زور بوو چەند پیاویکیش هەر بەرەو ئەو شوینە ئەچوون ، بەوینەگرەکەمانم وت گورج وینەی ئەمانە بگرە بەلام لەپرر پیاویکی کوردمان لی هاتە پیشەوە و نەیهیشت وینەکە بگیری وە خەریك بوو کامیراکەش بشکینی .

وتم : تو بە چ هەقیك نایەلیت ئیمە وینە بگرین ؟

کابرا کوردەکە وتی : نابی . . . بررایەوە

وتم : ئاخر لەبەرچی نابی !

وتی : بو دەرەوە ، بررونە ولاتی خوتان وینە بگرن

وتم : بوچی ئیرە ولاتی ئیمە نی‌یە ؟ بوچی ئیرە تورکیا نی‌یە ؟

وتی : نەء ئیرە تورکیا نی‌یە ئیرە کوردستانە کوردستان .

کە ئەممەمان بەسەرهات زور بە پەلە ئەو شوینەمان بەجی هیشت ، لە ریگەی « بوتان » کە گەرراینەوە شـــوفیرەکەمان وتی « بەخوا باش بوو تیرو پرریشیان تی هەل‌نەداین » .

---

ئەم زانیاری‌یانە لەلایەن ماموستا اســـماعیل حقی شـاوەیسەوە لە پەرراویـکـی فەرەنسی‌یەوە کە لەلایەن نمایندانی کوردەوە لە پاریس لە مارتی سالی ١٩٦١دا دەرچووە کرا بە کوردی ، وە پیشکەش بە روژی نوی کرا زور سوپاسی ئەکەین .



بنکەی ژین
www.zheen.org

# کومەلایەتی

نووسینی ماموستای ئاینی ( شیخ مصطفی )

## [لعن الله زائرات القبور]

[ پیغەمەر ]

داخی گرانمان زوربـــەی ژنان خو پاراستنی خویانو منالیان لـــە نەخوشی وە هەولدانیان بو چارکردنی دەردی گرانو یان ریگەی راســـتی خوا پەرستی گرتن بو گەیشتن بە ئامانجی پاكو جوان ئەمانەیان هەموو هاتوتە سەر سەردان لـــە گورری پیاو چاکان .

ئەمیان بەردیك ئەنی بەکیلی شەخسیکەوە ، بو ئەوەی گوایا ئەگەر بەردەکە بـەند بوو ئەو نیازەی دیتە دی یان ئەویان سنگ ئەدا بە سنگی گورریکداو باوەش ئـەکا بە کیلیکداو ئەلالیتەوەو هاوار ئەکا کە منالەکەی لە نەخوشی چاك بیتەوەو یان کەسیکی لە بەلاو بەسەرهاتیك رزگاری بی .

ژنان روو ئەکەنە کانیباو وەکاشە گوایە تا رزگاریان بی لە ( باداری ) بەم جورە بە تایبەتی روژانی چوارشەمە لە ( بەهارا ) بە هەزاران ژن لە شارو دیدا ئەررژینە دەشتو دەروو لـە داروو بەردی گورر ئەپاررینەوەو هەر یەکەیان بە نیازیك خوی ئەکوتی بو سەر ( شەخسیك ) ئـەمیان بو منال ئەویان بو نەخوشی ، ئـەمیان بو رزگاربوون لە دەست نەبوونی وە ئەویان بو نیازیك کە تیکررا هەموو هەر هـاوار ئەکەنو لەو شەخسانە ئەپاررینەوە بەلام گومانتان نەبی لەوەدا کە ئەم رەفتارە یەکسەر

دژی ئایینی پاکی ئیسلامە ، وە هەرگیز ئایینی ئیمە ریگا نادا بە پاررانەوە لەشەخس و موشـایەخ .

جاری لە پیش هەموو شتیکا تیکرِرا قەدەغەیە کە ژن بچیتە گوررستان چونکە بو ئەوە ئەچی کە شین و شـەپورر گەرم بکا ، جا بەو شینە نـەئەو مردووە سوودمەنـد ئەبی ! وەنـە پاررانەوەش سـوودی هەیـە پیغەمبەر فەرموویەتی [ لعن الله زائرات القبور ] واتە خوا لەعنەتی لەو ژنانە کردووە کە ئەچنە گوررستان .

وە هەروەها پیغەمبـەر درودی خوای لی بی فەرموویەتی ( ئیوە ئـەی خاوەن باوەررینە لە گوررو خاوەنی مەپاررینەوە ، بـەلکو لە خوا بپاررینەوە کە لە ئیوەش و ئەو مردووەش خوش بی )

بی‌گومان پاررانەوە لە ( شەخس ) مانای ئەوەیە هاوبەش بو خوا دائەنین .

## دەست بررەکان

هەندیك لە ریی راستی ئاین لادەر گوررپان کردووە بەهوی رووتانەوەی ئەمو ئەوی بەسزمان ، بە تایبەتی ژنان ، ئەم جورە دەست بررانە بە دیار کیل و بەردی شەخسیکەوە دائـەنیشن بو ئەوەی کە ژنان چوونـە سـەر ئەو گوررە پارەیان بدەنی وە تەنانەت وا خراوەتە میشکی نەفامانەوە کە گوایا ئەگەر پارە بەو کابرایە نـەدری خوا نیازی ئەو زیارەتکەرە ناهینیتە دی .

## بەدەم پیغەمبەرەوە [ص]

هەموومان ئەزانین کەوا گەلیك ( حەدیث ) بەدەم پیغەمبەرەوە هەلبەستراوە ، کە ئەم حەدیثانە زیان لە خاوەن ئایینەکان ئەدەن بە تایبەتی لە نەشارەزایان . . وە هەر ئەم حەدیثانەشە کەبو بەهوی ئەوەی ژنان ئەمەندە پەنا ئەبەنە بەر ( شەخس )

لەوانە ئەم وتەیە کە ئـەلی [ لو احسن احدکم ظنه بحجر نفعه ] واتـە ئـەگەر برواتان بە بەردیش بی سوودی بوتان ئەبی ، کەچی حەزرەتی عومەری خەتاب خوا لی‌ی خوش بی لە کاتیکدا کە تەوافی کەعبەی ئەکرد رووی کردە بەردە رەش ( الحجر

الاسود ) وه وتی [ والله إني اعلم انك حجر لاتضر ولا تنفع ] واته بەخوا ئەزانم کەتو بەردیکی نه سوودت هەیەو نـه زیان ... ئنجا توخوا ئەی خاوەن ئیمانینه ئەمه له کوی‌و لیسانەوەی دارو بەردی گوررستان له کوی ؟

## پرسەی ژنان

لەناو ئیمەدا که یەکیك ئەمری ژنان کورریکی ئەوتو گەرمی بو ئەگرن بو شین‌و شەپورر ئەلی‌ی به جاری دنیا کاول بووه . ژنان لـه پرسەدا ژنیك به پاره بـەکری ئەگرن بو ئەوەی بلاوینیتەوه ئەم ژنه بەکری گیراوەش هەرچی ووشەی ستایش هەیه رستی ئەکاو بەدەم لاوانەوەوه ئەبلی : ژنانیش ئەکەونه سنگ کوتان‌و له خودان‌و قژ رنینەوه وەهەروەها ئەم بەکری گیراوه هەر بەوەشەوه ناوەستی‌کە ووشەی ناسورو ستایشی دەربارەی ئەو مردووه رست بکا بەلکو بەرریز پیادیت هەر جارەو بەسەر مردووی یەکیك لەو ژنانەدا هەل ئەداو زامی خەمیان دینیتەوه سوی ، ئەم لاوانەوەیە جاری وا هەیه ئەگاته رادەیەك که هەرچی ئەندازەو شیرازه هەیه نایمینی ، سەیر ئـەکەی بو پیریك ئەلاوینیتەوه کەچی ئەیکا به شوخه سواریك ، بەم چەشنه کورری شین گەرم ئەکەن به جوریك که سەدانیان لی نەخوش ئەکەوی لەبەر له خودان‌و گریان‌و هەنسك هەلدان .


www.zheen.org

پیغەمەر ئەفەرموی [ ئەوانەی که کوستیکیان ئەکەوی‌و بەدەنگی بەرز شین ئەکەن ئەوانه من لی‌یان بی‌بەریم ]

وه کاتیك که پیغەمەر کوچی دوایی کرد حەزرەتی عومەر نەیهیشت نه ژنەکانی پیغەمەر وەنه فاتمەی کچی بەدەنگی بەرز بوی بگرین‌و بوی بلاوینەوەو لەخویان بدەن

بەلام ئیوه ئەی ژنینه داخی گرانم له زور کاتا خەریکی زاوا رویەو بووکانـــه بووکانەن .

# « لادێیی و کوچەریی کورد »





# [ بـــەهار ]

نوسـینی : شیخ محمدی خـال

بەهار ! دیسـان هاتیتەوە ، لە موتەکەی زستانو شەوەی بەفرو باران رزگـارت کردیین ، بای خوشیت درری دا بە هەوری تاریکو نووتەك ، تیشکی زیرینی روژو تریفەی زیوینی مانگو جریوەی ئەستیرەو شینایی ئاسمانو زەردو سووریی کەناری ئاسوی بو دەرخستین ، لە لایەکەوە ( حەوتەوانە ) و لـــەلایەکەوە ( کو ) و ( گەلاویژ ) و لەلایەکي ترەوە (کاروانکوژە ) و ( ترازوو ) ت بە گومەزی ئاسمانا وەك ( ئاویزە ) بو ئاویزان کردیین !

لەلایەکی ترەوە بە کزەی خوشی خوت قەلای بەفری دوژمنی زستانت رووخان وە شوینەکەیت بە لەشـکری گولو گیای خوت گرت ، وە خەیمەو بارەگای گولالـــە سوورەت لە جی هەلدا .

قەلاتی زیبوی روخاوە هەرەس بە توپی نەسیم
سوپاهی لالەو گول چادری لە جی هەلدا

لە خوشی ئەم زالبوونو سەرکەوتنە بەسەر دوژمنیکی وەك زستانا جیهان حالی لی هاتوە ، شـاخو داخو کەژو کیوو دارو درەختو گژو گیاو مەل و بالندە کورری ذیکریان بەســـتوە ، وەك حەلقەی دەرویش بە دەفو گویندەوە بە زبانی حـال تەسبیحاتی خوا ئەکەن ، هەر لقە گیایەك تەزبیحیکی دانە دانەی لە ئاوی شـەونم کردوە ، بە دەم حالەوە هەر سەر ئەلەقینی ، مەلو بالندەش گورانيیان بو ئەلین و سوزیان بو ئەکەن ، دارو درەختیش بەگەلاکانی خویان دەفیان بو لی ئەدەن ، شاخەکانیش وەك پیریکی دەستگیری دلپاك لە حەلقەی ذیکری ئەم دەرویشانەدا وویستاوون بەسەرو میزەریکی بەفریینو بالا پوشیکی سەوزی ئاودامانی رەنگیینو قەدو سیواکیکی ریواسیینو چەفتەو عەگالیکی گەلایینەوە .

چیایە شیخو کەوا سەوزو میزەری بەفرە

سیواکی چووزەرە ریواسە تەیلەسانی گەلا
چنارو عەرعەرە دەفزەن هوزارە نەغمە سورای
گیاشی زاکرە تەزبیحی شەونمی لە ملا

تەنانەت گیانداری بی زبانیش لە خوشی ئەوەی کەوا پشتی گەرم بوەتەوەو سکی تیر بوە ئارەزووی گورانی هاتوە ، ئیتر هەر پشیلەیە ئەمیاوینی‌و ، مریشکە ئەگارینی و گورگە ئەلورینی‌و ، ئەسپە ئەحیلینی‌و ، گایە ئەقووررینی‌و ، مانگایە ئەبوررینی‌و ، مەررە ئەباررینی‌و ، بزنە ئەباقینی‌و ، کارو بەرخە ئاباعینی ، وە هەموو گیان لەبەریك ئارەزووی هاو تەحریکی خویەتی کە بەخوشی لە گەلیا رابویری ،

لە کیوو کەژ کە سەر ئیوارە دیتەوە مالات
لە دەوری چادری ساحیبی مەوجی داویستا
لە حیلە حیلی کەحیل‌و لە باررە بارری مەرران
لە دەنگی قوررەی گاجووت‌و بوررەی مانگا
لە گورگەلوورو حەپەی سەگ لە قاررە قارری بزن
لە عەکسی دەنگی دوبارە کە دیتەوە لە چیا
لە ئوحە ئوحەی گاوان‌و قیرە قیرری شوان
لە بگرە بەردەیی گابان دەبیتە حەشرو حەلا
مەلائیکەی سەری تاق و رەواقی مینایی
دەبینە جوبنوش‌و لەرزین دەکەونە رەقس‌و سەما

لەلایەکی ترەوە کەو ئەقاسپینی‌و ، چولەکە ئەجریوینی‌و ، بلبل‌و ریشولە ئەخوینی‌و قازو قولنگ ئەچریکینی‌و گا کیویی ئەپرمینی‌و سمکول ئەکا بە رەنگیکی وا لەگرمەی سمکولەکەی گای ژیر زەویی ـ کەلە پرروپووچی کونا ئەلین : گوایە زەویی لەسەر پشتی ویستاوە ـ ئەلەرزی ، وەلـە پرمەی دەم‌و لووتی گای ئاسـمان ـ کە برجی ثورە ـ ئەترسی

خرنگو هووری قولنگ‌و قەتاری سیی لە سەران

که دیت‌و که‌و ده‌فرریتو شه‌هین چریکه ئه‌کا
له پررمه پررم‌و له سمکولی پییره گا کیوبی
ئه‌له‌رزی گاوی زه‌مین‌و ئه‌ترسی گاوی سه‌ما

له هه‌مووی جوانتر له به‌هارا خیوه‌ت‌و ده‌واری کوچه‌ریی‌یه‌کانه که‌له ده‌شت هه‌لی ئه‌ده‌ن ، وه‌به پانی‌و دریژی کوردستان ئیواران‌و شه‌وان ئاگر ئه‌که‌نه‌وه ، وه به‌قه‌د ئه‌ستیره‌ی ئاسمان گرری ئه‌چی به حه‌وادا ، ئنجا هه‌ر وه‌ك ئیمه سه‌یری ئه‌ستیره‌کانی ئاسمان ئه‌که‌ین ، فریشته‌ی ئاسـمانیش به شه‌وانی به‌هار سه‌یری گرری ئاگری نـاو ره‌شماله‌کانی کوردستان ئه‌که‌ن .

که هه‌ل کرا شه‌وی ئاگر له کوللی ره‌شمالیك
خه‌جیل ئه‌بن له زه‌وایای خه‌یمه‌ی والا
( عه‌تارد ) و ( زوحه‌ل ) و ( افتاب ) و ( ماه ) ی ته‌مام
خولاسه ( ثابت ) و ( سیاره ) تا ئه‌گاته ( سوها ) [١]

له‌مه‌ش جوانتر وورده هه‌وری رووی ئاسمانیێ که هه‌ر ده‌مه‌ی لـــه وینه‌یه‌کا خوی ئه‌نوینی ، ده‌می وه‌ك برنجوکی سه‌رپوشی بووك ، ده‌می گولگولی وه‌ك گولووك ده‌می په‌له په‌له‌ی پچکوله وه‌ك میگه‌لی مه‌رر .

له ژووری میگه‌لی هه‌ورو له ژیری میگه‌لی مه‌رر
شه‌بیهی گولشه‌نی خضرایه توده‌یی غه‌برا [٢]

---

[١] ( عه‌تارد ) و ( زوحه‌ل ) ناوی دوو ئه‌ستیره‌ی گه‌رروکن له‌و ئه‌ستیرانه که پاشکوی روژن . ( ئافتاب ) روژه . ( ثابت ) ئه‌و ئه‌ستیرانه‌ن که گه‌ررووك نین ، وه به دریژایی ســال له‌به‌ر چاوی ئیمه ناجوولین . ( سیاره ) ئه‌و ئه‌ستیرانه‌ن که به‌گردی روژا ئه‌سوورینه‌وه . ( سوها ) ناوی ئه‌ستیره‌یه‌کی زور پچووکه به‌ته‌نیشت ئه‌ستیره‌ی حه‌وته‌مه‌وه له ( حه‌وته‌وانه ) که به‌چاوی تیژ نه‌بی نابینری .

[٢] ( گولشه‌نی خضرا ) : بریتی‌یه له ئاسمان . ( توده‌یی غه‌برا ) : بریتی‌یه له زه‌ویی .

ناو بەناویش پەلە هەورەکان لەیەك ئەدەن وەك عاشقیکی شیت و شەیدا دەست ئەکا بەگرمە گرم و نالە نال و چەخماخە و بروســـکەدان تاو تاویك باران ئەباری‌و چەن دلوپیك فرمیسکی سارد هەل ئەرریژی ، ئنجا جیهان تازە ئەبیتەوە ، وەلە هەموو لایەکەوە هاررە هارری ئاو بەقەد لاشەی گا دیتە خوارەوە ، لە دلی دلپاکان روونا کترو لە بەفراوی سەر نزاران ساردتر : وە بە هەموو گەلاو گولو گیاو گوپکەو چرویەکەوە دلوپی ئاو ســـپی بریقەداری پیا دیتە خوارەوە کە هەتاو لی‌ی دا وەك گوارەی ئەلماس ئەلەریتەوە و ئەدرەوشیتەوە .

لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
چیایە پرر لە هەراوو نووایە پرر لەسەدا (٣)
پررە لە سەیل و لە گولاوی کانی روویی زەمین
پررە لە بەرق و بریقەی بروسکە جەووی سەما
شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەرقەلبەز
بە وورشە وورشە گیاو شینکەیی بووە شەیدا

خو کە پەلکە زیررینە پەیدا ئەبی لەسەر رووی هەور بەرەنگی زەردو سوور و سەوزو بنەوشەیی و لاجیوەردیی و شین و پرتەقالی‌یەوە وا ئەزانیت کە تاقی موزەفەرەو دروست کراوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەبونەی هاتنی شای بەهارەوە .

لەمانە لەهەمووی جوانتر روژەکە وەك جولا هەر خەریکی چنینی قالیچەی باخچەی گولانە ، یا وەك بویەچی خەریکی رەنگ کردنی پەررەی گولانە ، یەکیك بە ئال و یەکیك بەمورو یەکیك بە سپی و یەکیك بە ژەنگارو یەکیك بەفیســـت رەنگی ، یاوەك بەربووك خەریکی سووراوو سپیاوی گولە باخ و نیرگس و چاو ررشتنی گولالەو داهینانی پرچی بنەوشەو شـانە کردنی پەرچەمی بەررەزایە . خولاسە کە تەماشـــا ئەکەیت جیهان وەك بووکیکی شەنگوشوخی رازاوە وایە ، لە تەپلە سەریەوە تا کەلە موستی پی‌ی رەنگاو رەنگو جوان و بونخوشە . وە لە هەرچی وورد ئەبیتەوە مەست‌و

[٣] نووا : ئەشکەوت .

سەرخوش ، وە پرر بەدەم پی ئەکەنی ، یا وەك بلبلی سەرچل ئەچریکینی :

شکوفە درهەمی شاباشی بایی وەعدە ئەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە دارو بەردی چیا
پیالەی زەرری نیرگس لەسەر کەفی سیمین
پررە لە شەونمی وەك دورری لۆلۆ و لالا
گولیش بەپەنجەی پیروزی چامی یاقوتی
لە بونیشاری موهەیایە پرر لە زەرری تەلا
لە شادی وەك سەفی شایی لە کیو و کەژ ئەزهار
هوژا بەخەلعەتی گولگون دەکەونە رەقس و سەما (١)
چەمەن لەلالە میسالی خەتی روخی دلبەر
سیاە چادری لی بوتە خالی سەر گونا
لە کن بەنەوشە ، خاوو ، هەلالو ، بەیبوونی
هەلالی پیستەی خاوە عەبیرو موشکی خوتا
چیا لە تەوقە سەری داررژاوە تا کەمەری
چە زولفی سونبولی دەرهەم چە پەرچەمی بەرەزا (٢)
بەجوشی ئاگری گولناری کانی هەلدەقولی
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەزرا (٣)

بەلام ئەگەر راستت ئەوی لـە بەهار جوانتر ئەو خوایەیە کە بەهاری دروسـت کردوە ، [ فسبحان الله حين تمسون وحين تصبحون ، وله الحمد في السماوات والارض وعشياً وحين تظهرون ]

---

[١] هوژا : جوولا
[٢] دەرهەم : بەیەکا چوو
[٣] وامیق : عاشقی چاوەروان

# نان له دەریادا

یەکی لە زاناکانی ئەلمان کە بەدوای کەرەسەی خاودا ئەگەرا لە دەریادا ، لە دوای سوراخ و تاقی کردنەوە بوی دەرکەوت ، کە لە هەر مەترە موکعەبیکدا لە ئاوی دەریا غرام نیویك زولال ( پروتین ) و ٣/٩ غرام خەلوزی هیدرات هەیە .

کە ئەمەش وا ئەگەیەنی کە تەنها لە ئاوی دەریای ئەتلانتیکدا ئەمەندە خواردەمەنی هەیە کە بیست ئەمەندەی ئەو گەنمە زیاترە کە لە هەموو جیهاندا دەر ئەهینری .

وە ئیستاکەش بە تەواوی بەبی بەربەرەکانی لای هەموو زاناکان ساغ بوتەوە کە گژوگیای دەریایی کەلکیکی گەورەیان هەیە بو هینانە بەرهەمی خواردەمەنی بو مروڤ .

لەبەر ئەمە زاناکانی ئەلمان کەوتنە تەقەلاو هەول دان بو دەرهینانی نان لە گژو گیای دەریایی ، تا لە ئەنجامیشدا توانی‌یان کە بەشیوەیەکی باش و جوان نان لەو گژو گیایانە دەر بهینن . وە لە دوایشدا بو تاقی کردنەوە کەوتنە فروشتنی ئەو نانانە بەخەلکی ، تەماشایان کرد بازارو رواجیکی باشی هەیە .

لە ئەنجامدا ئەم دەرهینانی نانە بو بە هوی ئەوەی کە زور لە نانەواخانەکانی کوماری ئەلمانیای یەکگرتوو بکەونە تاقی کردنەوەی ئەم نانە تازەیە کە لە ٦٠٪ ئەو مادە خوراکی‌یە پی‌ویستەو بەکەلکانەی لەشی تیایە جگە لە گەلی جوری ڤیتامینات وەکو ڤیتامین ( ا . ب ) و چەوری و نیشاستەو زولال و شەکری میوەیی . کە بەم جورە ئەبینین کە ئەو نانەی لە دەریادا دەرئەهینری گەلی باشترو بەکەلك ترە لەو نانەی کە ئیستا بو خواردن بەکاری ئەهینین .

وە هەروەها یەکیك لە کەلکەکانی تری ئەم نانە تازەیە ئەوەیە : کە تامەکەی خوشە ، وە ماوەیەکی زور بمینیتەوە خراپ نابیت ، وە کەررو هەل ناهینی‌و تام و رەنگی ناگورری هەتا ( ١١٠ ) روژ ، وە جگە لەمانەش ئەو ئاردەی کە لەم گژو گیایانە دەر ئەهینری‌و ئەکری بەهەویر بو کاتی شیلان و نان کردن پی‌ویستی بەوە نی‌یە کە هەویرترشی تی‌بکری تا هەل بیت .

وە ئەو زانایەی کە ئەم نانە تازەیەی دوزی‌یەوە ناوی پروفیسور ( فاربورگ ) ە کە جائزەی ( نوبل )ی لەسەر ئەمە وەرگرتووە .



ئەمە بەشیکە لە کورت کراوەی ئەو یادداشتەی لەلایەن نیردراوە کوردەکانەوە پیشکەش کرا بە ( ترای گڤ‌ی‌لی ) ئەمین‌داری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لـە پاریس ، لە ١٩ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٤٧ دا .

[ پاشـماوەی ژمارەی پیشـوو ]

وەرگیرر لە ئینگلیزی‌یەوە

محمد باقي سعيد

بیگانەکان بانگ کران بو مەهاباد بو سەیر کردن وە شارەزا بوون لەم کومارە نوی‌یە وە ژیانی گەلـەکەی لە هەموو روویەکەوە دی‌یان کە کوماری کوردستان لـە مەهاباد هەنگاویکی گەورە ئـەنی بو پیشەوە لـە هەموو روویـەکی ژیانەوە ( ئـارشی روزفلد ) لە ژیر ناوی [ کوماری مەهاباد ] دا ئـەلی ( شاری مەهاباد لـە پیشـەوە نموونەیەکی دیهـاتي بوو پەست و سست بوو بەلام ئەمرو جوولانیك‌و پیش‌کەوتنیکی تری هەیە پرە لە ژیان لەگەل ئەوەشدا ئەلی زور بە گەرمی هەول ئەدەن بو ئەوەی بنچینەیەکی پەروەردەی زور بەهـیز دابنین بە پیچەوانەی بەشەکانی تری ئیران وە ئازربایجانەوە ، کوردستان رووسی تیانی‌یە کە دەستیان لە ئیش‌وکاردا بیت وە لـەم کاتەدا لە ئازربایجان دا حوکمیکی توندو تیژ بەرپایە ، بـەلام لە کوردستان‌دا ئـەمە نی‌یە ، بەند کراوی سیاسی نی‌یە لە کوردستان دا ، وە تەنها یەك دوو کەسی لەناو براوە ئەویش دوور نی‌یە لەسەر سیاسەت بووبي ، وە هەروەها چەند کوردیك کە

که حەزیان لە رژێمی تازە نەکردووە پەنایان بردوتە بەر ئێران وە لە تاران ئەژین، وە لەسەر جادەکانی مەهابادا بە سەربەستی‌یەوە ئەتوانیت گوی لـە ئـەنقەرەو لەندەن وە هەموو شوێنێکی تر بگریت بـەلام لـە تبریز کە پایتەختی ئازربایجانـە گوی گرتن لەمانە خاوەنەکەی تووشی سزا ئەکا، وە ئەم سەربەستیەش ئەگەرریتەوە بو بیری ووردو پیش‌کەوتووی پر لە گیانی ئازاد پەروەری قازی محمد وە ئەندامانی وەزارەتـەکەی، هەروەها سەرەك هوزەکان پەنای زوریان ئەئەدا بەرامبەر دراوەسی‌کانیان بکری )

لەمانەوە بومان دەرئەکەوی کە ئەم کومارە تا چ رادەیەك خوشەویست بووە لای کوردەکان وە دانیشتووانی مەهاباد ئەم ماوەیەیان بە دەوریکی زور خوش زانی لـە ژیانیانا لە پاش ئەو هەموو بی‌دادی‌یەو ستەمکاری‌یەو تالان کردنەی کە تووشی ئەبوون بە دەست کاربەدەستانی ئێرانەوە وە لـەوانـە باشتریان لی‌رەوا نەئەبینین کە بیکەن بو کورد بەلام ئەم بـەختیاری و خوشـی‌یە ماوەیەك بوو لە ژیانی ئەم گەلەدا لە پر دا گورانیك رووی دا .

لە ١٥ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ دا ( سەدری قازی ) برای قازی محمد ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی کە ناوبژی کەر بوو لە بەینی حکومەتی ئێران وە کوردستان‌دا چوو بو ( میاندوواو ) لەوی ( ژەنرال هەمایونی ) ئاگادار کرد کە کوردەکان ئامادەن پیش‌وازی سەربازەکانی ئێران بکەن کە پاریزگاری ئەو وەفدەیان پی سپیرابوو کە هاتبوون بو هینانەدی هەلبژاردنیکی سەربەست کە بەدەستەوە بوو وە هـیزی ژەنرال مصطفی بەرزانی دەنگ درا کەلە مەهاباد بکشیتەوە وە چولی بکات بو ئەوەی ریگای هیزی ئێرانی بدات کە بچیتە ناو شارەوە .

ئەمەیش بەلگەیەکە بو دەروون پاکی‌و دلسوزی کوردەکان بو بردنە سەری هەموو ری‌کەوتن‌و پەیمانیك ، لەسەر ئەوەشەوە کوردەکان پیش وازیەکی زور بە گەرمی هیزی سوپایی ئێرانیان کرد وە میوان داریەکی باشیان کردن ، ئەفسەرانی هیزی ئێران لـە پەنای دوستایەتی‌و برایەتی‌یەکی رووکەش دا ئەیان ویست لە ژیرەوە دەست کەن بە کوشتن‌و بررین ، ئەوە بوو لەپر پیشەوا قازی محمد وە سەیفی قازی‌و ژمارەیەك لـە ئەندامانی کاربەدەستانیان گرت لە روژی ١٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ ( واتە لە پاش

دوو روژ هاتنیان بو مەهاباد ) .

وەلە ٣٠ کانونی یەکەمدا سەدری قازی کە ناوبژی کەری بوو لە بەینی کوردستان و ئیراندا گەرایەوە بو [ تاران ] وەبە بەند کراوی هینرایەوە بو مەهاباد لــەوی خرایە بەندیخانەوە لەگەل قازی محمدی برای دا .

لی پرسینەوەیان درایە دەست دادگای سوپاهی وە بریاری خنکاندنیان دەرچوو لە روژی ٣١ مارتی سالی ١٩٤٧ دا کران بە سی‌دارەدا .

با بزانین لە دەرەوە باوریان چی‌بوو بەرامبەر بەم کارەساتە نارەوایە [ ئارشی روزفیلد ] بە کورتی ئەلی حکومەتی سوپاهی ئیرانی بە پیی ئەو پەیرەوو پیلانەی دای نابوو بو لەناو بردن و نەهیشتنی رژیمی کوماری کوردستان تا رادەیەك سەرکەوت .

وەهەرچی چاپەمەنی هەبوو بو بلاوکردنەوەی زانیاری کوردی شکینراو فری درا خویندن و نووسین بەزمانی کوردی قەدەغە کرا ، هەرچی پەراویکی کوردی هەبوو لەو ماوە کەمەدا بەرهەم هینرا بوو کومەل کرا لە جیگا گشتی‌یەکاندا وە بەبەرچاوی گەلی کوردەوە سووتینرا .

## لە ئەنجامدا

( باسیل نیکیتین ) لە بارەی تەنگو چەلەمەی کورد ئەدوی لە گوڤاری ( گوڤاری سیاسی دەرەوە ) « وەکو بوم دەر ئەکەویت هەر چەند بگەریین بە تایبەتی بوکاری بیگانەو یارمەتی‌یان بو نەهیشـــتنی تەنگو چەلەمەو بـاری گرانی کورد بو ئەوەی مەسەلەکەیان ئاوریکی راستی و داد پەروەری لی بدریتەوە ئەمە نەبووە .

بی‌گومان خەبات و تیکوشانی کوردەکان بو سەربەخویی و ئازادی ئەگەریتەوە بو بنەرەتی پیك هاتنی کومەلایەتی‌یان .

وە ئەنجامی گورانی میژوویینی دریژیانە »

وە ( ئارشی روز فیلد ) ئەلی « ئەگەر ئــەو وولاتانەی کە کورد لــە گەلیاندا ئەژین و سەربەخویی‌یەکی ناوەوەیان بدەنی وە واز بینن لەو تەقەللایەی کە ئەیدەن بو ئەوەی سەرکزیان بکەن و بیان توینەوە لە ناو نەتەوەیەکی تردا کە بیگانەن بەوان

ئەتوانن وەکو برایەکی دلسوز ( کوردەکان ) وەگیانی بەگیانی لەگەڵیاندا بژین وەببن یە پشتیوانیکی گەورە بویان , وەکو ئەو برایەتی‌یەو یەك گرتنەی کە هەیە لە نیوان هەموو بەشەکانی دانیشتوانی ولاتی هولـەندەدا .

وە ئەو راستیانەی کە باسمان کرد لەوە پیش‌و دەرمان خست وە ئەوگورانەی کە لە کوردستان روویدا لەم دواییەدا ئەگەریتەوە بو ئەو ری‌و پەیرەوە سیاسی‌یانەی کە بەکار ئەهینرا بو نەهیشتنی ئەم گەلە وای لی کردن شورش بکەن و راپەرن بەرامبەر زوردارانیان کە کار بەدەستە کونە پەرستە شوڤینی‌یەکانن .

کەوا بو باشترین پەیرەو بو چارە کردنی ئەم مەسەلەیە دانانی بنچینەیەکی نوی‌یە لەم ناوچەیەدا ( لە روژ هەلاتدا ) وە دەسـت دریژی نەکریتە سـەر مافیان . وە ئازادو سەربەست بن وەکو هەمو نەتەوەیەکي تر قەبارەیەك و ناویکیان هەبیت بو ئەوەی بپاریزرین لەو لەناو چوون و نەمانەی کە چاوەروانیانە .

ئەگەر ئەرمەنی‌یەکان و جولەکەکان و ئاسوری‌یەکان و کلدانی‌یەکان کە تووشـــی ناخوشی بو بوون بەم نزیکانە یاخود لە میژەوە کوردەکانیش کە ( نەتەوەیەکن ) هەر بەو جورە بوون بەپیچەوانەی ئەو بەندانەی کە بلاوکرایەوە لەلایەن وولاتـــە یەك گرتووەکانەوە کە بریتی‌یە لە ( دان نان بە مافی ئەو ولات و گەلانەی کە سـەربەخو نین یاخود لـە ژیر چاودیری‌دان ( وصایە ) ) وە ( ریزگرتنی و پاراستنی مافەکانی مروڤ و سەربەستی هەموو رەگەزەکان ) .

مەسەلەی کوردو چارە کردنی بناغەیە بو ئاشتی و دیموکراتی و خوش گوزەرانی لە روژهەلاتی ناوەراستدا هەر چارە کردنیك ئاراستەی ئەوە بیت‌و ئاسایشیکی بەردەوام بلاو بکاتەوە ئەگەر چاو بپوشي لـە چارە کردنی مەسەلە و بـاری کورد ئەنجـامی بی بەرەو بەفیرو ئەروات وە نایەتەدی .

---


## پاریزەر جەمال شالی

هەموو جورە داوایەك وەرئەگریت لەسلیمانی وە دەرەوەی .

تەلەفون ٢٦٠

# دامەزراندنی پیشەسازیی لەکوردستان‌دا

شاکر فتاح

لەم هەفتەیەدا . دو فەرمانبەر لەوزارەتی پیشەسازیی عیراقەوە نیررانە سلیماني . هاتنە شارەواني لەگەل چەند کەسیکی شارەزای دەولەمەندو بەلیندەرو دوکاندارو پیشەوەردا گفتگویان کرد لە بابەت دامەزراندنی چەند هاوبەشی « شـــرکت » یەکەوە لە سلیمانی‌دا راویژو لی کولینەوە کرا وە لەلایەن هەمومانەوە ئەو دوفەرمابنەرە تی‌گەیینرا کەلەدەمیکەوە دانیشتوانی شاری ســـلیمانی چاوەروانی دامەزراندنی چەند کارگە ( معمل ، مصنع ) یەکن لەسلیمانی‌و دەورو پشتیا بوئەمەی گەلەکەمان پیشکەوی و ببووژیتەوە ولەدەست هەژاریی‌و نەخوشی‌و نەخویندەواریی رزگاری بی . هەروەهـا تی‌یان گەیینرا کە ئەمە گەلیك سالە سکالاو بیرەوەریی (مذکرة)لەلایەن شارەوانی‌سلیمانی و دانیشتوانی شـارەکەوە پیـشکەش بە فەرمان رەوایی کراوە ، هەروەها گەلیك جار گفتگو لەگەل کاربەدەستان‌دا کراوە بوچاکردنی گیروگرفتي بی‌کاریی‌و هەژاریی‌و نالەباریی لەناو نیشتمانەکەمان دا بەدامەزراندنی چەند کارگەیەك لەشـاری سلیمانی و دەوروپشتیا وەك ( کارگەی شـەکر ) و( کارگەی خواردەمەنی‌ی ناوقوتوو ) و ( کارگەی قاقەز ) و ( ( کارگەی لوکە شی‌کردنەوە ) و ( کارگەی پوشەنی ) و « کارگەی کەرەسـەی خانوو دروسـت کردن » . بەلام تا ئیستا هیچیان دانەمەزرینراون . هەروەها تی‌یان گەیینرا ، کەچون ئەم بی کاروفرمانی یە بوتە هوی دزیی‌و جەردەیی وراوو رووت کردن و ئاژاوە نانەوە و ئاسایش تیك دان .

هەروەها پیشانیان درا کە تا چەرادەیەك لادی‌یەکان رە و ئەکەن بوناو شارو تا چەرادەیەك بارستایی ژیانی ناوشار بەهوی ئەوانەوە نزم بوتەوە . دیسانەوەتا چەئەندازەیەك گوندەکانمان بەرەو ویران بوون و بەرهەمی کشت‌و کالمان بەرەو کزبوون ئەچی .

بەلی ئەمانەمان هەمو تی‌گەیاندن جگەلەوە هەر شارەزایی‌یەکیش هەبو لای خاوەن پیشەو دەولەمەندەکان و شارەوانی لەبارەی بەرهەمی میوەو سەوزەوات و لوکە و

چەوەندەرو بابەتی کەرەسەی قاقەزو ئاسن و خانووە وە پیمان گوتن .

لەئەنجامدا چەند کەسیك سکالا نامەیەکیان پیشکەش کرد بە وزارەتی پیشەسازیی کەئامادەن بو دامەزراندنی هاوبەشی « شرکت » یەك بو بەرهەم هینانی کەرەسەی خانوو دوروست کردن وەك : چەوولم و بەردو خشتی سورو خشتی چیمەنتو و کاشی و موزاییك و کەرەمید « کاشی‌ی سەربان » و ئەسپەست « سەربان پوش » و لوولەی چیمەنتو . بەهوی چەند کارگەیەکەوە ، بەو مەرجەی فەرمان رەوایی سەدی چلی بەشەکانی بکری ئەوانە جی‌ی سوپاسن .

بەلام دەولەمەندەکانمان دامەزراندنی هاوبەشی‌ی [ لوکە شی‌کردنەوە ] یان پەسەند نەکرد .

هەروەها سەوزە فروشەکانیش ملیان نەدا بو دامەزراندنی هاوبەشی‌یەك بو دروست کردنی [ خواردەمەنی‌ی ناو قوتو ] کەلە سەوزەو میوە دوروست ئەکرین وەك دوشاوو سرکەو رەنگاوو ترشیات‌و میوەی ووشك کراوو رەچەل [ مرەبا ] و دوشاوی تەماتەو سەوزەواتی پەروەردە کراو لەناو قوتوودا . هەروەها لەسەر دامەزراندنی هاوبەشی یەکیش بو چاپ‌خانەیەکی گەورە ریك نەکەوتن .

ئیمە لیرەدا هەر ئەوەندە ئەلی‌ین‌کە ئەو جورە دەولەمەندو پیشەوەرانە ، رەوا نەبو هەر تەماشای کەلکی خویان بکەن ، ئەبو تەماشای کەلکی گشتی‌شیان بکردایە ، نەئەبو تەگەرە بخەنە بەر ئەم فرمانە گشتی‌یە بەکەلکە کە فەرمان رەوایی خەریکە سنگی بو بیاتە پیشەوە . ئەوان بام ئارامیان بگرتایە تا هاوبەشی‌یەکان دائەمەزران ، ئەوسا لی‌یشی جوی ببوونایەوە ، زیانی نەئەبەخشی ، چونکە ئەتوانرا ئەو هاوبەشی‌یانە بە فەرمان رەوایی‌و چەند کەسیکی ترەوە بەربوەبری . بەراستی سل کردن‌و راکردنی ئەو دەولەمەندو پیشەوەرانە لە دامەزراندنی ئەم هاوبەشی‌یە بە کەلکانە جی‌ی داخ و سەو سوررمانە !. چونکە گەلیکی وەك کوردی ئیمە تا پیشەسازی‌ی تیا دروست نەبی نەپی‌ئەگا ، نەتیر ئەخوا .

کارگە بەندە بەژیانی هەزاران کریکاری هەژارەوە کارگە بەندە بەژیانی هەزاران جوتیارەوە

كارگە خويندنگايە ، گەلەكەمان فيرى راستىو دروستىو پاكو پوختەيىو سەربەرزيى ئەكات نابى ئيمە پشت بكەينە فەرمان رەوايى لە دامەزراندنى هاوبەشىو كارگەدا . . نابى كەم تەرخەمى بكەين لە دامەزراندنى ئەو كارگانەدا كە هەزاران جوتيارو كريكارى هەژار ئەخەنە ژيانيكى پاكو پوختەو ئاسودەوە .

ئەبى خەمى خاكەكەمان بخوين ئاوەدان بيتەوە .

ئەبى خەمى گەلەكەمان بخوين ببووژيتەوە .

ئەبى خومان بەخت كەين بو پيشكەوتنى گەلەكەمانو ئاوەدان كردنەوەى نيشتمانەكەمان مەبەس لە قسەكەمان تەنيا ناوچەى سليمانى نيە ، هەمو كوردستانى عيراقە .

* * *

بەلام بەرامبەر فەرمان رەواييش چەند قسەيەكمان هەيە . قسـەكەشمان ئەوەيە تكاى لى ئەكەين گوى نەداتە ئەوەى كە دەولەمەند و پيشەوەرەكانمان هاوبەشىيەكانى لەگەل دانامەزرينن . بو گەليكى پاشكەوتووى وەك ئيمە شتيكى سەير نيە كە دەولەمەندو پيشەوەرەكانمان لـە دامەزراندنى ئەم هاوبەشىيانە رابچلەكين لەلايەكەوە كارەسـاتى روژگار ، لەلايەكى تريشەوە نەشارەزايى ، لەلايەكى تريشەوە شيوەى ژيانى خواروخيچى ئابووريمان . ئەمانە هەمو بوون بەهوى ترساندنمان لە دامەزراندنى ئەو هاوبەشـى و كارگانەدا ..

www.zheen.org

تەنانەت لە زوربەى خاكە پيشكەوتووەكانى روژ ئاوايشدا هەر فەرمان رەوايىيە كە كارگە دامەزرينى وەهەر فەرمان رەوايىيە كە كارگە لـە دەسـت خاوەن كارگەكان ( بەنرخى خوى ) ئەسـينى !. وە هەر فەرمان رەوايشـە لـە زوربەى خاكەكانى روژ هەلاتدا كە كارگە دائەمەزرينى و بەريوەى ئەبات بەبى يارمەتىى سەرمايەدارەكان .

لە راستيدا بو هەژارو بيكارو فرمانان ، هەروەها بو هەمو دانيشتوانى خاكەكەمان كارگە هى فەرمان رەوايى بى چاكتر و بەكەلكترە لەوەى كە بەدەست سەرمايەدارەكانەوە بى . چونكە فەرمان رەوايى بو سوورى گشـت تى ئەكوشى . ئامانجى پيـك هينانى چاكترين بەرهەمە بەكەمترين نرخ بو زورترين كەس .

بەلام سەرمایەداران ، چونکە لە گیژاوی دەستکەوت ( قانزاج ) پەروەریی و سامان پیکەوە نان دان ، بەهوی یاسای ئیمرویانەوە کە تیا ئەژین ، ئامانجیان تەنیا کەلکی خویانە نەك کەلکی گشتی . لەبەر ئەوە ئەگەر کارگە زیانی کرد ، سەرمایەدار دای ئەخات بەلام فەرمان رەوایی دای ناخات . چونکە ئەو کەلکی خوی ئەوی ، بەلام فەرمان رەوایی ئەبی کەلکی گشتی بوی .

جا لەبەر ئەم هویانە تکای هەمومان لە فەرمان رەوایی ئەوەیە کە کارگەکان هەر لەلایەن خویەوە دامەزرینرین ، تا لەمە بەولاوە ئیتر شپرزەی دەستی بیکارو فرمانی و هەژاری و نالەباری نەبین . وە ئیمەیش ئیتر رووبکەنە بووژانەوە و پیشکەوتن و ئاوەدانییەوە :

° ° °

ئەم پرسو راویژ کردنو لیکولینەوەی وزارتی پیشەسازییە جیگەی دلخوشی و سوپاسمانە . تکا لە کاربەدەستانی فەرمان رەوایی ئەکەین هیندەی پیویستیمانە کارگەمان بو دامەزرینن لە هەمو شارو ناوچە گرنگەکانی کوردستانی عیراقدا . هەروەها تکا لە گەلەکەشمان ئەکەین ، بە تایبەتی لە سەرمایەدارەکانمان کە لەم رووەوە پشتگیری و یارمەتی فەرمان رەوایی بدەن ، تا رووبکەینە پیشکەوتنو دەولەمەندییو کامەرانی .

www.zheen.org


## روژی نوی

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتییە

خاوەن و بەرریوەبەری لیپرسراوی : پاریزەر جەمال حاجی فەقی شالی

سەرنووسەر : کامەران

ناوونیشان : سلیمانی ـ شەقامی سەیوان ـ روژی نوی ـ جەمال شالی

# پەروەردەی منال

پزیشك محمود علی عثمان

## خواردەمەنیی مناڵیکی لەش ساغ

### شیری دایك و شیری قوتو

شیری دایك گەلیك سودی هەیە کە لە شـــیری قوتودا نیە وە پیویستە بە پی‌ی توانا هەول بدریت لەبەر ئەم سودانە کە هەمیشە شـــیری دایك بەکار بهینریت بو خواردەمەنی منـــال . ئەم سوودانەش دەرئەکەون بەرونی ئەگەر سەیریکی ئەم بەراوردەی خوارەوە بکەین لە بەینی شیری دایك وە شیری مانگادا ـ کە شیری قوتو لی‌ی دروست دەکریت .

پیش بەراورد ئەبی بزانین کە :ـ

چە شـــیری مانگـایان دایك هەروەك لە چەوری ( Fat ) و شـــیرینی ( Carbohydrate ) وە پروتـــین ( Protien ) وە هیندی معادن وەك ئاسن و کالسیوم و پوتاسیوم و هی‌تر .. وە فیتامینات پیك دیت بەم نیسبەتەی خوارەوە :ـ

| | پروتین | شیرینی | چەوری | معادن‌وفیتامینات | ئاو |
|---|---|---|---|---|---|
| شیری دایك ـــ | ١٫٢٥ | ٧٫٥ | ٣٫٥ | ٠٫٢ | ٨٧ |
| شیری مانگا ـــ | ٣٫٥ | ٤٫٥ | ٣٫٥ | ٠٫٧٥ | ٨٧ |

١ ـ بەراورد :ـ

أ ـــ لەو نوسینەی سەرەوە بومان دەرکەوت کە پروتین لە شیری مانگادا زورترە لە شیری دایك . جگە لەمە ئەبی بزانین کە پروتینی ( شیر ) بریتیە لە دو چەشن ..

لاکتەلبومین و کاسیونوجین . لە شیری دایکدا لاکتەلبومین زورترە ، لە کاسیونوجین بەلام کاسیونوجین زور زورە لە شیری مانگادا . ئەم کاسیونوجینە لە مەعیدەدا بەهوی ریمینەوە ( Remin ) ئەبیتە کاسینی کە رەق و زەحمەتە هەزم کردنی بو مندال لەبەر ئەوە هەزمکردنی شیری مانگا گرانترە لە شیری دایك .



ب ــ چەوری شـــیری دایك بە جوریکە کە ئاسـانترە هەزمکردنی لە چەوری ناو شیری مانگا ، هەروەها شیرینی مانگا کەمترە لە شیرینی شیری دایك لەبەرئەوە پیویستی بەشەکری زیاد هەیە .

ج ــ لەبارەی مەعادن و فیتاميناتە وە شـیری دایك وە مانگـا هەردوك هەموجورە مەعـادنی بە قەد پیویست تیدایە جگە لە ئاسن کە لە شــــیری مانگادا نیسبەتەکەی کەمە وە لەشیری دایکدا دیسـانەوە کەمە ـ بەلام ئەم کەمیە تا شەش مانگی بەو ئاسنە پر ئەکریتەوە کە لە جگەری منالەکەدا لە سکی دایکیا خەزن ئەکریت . . . لەبەر ئەوە پاش شەش مانگ پیویستە مندال بو ئەوەی لە خوین کەمی ـ فقر الدم ـ رزگار بکریت لەگەل شیرەکەدا ئاوی گوشت و سەوزەواتی کولاوی بدریتی کە ئاسنیان تیدایە .

دیسانەوە شیری دایك وە شیری مانگا هەردوك هەموجورە فیتامیناتیان تیدایە جگە لەوەی کە شیری مانگا ـ دەکولینریت ـ و فیتـامین ـ C ـ نامینی بە کولاندن وە پیویستە ئاوی پرتقال یان هەمو میوەیەك بدریت بە مندال بو جیگرتنـــەوەی شیری دایك هـەمو فیتامینیکی تیدایە وە پیویست ناکات زیادەی بدریتی جگە لەوەی

كه ئەگەر تەندروستی دایکەکە باش نەبیت وە لاواز بیت .

٢ ـ شیری دایك هیندیك ( عناصری مناعەی ) ـ Anti Body ـ دژی نەخوشی تیدایە کە مندالەکە وەری ئەگریت وە لە شیری مانگادا نیە .

٣ ـ شیری دایك زور پاکتر وەخاوین ترە لەشیری مانگا وە دورە لەهەمو جورە پیس بونیك بەمیکروب ویان بلاوکردنەوەی نەخوشی .

٤ ـ ( درجة الحرارة ) پلەی گەرمایی شـیری دایك وەك پلەی گەرمایی لـەش مندالەکەیە وەگونجاوترین پلەیە بو پیویستی مندالەکە .

٥ ـ لە روی بەهیز کردنی پەیوەندی لە میانی دایك و مندالەکەدا شیری دایك باشترە چونکە مندالەکە هەمیشە نزیکتر وە زیاتر پەیوەندی هەیە بە دایکەکەیەوە .

٦ ـ ئەمانە هەموی جگە لـەوەی کە شیری دایـك هیچ جورە ئـامادە کردن و کیشان وە پیوانی ناویت ـ ئەمانەی کە نـەك هەر کات (وقت) ئەبەن ـ بەلکو ممکنە پیس و نەخوشیش بخەنە شیرەکەوە . لەدەستی ئەم و ئەو .

هیندی کات هەیە کە پیویستە مندال ببریتەوە لە شیری دایك بەمانا لە مژینی مەمك ئەم کاتانەش ئەمانەن :

## ١ ـــ نەخوشیەکانی دایك :

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو نەخوشیانەی کە پیویستە بەهویانەوە مندال ببریتەوە لە مەمکی دایکی ئەمانەن :ـ

ا ـ هەرچی نەخوشیەکی بەتای ساری (infectiow fever) وەك تیفو و آولە و سوریژە و نکاف وە غیری ئەمانە .

ب ـ نەخوشی گورچیلە و دلی مزمن وە شیر پەنجە نەك لەبەر توش بونی مندالەکە ـ چونکە ئەم نەخوشیانە نەقل نابن ـ بەلکو لەبەر ئەوەی کە تەندروستی دایکەکە باری مەمك دانی مندال هەلناگری .

ج سـیل .. هەتا ئەگەر لەوە پیشیش بو بیق چونکە لە پاش مندال بون هەل ئەداتەوە و مندالەکە نەك بەشیر توش ئەبیت بەلکو بەهەناسەی دایکی بەهوی نزیکیەوە .

د ـ لەکاتی سك پریدا چونکە ئەوکاتە باشـــترە ژنەکە یـەکیك پـەروەردە بکا

ئەویش منداڵەکەی ناو زگیەتی نەك دوو کەس .

## ٢ــ نەخوشیەکانی مەمك :

ا ـ چونە ناوەوەی گوی مەمك وەدەرنەهاتنی ـ retractiow ـ لەم کاتەدا دەتوانریت بەهوی هیندی پمپی ـ pump ـ تایبەتیەوە شیر دەربهینری وە بدریت بە منداڵ .

ب ـ برینداری مەمك کە زور ئیش ئەدات بەمەمك لە کاتی مژیندا .

ج ـ برینی کیماوی ـ pustular ـ لە هەرچی مەمکیکدا بیت نەبیت هیچ کامیان بەکار نەهینریت لەبەر مەترسی توش بونی منداڵەکە .

د ـ شیر پەنجەی ـ cancer ـ مەمك وە هەروەها سـیلی مەمك کە هەرە گرنگ ترینە .

## ٣ـ نەخوشیەکانی منداڵەکە :

تەنها یەکیك ـ قلیش بونی لیچەو مەلاشوە ـ Hare pipd cleft palate ـ کە لە سکی دایکەوە ئەبیت ، چونکە منداڵەکە ناتوانیت بمژیت . وە لـەم کاتـەدا مەمکە شوشەش نابیت وە دەبی بەکەوچك شیر بدریت بەمنداڵ ـ شیری دایك یـان قوتو ـ .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بررینەوەی منداڵ لە شیر :

ژن پیویستە منداڵەکەی بەشـیر پەروەردە بکات تـا نەگاتە تەمەنی ٩ مانگی لـەوە دوا ئەیبریتەوە بەڵام برینەوە کاریکی کوتو پری نیە بەلکو لـە (٦ـ٩) مانگدا وردە وردە دەکریت ئەویش بەوەی کە لە شەش مانگیەوە شیر کەم بکریتەوە و لە جیی ئەمە خواردەمەنی تر بدریت بەمنداڵ تا لـە ٩ مانگیدا منداڵەکە فیری هەزم کردنی خواردەمەنی تر بو بیت وە لە شیر ببریتەوە ، لەم خواردەمەنیانە باشترینی . نیشاستە وە ئاوی مریشك و شوربای سوك ، ئاوی سەوزەی کولاو ، کەرە ، هەنگوین ئاوی میوە ، پەتاتە ، و شتی ترە .

هیندی هەڵە هەیە لە چونیەتی وە چەند شیردان بەمنداڵ وا لە دایکەکان دەکات

که بلێن شیری پێ ناکەوێ و بیبڕنەوە بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە چاری ئەم هەڵانە بکرێت نەك بیبڕنەوە :ـ

١ ـ هەڵە لەڕێگەی شیردانی منداڵ :ـ

ا ـ هێندێ منداڵ کە بەتوندی دەمو چاوی ئەنوسێنرێت بەمەمکەکەوە وەهەناسەی بۆ نادرێت لەبەر ئەوە ڕو لە مەمکەکە ناکات و شیرەکە ناخوات . یان هێندێ منداڵ هەیە کە پارچە گۆشتی زیادە هەیە لە لوتیا وە دیسانەوە ماوەی هەناسـەی کەمە وە ناتوانی مەمك مژین بەتەواوی جێ بەجێ بکات .

ب ـ ماوەی درێژ لە میانی ژەمەکاندا وەکو ٤ سەعات منداڵ زۆر برسی دەکات .

٢ ـ زۆر خواردن :

هێندێ منداڵ زۆر زۆر شیر دەخوات وە هەمو جارێك ئەیهێنێتەوە ـ ئەرشێتەوە ـ ئەم منداڵانە هەر چەندە لە سەرەتادا قورساییان زیاد دەکات بەڵام لە پاشا لاواز دەبن باشترین چار ئەوەیە ماوەی بەینی دو ژەم زیاد کری یـان نیو فنجان ئاوی شـلەتین بدرێت بەمنداڵ پێش شیردان .

٣ ـ کەم خواردن :

ئەمە زۆر زیاتر ئەبینرێت لە زۆر خواردن، ئەمەش ئەبێتە هۆی لاوازی منداڵەکە لـەم کاتەدا پێویسـتە هەر دو مەمك بەیەك ژەم بدرێت و ماوەی بەینی دو ژەم کورت بکرێتەوە .

هێندێك جار پێویستە زیاد لەشیری مەمك خواردنی زیادە ـ شیری قوتو ـ بدری بە منداڵ یان لە پاش هەمو ژەمێك یان هێندێ ژەم ، پێویستە ئەم شیرە زیادەیە پێش مەمکەکە نەدرێت ویان زۆر شیرین نەبێت نەوەك منداڵەکە واز لـە مەمك بێنێت وە فێری ئەم خواردنە زیادە ببێت ،

باشترین شیری زیادە کە ئامادە بکرێت ١ بەش ئاو ٢ بەش شیری‌مانگا ١ کەوچکی قاوە شەکری بۆ هەر ٤ فنجانی قاوە .

پێش ئەوەی کۆتایی بە باسـەکەم بێنم چۆنیەتی دانی شـیری مانگا بەمنداڵ بەم جۆرەیە : -

| | | |
|---|---|---|
| لەیەکەم روژ تا ۲ هەفتە | ۱ بەش شیر ۱ آو | ۱ کەوچکی قاوە شەکر |
| لە ۲ هەفتە تا ٤ مانگ | ۲ بەش شیر ۱ آو | بو ۳ فنجانی قاوە ، |
| لـــە ٤ـــ٦ مانگ | ۳ بەش شـــیر ۱ آو | ۱ کەوچکی قاوە شەکر |
| ٦ ـــ ۹ مـانـگ | هەموی شـــیر | بو ٤ فنجانی قاوە . |

شیری قوتو بریتیە لە شیری مانگای وشك کراوە وە لە هەمو جورە شیرەکان یەك کەوچکی چیشت لە ناو ۲ فنجانی قاوە ئاو بتوینەرەوە وەك شـــیری مانگا دەر ئەچیت ئەوجا لەسەر ئەو نیسبەتانەی سەرەوە داینی .

جگە لەشـــیری دایك وە مانگا بو ئەوەی مندال فیتامین C و ( D ، A ) تەواو وەرگریت پیویستە لە ۲ مانگیەوە روژی یەك کەوچکی قاوە عصیری پرتقال ـ vitc ـ و ۲ کەوچکی قاوە رونی ماسی ( VITDOA ) بدریتی کە پیویستن .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بو سالی تازە

بو کەل‌وپەلی بازرگانی

بو کوگـا

بو خواردەمەنی

وە بو هەموو جورە کارو فرمانیکی پیشەسازیو هونەروەری پروپاگەندە لە روژی نوی‌دا بلاو بکەنەوە

بەبونەی سالی تازەیەوە لە ئیستەوە هەموو لایەك ئاگادار ئەکەین کە بـــە جوانترین شیوە ، زور دلـگیرو رازاوە پروپاگەندە بلاو ئەکەینەوە .

# هیرشیکی نارِرەوا

روژنامەیەکی حەفتەیی کوردی لە (تاران) دەرئەچی کە بە نارِرەوا ناوی خوی ناوە (کوردستان) ئەم روژنامەیە کە بلویرژەنی شاپەرستی‌یە پەیتا پەیتا هیرشی نارِرەوا ئەباتە سەر کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا چونکە بە گویرەی پیشەو ئامانجی خوی کە هەر خەریکی کرنووش بردنە لە پەرستگای شـاپەرستی‌دا ئەشی وە بەلکو پیویستی‌یەکی سەرشانیتی کە هیرش بەریتە سەر کومەلەی تیکوشەرمان ، ئەی ئەگەر ئەوە نەکا چی بکا ؟ ئەی کەواتە بوچی پەیدا بووەو دەرئەچی ؟ بی‌گومان روژنامەیەکی وا هەر ئەبی وابی .... وە ئەوەندەی پی ئەلی‌ین کە (هەر خوی بە خوی بی).

لە ئەنجامی ئەم هیرش بردنەدا ، سکرتیری کومەلەی خویندکاران کاکی تیکوشەر کەمال فوئاد بە نامەیەك بە ناوی کومەلەوە وەلامی دانەوە .

روژنامەی رووزەردی ناوبراویش نامەکەی کاك کەمالی لە ژمارە (٣٥)ی سـالی دووەمدا بلاوکردەوە ، وە هەر لەو ژمارەیەشدا چەند لاپەررەیەکی تەرخان کردبوو بو هیرشیکی‌تر بو سەر کومەلە بە ناوی وەلام دانەوەوە .

وا ئیمە نامەکەی کومەلەی خویندکاران پیشکەش ئەکەین کە لە روژنامـــەی ناوبراوەوە وەرمان گرتووە .

www.zheen.org

روژی نوی

بەرلین ١٩٦١/١/١٥

# هیرشـــیکی نارِرەوا

| |
|---|
| روژنامەی کوردستانی تاران هیرشیکی نارەوا ئەباتە سەر کومەلەی نەبەزمان ، کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا . |

بو سەرنووسەری روژنامەی کوردستانی تاران

بلویرژەنی هەتیوەکەی حەمە رەزاخان

روژنامەکەتان کە بە زور ناوتان ناوە (کوردستان) لە ژمارە ٢٩ سپتامبر ١٩٦٠

لەژیر ناوی : « کونگەرەی بی جیگە » هیرشیکی نارەوای کردوەتە سەرکومەلەی نەبەزمان ، وە بە تایبەتیی سەرکونگەرەی پینجەم کە لە ٢٢ ـ ٢٦ آب ١٩٦٠ لە بەرلین بەسترا . پیش ئەوە کە وەلامی ووتە نابەجیکانتان بدەمەوە بە کورتی هەندیکی ئەخەمە پیش چاو :

روژنامەی ناولی‌نراو بە ( کوردستان ) ئەلیت :

« هەمو ئەو شتانەی کە لە کونگەرەی پینجەمین جیگای باس بو بە زمانی عەرەبیی بوو ، بە پیچەوانەی کونگەرەکانی‌تر کە هەمو باسیکی بە کوردی بووە ... »

« ئەگونجی هەندیك وا بزانن : ئەم کونگەرەیە بو چاکەو سودی کورد پیك هاتووە ، بەلام ئەمە لە روی کورد ویستی‌یەوە ، وە بو دلسوزی کورد نەبوو ، بەلکو نیازی خراپی برری لە وەلاتی عەرەبی‌یەکانە کە نیازی داگیرکردنی کوردستان وسیاسەتیکی ویرانکەری تایبەتیان هەیە ... جا ئەمانە کونگەرەی خویندکارانیان کردووەتە شمشیرو پی پلیکانەی گەیشتن بە خەیالەشومەکانی خویان ... »

پاشان زور بی‌شەرمانە ئەلیت :

« ... ئیمە بە ئاشکرا نارەزایی خومان لە بارەی بگیرانی کونگەرەی پینجەمەوە کە هەدەفی بناغەیی کونگەرەیان ، چاو لی پوشیاوە وە لە ریی خوی لایان داوە دەرئەبرین ... وە لەلایەن تەواوی ئەندامانی ئیرانی‌یەوە ـ کە بە زمانی کوردی دل بەستەگی‌یان هەیە ـ پی ناخوش بونی خومان دەرئەبرین‌و هیوامان وایە وە هاکارەساتی ئیتر نەبینری وە دوبارە نەکریتەوە ... »

قسەی روژنامەی ناوبراو تەواوبو . پیویست ناکات بە دوورودریژی وەلامی قسە نابەجیکانی روژنامەکەتان بدریتەوە ، تەنها دەرخستی چەند راستیك دەربارەی کومەلەو کونگەرەکانی ـ کە جیگای ئەوپەری شانازی‌و سەربەرزی گەلی کوردی خوشەویستمان لە هەمو بەشەکانی کوردستان ، لەوانەش کوردستانی داگیرکراوی بە زور بە عەجەم بەستراو ـ باشترین دەمکوت کەرە بو ئیوەو هەمو نوکەرانیکی بیگانەی داگیرکەر ، کە بی شەرمی بگاتە رادەییك هیرش بەریتە سەر « کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا » :

١ـــ كومەلە لە كاتی دامەزراندنیەوە ( ١٦ آب ١٩٥٦ ) دوا بە دووای كونگەرەی یەكەمی كە لە شاری « ڤیر بادن » لە ئەلمانیا لە ١٠ـ١٦ آب ١٩٥٦ بەسترا، سەرەرای هەمو كوسپیك، كونگەرەی سالانەی خوی بەستوە، لە هەمو كونگەرەكاندا ، لەوانەش كونگەرەی پینجەمی ، دواندن هەر بە زمانی كوردی بووە ، وەهەر كوردیش ئەبیت . بەلام وەك لای هەموان ئاشكرایە زمانی كوردی لە چەند شیوەییك پیك هاتووە ، لەبەرئەوە كوردیكی موكریانیی یا كرمانجیی كە قسەئەكات ، هەمو بە باشیی لی تی ناگەن هەندیك جار بە



تیكوشەری كورد ( كاك كمال فؤاد )

ناچاری چەند زمانیكی بیگانە بەكار ئەهینری ، تا هەموو بەباشیی لەقسەكان تی بگەن بو وینە ئەلیم : لە كونگرەی سییەم كە لە مونیخ ـ ئەلمانیا لە ٤ ـ ٨/آب/١٩٥٨ ، بەسترا لەگەل ئەوەدا ، هاوبەشانی كونگەرە تەنیا ١٧ كەس بون بو باش لە یەك گەیشتن جاری وا هەبو حەوت جور زمان بەكار ئەهینرا ( كوردی ، فارسیی ، عەرەبیی . توركیی ، ئینگلیزی، فەرەنسیی، ئەلمانیی) لەگەل ئەوەشدا هەمو بەدل و بەگیان ئەمانویست تەنها زمانی دواندن بیت. بەلام چارچی یە ؟! بو ئەمرومان بمانەویت یانا ، جاروبار بەناچاری چەند زمانیكی بیگانە بەكار ئەهینین ، چونكە وانەكەین بە باشیی لەیەكتر ناگەین . بەلام ئەوی ئاشكرایە زمانی رەسمیی كونگەرە هەر كوردی بووە وەهەر كوردیش ئەبیت . ئەگەر هەندیك جار بو لەیەك گەیشتن زمانیكی بیگانەش بەكار بهینین ئەمە گوناهی ئیمە نیە ، بەلكو گوناهی ئەو وەزعە نالەبارەیە كە ئەمرو كوردی تیائەژی ؛ ئەو وەزعە ئیمپریالیزمو نوكەرانی بەسەر ئیمەیاندا سەپاندووە ، لەوانەش حكومەتی شای ئیران ، كە ئیوە بەدل خزمەتی ئەكەن .

٢ ـ کومەلە لە سەرەتای پیك هاتنیەوە تا ئیستا نەبەزانە سەرەرای هەمو کوسپ و ناخوشییو دەست کورتیك بە گەلیك گورجو گولیی هەستاوە ، لە پیناوی ناسینی گەلی کوردا بەگەلانی جیهان بەوە کەگوڤارو نامیلکەو چاپکراوی بەزمانەکانی بیگانە بەئەوروپا دا بلاو کردووەتەوە ... چەند ئاهەنگو بەزمی کوردی لە گەلیك شاری گەورەی ئەوروپا ریك خستوە ، دەنگی گەلەکەمانی گەیاندووە بە گەلانی جیهان .. پروتیستەو بیرخەرەوەمان داوە بە حکومەتەکانی روژهەلاتی ناوەراست کە ئەمرو کوردیان تیائەژی ، هەروەها بە کومەلی نەتەوە یەك گرتووەکان دەربارەی وەزعی کورد ، وەبو خستنە روی مەسەلەی نیشتمانیمان سەرەرای کوکردنەوەی صەدەها خویندکاری کورد لە دەوری کومەلە .

ئیمە بە گویرەی توانامان بە هەمو کاریك هەلساوین وە هەل ئەسین کە چاکەو سودی بو نەتەوەکەمان هەبیت ، هەر لەبەر ئەوەشە کومەلە جیگاییکی بەرزی بوخوی تەرخان کردووە لە دلی هەمو کوردیکی دلسوزو بەشەرەفا .

٣ ـ نازانین کی ئیوەی کردوە بە دەم راستی ( تەواوی ئەندامانی ئیرانیی ) تا بەناویانەوە نارەزایی دەربرن ؟! ئەمەویت پیتان رابگەیینم : ئەندامانی کومەلە کەلە کوردستانی بەزور بەعەجەم بەستراوە هاتوون ؛ هەمو دلسوزی کومەلەو ئامانجەکانی کومەلەن ، وە شان بەشانی براکانی تریان دلسوزانە کوشش ئەکەن . سەرەرای ئەوە ئیمە بەناوی ئەندامانی ئیرانیی و عیراقیو تورکیەو سوریاوە نەهاتوینە کومەلەوە ، ئیمە کوردین کورد ، نیشتمانی ئیمە تەنها کوردستانەو بەس ، هەر ئەم بروایەشە لە دەوری کومەلە کوی کردوینەوە ، وە خەباتمان یەك ئەخا لەپیناوی هینانەدی ئامانجە پیروزەکانیا . قسە ژەهراوییەکانی ئیوە ریزی ئیمە تیك نادات . ئیمە شانازو سەر بەرزین بە لایەنگیری گەلی کوردمانەوە ، لەوانەش گەلی کوردمان لە کوردستانی بە زور بەعەجەم بەستراو ، کەتا ئیستا بەصەدان نامەی لایەنگیریو پشتیوانیمان لییانەوە وەرگرتووە ، لەوانە نامەی ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ) ە تاکە رەهبەری گەلی خوشەویستمان لە ئیران ، هەتا بەنامەییکی تایبەتی پیروزباییان بو کونگەرەی پینجەمان نارد بو ، وەبە ناوی گەلی کوردستانی ئیرانەوە سلاوی گەرمی تیکوشانیان بو ناردبوین

٤ ـ ئیوه لـه کاتیکا هیرش ئەبەنە سەر کومەلـــەی خوشەویستمان ، لای هەمو کوردیکی دلسوزو بەشەرەف ، سەرەرای هەمو هەولو کوششی دلســوزانـــەی بو نـەتـەوەکەمان هیچ شەرم ناکەن روژنامەکەتان کردووەتـە زورنای حکومەتی تارانی کونەپەرستی سەر بە ئیمپریالیزم کە درندانـە هیرش ئەباتە سەر گەلی کوردمان .. ئەو حکومەتە کونە پەرەستە بە یارمەتیی دەولەتە ئیمپریالیستەکان [ کوماری مەهاباد ] یان لەناوبردو [ قازی محمد ] ی پیشەواو هاوریکانی کردن بە سیدارەدا ، ئیستاش بـە صەدان لاوی کوردی نەبەردی لە بەندیخانەکان توند کردووە ، کە چەندیان چاوەروانیی حوکمی هەلواسین ئەکەن ، ئەو حکومەتە کە ئیستاش ریگای دەرچونی گوڤارو روژنامەو نوسراوی کوردی نادات ، وە قوتابخانەییکی بە زمانی کوردی نەکردووەتەوە !! ئیتر بەچ روییکەوە ئیوە لەکاتیکا ستاییشی ئەم حکومەتە دوشمنە بە نەتەوەی کورد ئەکەن هیرش ئەبەنە سەر کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ؟! ( دەك خەجالەت بن لە روی مەحشەرا !! )

هیچ جیگای سەرسورمان نیە روژنامەی کوردستانی تاران هیرش بەریتە ســـەر کومەلە ، بەلام ئەوەی بەراستی سەرنج رائەکیشی بو سیهەم جارە ئەم روژنامەیە لەگەل کوسموپولیتەکان یەك ئەگریتەوە ، ئەو کوسموپولیتانە وەك روژنامەی کوردستانی تاران بیشەرمانە هیرش ئەبەنە سەر کومەلەی نەبەزمانو ئەاین گوایە کومەلەی ئیمە پەیوەندی لەگەل ئەم روژنامەیە هەیە ! بەلام ئەم راستیانەی خوارەوە بو هەمو کەسیکی خاوەن هوشو بیری دەرئەخات : ئیمە پـەیوەندیمان لەگەل روژنامەی کوردستانی تاران هەیە یا کوسموپولیتەکان ؟ ئیمە لەگەلیان هاوبیرین یا ئەوان ؟!

١ ـ بو یەکەم جار هەردولا یەکیان گرتەوە لە بەربەرەکانی نوسینی کوردی بەلاتینی هەردولا چەند لاپەرەییکیان تەرخان کرد بو ئەم مەبەسە .

٢ ـ بو جاری دووەم لە بلاوکردنەوەی نوسینی کوردی بەچەند شیوەییکی جیاواز کوردستانی تاران بە پینج شیوەی جیاواز ئەنوسیت کوسموپولیتەکان لـــە کونگەرەی ماموستایانی ( شەقلاوە ) داوایان ئـــەکرد : لە کوردستانی عیراق پیویستە دوشیوە



بنکەی ژین
www.zheen.org

بەکار بهێنرێت ، تاقمێکی تریش خۆیان مت کردبو تا ئەمە بڕیاری لەسەر بدرێت ، ئەمجا ئەوان داوای شێوەی فەیلیو هەورامیش بکەن !!

٣ ئەمجارەش بۆ سێهەم جار یەك ئەگرنەوە لە بەربەرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد !.

با ڕوی کۆسمۆپۆلیتەکان وەك ڕوی ڕۆژنامەی کوردستانی تاران ڕەش بێت وە موری ناپاکیو دوشمنایەتی گەلی کوردو نوکەرایەتیی بێگانە بدرێت لەناوچاوانیان .

با بەرزبیتەوە ئالای خەباتی یەکگرتوی نەتەوەی کورد .

بژی هەمو ڕێکخراوێکی دیموکراتییو نیشتمانیی کوردستان .

بژی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

بەرلین : ١٩٦١/١/١٥ [ کمال فؤاد ] سکرتێری گشتیی کۆمەڵە لـــە باتی [ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی ] کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ئایا ئەزانی ؟

کە : —

* ئەسپ سپڵی نییەو حوشتر زراوی نییەو ماسی سیی نییە ؟
* هەر حەیوانێك سمی نەبێ شاخی هەیە شاخی بێ سمی نییە ؟
* ولاخ بە پیوە باشتر ئەنوێ وەك لەوەی ڕاکشێ ؟
* مێشـوولە ٢٢ دانی هـەیـە ؟

## قژ له هونراوه‌دا

بەو زولف و مژەت مەمكوژە هەردەم بە جەفایە
جاری لە تەنافم مەدە جاری لە قەنارە

تایەر بەگ

كە بیستی صەیدی دل لەم دەورە باوە
لە پەنجا لاوە شەستی زولفی ناوە

حاجی قادری كویی

پەچە بو پەرچەمی و زولفی سیا
هەر ئەلێی مانگە شەوە كولمی تیا

نالی

داخەكەم ئیستا پرچت برراوە
دل بی هیلانە سەر لێشیواوە

پیرەمیرد

تنكەی ژین
www.zheen.org

وتم مالم ئەشیوی من كە ( با ) زولفت ئەشیوینی
وتی شیواوی زولفی من ئەبی مالی بە با دابی

مصباح


## فولـــكلور

ئەگریجەو پەرچەم چین بە چین
پەخشە لەسەر گوناو جەبین
وەك هیند بگری دائیرەی چین

☆ ☆ ☆ ☆ ☆

خەرمانەی گولان بە كەلی باوە
شەنكەر یەكیكەو دووشەن بە لاوە

# گـــــەردن



مـن کە دەست لە ملانی شووشەم هەر لە شەوق گەردنە
ئەم مل ئەشکێنم کە دەرخا گەردن و گەردانە ئـەو
( حەمدی )

خەتی دەرسی عەشقی ( ناری ) وەك رقوومی خالەکەت
وا بە لەوحەی گەردنی بێگەردی وەك مێناتەوە
( ناری )

ئازیزم گەردن بلووری بێگەرد
ئەمانەتیی تو و دلی پرر لە دەرد
( مەولەوی )

گەردنی ( کوردی ) لە کێوی بیـستون مەحکەم ترە
چونکە سـەد سـالە لەژێر باری خەمایەو نانەوی
( کوردی )

ئەترسم گەردی خوێنی من لە شـووشـەی گەردنت نیشی
ئەگینا خەم نیـیە بمرم لە حەسرەت لێوی مەیگونت
( مەحوی )

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ١ - ژن

## ٢ - سەیران

( باخەوان )

### ژن

بەلای منەوە پیویست نـاکا ئیتر ئەمەندە لـەوە بدوبین کە کچ بە پیر ئەدری بـە شـوو یا ئەیفروشن لام‌وایە ئـەمە جی‌ی خوی گرتووە ، ئەوەندە وتنەوەی ناوی ، بگرە لـە لادیکانیشا بەهوی کزبوونی یاسای دەرەبەگی‌یەوە بەرەو نەمان ئەچی .

ئـــەوەی من ئەیخەمە بەرچاو شتیکە هەموو ئەیزانن ، هەموو ئەیلین بەلام بەبی ئەوەی نرخیکی ئەوتوی بەنی یان هەر نرخیشی بزانن بو لی دووانو باس کردنی .

شـووکردن مەرج نی‌یە ، مەرج پاریزگاریی شووە ، کچەکانمان کە شوو ئـەکەن ئەلین « کەری خومان بەستوتەوە » ئیتر هەموو شتیك بەگرنگ دائەنین میرد نەبی .

بەلی ژن گوی ئەداتە هەموو شتیك بەلام تەنیا گوی ناداتە میردەکەی .

پیاویش رەنگە رووی نەیەت داوای ( مافی خوی ) بکا بـەلام وامن ئەو خەمەی ئەوان روویان نایە باسی بکەنو لی‌ی بدوین بویان ئەخەمە روو .

ژن دوای ئـەوەی رووی کـرایەوە ، ئیتر هەموو ئامانجیکی ئەوەیە کە خەریکی میوانداری‌و گەرران و جل‌کردن‌بی بەبی ئەوەی گوی بداتە میردەکەی کە پیویستـە کاتی تایبەتی‌ی بو تەرخان کا بو حەوانەوەو نان خواردن .

ژن هـــەرچی جلی جوان هەیە بو گەرران‌و مالان چوون لەبەری ئـەکا ، لە ناو مالیشا وەك کتکە نەوتینە کراسیکی چلکنی چوواوە ئەکاتە بەر ، وەك میردەکەی ئەو هەموو جل‌وبەرگەی بو ئەوە بو ژنکەی کردبی کە بو خەلکي لەبەری‌بکا نەك بوئەم

لە هەمووی گرنگ‌تر ئەو سەردەمەیەکە ژن منالەکانی گەورە ئەبن ئیتر هـەموو دلیکی لـە میردەکەی ئەگریتەوەو ئەیدا بە منالەکانی میردەکەشي وەك ( کەولە کون )

لەولاوە فەراموش‌کراوە ، بی‌گومان ئەمە زور کارئەکاتە سەر پیاو ، . .

بەهەموو رەنگێ ئەو ژنەی لەدوایی‌دا میردەکەی بەهیچ دائەنی پیویستە پی‌ی بووتریت ( خوپەرست‌و سپلە ) وە ئەتوانم بلیم کە سزایان ئەوەیە کە بووکەکانیان سزایان ئەدەنی .

وەنەبی پیاویش گوناهبار نەبی ، ئەم جارە ، بەسەرو گویلاکی پیاوانا ئەدەم .

سـەیران و خیزان

ئەم دەشت‌و دەرانەی کەناری شارە شیرینەکانی کوردستان هەمووی سەیرانگایەکی خوش‌و دلفرینە کەچی ئەم خەلکە هەموو هەر خویان ئەکووتن بو دوور ، ئـەویش لەبەر ئەوەیە کە لای ئیمە پیاوو ژن جوان نی‌یە پیکەوە بگەرین .

گوایە بوچی جوان نەبی کە ئەو کاسب کارو کریکارو هەژارانەی کـە تائیوارە هـەولی نان پەیا کردن ئەدەن ئیوارە لەگەل خیزان و منالەکانیانا پیکەوە بچن بوگەشتی دەشت‌و دەری کەنارشار ؟ ئایا بوچی زور بەجی نەبی کە لـەو دەشتە خیزان خیزان لـەسەر فەرشی رەنگینی بەهار ماندووی خویان بحەسیننەوە ؟

توخوا لە خوتان ئەپرسم ئایا ئەمە جوانترو بەجی‌ترە یان ئەوەی کەپیاو هەر کە ئیوارەی لی هات نازانی چی بکاو ژنانیش بەهەزاران هەمو جور تیکەل ئەبن‌و ئەدەنە ئەو دەشتەو وەکو خوشیان ئەلین « هەتیومەتیو » بە دەورووپشتیانا فررکەیان دی ؟ وە منالەکانیشیان هەر یەکەیان روو ئەکاتە شوینیك و خوا ئەزانی بو کوی ئەچن ؟

خیزان پیکەوە ژن و میردو منالەکانیان گەلی جوان و بەجی‌یە کە ئیواران هەر کە دەستیان گەیی و مەیلی گەررانیان بوو رووبکەنە دەشت‌و دەر بوگەشت‌و سەیران ،

لـەویش خیزان خیزان بـەیـەك ئەگەن‌و بەگویرەی خزمایەتی‌و دوستایەتی پول پول دائەنیشن هەر وەك چون لە مالانا ژن‌و پیاو پیکەوە دائەنیشن ،

تاکەی ئەم دواکەوتنە ؟ گەلیك شتی نزم ـ هـەیە شوورەیی نی‌یە کەچی ئەم شتـە ئیجگار جوانە کە سەیران‌و گەشتی خیزانی‌یە شوورەیی بی ؟ بوچی ؟ . . .

تاکەی ؟ . . .

ئیمە لە پیشکەوتنایین با ئەم هەنگاوە پیروزەش بنیین

# جوگرافیای کوردستان

کەریم زەندی

## هەریمی خورهەلات :

٧ ـ بەرزاییەکانی تیلەکو ـ ئەم بەرزاییانە بریتیە لەیەك ریزە بەرزایی بەرامبەر بەیەك ، دوو ریزیان نووساوە بەهەریمی خور ئاواوە و ریزەکەی تری لەلای دەشتی زەهاوەوە نووساوە بەشاخەکانی هەریمی خور هەلاتەوە ، ئەم بەرزاییانە فەرمان رەوایە بەسەر ریگەی قەسری شیرین و دەشتی خورەتوو شوینیکی زور گرنگی هەیەو سەرنج رائەکیشی ، بو پاریزگاری و بەرگری و هیرش بەکار ئەهینری ، جیگایەکی سپاییە هەمو کاتی ئەتوانری قەسر ببری و بگیری زور بە ئاسانی .

جەند تەنگە بەراییەك هەیە بەناوی پیشیکان ، هەوان ، حەمام ، لەم تەنگاییانەوە لکەکانی روباری خورەتوو تی ئەپەری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٨ ـ ریگەی خەمپارە ـ کەوتوتە نیوانی دوو ریزە روبارەوە لە باکورەوە روباری خورەتوو وە لە باشورەوە روباری ئەلوەند . لــە نزیکی خورەتووەوە ریزە گردیکی وەکو ٣ هیل پەی دەرپەی دەر ئەکەوی لـــە دوا ریزەکەیان ریگەی شوسەکراو و شوینی پاسگا ریگەی خەمپارەیە ، بەرزاییەکانی تیلەکو بەسەر ئەم ناوچەیەدا ئەروانی ٢ ریگەکە ٦ــ٧ کم لە هیلی سنورەوە دوورە لە ناکاو ئەتوانری ئەم ریگەیەو ریگەی قەسری شیرین ببرن .

٩ ـ پاتاق ـ کەوتوتە سەرەتای بەرز بوونەوەی بەرزاییەکانی هەریمی خورهەلات و ریزە گردیکی ناریك لە نیوانی بەرزاییەکان و دەشتی هەریمی خور ئاوادا .

بەراستی پاتاق دیواریکی قایمی سەختە هاتوو چوو کردن بەویدا دژوارە بەکلیلی خور ئاوای ئیران دائەنری .

زیاتر کە گرنگی پەیدا کردووە بوونی ریزە گردیکی نزمە لـە بەرامبەریان کە ٣ ریزە بەرزایی‌یە بەسەر هەموو دەشتایی‌یەکانا ئەروانی تا سەرپول و دریژەی کیوەکانی نووح فەرمان رەوایی هەیە ، ئەم ملانە لە کون و تازەدا بە مەبەســـی سپایی یەکار هینراوە .

١٠ ـ خەسروی ـ خەسرەوی (٣٠) کم لە قەسری شیرینەوە دوورە دوا نوختەیە لە نزیکی سنور لە خانەقینەوە نزیکە ریگەی ئوتوموبیلی کرماشا لە خانەقینەوە کە دی لە مونزریەو خەسرەوی‌یەوە تی ئەپەری بو قەسری شیرین .

ئەم ناوچەیە لووتەیەکی پانە هاتوتە ناو زەوی هەریمی خورئاواوە : لـــە چەند گردیکي نزم پیك هاتووە دوو ریزە بەرزایی سنوور بەسەر ئەم ناوچەیەدا ئەروانیو فەرمان رەوایی هەیە بەسوریا وە هەروەها بەسەر بەشی خورەتوودا فەرمان رەوایە ، روباری خورەتوو لە باکوری ئەم بەشەوە وە روباری ئەلوەند لە خوارووبەوە ئەخشی خەسرەوی‌یە چونکە ئاو خواردنەوەی کەمە ناچارن لـــە ئاوی کەلك وەرئەگرن کە ماوەی ٥ـــ٦ کم لە خەسرەوی‌یەوە دوورە

تنكەی ژین
www.zheen.org

لە لایەن سپایی‌یەوە خەسرەوی‌یە شوینیکی گرنگی هەیە نزیکی پالیوگا (مصفى)ی خانەقینە لە نزیکی خەسرەوی‌یەوە بورجیکی بەردی لەبەرزایی‌یەکا دروست کراوە لـە ژیر دەستی کوماری عیراقایە شوینی خەسرەوی‌یەی شـــلوق کردوە لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە لووتەیە کە چووتە ناو زەوی هەریمی خورئاواوە لەکاتی هیرش بردن و تیرە بارانیانەوە بە تای‌بەتی جیگەی خەسرەوی زور لە مەترسی دایە و پاریزگاری زور گرانە هەمو ئازوخەیەکیشی لە قەسرەوە بو ئەچی .

١١ ـ نەوت شا ـ نەوت شا (٧٢) کم لە قەسرەوە دوورە (٤) چالی نەوتی لـە خاکی ئیرانایە لەســـەر چالی پینجەمی لە نیوانی عیراق و ئیرانا ناخوشی رووی دا لەسەر خاوەنیتی ئەم چالە . لە نەوت شا پالیوگایەکي بچوکی لی‌یە پی‌ویستی ناو خوی

لائەبا ماتەری ( مادەی ) نەوتی تـا ١٨٠٠ گالون لـە روژیکا بەلوولەی (٤) إنج بو خاوین کردنەوە بو پالیوگای کرماشا رەوانە ئەکری و خلتەکەی ئەکریتە ناو چالەکان.

دریژی ئەم لوولانە ٣٠٠کم ئەبی و چەند ئیستگەیەکی لی‌کراوە لەسـەر ریگەی راکیشانی ئەم لوولانەوە .

١٢ ـ سومار ـ یەك ریزە بەرزایی بەردەلانی‌و ناریکە کەوتوتە نیوانی دەشتایی و بەرزایی‌یەکانەوە دوا ریزە بەرزایی نزمەکان‌و گردولکە ناریکەکانی خورهەلاتە لەهەریمی خور ئاوا بەرامبەر بەمە دەشتایی‌یەکی تەخت‌و پانە روباری کنکیرو یا سومار ئاودیری ئەکا کە لە بەرزایی‌یەکانی پول وە هی ترەوە دیتە دەری دوای ئەوە دیتە زەوی عیراقەوە دانیشتوانی بەشی مەندەلی کەلکی لی وەر ئەگرن بو خواردنەوە و کشت‌وکال .

ئەم بەشە لە رووی ئابووری‌یەوە دواکەوتووە ، جەنجال کەمە دانیشتوانی (٤٠٠) کەس ئەبی .

وە دانیشتوانی نیوانی قەسرو سومار ٨٠٠ کەس رەنگە بی .

١٣ ـ ترشاو ـ ناوچەیەکی گردولکەیی چولە ، روباری ترساق وەیا ترشاو لـە بەرزایی‌یەکانەوە دیت پیدا تی ئەپەری ، رەنگی ئـاوی ئەم روبارە تەلخە ، ئاوەکەی ناخوریتەوە بویە پی‌ی ئەلین ترشاو تەنها بو لەوەرگای زستانی دانیشـتوانی کیلان و پشت‌کو سوودی لی وەرئەگرن .

www.zheen.org

١٤ ـ کەنگاوەر ـ شاروچکەیەکە لەجەم‌سەری ریگەی تەهران ، کرماشـــا ، نەهاوەند ، گرنگی‌یەکی میژوویی هەیە موناتی ٤ هەزار کەسە .

## یەکەم ماموستام دایکم بوو

( جامیسون )

## پوستەی کوردایەتی

# یادداشـــتی نوینەرانی کورد

ئەم یادداشتەی کە لەلایەن نوینەرانی کوردەوە پیشکەش کراوە بە سکرتیری گشتیی کومەلی نەتەوە یەکگرتووەکان ، لـــەلایەن تیکوشەری دلسوزی کوردەوە ( دکتور کامەران ئالی بەدرخان ) لە پاریسەوە بومان هاتووە ، زور سوپاسی ئەکەین .

## کورتەی یادداشتەکە

بو بەرریز داك هامرشولـــد
سکرتیری گشتیی کومەلی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەناوی نوینەرانی کوردەوە ئـەم یادداشتەتان پیشکەش ئەکەین دەربارەی وەزعی کورد لە ( تورکیا ) .

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم مەسەلەیە لە کوتایی شەرری جیهانگیریی‌یەوە هەروا ماوەتەوە بی ئـــەوەی چاریکی دیموکراتی‌یانە بکری .

لـە تورکیادا کە نزیکەی ٦ ملیون کورد هەیە ، هیچ مافیکیان نی‌یە ، وە دان بە پچووکترین مافیانا نەنراوە ، وە تەنانەت دان بەبونی کوردیشا نانین ، وە لە ژیر فەرمانرەوایی جەنەرال کورسیل‌دا بـە جاریك کورد فەراموش کراوەو وە ئـەلین کورد نی‌یـــە .

لـەم چەرخەدا کە گەلان رزگار ئەبن ، لە تورکیادا نەتەوەیەك هەیە دان نانری بە پچوکترین مافی ئاسایی‌دا وەکو بلی : من کوردم ، وە بە زمانی خوی بـدوی و ریگەی بدریتی قوتابخانە بکاتەوەو چاپەمەنی بینیتە بەرهەم ، وە هەر کوردیك سـەر هەلبرریت یان زیندان ئەکری وە یان لە شوینی خوی دوور ئەخریتەوە .

قانوونی ژماره ( ١٠٥ ) ی حوزەیرانی ١٩٦٠ ئەخەینە بەر چاوتان گەلی سالە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ، کوردستان دانراوە بە ناوچەیەکی سوپایی وە قەدەغەیە لە روژنامەگەرو هەر کەسیك کە بی‌یەوی لە وەزعی کوردستان بکولیتەوە بچیتە ئەو خاکەوە .

ئەی بەرریز سکرتیری گشتی زور تکاتان لی ئەکەین کە کوتایی بینن بەم بی‌دەنگی‌و خاموشی‌یە بەرامبەر بە ئازاردانی کورد ، وە تکا ئەکەین کە ئەم مەسەلەیە بخەنە ئەنجومەنەوە بو گفت‌وگو لی‌کردن وە هەول بدەن کە لەم دوو داوایە یەکیکیان جی بەجی بکری : یەکەم دان بنری بەوەدا کە تورکیا لە دوو نەتەوە پیك هاتووە ، وە بەم پی‌یە دان بنری بە مافی کورددا ، دووەم : وەیان زورداریی کاربەدەستانی تورکیا بو هەموو جیهان دەربخریت ، وە ئەنجامی ئەم کردارانەشیان بخریتە ئەستوی تورکەکان خویان .

بو ئەوەی دەنگی کورد لە تورکیا خەفە نەکری پیویستە مەسەلەکەمان بخریتە روو ئاشکرا بکری‌و هەموو دنیا تی‌بگەیینری وە ئیمە لەو باوەررەداین کە ئیوە ئەمەتان لە توانادایە .

نوینەرانی کورد
١٩٦١/٣/٢٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سوپاس

لە کاك رەئووف مستەفاوە کە لە گرەوی روژی نوی‌دا یەکەم دەرچوو نامەیەکمان بو هاتووە نووسیویتی :

لە ناخی دلمەوە زور سوپاستان ئەکەم کە ئەو ئەرکە گەورەیەتان خستوتە سەرشانتان بو پیش‌خستن و گەشەکردنی ئەدەب‌و زمانی کوردی . . . بەراستی جی‌ی شانازی‌یە کە گوفارەکەتان جی‌ی گەلاویژی ( بەم ماوە کەمە گرتەوە ) .

زور سوپاستان ئەکەم کە بەخەلاتە نایابەکەتان دلخوش‌و شادمانتان کردم هەر بژین .

# لە هونراوەی بیکەس

ئەم پارچە هونراوەیەمان لە لایەن کاك ( نوری عزیز ماستاو ) ەوە بو هساتووە سوپاسی ئەکەین .

ئـەی زەمانەی بی‌وەفا تاکەی لەگەلما خائینی
دائیمە ناریك و چەوت و عـەکسی ئامالی منی
مودەتیك لای خوت لەگەلما وەك برا بووی ئەی فەلەك
حالی حازر لیم بەری بووی ناحەزو هەم دوژمنی

وەلام : ـ فائیقا تو بوچ ئەنالی بەسیە ئیتر قیژە قیژ
ئایا من بو کەس بەقام بوو توخەریکی شیوەنی
چەند هەزار پیاوی نەجیبم خستە ژیر باری جەفا
چەند هەزار پیاوی بە سەروەت مایەوە خوی‌و گونی
رولە تو جاری منالی شارەزای دنیا نەبووی
سەیری تەئریخ کە ئەزانی گەر لە سلکی خویندنی
شا صلاح الدین‌و دارا ساحیبی باخی ئیرەم
جوملە فەوتان بوونە خول‌و تو لە حالی نوستنی

www.zheen.org

دوینی لە ئەنقەرە ( ٤٩ ) کەس دران بە دادگەیەکی لە شکری بـو موحاکەمە کردنیان بە پەنهانی ، وە ئەمانە بەوە تاوانبار کراون کەوا هەول ئەدەن بو دروست‌کردنی دەولەتیکی‌کوردی لە روژهەلاتی تورکیادا . . . ئەمانە لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ دا گیراوون بەلام مەندەریس ئەو گرتنەی ئاشکرا نەکردبوو .

دیلی تەلگراف ١٩٦١/١/٥

# [] قازی‌یه‌کی بـــه‌داد []

عبدالله شیخ لطیف دانسـاز

قازی‌یه‌کی زیره‌کی به‌داری هه‌ل‌که‌وتوو ناوبانگێکی زور فراوانی ده‌رکردبوو خه‌لیفه‌ی به‌غدا که ناوبانگی زیره‌کی‌و دادپه‌روه‌ربی ئه‌م قازی‌یه‌ی بیستبوو لی‌ی‌بوو به مه‌راق وه برریاری دا که خوی بچیت بو لای ئه‌م قازی‌یه تا دل‌نی‌یا بی له‌و داد په‌روه‌ری‌یه‌ی که‌له هه‌موو ولاتا ده‌نگی داوه‌ته‌وه .

خه‌لیفه خوی ئه‌گورری‌و چه‌شنه به‌رگیکی ئه‌وتو ئه‌پوشی که نه‌یناسنه‌وه وه ئه‌که‌ویته ری به‌ره‌و شاری قازیی به داد ، کاتی که ئه‌گاته نزیك شاره‌که هه‌ژاریکی شه‌لی لی په‌یا ئه‌بی وه له‌غاوی ولاخه‌که‌ی ئه‌گری‌و داوای پاره‌ی لی‌ئه‌کا ، دوای ئه‌وه‌ی خه‌لیفه پاره به هه‌ژاره‌که ئه‌دا ئنجا هه‌ژاره‌که لی‌ی ئه‌پارریته‌وه که بیخاته پاشکوی خوی تا بیگه‌یینیته‌وه شار ، خه‌لیفه‌ش زور به‌زه‌یی پیادیته‌وه‌و له دلی خویا ئه‌لی ئه‌م شه‌له به‌سزمانه به‌پی ناتوانی به ئاسانی بگاته‌وه شار له‌به‌ر ئه‌وه سواری ئه‌کاو به‌ره‌و شار ئه‌که‌ونه ری .

کاتی که ئه‌گه‌نه شار شه‌له‌که داوا له خه‌لیفه ئه‌کا که دابه‌زی‌و ئه‌لی ( ئه‌م ولاخه هی منه ) وه ده‌ست ئه‌کات به هاوارو بانگ کردن که گوایا ئه‌و ولاخه هی‌ئه‌وه‌و خه‌ریکه لی‌ی داگیر بکا .

خه‌لیفه هه‌ر چه‌ند ئه‌کاو ئه‌کوشی بی‌سوود ئه‌بی کابرای شه‌له ئه‌لی ئه‌م ولاخه هی منه وه ئه‌گه‌ر لیم نه‌گه‌رریت ئه‌تبه‌مه لای قازی به‌داد ، خه‌لیفه به‌مه زور شاد بوو چونکه ئه‌یویست چاوی به‌و قازی‌یه بکه‌وی . کابرای شه‌له‌ش ئه‌مه‌ی زور پی خوش بوو چونکه وای دائه‌نا که قازی دلی پی‌ی ئه‌سووتی‌و ئه‌لی ئـه‌م ولاخه هی ئـــه‌م شه‌له به‌سزمانه‌یه .

چوون بو لای قازی ، له‌و کاته‌دا دووکه‌س هاتن ، یه‌کیکیان بنووس بوو ، وه

لەسەر منالیك تیك چووبوون ئەمیان ئەیوت ئەم مناله لای من بووەو من بەخیوم کردووەو کەچی ئەم بنووسە لی‌داگیر کردووم ، بنووسەکەش ئەیوت ( نەخیر ئەم مناله من پەروەردەم کردووە وە ئەم کابرایە ئەیەوی لیم زەوت بکا ) منالـــەکەش کەر‌رو لال بوو .

قازی وتی ( منالەکە بەجی بیلن و سبەینی وەرنەوە )

دوای ئەمان قەسابیك و رون فروشیکیان هینـا قەسابەکە وتی « من شووشـەیەك رونم لەم رون فروشـــە کرری . کاتی کە کیسە پارەکەم دەرهینا پارەی رونەکەی بدەمی کیسەکەی لی فرراندم »

رون فروشەکەش وتی « ئەم قەسابە درو ئەکا پارەکە هی منە کاتی کە خەریك بووم باقی‌ی پارەکەی بدەمەوە کیسەکەی لی فرراندم »

قازی وتی « ئیوەش بررون سبەینی وەرنەوە » وەکیســـە پارەکەی لای خوی گل دایەوە .

ئنجا کابرای شەلەو خەلیفەیان بردە بەر دەمی قازی .

خەلیفە ناوی خوی نابوو مصطفی .

مصطفی وتی « من ئەم هەژارەم لە کەناری شار دی وە پارەم دایـە ، دوای ئەوەش تکای لی کردم کە لەگەل خوما سواری ولاخەکەمی بکەمو بیگەیینمە شـار . منیش لەبەر ئەوەی دیم شەلە بەزەییم پیا هاتەوە وە سواری ولاخەکەمم کرد کەچی ئیستە ئەلی ولاخی خومە »

کابرای شەلەش وتی « نەخیر درو ئەکا من هەژاریکم شەلم ناتوانم بە ئاســـانی بەرریوە بررۆم لەبەر ئەوە ئەم ولاخەم بە هەزار کویرەوەری پەیدا کردووە کە هاتو چوی پی بکەم وە لە ریگا ئەم کابرایەم هەل گرت کە چی ئیستە ئەلی هی‌منە .

قازی وتی ئیوەش بەیانی وەرنەوە ، وە ولاخەکەی لی گل دانەوە .

بو بەیانی کە چوونەوە ئەنجامی دادگەریی قازیی بەداد بەم جورە بوو .

قازی مناله کەر‌رولالەکەی‌دا بـە بنووسەکە ، وە فەرمانی‌دا کە ٢٠ دار لـــەو

کابرایه بدەن ،

وە پارەکەشی دایەوە بە قەسابەکە وە ٢٠ داری بو رون فروشەکە برری‌یەوە کە لی‌ی بدریت .

وە ولاخەکەشی دایەوە بە ( مصطفی = خەلیفە )

ئنجا خەلیفە خوی ئاشکرا کرد وە داوای لی کرد کە بوی روون بکانەوە کە چون ئەم برریارانەی‌دا . . قازی وتی ئەو منالە کەررولالەم تاقی کردەوە بوم دەرکەوت کە قەلەم‌و دویتەکەی خومی زور جوان پاك کردەوەو میزەکەمی رازاندەوە بە مەدا بوم دەرکەوت کە ئەمە لای ئەو بنووسە ژیاوە .

بەلام پارەکە . . . رون فروش هەمیشە دەستی روناوی یە کە سەیرم کرد پارەکان هیچیان چەور نین بوم دەرکەوت کە هی قەسابەکەیە . . .

ئنجا با بی‌ینە سەر ولاخەکەی تو . . . کاتی کە شەلەکەم برد بو تەویلەکە وە پیم‌وت ولاخەکەی کامەیە ، ئەگەرچی ولاخەکەشی دوزی‌یەوە بەلام‌کە دەستی‌دا بە پشتیا ولاخەکە داچلەکی وەکانیك کە تو دەستت‌دا بە پشتیا هیچ نەسلەمی‌یەوە ، بەمەدا بوم روون بووەوەکە ئەو ولاخە هوگری تویە

خەلیفە وتی بەرراستی قازی یەکی زیرەك‌و بەدادی .

زور سوپاست ئەکەم .

بەم جورە خەلیفە کە بوی دەرکەوت قازی یەکەی زیرەك‌و بەدادە یاداشتی دایەوەو کردی بەهاوشانی خوی .

بنووسە ؛ پیری دلم ئەمری کرد ئیتاعەم کرد
لە ئیبتیداوە کە بەیتی موناسیبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی قەلەندەریکی کورد
میسالی پادشای فورسە ساحیبی دیوان

( مەحوی )



بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم جیهانەدا

## بوق

ه بوق ناتوانی بقیرینی تا چەناگەی لە ناو ئاودا نەبی و دەمی نەختێ ئاوی تیا نەبێ .

ه هەر کە چاوی بە ئاگر کەوت گورج لە قیرە ئەکەوی .

ه سککی بوق بە زیندوویی هەلدڕی وە لە شوینیکی بنی کە دوپشک پیوەی دابی گورج ژانی ئەشکینێ .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## قرژال

ه قرژال چاوی لە شانیاتی و دەمی لە سنگیا .

ه هەشت پێی هەیە کەچی لە سەر یەك لا ئەڕوا .

ه سالی ٨ جار پیست فڕێ ئەدا .

ه بە پێی ( مذهبي مالكي ) کە یەکیکە لە چوار (مذهبەکەی ئیسلام) خواردنی قرژال حەرام نییە .

# پێشینان وتویانە

## [ دار ]

دار ئەلێ تەور کلکی لە خوم نەبێ نامبڕڕیتەوە .

- دار بە گەورەیی ناچەمیتەوە .
- دار پووازی لە خوی نەبێ ناقلیشێ .
- دار کرمی لە خوی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی .
- دار کە خوی لار بوو سیبەریشی لارە .

## ( بەرد )

- بەرد لە جێی خوی سەنگینە .
- بەردی دەشێ ، چولەکەی دەشێ .
- بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی لێ نەدانە .
- بەردێك کە هەڵکەندرا جێی خوی ناگرێتەوە .

کتێبخانەی ژین
www.zheen.org

غاندی ئەلێ :-

تووڕە بوون رەشەبایەکە چرای بیرکردنەوە ئەکوژێنیتەوە .

# هونەری بەرز

صاری



( پەیکەری هونەرمەندی نەمری ئەڵمانی )

## بیتهوڤن

لەلایەن پەیکەرتاشیکی ئەڵمانی‌یەوە لە تەختە کراوە



(پەیکەری ژنو میردیك) لەلایەن هونەرمەندیکی یونانی‌ی نەناسراوەوە دروست‌کراوە ...
میردەکە خەریکە ژنەکەی خوی بکوژی پیش ئەوەی دوژمن شارەکەیان داگیربکاو
پی لە نامووسی‌ی بنی .                    ٥١

# رومیو و جوولیت

کاتێك کە چیروك نووسی ئەمری ئینگلیزی ( شکسپیر ) چیروکی رومیو وە جوولیتی دائەنا پارچە پارچە چیروکەکەی چاپ ئەکردوو بلاوی ئەکردەوە .

لــــە پیش ئەوەدا دوا پارچەی ئەو چیروکە بە ناوبانگە بلاو بکاتەوە بە هەزاران نامەی بەسەرا باری نووسەرانی ئەو نامانە داوایان لی ئەکرد کە دریژە بـدات بە تەمەنی رومیوو جوولیت وە بـەزەیی پیایانا بیتەوەو تامي دلداری بـدا بەو جووتە دلخـوازە ، وە نەیان کوژی تەنانەت وای لی هات خەلکی بەکومەل ئـەهاتنە بـەردەمی چاپخانەکەو هاواریان ئـەکرد « تـەمـەنی دریژ بو رومیو و جوولیت » .

بـەلام شـکـسپیر لەگەل ئەم هەموو هاوارو بانگەشـدا هەر ملی نەنا بو ئەوەی کە کوتایي چیروکەکەی بەو ناسورە سـەختە نەهینیت . . . لە ئەنجامد ( رومیو ) ش‌و ( جوولیت ) یش خویان کوشت .

شاری روما لە سـالی ٧٥٣ی زایینی‌دا دروست کراوە کە ئەکاتە ٢٧١٤ سال لەمەوبەر .

بنکەی ژین www.zheen.org

لاپەرەیەك لە میژووی پیشەسازی لە سلیمانی

# دروست کردنی سابوون

سلیمانی : غفور رشید

لە کوندا ، ئەم پیشەیە لە سلیمانی باوبوو ، گەرەکیکی سلیمانی تەنیا هەر بـە درووست کردنی سابوونەوە خەریك بوون ( تا ئیستاش ئەو گەرەکە هەر پیی ئەلین گەرەکی سابوونکەران ) . بەلای کەمەوە لە سلیمانی ، لە چاخی بابانەکانو داگیرکەرانی عثمانیدا سالی ٥٠٠ تـەن ، سابوون بەرهەم ئـەهینرا ، هەموو سلیمانیو دەورو پشتی بەکاریان ئەهیناو لیشیان ئەنارد بو دەرەوە ، سالی نزیکەی ١٥ تا ٢٠ کاروان سابوون ئەنیررا بو بەغدا ، کەرکووك ، موسل ، سنە ، سەقز ، تەوریز ، دیاربەکرو ئەرزووروم هەر کاروانەی لە ٩٠ ـ ١٠٠ ولاغ پتر بوو .

مستەر ریچ ، کەلە هاوینی سالی ١٨٢٠ دا هاتوتە سـلیمانی ، ماوەی دوو سـی مانگ ماوەتەوە ، لە پەرتووکەکەیدا ( گەشتی مستەر ریچ لە سالی ١٨٢٠ دا ) ئەلی دروست کردنی سابوون بەرهەمیکی گرنگی شاری سلیمانی بوو کە ئەنیررا بو دەرەوە

بازرگانەکانی سلیمانی ، سابوونەکەیان ، لە سابوونکەرەکان ئەکریو کویان ئەکردەوە تا کاروان پیك ئەهاتو ریك ئەکەوت ، ئەو کاتە بە کاروانەکانی سلیمانی ئەیان نارد بو دەرەوە ، وەکە ئەفروشرا پارەکەیان ئەدا بە شەکر ، چا ، قاوە ، پیلاو ، مس آوریشمو هەندی کەلوپەلی تر وە بە هەمان کاروانا ئەهینرایـەوە بو سلیمانی ، آبەم جورە خەلکیکی زور لـە دروسـت کردنی سابوون ، سـودو کەلـکیان وەرئەگرت ، قانزاجیان لی‌ئەکردو پیی بەریوە ئەچوون

## چونو کەی لە سلیمانی سابوون درووست کرا ؟

میژوی دروست کردنی سابوون لە سلیمانی ، ئەگەریتەوە بو یەکدو سـال دوای دروست کردنی ، سلیمانی لە سالی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە ، دروست

کرا لە تەنیشت گوندی مەلکەندیەوە ( کەلە پێشا ئەم گووندە بوو بە گەرەکێکی سلیمانی ) پایتەختی بابانەکانی لە قەلاچولانەوە هێنایە سلیمانی . وەبە یەکجاری قەلاچولانی چول کرد .

خەلکەکە ، هەموو لە قەلاچولانەوە هاتنە سلیمانی لەناو ئەمانەدا آفرەتێك هەبوو کە پێیان ئەوت (خەجەی خووچان) ، آئەم آفرەتە بەزانین‌و بیرتیژی‌و زیرەکي خوی توانی کە سابوون دروست بکا بـە شیوەیەکی سەرەتایی ، لـە مەنجەلیکی بچووك دا چەوری ئەکولان لەگەل خولەمیش ، پاش ماوەی شەوو روژیك کولانن ، ئەیهینا ئەو کولاوەی ئەکردە دەفری بچکولەوە ، پاشان کەسارد ئەبووە ممەیی ، ئەوسا بەچەقو لەتي ئەکردو ئەیبردە سەربان لەبەر خور دەلی ئەخست تا وشك ئەبووە ، ئەو کاتە ئەبوو بە سابوون ، کەبو جل شتن بەکار ئەهینرا .

پاش یەکدو سالیك ، ئەم آفرەتە توانی کە مەنجەلەکە گەورە بکا ، وەلـە جیاتی خولەمیش ، ( قلی ) بەکار بهینن ، بەم جورە سابوونیکی باشی دروست کرد .

## سابوون چون دروست ئەکرا ؟

پاش ئەم آفرەتە توانرا کە مەنجەلەکە زور گەورە بکریت کە پێیان ئەوت (تیان) کەبەقەراسی نیو تەن چەوری‌و قلی بگری ، (ئەم تیانەش لەبەغدا لە مس دروست ئەکرا) بە کاروان ئەهینرا بو سلیمانی ، وە لەسەر داوخوازی سابوونکەرەکان دروست ئەکرا ئەم تیانە هەر چوار لای بەگل ئەگیرا وە لە ژیرەوە کورەیەکی آگری بو دروست ئەکرا ، وەکو گەرماوەکانی سلیمانی شەش حەوت سال پیش ، کەبە پەین گەرم ئەکرا بەلام کورەی تیانە سابوونەکان بەدار گەرم ئەکرا .

قلی : ئەمە جورە گیایەکی لاسك ئەستوورە لە گەرمیان ئەروی بـە تایبەتی لـــە دەشتەکانی سامەراو تکریت‌و لە دەورو بەری خانەقین . بەبار ئەهینرا بو ســـــلیمانی بو سابوونکەرەکان ، کە ئەو کاتە هەر کەسە لە مالی خویا سابووني دروست ئەکرد خانووەکانیشیان بریك گەورە بوو ، ئەوگیا لاسك ئەستورە ئەکولینرا ، لەپاشا تك تك

آوەکەی ئەهاتە خوارەوەو تیکەلاوی چەوری ناو تیانەکە ئەبوو ، پیکەوە ئەکولینران بو ماوەی ٢٤ سەعات لە پاشا ئەبوو بە سابوون .

سابوون وەکو وتمان لە قلی و چەوری دروست ئەکرا ، چەوریکەش بریتی بوو لە پیو ، ناوسکی مەرومالات و دووگ کە ئەمانە بەهەرزان و آسان لە سلیمانی دەست ئەکەوت لەوکاتەدا ، چونکە ئەمانە بو هیچ شتیك بەکار نەئەهینران تەنیا بو سابوون دروست کردن نەبی ، لەبەر ئەوە کەرەسەیەکی زورو زەبەنك بوو لەژیر دەستی سابوونکەران دا .

پاش کولانیکی تەواو کە نزیکەی ٢٤ سەعاتی ئەخایان ، ئەکرایە دەفرەوە و ئەبرایە سەربان یان شوینیکی بەر بەروچکە تا وشك ئەبووە . ئەو حەلە بەچەقویەکی تایبەتی لەت لەت ئەکراو ئەبوو بە قالبە سابوون .

لە هاوینان‌دا سابوون بەزوری دروست ئەکرا چونکە بەهوی تینی هەتاوەوە زوو ووشك ئەبووە ، بەرهەمەکە زوو ئەهاتە دەست ، بەلام لە زستان‌دا ئەم بەرهە کەم بوو ، چونکە بەدرەنك ووشك ئەکرایەوە ، دیسان لەبەر بەفرو قورو ناخوشی ریگەوبان فروختی کەم ئەبوو ، کاروانەکان بەدەگمەن لە سلیمانی دەر چوون . لە زستان‌دا سابوون لەسەر رەفەی ژوور وشك ئەکرایەوە کە ماوەیەکی زوری ئەویست .

لە سلیمانی دوو جور سابوون بەرهەم ئەهینرا :

١ ـ سابوونی ( بەزی ) : بو جل شتن و خوشتنیش بەکار ئەهینرا ، لەم بابەتە زور لە سلیمانی دروست ئەکرا ، نرخەکەشی هەرزان بوو ، چونکە ئەو کەرەسەیەی کە ئەم سابوونەی لی دروست ئەکرا ، هەمووی خومالی بوو .

٢ ـ سابوونی ( سەرکەف ) : ئەم جورە سابوونە بو دەست‌و دەم‌و چاو شتن بەکار ئەهینرا ، هەر کە تیانەکە ئەهاتە کوول ، بە کەوگیر کەفەکەی ئەگیرا و ئەکرایە دەفریکەوە ، کە سارد ئەبووە ئەو کەفە یەکی ئەگرت ئەمجا ووشك ئەکرایەوە و ئەکرا بە قالب . ئەم بابەتە بەرهەمەکەی کەم بوو ، نرخیشی گران بوو بەپی‌ی سابوونی بەزی ، لە ولاتانی دەرەوەی سلیمانی بەگران دەست ئەکەوت و دانسقە بوو ، زور

تنکەی ژین
www.zheen.org

تر لەلایەن ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە بەکار ئەهێنرا ، وەچینەکەم دەستەکان توانای کرینی ئەم سابوونەیان نەبوو .

آ بەم جورە لە سلیمانی تـا جەنگی دووەم ( سـەفەر بەر سالی ١٩١٤ ) بەلای کەمەوە هەموو سالیك ٥٠٠ تەن سابوون بەرهەم هێنرا ، ئەگەر سـلیمانی بەو مەرەیە نەچوایە بەدەست ئیمپریالیزمی رزیوی عثمانیەکان و ئینگلیزیە چاو برسی‌یەکانەوە ، ئیستا ئەو پیشەسازیە زور پەرەو گەشەی کرد بوو ، هەزار بەردی ئەدا بەپشت سـابوونی رەقی‌و لوکس‌و پشیلەدا ، ســـەد ئەوەندەی تر بەرهەمەکە پتر نەبوو ، ئەبووە مایەی دەسکەوتیکی زورو دەرامەتیك بو خەلکی شاری سلیمانی .

## ئەم پیشەسازیە بوچی فەوتا ؟

ئەم پیشەسازیە تا دەورو بەری سالانی ١٩٣٤ بەکزیکەوە مابوو ، لە هەندیك مالا هەر سابوون درووست ئەکرا ، بەلام روو لە فەوتان بوو ، تا بەتەواوی لە ســـالی ١٩٤٠ فەوتاو نەما ، ئەوانەی کە هەر پیشەیان سابوون درووست کردن بوو وازیان لی هینـا .

بەجوریکی گشتی ئەتوانین هوی فەوتانی ئەم پیشەسازیە بخەینە پال :

١ ـ ئیمپریالیزمی عثمانی دارزاو ، هەردەم هەولی فەوتان و توانەوەی نەتەوەی کوردی داوە ، هەمیشە چاوی بری بو سلیمانی ، کە لـە گەلیك رووەوە هاوتای ئەستانبول و شارە گرنگەکانی تری عثمانیەکان بوو ، لە ســـلیمانی تفەنگ‌و دەمانچە تەقەمەنی دروست ئەکرا ، مەلبەندیکی شورشگیری‌و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بوو ، گەلیك پیاوی ئەدیب و بویژو میژو سەرکردەی لی هەلکەوتبوو ، لەبەر ئەوە پر بەدل عثمانیەکان ئەیان ویست ئەو شارە لە ناو بەرن و کاولی بکەن ، ئەوە بوو بـەهەزار فیل و تەلەکەبازی توانیان کە ئەمارەتی بابان لە سالی ١٨٥٠ لە ناو بەرن و سلیمانی بکەنە قەزایەکی پشت گوی خراو .

دیسان لە چاخی عثمانیەکانا سلیمانی تووشی گەلیك چوورتم و قورت بوو دەمیك رشانەوە کە زور بەی دانیشتوانی قەلا چوکرد ، جاریك چاوە قولی ( تاعوون ) کـە

ئەویش گەلیك خەلكی فەوتان ، ئەمجاگرانی ، سەرباری ئەمانەش رەشبگری عثمانیەكان لەكاتی سەفەربەردا بە ناوی دینەوە كە كەسیان نەهیشت نەیكەن بەسەربازو رەوانەی كوری جەنگیان نەكەن تا تەنانەت كویرو شەل و سەقەتیش لە دەستیان رزگار نەبوو ، وەكو خوالی خوش بوو مەلا حەمدون ئەفەرموی لە هەلبەستەكەیا :

( ژەندرمە ئەسووریتەوە ، وەك واشەیی برسی بولاشەیی میللەت بە فروفیلی غەزاوە )

آبەم جورە سلیمانی‌یان ویران كرد زوربەی مالیان سەر گەردان كرد .

٢ــ پاش ئیمپریالزمی دەغەزاری عثمانی ، ئیمپریالزمی هەلەتە كاسەی ئینگلیزە كان دەستی گرت بەسەر كوردستانی عراقدا ، ئەویش لە سەر ری‌و شوینی عثمانیەكان دارو فەلاقەی بو سلیمانی دانا ، هەموو هیزو توانایەكی خوی خستە كار بو شورشە رزگاریەكەی نەتەوەكەمان بە سەركردەیی رولەی بەوەفای گەلی كورد ، قارەمانی نەمر شیخ محمود ، ئەوە بوو چەند جاریك سلیمانی دایە بەر بومبا ، گەلیك خانوی كاول كرد ، هەندیك خانوادەی سەرگەردان كرد بەم هویە چەند جاریك سلیمانی چول كرا خەلكەكەی دایانە دەشت‌و دەر ، تا تەنانەت بو یەكەم جار لە میژوی فروكەدا ئنگلیزەكان فروكەی گواستنەوەی سەربازیان لە سلیمانی بەكار هینا بوتاقی كردنەوەی وەكو امین العمری لە پەرتوكەكەیدا بە اشكرا دانی پیاناوە .

٣ــ دوایی ئینگلیزەكان ( بەرەوالەت ) تاقمە نیشتمان فروشەكەی خیزانی پاشایەتی ونوكەرە ئەلقە لەگوی كانیان وەكو نوری سەعیدو صالح جەبرو . . . هتد هاتنە مەیان ئــەمانیش لــە ســەر پــەیرەوی آغاكانیان روشتن بو دوا خستنی شــاری ســلیمانی كە سەرچاوەیەكی بە هیزو نەمری بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كوردە بویژی هەلكەوتوی لاو ماموستا كامەران ئەلی : ( سلیمانی شـاری هەلەت‌و قوربانی ) ئەمانەش لەوانەی پیشو كەمتریان نەكرد بەراست وچەپا دەستی خویان ئەوەشان .

بەكورتی ئەو كارەساتانەی كەبەسەر سلیمانی‌دا هینرا لەلایەن عثمانیەكان‌و ئنگلیزەكان ونوكەرەكانیەوە ، بوو بە هـوی فەوتانی پیشەسـازیەكانی سلیمانی بەتایبەتی درووست كردنی سابوون .

# کەشکۆڵی رۆژی نوێ

## ( دل )

- مەحوی -

ئەری دل بی شەرابی لەعلی گول رەنگت لە گول چیکا ؟
کە جلوەی گول لە گولشەندا نەبوو بلبل لە چل چیکا ؟
کە هەلگیرسا بە نووری مەی چرای سەر کولمی جانانە
نەچیتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دل چیکا ؟
بە ئاهم گەر رەقیبانت بسووتین ئەی گولی رەعنا
مەرەنجە تو خووا شوعلە لە ئاثاری چقل چیکا
فەلەك هەر گا کەسیکی هەلبری وەعدەی هیلاکەتیە
کە مل بو گەینە پەت بی پی لە کورسی‌و ئەسکەمل چیکا
لە عوشاق‌و رەقیب ئەو شوخە چاوی لوتفی وەرگیرا
کە ئاسك ( ئادەمی ) یا ( سەگ ) نەبینی غەیری سل چیکا
چ حاجەت نیرگزی مەستت بکەم وەسفی بە مەخمووری
کە چاوی سوورمە کیشراوی خوایی بی لە ( کل ) چیکا
لە هەرجی‌یە هەلیت خورشیدی عەشقی گول روخان ( مەحوی )
ئەگەر عەقلی هەبی لەو جیگە ئاورنگی عەقل چیکا .

## ( ووتاری کوردیك )

بەختیـار زیوەر

روژانەکەم یەك دو قران بی

خواردنم وەکو سەپان و شوان بی
با لەشم رووت و دەردم گران بی
بەلام تا مردن : بی درو کردن
عەشقی نیشتمان : دەرناکەم لە گیان

° ° °

بام بو زورداران بچەوسیمەوە
با لە بیگاریان نەحەسیمەوە
شپرزە نابم ، هەل ئەسیمەوە
چونکە تا مردن : بی درو کردن
بەرزی وولاتم : بوتە آواتم

° ° °

هەر چەندە جی‌ی خەلك کوشکو تەلار بی
جی‌ی منیش قوختەو زنجو دەوار بی
بەلام پیویستە کە شوینم دیار بی
بەبون‌و نەبون : بە پەستی گەردون
لە خزمەت کردن : نابم تا مردن

° ° °

بە قسەو نوسین بە دەس بە زمان
هەول ئەدەم کوردی نەبەردی زەمان
بخەمە سەر ری‌ی بلندی ژیان
هەتا کورد زمان : لە خوشی ژیان
بی بەهرە نەبی : چە پیاوو چە ژن

° ° °

ئەمەوی عالەم تی بگەیینم
بیری نوی لەناو کورددا ئەچینم



بنکەی ژین
www.zheen.org

رەگی بیری کون لە بن دەردینم

دەسیسەی ناپاك : ئەنیمە ناوخاك
آواتی دوژمن : دەردینم لەبن

٭ ٭ ٭

نـامەوی بژی کونەپەرستی
آو ئەدەم بە خوین گولی سەربەستی
پیم قووت نادری دیلیو ژیردەستی

بە دەنگی دلیر : وەکو بیچوە شیر
هاوار ئەکەم من : بروخی دوژمن

٭ ٭ ٭

بەلام پیویستە آوالەکانم
بە کول ئەوانیش شان بەنە شانم
بو بەرزی کورد بو کوردستانم

هەتا پیرو جوان : یەکدل یەکزمان
بەختی نەکەین خو : نابین سەربەخو

٭ ٭ ٭

نیرەر : عباس عثمان ماستاو

## شەری گەورە

[ کامەران ]

لە دالانی مزگەوتیکا
برسیتی دلی ئەپیکا
زەردەپەرری رەنگ ئاگرین



بنکەی ژین
www.zheen.org

رژایە ناو حەوزیکی شین
لەسەر بەردە نویژیکی پان
یەکي دەسی کرد بە بانگ دان
ئاوازەی ورتەی خوا ناسین
هەلئەسا ، ورد ، مات‌و خەمگین
دوای ئەوەی نویژ کوتایی هات
دوو کویری بەسزمانی مات
کام وشە گەرمە زور بەتین
کامیان دل دینیتە لەرزین
ئەیانرشتە گەرووی دالان
رستیان ئەکرد بو لەتی نان
پشتین رەنگ زەردی وەك گوگرد
باسي سنووقە چای ئەکرد
یەکیکیان دەنگی هەل بری
( تو بووی نانی منت بری )
من ؟ برا گیان منیش وەك توم
هیچم نی‌یە ئەم شەو بیخوم
لە ناکاو بوو بە شەررەدار
زریك‌و هوورر گرمەو هاوار
دلوپی خوینی لەشی زەرد
ئەپژایە سەر دیواری بەرد
قەوما شەرریکی ئیجگار زل
تا هات مەلای شوخ ، چاو بەکل
مەلای پوشتەی تیر و تەسەل
دەری کردن بە پەلە پەل



بنکەی ژین
www.zheen.org

هەندی لە کوررە دەولەمەن
کە هەیانە شتی دەگمەن
ئەیانفەرموو : شەرری ئاوا
ناشیرینە بو مالی خوا
لام وابی هەر ئەو شیوانە
بردیانن بو بەندیخانـــە
نازانم تیریان خوارد لەوی ؟ !
ئەمە پرسینیکی ئـــەوی ....!!

# « رازی دل »

مەدهوش

من یاسی دلی خوم بو نەکردووی
ناوی دلداریم لەلا نەبردووی
لیم نەپرسیوی دلت لە کوی‌یە
کام دل براویك بوت چاوەرری‌یە
لەلای ئەم و ئەو نەخستویتە ناو
نەبووی بە تانەی بیگانەو ناسیاو
نەشم توانیوە بە یـارت دانیم
بویە نەم ویستووە کە دانی پیانیم
بەلام سەرنجم هەمووی بو تویە
چی‌ی تر وترابی سەرجەم درویە
بە قوربان ئیتر گەیشتە تینم
توانای تیا نەما دلەی خەمگینم
سویندم بەو چاوەت کە چرای دلە
ئاگر خوشکەری هەستی بە کولە



بنکەی ژین
www.zheen.org

نوبەی وەستان و چاوەرریم تەواو
دوا پارچەی بەردی ورەم بوو بە ئاو
بە جوری کارت کردوتە سەرم
هەرگیز ناتوانم بی تو دەربەرم
گەر شەیدایی‌یە یا خوشەویستی
تو بو دلی من یەکەم پیویستی
کەچی توش بی‌دەنگ وەکو نەزانی
خەمی چەند تیایە دل بە پەنهانی
تیم ئەگەیینیت نیگای ئەو چاوە
کە ئاگاداریت دلم سووتاوە
وا لە داخی تو ئەسووتیم وەك موم
سووچی رازیکت هەر دەرنەکەوت بوم
بە دەس من بوایە دەورم ئەتەنیت
نەم ئەهیشت لەگەل کەس پی‌بکەنیت
لەگەل لە لایەك ناوت ئەهینن
من ئەلی‌ی چەقو بە دلما دینن
ئەمەش نیشانەی مەیلیکی خەستە
دیارە تو ژیری ئەمەندە بەستە
چی بکەم لەگەل تو ئەمەندەی جوانی
ناوی بەزەیی هەرگیز نازانی
خوزگە دلی تو وەك هی من بوایە
ئاخو ئەوساکە چیت بکردایە
ئەم شیعرە لای من ئەمەندە دینی
وەك بومبا دلتم بو هەل‌تەکینی

www.zheen.org

# تاســـەی بـــەهـار

هوگر گوران

لەسەر گەردنی چیا ،
لە گوی چەم
لەسەر فەرشي سەوزە گیا
زەردەخەنەی لیوی ئال
بزەی چاوی گەش و کال
ئەرژینە نـاو دەروونی
بلبلیکی خوش ئاوازی نە ناسراو !
بلبلیکی بی نیشتمان و بی ناو
رووەو زەردەی خورەتـاو
رووەو ئاسوی نەبینراو ... ئەو بلبلە
ئەخوینی : —
ئەو خوینەی ئەوسـا رژا ،
ئەو میشکەی ئەوسـا پژا ،
ئەوەتا بە ئەمری خوا
بوو بە تو ـ و ، لەسەر بەردی رەق روو ا !
ئەوەتا بووە بە گولی ( دەم با ) [١]
ئەوەتا دل و بەهار و ئاسو
پرر ئەکا
لە تاسەو لە بررو ا
لە شـادی و لە هیوا

---

[١] گولی دەم با : چەشنە گولیکە لەسەر بەردی رەقیش ئەرروی .



بنکەی ژین
www.zheen.org

# زمانەکەمان

## هەڵەی نووسین

کەرکووك ــ طاهر صادق

هەموو گەلانی پیشکەوتوو بو نووسینەکەیان لە کونەوە دەستوریکی راستەقینەی چەسپاویان داناوە ئەگەر گران وە یا ئاسان کەس ناتوانی بە ئارەزووی خوی بنووسیو یاری تیدا بکات ، بیگومان میژووی نووسینی کوردیش بە چەشــنی ئیمرو نوییەو رینووسیکی تایبەتی بو دانەنراوە لەبەر ئەوە هەرکەس لەســەر بیرو باوەری خوی سەربەخویە وەك منو ئەمو ئەو ، کەم وایە کە هەست بەهەڵەی نووسینەکانمان بکەین هیندی جار هەر ووشەیکە بەدوو جور ئەینووسین وەك ( لە گیتیدا ـ لە گیتیدا ) ( لە جهاندا ـ لە جهاندا ) ( پینووس ـ پی نووس ) ( بلین ـ بلین ) ( لیکولینەوە ـ لی کولینەوە ) ( تیکوشین ـ تی کوشین ) ( فارسیش ـ فارسیش ) ... هتد .

ئنجا من لەم بابەتەوە ئەو جیگایانەی کە هەڵەی تیدا ئەکریت لەسەر بیروباوەری خوم پیشانی ئەدەم .

١ ــ ووشەکانی لیکدراو ( مرکب ) لە دوو ووشە پیك هاتوون و یەك ماناش ئەدەن ئەگەر گونجان پیکەوە بنووسرین وەك ( خوشناو ) نەك ( خوش ناو ) بیکەس ( فائق بیکەس ) نەك بی کەس ، ریزمان نەك ری زمان ، بنگرد نەك بن گرد ، رەشمال نەك رەش مال هەروەها پسمام ، ئاسنگر ( ئاسنگەر ) ، کەندیناوە ، ریدار کانیماران ، کانیماسی ، دلزار ، دلدار ، گولدار ، تیکەل ، گولنار ، گولزار ، ملکەچ خویندکاران ، پینووس ، تیبینی ، کریکار . جوتیار ، بانگوش ، تیکوشین ، تیگەیشتن بیزار ، بەرگدروو ، زیندروو ، چاپخانە ... هتد .

٢ ــ ئەو ووشانەی کە ( بی ) ی ( نفي ) یان ئەکەویتە پیشەوە وەك بی کەس ماوەتەوە نەك بیکەس ماوەتەوە ، بی باك نەك بیباك ، بی مال نەك بیمال ، هەروها

بێپارە . بێکار ، بێئاین ، بێدار . بێمنال ، بێموچە ، بێگومان ، بێدەنگ ، بێرەنگ ، بێدەمار ، بێچاو . . . هتد .

٣ــ ئەو ووشانەی کە دوایان هاتوە بە (ی)ی خاو وەك ری ، زی ، هەوی ، کەوی ، ئەگەر بونە ( مضاف ) ئەو کاتە (ی) ی ( اضافە ) ش دیتـە دوای ئەم ( ی ــ ی ) یە پیکەوە بنووسیت چاکترو دیمەن جوانترە وەك : ریی شارەزور نەك ری‌ی شارەزور ، دیی بازیان نـەك دی‌ی بازیان ، زیی‌بادینان نـەك زی‌ی بادینان ، خویی سپی . نەك خوی‌ی سـپی ، جیی کورد نەك جی‌ی کورد ، هەروها کەویی ، هەویی ، گویی ژیی ، پیی . . . هتد .

٤ــ هەر ووشـەیەکي کە دوای هاتبي بە (ی)ی گورج وەك مراوی ، زەوی ، پەری کە بووە ( مضاف ) هیچ (ی)ی اضافە هەلناگریت‌و دەنگ‌و شیوەشی ناگوریت وەك دەرزی بەرگدرو ، نەك دەرزی‌ی بەرگدرو . زەوی بیتوین نەك زەوی‌ی ـ مراوی لادی نەك مراوی‌ی ، پەری ئاسمان نەك پەری‌ی ، قومری سـالار نەك قومری‌ی ، باوی ( بادام ـ باهیڤ ) شیرین نەك باوی‌ی شـیرین ، تـاژی ( تانجی ) راو نەك تاژی‌ی ( تانجی‌ی ) ژاژی بلباس نەك ژاژی‌ی ، شوتی خاسە نەك شوتی‌ی ... هتد .

٥ ـ زور کەس دوو (ی)ی اضافە لە دوای ووشەوە ئەنووسن بە هەلـە ئەمەش راستی جوان نی‌یە وەك خوشی‌ی خویان راستیەکەی خوشی خویان ، خوشی‌ی گوزەرانی‌ی راستیەکەی خوشی گوزەرانی ، گرری‌ی رزگاریمان راستی گروی رزگاریمان ، لە جهان پەروەری‌ی دانیشتوانی‌ی راستی لە جهان پەروەری دانیشتوانی ، هەروها داری هەنار نەك داری‌ی هەنار ، کوردی ئیران نەك کوردی‌ی ئیران . . . هتد .

٦ــ پیتی (ی)ی گران کە نرخی دوو (ی)یە بەم جورە ئەنووسریت وەك دارایی برایم بە ناوبانگە ، دوایی ئەزانین هەر دیت ، زانایی‌و دانایی پیکەوە جوانە ، برایی وا نابیت ، نازایی سمکو ، شارەزایی گرنگە ، لاسایی جوان نی‌یە . . . هتد .

٧ــ ئەو ووشانەی کە ( دا )یان ئەکەویتە دوایی وەك لەکورتیدا نەك لەکورتی‌دا لە ئایندا نەك لە ئاین‌دا ، لە ئاسماندا نەك لە ئاسمان‌دا ، لە هاویندا نەك لە هاوین‌دا هەروها زستاندا ، گیتیدا ، فارسیدا ، گەنجیدا ، خوشیدا . . . هتد .

٨ــ ئەو ووشانەی کە ( دار ) یان ئەکەویتە دوایی وەك بالدار نەك بال‌دار ، خالدار نەك خال‌دار ، بربندار نەك برین‌دار ، هەروەها زامدار ، چەکدار ، خیزاندار میواندار ، منالدار ، ئایندار ، دەنگدار ، رەنگدار ، گولدار ، ولاغدار . . هتد .

٩ــ واوی (عطف ) پیوە نەنوسیت چاکترە وەك مامو برازا نەك مامو برازا ، خومو خوت نەك خومو خوت ، گەنج‌و پیر ، نەك گەنجو پیر ، می‌و نیر نەك میو نیر ، دی‌و باغ نەك دیو باغ . . هتد .

١٠ــ شینی ( عطف ) ئەگەر گونجا بە ووشـــەوە بنوسریت وەك فارسیش نەك فارسی‌ش ، کوردیش نەك کوردی‌ش ، کرمانیش نەك کرمانجی‌ش هەروەها باوکیش ، رەقیش ، گورگیش ، ماسیش ، ئاسنیش . . هتد .

١١ــ ئەو ووشـانەی کە ( لی ) یان ئەکەویتە پیشەوەی وەك لیم دوورە نەك لی‌م دوورە ، لیی نەهاتوە نەك لی‌ی نەهاتوە ، لیکولینەوە نەك لی‌کولینەوە ، لیمـان پرسي نەك لی‌مان پرسی ، لیپرسینەوە نەك لی‌پرسینەوە ، لیدان نەك لی‌دان ، لیکشانەوە نەك لی‌کشانەوە ، لیهەلدان « تعلیق » نەك لی‌هەلدان ، لیکدان نەك لی‌کدان .،. هتد

١٢ــ چەند ووشەیەکی پەراگەندە وەك دووەم نەك دوهەم ، سی نەك سیە ، هیچ کەس نەك هیچکەس ، چی‌بکەم نەك چ‌بکەم ، چی نازانیت نەك چ نازانیت ، قەلای دمدم نەك دم‌دم .

www.zheen.org

١٣ــ ئەو ووشانەی کە لە نووسیندا بە دەرن « شاذ » وەك هەللا نەك هەل‌لا ، بەرەللا نەك بەرەل‌لا ، کەللەی سەر نەك کەل‌لەی سەر ، زللەی پالەوان نـەك زل‌لەی پالەوان ، گوللە نەك گول‌لە ، برڕایەوە نەك برررایەوە بە شیوەی کوردی لیوای مەولیر براوە .

---

سەرنج : بیوورن کە پیتی کلاودارمان نی‌یە وەکو [ ی ] و [ و ] و [ ل ] ی کلاودار ، لەبەر ئەوە بە وردی سەرنجی ووشەکان بدەن نەك نەبوونی ئەو پیتانە بووبی بەهوی ئەوەی هەندیك لەو ووشانە بەئاسانی نەخویندرینەوە.

« روژی نوی »

# باوەرری من

ہ ئەوانەی هونراوە ئەدزن ، لە ئەنجاما بە دەرزیی ئاشکرا بوون خویان وەك موورو ئەهونرینەوە .

ہ هی واهەیە ، هەر خەریکی ئەوەیە باسی تیکوشانی خوی بکا ، بە باوەرری من ئەم چەشنە کەسانە ئەو کاتانەی بو تیکوشانیان تەرخان کردوە بە لەکیس چووی ئەزانن ، وەیان گومانیان هەیە لەوەدا کە دان بەو هەولەیانا بنری ، وە لەوە ئەترسن کە لەکیسیان بچي . . ، وەك بو خویان تیکوشابن .

ہ ئەوی دیمەنی بستیك لە خاکی کوردستانی بەلاوە جوان بی‌و ، زەردەخەنەی کورپە دلی بگەشینیتەوەو ئاوازی کوردی تەلی دلی بلەرینیتەوەو بەلام تی‌نەکوشی بو کوردو کوردستان سپلەیە . . . یان تو چی‌ی‌بی ئەلی‌ی پی‌ی بلی .

« أ »

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەم دوایی یەدا دانشگای جورج واشتەن بلاوی کردەوە کەوا ٣ هەزار زمان‌و لەهجە لە جیهانا هەیە وە ئەو زمانانەی کە ژمارەیەکی زور لە ئادەمزاد پی‌ی ئەدوین ئەمانەن

١ـــ چینی ٤٦٠ ملیون کەس
٢ـــ ئینگلیزی ٢٥٠ ملیون کەس
٣ـــ هیندی ١٦٠ ملیون کەس
٤ـــ ئیسپانی ١٤٠ ملیون کەس
٥ـــ روسی ١٣٠ ملیون کەس
٦ـــ ئەلمانی ١٠٠ ملیون کەس
٧ـــ ژاپونی ٩٥ ملیون کەس

# •[ياد]•

( مەهاباد )

گرمە گرمی هەورو خرمە خرمي باران خەوی لی زررانبووم ، لەبەر ئەوە نزیك نامەخانەکەم بوومەوەو لە خومەوە دەستم برد بو چەند روژنامەیەك وتم وا چاکە تاویك خوم بە خویندنەوەی ئەم روژنامە کونانەوە خەریك بکەم بەلکو خەو برژیتەوە پیلووەکانم ، بەلام هەر کە یەکەم لاپەررەی یەکەم روژنامەم بەرچاو کەوت ئیجگاری خەو لە چاوم توراو ، تەزووی یادی ئاگرین وروژمی بردە سەر میشكو دلم . . . ئەسرینیش چەند دلوپیك لە چاوم تکا . . .

روژنامەکە زور کونە ، پەررپوتو پوواوە . . . لە سەرەوە لی ی نووسراوە ( کوردستان ) بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیمرکراتی کوردستان . . .

لە سەر یەکەم وتاری نووسراوە ( نوتقی حەزرەتی پیشەوای کوردستان ) ئنجا کەوتمە چاو پیاخشاندنی روژنامەکە ئەم دیررانەم تیادی کە یادیکی ئاگرینو پیروزن :

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەنگو باس لە جەبهەی سەردەشت

خەبەر گەیشتووە کە شەوی چوار شەمە ، پیشمەرگەکانی ( ئیرتیجاع ) نزیکی سەردەشت کە پوستی کوردستاني لی دەبی پەلاماری دەبەنو پوستەکە دەورە دەدەنو بە خەیالی خاوی خویان بە دەرفەتی دەزانن و پەلاماری ئیلی ئازای گەوررك ئەدەن لەپاش شەرریکی زور هیزی ئیرتیجاع ٣٣ کەسیان لی ئەکوژری وە نزیکی ٣٠ کەسیان بریندار بووەو زور بە شپرزەیی دەشکینو هەلدینو لە هیزی کوردستان ٥ کەس بریندارە . . .

## نوینەری کوردستان بو سـەقز

روژی ١٣٢٥/٣/٨ ساتی ٣ی پاش نیوەررو جەنابی حاجی سید بابا شیخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسـەی میللی کوردستان و مەنافی کەریمیو ئـەحمەدی ئیلاهی بو گفت‌وگو دەگەل نوینەرەکانی تاران بو حەلی هیندی جودایی لە نیوان هـــەردوو حکومەتدا چوون بو سەقز ئومیدمان وایە نوینەرەکانی کوردستان بە موفەقیەت بگەررینەوە .

بەم جورە ئەو دیررانەی سەرەوەو گەلیك دیرری تر ، کانیی یادیان تەقانم . . لە پرر هەستامە سەر پیو لەگەل گرمەیەکي هەوراو بروسکەی چەخماخەکەیا ســەرم هەلبرری‌و وتم « کوماری کوردستان نامری ، هەرگیز نامری »

پەرراوی نـوی

## رابەری ماموستا

ناميلكەيەكە دەربارەی چونیەتیی دەرز وتنەوە بە قوتابي .

ئەم نامیلکە نایابە کە لە رووی زمانەوە سوودیکی پوختە ئەبەخشی بە ماموستایان و قوتابی‌یان دانەرەکەی ماموستا عمر ( عبد الرحيم ) ە پرر بەدل پیروزبایی لی ئەکەین ، وە هیوادارین هەمیشە لە هەولدانابی . .

نامیلکەکە ٤٦ لاپەررەیە ، لە چاپخـانەی کامەران چاپ کراوە ، وە نرخی ٨٠ فلسە .

## فولکلوری کوردی

بەشی دووەم لە فولکلوری کوردی لە «نووسینی کاك وردی» دەرچوو ، پرر بە دل پیروزبایی لی ئـــەکەین وە هیوادارین کە ماموستا وردی تابیت بەرهەمی لە زیاد بوونابی ،



# بو پیکەنین

لادێیی‌یەکی فەرەنسی لە کاتی شوررشی فەرەنسیدا لە شاری‌یەك ئەپرسی

ــ: ئەری دەنگ‌و باسی شار چی‌یە ؟

شاری : هەر سەر پەرراندنە

لادێیی : ئەی بوچی قاچ‌و دەستیان ناپەررینن ؟

شاری : بوچی ؟

لادێیی : ئای کاکە بو نازانی من کلاو فروشم ؟!

---

عومەر : گوی دریژەکەتم نادەیتێ ئەچم بو شار ؟

حەمە : داخی گرانم لیرە نی‌یە !

عومەر : ئەی ئەوە نی‌یە زەررەی دێت ؟

حەمە : کاکی خوم باوەرر بە من ناکەی بە گوی دریژەکەمی ئەکەی ؟

---

ریبوار : ئەو پشیلەیە مەشو ئەمری

کابرا : نەخیر پاك پاك بە لفکەو سابوون ئەیشوم‌و لە ئاویشی هەل ئەکیشم و ناشمریت .

ریبوار ( لە گەررانەوەدا ) : نەموت ئەمری ؟!

کابرا : بەلی مرد بەلام بە شتنەکە نا ، کە گوشیم مرد .

---

بنکەی ژین
www.zheen.org

حاکم : تو ئـەلی هەردوکیان بە کورسی لە یەکتری‌یان ئـەدا ئـەی بوچی لیکت نەکردنـــەوە ؟

شایەت : چونکە کورسی ترم دەست نەکەوت .

---

کورر : دایە حەز لە سواری کەر ئەکەم

دایك : تا باوکی هیوا نەختی هیوا هەلگرە با بی‌دەنگ بی .

---

حاکم . مەحکەمە حوکمی دا بەسەر تودا بە نیو دینار جەزا چونکە شـەقیکت لە هومەر هەلداوە .

تازە پیاکەوتوو : ها ئەوە دیناریك با مەحکەمە شەقیکی من قەرزار بیت .

---

پیاو : تو ئەزانی شەراب جوانت ئەکا .

ژن : بەلام من شەرابم نەخواردوتەوە .

پیاو : ئەزانم من خوم خواردوومەتەوە .

---

ماموستا ـ ژن ـ : لە خوام ئەویست حەفتەیەك دایکت بوومایە ، نەختی تەربیتم دا ئـــەدای .

قوتابی : ئنجا بەشکم باوکم رازی نەبی .

---

ریبوار : ئەوە بوچی ئەو شوانە هەژارەت سەر برریوە ؟

شیت : هەروا ، حەز ئەکەم بزانم کە خەبەری بووەوە چی ئەکا بو سەرەکەی .

---

زوربەی ئەم بو پیکەنینانەمان لە ( داخ لـــە دلـەوە ) بو هاتووە زور سـوپاسـی ئەکەین .



www.zheen.org

# یەکیەتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهان

## وە ئافرەتانی کوردستان

رەنگە خوێندەواری خوشەویست کە ئەم وتارە ئەخوێنێتەوە پرسیاری هوی نوسینەکەی ئەکات لەم روژانەدا وەلە پاش ئەوەی کە ئافرەتانی کوردستان بیروباوەری خویان دەربرری بەرامبەر بەم یەکیتیە دیموکراتیە جیهانیە ، وە چون کە گوی ناگرن لە داخوازیە رەوانەکانیان وە خویان بەشدار ناکەن راستەوخو لەپشت گرتنی خەباتیان

وەلامی پرسیاری ئەم خوێندەوارە بەریزە ئەدەمەوەو ئەلیم کە هویەکی زیاتر نیە لەو دوو نامە ئالوگورر کراوەی نیوان ئافرەتانی کوردستانی ئیران بە زمانی جوتە خوشکانەوە ( تولە ـ مامز ) وە ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عیراق .

، ئەم دوو نامەیە گوشەگیری یەکیەتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی هینامەوە بیر لە جولانەوەی ئافرەتانی کوردستان وە لایەن نەگیری خەباتی گەلی کورد دژی امپریالیزمو کونەپەستو زورداری ، لە کاتیکا کە ئەم یەکیتیە جولانەوەی ( ٨٠ ) ولاتی جیاواز لە بیروباوەررو نەتەوایەتیو رژیمی کومەلایەتی گرتوتە باوەش . بو نمونە ئەو (یەکیتی)ە ئافرەتانی یەکیەتی شورەویو چینی میللی تیایە کە دەولەتەکانیان پلەی رزگاری نیشتمانی و پلەی رزگاری چینایەتییان برریوەو ئافرەتانیان هەموو مافیکی کومەلایەتیو ئابوریو سیاسی دەست کەوتوە . وە لەگەل ئەم دوو دەولەتەدا زور لە دەولەتانی تر هەیە لەم یەکیتیەدا کە هیشتا سەربەخوییان وەرنەگرتوەو ئافرەتانیان هیچ مافیکیان دەستنەکەوتوە وەك لە هیندی دەولەتانی افریقا ، کە یەکیتی بال ئەکیشی بەسەر ئەو دەولەتە جیاوازانە لە پلەی میژوویدا هەر ئەوە ئەگەیینی کە ئافرەتانی ولاتە سەربەخوکان لە یەکیتیەکەدا پشتگیری ئافرەتانی ولاتە ژیر دەستەکان ئەکەن لە خەباتیانا .

وە ئەمە دەرئەکەوی لە برریارەکانی خولگەی دوایی کورری یەکیتی . وەهەروەها دەرئەکەوی بە وینەیەکی رونتر لە کونگریسی ئافرەتانی ئاسیاو ئەفریقا کەلەم دواییەدا بەسترا لە قاهرە . وە ئەگەر لە برریارەکانی ئەم دوو خولگەیە وردبینەوەو بگەریین بە

دوای نیشانەیەك بو گیروگرفتی خویناوی گەلی کورد ، تەنانەت بونی ئەو نیشانەیەش نابینن ، ئەمە واله هەمو مروڤیکی بەشەرەف ئەکات بگەری بە دوای هوی ئەم هەلویستە و بکەویتە گیژاوی بیرکردنەوەو پرسیاریکی بی ئەندازەوە . ئایە کورد گەلیکی چەوساوە نیە تاکو پشتگیری ئەکری لـــەلایەن ئەو یەکیتیە دیموکراتیەوە ؟ ئایـــە ولاتەکەی کوردستان پارچە پارچە نەکراوە تاکو برریارەکانی یەکیتی خوی لی گیل کات

وە من کە ئافرەتیکم بەشدارم لە جولانەوەی ئافرەتانی کوردستان ریگاکە کورت ئەکەمەوە بو خویندەواری بەریز وە هوی سەرەکی بو دەرئەبررم کە هوی دەرکەوتنی ئەم یەکیتیە لە کراسی گوشەگیریو گوی‌نەدان بە جولانەوەی ئافرەتانی کوردستان وە ئەو هویەش ئەوەیە کە ئافرەتانی کوردستان نوینەر نین لە یەکیتیەکەدا . بـــەلام خویندەوار بەم هویە قایل نابیت لە لایەکەوە ، وە لەلایەکی ترەوە دەمو دەســـت ئەپرسیت .

ئاخو ئافرەتانی کوردستان بوچی نوینەر نین لەم یەکیتیەدا ؟ ئایە ئەوە ئەگەریتەوە بو گوشە گیری ئافرەتانی کوردستان یان ئەگەریتەوە بو وەرنەگرتنیان لـــەلایـەن یەکیتیەکەوە ؟

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی راستی بیت ناتوانم پەنجە بخەمە سەر راستەقینەی ئەم تەنگو چەلەمەیـە ، هەر چەندە من ئەتوانم بیسەلمینم کە ئـەم هویە ناگەریتەوە بو گوشە گیری ئافرەتانی کوردستان ، بەلکو ئەگەریتەوە بە گشتی بو ئەو دەرفەتەی ( ظروفە ) کە جولانەوەی ئافرەتانی پیا ئەروا لەو دەولەتانەی کە کوردستان دابەش کراوە بەسەریانا .

یەکیتی بە بروایەکی تەواوەوە ئەروانیتە ئافرەتانی ئەتەوە زال بوەکەی ئەو ولاتانەی کە کوردستان ئەکەویتە سنورەکانیانەوە . وە ئەم یەکیتیە تەماشای گیروگرفتی ئافرەتـان ئەکات لەم ولاتانەدا وەك گیروگرفتی ئافرەتان کەلە سنوریکی سیاسی‌دا بژین بـــەبی ئەوەی بکولینەوە لە چونیتی دانانی ئەم سنورانە . وەبو بـەرژەوەندی کی‌دانراوە وە پیویستی سەرشانی ئافرەتان چیە لەناو ئەو سنورەدا . وە چون دروشمەکانی ئەگورری .

لیرەدا من وتارەکەم هەلئەسورینم بو دەرخستنی ئەم مەسەلە گرنگە جا جولانەوەی

ئافرەتان بە ئێران وە کوردستانی بەزور پیوە بەســـتراو وینەیەك بیت بو دەرخستنی روەکانی ئەم مەسەلەیە :ـــ

ئافرەتانی دیموکراتی ئێران بە وینەیەکی گشتی گیروگرفتەکانیان ئەگەیینن لە یەکیتی وە بەم پی‌یە دروشمە جیاوازەکانی ئافرەتانی ناوچە جیوگرافیەکان لە سنوری ئێران ئیستادا تیکەل‌و پیکەل ئەکەن ، ئەو سنورەی کە امپریالیزم رەنگی بو رشتون بو تەختو تاراجی شاهنشاه . نامەی ئافرەتانی کوردستانی ئێران نامەی تولەو مامز بـــە بە وینەیەکی بی‌هاوتا ئەو جیاوازیە قولە دەرئەخات لە نیوانی زروفی ئافرەتی کورد وە زروفی ئافرەتی فارسی لە سنوری ئیراندا . وە ئـەو زروفە لەیەك نەچوە بوە بـەهوی جیاوازی دروشـمی ئافرەتانی فرس وە ئافرەتانی کورد ، وە هەروەها بوە بـــەهوی جیاوازی قوناغی میژووی ئافرەتانی فارسی لـە قوناغی میژووی ئافرەتانی کورد . وە ئەمەش لە ئەنجاما ئەبی بەهوی جیاوازی هەلویستی یەکیتی بەرامبەر ئافرەتانی فارسی‌و ئافرەتانی کورد . با ئەم تیبینیە روون کەینەوە بەم بەلگەیە .

لەم کاتەدا ئافرەتانی فارسی پیویستیان نیە بو بەرز کردنەوەی دروشمی فیربوون بە زمانی فارسی وە خویندنی میژوو وە ویژەی تایبەتیان ، وە پیویستیان نیە بە خەبات کردن لە رریی بەریوەبردنی ولاتا لەلایەن خویانەوە وە لەمانەش گرنگ تر ئافرەتانی فرس لی‌پرسراو نین بەرامبەر بە گیروگرفتی تریان لە دەرەوەی سنوری ئیران .

بەلام گەورەترین ئەرکی سەرشانی ئافرەتی کورد بەرز کردنەوەی ئەم دروشمانەیە وە خەبات کردنە بو جی‌بەجی کردنیان وە هەروەها لی‌پرسراون بەرامبەر بە پشتگیری خەباتی خوشکانیان لە پارچەکانی کوردستان .

جا لەبەر ئەم هویانە دەنگی ئافرەتی کورد پیویستە بەرز بیتەوە لە یەکیتیەکەدا . وە نواندنی وەك ئافرەتیکی ولات داگیر کراو پیویست ترە ، وە هەروەها ئەبی یەکیتی هەلویستیکی گونجاوی هەبی بەرامبەر بە قوناغی میژووی ئافرەتانی کوردستان .

جا لەبەر ئەوە ئەبی یەکیتی بە چاویکی تر تەماشای مەسەلەی جولانەوەی ئافرەتانی کوردستان بکات .

وە باشترین ریگا بو ئەوەی یەکیتی خوی رزگار بکا لەم گیروگرفتە ئەوەیە کە گوی راگری لە بیرورای ئافرەتانی کوردستان ، ئەو ئافرەتانەی کە جولانەوەکەیان جولانەوەیەکی کەمایەتی نیە بەلکو جولانەوەیەکي ( ناوچەییە ) تیئەکوشی لەریی رزگاری نیشتمانیدا وە بە تایبەتی لەو ناوچەیەدا کە پلەی رزگاری نیشتمانی برریوە

ئافرەتانی کوردستان باوەرریکی بەتینیان هەیە بە جولانەوەی دیموکراتی ئافرەتانی جیهان ، وە ئیمە لەو باوەررەداین کە خو گیل کردنی یەکیتی لە لیکولینەوەی گیرو گرفتی ئافرەتانی کوردستان شتیکە ئەروات ، وە هەلویستی خوی راست ئەکاتەوە بو ئەوەی بتوانی هیزی ئافرەتانی کوردستانەکەمان راکیشی بو ریزی خوی .

ئافرەتانی کوردستان بە ناوبانگن بە خەباتی خویناوی سەختیان دژی امپریالیزمو کونەپەرستی ، وە بەشداربونیان لە لایەنگیری اشتی جیهانیو بانگک کردنیان بو دامالینی چەك .

بەراستی یەکیتیەکە لەم روژانەدا زورتر پیویستی بە گوررینی هەلویستی خویەتی بەرامبەر جولانەوەی ئافرەتانی کوردستان وەکە ئەلیم لەم روژانەدا بە تایبەتي هەر لەبەر ئەوەیە کە سیاسەتی اقلیم چیتی ئافرەتانی نەتەوە زال بوەکان سەرنەکەوت ، وە بزوتنەوەکەیان لە کوردستاندا خنکینرا وە بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان توانی گورری کات .

ئیتر سلاویکی گەرم پیشکەش بی بە ئافرەتانی کوردستان کە هەلویستی اقلیم چیەکان وە لەریی راست لادەرەکان نەیانتوانی گرری خەباتیان کز بکاتو تیژی تیکوشانیان کول بکات هەر سەرکەوتوە خەباتی ئافرەتانی کوردستان وە هەر جیگای شانازیە نەبەزینیان .

ئافرەتانی کوردستان

[ خانزاد ]

## ئەوانەی نامرن

# تاغوور

بیست سال لەمەوبەر دلی گەورەی شاعیری بزورگی هیند لە لیدان کەوت ، بەلام هونراوەکانی تا ئادەمزاد لە سەر پشتی ئەم زەمینە مابی هەر ئەمینیو هەندیکیان وەك موم ئەسووتینو هەندیکیان وەك مرواریو یاقووت ئەبریسکینەوە .

◦ تاغوور دروشمی شانازیی هونراوەی بە سوزو بەتامی هیندی لە سالی ١٨٦١ ی زایینیدا لە شاری (کەلکەتا ) لە ( جورسنگو ) لە دایك بووە .

◦ بنەمالەکەی بنەمالەیەکی بونغالیی خانەدان بوو لە هونەرو زانستو ویژەدا ، وەلە نەوەی چیروك نووسی سانسکریتیی نەمر ( باتاناریانا ) یە . باوکیشی یەکی بوو لە گەورە پیاوانی ئاینی ( بەرهەمی ) وە نووسەریکی بە ناوبانگ بوو .

◦ رابندرانات تاغوور شەش برای هەبوو ، بەلام خوی پچوکترینیان بوو .

◦ تاغوور کە هەر لە منالییەوە خوای هونراوە دلی لی سەندبوو بەهیچ جوریك ملی نەئەنا بو خویندن لە قوتابخانەدا ، لەبەر ئەوە باوکی ناچار بوو کە ماموستای بو راگریت ، وە لە ئەنجاما ناردیانە ئینگلتەرە بو خویندن لە دانشگای ( حقوق ) بەلام لەپاش ماوەیەك وازی هینا وە خووی دایەوە هونراوەو موسیقا ، تاغوور بەرامبەر بە خویندن لە قوتابخانەدا ئەیوت « کوتو زنجیرەکانم زور گرانن بەلام دلم کە هەولی پچرراندنی ئەدا ئازاری پی ئەگا »

◦ لە تەمەنی ١٣ سالیدا چیروکیکی شکسپیری وەرگیررایە سەر زمانی بونغالی ، وە بەرە بەرە شارەزاییەکی تەواوی لەئەدەبی ئینگلیزیدا پەیدا کرد .

◦ تاغوور لەو تەمەنەدا هەمیشە دەفتەریکی پەررە شینی جوانی پی بوو هونراوەکانی خوی تیا ئەنووسی ، وە زور شانازیی بەو دەفتەرەوە ئەکردوو زوری خوش ئەویست .

◦ بەرە بەرە دەستی کرد بە هونراوە بلاوکردنەوە لە گوڤارەکانی کەلکەتەدا وە

www.zhin.org

بوو بە رۆژنامەگەر لە گوڤاریکا کە براکەی دەری ئەکرد .

ه تاغوور نزیکەی ٥٠ بەرراوی داناوە هونراوەو چیروكو سەرگوروشتەو چیروکی شانویی‌و وتاری ترو رەخنە .

ه تاغوور یەکەم شاعیرو نووسەری روژهەلاتی جیهان بوو کە خەلاتی « نوبل »ی وەرگرت ، وە تا ئەمرروش هیچ شاعیرو نووسەریکی تر لە روژهەلاتا ئەو خەلاتەی پی نەبەخشراوە .


پیویستە بیزانی

## شەرری جیهانگیریی دووەم

- ٦١ دەولەت لە شەرری جیهانگیریی دووەمدا بەشدار بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانیان ( ١٧٠٠ ) ملیون ئادەمزاد بوو .
- شەرر لە پانایی ( ٢٢ ) ملیون کیلومەتری چوار گوشەدا بەرپا بوو ،
- ١١٠ ملیون کەس چەکی هەلگرت .
- ٣٢ ملیون کەس لە ناو چوو .
- ٣٥ ملیون کەس لەم شەررەدا شیوەیان شیواو تیك چوو .
- تەنیا لە ئەوروپادا ٢٣ ملیون‌و ٦٠٠ هەزار خانوو وە ١٤ملیون‌و ٥٠٠ هەزار کارگەو بینای تر ویران کرا .
- نزیکەی ٢٠٠ هەزار کیلومەتر ریگەی ئاسنینی شەمەنەفەر لەکەلك خرا .
- تەنیا لە یەکیتی سوڤیتی‌دا ١٧١٠ شار وە ٧٠ هەزار دی‌و کیلگە ویران کرا .
- لە یەکیتی سوڤیتی‌دا ٢٥ ملیون کەس بی‌لانە مانەوە .
- شەرر « ٧٢ » مانگی خایان ،

www.zheen.org

# لە باخی گولیك



« لە ئەمریکا چەشنە ئالەتیك دروست کراوە بو شیردان بە منال ، ئەم ئالەتە بریتی‌یە لە شووشەیەك لەسەر شووشەکە نیشانەیەکی لەسەرە ، دایك ئەو نیشانەیە ئەخاتە سەر کاتی شیردان بە منالەکەی ، ئنجا ئەمیش لەو سەعاتەدا شیرە کە گەرم ئەکاو خوی ئەیدا بەمنالەکەو ئەختیك موسیقاشی بـو لی ئەدا بو ئەوەی منالەکە خەوی لی بکەوی ، بەم جورە ئەم ( ئالەتە ) تازەیە لەجیاتی دایك شـــیریش ئەدا بە منال و لایلایەشی بو ئەکا .

ە لە سویسرا کە بە ناوبانگترین ولاتی جیهانە لە کاتژمیر دروســت‌کردنا لەم دوایی یەدا توانرا کە کاتژمیریکی دەست بکری بە باتری ئیـش بکا ئەم کاتژمیرە هەر وەك کاتژمیری تر ئەکریتە دەست بەلام باتری‌یەکی زور پچووکی تیایە کە بو ماوەی ٧ ـــ ٩ مانگ ئیش بەو کات ژمیرە ئەکا .

ە جورە تایپیك دروست‌کراوە کە بە قســە ئەنووســی ، یەعنی لە باتی ئەوەی پەنجە بمالی بە پیتەکانیا ، بەدەم پی‌ی ئەلی بەلام تەنیا تا ١٠ ووشە ئەتوانی تی‌بگاو بنووسی وە ئەلین دوور نی‌یە روژیك بیت ئوتوموبیلیش بە قسە برروات ، واتە پی‌ی بلی ( بررو ) برروات یان بلی ( هیواش ) هیواش بیتەوە ، وەیان بلی بووەستە بووەستی . . . وە ئەمەش کاریگەریی دەنگە .

ە نووسەریکی ژن پەرراویك دەر ئەکا ، خویندەواران زور پەسندی ئەکەن ، وە بەو بونەیەوە ئاهەنگیکی بو پیك ئەهینری ، لەو ئاهەنگەدا ژنیك کەپی‌ی ناخوش ئەبی ئەم نووسەرە ناودەرکا ئەچیت بولای وە پی‌ی ئەلی « ئەری بەراست ئەوەکی بوی نووســیبوی ؟ » ئەویـش لەوەلاما ئەلی « ئەی تو کی بوی خویندیتەوە ؟ »

ە ژنیك خوو ئەداتە پەرراو کررین



www.zheen.org

بەلام نایا ئەخویندیتەوە ، تەنیا جار جار پەڕراویك ئەگری بە دەستیەوەو پەڕرە پەڕرەی ئەکا هەر بو ئەوەی پێی بلێن خەریکی خویندنەوەیە روژێکیان پەڕراویکی پێ ئەبێ لەسەر میزیك لە باخچەکەیانا بەجێی دیلیت ، لەوکاتەشا شەمال پەڕرە پەڕرەی هەل ئەداتەوە ، منالەکەی کە چاوی لەمە ئەبێ بانگ ئەکا « دایە ، دایە ئەو پەڕراوەت خوی خوی ئەخویندیتەوە »

• روژنامەیەکی فەرەنسی هیرشی بردەسەر ئەنجومەنی شارەوانیی پاریس بەوەی نووسیبووی نیوەی ئەندامانی ئەنجومەن دزن ، ئەنجومەنیش خەریك بوو رژونامەکە بدا بە دادگە بەلام چەند کەسیك کەوتنە بەینەوەو ئاشتیان کردنەوە بەو مەرجەی روژنامەکە پاکانە بکا . . . روژنامەکەش پاکانە کەی بەم جورە بوو :

« دوێنێ نووسیبوومان کە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دزن ، بەلام راستیکەی ئەوەیە کە نیوەیان دز نین »

## منالی زیرەك
### لە سینەمادا



منال : دایە ئەو هەموو پیاوانە چین لەو فلیمەدا ؟

دایك : چەتەن

منال : بوچی شەرر ئەکەن ؟

دایك . لەسەر ئەو غەزنەیە

منال: چیە ؟

دایك : زیررو مرواریو یاقووت

منال : تو بلی‌ی هەندیکیان لەسەر ئەو شتانە بکوژرین ؟

دایك :دوور نیە !

منال : ئەی کەواتە بوچی وەك برا بەشی ناکەن ؟

www.zheen.org

## بەشی منال

# دل لە گول ناسکترە

عمر عبدالرحيم

ئەگیرنەوە کە لە کونا کابرایەکی خیزان داری هەژار ، تەوریکی ژەنگاوی کللك ناقولای دەم ریزە بوو و گوریسیکی پچر پچری لە دە شوین گری کویرە لی دراوی هەبووە ، هەموو روژی پیرە تەوری ئەخستە سەرشانو گوریسە بوریی ئەبەستەپشتو رووی ئەکردە کەژو کیوەکان ، چەند کوتەرە داریکی ئەبریو بەکول ئەیهانییەوە ئەیفروشتو مالو مندالی پی ئەژیان .

روژی لە روژان لەناو دارستانیکدا گوییی لە نرکە نرکو نالە نالیك بوو ، بەدەم نرکە نرکو نالە نالەکەوە رویشت تەماشای کرد ئەوا شیریك پاشووی راستی بووە بەژیر گابەردیکەوەو بەدەم ئیشو ئازارەوە تەباو تەلییەتیو نرکەو نالەی پیرە دارستانی وەك بیشکەی شەقوشر هیناوەتە جیرە جیر ، ئەمیش هەستی بەزەیی جوولاو کللکی تەورەکەی کرد بە نویلو بەردەکەی هەلبریو شیرەکەی رزگار کرد .

شیرەکە بەرامبەر بەم چاکەیەی لی‌ی هاتە زمانو پی‌ی ووت :

کاکی دار بر ، هەموو بەیانییەك لەگەل گزنگی هەتاو کەوتندا وەرە بوناو ئەم دارستانە بەرانە کیوییەکت ئەدەمی بی بە بی فروشە بوخوت .

بەم جورە کابرای دار بر هەموو بەیانییەك ئەچوو بو ناو دارستانەکەو بەرانە کیوییەکی لە شیرەکە وەر ئەگرتو ئەیبردە بازار ئەیدا بەپارەیەکی باش ، زوری نەخایان مالو منالی گورشیوە لە بوونەوەو سوورایی کەوتە سەر کولمە لەبرسا زەرد هەلگەراوەکانیان ، وە خوشی لەگەل شیرەکەدا برایەتی‌یان ئەمەندە بەهیز بوو بوو ئەتووت یەك دلو یەك گیانن ، وە بارەها شەو بەیەکەوە لە ناو دارستانەکەدا وەکوو دوو برای گیانی بەگیانی دەست لە ملانی یەکتر ئەبوونو لی‌ی ئەنووستن .

بەلام ریکەوت کە بی‌یەوی چەپوکی باوەژنانەی خوی بوەشینی سەر لە هەزاران بلیمەتو پیتولو ژیر ئەشیوینیو زەللەی وای پی ئەکات کە لە هیچ نەزانو لاژگیك

نەوەشیتەوە شەویکیان کە بەیەکەوە نووستبوون کابرای دار بر موتەکەی بیولەتی زمانی خستەکارو بەشیرەکەی ووت : « دەمت بەرە بەولاوە بونی دەمت دیت »

شیرە بەبیستنی ئەم چەند ووشەیە تاسیك بردیەوەو لەداخا مووەکانی لەشی وەك نەشتەر رەپبوونو بەدار بری ووت . ئەبی بەو کیردەی کەبەیانییان بەرانە کیوی یەکانی پی سەر ئەبری بە هەموو هیزت کیردیك بکیشی بەناو چەوانما ، هەر چەند کابرا هاوارو دادی کرد بیسوودبوو ، شیر لی ی هەستایە سەرپیو ووتی : بەو خوایەی کەمنو توی کرد بەهاوریو خوشەویستی یەکتر ، بە هەموو هیزت کیردیك نەکیشی بە ناو چەوانما « بە جوریك تیکت نەشکینم ئیسکی گەورەت بو کلچیو نەشی »

ناچار کابرای دار بر بە هەموو هیزی کیردیکی کیشا بەناوچەوانی شیرەداو خوین وەکوو جوگولە کفەی کردو هاتە خوارەوە ، ئەمجا شیرپیی ووت دەبرو لەپاش چل شەوی تر سەرم لی بدەرەوە .

کابرای دار بر بەدەم تاس بردنەوەوە سەری خوی شورکردو لوژ لوژ رووەو مال گەرایەوە ، شەوو روژ بەدەم خەفەتەوە نەتلایەوە هەتا چل شەوە تەواوبوو ، ئەمجا هەستا رووەو دارستانەکە کەوتە ریو تەماشای کرد ئەوا شیرەکە چاوەنواری ئەکات ، پاش ئەمەی کە کابرای دار بر چاكو چونییەکی بەگەرمی لە شیرەکە کرد ، شیرەکە پیووت : هاوریم بزانە شوینی کیردەکەی ناوچەوانم هیچ دیارە ؟ دار بر ـــ نەخیر گەورەم سوپاس بوخوا بەجوریك ساریژبووە ئەلی ی هەر برینداریشی بە خویەوە نەدیوە

شیر ـــ سابەخوا شوینی ئەو قسە ناشیرینەت کەووتت « دەمت بەرە بەولاوە بونی دەمت دیت » ئیستاش هەر وەکوو خویەتی هیچ چاك نەبووەتەوە ، خەریك بوو تیکی بشکینی ، بەلام کابرای دار بر هەناسەیەکی هەلکیشاو ووتی : مەم کوژە کرشتن یەك جارەو ئەبریتەوە ، وەلی من بەجوریك سزای خوم ئەدەم کە هەموو هەناسەیەکی ژیانم کوشتنیك بیت .

ئابەم جورە کابرای دار بر دلی هاورییەکی بەنرخی گیانی بەگیانی خوی رەنجانو هەتا بەدەم ناسورەوە سەری نایەوە چەمولەی پەشیمانی لە خوی ئەناو ئەیووت

« دل لە گول ناسکترە »

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ][ تاغوور ][

سەروکی وەزیرانی هیند ( نەهرو ) برریاری دا کەلە هەموو گوشەیەکی ولاتدا ئیش‌و کار بوەستینری بە بونەی بیرەوەریی شاعیری گەورەی هیندەوە ( تاغوور ) کە ١٠٠ سال لەمەوپیش لە دایك بووە ، وە ئافرەتانی هیندستان مالەکانیان رازاندەوە بە مەشخەل بەبونەی بیرەوەریی لە دایك بوونی ئەم شاعیرە مەزنەوە ، بەم جورە روژی ٨ی مایس بە شیوەیەکی رەسمی کرا بە روژی پشوودان ( تەعتیل ) لەلایەن حکومەتی هیندەوە بەو بونە پیروزەوە .

## ژن لە چین دا

لە ولاتی چین‌دا زور لە دەمیکەوە ژن لەسەر ئەمانە تەلاق ئەدری :ـ

- یاخی بوون لە میرد
- نەزوکي
- رەوشت نزمی
- دل پیسی‌ی ژن
- دزی
- گەرری

## نەخشـــە

خەریتەی هەموو خاکی کوردستان
دایك بەدەرزی‌و دەزوو دروومان
بینووسی لەسەر سەریشکەی منال
هەر بەکوردستان بیتە گرروگال
لە بیشکەی وادا چاو هەلنەهینی
درویە هەســتی تولە بسینی
سەلام

## راست کردنەوە

لە ژمارە (١)ی روژی نوی‌دا نووسرا بوو کە بەرزترین چیا لـە کوردستانی عیراقدا چیای قەندیلە لوتکەکەی ناوی ( حەساروست ) ، بەلام راستی‌یەکەی ئەوەیە کەوا بەرزترین چیا لـە کوردستانی عیراقدا ( حەسارروستە ) وە لوتکەکەی ناوی (هەلگوردە )

فەرهاد شاکر مجرم
بەرریوەبەری قوتابخانەی دەرگەلە ـ رەواندز



بنکەی ژین
www.zheen.org

# فولكلور

هانام برده بەر خالقی هەزارو یەکی ناوه
عاسمانیکی بە بەرزی بی چلەو ئەستوون وەستاوه
بەشەو تاریك و نووتەك بەروژ خورو هەتاوه
لە جی جی وشك‌و دیمە لە جی جی بەحرو ئاوه
دیم یارم دانیشتبوو لەسەر ئەو کانی‌و ئاوه
بەسەر سلاوم لی کرد بە چاو عەلیکی داوه
چەتیوه مال کاووله بوچی مەیلت نەماوه

٭ ٭ ٭

هەتیو چی پکەم چی نەکەم غوربەتم بوت هەستاوه
ئەگەر بتدەمی ماچی لە عام دەیکەی بلاوه

٭ ٭ ٭

نە بەو قورعانەکەمە کە خوای گەورە دایناوه
بە جەمعی موشایەخان چی مردووه و چی ماوه
کەس لە زارمی نابی‌یە هەتا ئەم نەفسە ماوه
ورد وردو سەبرە سەبرە کولمت بینە بەم لاوه

٭ ٭ ٭

ئەی یارم بەر قەرار بی رەحمەتت بە لیشاوه
هەتیوه پیسە لاچو دایکم لە دوور وەستاوه

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ١٩ـى حوزەیران یادی شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی کوردستانە



عزت عبدالعزیز



خیرالله عبدالکریم



مصطفی خوشناو



محمد قودسی

ئەم چوار ئەفسەرە قارەمانە لە ئەنجامی خەباتی پیروزیانا لە پیناوی رزگاری کوردو کوردستانا ، لە روژی ١٩٤٧/٦/١٩ی زایینیدا لە زیندانی بەغدا ملیان کرا بە پەتا وە گیانی پاکیان گەییە بەهەشتی نەمری خەباتی کوردایەتی ... هەرگیز ئەم لاوە قارەمانە شەهیدانە بیر ناچنەوە ، وە لە دلی هەموو کوردیکی سەربەرزا

بنکەی ژین
www.zheen.org

# رۆژی (١٩)ی حوزەیران

## یادی شەهیدانی ریگای رزگاری کوردستانە

محرم محمد امین

لەم مانگەدا چواردە سال تیئەپەری بەسەر شەهید بوونی چوار لاوی نیشتمان پەروەری کوردا . لە (١٠) ی ئابی سالی (١٩٤٥) دا کە شورشی رزگاری نەتەوەی کورد بە سەرکردایەتی تیکوشەری نەبەز مصطفی بەرزانیی لە هەریمی بارزان هەلگیرسا ، مصطفي خوشناو وە عیزەت عبدالعزیز وە خیرالله عبدالکریم وە محمد قودسي ، کە چوار ئەفسەری کورد بوون لە پیشرەوەی ئەو کوردە نیشتمان پەروەرانەوە بوون کە چوونە ژیر ئالای شورشە پیروزەکە بو رزگار کردنی نەتەوەی کوردمان لە کوردستاني عیراقــدا کە ئیمپریالیزمی بەریتانیاو حکومەتی شایەتی لەناو براوی عیراق بە جووتە زور دڕندانە ئەیان چەوساندەوەو لە هەموو مافیکی نەتەوایەتیی بیبەشیان کردبوو ئەم چوار کوردە نیشتمان پەروەرە لەگەل ئەوەشدا کە تازە چروی ژیانیان کرابووەوەو دوا رۆژیکی بەرزیان هەبوو لەگەل رووتبەیەکی بەرز ، بەلام ئەمانەیان هەموو پی‌تال بوو کە ئەیان بینی نیشتمانە رەنگینەکەیان داگیرو کاولکراوەو نەتەوەکەیان کوتوو زنجیر کراوە ، لای ئەمان بەختیاریو کامەرانیان بەسترابوو بە بەختیاریو کامەرانیی گەلەکەیانەوە وەکوو هەموو مروڤیکی ویژدان خاوینیی هەست بەرزیی خاوەن پەیامیکی پیروز ، لەبەر ئەوە رووتبەو نیشانیان فریداو دەستیان هەلگرت لە هەموو ئەوشتانەی لای خەلکیی‌تر بەخوشيو ئاسوودەیی ئەژمیردریت ، وەریگای خەباتیی شورشگیری پرتالووکەو ئەندیشەو تالو سویریان گرتە بەر کە لای ئەوان ئەمە خوشيو تامیی ژیانیی راستەقینەیە ، چوار تیکوشەری شورشگیری بەجەرگ‌بوونو خاوەن ئامانجیکی زور گەورەو پیروز بوون لە ژیانیادا کە رزگارکردنیی کوردو کوردستانە لەدەست چەپوکیی ئیمپریالیزمیوو کونەپەرستیی ، بویە ئەیانویست وەکوو ئینتهازیەکان لەکەنار بوەستنو سەیری کوری جەنگیی رزگاریی نەتەوەکەیان بکەنوو

لەپاشا ئەگەر سەرکەوتن بو نەتەوەکەیان بوو سنگ بهیننە پیشەوەو بەفیشالو قسەی زل خویان بەقارەمان بدەنە قەلەم ، خو ئەگەر سەرنەکەوتنیش مایەی شورشی گەلەکەیان بوو وا پال ئەدەنە پال دوژمنو چلکاوی خوانی ئەلیستەوە وە دەستی کەبەخوینی رولەکانی گەلەکەیان سوور هەلگەراوە ماچی بکەن . نەء ئەم چوار قارەمانە وەکوو قارەمانەکانی تری بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەکەمان نەیان ئەویست ئاوەها لەکەنار بوەستن ، بگرە خویان دابوو بەدەم گیژەلووکەی شورشی رزگاریمانەوە ، بەبی ترسو لەرز بەرامبەر دوژمنی نەتەوەکەمان لەریزی شورشگیری نەبەزەکانی تردا ئەجەنگین لەژیر دورشمی (یامردن یا سەربەخوی‌و سەربە ستی کوردو کوردستان) ،

خو بەخت کردن لە پیناوی رزگار کردنی کوردو کوردستاندا کە ئامانجی هەرە گەورەی مصطفی و عزەت و خیراللەو قودسی بوو لە بەرە بەیانی روژی(١٩)ی حزیرانی (١٩٤٧) دا هاتە دی ، لەو روژەدا کە حکومەتی عیراقی شایەتی گور بەگورر چوو لە بەندیخانەی ناوەندی لە بەغدا پەتی مەرگی کردە مل ئەو چوار قارەمانە .

قارەمان بوون لە کوری شورشی چەکداریدا ، وە قارەمانیش بوون لەبەر دەمی سیدارەدا ، بەزەردەخەنەیەکی گەشەوە بەپیر مەرگەوە چوون چونکە گومانیان نەبوو کە ئەو بیرە رراستە کوردایەتیەی ئەوان لە دلی نەتەوەکەیاندا ناشتبوویان بەتوپو تەیارەو بومباو زیندانوو قەنارەکانی دوژمن لە ناو ناچی بگرە ئەم خوینە پاکەی ئەوان تیکەل بەخوینی شەهیدەکانی پیشویان ئەبیوو ئەبی بەهوی داهاتنی ئەو بەهارەی کە گوپکەی ئازادیی تیادا بگەشیتەوە لە کوردستانا ·

بەلی ، خویان بەخت کرد لەگەل خو بەختکەرەکانی تردا لە پیناوی ئازادی کوردو کوردستاندا وە ئیستا مەلبەندیان لە گردی شەهیدانە لە ناو شەهیدەکانی ترماندا ، وە بیروو باوەری کوردایەتیان هەتا یەت بلیسەی بەرز تر ئەبیتەوە لە دەروونی رولەکانی نەتەوەی کوردمانداو بەهیز تر بالیان پیوە ئەنیت بو کوری خەبات لە پیناوی ژیانیکی بەرزی پرر ئاسوودەو کامەرانیدا . خەباتی پیروزی ئەو چوار شەهیدە مەخشـــەلیکە

هەمیشە هەورازی سەختی تیکوشانمان بو رووناك ئەكاتەوەو هیوامان بەدواروژیکی گەش بەهیز تر ئەكا .

دوژمنی گەوجی ترسنوك توانی لەشی ئەوان و بەهەزاران تیکوشەری تر لە ناوبەری بەلام ناتوانی ویستی ( ئیرادە ) گەل لەناوبەری لەسەربەخوی و سەربەستی و دیموكراتیەت ، بگرە راوەستانی بەرامبەر خواست و ویستی گەل، ئەبی بە هوی ئەوەی خوی لەناوبچیت هەروەكوو میژوو سەلماندویەتی وەهەر وەكوو لەشورشی (١٤) ی تەمووزی پیروزدا رووی‌دا كە داموو دەسگای شایەتی كونەپەرستی توور هەلدراو چلكاوخورە خاینەكان لەناوبران ئەمەریبازیی میژووەو هەرگیز لی لانادا ، لە ئەنجامدا سەركەوتن هەر بوگەلە هەرچەندە دوژمنەكانی دەسدارو و بە هیزوو پتەو دیاربن .

بژی یادی شەهیدەكانی روژی ١٩ ی حزیران سالی ١٩٤٧ .

---

# ( ئابوونە )

تكا لە بەشدارانی بەرریزی گوڤاری روژی نوی ئەكەین كەلە زوترین كاتا ئابوونەی سالی دووەمان بو بینن وە ئەوی ژمارەیەكی لەژمارەكانی پیشوو پیویست بی بیت بو نامەخانە ئەگەر مابوومان پیشكەشی ئەكەین .

دابەشكەری گشتی

گوڤاری روژی نوی

**نامەخانەی خەبات**

لە سلیمانی

# لــه هەر تــەلــە دەنگی

## ئەمانە چین؟

یاد : ئەو بەهەشتەیە کە ئادەمزاد لی دەرناکری .

لیکدانـەوە : نویژیکی پــیروزە

هونەری جوان : بەرهەمی میشكو دەستو دلە .

## یەك بە یەك

لـە نیوەشەوا کابرایەك تەلەفون ئـەکا بو دراوسیکەی پی ئەلی ( سەگەکەتان ئەمەندە ئەوەرری نایەلی خەوم لی بکەوی ) بو شـەوی دوایی لـە نیوە شەوا ئەمیش تـەلەفون هەل ئەگریو بە کابرا ئــەلی ( داخی گرانم دوینی شەو لە بیرم چوو کە پیت بلیم ئیمە سەگمان نی یە )

## قەرز کردن ئەوەندەی لە سوالکردن نەگەررا وەتەوە

[ لیزینگ ]

## [ وەزیر دزە ]

- بیکاسوی هونـەرمەندی فەرەنسـی
- هەرە بەناوبانگ شەویك دز ئەچیتە
- سەری ، بـەلام دزەکە کە بیکاسو
- ئەبینی رائــەکا . بیکاسوش بـــە
- پولیسخانە ئەلی من ئەتوانم شیوەی
- ئـەو دزەتان بو بکیشـم ، بیکاسو
- وینەی دزەکە دروست ئەکاو ئەیانداتی
- بەلام دوای گەرران و سەرنجدانیکی
- ورد پولیس بوی دەرئەکەوی کەئەو
- وینەیەی بیکاسو کردوویەتي وینەی
- وەزیری دارایی فەرەنسەیە .

## ( ژن )

«» چەکی ژن لە هیرش بردنا فرمیسکە وە لە بەرگریدا قیژە .

«» ژن بە بچوکترین خەم بی هـیزیی لی دەرئەکەوی کەچی لـە گەورە ترین بەسەرهاتا ورە بەرنادا .

«» ژنیش هەیەو ژانیش هەیە

«» ژنو مالیان وتووە .

بنکەی ژین www.zheen.org

## ماسی نامینی

ئەو مەکینە کارەباییەیە ئەلمانییەی بو راوەماسی بەکار ئەهینریت لە ٨ دەقیقەدا ١٢ تەن ماسی ئەگری و ئەشیکاتە ناو کەشتییەکەوە .

کار بەم جورە برروا وا دیارە ماسی لەدەریادا نایەلن.

## زەردەخەنـە

لەسەر لیوی کورپەی شیرین ، دایکي رولە لە مەترسی رزگار بوو ، دلداری بە ئاوات گەیشتو ، قارەمانی نەتەوە پـەروەری سەرکەوتوو شـەهیدی ئازا لەبەردەمی سیدارەدا ( زەردەخە ) جوانترین جوانی‌یە . .

زەردەخەنـە تا بلی‌ی شـیرین‌و نازدارە بـەلام لەسەر لیوی تەوسی زوردار ناشیرین‌ترین دیمەنی هەیە

## تـــەمەنی ٣٠ ســـــال

لە کاتی فەرمانرەوایی لویسی پانزەهەمی پاشای فەرەنسەدا عەرەبانەی تایبەتی زور هەبوو وە زوربەی ئەم عەرەبانانە ئافرەت لی‌ی ئەخوورری ، لویسیش بو نـەهیشتنی ئاژاوەی هاتوچوی عەرەبانە لـە کولانەکانی پاریسدا داوای لە وەزیرەکەی کرد کە قانوونیك دانی بە پی‌ی ئەو قانوونە عەرەبانە لی خوررین لەلایەن ئافرەتەوە قەدەغە بکا لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا ئەم قانوونەی دانا .

هەر ئافرەتیك تەمەنی لە ٣٠ سال کەمتر بی ئابی عەررەبانە لی بخورری .

## وتـــەی خوش

٥ زیر دەمی لە دلیایە ، بەلام گەوج دلی لە دەمیایە .

٥ ئافرەت پیوانەی پیشکەوتنی گەلە

٥ لەسەرت پتر پشوو بەزمانت بدە

٥ دەزگیرانی کەس ناشیرین نی‌یە

٥ لە زور وتنا راستی بزر ئەبی

٥ ئاوی پیسیش ئاگر ئەکوژینیتەوە

منم سەرکردەتان بو لەشکری خەم
ئەترسم من برروم بشکی سوپاتان

**کوردی**

٥ جامی بەتال زرنگەی زیاتر دیت

٥ پەستی‌ی ژن وەك گیژەلووکە بە تین و کەم خایەنە .

رێکەی ژین
www.zheen.org

# شورشی قوچ گیری ـــ ١

## ١٩٢٠ـــ١٩٢٦

اسماعیل حەقي شاوەیس

لە سالی (١٩٢٠) ی زاینیدا راپەرینی قوچ گیری دەستی پی‌کرد ، ئەم شورشە شەش سالی خایان ، وە لە سالی (١٩٢٦) دا بەکووشتنی موراد پاشای خاین کوتایی هات ، وەلەم شورشەدا گوندەکانی قوچ گیری تووشی تالان وەسوتانن بوون وەخەلکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە کوژران ، وە ژن و منالیان تووشی کووشتار وەتالان کردن هاتن ، زور لـە سەربازە تورکەکان کە بەهوی کەمالیەکانەوە شەریان پی‌ئەکرا پیـان ناخوش بوو کە خوین لە نیوان کورد وە تورکدا برریژریت ، چونکە ئـازادی‌و سەربەخویي کوردیان لە لا بەنرخ بوو وە شــەریان زور پی ناخوش بوو ، چونکە راپەرینی ئەم جارەی گەلی کورد وەکوو راپەرینەکانی کە ، وە شـورشی قوچ گـیری لەسەر هەق‌و داخوازیەکانی گەلی کورد بوو ، بەلام داخەکەم کەمالیەکان بی‌وەفا دەر چوون وە هیرشیان بردە سەر مال‌و دیهاتی کوردستان وە زوریـان لی‌فەوتانن وە هەزارەها رەنجبەر وە فەلاح وە عەسکەری بەسەزمانیشي تیدا نابووت و پەریشان بوو لەگەل ئەوەی کە هەندی لەمانە تەنانەت بەشـداری راپەرینەکەشـی نەبوون ، وە بەم جورە بە درندانە دوای ویران کردنی ناوچەکانی قوچ گیری شورشەکە دامرکایەوە .

٭ ٭ ٭

( هەندی لە زانیاری لە بارەی ئیل وە هوزەکانی قوچ گیری )

دانیشتوانی قوچ گیری وە ئیل‌و هوزەکانی هەمویان لە نەتەوەی کوردن وە عەلەوین ( جەعفەری مەزەبن ) ، وە بە قزل باش واتە ( کلاو سـوور ) بەناوبانگن ، وە ئەو گوندانەی کە ئەم کوردانە تیایدا ئەژین ژماردەیان [ ١٥٠ ] گوندە ، وە ئەمانە بە کشتوکال وە بە بەخیو کردني مەروو مالاتەوە خەریکن ، وە باخو بیستانوو وەرزی

نایاب‌و هه‌مه جوره‌ی جوانیان هه‌یه ، وه قوچ گیری له کوردستانی تورکیادایه وه ئه‌که‌ویته به‌شی‌ی روژاوای کوردستان ، وه سنووری هه‌ریمی قوچ گیری ده‌ست پی ئه‌کات له هه‌ر چوار لای شاری [ سیواسه ] وه وه هه‌تا نزیك شاری ( ئه‌رزنجان ) ئه‌گریته‌وه ، وه دانیشتوانی ئه‌م ناوچانه که ئه‌که‌ویته نیوان ئه‌و دوو شوینه‌ی سه‌ره‌وه له ژیر ده‌سته‌لات‌و فه‌رمان ره‌وایی وه هیزی ( ئوکونومی ) دانیشتوانی‌ی قوچ گیریدا ئه‌ژین ، وه ناوچه‌کانی قوچ گیری بریتین له دانیشتوانی شاره‌کانی ( زارا ) وه ( عیمرانیه ) وه ( قه‌ره‌جه‌ویران ) وه ( بلووجان ) وه ( به‌ی پینار ) ، وه له قه‌زای ( کان گال ) ناحیه‌ی قه‌واق وه له قه‌زای ( قووروووچای ) ناحیه‌ی قوزقشله وه ئالاکلیسه ، وه هه‌تا ئالووجه‌ره ، وه سوو شه‌هری ئه‌گریته باوه‌شی‌ی خوی ، وه دیسان له‌گه‌ل دانیشتوانی عه‌شیره‌تووخیله‌کانی روژئاوای ده‌رسیمیش که ئه‌مانه‌ش کوردن وه عه‌له‌وی مه‌زه‌بن که‌م و زور تیکلاویان هه‌یه ، جگه له‌مه‌ش ناوچه‌کانی قوچ گیری هه‌ندی دیهاتی تورکیش تیادا هه‌یه ، وه ئه‌مانه‌ش دیسان عه‌له‌وی مه‌زه‌بن وه له‌گه‌ل کورده‌کاندا هاو ژیان‌و هاو به‌ختن وه له یه‌کتری جیا ناکرینه‌وه ، وه ئه‌م ناوچه‌یه که شورشی کورده‌کانی قوچ گیری تیا هه‌لگیرسا دریژیکه‌ی نزیکه‌ی ( ٢٥٠ ) کیلومه‌تره وه پانیه‌که‌ی له ( زاراوه ) هه‌تا ( ئالاکلیسه ) ١٥٠ کیلومه‌تره ئه‌بیت ، وه راپورته‌کانی میژووی جه‌نگ هی ئه‌نجومه‌نی تورك ئه‌لیت شورشی قوچ گیری دریژیکه‌ی (١٨٠) کیلومه‌تره‌یه وه ژماره‌ی دانیشتوانی (٦٠) شه‌ست هه‌زار که‌سه وه (٣) هه‌زار چه‌ك هه‌لگری هه‌یه وه‌ئیله‌کانی‌قووچ گیری بریتین له ئیله‌کانی ئی‌ی بویان وه سارووبان ، وه زازایان ، وه پالوویان ، وه که‌رته‌لی وه ئه‌مانه‌یان به‌ناو بانگن ، به‌لام به‌هیزترینیان ئیلی ( Ib-oyan ) ئیبویانه که زور به توانان ، وه له سالی (١٩٢٠)ی زاینیدا که قوچ گیری رراپه‌رین سه‌روکی قوچ گیریه‌کان ، موستو پاشازاده ( حه‌یده‌ر به‌گ ) وه براکه‌ی ( علی شان به‌گ ) ، وه حاجی راسم ، وه‌عیزه‌ت ، وه محمدو ، وه کورانی گول ئاغا ( نه‌قی‌ی وه‌عیزه‌ت ) وه‌حسن عه‌سکه‌ری وه کاتب وه میرزایان علی شیر بوه ( sev ) وه ئه‌م پیاوانه‌ی گه‌لی کورد هه‌موویان هاوبه‌شی

راپەرینەکە بوون ، وە حەیدەر بەگ مدیری ناحیەی ( عمرانیە ) بوو ، وە براکەشی ( علی شان ) قائمقامی شـاری ( رەفاهی ) بوە ، وە ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بو شورشی قوچ گیری چەکو فیشـەکی زوریان ئامادە کردبوو . هەریمی قوچ گیری ئاوو هەوای خوشـە وە چیاکانی بەرزن ، وە دەشتو دولو دەرەکانیی پانو فراوانە وە گەلی سەرچاوەی ئاوو کانیاوی خوشو سازگاری تیدا هەیە وە دارستانو جەنگەلی زورە .

° ° °

هوی راپەرینو شورشیی کوردانی قوچ گیری لە هەریمی ( سیواس ) :

( ئەرمەنستانی قەفقاسیا وە وەزعو پەیوەندیی بەرامبەر بە ئەرمەنی وەکوردو تورك لەتورکیادا ) : ـــ

لەسەر پرنسیپی چواردەکانی سەرەك کوماری یەککرتوی ئەمەریکا « ویلسون » ، دەولەتی ئەمەریکا وە ئینگلیز ، وە فەرانسا لە سالی « ١٩١٩ » ی زاینیدا پەیمانیان دابوو بە « ئەمەرنیەکان » کە دەولەتیکی گەورەو فراوانیان بو دوروستبکەن وەلە « ئەریوانەوە » تا پورتی « ئەسکەندەروون » لەسەر دەریای سپی بگریتەوە ، وەپیشەکی ئەم دەولەتانە لەگەل حکومەتی داشناقی ئەرمەنستان ، وە حکومەتی مساواتی ئازربایجانیی قافقاسیا وە گورجستانیش یەکیان گرتبوو وەلەگەلیاندا بو ئەو مەبەستە هاوکاریان ئەکرد وەلە قافقاسیای ئەرمەنستاندا تاکو سنوورەکانی رووسیا وە تورکیا لەپیشەوە بوسەربەخوی ئەرمەنستان بریاریان دابوو وە لەشکروو سووپایان بەرامبەر بە تورکیا وەیەکیەتی سوڤیەتی رووسیا ئامادە کردبوو وەلەم بارەیەوە لە جەنگییەکەمدا سەروك وە پیاوە مەزنەکانیی ئەرمەنستان لە دەولەتەکانی ئاوروپا وە لە ئەمەریکا نزیك بووبوون وە داوای یارمەتیان لی ئەکردن وە لەگەلیاندا لە دژی سەلتەنەتی عثماني هاوکاریان ئەکرد ، بەلام هەچەندە گەلی کورد حەزی بەناخوشی وەچەرمەسەری گەلی ئەرمەنی نەئەکرد وەنەی ئەویست کە زولمو زوریان لی بکریت ، وەتەنانەت لە سالی « ١٩١٤ ـــ ١٩١٥ »ی زاینیدا کاتی کە حکومەتی عثمانی [ ئیتحادوو تەرەقی ] هیرشی بردە سەر ئەرمەنیکان وە دەستی کرد بە کوشتاریان ، گەلی کورد دەستی یارمەتیی وە هاوکاری بە کردەوە بو گەلی

ئەرمەني دریژ کرد ، وە [ ٣٠ ] هەزار ئەرمەنی لـە ژنو پیاو وە گەورەو پچووك دالەیان برد بو ناو شاروو دیهاتەکانی گەلی کورد پاریزگاری شەرەفو نامووسو گیانو سامانی ئەرمەنیکانی کرد لە تورکە درندەکان ، بـەلام لـەگەل ئەمانەشدا گەلی کورد [ بو خوی ] تیئەکوشا وە هەر چەندە کە مافو سەربەخویی ئەرمەنستان لەلای زور خوشەویست بوو بـەلام گەلی کورد نەیئەویست کە دیلیتی تورکەکان بو ژیر دەستیی بوونی ئەرمەنیکان بگوریتەوە ، وەلە دیلیتیەکەوە بو دیلیتیەکی کە بچیت وەیا دیلیتیەکە ئالو گورر بکات ، لەبەر ئەم هویانـە گەلی کورد بـە راستوو دروستی لـــە پیلانوو ریکخستنی [ ئەرمەنستانیکی گەورەو فراوان لەسەر حسابی گەلی کورد ئـەم وەزعە ، شیرزەی کردبوون ، سەروك وە کومەل وە کومیتە سیاسیەکان وە کومەلایەتیەکاني گەلی کورد لە ئاستانبوول وەلە ئەنادول ، وەلـە کوردستاني تورکیادا بـە ئاشکراو پەنهانی خەریکی خو ریکخستن بوون وە داوا کارو پاریزگاری کوردستان بوون ، وە بو ئەو مەبەستانە لەگەل ئینگلترە ، وە ئەمەریکا ، وە فەرانسـا ، وە ئیتالیاو یوناندا نزیکیان کەوتبوە وە بو مافە میژوویە فاز گەل کورد داوا کاربوو ، بو ئەوەی لـــە دابەش کردنوو پارچە کردنی دەولەتی عثمانیدا [ کوردستان ] بەشخوراو وە دیل نەکریت وە پارچە پارچە نەبیت .

بنکەی ژین
www.zheen.org

وە هەر وەکو لەسەرەوە باسـمان کرد کوردەکانی قوچ گـیری ، وە روژئاوای دەرسیم ، پیکەوە بو ئامانجەکانی گەلی کورد کەوتبوونە کارو ، وە ئەم کوردانـــە بەسەر ویلایەتەکانی ئەرزنجان ، وە سیواس ، وە شـالعەزیز زالو بە دەسەلات بوون وە لەبەر ئەوەی کە ئەم کوردانە لە شەری گیتیی یەکەمدا بە هوی جەنگي نیوان تورك ، وە روسیای قەیســـەری تووشیی مال ویرانیوو زەرەروو زیانیکي زور بوو بوون ، لەبەر ئەم هویانە سەروکی قوچگیریەکان ، وە خەلکی قوچگیری وە ئال عەزیز لە شاری [ ئەستانبولدا ] لەگەل کومەلە سیاسیەکانی کوردستان پیکەوە هاوکاریان ئەکرد وە بووبوونە ئـەندام و باوەر پیکراوی ئەم کومەلە سیاسیانە وەبە تایبەتی لەلایـــەن کومەلی کوردســـتان تعالی [ جمعیق ] توانایان پی درابووە یـەکیان گرتبوو ، وە

کەوتبونە کار بو پیك هینانی مافەکانی گەلی کورد وە سەربەخویی کوردستان ، وەبە تایبەتی بو جیبەجی کردنی پەیمانی سیڤەر [ SEVAR ] کە تیایا دان بە سەربەخویی کوردستانی تورکیادا نرابوو ، وە بو مافەکانی سەربەخویی [ ئوتونومی ] ویلایەتی موسل بریاریان دابوو .

بو ئەم ئامانجانە گەلیك لە سەروکی دەرسیمیەکان لەگەل سەروکی قوچ گیریەکان لە شاری ( ئەستانبولەوە ) گەرانەوە بو کوردستان وە پیکەوە لە ناوچەکانی قوچگیری وە دەرسیم وە عەرەبگیر دەستیان کرد بە دامەزراندنی ( تەشکیلاتەکانی ) سەربەخویی گەلی کورد لە سالی ( ١٩٢٠ ) ی زایینیدا ، ئەمە لەلایەکەوە بەلام لە لایەکی کەوە لە سالی ( ١٩١٩ ) ی زاینی ( مستەفا کەمال پاشا ) لە ترسیی خیلافەتی عثمانی وە لە ترسی دەولەتە گەورەکان کە هەرەشەیان لی ئەکردە هەموو تورکیا پەنای هینایە بەر کوردەکان ، وە مستەفا کەمال پاشا وە فەریق جەنەرال کازیم قەرە بەکر پاشا کەلە ئەرزروم بوو وە قوماندانی رووژهەلاتی تورکیا ( کوردستان ) بوو بەشپرزەیی هەردوکیان پیکەوە کەوتنە کار چونکە مەترسی کەوتنو لەناو چوونی تورك کەوتبوە ناوەوە ، وەلەبەر ئەمانە لە ئەنجامدا مستەفا کەمال پاشا وە کازیم قەرەبەکر وە هاو کارانی پەنایان بردبوە کوردستان وە لەگەل سەروك وە شیخەکان وە کوردەکانی ئەرزروم وە وان ، وە بتلیس ، وە دیار بەکر کەوتنە کوشش وە دامەزراندنی هیزی ( بەرگری میللی ) ، وە بەم جورە بزووتنەوەی کەمالی لەناو جەرگی کوردستانەوە دەستی پیکرد وە شاری ( ئەرزورومیان ) بە پایتەختی کەمالیەکان دانا بەلام لە ٢٣ ی مانگیی تەمووزی سالی ١٩١٩ ی زاینیی لە یەکەم کونگرەدا لە ئەرزروم وەلە دووهەم کونگرەدا لە مانگی ئاغستوسی سالی ١٩١٩ ی زاینی لەو دوو کونگرەیەدا بەرامبەر هەموو سەرکردەکانی گەلی کورد دان نرا بە هەقی گەلی کوردا وەدان‌نرا بەکوردستان وەبە مافەکانی کوردا وە ئەو راستیە چەسپیترا کە [ تورکیا ] پەیدا بوە لە دوو گەل [ تورك وە کورد ] ، وەلەو دوو کونگرەیەدا برریاریان‌دا کە هەردوو نەتەوەکە بە [ کونفەدراسیون ] بە سەربەخویی ئەژین وە بەرامبەر بە دوژمن بە یەك‌گیان

تورکیا وە کوردستان ئەپاریزن وەکوو ئەمسا واتــە [ هەنگاریای ] پیش جەنگی گیتی یەکەم .

° ° °

## گفتووگوی مستەفا کەمال پاشا لەگەل مستو پاشازادە علی شان بەگ لە سیواس

وەکوو وتمان مەسەلەی کوردستان وە ئەرمەنستان پیکەوە هاتبووە ناوەوە وە گەلی کورد مەترسیی پەیدا کردبوو وەبە تایبەتی لە نیوان کوردانی ئەرزروم وە وان وە بتلیس وە دیاربەکر مەسەلەی ئەرمەنیی ترسی پەیدا کردبوو چونکە لە ئەریوان لە قەفقاسیادا جموریەتیکی بەهیز پیك هاتبوو وە دەولەتە گەورەکان پشتگیریان ئەکردن وە دیسان جمهوریەتەکانی ئازربایجان وە گورجستان لە دژی روســیای سوڤیەتی وە تورکیای عثمانی لەگەل جمهوریەتی ئەریوان یەکیان گرتبوو وە هەرەشەیان لە کوردو تورك ئەکرد ، وە جگە لەمانەش پیاوە سیاسیەکانی ئینگلترە وە فەرانسا وە ئەمەریکا بو پیك هینانوو جیبەجی کردنی پەیمانی [ سایکس بیکو ] لە ناوچەکانی ئـەرزروم وە سیواس وە مەلاتیە وە عەرەبگیر بو قازانجی گلاوی خویان لە دژی گەلی کورد لە هاتووچودا بوون وەلە حەلەب وە لـە سوریە بە ئاشکرا هاتووچویان ئەکرد وەبو زیندو کردنەوەی پروژەی [ جەستەر ] بو قازانجی دەولەتی ئەمەریکا لە کاردا بوون وە زیاتر لەمانەش کومپانیەکانی ئەمەریکا بو مەعدەنەکانی کوردســتانی تورکیا وە بو سەندنی ( نەوت ) لە شاری ( ئەرزرومدا ) لەگەل جەنەرال ( کازیم قەرەبەکر پاشا ) لە گفتوگو کردندابوون ، وە دیسان بو ئەم ئامانجە دەولەتە یەکگرتوەکان لـە شاری ئەستەموول لە ژیرەوە لەگەل کەمالیەکان خەریکی ریکەوتن بوون .


لەم روژە ناسکانەدا لە (٧) نیسانی سالی (١٩٢٠) ی زایینی لە [ سیواس] مستەفا کەمال ئەتاتورك پاشا لەگەل علی شان بەك موستو پاشا زادە لە گفتوگوکردندا بو ، وە مستەفا کەمال لە علی شان بەگی گەیانبوو کەوا دەولەتە گەورەکان بەرامبەر بـە تورکو کورد سیاسەتیکی خوینیان هەیە ، وە نیازیان وایە کە تورکیا بدەن بە [ یونان وە ئەرمەن ] وە کوردستان دابەش بکەن بەسەر [ ئەرمەنو عەرەبدا ] وە کوردستان

نکەی ژین www.zheen.org

هەلگرن وە بیدەن بە ئەرمەنیکان لەبەر ئەوە گەلی تورك و گەلی کورد لە تالووکەدان وە داوای لی‌کرد کە یارمەتی تورك بدەن لە دژی حکومەتی خەلیفە وحیدالدین وە مستەفا کەمال پەیمانی دا بە علی شان بەگ گەر سەربکەون ئەوساکە تورکیا ئەبیتە دەولەتیکی کونفەدراسیونی (هاوبەشی) لەنیوان کورد وە تورکدا ، وە بەم جورە وای لە علی شان بەگ گەیان کەوا لەگەل خەلکی قوچگیری وەدەرسیمیکان دیسان بەو مەرجانە ریکەوتوون ، لەسەر روشنایی ئەو حالەی کەلە سەرەوە باسمان کرد وە لە ئەنجامی ئەو مەترسیانەی کەلە ریگای گەلی کورد وە هەقە مەشروعەکانیا هەبوو علی شان بەگ وە هەڤالانی هەر چەندە کەلە نیاز پاکی تورکیا بەگومان بوون وە بەکاروو کردەوەی تورکیا پشت ئەستوور نەبوون بـــەلام ئەم گفتوگویەیان لـــەلا گرنگ بوو وە کەوتنە لیکدانەوەو لیکولینەوەی پەیمانەکانی‌ی مستەفا کەمال کە لەگەل کوردەکاندا لە ئەرزروم لەسەری پیك هاتبوون ، وەلە ئەنجامی کاردا مستەفا کەمال بو علی شان بەگ‌و هاوریکانی دەرخستبوو کە ئەمەریکا وە ئینگلیز هەردوو دەولەت هاو دینوو هاو زبانن وە دوژمنی ئیسلامن وە ئەیانەویت کوردو تورك بکـــەن بە قوربانی ئەرمەن وە لە روژهەلاتی ناوەندیدا ئەم دوو گەلە واتە [ کوردو تورك ] نەهیلن .


لە ١٨ ئەیلولی سالی ١٩٢٠ کاتی کە کوتایی بە شەری داشناق وە ئەرمەنستان هینرابوو وە تورکیا لە مەترسی‌ی ئەرمەنستان رزگاریی بوو بوو بە هوی یارمەتی‌ی وە فیداکاری گەلی کوردەوە ، ئـەردەهان ، وە ایگ‌دیر تا نزیـك ئەریوان کەوتبوەوە ژیر دەستی دەسەلاتی تورکیا ، وە لەم سـالەدا علی شان بەگ لەگەل هاوەلەکانی‌ی هاتنە ناو کوردەکانی قرچ‌گیری وە دەرســـیم ، وە لە « ئووەجەق » کوبونەوە یەکیان کرد . وە بە دوورو دریژی ئەو گوفتووگویی‌ی کە لە گەل مستەفا کەمال پاشـادا کردبووی بوی گیرانەوەو باسی کردن ، وە بیروباوەری کەمالیستەکانی بەرامبەر بە کورد بو سەروکەکانی کورد گیرایەوە وە دیسان بیرووباوەرری کوردانی ئەرزروم ، وەوان ، وە بتلیس وە دیاربەکری پیراگەیانـــدن کەوا لەگـــەل کەمالیەکاندا بە مەرجی‌ی کونفەدراسیونیکی کوردو تورك ریکەوتن ، وە لە ئەنجامدا

ژینەکەی ژین
www.zheen.org



**دیار بەکر**

شاری خویناویی کوردستانی تورکیا




**مانگە شەو**

دەستکردی هونەرمەندی کورد ماموستا جەمال بەختیار

بنکەی ژین
www.zheen.org

لیکولینەوەی ئەم گفتوگویانەدا ، کوردەکان بوونە دوو بەش ، رای هەندیکیان وابوو کە پیویستە گەلی کورد تەنیا بو سەربەخویی کوردستان وە بو ئیستقلالی تام هەول بدات وە هەندیکی کەیان رایان لەوە بوە کە کورد بو [ مختاریتی کوردستان کوشش بکات وە ئەم حالە دوو پات بووە لە نیوان نوینەرانی گەلی کورد لە پەرلەمانی ئەنقەرە لە [ بیوك میلت مجلسیدا ] وە بووبە هەراوهوریاو مقومقو لە ناویاندا .

وە لە ئەنجامدا مستەفا کەمال داوای کرد لە [ ٧٢ ] نوماینده‌کانی گەلی کورد وە ئەمرو فەرمانی پیدان کە پیویستە بروسکە بنیرن بو [ سەرەکی کوماری ئەمەریکا ] ویلسن وە بو [ پاریس ] وە پیویستە کەبە هەموو [ ئاوروپا ] رابگەینن کە کوردستان سەربەخویی ناویت وە لەگەل تورکیادا پیکەوە ئەژین‌و هاوکاریمان ئەویت ، بەلام لە [ ٢٩ ] نیسانی ١٩٢٠ دا ، علی شان بەگ لەسەر ئامانج‌و پەیمان‌و داخوازیەکانی سەروکانی کوردانی ناوچەی سیواس وە قوچگیری وە دەرسیم وە ئال عەزیز تەلگرافیکی دووروو دریژی بو ئاستانبوول نارد بوە بەهوی ( کومەلی تعالی جمعیتی ) وینەی ئەو تەلگرافە نیررا بو پیاوە سیاسیە گەورەکان دەولەتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا وەبو سەفیرو قونسلوسەکانی دەولەتەکانی ئەوروپا لە شاری ( ئەستانبوول ) ، وە لەو تەلگرافەدا نووسرابوو کە مستەفا کەمال پاشا لە خویەوە بەناوی ( ٧٢ ) نوماینده‌ی کوردەوە بی پرسوورا ئەو بروسکەیەی بو ئەوروپا ناردوە کە گوایا کوردستان ئیستقلالوو سەربەخویان ناویت وە ئەمە هەلبەستراوە وە ئەم کارە بی‌دەنگ‌و وەرنەگرتنی گەلی کورد وە بی خەبەری سەروکەکانی کوردستان کراوە . وە لەو تەلگرافەدا سەروکی کوردان رای گەیاندبوو کە ئیمەی کوردان بە خوین‌و چەك لایەنگیریی سەربەخویی کوردستان ئەکەین بو ویلایەتەکانی کوردستان کە بریتیە لەم ویلایەتانە ( ئال عەزیز وە دیاربەکر ، وە بتلیس ، وە وان وە ئەرزروم ، وە سیواس ) وە کوردستان لە تورکیا لە روباری [ قزیل ایرماق لە شاری سیواسەوە هەتا ویلایەتی مووسل دانیشتوەکانی کوردن ، وە بو ئامانجی ژین‌و ژیانەوەی کوردستان داوای میژوویان ئەکەن وەبو پاراستنی مافەکانیان بە خوین ئامادەن کە هەموو گیانیان بەخت بکەن ، وە لەسەر ئەم راپورتە ، مستەفا کەمال پاشا وە کازیم قەرەبەکر پاشا زور شپرزەو

سەرسام بوون ، وە پەرلەمانی [ بیوك ملت مجلس ] لە ئەنقەرە بەجاریك شـلەقاو پی تیك چوون وە بەو جورە گەلی کورد لـە هەلگەرانەوەی تورکان کەوتـە فریای خوی وەلە ئەنجامدا سەروکی کوردان لە ناوچەی قوچگیری وە دەرسیم کەوتنە کوبوونەوە وە [ بو شورش ] خویان ئامادە کرد وە لە ژمارەی داهاتوودا باسی چونیەتی ئـــەو کوبونەوانە وە دەست پی‌کردنی شورشی قوچگیری وە کوتایی بـــە دووروو دریژی پیشکەشتان ئەکەین .

# خوشـە بیزانی

ە نزیکەی ١٠٠ هەزار موو بەسەری ئادەمزادەوەیە ، بەلام تا چواریەکی نەرروتیتەوە پی‌ی نازانریت ، وە هویەکی هەرەگرنگی رووتانەوەی مووی سەر خەم وخەفەت‌و ترس‌و دوودلی‌یە .

جاریکیان کابرایەك حوکم درابوو بە مەرگ . وەکو دەرکەوت لەو ساتەوە کە ئەو حوکمەی بەسەرا درابوو روژی ١١٠٠ تالە موو لەسەری هەلئەوەری بەم‌جورە ٣ حەفتە مووی سـەری رووتایەوە ، بەلام کە ئەو حوکمەی لەسەر لابرا بەرە بەرە قژی سەری هاتەوە .

ە لە یەکیتی سـوڤیت نزیکەی ٣٦٠ هەزار دکتور هەیە ، وە سالی ١٧ هـەزار دکتور دەرئەچی ، بەلام لە ئەمەریکا نزیکەی ٢٥٠ هەزار دکتور هەیە ، وە سالی ٧٤٠٠ دکتوری تازە دەرئەچی

ە لە سالی ١٨٨٩ ی زایینی‌دا ئەسپە ئاسنینە (پایسکل ) داهات .

ە ئەو چەشنە مەیموونەی کە زور لە ئادەمزاد ئەکا ناوی گوریلایە کە دریژی مەیموونیك لەم‌چەشنە نزیکەی ٦ پی ئەبی وەکیشانەشی ٥٦٠ رەتلە .

دیوانی زانیاری کوردان

# ریواس و قارچك

١ ـ ریواس كه به عەرەبی ( ریباس )ی پی ئەلین گیایەكە لە بەهاردا لە چیا رەنگینەكانی كوردستاندا ئەرروی . ئەم گیایە خواردنی بو بەهیز بوونی دلو جگەر ئیجگار بەسوودە ، وە ئاوەكەی لەگەل ئاردی جودا تیكەل بكری و لەشی پی بەنووی خورووی لەشو زیپكەو (سوورەبا) چارەسەر ئەكا . وە دیسان خواردنی ریواس بو نەخوشی (وەبا) وە دەردی خومارو ژانە سەر وە بو نەخوشی زەردویی وە پالە پەستوی خوین ـ ضغط الدم بی وینەیە . لەهەموو چاك تر ئاوی ریواسە بكری بە شەربەت لەگەل كەمی شەكر.

٢ ـ قارچك یان كاوگ كه بەعەرەبی ( قطر )ی پی ئەلین سی جورە یەكەم ـ قارچكی چیایە كه لە نـــاو گیای ( هەلز ) وە ( كەما ) دا هەل ئەتوقی ، دووەم قارچكی درەختی ( بی ) وە ( سپیدار ) ە كه لە بنكی درەختەكە هەل ئەتوقی ، سییەم جورە قارچكە كه لە شوینی پیس و سەرەنویلك هەل ئەتوقی ئەوە پیی ئەلین (قارچكە گولانە ) خواردنی قارچكە گولانە ژاری كوشندەیە ، جوری یەكەم و دووەمی هەر چەندە خواردنی خوشە بەلام دەوام كردن لەسەر خواردنیو زوری بخوی ئەبیتە هوی نەخوشی وورگ وە كولنج وە بو بررانەوەی منال ـ قطع النسل ، وەراوەستانی دل ـ سەكتەی قەلب بەدو خراپە وە هەروەها ناگەوارە درەنگ هەزم ئەبی .

# چیرۆکی ژمارە ١٠٠

لە ماوەی خو ئامادە بوونم بو سەرنجدان لەو وەرامانەی کە لە هەڤالە چیروك نوسەکانەوە بوم هاتبوون دوو شتی راست‌و ئاشکرام بو دەرکەوت :

یەکەم :

گەلی کوردمان سامانیکی زور گرنگی هەیە لـە هونەری چیروکدا ، وەخەسائسی تایبەتی هەیە کە ئەگونجی لەگەل زرووفی کوردستانداو قوناخی ئیستای گەلەکەمان .

دووەم :

ئیمە چیروك نوسی لاومان هەیە . تا ئیستا پیشکەش نەکراون بەکومەلی خویندەواران ئەم لاوانە هەستیان بەپیویستی کردوەو گرتویانەتە ئەستوی خویان بو بەرزی چیروکی کوردو گەیاندنی بە پلەی بەرزی‌و سەرکەوتنیکی تەواوی .

ئەم هەمو هەولدانە بەهیزو توانایەکی پتەوو خو بەخت بوون‌بووە . وە ئەم نوسەرانە مافیان لەسەرمانە لەسەر ئیمەی رەخنە گران کە پیشکەشی خویندەوارانیان بکەین .

وە لەم ژمارەیەدا لە گوڤاری گەلی کورد «گوڤاری روژی نوی» لاویکی چیروك نوس پیشکەش بەخویندەواران ئەکەم .

ئەویش هەڤال کەمال رەوف محمدە . کە ئەویش دەستیکی بالای هەیە وە بەهەموو توانایەکی کوشش ئەکات بو خزمەتی گەلەکەمان و مەسەلەی گەلەکەمان . لە ریگەی نوسینی چیروکەوە ، وە لـەم هەلەدا نامەوی باسی تواناو چونیەتی توانای بـو چیروك نوسین باس بکەم ، بەلکو ئەمە ئەهیلمەوە بو خویندەواران هەر لەم ژمارەیەدا .

کامل حسن البصیر

# تۆڵــە

كمال رؤوف محمد

بنكەی ژین
www.zheen.org

زور گولی جوان ، رەنگاو رەنگ لـە بەهارا ئەكەويتە ژير پيوە . وە چاو نايبينی ، بەلكو ناوی نابری .

زور جوان‌و هەژاريش هەن لە ناو كومەلا بە نامورادی سـەر ئەنينەوە . خول ئەيان گريتە خوی لە باوەشی ژيان دەر ئەهينرين . بەلكو ناويشيان نابری : كی بوون چی بوون ـ چون بوون .

گەرمەی بەهار بوو ، پيروو لاو ـ ژن و پياو ـ گەورەو بچوك شـادمان بوون . پيری دلداران بەدزی‌يەوە ئەهاتنە دەرو لە باوەشی بەهارا لەسەر سەوزە گياو لەبەر شەمالی فينكا ئەكەوتنە گفتوگوو پيكەنين و دەم خستنە ناو دەمی يەكتری و پەيمان و گفت نوی كردنەوە .

هەر لەم كاتەشا زوريش ـ هەبوون بەدزی و بەئاشـكرا ئەگريان و ئازاريان ئەدرا ، وە ئەبی پرسيار كەريك هەبی يا يـەكی بيتە وەرام .

گونديكی خوش بوو، بەلام هەوای سەربەستی تيا نـەبوو . ئاغای گوندەكە مرد ، بەلام نوكەريكی دزری خستە جيگەی خوی بەلكو سـەرەوكاری گونـدەكە بكات بە تايبەتی ملك‌و مالی ئاغا .

كە ئاغا مرد دوو ژنی بەجی هيشت ، لەگەل چەند كچيكی عازەب و كوريكی نەبالق . ئاغا وەسيەتی كرد كە ئيشوكاری گوندەكە نەدريتە دەسـت كورەكەی تـا ئەگاتە تەمەنی هەژدە سالی .

كوری ئاغا گەورە بوو وە تەمەنی گەيشتە هەژدە سالی ـ نوكەری ئاغا ژيانی كەوتە ليژی ، پيلانی دوزيەوە تا وا بكات دەست بگری بەسەر ئيشوكاری گوندەكەداو بەلكو ملك‌و مالی ئاغاش .

گاگەل هاتبووەوە ئاوايی ، شوانەش بەرەو مالەكان سەر ئەكەوت بو نانی شوان ،

گوچانەکەی بەدەستیکەوە گرتبوو ، وە بەدەستیکی تریش نانی « رەش و سپی » وەرئەگرت سەگەکەشی بەدواوە بوو

گەیشتە بەر مالی ( وەکیلی ئاغا ) ، دەستی بو ئەلقەریزی دەرگا گویزەکەیان برد تا لی‌ی بدات .

بەلام دەستی گەرانەوە و گوی‌ی شل کرد قیژەو گریانی دەنگیکی ژنانەی ناسکی هاتە گوی :

« دایکیشمت لە پیناوی سودی خوتا خستە ناوگورەوە ئەتەوی منیش وا . . ئوف . . ئاخ . ب . . بمکوژیت ، بمبر . . ی ، شوو ناکەم بەکورەکەی ئاغـ . . ئاخ . . شەرەفم خوش ئە . . وی ، نەك ، نەك سوودی تو ، شوو ناکەم . »

شوانەکە گوی‌ی لەم ووشـە پر گریانانە بو ، لیوی هەل قورتان‌و بەخەمگینی‌یەوە گەرایە دواوەو لە دەرگاکەی نەدا . بەرەو مالەکانی تر روی‌و لەبەر خویەوە ئەیووت :

« باوکیکی بی شەرمە . باوەژنیکی دل رەقە ، بەهەردوو لیی ئەدەن ! لە پیناوی سوودی خویدا ئەیەوی کچەکەی بکا بەسەرمایە بەدەستی‌یەوە ، کەی ئەبی لە دەست ئەم مارە رزگارمان بیت » .

ویستی لـە جوگەلەیەك پەریتەوە بچیتە مالیکی تر . راچلەکی ئاوریکی دایەوە و سەری دانەواند سەیری خەلکی کرد کە پەیدا بوون پاش ئەوەش گوی‌یان لە نالەی گوللەیەك بوو .

نانەکەی کونەکردەوە ، راستەوخو بەرەو خانووەکەی چوو .

دەرگا کون کرابووەوە . چوە ژوری ئاگر لەناو ئاگردانەکەدا کرابووەوە ، فانوسەکە داگیرسابوو لە قوژبنیکی ژورەکەدا دانرابوو .

قوری‌یە فافونە رەشەکەش لەسەر ئاگرەکە بوو ، دایکی پیریژنیش بەدەم دەنگی ئەو گوللەیەوە هاتبووە دەری .

لەبەر ئاگرەکە دانیشت ، گوچانەکەی خستە سەر رانی‌و جگەرەیەکی پیچایەوەو دایگیرساند .

سەیریکی سەگەکەی کرد کە لەبەر دەمی ژوورەکەدا هەل تروشکابوو ووتی :

[ ورچە ... خوزگەم بە خوت ، چەند بی خەمی ـ بەلام ]

هەناسەیەکی هەلکیشاو لەبەر خویەوە کەوتە قسەکردن و چاوی بری بوە بنمیچی ژورە کونو دیوارو دارە رەشەکانی .

[ پرچي دریژ ... سنگي بەفرین ... چاوی رەش ، بالای بەرز ... ناوچەوانی پان . . کولمی ئال ، روومەت بە خال ... زەردەخەنەی لیو ، چەناگەی چال ، مەچەکي پر بازن ، دەستو پەنجەی پر ئەموستیلە ... بو کوی چوو ... بو گور بوو شوی بە گور کرد .

خوزگە بە روژانی رابووردو کە ئەهات شیری ئەدوشیو ئەیووت :

ئەزانی شوو بەکی ئەکەم : بە یەکیکی بیخەم ، بە یەکیکي تەنها هەمو ئاوازی بزانی ، داخەکەم ئیمسال ریك نەکەوت تا وەك سالان لەگەل خوما ریواسی بو بهینم پیی نەگەیشت ... داخەکەم . بەلام چەپکە نیرگزو گولی بو ئەهینمو ئەیخەمە سەر گورەکەی ] .

نیژرا . . باوەکەی تاوانبار ، باوەژنی دل رەق ئەیان ووت :

( باوکی تفەنگی لە دەست دەرچوو .. )

لەسەر گردە رەنگینەکە ، لەژیر دار بەرووەکەدا نیژرا ، خور ئاوابوو دەرکەوتەوە بەلام چرای ( شوخی ) کوژایەوە بە یەکجاری هەر وەك ساوایەك بوو بو شەویك دروست کرابوو . بەلی ئەم ماوەیەی کە ژیا شەو بوو .

هیشتا دنیای روشنی نەدیبوو و پیش ئەوەی چاو بکاتەوە دنیا ببیني لیدانی ئەو دلە خویناوی‌یەی راوەستا .

تەمەنی وەك بلقي ئاو چەند شەپولیك بری کردو لە دوایدا نەماو کوژایەوە بەلام تاوانیك دیار بیو ویژدانو ماف نەیشاریتەوە هەر لەناو ئەچي ، بە روو رەشی لەناو ئەبری .

قرچەی گەرما بوو ـ مانگەشەو بوو ـ شەویکي سەختو ناخوش بوو ، ( سوارە )

له شار ، له تەکەنە خوی دزی‌یەوەو دیار نەما .

بەلی شەویکی ناخوش بوو لە شار ، رەشەبایەکی توونـد بوو . دەمو چاوی مروڤ تەپوتوز کویری ئەکرد ، گیان هەر پەروشی ئاو بوو . چیغو تیلا بە سەربانی زورەما مالەوە نەما .

دەنگی رەشەبا وەکو توپ ئەزرنگایەوە ، دارو درەخت هاتبووە لەرزین‌و لەقەلەق ئالەم شەوەدا ( سوارەی برای شوخی ) کە سەرباز بو یاساولی بەر دەرگای تەکەنە بوو خوی شاردەوە . حوی‌و تفەنگەکەی .

چەرخی تەمەن روی ، فەسلی بەهار بەسەرچوو ، دارو درەخت بە جاری کەوتە تینویتی ، گیا ، گولی ناو هەردو دەشت زەرد بوون ـ ووشك بوون . شەمالی بەهار خوی شاردەوەو گری گەرمای خوی کرد بەناو گوندا ، بەفر لە کەژو شاخ بەئیستر راپیچ ئەکرا بو ناو گوندو شار پەلە هەور کەوتە سەر لوتکەی شاخە بەرزەکان بولبول ، کەوو کوترو بالدار کەوتنە هەناسە برکی‌و بال فش کردن لەتاو تینی گەرما

( باوکی شوخی ) لەگەل ژنەکەیدا چووبون بو سەر رەز ، ئەو روژە روژیکی گەرم بوو . دانیشتوانی گوندەکە ئەوی پەلە رەزیکی هەبوایە رویان تی‌ئەکرد .

چەند پارچە رەزیك لە نزیك یەکەوە بوون لەناو دولیکا .

لە سەرو دولەکەوە چەند هەردیك هەبوو ، لەو دیو هەردەکانەوە شاخ هەبو چەمیك دولەکەی ئەکرد بەدوو بەشەوە ، رەزەکانی باوکی ( شوخی ) ئەکەوتنە لای دەستە راستەوەو ئەم لاو ئەو لای رەزەکە هەمووی دارو درەخت بوو ـ ئەو ناوچەیە وەك رازابوەوە بە هەموو جورە درەختی ، بای چەمەکەش فینکای‌ی ئەپرژان بەو ناوەدا

باوکی شوخی‌و ژنەکەی لەبەر قوخیکا دەمەو نیوەرو بوو راکشابوون ، لە دنیای خەوا ئەمژیان ، پرخە پرخیان ئەهات ، دلیان لە ماندو حەسانەوەدا بوو لەسەرخو ئەو دوو دلە رەشە ئیشیان ئـــەکرد بەلام لە پر هەردوو دل لە لیدان کەوتن . سی‌ی هەردووکیان لە هەناسەدان کەوتن ، خوین رژا ـ زەمینی تینو دەمی کردەوەو خوینی هەلمژین ...

ئەو دانیشتوانانەی لەو دەورووە پشتە بوون بەدەم ( دوو نالەی تفەنگ ) ە وە چوون . بەلام لە دوایدا کەسیان نەدی تـــەنیا دوو لاشـــە نەبی . . . ئاغاو ژنەکەی بە دوو گوللە کاسەی سەریان هارردرابوو .

دانیشتوان لە ژیر لیوەوە کەوتنە قاقای پیکەنین ، لە سەرەوە فرمیسکیان ئەرشت ، فرمیسکی ئازادیو خوشی .

رزگار بوون بەیەکجاری ، ماریك بەلکو دوو مار کەنەیاندا بە هەزارو کولەواری گوندەکەوە سەریان پان کرایەوە . بە ئاشکر دانیشتوانی گوندەکە پیکەنین ، کەوتنە خوشی، فرمیسکیان رشت : فرمیسکی شادیو سەربەستی .

لـەبەری رەزەکەیان نەخواردو بەو قرچەی هاوینە گور دەرگای کردەوەو ئەو دوو لاشە چەپەلەی قووت داو هەردوکیانی خستە دەرونی یەوە .

بەلی چەرخی ژیان ، ماف ئەو دوو درکەی لەناو گوندەکەدا هەلکیشاو تەفرو توونای کردن ، زیندە بە چالی کردن .

ئەو دوو سەرەمارە سەریان پان بووەوە هەرچەندە کچیك پەری‌یەك بوو بەقوربانی .

سـال بە سەرچوو ، سالی نوی هاتە کایەوە بەهار هاتەوەو دنیایەکي رەنگین ترو خوش‌ترو نەخشین‌تر پەیدابوو . . .

ناوگوندەکە بونی خوشـیو شادی و ئازادی لی ئەهات ـ هەرکەسەو خاوەنی خوی بوو ـ خویان سەپانو ئاغای خویان بوون .

*ئیوارە بوو هەروەکو سالی پیشـــوو ـ هەر لەو روژەدا کە سی شەممو بوو ـ* شوانە یادی ئەو روژەی کردەوەو لە کەژ هاتە خوار پیش ئەوەی خور ئاوابی ، بەرەو گردەکە چوو کە « شوخی » ی تیا شارراوەتەوە .

چەپکە گولی شاخاوی ، لەشلیر ، چنورە ، گولالە سورە ، گولە زەردە ، لەهەمو رەنگی هینابویو خستیە سـەر گورەکەی شـوخی ، چەپکە گول لە جیاتي ریواس ، پاداشتی قوربانی .

پالیدا بە دار بەرووەکەوەو کالـەکانی داکەن ، شـمشالەکەی گرت بەدەمی‌یەوە



بنکەی ژین
www.zheen.org

دەستی کرد بە ئاواز لیدان . . .

ئاوازی بەهارو قوربانی . . . ئاوازی ئازادی و تولە . . .

پاشان لە شمشال لیدان بوەوە ، روی کردە گورەکە : « شوخی » چەند قسەیەك هەیە ئەمەوی بیکەم هەر چەندە درەنگیشە .

رەنگ هەیە ئاگادار بیت : بیسفەت نیم ـ زووزوو دیم سەرت لی نەدەم .

شوانیکی تەنهام ، دایکشیم مرد مار پیوەیدا پاش تو . بەلام بروات هەبی مردنی دایکم نەی گریانم ، بەلام مردنی تو ئەمتوانی بە فرمیسکم تینویتیی خوم بشکینم .

مردنی تو ئاگری لە گیانم بەردا ، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی خونچەیەکی جوان بوی نەیان هیشت دەم بکەیتەوەو گەورەبی ،

نەگریام کە دایکم مرد چونکە ئەو وەك نیرکی ریواس وابوو بەلام تو چووزەرە بووی بەلکو لەو تەمەنەشا نەبوی ، تو زەرنەقوتە بویت چاوت نەکردبوەوە .

زەردەخەنەبویت لە قوژبنیی لیوا ، خەریك بووی دەرکەویتو ببیت بە پیکەنین بەلام زەردەخەنەو پیکەنینیشت کوژایەوە .

من شوانم تائیستا نەم ئەتوانی تولەت بسینم ، چونکە هەر ئەوەندە دوور بکەوتمایەوە گورگ پەلاماری گایەکانی ئەدامو بەدەها دوژمنم لی پەیدا ئەبوو . . . بەلام هەر خوینم بەزایە نەدایت ، بەسوارەی براتم گەیاند . . . چووم بولای بو شار .

تـــولە ، مافت سەرکەوت سوارە دلیرانە میشکی ئەو دوو مارەی پانکردەوە ، دانیشتوان دلیان کرایەوە ! ئەو دوو داشە بەردە زلە لەسەر سنگی دانیشتوان لابرا .

بەلام توبوی بەقوربانی ، بەلکو « سوارەش » سوارە سواری ماف ، ئەزانی چی وو تبو بە زابتەکە کە چوو خوی دابە دەستەوە :

« من تولەی مافم سەندوە ، تولەی خوشکیکی بی تاوان ،

تولەی دانیشتوانی گوندەکەم . . . قانون . . . کام قانون .

ئەو قانونەی هەژارو بی تاوان ئەروتینیتەوە ، خوینیان ئەکا بەدەم چەتەو تاوانبارانەوە ،

کام قانون مافی خوشکم‌و دایکم وه‌رئه‌گری . . . کام قانون مافی کومه‌لی هه‌ژاران وه‌رئه‌گری . . . ، مافی چه‌ند لاوی گونده‌که‌مان مافی دایکانی سك سوتاو باوکانی پیر . . . ئه‌و قانونانه که ئیوه به قانونی دائه‌نین پاریزگاری گورگ ئه‌کا له‌ناو ررانه مه‌ررا .

ئیمه کوردین واز له مافی خومان ـ ناهینین ـ باوك ! کام باوك . ئه‌وباوکه که‌نانی خوشــی نه‌ئه‌دامی ، به‌لام نانی ســپی ئاره‌قی ناوچه‌وانی گونده‌که‌می ئه‌دا به چه‌ته‌و ئاوانباران .

من تولهم سه‌نده‌وه توله . هه‌رده‌م توله‌ی خومان ئه‌سینین دره‌نگ بی یا زوو . به قوربانی ده‌مت بم سواره . شیری دری ئاوایی بوو . . .

به‌لام داخه‌که‌م ئیستا له به‌ندیخانه‌دایه . . . به‌لام دنیا ده‌وران ده‌ورانه . . ، بی قوربانی توله ناسینری .

خور ئاوابوو . . . دره‌نگه گویلکه‌کان برسیانه باگاگه‌ل به‌رمه‌وه . . . منیش هیلاکم ـ برسیم ـ تینوم . . »

---

# بووکی ژیرده‌واری ره‌ش

ئه‌م چیروکه شـانوییه که له‌م روژانه‌دا که‌وته بازارره‌وه له نووسیـنی ماموستا « ا . ب .هه‌وری » ی شاعیره ، پرر به دل پیروزبایی لی ئه‌که‌ین وه هیوادارین هه‌میشه خامه‌که‌ی هه‌ر له نووسینابی .

بووکی ژیر ده‌واری ره‌ش بریتی‌یه له ٣٢ لاپه‌رره ، وه‌له‌لایه‌ن کومه‌لی هونه‌ره جوانه‌کانه‌وه له سلیمانی ٩ روژ له‌سه‌ر شانو پیشان درا .



www.zheen.org




وەکیلی گشتی لە سلیمانی اسماعیل عبدالله شەقامی مەولەوی ☎ ٢١٥

# [ باوەشینی کوردستان ]

هەر وەکو لە یەکەم روژی جەژنی پیروزی نەوروزا شەپولی شــنەی بای نوی بەهار بونی هەلالەو گولالەو نیرگست لـە چیاو نزارە شـــیرینە تـازە بەرگ گوریوە جوانەکانـەوە ئەهینی وە ئەیکا بەرووتا وەهەروەهاش شنەو سروەی بای پەرەکەکانی باوەشینی کوردستان یـادی ئـەو روژە خوشـــەت ئەخاتەوە دل وە تەپووتوزی هاوینت لـــە روو نـایەلی وە فینکت ئەکاتەوە تـا دنیا تەواو گەرم نەبوە وە پەلـە پەلی ئەو روژەش لە ئیســـتاوە بـاوەشنیکی کوردستان دەست بەدەست ( حازر ) یـان بە مووچە ( قیست ) بکرن .

کورەکاژاو

سلیمانی

پیـــلاوی

# دیجلـــە دیجلـــە دیجلـــە

جوانـــە پتەوە هەرزانـــە

بچو بو پیشـانگەی [ پیلاوی دیجلـــە ] لە شەقامی مەولـــەوی لای کاك قادر صـابر توزیك بحەویرەوە ، جووتی پیـلاوی دیجلـــەی نایابی لی بکرە .


ژنگەی ژین
www.zheen.org

## [ رونی نیرگز ] ( رونی راعی )

وەکیلی گشتی شەریکەی مەنتوجاتی بذوری قوتنی

لە سلیمانی

# حاجی احمد رشید بەقال

لە جی‌نیشتەکەمان بەرامبەر ( شارەوانی سلیمانی ) ئەم پیویستیانەت بە نرخی هەرزان دەست ئەکەویت .

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | |
|---|---|---|
| رونی نیرگز | : | رونی راعی |
| سابونی تەوالیت | : | سابونی جل‌شتن |
| « لەیلا | : | « باز |
| « لوکس | : | « پشیلە |
| « عایدە | : | وە سیرفی توز |

سـابونی لایفبوی

هەروەها هەموو پیویستیەکی بەقالی وە برنج وە خوی ، وە رونی حیلـــە وە هەموو چەشنە خورمایەکی باش بەنرخی هەرزان ئەفروشین .

حاجي احمد رشید بەقال

سلیمانی ـ بەرامبەر شـارەوانی

# R C A

ـ : بیستوته له شاری سلیمانی له شەقامی کاوه

لەو شوینەی ناوی کاوەیە ئەم شتومەکە نایابانە هەیە ؟

ـ : ئەی چون نەمبیستووە ؟ وا خوم ئامادە کردووە لەم روژانەدا سەریك لەو شوینە بدەمو دیاریی هاوین بکروم کە ( ئلاجەیەکی ) نایابە

ئلاجەی RCA (٩) پی‌پی ١٢٠ دینار

» » (١١) پی‌پی ١٤٠ »

رادیوی RCA (٦) گلوپی (٥) شەپولی ٢٦ دینار

» » (٦) » (٣) » ١٦ »

سلیمانی ـ شەقامی کاوه

جەمالی حاجی فرج

تەلەفون ٤٠٠

# ئارارات

له شوینی ( ئارارات ) له شەقامی کاوه ئەم شتانه چنگ ئەکەوی ٠

ه رادیو : فلیبس ، سیرا ، گروندیك وە رادیوی جانتای پچووك ٧ جور

ه پانکەی KDK وە مسیوبووشی

ه گلوپ و هەموو جورە شت و مەکیکی کارەبایی

ه سەرەرای ئەمانەش ئەگەر رادیوکەت خراپ بوو بیهینە بو لای ئیمە بەجوریك چاکی ئەکەینەوە کە ببررای ببررای جاریکی تر خراپ نەبیتەوە ٠

ئارارات : شوینی رادیو چاك کردن‌و دانانی تأسیساتی کارەباو فروشتنی شتومەکی کارەبایی‌یە ٠

طه احمد طه

ئارارات

# پیلاوی ئـــەهرام

پیشانگەی [ پیلاوی ئەهرام ] کەوتوتە سەر شەقامی مەولەوی لە تەنیشـــت ئەجزاخانەی رؤوف ، وە هەموو جورە پیلاوێکی پیاوانە وە ژنانە لــــە پیلاوی ئەهرام بە پوختی دەست ئەکەویت •


## بو سـالی ١٩٦١

شەریکەی ( مرفی ) جوانترین‌و باشترین رادیوی بو سالی ١٩٦١ دروست کردووە • رووبکەرە دووکانەکەمان تا ببینی ( مرفی ) ی ١٩٦١ چون رادیویەکە •

لە بیریشت نەچی کە مەکینەی خەیاتی‌و سەعاتی زور نایابمان هەیە لەگەل ئەوەشا هەرزانیشن •

اسماعیل عبدالله
وەکیلی گشتی‌ی رادیوی مرفی
لە سلیمانی


## مەچن بو بەغدا

دوای ئەرکیکی زور چاپخانەی کامەران دانرا تا هاوولاتی‌یان کاروفرمانیان لـــە رووی چاپەمەنی‌یەوە بەرریك‌و پیکی‌و ئاسـانی برروا کەچی ئیستەش هەندیك کەس لە بەغدا چاپ ئەکەن بەتایبەتی پروپاگەندەی بازرگانی‌و ئەو شـــتانەی پەیوەندی‌یان بە بازرگانی‌یەوە هەیە •

## مەچن بو بەغدا

لیرە بەنرخی بەغدا وە بەدلی خوتان چونتان ویست چیتان ویســـت بوتان چاپ ئەکەین ، توانای چاپخانەی کامەران کەمتر نی‌یە لە چاپخانەی بەغدا •

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ROJÎ NUWÊ

GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ, KOMEL̂AYETIYE

JIMARE —3— SAL̂Î —2—

2573y - KURDÎ, 1961 y - ZAYÎNÎ

| ئابوونە : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونەی سالێك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| » » لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| » » بۆ قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی


ڕۆژی نوێ
ژماره ٤ سالی ٢
تەمموز ١٩٦١ ز

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ١ | شوررشی قوچ گیری | اسماعیل حقی شاوەیس |
| ٩ | جوگرافیای کوردستان | کەریم زەندی |
| ١٣ | کەری دیژ مردنی خوی ئەوی | محمد مصطفی کوردی |
| ١٧ | شوان | روژ |
| ٢٤ | سوو | شیخ مصطفی |
| ٣١ | ئاویستا | شوان |
| ٣٨ | کوردی پەتی | باخەوان |
| ٤٥ | هاوینە هەوارەکانی کوردستان | شاکر فتاح |
| ٥٧ | بیرەوەری | کوردیکی ئاوارە |
| ٦٢ | کوردستانی تورکیا | چوار چرا |
| ٨٤ | بژار | محمد نوری توفیق |
| ٩٢ | کاروانی شەهیدان | ا . ت . سوارە |
| ٩٩ | بو پیشەوە | . . . . . . |
| ١٠٤ | پاشایانی شارەزوور | قانع |
| ١١٠ | زمانی کوردی زمانیکی زیندووە | باوکی میدیا |


ئەمانـــەو [ کەشکولی روژی نوی ] و گەلیك وتاری بـــە سوودو خوشی تر ئەخویندیتەوە .


بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ڕۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ٤ پووش‌پەڕر ٢٥٧٣ ك ـــ تەموز ١٩٦١ ز سالی ٢


# مێژووی نەتەوەکەت

## شوررشی قوچگـــیری

اسماعیل حقی شـاوەیس

[ ٢ ]

بنکەی ژین
www.zheen.org

له ناوچەی یەلیجە لە شوینی جی‌نەزرگەی حسن‌بابا کوردانی قوچگیری کوبوونەوەیان پیك هینا وەبە ناوی ذوالفقاری ئیمامی علی‌یەوە سویندیان خواردوو [ سیو ] یان لەت‌لەت کردوو هەر سەرکردەیە پارچەیەك سیوی خوارد کە ئەمە دروشمی پەیمان بەستن بوو لەسەر رەوشتی باوو باپیرانیان . ئەم سەرکردە کوردانە برریاریان‌دا کە بو رزگاری‌و سەربەخویی کوردستان تیکوشانیکی سەختی خویناوی دەست پی بکەن وە هەموو چەك هەلگرن .

له دەرسیم ـ قوچگیری ـ عەرەبگیر نزیکەی ٣٠ هەزار کوردی چەکدار بو ئەم ئامانجە پیروزە خویان ئامادە کرد . . ، ناوچەی قوچگـیری‌یەکان لەبەر ئەوەی نزیکە لە سیواس‌و ئەرزنجان‌و ئال‌عزیز ، لەبەر ئەمە تورکانی ئەو ناوچەیە زەنتەقیان چوو

وه کەوتنه هاوار کردن له ترسی هیرشی کوردان وەله ئەزرەتا زور به پـەروشـەوه پەنایان بردەبەر مصطفي کەمال ئەتاتورکی خوینمژ کەله ورووژمو هیرشی کوردانی شوررشگیر بیانپاریزی .

له تەمووزی سالی ۱۹۲۰ ی زاییني‌دا کوردەکان مەخفەرەکانی دەوروپشتی شاری سیواس‌و کانگال‌و دانش‌مەندو زارایان رووت کردەوەو هەموو چەك‌و جبەخانـەیان لی سەندن ، والی سیواسیش . [ رشید پاشا ] له ٥ ئاغستوس ۱۹۲۰ دا ناچار بوو که [ علی شان بەگ ] که یەکیك بوو لـه کوردانی [ رەفاهی‌یـه ] بکا بــه قایمقامي رەفاهی‌یه ، وه حەیدەر بەگی برای علی شان بـەگ بکا بـه مودیری ناحیەی [ عجم رانیه ] چونکه لەشکری [ پاشوآغا ] ئەو ناوچانەی سیواس‌و ئال‌عەزیزی پـەریشـان کردبوو وه جی‌ی به تورکەکان لیژ کردبوو وه ریگەی [گیرەسون ـ شبین قرەحصار ]ی بەجاری داخستبوو بەمەش هاتوچوی له بەینی گیرەسون‌و سیواس‌دا برربوو .

## بانگی سەربەخویی کوردستان

کوردەکانی قوچگیری‌و دەرسیم برریاریان‌دا که [ نووەحەق ] پایتەختی شوررش بی وه دووباره سویند خورایەوه ، وه علی شان بەگ یەکی بوو له سەرکردەکانی کورد لەو یەك بوون‌و یەك گرتنەدا ، برریاری شوررشیش بەو جوره بوو که شورشی لــه دەرسیم‌و خوزات‌و رەفاهی‌یەدا بـەرپا بکەن ، چونکه بەرپا کردنی شوروش لــەم ناوچانەدا مانای ئەوەیه که هەموو کوردستان ئـەگریتەوه ، وه تیکررا نەتەوەی کورد ئەجوولی ، بەم پی‌یه [ دەرسیم ـ نووەحەق ] دانرا به پایتەختی شوررش .

## سەربەخویی کوردستانمان ئــەوی

کومەله سیاسی‌یەکانی کورد به تایبەتی [ کوردستان تعالی‌و تعاون جمعیتی ] بەیەك دەنگ داوای سەربەخویی کوردستانیان ئەکرد . بلیسەی ئاگری کوردایەتی بەجوریك بەرز بووه کەبه جاری سامی ئـەنایـه دلی هەموو دوژمنانی کوردەوه ، تیکررا هەموو کوردیکی هەست پاك‌و بەشەرەف جوتیار ، خاوەني زەوی‌وزار ، لادی‌یی‌و شارستاني

خویندەوارو نەخویندەوار دەولەمەندو هەژار تیکرا هەموو یەك ئامانجو یـــەك دل هیوای هەرە پیروزی ژیانیان سەربەخویی کوردستان بوو .

لە روژی ١٨ی کانوونی یـــەکەمی ١٩١٩ دا ئامباسادور [ بالویزی پیشـــووی ئستەکهولم ] وە جەنەرال شەریف پاشای تیکوشەری کورد بوون بە نوینەری ئەرمەن و کورد وە خویان گەیاندە کونگرەی پاریس .

لە روژی ٢٠ کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دا کوردو ئەرمەن لە کونگرەی « سیڤەردا » یەکیان گرت دژی خلیفە وحیدالـدین وە بو داوا کردنی مافی کورد و کوردســتان وە ئەرمەن

لە ئەنجامی تیکوشانی نەتەوایەتی‌ی کوردو ئەرمەندا ، پەیمانی سیڤەر لـــە بەینی « بەریتانیاو ئەمریکاو فەرەنسەو ئیتالیاو تورکیادا » بەسترا وە بەپی‌ی ئەم پەیمانـــە دان نرا بە سەربەخویی کوردستاناو مافی ئەرمەنی‌یەکانا .

## یەکەم راپەررین :

لـە کانوونی دووەمی سالی ١٩٢٠ی زایینی‌دا ، کورد راپـەرری بو رزگار کردنی کوردستان ، لە رەفاهی‌یە سەروکی خیلی شادیان پاشا بەگ لەگەل ١٥ سەروکی تردا چوون بو قەزای ( نووەحەق ) بو لای کوردەکانی روژئاوای دەرسیم . حەیدەر بەگی فوچگیری لەو کوبوونەوەیەدا کەبو ئامانجی پیروزی کوردایەتی پیکیان هینا خوتبەیەکی‌دا وتی : ئامانجمان رزگاری‌و سەربەخویی کوردستانە . . ئەی کوردینە پیویستە هەموو خیلەکان گەورەو پچووك ، لادیی‌و شارستـانی ، سونی‌و عەلەوی هەموو کورد یـــەك بگرین ، یەك دل‌و یـەك زمان بانگ کەین ( رزگاری کوردستان ) تیکوشین بو رزگاری کوردستان ، لەبەر ئەمە بو گەیشتن بـەم ئامانجە پیروزە پیویستە چی رووی داوە لە ناخوشی‌و ناکوکی لە بیرمانی بەرینەوەو وەك یەك تیکوشین بو رزگاری کوردستان پیویستە بە گورجی خومان ریك خەین‌و کومەلیك لەناو خومانا هەلبژیرین وە بینیرین بو ئەنقەرە ، تا لەوی ئەم نوینەرانەمان بە پی‌ی پەیمانی سیڤەرو کونگرەی ئەرزروم‌و

دەستووری میللی داوای سەربەخویی کوردستان یکەن کە دەولەتانی ئەوروپایی دانیان بەم مافەدا ناوە :

براینە : پیویستە بەرامبەر بە حکومەتی ئەنقەرە یەك دلو یەك زمان راوەستین وەلە داوا کردنی سەربەخویی کوردستان هەرگیز کول نەدەین

کەمالی‌یە درندەکان کە هەوالی ئەم کوبوونەوەیەیان زانی هەمیسانەوە چەند تەلگوراف و راپوریکیان نارد بو دەولەتە ئەوروپایی‌یە سویند خورەکان بەناوی کوردی کوردستانی تورکیاوە ، وە لەم راپورو تەلگورافانەدا وایان دەربرییوو کە گوایا کورد سەربەخویی کوردستانی ناوی وەلە تورك جیانابیتەوە . لەسەر ئەمە کورد کردی بە هەرا ، ( یاداشتیك ) یان بە ناوی هەموو سەرکردە ناودارەکانی کوردستانەوە نووسی‌و ناردیان بو جمعیتی تعالی‌و تعاونی کوردستان وە وینەشیان نارد بو بالویزخانەکانی دەولەتە ئەوروپایی‌یەکان لە ئەستەنبول وە بو پیاوە سیاسی‌یەکانی ئەوروپا . بەم رەنگە درووی دەلەسەی کەمالی‌یە فاشستی‌یەکان دووبارە کەوتەوە روو ، وە بیروباوەرری کوردایەتی لە هەموو جیهانا دەنگی دایەوە .

## هیرش :

لە روژی ٢٠ی ئەغستوسی سالی ١٩٢٠ای زایینی‌دا کوردەکان دەستیان کرد بە هیرش بردن ، لەم هیرشەدا فەوجیکی ژەندرمەی تورکیان رووت کردەوە ، چەکەکانیان لی داما لین‌و بەرەلایان کردن بەرە بەرە لە ئەنجامی شەبەیخون کردن‌و پەلامار دآنی کوت‌و پرردا لەشکری تورك پەریشان بوو وە ریگەی هاتوچوی گەلیك شوین بەسترا وە دانیشتوانی تورك لەو ناوچانەدا پەنایان بردەبەر حکومەت بەم پی‌یە تەق‌و توق‌و کوشتار ٢ مانگی خایان .

## کوشتار :

لە ئەنجامی رووت کردنەوەی ئەو فەوجە ژەندرمەیەدا تیپیکی پیادە ( فرقە ) لەگەل (٢) توپی چیایی‌و ١٢ شەستیر .



بنکەی ژین
www.zheen.org

لـە روژی ٢ی تشرینی یەكەمی سـالی ١٩٢٠ دا لە سیواسەوە بزووت بە بیانووی ئـەوەوە كە گوایا ئەم تیپە لە شكرەی تورك ئەچیت بو شـاری ئەرزنجان ، بەلام شـــەرركەرەكانی زالم چاووش‌و قارەمان حسین ئاغای شادانی‌و عزت‌بگ كە ٣٢٠ شەرركەربوون بەرەنگاری ئەم لە شكرە بوونەوەو كەوتنە شەرریكی سەختەوە . ئەم تیپە سەرنازە بەوهەموو چەلك‌و جبەخانەیەوە پەریشـــان بوو ، وە نەیتوانی بكا بەئامانجی خوی كە ئەویش ئەوەبوو تولەی رووت‌كراوەكان بكانەوە ، بەلام لە ئەنجامی كوشـــتاریكی زور گەورەدا بە هەر حالیك بوو خوی گەیاندە شاری ( زارا ) بەلام لەویدا بەتەواوی گەمارو درا وە وای لی‌كرا كە نەتوانی فزە پكا .

لەگەل ئەمەشدا كوردەكان لەبەر ئەوەی نەیانئەویست خوین برریژن تا ناچار نەبن سید رەزای دەرسیمی داوای كشانەوەی شەرركەرانی گەمارودەری كرد چونكە بە پیویستی نەزانی كەوا شوررش بەرپابیت تا بە تەواوی خویان ریك نەخەن‌و ئامادەنەبن .

لە روژی ٢٥ ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٠ دا كوردانی قوچ گیری‌و روژئاوای دەرسیم ئەم تەلگورافەی خوارەوەیان نارد بو ( ئەنقەرە )

بەپی‌ی پەیمانی سیڤەر لە ناوچەكانی دیاربەكر ـــ الجزیر ـــ وان ـــ بتلیس سیواس ـــ ارزروم پیویستە كوردستانیكی سەربەخو دابمەزرینریت چونكە حكومەت و خیلافەتی تورك لە ئەستانبوول دانی ناوە بە سەربەخویی كوردســـتانا وەهەروەها كونگرەی ئەرزروم وە سیواسیش هەر دانیان بەوەدا ناوە .

بنكەی ژین
www.zheen.org

سەروكی خیلی قوچگیری — محمد تەقی

لە سادات — علی شیر

لە سەروكانی دەرسیم — منذر وە محمود وە سەیدخان وە مصطفی

سەروكی ئەرسەلانان

محمود

کات زستانیکی زور سەخت بوو ، بەفرو بارانیکی زور ئەباری حکومەتی ئەنقەرە وەلامی تەلگورافەکەی نەدایەوە ، وە ئەیویست ئەمرو بەسبەیان پی بکا تا هەلیکی دەست ئەکەوی‌و دەست لە کورد ئەوەشینی ، کوردەکانی عەرەب گیر و مەلاتی‌یەش لەم کاتەدا هاتنە کومەکی قوچ گیری‌یەکان‌و دەرسیمی‌یەکانەوە ، لەشکری کورد تا ئەهات بە هیزتر ئەبوو ، ئەنقەرە لەرزی ترســـی لی هاتبوو ، شوررشگیرانی کورد پروگرامیان دانا بەم جورە : لە دەرسیم‌و خوزات بانگی سەربەخویی کوردستان بدری وە لە ( خوزات ) دا ئالای پیروزی کورد هەلکری وە لەشکری کورد بەم جورە بجزویت : لە رەفاهی‌یەوە بو ارزنجان‌و لە خوزاتەوە بو ئەگینەو العزیزو لە زاراوە بو جەلالی‌یە ، وە بوسیواس وەبو دەست پی‌کردنی ئەم هیرشە بەهاری سالی ١٩٢١ دانرا .

بی‌ینەوە ســـەر رشید پاشای والی‌ی سیواس ، ئەم والی‌یە درندەیە بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد کەوتە پروپاگەندە کردنیکی فراوان بە هەموو لایەکا دەست‌و پیوەندی بلاوکردەوەو ئەم نوکەرانە ئەیانووت کە گوایا ( حوکمی خویی کوردستان ) لە لایەن مصطفی ئەتاتورکەوە بریاردراوە لەبەر ئەمە هیچ پیویست بە شوررش‌و خوین رشتن ناکات تنجا تورکەکان هاتن چەند رەوشن بیریکی کوردیان‌کرد بەنوینەر لەپەرلەماندا وە لە ناوچەکانی قوچ گیری‌و دەرسیم‌و عەرەب گیردا بلاوی کردەوە کە حوکمی زاتی‌ی کوردستان دانی پیانراو ساز بوو .

وە بە شەرەفی حکومەتی تورك !!! وەبە سەری ئەتاتورك !! سویندی ئەخوارد کەوا مافی کورد ئەدری وە دان‌نان بەمافی کوردا برراوەتەوەو بوو .

بەلام ئـەم پروپاگەندە بی جی‌یانە هیچ کاری نەکردە سەرکردەکانی قوچ گیری‌و دەرسیمیەکان ، وە لە ناو خەلکا دەنگ بلاو بووەوە کە هەندیك لە روشن بیرانی کورد ، نەتەوەکەیان بە کورسی‌ی نائیبی فروشتووەو بو فەرمانبەری پشتیان کردوتە کورد و کوردستان .

مصطفی کمال ئەتاتورکی بی پەیمانی خوینمژی دوژمنی کورد زور هەولی ئەوەی

ئەدا کە ســـید رضای دەرسیمی و علی شان بەگی قوچ گیری هەر چونیك ئەبی بەهوی نائیبە کوردەکانەوە راکیشی بو لای خوی وە ئەو ٧٢ نوینەرە کوردەی هان ئەدا کە لە سید رضای بگەیەنن کەوا ئەکری بە سەرکردەی هەموو کوردستان ، بەلام ئەم دوو قارەمانـــە بەهیچ جوریك بو کمال ئەتاتورك دابین نەئەبوون وە هـــەل نەئەخەلەتان .

## کورد لای بیگانە

# کوردایەتی

کوردایەتی تەمەنی لە سەد سال پترە ... کوردەکان هەرکاتیك هەلیان بو هەلکەوتبی لە دژی زورداریی عوسمانی‌یەکان چەکیان هەلگرتووە و شوررشیان بەرپا کردووە ، وە لە هەموو لایەکەوە جارەها راپەرریون بو رزگار کردنی کوردستان ، لە ئەنجامی چەند شوررشیکدا ( بەپیی پەیمانی سیڤەر ) دان نرا بە مافی کوردا ..!!

بەلام ئیستە ، نەتەوەی کورد لە جاران زیاتر چاوی کراوەتەوە ، وەخویندەوارو تیگەیشتووی باشی لی هەلکەوتووە ، وە کورد هەست بەوە ئەکا کە خاکەکەی لـــە چوار چیوەی تاریکیدایە لە پچوکترین مافی بی بەشە .

روژنامەی ذەتایمس

١٥/کانوونی یەکەم/١٩٦٠

# كومەڵەی خویندكارانی كورد

## لە ئەوروپا

ه لە لایەن ماموستا عصمت شـــریفەوە لە سەر زمانی كومەڵەی خویندكاران سوپاسنامەیەكمان بو هاتووە دەربارەی ئەو وتارو سلاوەی ماموستا جمال شالی بەزمانی ( روژی نوی ) وە دەربارەی نەوروز ناردبووی بو كومەڵە .

ه ماموستا عصمت شریف كرا بە ماموستای ( محاضر ) لە دانشگای بەرزی پاریس ( بەشی خویندنی زمانانی زیندووی روژهەلات ) ماموستا عصمت بەگویرەی بەرنامەی دانشگای پاریس دەربارەی شارستانیتیو میژووی كوردستان دەرز ئەلیتەوە .

ه كومەلە بەیانیكی روژنامەگەریی دەربارەی باری ئیستای ئیران دەركرد .

ه لە مانگی مایس‌دا ریكخراوی ( یەكیتیی فیدرالیی نەتەوەكانی ئەوروپا ) كونگرەی گرت بو لی دووان دەربارەی نەتەوە ئەوروپاییەكان وە لەبەر ئەوەی توركیاش بە دەولەتیكی ئەوروپی دراوەتە قەلەم ! كومەلە بە هەلی زانی كە ریكخراوی ناوبراو والی بكا كە برریار بدا لەسەر باسكردنی كوردستانی توركیا لەو كونگرەیـــەدا ، بەم جورە لی دووان دەربارەی كوردستانی توركیا دانرا بە مادەیەك لە بەرنامەی كونگرە بەلام لەبەر ئەوەی نوینەری كومەلەی خویندكاران نەیتوانی خوی بگەیینیتە ( بەلچیكا ) كە كونگرەكە لەوی گیرا ، داوای لە كاك ڤان روی هولەندیی كرد (نوینەری كومەلی كوردستانی جیهانی ) كە دەربارەی ئەو مەسەلەیە بدوی ، وە بو ئەم ئامانجە كومەلەی خویندكاران زانیاریو راپورتیكی زوری دەربارەی كوردستانی توركیا پیشكەش كرد وە ئەوی شایانی باسە ئەوەیە كەوا ریكخراوی فیدرالیی ئەوروپی بە (رەسمی ) كومەلەی خویندكارانی بانگ كرد بو بەشدار بوون لە كونگرەدا .

# جوگرافیای کوردستان

- ١١ -

کەریم زەندی

## هەریمی خورهەلات

ریگاوبانی کرماشاهان ـ بەزوری ریگاوبانی کرماشاهان لە باکورەوە بو باشوورە لەبەر ئەوەی خورئاوای کرماشا ریزە کیویکە بە هاوریکی سنور وە دەشتایي زوری هەیە ، لەبەر ئەمە ریگاوبانو گواستنەوەو هامشوی دژوار نی‌یە .

ریگاکانی ئەمانەن : ـ

١ ـ ریگای سنووری باوەیس ٢ ـ ریگای قەسری شیرین ـ نـەوت‌شا ـ سومار ٣ ـ ریگەی سنە ٤ ـ ریگەی کرماشاهان ـ خورەم ئاوا ، لە رووی لەشکری‌یـەوە گرنگە .

٥ ـ کرماشاهان ـ شائاوا ـ کرند ـ قەسری شیرین ـ خەسرەوی

٦ ـ نەوسوو ـ کرماشاهان

٧ ـ نەوت‌شا ـ گیلان ـ شائاوا .

٨ ـ عیلام ـ شائاوا .

ریگاکانی کرماشاهان دووبەشن ، یەکەمیان بە هاوریکی سنوور دووەمیان بەرەو سنوورە .

لەبەشی دووەمیان ، ریگە هاوریکەکانی سنور سی٣ ریگای تیایـــە کە سەرنج راکیشەر بی :

١ ـ ریگەی سنە ـ هەمەدان ـ ٣ولات ـ خورەم‌ئاوا ـ دیزفول ـ ئەهواز

www.zheen.org

٢ ـ ریگەی سنە ـ کرماشا ـ خورەمئاوا ـ دیزفول ـ ئەھواز .

٣ ـ ریگەی باوەیس ـ قەسری شیرین ـ نەوتشا ـ سومار ، لەلای موھرانـەوە تا خورەم شار .

ریگای یەکەمو دووەم لە رووی سپایی‌یەوە گرنگە وە سوودی ھەیە بەلام ریگەی سی‌یەم لە مەترسی دایە بو کاتی جەنگ ، چونکە نزیکی سنورە .

لە بەشی دووەما لە ریگاکانی بەرەو سنوور ئەمانەی خوارەوە سەرنج راکیشەرن

١ ـ ریگەی سنە ـ کرماشا لە باسي ریگاوبانی ناوچەی ئەردەلانا باس کراوە

٢ ـ ریگەی نەوسو ـ کرماشـاھان ٣ ـ باوەیس ـ شائاوا ٤ ـ خەسرەوی ـ شائاوا ٥ ـ نەوتشـــا ـ گیلان ٦ ـ ســومار ـ گیلان ـ کرماشا ( پیادە ریگە )

٧ ـ عیلام ـ شائاوا ( پیادە ری‌یە ) .

لە نیوانی ئەم گوزەرگە گرنگانە ریگەی قەسری شیرینو کرماشا ھەیـە بـە باشی ئەبینریو ٣ نوختەی تیایە کە جیگەی بە یەك گەیشتنی ئەم گوزەرگانـە . لـە رادەی یەکەما کرماشایە وە گریی دوەم شائاوایە کە چوار ریگەی بو دی ، رادەی سی‌یەمی گیلانە ، ئەم ریگەیانە ھەموبان لە رووبەکەوە کەلکیان ھەیە لەم ناوچەیەدا ، ریگایەکی تر ھەیە لـە دووریانی عیلام جیا ئەبیتەوە بو لای چەرداولو شیروان بـەم ماوانـەی خوارەوە :

دووریان بو چەرداول ـ ٤٣ کم٥ ، دووریان بو شیروان ٨١ کم٥ .

بو بەیەك گەیشتنی ئەم ریگایانە بە ریگەی خورەم ئاوا پی‌ویستی بە پردی ھەیـە لەسەر روباری سی‌یەمەوە .

٢ ـ ریگەی باوەیس ـ شائاوا ـ ئەم ریگەیە زور گرنگ نی‌یـــە بـــەلام بو پاریزگاری ریگەی قەسری شیرینو شـائاوا زور گرنگە وە ئەتوانری دوو ریگەی لی پەیدا بکری :

١ ـ لە ریگەی قەسری شیرین وە ١٠ کم لە زەھاوەوە ریگایەکی ریك ئەبینری بە ھوی تەختی دەشتی زەھاوەوە سوار بەباشی تا باوەیس ئەروا ئەم ریگەیە ٤٢ کم ئەبی لە بەھارو کاتی ئاوا لە لکەکانی روباری خورەتو پەرینەوەی دژوارە بـەتای‌بەتی

لـــه روباری دلەشیر بەلام لە هاوین ووشکایی‌دا بەباشی سوار لـــە زەماوەوە بو باوەیس ئەروا .

ئەم ریگەیە لەسەر هیلی سنورە دوا بەدوای بەرزایی‌یەکانی تیلەکووەیـە بو بەیـەك گەیشتنی ریگەی باوەیس‌و قەسری شیرین زور بە کەلکە بە تای‌بەتی بو لەشکرەکەشی ئەم ریگەیە لە گەلی جیگەیا بە ماوەی ٥ ـ ١٦ کم سنوور ئەبری .

٢ ـ ریگەی دەشـــتی حەر بـەرزاییـــەکانی کە هوارەو دالاهوە بو لای ماهی دەشتەوە نزیکەی ١٤٠ کم ئەبی ، ریگەکە ریکە بەرزایی گرنگی تیانی‌یە بو گەیاندنی بە شائاوا وە زور گرنگە بو پاراستنی پاتاق .

لەسەر ئەم ریگەیە خیلی بابەجانی ، وەلـەی‌بەگی ، قوبادی نیشتەجین ئـەم بـەشـە زور بەپیتەو دانەویلەی لەخو پتری هەیەو ئاژالیان زورە ، لـەم ریگەیە ئەم جیگایانـە ئەبینی :

١ ـ بەرزایی سەلمان‌و درکە لەسەر زنجیرەی چیای بەمویە کیوی بەمو بە سەریا فەرمان رەوایە .

٢ ـ بـەرزایی کاری ـ کیوی میرنکن ـ کیوی چنارە بـــە بەرزایی‌یەکانی باوە یادگارو لای راسی پاتاقاوە ئەنوسیتەوە ، زور بـە کەلکە لە بەرزایی‌یەکانی مـیرنکن چەند گوزەرگە یەك هەیە .

www.zheen.org

٣ ـ بەرزایی‌یەکانی باکووری خورئاوای باخی زمکان ـ بلوچەر تەخت‌خان بەبابە یادگارەوە نوساوە ، بەرزایی باوە یادگار بەسەر لای چەپا دیمەن‌و فەرمان رەوایی هەیە

ئەگەر بە باشی سەرنجی ئەم ناوە بەیت بـە دریژی ٤٢ کم لای خورئاوایـەوە ریزە شاخی تیلەکویە کەلە هەر جیگایەك ناویکی جوی هەیە وەکو ئاسن‌گەران ، بابەکرو ، ترمیشان ، شوان‌در .

ئەم ریزە شاخە گلی‌یە زور بەرز نی‌یـە چەنـد تەنگەبەریکی تیایـە وەکو تـەنگی تیلەکو ، هوان ، ترش ئەنبە ، پیشگان ، بابەکرو ، کرعوسمان ، حەمام ، هەمو تەنگەبەرەکانی سەرەوە ئاوەرریژیان لە خور هەلاتەوە بو خورئاوایە ، لە خورهەلاتەوە ئەم ری‌رەوە بـەهوی دوو ریزە شاخەوە ئەبینری یەکەمیان بەرزایی در کەلـە ریزە

شاخي شـانشـينه ، بەرزاییەکانی چەرمی سواران ٢سەلە ، کیوی بـــەموی سـەختە بەرزاییەکانی تر بەو ئەندازە سەخت نی‌یە وە چەند تەنگە بەری‌یەکی تیایە وەکو :

١ ـ پشتی تەنگی زەهاوو نیوانی بـەرزایی شانشینی‌و کیوی درکە ٧ کات ییژ بە پیادەرەوی ئەروی تا ئەگەیتە سەر هیلی پاتاق لەناو تەنگەکەدا ریگەیەکی ریك هەیـە بو لای جگیران دریژ ئەبیتەوە بـە ئەرابەری ئەژمیرری . بـە پشـتی کیوی دالاهودا تی‌پەر ئەکا .

٢ ـ تەنگی نیوانی بـەرزایی درکەو چەرمی سـواران بە دەربەندیکی کـراوەو ئاواله ئەژمیری .

٣ ـ تەنگی هەلکەوتوی نیوانی چەرمی سواران‌و سەلە کە ئاواییەکانی سـەقلا کەوتونەتە ناو ئەم تەنگەوە ریگەی پیادە بەلای خورهەلاتا لائەکاتەوە .

٤ ـ دەربەندی حول لە نیوانی بەرزایی سەلەو بەمودایە بە لای ئیمام حەسەن‌و پشتی بەرزایی بەمودا دریژ بوتەوە ریگەیەکی سـەخت‌و دژوارە تەنها پیادەو سـوارە ئەتوانی پیا بروا .

# لە هەرەتی لاویدا

- ئەسکەندەر لە تەمەنی ٢٠ سالیا چووە سەر تەخت وە لە تەمەنی ٣٠ سـالیدا لەشکری گەیشتە هیندستان .
- مارك ئەنتونیو لە تەمەنی ٢٦ سالیدا بوو بە قارەمانی روما .
- شارلمان لە تەمەنی ٣٠ سالیدا خوی کرد بە ئیمپەراتوری فەرەنسەو ئەلمانیا .
- واشنتەن لە تەمەنی ١٩ سالیدا سەرکردەیەکی لەشکری بوو .
- ناپلیون لە تەمەنی ٢٦ سـالیدا بوو بە سەرکردەی لەشکری فەرەنسە ، وە لە تەمەنی ٣٣ سالیدا بو بە ئیمپەراتوری فەرەنسە .
- ئەدیسون لە تەمەنی ٣٣ سالیدا کارەبای دوزی‌یەوە .
- شکسپیر لە تەمەنی ٢٧ سالیدا چیروکی ( رومیو جولیت ) ی نووسی .
- بیرون لە تەمەنی ٢٤ سالیدا بوو بە شاعیری هەرە بە ناوبانگی ئینگلیز .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کەری دیز توپینی خویو زیانی خیوی ئـەوی

نوسینی : محمد مصطفى کوردیی

زور منـال بوم ئەم پەندەم بیستبو ، کەلیکم نەدایەوە ـ بەپی سوروشتی منالی کەزور پاکو بی‌خەوشە ـ هیچ باوەرم پی‌نەئەکرد ، وە ئەمووت : گیان لەبەر نیە مردنی خوی بویت بوئەمەی‌کە خاوەنەکەی زیانی لی‌بکەوی .

زوری نەخایان کەکەمیـك چاووم کردەوەو هەست کردنم بەشـت زوربوو ، جاریك لەخزمە جافەکانمـان هەندیکیان هاتن بوشـارو بوون بەمیوانمان ، وەچەن گاو گوتال‌و گوی‌دریژیکیان پی‌بوو ، ئیمەش کەمنال بووین خـوشیی خوشیـمان پی‌ئەکەوت کەوا گوی دریژ یا ( هەچە ) هەیەو سواری ئەبین وتەراتینی‌پی ئەکەین

بوکولولیی دوانمان چووین گوی‌دریژیکی ( دیز ) مان هـەلبژارد ، هەرچـونیك بوو بەرووددوا سواری بووین‌و بردمان بودەشت . من لەبراکەم کزرتربووم لەپیشەوە ، سواربوم ، بەلام براکەم ـ کەئیستا نەماوە ـ منال‌و شلەپەتەبوو ، هەر ئەکەوتە خوارەوە ئەمگرتەوە ، لەبەر ئەمە بیرم کردەوە لەشتیك کەپیکی بینم ولەم کەوتنە خوارەوەو گرتنەوەیە رزگارم بیی‌و توزیك تەراتیـن بە کەرە دیزبکەم : هاتم پشـتینەکەم کردەوەو هەردوکـەانم پی‌شەتەك‌دا ونەقیزەم لەپشتی ملی کەرەدیز توندکرد ، هەر ئەوەندەم خوشبوو روانـیم هەر دووگوی‌ی قوت‌کردەوەو لووتی کردە ئاسمان‌و رووەو گردی مامەیارە ، بەجامبازەو جووتە وەشاندن‌و کلك راوەشاندن پیاهەلزنا ـ ئەتووت دررك ئەکەن بەبن کلکیا ـ ، کەگەیشتە تەپلە سەری‌وبەو دیبواسەرەو خوار داکشایە خوارەوە جوتەیەکي هاویشت وهەردووکمانی هەلدیرا ئیتر تەپوتل ترازاین بوخوارەوە ،ئەگەربنە دەوەنیك نەبوایە ، کەگلی‌داینەوە ـ ملمان ئەشکاو ئەبوو بەئەسپون ، کەسەرم بەرز کردەوە دیبم کەرەدیز لەئاستی کەندەلانیك رەهیل‌بوو ، وەك کوپاني شررهاتە خوارەوە تاداوینی گردەکە ، ئیتر لەوعاسـتە چرچی لنگی لی‌راکیشـا بەجوریك کەرەدیز ئیستـە مردوە یاهەزارساڵە ئیمەش چاك‌بوو زور ئازارمان نەگەیی بەلام توزیك سەروچاومان روشا لەپاشا هەستام



www.zheen.org

پشتینەکەم کردەوەو چووین بولای کەرەدیز ، روانیمان تەواوبەریشانو شـەکەتە هەر چونیك بوو یەکدوو تلمان پیداو راستمان کردەوە ، وورده وورده ئەو بەشەلە شەلو ئیمە بەسەرو چاوی خویناوییەوە هاتینەوەو بردمانەوە ناوتەویلەکە ئیوارى خاوەنەکەی ( دەرویش هەسەن ) هاتەوەو چوو توورەکەی بوپرکرد لەکاوجوو بویبرد ، روانی کەرەدیز ئەو کەرەدیزەی جاران نەماوە ، هەمووگیانی تیك شکاوە ، بەهەر دوودەست دای بەسەرخویا ووتی : ئای هەررگ وەسەرم وەچلقورحان کەرەکەم ئەتوپی ، لەپاشا رووی کردە ئیمـە ووتی : ئەری کوروکال ! نازانن ئەم کەرە بووەهای پیهاتگە ! ئیمەش ووتمان . نازانین ، ئنجا خوی ووتی : هەوی‌و نەوی ئەشی گاکانی هاورریکانم لـــەتەویـلەدا لیيان داوی . لـەدوایيدا لە تەویـلەکە هینایەدەرەوە بوحەوشە وەزور بەووردیی سـەیری ئەم لاو ئـەولای کردو برریاریداکە کـەرەدیز تەرکی کەوتوە ، واتە جومگەی لەجی چووە ـــ تەرك کەوتنیش بەشـــەق تیهەلدانی ئەو گوی دریژە ( گوایا ) چاك ئەبی ـــ ، ئینجا دەرویش هەسەن چاکی لیکرد بەلاداو گورری لیبەستەوە وکـەرە دیزیدایە بەرشەق ، وائەزانم چل‌بەنجا شـــەقیکی مزری تیهەلداو بردیەوە تەویلەکە ، بەیانی کەچووین تەماشامان کرد کەرە دیز بوەتەوە بەگویزی ئازا ، ئنجا بوئەوەی کەزیانبە خاوەنی بگەیەنی ئیمەی توشی ئەو چوتمە کردو خوشی ئەو هەلدیرانو دەردی سەرییو شەق تیهەلدانەی توشی بوو .

زوری پی نەچوو دەرویش هەسەن جاریکیتر هاتەوەو کەرەدیزی پیبوو ، دوای ئەمەی کە بارەکەی خستو گوی دریژەکەی تاقەت کردو ماندوو نەبوویی کـراو پیالە چایەکی خواردەوە ، چوو بو بازارر بو چتومەك فروشتنو کەلو پەل سەندن ، منیش ئەمەم بە هەل زانی ، کەرەدیزم هینایە دەرەوەو بەرەو دەشت سواری بووم ، یەك دووسەریـکم هیناوبرد ئەوەندەم زانی گەرم بوو ، لموزی هەلبرری‌و گوی لی جووت کردو دەستی کرد بە جامبازەو جووتـــە هاویشتن ، بە ریـکەوت لەولاوە لە چالاییەکا دررکودالو پووشو پەلاشیکی زور کەباتیی پەستابوو ئاگریان پیوە نابوو ئەسووتا ، کەرەدیز هەر ئەمەی بەدیی کرد خوی لیبوو بـــە ئەسپی گرەو ، وە رووی‌کردە ئاگرەکە کە پیا بپەرریتەوە ، هەر چەن دام بە قەپوزیا بیسوود بوو ،

بەخوا بەرەو ئاگر شانی لی‌توندکردو لە ناو نیلەنیلی ئەو ئاگرەدا جووتەیـــەکی زلی وە شان‌و فرری دامە ناوی . بە ریکەوت لەولاوە کابرایەکی چایچی لە جیگـای چایخانەکەی (سیوە) لە ژیر کەپریکا چایخانـــەی دانابوو ، چاوی لەم بەزمەبوو ، رای‌کرد لە ناو ئاگرەکە دەری هینام ، هەر چەن خوم ئازارم پی نەگەیی بـــەلام کلاوەکەم‌و تاکیك لە کلاشـــەکانم بەجی‌مان سووتان ، لەم حەلەدا کەرەدیز چوبوە سەربارستایی جوگەی ئاشەکەو بەرەومن راوەستابوو تەماشای ئەکردم ، وەکو پیم بلی : دەبخو دەی ئەوە دەردت بی ئاوات لی ئەکەم ئەگەر خوا بوم بکا مەرج بی سەرت بنیم بەکونیکەوە هەر چەن سەری خوشمی تیا بچی . لە پاشا چووم دامە پیش خوم‌و هینامەوە بو مالەوە .

باسیکی‌تری چەمووشی‌و نارەسەنی کەری‌دیز ئەمەیە :

جاریکی‌تر دەرویش هەسەن هاتەوە بو شارو بوو بە میوانمان ، دوای حەسانەوە کەرەدیزی دایە پیش خویو بردی بو بازارر کە نالی بکا ، بە ریکەوت بەلای مالیکا تی‌ئەپەرری کە ئینگلیزەکانی تیابوون وەلەو حەلەدا میوانی ئینگلیزی تریان هاتوەو هەموو نووستون ، ئالەم دەمەدا کەرەدیز وەکو راسپیررابی دەست ئەکا بە زەرریین‌و بیین ئەگری ، چ زەررینییك ؟ ئەو کولان‌و شەقامە پرر ئەکا تا ئینگلیزەکان لە خەو ررانەپەرریێ ، ئەوانیش ئەنیرن دەرویش هەسەن ئەگرن‌و ئەیبەنە ژوورەوە تیروپرر دارکاریی ئەکەن‌و لەپاشا خویو کەرەدیز کولە پیچ ئەکەن بو بەندیخانە ، ئیمەش دوای یەکدوو روژ کە دەرویش هەسەن دیار نەبوو بیتەوە بـەلای کەل‌وپەلەکەیا ، کەوتینە جوستو جو بوی ، لەپاشا زانییمان کەلە بەندیخانەیە ، ئنجا باوکم کەوتە بنجوبناوانی هوی بەند کردنەکەی وە چوو بە هەر جوریك بوو رزگاری کردو لـە بـەندییخانە هینایە دەرەوە ، کە هاتنەوە بو مالەوە تەماشامان کرد کەرە دیز لە دەرویش هەسەن پەریشان ترو دەرویش هەسەن لە کەرە دیز پەریشانترە ، دەرزیی بدەی لەم کەلەکەیان لەو کەلەکەیان دەرئەچی ، لام وایە دووسی روژیکی پیچوو ئنجا توزیك بووژایەوە بەلام دەرویش هەسەن ئەمەندە ئەمەندەی هەل ئەررشت لە دەست کەرە دیز ، وە لەبەر خویـەوە هەر ئـەیووت ، تا وەکو کەرە دیز سـەری نوخواردگم پەیمانم وی

ئەشی سەری بخوم ، وە ئەگەر داگمە وەنانە سووتاوی ئەوی بیفروشم ، بەراستی دەرویش هەسەن راستی کرد چونکی ئەمجارە کە هاتەوە کەرە دیزی پی نەبوو ، کە لیمان پرسی چیت لی‌کرد ؟ ووتی : کە گەییمەوە ئاوایی هاوردمە سەر فروتن . لە پەل کاورایەکا ری‌کەوتین کە سوزی پارەم بو بییری‌و بیوا ، تومەز کەرە دیز وەمەی زانیگەو نەی‌گەرەکە من قازانجیکم لە ناوچەوانی هەر دەسگییربوی ، ئیوارە کە گایەل بەرەو ئاوایی بوونو کەرە دیزیان لەتەکا نەوو ، تو مەییژە لەو کەژە خوی بووسە دا گەو نـــەهاتگەسو ، منیش شەو سووکە روییم وەپیو شوینیەوە ئەوینم گورگ هورگی درریگەو خواردگیەسی . کەرە دیز ئاوەها لە کاکلانیشی کردم‌و لە تویکلانیش .

ئنجا خوینەرەوەی بەریز ! ئەمە گوشەیەکی پچکولەی تەسکو توروسکە لەرەووشتو خووی کەری دیز . کەواتە هانایە سەد هانا ، وە دەستم داویننان هەرگیزاو هەرگیز بە تەقەی تفەنگیش توخنی کەری دیزو ئەوانەش کەلە رەووشتو خووی کەری دیزان مەکەوون ، چونکی : [ کەری دیز توپینی خوی‌و زیانی خیوی ئەوی ] .

www.zheen.org

# بو سالی تازە

بو کەل‌وپەلی بازرگانی

بو کوگـا

بو خواردەمەنی

وە بو هەموو جورە کارو فرمانیکی پیشەسازی‌و هونەروەری

پروپاگەندە لە روژی نوی‌دا بلاو بکەنەوە

بەبونەی سالی تازەیەوە لە ئیستەوە هەموو لایەك ئاگادار ئەکەین کە بـــە جوانترین شیوە ، زور دلـگیرو رازاوە پروپاگەندە بلاو ئەکەینەوە .

# شــوان

« روژ »

شوان لەپەروەردە کردني مەررو مالاتو ئاژالا لەسـەر چیاکانی کوردستانو لەناو دولو دەرەکانیا ژیانی خوی ئەباتەسەر وە بەدریژایی تەمەنی تەرریوو وشکیوو خوشیو ناخوشی سوروشت وە ئاوو هەوای ئەمکوردستانە شارەزا ئەبیت ، واز لەهەمووشتیك ئەیەنیت وە ئاگاداری رووداوەکانو قارەمانەکانی گەلی کورد ئەبیتو روژانی تیکوشانیان بە داستان ئەگیریتەوە .

لەبەرە بەیانی میژووە گەلی کورد لەهـەموو کوردســـتانا ، وەلەم سەردەمەشدا گەلی کورد لەکوردستانی تورکیادا بەهەزارەها پیاوی گەورەی لیهەلکەوتوە ، وەلەمانە بویژوە ویژەر وەپزیشك وەپاریزەر وەماموســـتای ئایینی وەکاسپکار وەخویندەوارو زانامان هەبوە .

وەدیسانەوە لەکوردستانی عیراق وەسوریا وەسوڤیەتدا ، وەلەهەموو کوردستانا کورد پیاوی هەلکەوتوو ئازاو تیکوشەری هەیە .

هەزارەها لەوگەورە پیاوانەی گەلی کورد وە ئەو رولە قارەمانانە خویان بەخت کرد لەپیناوی کوردستاندا ، وەئەوانە وازیان لەخوشیوو شیرینیی ژیانوو سودی تەسکی خویی هینـا ، وەئەو پیاوانە پیشـــرەومان بوون ، ئەو پیاوانە برسیتیوو ناخوشیوو نەبونیوو دەربەدەریان دیی وەتەنانەت زوریان تووشیی چەرمەسەریی بەجوریك هاتوون کەناچار بوون گەلای وشك وەبنکەدرەخت بخون لەکورری تیکوشاندا لەپیناوی کوردو کوردستانا ، ئەم چەند ووشـــەیە پیشـــکەش بیتبە گیانی پاکی قارەمانەکانی گەلی کورد ، ئەو قارەمانانەی کە پیشـــرەوی گەلی کورد بوون وەهەولیان ئەدا کەزوربەی گەلەکەمان بەدواکەوتویی وەنەخوشی نەمینیتەوە . ئەوانە باوەریان لەهەژارو دیلی گەلی خومانەوە گەلی کـورد وەرگرت ، وەبوونە ئاگرو بلیســـەی رووناك کەرەوە بو رزگارکردنی کوردستانوو هەژارانی کوردســـتان ، وە ئەو پیاوانە تەنیا کوردستانیان شك ئەبرد

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەژیانی خویان بوکورد بنیات نابوو بویە هەولیان بوگەلی کورد ئەداو خویان لەپیناویا بەخت کرد .

ئەم ووشانە بو یادی شەهیدەکانی رزگاری کوردستانە وەپیشکەش گیانی نەمریانە ، وەپیشکەشە بو ئەو شوانە هەژارانە کەمیژووی ژیانی تیکوشەرانی گەلی کورد ئەزانن وەبە سەرچیاکانی کوردستانەوە بەنانە سکی تاژەل ئەلەوەرینن وەئەلین .

وازم لە ئارەزوکانم هیناوە
بەلی دیسان وازم هیناوە ،
ئارەزووکانم زورن . . ،
پەنوو ئەررون . ، تی ئەپەررن . .
وورد وورد تی ئەپەررن ،
بەلام جار جار خویان ئەگرن ،
چونکە ئەیانەویت کە دەربکەون .
بەلام ناهیلم ، رییان لی ئەگرم
چونکە وازم لە ئارەزوکانم هیناوە
بەلی وازم لی هیناوە .
من ؟ . . ، منم شوانیکی ساکار
شوانیکی ناچاری هەژار ،
هەر ئەوەندەیە کە هەبم . .
گوایا ئیتر من چی کەبم ؟ ؟ .
من هەژارم ، هەژارم
خو ئەوەی کەوا هەمە ،
تەنیا کیسەو سەبیلەکەمە . .
لە گەل تیشوکەما
ژیانم رووتیـــە . . .
بی هاوریم ، وە بی هاودەمم



بنکەی ژین
www.zheen.org

هەژاروو نەخویندەوارم .
دلم پر لە خەمە .
بەلام ، . نەء . ،
من ئینسانم ، ئینسان
خاوەنی هوش و بیر و گیان ،
هەم . . ، بەلی هەم ،
بەلام کوا ، کوا مافەکانی ئینسان ؟
کوا خوشی ، کوا بەهرەی ژیان ؟
کوا گورانیە شیرینەکەی سەر زمان . ،
کوان ؟ ؟ .

* * *

من ،
من حەز ئەکەم بە ئیش کردن ،
خوشە هەولدان ، نان پەیدا کردن
بەلام کوانی نان ؟ ، کوا شەوقی ژیان ؟
هەول و تیکوشان زور خوشە بو نان ،
بەلام تیکوشان . ، ؟
هەولدان بو نان . ؟ ،
بو شەوقی ژیان ؟ ؟ .
پررە لە زیان
وازبینە ، بەلی تو وازبینە ،
لە قسەی پرر زیان ،
چونکە ترس هەیە ، گرتن هەیە . لیدان
بەلی وازبینە ، خوت مەرەنجینە .

* * *



www.zheen.org

بەلی من وازم لە ئارەزوکانم هیناوە ،
بەلی هەمدیس وازم هیناوە .
بەلام واز هینان لە تیکوشان ،
لە خەبات لە بەهرەی ژیان ؟ ؟
نەکراوە ، نەووتراوە . .
چونکە من شوانم شوان ،
بی جیگام ، بی نان
هەول ئەدەم خەبات ئەکەم تا ماوم
راستی ئەلیم ، ئازاو بە تاوم ،
تاقە هاورریکەم تەنیا شمشالە ،
ئەو دەنگە بە سوزەی کە یەتەدەری بە نالە
وەك بای وەشت ئەدا بەسەر شاخو قەد بالا
پیم ئەلیت ، توی ئاوارە ژیانت تالە .

٭ ٭ ٭

ئەو شمشالەی کە ئەیبینی
وا بە سووزە دەنگی بیئی
دەروونی پررە لە کلپەی گرر
گرری دەروونی ساردوو سرر . ،
ساردوو سرری سەهول بەندان
کە تیا ئەبەستریت ئارەزووی گیان
شمشالە جی‌ی گرتوە لە ئاوا ،
هی دەروونی ووشك کراوە ،
ووشك کراوە بو وولات
دل و دەروونی بە ئاوات .
ولاتی دیلو پارچە کراو ،

بنکەی ژین
www.zheen.org

خەفەتباری داگیر کراو
ئیتر من چی لە گڕی دل بکەم ،
کە بی هاوڕێ بم بی هاودەم ،
کوردستانیش بی چارە بیت
دانیشتوکەی ئاوارە بیت ،
بویە کلپەی دلی سوزم ،
دا بە شمشالی بە سوزم .

* * *

من وازم لە ئارەزوکانم هیناوە ،
بەلی وازم لی هیناوە . .
بەلام بەیانیان زوو کە ئەکەومە ری
پیش ئەوەی کە دەرچم لەناو دی
مالی کچە دل خوازەکەم ئەبینم
پشوویەك ئەدەم ، زوو خوم ڕرائەپەرینم
ئەلیم بڕو فەرەنجیەکەت وەرگرە
بەرەو هەوارگەی چول ملی ریگرە ،
بەلام ئارەزوو زورن . .
لەم روژانەدا ئارەزوکانم زورن . . !
چونکە حەز ئەکەم ناو بەناو بو خوم ،
نانیکی بە تامی گەرم بخوم ،
یا چایەکی خەست دەمکەم ،
یا بە دویەکی خەست خەم بڕەوینم . .
چی بکەم ئارەزوکانم زورن . . ! ، ؟
بەنوو ئەچن ،
خو لە زستانا کە خەریکە رەق هەلیم ،




www.zheen.org

یا لە هاوینا کە زور گەرمە ئەلیم ،
خوزیا خوم ئەبینیی بە خوشیی ،
خوشیی یەك شت خوشی وەتەن .

٭ ٭ ٭

من لە ئارەزوکانم وازم هیناوە ،
بەلی وازم هیناوە لە ئارەزوکانم .
من کەوتوومەتە پەرستنی خاکوو چیا
کەوتوومەتە پەرستنی سورووشتی جوان ،
سورووشتی خاکی نیشتمان ، هی کوردستان
کوردستانی بیکەس ، بی ناز ، بی زیان
کوردستانی کامەرانیی هی ژیان ،
بویە روژی دەم کەل کە دەرئەکەویت ئەلی ،
کوردستانەکە ، مروڤەکەت ئەبی بە دیلی بمری ؟
بەلام چیا بەرزەکان ئەقیژینن ،
بەدەم چریکەی بولبولی سەر گولەوە کە بای شەمال بوی ئەهینن
ئەلین ، نەء ، نەء ، وا نامینن ،
رولەکانت لە دیلیدا نامینن . .
سەربەست ئەبن ، رزگار ئەبن دانامینن
منیش لەو لاوە ئەیلیمەوە
ووتە شیرینەکەی سەر زمان ئەلیمەوە ،
لە ئارەزوکانم وازم هیناوە ،
بەلی لە ئارەزوکانم وازم هیناوە ،
چونکە من شوانیکی ساکارم ،
شوانیکی هەژارم .

www.zheen.org



# „ بیتهوڤن “

— هەلکەوت —

ە بیتهوڤن موسیقاری هونەرمەندی ئەمری ئەلمانی‌یە ، لە سالی ١٧٧٠ی زایینی‌دا لە شاری ( بون ) لە دایك بووە .

ە ژیانی بو دوو شت تەرخان کردبوو ، یەکەم هونەر ، دووەم تیکوشان لە پیناوی مروڤایەتی‌دا .

ە لە سالی ١٨٢٧دا کوچی دوایی‌کرد .

ە ئەم هونەرمەندە بزورگە هەموو ژیانی بە کویرەوەری‌و نەبوونی بەسەر برد لەگەل ئەوەشدا زور دلتەررو رووخوش بوو .

ە لە ئەنجامی نەخوشی‌یەکا چاوەکانی کوبوو و گویی گران بوو ، تا وای‌لی‌هات گویی لە هیچ نەئەبوو وە بە جوریك وەرست بوو بوو جارەها خەریك بووە خوی بکوژی .

ە لە سالی ١٨٠٠دا ( سمفونی ) ی یەکەمی دانا وە لە ١٨٢٤دا سمفونی‌ی نوهەمی دانا .

بیتهوڤن لە ماوەیەکی کەمدا وەك بلیمەتیکی موسیقا دەرکەوت و هەلکەوت وە ناوبانگی ئەمپەررو ئەوپەرری گیتی‌ی گرتەوە ، تا وای‌لی‌هات بە یەکی لە پیشررەوە بزورگەکانی لەشکری تیکوشانی مروڤایەتی ئەناسرا .

# کومەلایەتی

## [ ســـوو ]

ماموستای ئایینی « شیخ مصطفی »

خوا ئەفەرموی :-

**یمحق الله الربا ویربي الصـــدقات**

خوای گەورە سوودو زیانی بو دیاری کردووین و ریگەی کرین و فروشتنی بو داناوین کەچی هەندیك کەس بە هیچ تیر ناخون‌و لە گەلیك ریگـەی چەوتەوە هەولی پارە پەیاکردن‌و سامان کەلەکە کردن ئەدەن.

دەولەمەندی وا هەیە، هەموو ژیانی بریتیە لەدەست برین‌و هەژار رووتاننەوەو مالی ئەم‌و ئەو داگیرکردن، لە پیناوی چی‌یا ؟..... بوچی ئیوە تیر ناخون ئەی دلرەقینە، بوچی نەبەزەیی لە دلتانا توسقالیك ماوەو نە گیانی برایەتی ؟ هـــەموو هەولیکتان هەر بو پارەیە، هەموو هەنگاویکتان هەر بو پارە پەیاکردن ئەنین .

هەندیك دەولەمەند، پیشەی بوتە سوو خواردن و هەموو هەولیکی هاتوتە سەر سووخوری .

بەم جورە ئەم چەشنە دەولەمەندانە لە باتی دەستی یارمەتی دریژکردن کەوتوونەتە رووتاننەوەی هەژاران، وە هەمیشە چاویان برریوەتە سوو، وە سامانەکەیان ناخەنەگەرر بە سوو نەبی ... وە هەر خەریکي ئەوەن کە سامانەکەیان زور کەن وەك نەزانن خوا ئەفەرموی ( یمحق الله الربا ویربي الصدقات ) واتە خوا سامانی ســـووخور لە ناو ئەباو سامانی خیرەومەند پەرە پی‌ئەدا ...

ڕەنگە زۆر کەسیش بڵێن ئەوانەی کە پارە بە سوو ئەدەن ڕۆژ بەڕۆژ سامانەکەیان لە پەرەسەندنایە ... وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کەوا « سامان بۆ ئەوەیە کە سوودی لێ وەرگیرێو یارمەتیی هەژارانی پێ بدرێو پرۆژەی باشی سوودمەندی بۆ نەتەوە پێ ساز بکرێ ، کەچی سووخۆر سەرەڕای ئەو سامانەشی کە هەیەتی بە چاوی سووکەوە سەیر ئەکرێو هەمیشە خۆشی خەمگینو پەستی پارەی زیاترە .

پێغەمبەر ئەفەرموێ « آکل الربا ملعون » واتە سووخۆر بە لەعنەت کراوە ..

ئەی دەوڵەمەند هیچ شەرم ناکەی دەست لە هەژارێك پان ئەکەیتەوە کە لە قەرزەکەی خۆت زیاترت بداتەوە ..؟ تۆخوا سەرشۆڕی نیيە بۆتۆ پارەی فرمێسکاوی ئەنێیتە سەریەك .

ئەوی بەڕاستی شایەنی ( پێکەنینو داخە ) ئەوەیە کە زۆربەی سووخۆران ئەو دەوڵەمەندانەن کە سەریان بچی نوێژیان ناچی وە سەرەڕای ئەرەش ( حاجیشن ) بەڵێ هەر کە ووترا سووخۆر گورج حاجییەکت دێتە بەرچاو ، وەك مامۆستا کامەران لە هۆنراوەی « شەری گەورە » دا ئەڵێ :

پشتێن ڕەنگ زەردی وەك گوگرد

باسی سنووقە چای ئەکرد

ئەوانەی کە سوو ئەخۆن وەکو وتمان ئەو چەشنە کەسانەن کە خۆیان بە ئیماندارو لە خواترس دائەنێن بەڵام چاویان لە ئاستی ئەم فەرموودەیەی خوادا ئەنووقێنن کە ئەفەرموێ « وذروا ما بقي من الربا إن كنتم مؤمنين » واتە نیبکەن ئەگەر واز لە سووخۆری نەهێنن خاوەن ئیمان نین .

وە هەروەها پێغەمبەر ئەفەرموێ « إياك والربا فمن أكل الربا بعث الله يوم القيامة مجنوناً يتخبط » یەعنی نەکەن سوو بخۆن ، سووخۆر لە ڕۆژی دواییدا ( قیامەت ) کە زیندو ئەکرێتەوە شێتو سەر لێشێواو ئەبێ .

ئنجا هەندێك کەس ئەڵێن کەوا سوو ، سوودی هەیە بۆ پەرەپێدانو گەشەکردنی ئابووریی نیشتمانی بەڵام نەء ، بە پێچەوانەی ئەوەوەیە ، چونکە ئەوی پارە بە سوو

وەرئەگری لە زورکاتا ئەنجامی هەر نابوت بوونە ، چونکە هەرچەندە هەول بدا لە سووەکە زیاتر پەیا ناکا ، ئەمە لە لایەکەوە وە لە لایەکی تریشەوە ئایا بوچی دەولەمەند بەبی « سوو » پارە بە قەرز نەدا ؟ بوچی ئەمەندە تیر نەخورو بە هەلپەبی لە هەموو کاریکا هەر چاوەرریی پارەی زیاتر بکا ؟ جگەلەمەش دەولەمەنـــد ئەگەر ئەیەوی پارە بلاو بکاتەوە بو سوودی گشتی با بفەرموی پروژە ساز بکا ، چاپخـانەو کارگەی میوەو جگەرەو گەلیك کارگەیتر لە کوردستانا بکاتەوە تا هەژارانیش سـوود لەو پروژانە وەرگرنو نەتەوەکەشمان لە رووی ئابووریو بیرو باوەرریشـــەوە پیش بکەویو خوشیان ( ئەو دەولەمەندانە ) قازانجیکی باش بکەن .

ئەی دەولەمەندی سووخور ، خوت لەبەر چاوی خواو نەتەوەکەت رووڕەشمەکە ( سوو مەخو ) بە جوریکی پاك پارەکەت بەکار بینە ، کوردستان پررە لە کەمو کورری کوردستان سەدان کارگەی پیویستە .

لە کوتاییدا ئەلیم ئەبی ئەوەشمان لەبیر نەچی کە هەندیك لەوانەی پارە بە سوو لە دەولەمەندان وەرئەگرن ئەوانیش گوناهبارن ، چونکە هی وا هەیـــە ( وە بگرە زوربەی هەژارانی شارستان ) پی بەقەد بەررەی خوی راناکیشی لەبەر ئـەوە ئەچی پارە بە سوو قەرز ئەکا تا لە ئەنجاما مالی ئیجگاری ویران ئەبی و منال و منالی سەرگەردان ئەبن .

www.zheen.org

## جوری سوو

زور چەشنە موعامەلە هەیە کە بە تەواوی سووەو خوینی هەزار مژینـــە کەچی ناویکی تری لی ئەنینو بە درو خویان و خەلکی پیئەخەلەتینن ، لەم چەشنە سووانەش دوانیان لە ناو ئیمەدا باوە کە ئەمانەن :ـ

**١ ـ سەلەم :** ئاین ریگەی داوە بە سەلەم کردن بەلام بە مەرجیك کە مالی هەژار تالان نەکری ... واتە هەژاریك لەپیش ئەوەدا کە بەرروو بوومی کشتو کالەکەی هەلگری کە کەوتە تەنگانەوە دەولەمەندیك

ئەتوانی ئەو بەرهەمەی لی بکرری بە جوریك کە جوتیارەکەش لەو تەنگانەیە رزگاری بیو دەولەمەندەکەش قازانج بکا . وەکو : بلێین ربەی برنج لەکاتي هەلگرتنا نرخی ئەگاتە چوار دینار دەولەمەند بە ٥ر٣ دینار یان بە ٣ دینار لی‌ی بکری باشـــە ، کەچی نەء بە پیچەوانەی ئەوەوە بەرهەمی سالیکی جوتیاریك بە دەیەکی نرخی خوی لی ئەسینن ، بەم جورە جوتیاری بەسزمان زستان بەو نەختە پارەیـــە نەختی چا ئەخواتەوەو کاتیکیش کە بەرهەمی هەلگرت دەستەو ئەژنو لی‌ی دائەنیشی . بەم‌چەشنە دەولەمەندی وا هەیە بە ناوی سەلەمەوە سالی مالی سەدان جوتیار ویران ئەکا .

ئەری شوورەیی نی‌یە نانی فرمیسکاوی‌و خویناوی ئەخون ..؟

سەرشورری نی‌یە بە رووتاننەوەی هەزاران کوشك دروست ئەکەن‌و خوتان با ئەدەن ؟

## „ چـــا “

تکەی ژین
www.zheen.org

هەندیك دووکان هەن تا بنمیچ سنووقە چاو فەردە شەکریان هەل چنیوە ئەمانە وەك ئەو پیاو خورانەن کە ئەچن بو راوی ئادەمزاد ، لە بەیانی‌یەوە دائەنیشن‌تا شەو بەلکو چەند نیچیریکیان دەست بکەوی پیستی بگورروون‌و مال و منالی بهاوونـــە تەنووری نەبوونی‌یەوە ، سەیریش ئەوەیە ئەم‌جورە دەولەمەندانە سەری فیزیش ئەلەقینن‌و ئەلین شتین ! خاوەنی کوشکین ، پارەدارین خانەدانین !!!!!

ئەم دەولەمەندانە هیچ شەرم ناکەن بە پارەی ئەو هەزارانە کوشك ئەکەن و کەچی فیزیشیان بە سەرا ئەکەن .

یەکیك کە پارەی پیویست بی ئەچیتە لای دەولەمەندیکی ( چا فروش ) !! وە پی‌ی ئەلی ئەمەندەم پارەبەری . . ئەویش ئەلی من پارەم نی‌یە چام هەیە ئنجا دینی بلێین ١٠ سنووق چای بە پەنجە بو نیشانە ئەکاو ئەلی ئەوا من ئەم ١٠ سنووق چایەم بە ٢٠٠ دینار فروشت بە تو ، ئەمیش ئەلی باشە ... ئنجا کومپیالەیەکی ٢٠٠ دیناری بو ماوەی چەند مانگیك لی وەرئەگری دوای ئەمە پی‌ی ئەلی ( ئـــەو

سنووقه چاپانه نافروشیتەوه ) کابرای لاتیش ئەلی بەلی . . . دەباشــــه به چەند . . . مەیلی خوته ، ئەمیش ئەلی به ١٥٠ دینار بەم جوره دەولەمەندەکه ١٥٠ دینـاری ئەداتی به ٢٠٠ دینار . . .

ئەمه پیسترین سووه . . . وه ئەم چەشنه دەولەمەندانه سەرەرای ئەوەش کە له رووی سوو خواردنەوه تاوانبارن ، لەو رووەشـەوه هەر تاوانبارن که ئەیانەوی فیل بکەن !! گوایه خوا ئاگای لیتان نی‌یه ؟ خوا نازانی ئەوه سوو خوری‌یه کەچی تو ئەتەوی بەکررین‌و فروشتنی بی خەوشی دانی‌ی ؟.

لەم‌جوره سووەشا جگه له دەولەمەند تاوانی هەندیك بی پارەشی تیایه چونکه هی وا هەیه ئەو پارەیەی بو شتی ناررەواو نابەجی ئەوی وەکو له ئەنجامی قومارکردنا زوری دورراندووەو یان ناومالی فروشتووەو ئنجا ئەکەویته قەرز کردن ، بەلام ئەمه به هیچ جوریك دەولەمەندی سووخور له تاوان رزگارناکا چونکه زوربەی ئەوانەی که بەرهەم به سەلەم ئەدەن‌و پاره به ( چا ) قەرز ئەکەن ناچارن و تووشی تەنگانه بوون . . . وەهی‌وا هەیه ناچار ئەبی کە پاره بو نەخوش قــــەرز بکا ، کەچی دەولەمەندی سووخور به جوریك ئەیررووتینیتـــــەوه که قەرزکەرەکەش له عەزرەتا نەخوش‌کەوی .

بنكەی ژین
www.zheen.org

روژی نوی
گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یه
خاوەن‌و بەرریوەبەری لی‌پرسراوی : پاریزەر جەمال‌حاجی‌فەقی‌شالی
سەرنووسەر : کامەران
ناوونیشان : سلیمانی ـ شەقامی سەیوان ـ روژی نوی ـ جەمال‌شالی

# بو خوشەویستەکەم

قادر شریف کوردە

هاوریی ژیانم هەرگیز توم لە بیر ناچیتەوەو هەمو کاتیك وینەی سروشتی توم دیتە بەرچاو ، وەکو سەیری پەردەی سینەمایەك بکەم ، ئاوەها وینەی تو ، ئـــەو قژە ( زەردە ) زیرینەت کە بەلای منەوە گەلیك لە ئالتون جوانترەو ئەو کولمە (سورە)ت کە ریكوپیك وەکو کوردەواری خومان ئەلین ( ئەلی سیوە لاسورەیە ) ، بەراستی نازانم چون دینە بەرچاوم ، خو گەردنە ( سپی ) یە بلوریەکەت لە خوشیا دلم دینیتە کوتەکوت ، بەراستی سوخمە ( سەوزە ) نایابەکەت کە سەر ( سینە ) تی گرتوتـەوە ئەوەندەی تر دیمەنی سروشتیی جوان کردوە .

ئای لەلای خاوەن ( خوشەویست ) تان چەند جوانە سورو سپیو زەردو سـەوز تیکەلاو بیت ، ئەو دیمەنە جوانە کەبە ( ملیون ) ەها دل ئارەزوی ئەکاو دلی پیی گەش ئەبیتەوە .

خوشەویستەکەم وا تی‌نەگەی کە توم لە بیر چوبیتەوە ، نەە ... هەمیشە توم لەبیرەو لە یادت ناکەم ، بەلام ئەزانی بوچی کەم ئەمبینیت ، چونکە ئـەو شتە کە ســـال دوانزە مانگە قوتابیان ( بە منو تو ) شـەوە لیی ئەترسـان نزیك بوەتەوە ، وا مام ( امتحان ) سەر لەنوی هاتە پیشەوە ، ساتا زووە فریا کەوین ، خومان ئامادە بکەین بەلکو ئەمسال دەرچین ئەم ( پلە ) ناخوشەش ببرین ، سالە دواییدا بەیەك ئەگەینەوە .

خوشەویستەکەم ، وە نەبی ( امتحان ..!! ) وای لی‌کردبم کە ئیتر هەرتوم لەیاد نەمابیت ..! نەء بەلکو لەبەر تویە وا توشی ( امتحان ..! ) بوم بو ئـەوەی لـە دوا روژدا بگەمە تو وەبە دیدارت شاد بم ، بو ئەوەی تی‌بگەی کە توم لەبیر نەچوتەوەو ناچیتەوە وا بەسەرهاتی تاقە یەك شەوی خومت بو ئەگیرمەوە ، سا توش خوتو خوای خوت لەبەر دادگای دلدارانا شکاتی خوت بکە منیش پاریزگاری لە خوم ئەکەم .

شەویك لە مالەوە ، لەبەر چرایەکی کز لەناو ژورە بچوکە تەسکەکەمانا لـــەناو

خیزانەکەمانا کە ( ١٤ ) کەس ئەبن لەگەل باوکما ژورەکەمان بە دوکەلی جگەرەی باوکم ئەوەندەی تر تاریك بو بو وە دوکەلەکە زوربەی ( شەپولی ) ی روناکیەکەی هەل ئەمژی ، ئا لەو تاقە ژورەمانا دانیشتبوم لەلایەکەوە زرەی پیالەو کاسەو کەوچك تی کەل بەقیژە قیژی منالەکان ئەبو وە ئاوازیکی تری لی دەرئەچو ، لەلایەکي تریشەوە قسە خوشەکانی باوکە پیرەکەم هی روژانی شیخ محمودو بارزانو سەفەربەرو کوربنی خوی ، خستومیە دەریای لیك دانەوەوەو لەگەل ئەمانەشدا جار جار سەیریکی پەراوەکەم ئەکرد بو خویندنەوە ، کاتیکم زانی تارماییەك بەبەر چاوما هات ، لەپاشا کە بەرچاوم روون بوەوە وینەکەتم لەناو ئەو هەمو دوکەلەدا دی کەلە ( بنمیچ )ی ژورەکەدا پەنگی خواردبوەوە ، وەکو ئەستیرەیەکی گەش لە ئاسمانیکی قەشەنگی تەماوی‌دا بینم ئاوەها ، نیازم وابو کە هەلسم باوەشت بو بگرمەوە بەلام هیزی ئەژنوم نەبو ، خو لەبەر قیژە قیژی ئەو منالە ( ساویلکانە ) گویم لە دەنگت نەبو ، نەم زانی چیت ویست بویە لەناو هەنسکی گریانا فرمیسك بەرچاوی گرتم ، ئیتر لەبەر چاوم وون بویت بەلام بەم چەند ووتەیە دل خوشی خومم دایەوە : [ تو بلیت روژی هەل نەکەویت توی تیا بەخوشی بینمو بکەینە ئامانج ] .

www.zheen.org

# شەمشەمە کویرە

- کە روژ هەلدی شەمشەمە کویرە چاوی نابینی ، بەلام کە روژ ئەکەویتە ژیر هەورەوە چاوی ئەبینی .
- ئیواران لە هیلانە دیتەدەرەوە چونکە دنیا تاریکەو میشو مەگەز لەوکاتەدا زورە بیانخوات .
- دووگویی هەیە ، دانی هەیە ، وە دەنووکی هەیە .
- شەمشەمە کویرە وەك ئادەمزاد پی ئەکەنیو وەك چوارپی میز ئەکا .
- شەمشەمەکویرەی می ئەکەویتە حەیزەوە .
- شەمشەمە کویرەی می بەچکەی خوی هەل ئەگری وەگەلی جار بەئاسمانەوە شیری ئەداتی . وە ٣ تا ٧ بیچووی بە سکی ئەبی .

# ئاویستا

شوان
زانستگای پەروەردە ـ بەغدا

ئاویستا ئەو نامە ( کتیب ) ئاینییە یە کە زەردەشت لە سەری ئەرویشت ، وە ئەمەش ئەکری بە چوار بەشـــەوە ڤەندیدات ، ڤسپرد . ئەلیستا ، خوردە ئاڤیستا پەشتیات ، .

ڤـەندیداد : نامەیەکی ئاینیە باسی چونیتی دروســـت بونی جیهان ئـەکات ، وە گفتوگویەکە لە بەینی زەردەشت‌و هورمزدا . بە زمانی ساسانی

بەلام ڤیسپرد : ئەویش بەشیکی ترە لەنامەکەی زەردەشت باســـی ئاین‌و ریك وپیکی نویژ ئەکات وەپیك هاتوە لە ـ ٢٤ ـ کردە ( فصل ) .

وە ئەلیســـنا لە ـ ٧٤ ـ ها پیك هاتوە ( بەش ) وەئەمەش بریتیە لەخویندنی شتی ئاینی لەکاتی (قوچ ) کردن وەلـــە زور کاتی ژیانیشدا ئەخویندریت بوخوشی‌و ناخوشی ، .

بەلام خوردە ئاڤیســـــتا کومەلە نوشتە‌و نویژیکە لەگەل سروودی ئاینی لەجەژن‌و روژە پیروزەکاندا ئەخوینریت .

بەلام پەشـــیتات چەند پیا هەلدانیکە ( مدح ) لەکاتی خواپەرســــتن‌و قوچ‌و جی‌بەجی کردنی فەرمانی ئاینیدا ئەخوینریت ، وەهەندیکیش ئەلین ئەم نامەیە بەشیکە لەخوردە ئاڤیستا ، لەپیشەوە ئاڤیستا بەزمانی ئاویستی نوسراوە کە ئەمەش لقیکە لە زبانی هندو ـ ئەوروپی ، وەیان ئەتوانین بلین زمانی مادەکان بو ( میدی )

لەپاشدا لەکاتی ساسانیەکاندا گورراوە بو زبانی پەهلەوی کون ، وەچەند بەشیکی ئاویستا کەلە کاتی خویدا گورراوەتە سەر زبانی سەنسکریتی . وەبەشیکیشی لی‌گورراوەتە سەر زبانی کوجەراتی ( فارسی نوی ) .

فەرنســـیەکان هەندیك لـــە ئاویسـتایان گوریوە بو زبانی فەرەنسي وە هەروەها ئەلمانەکانیش زور گوییان داوەتە ئەم نامەیەی زەردەشت تا فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەلمانی فردریك نتشە چوار پەرتوکی لە سەر زەردەشـتو ئاینەکەی نوسیوەتەوە وە زور لـە زانا عەرەبەکان باسی زەردەشتو ئاینەکەیان کردوە وەکو ـ طەبەری ـ لە پەرتوکی تاریخ الامم والملوك ) وە . مسـعودی . . لـــە پـەرتوکی ( (مروج الذهب ) . . و التنبیە والاشـراف » باسی زەردەشتو ئاینەکەی کردوە ، وە شەهرستانی لە پەرتوکی « ملك والنمل » باسی کردوە ٠

لە پەرتوکەکەی طبریدا « چاپی یەك » ل ٢٨٤ » کەلە چاپخانەی استقام لە قاهرە چاپ کراوە ئەلیت لە سـەردەمی پشـتاسپدا زەردەشت پەیدا بو کەوا مەجوسـەکان بەپیغەمبەریان ئەزانی وە زور لە زاناکان بە خاوەن نامەی ئاینیان ئەزانی « اهل‌الکتاب »

وەلە لاپەرەی ـ٤٠٠ ـ دا ئەلیـت کەوا زەردەشـــت کوری ئەسفیان بوە ـ دیاری خستوە کە نامەکەی بو نیراوە .

وە مسعودی لە ( مروج الذهب ) دا ( ١ ــ١٤٢ ) « ١٦ » ئەلیت زەردەشت خـەلکی ئازربایجانە وەکوری ئەسـتیمانە وە نامەکەی ناوی زمرمە بوە بەلام لای خەلکی ناســـراوە بە ئاویستا . وە زەردەشت زورشتی سەیری ( معجزە ) کردوە بوئەوەی کە خەلك بروای پی‌بکەن ، وەئەلی ئاویستا بە زبانیك نوسراوە کە ئەبجەدیەکەی ــ٦٠ــ پیتە ، وەلەو شتە سەیرانەی کەزەردەشت کردویەتی بوئەوەی خەلك بروای پی بکات ، شتی گشتیو شتی‌تایبەتی بوە ، شتی‌گشتی وەکو وتویەتی ئەمسـال باران کەم ئەباریت وەیا فلان پاشا ئەمریت لە فلان کاتدا وەفلان دەرد دائەکەویت لەفلان کاتدا .

بەلام شتی تایبەتی وەکو فلان کەس لە فلان کاتدا نەخوش ئەکەویت ، وە مانگای فلان کەس گویرەکەکەی نیرو رەش ئەبیت وەیان هەمو سفەتەکانی وتوەپیش بونی بە ماوەیەکي زور .

دیسانەوە مسعودی ئەلیت زەردەشت ئاویستای لە سەر پیستی ــ١٢ــ هەزار گانوسیوە بە زیرر وە بەزبانیکی هیند رەق نوسیویەتی کە خەلکی نەیانتوانیوە پیی بنوسن

وپی بدوین ، لەبەر ئەوە خوی بەشیوەیەکی ئاسانتر نوسیویەتیەوە ، بەلام کاتیك کە ئەسکندری مکدونی ئیرانی داگیر کرد هەندی لە ئاویستای دەست‌کەوت‌و سوتانی ، وەئەو شیوەیەی کە زەردەشت خوی نوسیبویەوە بەئاسانی پییان ئەوت ـ پازند ـ بەلام پاش زەردەشـــت بە زورشیوە گوررا بوبلاو کردنەوەی‌و ناوی ئەو « تفسیرانەی » باردەیەو زور خەلکیش لەدەمی خویدا لەبەریان ئەکرد بەلام کەس نەی ئەتوانی هەموی لەبەر بکات لە بەر زوری ماوەی پیغمبەری زەردەشت ٣٥ سـال بوەو پاش مردنی زەردەشت یەکیک جیی گرتەوە کە ناوی « جاماسپ » بو و ئەمەش بەفەرمانی پاشای کشتاسب لە جیی دانیشت زەردەشت زور کەس لەبابەت ژیانیەوە دواون هەندیك ئەلین هەزار سـال پیش عیسا بوە ویونانیەکان ئەلین ٦ هەزار سـال پیش ئەرستو بوە کە ئەویش ٥٠٠ سـال پیش میلاد بوە وفارسەکان ئەلین کەوا زەردەشت ٦٠٠ سـال پیش عیسا بوە بەلام روژ هەلات ناسیکی بەناوبانگ پاش لی کولینەوەیەکی زور ئەلیت سـالی ٦٦٠ پیش میلادی لە دایك بوو وەسالی ٥٨٣ پیش میلاد مردوە و ئەلیت زەردەشت لەمیدیا لە دایك بوە ویەکەم کەس کە لایەنگیری کرد فش‌تاسب بو باوکی دارای یەکەم .

وە دیســـان پارسـەکان ئەلین کەوا زەردەشت لە پیشـەوە چوەناوچەی توران بو بلاوکردنەوەی ئاینەکەی بەلام نەی‌توانی بەباشی ئاینەکەی بلاوبکاتەوە لەبەر ئەوە بەفەرمانی هورمز هاتەوەبو فشتاسب لەوی ئاینەکەی بلاوکردەوەو ئەم گەرانەوەیەی لە تەمەنی ٤٢ سـالیدا بو کە گەرایەوە فشتاسب واتە لە سـالی ٦١٨ پیش عیسا گەرایەوە بو فشـتاسب وەپاش ئەم ئاینەکەی هەموو ایراني گرتەوە طورانو هیندیشی داگیر کرد وهەروەها ئاسیای بچوك و ئەغریق باوەریان پی هینا .

بەلام دوای شـەری لە بەینی « هیاوٌنا » کانو زەردەشتەیەکان رویو ئەلین گوایە زەردەشت لەوشەرە دا کوژرا یان لەسەر دەمی ئەوشەرەدا مرد . لەتەمەنی ٧٧ سالیدا .

کورتەی یادداشتەکەی دکتور کامەران

## بو سەرەکی دیوانی مافی ئادەمزادی ئەوروپایی

حکومەتی تورك بەپێی قانوونی ژمارە «١٠٥» تشرینی یەکەم ١٩٦٠ بەرپرسیارەکانی لەشکری توانایان دراوەتی کە هاوولاتی یان بگرن و دووریان بخەنەوە . ئەم قانوونە جەنەرال کورسیل دایناوە ، وە بەرامبەر بە کوردستان بەکار ئەهێنرێ .

بەپێی ئەم قانوونە ٥٥ کەس لەناودارانی کورد لە شوێنی خۆیان دوور خراونەتەوە .

قانوونی ژمارە ١٠٥ ڕاستەو خۆ وە بەئاشکرا دژی مافەکانی ئادەمزادە وەهەروەها دژی پەیمانی مافەکانی ئادەمزادی ئەوروپایی‌یە کە تورکیا خۆی ئەم پەیمانەی مورکردووەو دانی پیاناوە .

دەربارەی نادادیو تاوانباریی حکومەتی تورك بەرامبەر بە کورد بە پێویستمان زانی کە دیوانی مافی ئادەمزادی ئەوروپایی ئاگادار بکەین تا بچێتە بنج و بناوانی چونکە رژێمو قانوون و رەفتاری حکومەتی تورك دەربارەی کوردستانی تورکیا بە تەواوی دوژمنانەیە ، وە بە هیچ جورێك سەربەستیی ئەوویان نی‌یە کە دەنگی خۆیان بگەیەنن بە دەرەوە لەبەر ئەوە وامن لەم ڕووەوە ئاگادارم کردن .

ئیتر ریزتان

کامەران ئالی بەدرخان

پاریس ١٩٦١/٤/١٥

---

دکتور کامەران یەکە یەکە ناوی ئەو ( ٥٥ ) دوورخراوانەی لە یادداشتەکەدا نووسیوە لەگەل ناوی شوێنەکانیشیان .

# [ نەخوشی شەکر ]

دکتور قادر شالی

١ ـ حەجمی خوین لەلەشی مروڤیکدا نزیکەی پینج (٥) لترە ، وە نزیکەی لە سیانزەدا یەکی کیشانی لەشی مروڤە .

٢ ـ خوین لە دوو بەشی پیك هاتوە ، یەکەم بەشی شل کە پی ئەلین پلاسما وە ئەمیش لەمانە پیك‌هاتوە : ـ ئاو خویی عضوی‌و غیر عضوی ، موادی چەوری‌و شیرینیو پروتینات‌و هەندی غاز وەکو اوکسجین‌و نتروجین ، وە مادەیەك کە پەیوەندی هەیە بە خوین بەستنەوە پی‌ی ئەووتری پەیاکەری فایبرین ، وە بەشەکەی دوەمی خریلەکانە ئەمانەش بریتی‌یە لە خریلە سورەکان‌و خریلە سپیەکان‌و پلات لیت .

٣ ـ ژمارەی خریلە سورەکان لە خوینا ٤/٥ ـ ٥ ملیونە لە ١ ملم٣ . وە ئیشەکەشی هەلگرتنی اوکسجین لە سیەکانەوە بو هەموو ئەندامی لەش وە بردنەوەی دوەم ئوکسیدی کاربون لە ئەندامەکانەوە بو سیەکان .

٤ ـ ژمارەی خریلە سپیەکان لە خوینا ٥ ـ ٦ ملیونە لە یەك ملم٣ ، وە ئیشەکەشی بەرەنگار کردنی میکروبانە کە ئەچیتە ناو لەشەوە .

٥ ـ مقداری شەکر لە خوینا ٨٠ ـ ١٢٠ ملغم لە ١٠٠ سم٣ خوین ، وە ئەم شەکرەش لە شیوەیەکی زور سوکایە پی‌ی ئەلین گلوکوز ، وە بەم شیوەیەیە کە ئەندامانی لەش ئەتوانی بو هەلسورانی کاروباری بەکاری بینی .

ئەم رادەی شەکرە لە خوینا گەلی هو رایگرتوە وە نایەلیت زیاو کەم بکات وە لە هەموویان گرنگتر [١] لوی پانکریاسە ، چونکە ئەم لوە یەکی لە ئیشەکانی ئەوەیە کە بەواسطەی حجیراتی لانگرهانسەوە هورمونیك پەیا ئەکات پی‌ی ئەووتری انسولین . وە ئیشی ئەم هورمونەش ئەوەیە کەوا ئەو بەشە شەکرەی [ گلوکوز ] کەلە خوینا لە رادەی سروشتی زیاتر ئەبی ئەم ئەی‌گوری بو شیوەیەکی تر کە پی‌ی ئەووتری

گلای کوجین کەلە جگەرو ماسولکەکانا کو ئەبیتەوە بو کاتی پیویست ، انجا ئەگەر انسولین لەبەر هەر بونەیەك لە خوینا کەم بو ئەوا گلوکوزی خوین لە رادەی سروشتی بەرز تر ئەبیتەوە وەلە ئەنجاما نەخوشی شەکر پەیا ئەبی .

٢ ـ وەکو ووتمان گلای کوجین لـە جـــگەرا کوئـەبیتەوە ، وە جگەریش لە بەرەوە بە گویرەی پیویستی لەش ئەم گلایکوجینە ئەداتەوە بە خوین پاش ئەوەی ئەچیتەوە شیوەی گلوکوز ، انجا ئـەگەر جگەر نەتوانی ئەم گلایکوجینە لای خوی کوبکاتەوە وەلە کاتی پیویستیدا بیداتەوە بە خوین ئـــەوا رادەی سروشتی شەکری خوین [ گلوکوز ] کەم ئەبیتەوە چونکە ئـەندامانی لەش ئەو وەختە گلوکوزی خوین بەکار ئەهینی بی ئەوەی هی تری بچیتە سەر تا لە رادەی سروشتیا رایگری ، وەلە ئەنجاما ئەگەر چارە نەکری نەخوشی کەم بونی شەکری خوین پەیا ئەبي .

٣ ـ لوی ادرینالین و پیتویترین کە ئەمانەش جورە هورمونیك دروست ئەکەن کە بە پیچەوانەی انسولینەوە ئیش ئەکەن واتە گلای کوجین ئەگورنـــە سەر شیوەی گلوکوز .

لەمانەی باسمان کرد لە هەموویان گرنگتر کە دەستیکی بالای هەبی لە راگرتنی رادەی گلوکوزی خوینا هورمونی انسولینە ، ئەگەر ئەم انسولینە کەم بو ئەوا رادەی گلوکوز بەرز ئەبیتەوە وە ئەبیتە هوی تیك چونیو شیوانی میتابولیسمی چەوری وە پروتیناتی لەش وە پەیابونی نەخوشی شەکر ئەو کەسەی کە توشی ئەبی هەست بـــە تینویتی زور ئەکا ، دەمی ووشك ئەبی ، میز زور ئەکا ، لاوازو بیهیز ئەبی ، وە دوور نیە ماوەیەکی زور بەم چەشنە بمینیتەوە ، وە ئەگەر بیچارە کردن مایەوە ئەوا تینی لیئەسینیو موادی کیتوني لە خوینا کوئەبیتەوە ، کاروباری ئەندامانی لەش ئەشیوی وە بەرەو بیهوشی بوونو مردن ئەروا .

ئەو ماکانەی کە لەم نەخوشیەوە ئەوەشیتەوە زورن بە تیکرایی دومەلو شیر پەنجە داگیرسانی دەمارەکاني هەستو جولانەوە ، تیك چونو بیهیزی چاو ، برینو مردنی هەندی ئەندامی لەش ، سیلی سیەکان ، کەم بوونی ئارەزوی جنسیو نەزوکی (عقم)



www.zheen.org

بو چارە کردنی پیویستە ئەو خواردنانەی کە ئەدری بە نەخوش بــە جوریك پی‌کەوا پیویستی لەشی جی‌بەجی بکاو نەشبیتە هوی تیك چونی میتابولیسی لەش ، وە هەروەها خوین‌و میزی تاقی بکرینەوە بو رادەی شەکر وەبە گویرەی ئەوە ئەنسـولین لە خوی بدا چونکە زور بەکار هینانی ئەنسولین دوور نیە ببیتە هوی کەم بونـەوەی شەکری خوین کە ئەمەش مەترسی زورە .

وە هەندی دەرمانی تریش بەکار دیتریت وەکو دای‌باینیز ، نادیسان‌و راستینون . وە ئەو کەسەی کە دووچاری ئەم نەخوشیە ئەبی هەتا ماوە لەگەلیا ئەبی لەبەر ئەوە پیویستە خوی فـیری تاقی کردنـەوەی مـیزو دەرزی لی‌دان بی وە بـە کورتی خوی دکتوری خوی ئەکا .

لە بیرمە وەك شتی مەعلووم
منال بووم عاشقی تو بووم
کە ماموستام
لە ریز دایننام
وتی ئەی خام
بنووسە جوان :
فیدات بم خاکی کوردستان

بەختیار زیوەر

ژینکەی ژین
www.zheen.org

# * كوردی پەتی

## * سەربەستی ئافرەت

« باخەوان »

کە سەرنجی گوڤارو پەرراوە کوردی‌یەکان ئەدەین بومان دەرئەکەوی کەوا زمانی کوردی گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی پیشکەوتن . وەدەسوبردی‌یەکی تەواو هەیە لە دوزینەوەی ووشەی تازەی کوردی‌دا وەژارکردنی زمانەکەمان لە ووشەی ناقولای بیگانە ، کەچی کە ئەچینە ناو خەلکەوە ، بەتەواوی بەپیچەوانەی ئەمەوە ئەبینین ، سەیر ئەکەی ئەمرو ووشەی بیگانە لە جاران گەلیك زیاتر خوی هاویشتوتە ناو زمانەکەمانەوە وەئەمەش زوری لە ناو خویندەوارانا هەیە ، ئەگەر روو بکەیتە لادی‌یەك یان شاریکی پچووك ووشەی ئەوتو پەتی ئەبیستی کە لە ناو شاراهەر بیرچوتەوە ٠ کەچی روژ بە روژ وشەی تازەی بیگانە دیتە کایەوە

بونموونە ئەم ووشانەی خوارەوە کە هەمووی بەم زوانە پەیدا بوون .

| | |
|---|---|
| دوونهوم | دووقات |
| باخ | حديقه |
| چاوەنواردری | انتظار |
| شەقام | شارع |

لە کاتیکا ئیمە بژاری ئەم چەشنە وشانە ئەکەین ، لەولاوە لەگفتو گوکردنا بەلیشاو خویان ئەکەن بەزمانەکەمانا ، تاوای لی هاتووە ئەگەر بیتو بیگانەیەك بەپی‌ی پەرراوی کوردی فیری زمانی کوردی بکەی کەهاتە ناومانەوە سەری سوور ئەمینی جونکە لە زوری ئەو وشانە ناگا کە هەمووی ووشەی بیگانەن .



بنکەی ژین
www.zheen.org

ووشەی بیگانە لە دوان و گفت‌و گوکردنا بەجوریك بەکار ئەهینری ئەوەندەی نەماوە زمانەکەمان بکەویتە مەترسی‌یەکەوە کە وەکو زمانی فارسی‌ی ئەمرووی لی بی .

بەتایبەتی فەرمانبەران لە کاروباریانا زوربەی ئەو وشانەی بو گفت‌وگوکردن بەکاری‌دینن عەرەبین ئەمەش بی‌گومان سەرەرای کەمتەرخەمی‌ی خویان تاوانی ئەو ( وەزعەشی ) تیایە کە ئەم جورە وشانەی بەسەرا سەپاندووین چونکە نووسین لە ( دائیرەکانی حکومەتا ) بە عەرەبی‌یە .

سەیرکەن جاریکیان چوومە لای فەرمانبەریك لە کاتی گفت‌وگوکردنا چی‌ی پی‌وتم . . ! ! فەرمانبەرەکە وتی :

لطفاً استراحت بکە تا وارده ئەکری‌و تدقیقی ئەوراق ئەکەم بەپی‌ی اقتدار ئەو مقدارە دفع بکە کە ئەبی بە کفیلی متعهد ئنجا تصدیق ئەبی .

ئنجا لەمەوە سەیر بکەن ئایا ئەبی ئیمە هەر وەك بوخچە بەگەردانی هەر ووشەی کوردی لە ناو خومانا بگیرین ؟ یان پیویستە بە ناو گەلدا بلاوی بکەینەوەو نەخویندەواران فیری ووشەی کوردی پەتی بکەین ؟

## « سەربەستی ئافرەت »

لە ژمارەی پیشوودا رەخنەمان لە ژنان گرت وا ئەم جارە لە میردانی ئەگرین . ئەمانەی من ئەینووسم شتیك نی‌یە کەس نەیزانی ، یا تەنیا هەر لەولاتی ئیمەدا بی . رەنگە بلین کە سەربەستیمان‌دا بەژن ئیتر تەواو ، بەلام لەراستیدا بەشی زوری ئەم سەربەستی‌یە لەبەر چاوی جوانی ژن نی‌یە کەمیرد بەدەورو پشتیا دیت بەلکو بونەوەیە کە ژنەکەی بخەلەتینی بەوەی کە ژنەکەی بە جل‌و بەرگی جوان و خشل‌و گەررانەوە خەریك بوو ئەمیش خەریکی رابواردن بی‌و ژنەکەی لی‌ی نەپرسیتەوە .

لەباسی پیشوودا لەوە دووایین کە پیویستە ژن ئاگاداری‌ی کاتی خواردن‌و حەوانەوەی میردەکەی بی ، ئەی بوچی بەپیاو نالین تو کە داوا لە ژنەکەت ئەکەی لە مالەوە بەرگی جوان بپوشی‌و مالەکەی ریك‌و پیك بی خوشت شەواو شەو نەبی سەر ناکەیتەوە بمالا ، وەبە تونیلی ئەزانی .

بەلی پیاوی واهەیە کە بەیانی چووە دەرەوە ئیتر سەرناکاتەوە بەمالا تاکاتی نووستن ئنجا کەوابی ئیتر ژنەکەی کتکە نەوتینەبی یان رەنگین پوش جیاوازیی چی‌یە ؟ خوئەو نابینی !

پیاوینە : بوچی بەزەییستان بەژنەکانتانا نایەتەوە ؟ پیاوی وا هەیە ژنەکەی شەو دووسی جار چیشتەکەی بو گەرم ئەکاتەوەو دەجار بەدیار چایەکەوە وەنەوز ئەدا ئنجا بەرریزی دیتەوە ، جاری واش هەیە بەسەر خوشی خوی‌ئەکا بە مالاو بەو نیوە شەوە بەزمیك بەژنەکەی ئەگری وەیان ئەلی ( نان ناخوم ) لەدەرەوە نانم خواردووە . بە ژنمان وت با لەگەل میردەکەی بچیت بوگەرران‌و گەشت بەلام پیاوی وا هەیە بیزی نایە لەگەل ژنەکەیا بگەرری نەك پی‌ی بلین [ ســـەرژنانی ] یان فیزی نایەنیت منالەکەی بو هەلگری ونەختی یارمەتی‌ی بدا ، ئەگەرچی ژنەکەشي نەتوانی منالەکەی هەلگری ، وەهەتا وەکو ئەگەر نەخوشیشی بی هەر ئەبی خوی منالەکەی هەلگری نەك بەو میردە بلین ژن پەرست . ئەری بەراســـت پیاوینە ئیوە ژن خوشـەویست‌بن چاکترە یان قومارچی ؟ ئەری ژن خوش ویستن چ شـــوورەیی‌یەکی تیایە ؟ بوچی ئیمە هەموو کورری ژن نی‌ین ٠ ژن خوش‌ویستن پیروزترین کردەوەی میردایەتی‌یە چونکە هوی کامەرانی‌و خوشی‌و لە ناوبردنی ئاژاوەی خیزانی‌یە .

ئایا ژن خوش‌ویســتن باشە یان دوست گرتن‌و داوین پیسی ؟ لە باسی پیشوودا وتمان هەندیك ژن کە میردەکانیان پیر ئەبن ئیتر فەراموشیان ئەکەن‌و پی یان ئەلین « گەولە کون » . بەلام.هەندیك پیاویـش هـەن کە پارەیان ئەبی یا ژن دینـن وەیان پیاو ئەکوژن .

وتمان ژن کەچـەند منالیکی بوو ئیتر گوی ناداتە میردەکەی . بەلی پیاوی واش هەیە کە ژنەکەی چەند منالیکی بوو ئیتر لووت بە ژنەکەیا دائاژەنی‌و ژنیکی تر دینی‌و منالەکانی زاکو زرووك ئەکەوونە بەر چەپوکی باوەژن .

جاری پیشـــوو رەخنەمان لە ژن گرت‌و ئەمجارە لە میرد ئەی ژن‌و میردینە هەر نەختی بە گویمان بکەن شاد ئەژین .

# ( سمفونیکانی بیتهوڤن )

وریا نوری خفاف
زانستگای کشتوکال

موسیقاری ئەلمانی بە ناو بانگ ( بیتهوڤن ) بە چوار یەکی سەدەیەك توانی (٩) سمفونیە دابنی کەلەهەمو جیهاندا بەشانازیەوە ناو ئەبری بەدەرکەوتی ئاوازەکانی لەوینەی فەلسەفەی تازەدا ، قوول لەدەربریندا ، وەبەهێزی کار تیکردن لەسەر بیروهوش .

« سمفونیەی یەکەم »

سالی ١٨٠٠ ز داینا تەمەنی ٣٠ سال بو ، ئەم سمفونیە کە بیریکی موسیقی فراوان دەرئەبری پیشانی ئەدا کەچون ئادەمیزاد هەستو هیواو آمانجی دەر ئەبری‌لەژیاندا وەلە زور پارچەیا لە پر آوازەکەی نزم ئەبیتەوە وەکو هەوالی کارەساتیك دەربخات وەئەم سمفونیە پیشکەش کرا بە بارون ( فان سویتن )

« سمفونیەی دووهەم »

سالی ١٨٠٢ داینا کە حەزی بیتهوڤن دەر ئەبری بو ناوبانگ دەرکردن وە بەر هەلستکردنی ئەو بیروهوشە پرئاسورانەی کە لەسەر پەرەی دلی ئەنیشیتە سەر یەك . موسیقایەکە کەجوری قارەمانیتی دەر ئەخا کەخاوەنەکەی نایەلی نەبەزین لیی جیابیتەوە .

« سمفونیەی سیهەم »

کە بە ناوی سمفونیەی ( قارەمانیتی ) بە ناوبانگە لە سالی ١٨٠٤ م دانرا بویادی ژیانی ناپلیون بوناپارت وەقارەمانیتی لەشەرەکانی فەرەنسەدا کە هەلیگیرساند . بیتهوڤن ئەیویست سەربەستی بدری بە فەرەنسا وەهیوای وابو ناپلیون بناغەی سەربەستیو آزادی بوگەلانی جیهان کشتی دابنی ئەم سمفونیە آوازەکانی شورشی فرنسا دەرئەبری .

لەدووەم جولاندنەوەیا چونیەتی ئەو کاتە دەرئەبری کە ناپلیون بە مردویی ئەبەن بو دوا بارەگایی .

بەلام سیهەم جولاندنەوەی کەبە شیوەیەکی رازاوە دەری ئەبری کە هیوایەکی پر لە شادی دیتەدی بو هەمو آدەمیزادیك کە بەجوشەوە بەپیریەوە ئەچن وەبو یەکەم جار لە ڤییەننا کەوتە بەرگوی لە روژی ٩ / نیسان / ١٨٠٥ .

« سمفونیەی چوارەم »

ئەو بیرەمان ئەگەویتەوە لە موسیقاکەیا کە کامەرانیەکی زور لە بەر چاوی بیتهوڤنا هەلقولیوە ، لە مایس / ١٨٠٦ ( تریزابرنسویك ) کە قوتابیەکی ژیری ئەبیت ، بیتروڤن وای دەر ئەبری وەکو قوتابیەکەی گولیکی بون خوشی پاك بیت وە لەباتی بون کامەرانیو دلنیایی لی وەرگری .

« سمفونیەی پینجەم »

پارچەیەك موسیقایە لەچوار بەش پیك هاتوە ، لەچونیەنی دەرونی مروڤ ئەکولیتەوە بەو آوازە بەرزانەی پرە لە فەلسەفە .

یەکەم جولاندنەوەی پیشانی ئەدا کەچون بلاری قەدەر بەدەستی بی پەروا ئەدا لە دەرگای آدەمیزاد وەگریژەنەی لە بنا تیك ئەشکینی .

ئنجا دوو دلیەکی پر لە هەلەشەیی دەرئەبری بو لەسەر رویشتنی آدەمیزاد لە ژیاندا مروڤایەتیەکی راستەقینە یان نالەباری هەر وەکو شورشیکی موسیقی بیت ، بەرە بەرە ئەگوری لە آوازیکی نەرمەوە بو توند تر وەهەندی جار لیکدانەکانیان لەیەك ئەدەن لە آسمانی سروشتدا .

ئەوە آدەمزادە کەدەنگی بەرز ئەکانەوەو بەرەوآسمان بەو دەنگەی هەر چەند بەرزی کاتەوە هەر کزەو وون ئەبیت لە ناو وژەی گیژەلوکەدا دوەم . جولاندنەوە بەتەواویی دەربرینیکی راستەقینەیە بەرامبەر گورینی قەدەر لەگەل آدەمزادا . سیهەم جولاندنەوەی دەست پیئەکا بە نائومیدیەکی شاراوە کە آدەمیزاد داوای رزگاربون ئەکات بەلام هیچ لە پیشیەوە نابینی لە تارماییەك زیاتر دەوری گرتوە .

جولاندنەوەی چوارەم : ئاوازیکی گەرم پیشان ئەدا کە چون فنان سەر ئەکەوی بەسەر زولمو زوری قەدەرا ، هەر چەندە هەژاری سەرشانی گرتوە بە دریژایی ژیانی وە

لەباڵی ئـەدا بەڵام کردەوە نەمرەکانی ئەبیستە گەورەترین ســـەرکەوتن لەپاش مردن کە ئەمە هیچ گومانی تیادا نیە .

« سمفونیەی شەشەم »

بو یەکـەم جار لەڤینا لی‌درا لە ٢٢/ کانوونی یەکەمی ١٨٠٨/ ئەویش و ئەیەکی دەربراوە لەبیرو باوەری فنان ، هەستیکی پر لە خوشیە بەرامبەر ژیانی لاوی وە سود لی‌بینیی نیگارە جوانەکانی .

یەکەم جولاندنەوەی : هەســـت ئەکەین بەبی دەنگی لادی لـە روژانی پایزدا حەساندنەوەی شوانەکان لەناو سـەوزە گیایەکی شەونم تی‌پەریوا ، جولاندنەوەی دوەم وینەیەکی دەربراوە پیـــشانی ئەدا لەو لادی‌یەدا هەلقولینی ئاوی کانیەکی سافو رون کە روباریکی بچکولە پیك دینی‌و تینویەتی ئەو سەوزە گیایانە ئەشکینی کە لەبەر ئەرخورە ئالتون رەنگە هەلخـراون . جولاندنەوەی ســـیبەم‌و چوارهەمی : باسی کوبونەوەی جوتیارەکان ئەکات کە گورانیو هەلپەررکی‌یان دەست پی‌کردوە ،بەلام‌سروشت حەزی بەم کوبونەوەیـە نەکرد کە پربو لە کامـەرانی ، هەوری ئاسمان دەستی کرد بەلەیەکدان بروسکە دەستی پی کرد یەك لەدوای یەك . باران نمە نمە دەستی کرد بە هاتنە خوارەوە دەنگی هەوا گورا . گیژەلوکەیەکی بەهیز دای بە سەر یاناو رەوانەی ناودی‌ی کردنەوە . جولاندنەوەی پینجەم : پیمان رائەگەینی کە گیژەلوکەکە دوایی هات بەبی زیان روژ دەرکەوتەوە تاوتاویك بوسەر لادی جوانەکە .

« سمفونیەی حەوتەم »

بیتهوڤن سالی ١٨١٢ نوسیوە وە ناوی ناسمفونیە پیکەنین پیشانی داوە لەوکاتەدا کە خوی گیل کردوە ، هەمو ئاوازەکانی ئەوپەری کامەرانیتی دەر ئەبری .

« سمفونیەی هەشتەم »

پیشکەش کرابە امبراتورەی روسیا لە سالی ١٨١٢ تەواو بو . بەلام بیتهوڤن هەولی نەداوە تیایا کە بە جوریکی تایبەتی بیروباوەری دەربری لە بارەیەوە .

« سمفونیەی نوهەم »

لە مایس /١٨٢٤ پیشکەشی کرد ، ١٠. سالی خایاند تاتەواوبو بیتهوڤن وا پیشان ئەدا کە باری کەوتووە وە کەوتوتە ژیر بالی ناسورەوە گورینیکی لە پردیت بە سەریا ئەچیتە تەوقەسەری خوشیو کامەرانی ئەویش بلیمەتیەکي هەست پی‌کراوە کە دەری ئەخات خوشی چون چ زوو لە ئاسمان دیتە خوارەوە ری ئەگری بو ناو دلیکی پاکی بی‌گەرد .! ئنجا بەو ئاوازە پرلەمانایەوە شورش بەرپا ئەکا بەرامبەر ئیشو ئازار ، ئەو گورانیە پیروزانەی کە بەرز ئەبنەوە بەرەو ئاسمان تیکەلاو بەهەناسەی بیتهوڤن ئەبن لەگەل ئەو هاوارە قولانەی لە دەرونیەوە دەر ئەچیت . ئنجا ئاوازەکەی ئەگوری بە یەکیکی کە وینەی هونەرمەندیك دەر ئەبری لەناو کیلگەیەکدا نوسینەکانی ئەنوسیتەوە بە شـــیتانە لە ژیـر نمەی بارانـدا . هەروەها دەری ئەبـری کە موسیقا خاوەنی پاکیەو دەست بوئاسمان دریژ ئەکا ، وەلەکانگای دلیەوە هاوار ئەکا دواجار خوشیو ئاسودەگی دیت بە پیریەوە ئەمیش بە جوشەوە ئەینوسیتی بە سنگیەوە . کاتی ئەم سمفونیەی پیشکەش کرد لە ڤیەننا کاری کردە سەر گویگرەکان ئەوانەی خویان راگرت دایانە چەپلە زوریشیان خویان پی رانەگیرا دایانە هارەی گریان ، بیتهوڤن خوشی بووریایەوە لەناو سوزی دەروونی خوی .

# [ تیکەوت ]

ە ئەدیبیکی لووت زل ئەچی بە میوانیی ژنیك ، ژنەکەش زور لـەوە ئەترسی کە کچە پچکولانەکەی باسی لووتی ئەدیبـــەکە بکا وەیان پی‌بکەنی ، لەبەر ئەوە هەرچونیك ئەبی دەست بە منالەکەیەوە ئەنیو ئەینیری بو مالە دراوسی‌یەك ئنجا لەبەر خویەوە ئەلی ئوخەی کچەکەمم لەکول کەوت . . لەم کاتەدا ئەدیبەکە ئەگاتـــە مالی ژنەکە ، ژنەکەش ئەچی بە پیریەوەو زور بە رویەکی خوشەوە بەخیر هاتنی ئەکات ، بەلام هەر خەیالی لای کچەکەیو لووتی ئەدیبەکە ئەبی ، لەو کاتەدا کە پەرداخەکەی بو دائەنی ئەلی « ئەری ماموستا شیر بکەمە لووتتەوە یان قاوە ؟ » .

# هاوینه هەوارەکانی کوردستان

نوسەری : شاکر فتاح

کەس نەماوە پێی لێ‌نەنێ ، کە هاوینه هەوارەکانی کوردستان لە نایاب ترین‌و جوانترین‌و خوشترین هاوینه هەوارەکانی جیهان ئەژمێررێن ئەوەندە هەیە هی خاکە پیشکەوتووەکان فەرمان رەواییەکانیان بە تەنگ ریك‌و پیك خستن‌یانەوە بون ، دەستی هونەرمەندانەیان لە رازاندنەوەو ئاوەدان کردنەوەیاندا خستوتە کار تا گەیاندوویاننەتە ئەوپەری جوانی‌و نەخشاوی‌و فەرر بەخشی ، ئیمە کەلە دەمێکەوە هاوار ئەهێنین بو کاربەدەستان بو ریك‌و پیك خستنی هاوینه هەوارەکانمان ، بو رازاندنەوەیان ، بو دروست کردنی ریگای تەخت کراو لە میان ئەوان‌و شارەکانماندا ، بو دوروست کردنی خانوو میوانخانەو چایخانەو سینەماو چیشت‌خانە باخی گشتی‌و ستیرکی مەلـــە کردن‌و جیگای کوبوونەوەو یاری کردن‌و شوینی سازو ئاوازو لاسایی کردنەوە ، بو کردنەوەی نوسراوخانە ( مکتبە ) ی گشتی‌و بازارو گەلی شتی تر .. ئیمە کە هاوار ئەهێنین بو پیك هینانی ئەو ئامانجانە لە هەموو هاوینه هەوارەکانماندا کە تیکرا هیچ ناوچەیەکی کوردستانی عیراق نیە کە بەشی خوی هاوینه هەواری تیا نەبی . مەبەسمان هەر تەنیا دوزینەوەو پیك هینانی کەیف‌و بەزم نیە بو خاوەن پارەو دەسەلات داران بـــەلکو پیك هینانی جیگای سرەوت‌و کامەرانی‌و تەن‌دروستیشە بو هەژاران‌و هەمو چینەکانی کومەل . بەلام لەو شتانە گرنگتر مەبەسمان پیك هینانی کارو فرمان‌و گوزەرانیکی شایستەیە بو دانیشتوانی شارو دیهاتەکانی کوردستان . چونکە کە هاوینه هەوار دامەزرینرا ، هیچ گومانی نیە کە کریکاران فرمانیان بو پەیدا ئەبی ، جوتیارو باخەوانەکان بەرهەمەکانیان بو ئەفروشری هەروەها بازرگانان‌و چینەکانی تری کومەلیش هەیە کە بەشی خوی فرمان‌و گوزەرانی باش‌و خوشی بەرئەکەوی . ئەمە جگە لەوەی

که پول‌و پارەی عیراق بو خوی ئەگەریتەوە . هەروەها پول‌و پارەی عیراقیش ئەرژیتە کوردستانەوە . جگە لەوەش کەلەو تیکەلی‌یە لە یەك تیگەیشتن‌و خوشەویستی‌و برایەتی پەیدا ئەبی لەناو کوردو عەرەب‌و نەتەوەکانی تردا . لە خاکی ( لوای ) موصلدا ، هاوینە هەواریکی بچوك لە ( سەرسەنگ ) و ( سوارەتووکە ) دامەزرینراوە . بەلام هیشتا هاوینە هەوار لە ( ئامیدی ) و ( زاویتە ) و ( بلکیف ) و ( شەرانش ) و ( شیخ ئادی ) و ( سەنات ) و ( ئاکری ) دانەمەزرینراوە .

لە خاکی هەولیردا ، هاوینە هەواریکی باش لە ( پیرمەم ) و پروشەیەکیش لە ( شەقلاوە ) و ( گەلی علی بەگ ) و ( حاجی هومەران ) دامەزرینراوە . بەلام ئەو هاوینە هەوارانە پیویستیان بە زور شتی گرنگ هەیە کە هیشتا بویان نەکراوە وەك خانوو میوانخانەو سینەماو نوسراوخانەو جی‌ی یاری کردن‌و ئەو شتانەی کە لەسەرەوە پیشانمان دان کە پیویستن لە هەمو هاوینە هەواریکا بین

لە خاکی کەرکوك دا ، داخەکەم هیچ هاوینە هەواریك دانەمەزرینراوە کە چی زور پیویست بو دابمەزرینری لە دیهاتە خوشەکانی ناوچەی ( قرەحسن ) و ( ئاغجەلەر ) دا وەك ( شیخ‌جگری ) و ( تەنگی علی‌جاما ) و ( عەسکەر ) و [ ئاغجەلەر ]

لە خاکی سلیمانی‌دا ، لەگەل ئەوەشا کە هاوینە هەواری یەجگار نایاب‌و یەجگار خوش‌و سازگاری تیایە ، داخەکەم هیچ هاوینە هەواریك لە [ تەویلە ] و [ بیارە ]و [ پینجوین ] و [ قوپی قەرەداغ ] و [ دوکان ] و [ دەربەندی‌خان ] و [ پیرەمەگرون ] و [ سلیمانی ] و [ آلان‌و سیوەیل ] و [ هەرتەل ] و [ بیتوانە ] و [ یەندزە ] و [ بناری قەندیل ] دا دانەمەزرینراوە .

دامەزراندنی هاوینە هەوار لە کوردستان‌دا ، جگە لەوەی ئەبیتە سەرچاوەیەکی خوشی‌و سرەوت‌و تەندروستی‌و زەماوەند بو ئەو کەسانەی رووی تی‌ئەکەن ، بەلام ئەش‌بیتە سەرچاوەیەکی ئاسایش‌و کامەرانی‌و ئاوەدانی‌و پیشکەوتن بو کوردستان ، چونکە هەزاران هەژارو بی‌کارو فرمان لە کریکارو جوتیارو خویندەواران پی‌ی‌ئەکەویتە خوش گوزەرانی‌و کارو فرمانەوە .

ئەم جەژنە ئەگەر سەیریکی شاری سلیمانیو سەرچنارت بکردایە : بوت دەرئەکەوت کە تا چەرادەیەك لە هەمولایەکەوە سەیرانکەرانو میوانان لە هەمو کەناریکی عراقەوە پەنایان بردوتەبەر فینکيو سازگاریو خوشيوجوانیی شاری سلیمانیو سەرچنار و دوکانو دەربەندیخانو پینجوینو شوینەکانی تری خاکەکەمان .

ئەو میوانانە ، ئەو ریبوارانە ، ئەو گەشت گوزارکەرانە پیویستیان بە میوانخانە و خانوو هەبو ، پیویستیان بە چیشتخانەو دوکانو بازار هەبو کە تیابخون ، تیابنون ، تیابحەوینەوە ، بەلام داخەکەم زوربەیان لەبەر بی جیگایی نەیانتوانی بمیننەوە ، وەیاخود ناچارمان بین بە میوانی ئەمو ئەو .. پیاو هەستی پی ئەکرد کە سەرچنار پیویستیيەکی زوری بە میوانخانەیەکی گەورەیتر هەیە ، پیویستی بە گەلی خانوو هەیە بدرین بەکری بە میوانان ، پیوستی هەیە بە چیشتخانەو باخی گشتی و شەقامی قیرتاو کراو لە ناو باخەکانیاو گەلی شتیتر کە جوانتری کات ، باشتر بیرازینیتەوە ، چاكتر سرەوتو خوشيی تیا ئامادە بکات

لە گەلیك سالەوە هەول دراوە وەکوشش کراوە کە هاوینە هاواریکی گەورەو نایابو خوش لە سەرچناردا دامەزرینری . تەنانەت پیرار لە شارەوانیی سلیمانيیەوە پروژەیەك بو ئەم ئامانجە پیشکەش بە متصرفیت کراو ئەویش پیشکەشی بەکار بە دەستانی عیراقکرد .

لەگەل ئەوەشا کە ئەو پروژەیە دوروست کردنی زور شتی پیویست و گرنگی تیا داوا کرابو بو دامەزراندنو رازاندنەوەی هاوینە هەواریك لە سەرچناردا وەك سینەما ، باخی گشتی . نوسراوخانە ، ئەستیرکی مەلەکردن ، چەند شەقامیکی قیرتاوکراو ، میوانخانەیەك ، هەشتا خانوویەك ، شوینی یاریکردن ، جیگای کوبونەوە بو سازو ئاوازو لاسایی کردنەوە ... بەلام ئەو هەمو ساختمانانە ، ئەو هەمو شوینانە بە نرخی زەویەکانیشیانەوە نیو ملیون دیناری تی نەئەچو .

کوردەوارييی عیراق سی٣ پیاوی دلتەرو دلسوز و تیگەیشتوی ناوداری هەبو : [ امین زکی بەگ ] ، [ صالح زکي بەگ ] ، [ توفیق قزاز ] لە سی٣٠ سال پتر

لەمەوپیشەوە هەولیان ئەداو تی ئەکوشان تا توانیان لەو چەند شوینەی کە ناومان بردن : شوین پی بەکی هاوینە هەوار بە فەرمان رەوایی ئەو وەختە دامەزرینن .. خوا سەر ئەفرازیان کات ، تازە نەماون داخەکەم لە دەسمان چون ..

بەلام ئیمەی ئیمرو هەر کاربەدەستانی کوردی ئیمرو ، ئەبی لەو پیاوانە زورتر تیکوشین ، زورتر رەنج بدەین بو دامەزراندنی هاوینە هەوارانی پیویست لە هەمو ناوچەکانی کوردستان‌دا .

دیسانەوە ئەیلیمەوە دامەزراندنی هاوینە هەوار لە کوردستان‌دا بەندە بە ژیاندنی هەزاران کریکارو جوتیارو خویندەوارانی هەژارمانەوە سەرچاوەیەکە بو گەشی‌و خوشی‌و کامەرانی‌و پیشکەوتن بو خومان‌و بو بیگانەش .

کەواتە ئەبی تی‌کوشین ، ئەبی رەنج بدەین ، ئەبی نەسرەوین تا فەرمان‌رەوایی ئەخەینە سەر دامەزراندنی هاوینە هەوارانی پیویست لە هەمو ناوچەیەکی کوردستان .





# نەوەی کاوە

فەرەیدون عەلی ئەمین

نەوەی کاوەی کوردستانم
چقلی چاوی دوژمنانم
زور لە کوتر دل پاکترم

له پالەوان بی باکترم
دوانزه سوارەی مەریوانم
بوته شانازیی ژیانم
(شاهو) و (ئاکو) و (ئەزمرر)ی من
تانەن لەسەر چاوی دوژمن
سەرم بەرزه به نەوروزم
جەژنی رزگاربوونی هوزم

ئەم هونراوەیه له نامیلکەی ( پالەوانی دوا روژ ) ەوه وەرگیراوه .

# باوەرری من

« أ »

○ پیاوی به نرخ ئەو کەسه نی‌یه که کەس دلی لی‌ی نەیەشی‌و زیانی بو کەس نەبی .

چونکه ئەوی دوستی زور لی کراوان بی دوژمنی زوردارانه به باوەری من به نرخ ئەو کەسەیه که دوستیشی هەبی‌و دوژمنیش .

○ دل نەرمی ترسنوکی‌و خوپاراستن نی‌یه لەو ئازارەی تووشی مروڤ دیت له پیناوی راستی پەروەریدا .

دل نەرم ئەو (خوین ریژەیه) که خوینی زورداران ئەرریژی و بەرامبەر دوست دلی ئاوریشمەو بەرامبەر به دوژمن پولا .

## چیروك بو منـالان :

# ریوی فیـــل باز

نووسینی : فان یی چون

وەرگیرر : دەرسیم

جاری لە جاران گورگیك‌و ریوی‌یەك پیكەوە لە خانوویەكدا ئەژیان .

روژی لە روژان گورگەكە دوو مریشكی گرت وە هینانیەوە بو مالەوە . وە بە ریوی‌یەكەی ووت :



ئەم مریشكانە باش پاك بكـــە ، وە بیان خەرە سەر ئاگر تا باش بكولین ، منیش ئەچم بەشوین وورچی هاوریما كە دەعوەتی بكەم .

مام گورگ چووە دەری‌و دەستی‌كرد بە گەران بەشوین مام وورچ‌دا .

لەم كاتەدا مەنجەلەكە هاتـــە كول‌و مریشكەكان كولان‌و بونی خوشی مریشكە كولاوەكان ئەو ناوەی پرر كردبوو .

ریوی‌یەكە لە تەنیشت مەنجەلەكەوە دانیشت و ئاو لە دەمی ئەهاتـــە خواری ، ئارامی لەبەر هەلگیراو هەر چاوەروانی مام گورگی كرد ، بەلام دیار نەبوو ، ئەمجا كە زانی مام گورگ دیار نەبوو ، دەستی راكیشاو رانیكی مریشكی دەرهیناو ملچە ملچ دەستی كرد بە خواردنی ، دوای ئەوەی لە خواردنی بووەوە ، سەیری كرد، برسی‌یەتی ئەمجا دەستی برد بالیكی مریشكیشی دەرهیناو خواردی .

بەم‌جورە مام ریوی تا لە گوشتەكەی ئەخوارد زیاتر خوشی ئەچووە بن دانەكانی‌و

www.zheen.org

برسی‌تر ئەبوو تا بە چنچکە چنچکە مریشکیکی خوارد :

بەلام تا ئەهات بونی مریشکەکە زیاتر ئەهات‌و مام ریوی زیاتر بیری لە برسیتی‌و مریشکەکە ئەکردەوە ، ئەمجا لە دلی خویدا ووتی ، ئەگەر مام گورگ هاتەوەو بینی مریشکیك دیار نی‌یە ، خو ئەو هەر توورە ئەبیت ، جا چاکتر وایە ئەمی تریشیان بخوم ، پیش ئەوەی مام گورگ بگەریتەوە .

بەم‌جورە مام ریوی نیشتە ملی مریشکەکەی تریش و ئەویشی عافیت کردو لی بووەوە !.

ئەمجا دەستی کرد بە شاردنەوەی ئیسقانی مریشکەکان و چالی بو هەل کەندو تی‌ی خست .

لە دوایشدا دەم‌و پلی پاك کردەوەو ریك‌و پیك لە تەنیشت مەنجەلەکەوە دانیشت .

ئەمجا کەوتە دەریای بیرو لیك دانەوەوە بو ئەوەی فیلی بدوزیتەوە کە خوی پی رزگار بکات .

بەلام زوری پی نەچوو گورگەکە هاتەوەو ، ووتی :

« باش توزیکی‌تر وورچی برام دیت بو ئیرە ، وا منیش ئەچم چەقوکە تیژ ئەکەم ، بو ئەوەی کە هات ئامادە بیت کە گوشتەکەی پی ببرین . » .

ئەمجا مام گورگ چووە دەرەوە بو ئەوەی چەقوکە تیژ بکات .

تەپ ، تەپ ، تەپ .......

ئەها یەکیك لە دەرگا ئەدات ...!؟

مام ریوی زانی وا وورچە پیرە هات . رای‌کرد چوو بە پیریەوەو کەمیك دەرگاکەی کردەوەو ئەمجا بە گوی‌ی وورچەکەیا چرپاند :

« نای کە وورچیکی کەری !. تازووە راکەو خوت دەربازکە !؟ وورچەکە لەمە سەری سوورما ، لی‌ی پرسی :

بوچی . !! ؟ .

ئەمجا مام ریوی ووتی : —

گوایا نازانی مام گورگ داوی بو ناویتەوە ؟ ! . ئەبەوی هەر دوو گویت ببریت . . گوی بگرە . . ! . . . گوی بگرە . . . گویت لی‌بە چون چەقوکە تیژ ئەکات بوت ؟ ! .

وورچە قورر بە سەرەکەش گوی‌ی لە دەنگی چەقوکە بوو کە مام گورگ خەریکی تیژ کردنی بوو . . .

ئەمجا پشتی هەل کردوو دەستی کرد بە راکردن .

هەر ئەمەندەی وورچەکە رای‌کرد ، خیرا مام ریوی رای‌کرد بولای گورگەکەو ، کەوتە هاوار کردن ، بە گورگەکەی ووت :

« تەماشای مام وورچی هاوریت بکە ، چەند کرداری ناشیرینە ؟ . تو بە پیاوەتی دەعوەتت کردووە ، کەچی ئەو سەرەرای پیاوەتی مریشکەکانی فرراندوو رای‌کرد . . ! . »

هەر ئەوەندەی گورگەکە قسەی ریوی‌بەکەی بیست چەقوکەی گرت بە دەستەوەو دەستی کرد بە راکردن بە دوای مام وورچدا .

وەهەر کە چاوی پی کەوت ، هاواری لی‌کرد :

« کورە بوەستە ؟ هیچ نەبیت یەکیکیانم بو بەجی بهیلە لە یەکیکیان زیاترم ناویت »

سەیر لەوەدا بوو کە گورگەکە داوای مریشکیکی لە مام وورچ ئەکرد کە بوی بەجی بهیلی ، کەچی مام وورچی قورر بەسەریش وای ئەزانی کە تەنها گویچکە یەکیانی ئەویت .

ئەمجا مام وورچ ئاورریکی لە گورگەکە دایەوە ، چاوی بە چەقوکەی کەوت کە لە دوورەوە ئەبریسکایەوە ، بە تەواوی لە دلی چەسپی ئەم گورگە بەدخووە ئەیەوە گوی‌ی ببریت

ئەمجا وورچەپیرە هیزی دایە خوی‌و رایکرد بوسەر تەپولکەو گردەکان . بەلام

گورگەکە لە وورچەکە خێرا تربوو . گورچ پێی گەیشتەوە . . .

گورگەکە لە دواوە ئامبازی ملی مام وورچ بوو ، گرتی ، بە تووڕەیی‌یـــەوە لی‌ی پرسی :

بو مریشکەکانمت دزی وفراندت . . ؟

وورچەکەش لی‌ی پرسی : —

بوچی ئەتەوی گویم ببڕیت . . ؟

گورگەکە پی‌ی ووت :

کی بە توی ووتووە کەمن گویت ئەبڕم ؟ ! بوچی گویت ئەبڕم ؟

ئەمجا وورچەکە هەردوو چنگی کردەوەو تەماشایان کرد هیچی پی نی‌یە ، ئەمجا ووتی :

« تەماشاکە من هیچ مریشکی توم دزیوە . ؟ . »

ئەمجا هەردووکیان دەستیان کرد بە بیرکردنەوەو لیکدانەوە لە دوایی‌دا بویان دەرکەوت ، کە ئەمە مام ریوی فیلی لی کردوون‌و هەلی‌خەلەتاندوون .

ئەمجا هەردووکیان بە راکردن هاتنەوەو مام ریوی‌یان گرت‌و دەستیان کرد بەتی‌هەلدانی تا بە تەواوی شل‌کوتی عومریان کرد ، بەرامبەر بەوفیلەی کەلی‌ی کردن .

تنکەی ژین
www.zheen.org

گیانە بەسیەتی . . . . . . . .

توخوا بەسیەتی دەردو مەینەتی

هەر هێندە ئەبی تووشی‌و نەگبەتی

قنیاتم تەنیا ژاراوی پەتی

پیرەمیرد



# ( دایك یەکەم ماموستایە )

ئەی دایکینە منالەکانتان گوش کەن بە شـــیری کوردایەتی


## دیوانی زانیاری کوردان

بەسەرپەرەشتی : مامۆستا نجم الدین ملا

# « هەنجیر »

هەنجیر کە بە عەرەبی ( تین ) وە فارسی ( انجیر ) ی پی ئەلین دوو جورە : یەکەم ( هەنجیرە کیویلە ) کەبە ( دیو هەنجیر ) بەناوبانگە ، دووەم هەنجیری باخی هەنجیرە کیویلە خواردنی بو : لابردنی خال وە بالووکە وە بنزی لـــە شوینی برینی گەستنی سەگی هار ئیجگار بە کەلکە چاکی ئەکاتەوە، ئەو کەسە هار نابی . هەنجیری باخی گەلی جوری هەیە وەکوو : ـ هەنجیرە شلە ، مجیغی ، ریحانی ، بـــەیامالی ، سپیکە ، پایزە ( هتد ) تا چل بەیانی لەسەریەك خواردنی ئەم جورە هەنجیرانە لـــە خوورینی بەلام تا شەش سەعات چەوری بەسەرا نەکەی . بو : لابردنی تینوەتی گەرمی بەدەن وە بو بەهیز بوونی جگەر وە زور بوونی خوین لەلەشا وە بو نەخوشی گورچیلە وە بو بەهیز بوونی چاو ـ بینایی وەبو مایەســـیری وە میزگیران وە بو شوین گەزینی دووپشكو زەردەوالەو جرروجانەوەر هیجگار بە سوودە ، وە تاقی کراوەتەوە ، گەلاکەی ئاژالو چوار پییان نایخون ، گەلای ناسکی بو شوین گەزینی سەگی هار بەسوودە شیرەکەی بو قاقەزی نهینی زور بەکارە . بە شیری هەنجیر قاقەز بنووسە هیچ بەقاقەزەکەوە دیار نیە لەپاشا بیدە بە ئاگرا نووسینەکە بە رەنگیکی زیرین دەردەکەوی .

داری هەنجیر بسووتینە بو پیاوی قور سکی ئەکەویتە باوو قورە قور .



١ ـــ ( شاری ئەرجیش ) ←



٢ ـــ ( قەلای شاری وان ) ←

## [١] شاری ئەرجیش

### لە کوردستانی تورکیا

ئەم شـارە لەسەر گولی ( وان ) ە هاوینە هەواریکی بەناوبانگە لە دەشتاییی‌یەکی فراواندایە ، چوار دەوری شاخە دارستان‌و باخ و بیستانی زورە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## [٢] قەلاکەی شاری وان

ئەم قەلایە لەسەر گولی ( وان ) ە ، نزیکەی ٥٠٠ سال بارەگای فەرمانرەوایی ئەمارەتە کوردی‌یەکانی وان بووە ، ئیستەش کوشکی شاهانەو خانوو سـاختمانەکاني سەردەمي فەرمانرەوایی ئەوسـای کوردی تیا ماوە

# بیرەوەری

« کوردیکی ئاوارە »

منال بووم لە تەمەنی چاردە سالیدا ، بەلام بەبیرو باوەرری بی‌گەردی کوردایەتی گوش و پەروەردە کرابووم . . لە تەوریز گەررامەوە . بابم گیرابوو ، لە گرتوخانەی « شاری نوی » لە تەوریزا بەند کرابوو . چووم بو تەوریز بو سەردانی بابم . کاتی کە گەررامەوە سابلاخ ، سابلاخیکي ناخوش ، تەم‌و مژی خەم دایگرتبوو ، بابم لەسەر کوردایەتی حوکم درابوو بە حەپسی ئەبەدی چونکە یەکي بوو لـە کوردپەروەرانی کوماری کوردستان . بەلی سابلاخ لە باوەشي خەما بوو کەس بزەی بەلیوەوە نەبوو ، هەموو کەوتبوونە گەرووی پەروشی‌و خەمەوە . چوومەوە مالی ، دایکم و مندالـــە وردەکان و دراوسیکانمان بە پیرمەوە هاتن ، گوتیان بومان بگیررەوە ، بزانین بابت و بەندەکانی تر چونن و دە چ حال‌دان ، ماون مردوون ؟ » ئەوەی لەسەر زیندانی‌یەکانم ئەزانی بوم گیررانەوە ، ئاموژگاری‌یەکەی بابمم بو گیررانەوە کە دەیگوت « رولە من هیچ غەمی خوم نی‌یە . دلتان لای من نەبی ، کار لە پیاوان دەقەومی دیارە منیش چەتەیی‌و ریگریم نەکردووە ، لەســەر کاریکی پیاوانە گیراوم کە هەتـا هەتایە مایەی شانازی‌یە ، من هەر ئەوەندەم خەمە کە ئەوکارەی دەستمان پی‌کرد تەواومان نەکرد ، ئەگەر کوشتیشیانین هەر شادبن بەوەی کە توانیمان لە بەشیك لە خاکی کوردســتانا کومار دامەزرینین ، وە ئەتەوەی کورد دە دونیا بناســینین وەك نەتەوەیەکی بەتواناو بەهیز ، کوررم ئاموژگاریم ئەوەیە کە هەرگــیز ریگەی کوردایەتی بەر نەدەن ، وە ئەمەندە باوەرر پولایین بی کە بەزەردەخەنەوە بەرەو پیری مەرگ بچی ، کوررم هەر کوردیك بەراست ریگەی کوردایەتی بگری تو خوت بە پچووکی ئەو بزانە .

ئنجا بابم گوتی چیت بیستووە بەراستی بیلی ، منیش گوتم ؛ بابە گیان ، پیشەواو هاورریکاني هەر لەسەربازخانە گیراون ، هەوالیکی وایان نی‌یە هەر ئەوەندەم بیستووە

که دوو روژ لەمەو بەر بەهوی جەژنەوە لە مالەوەرا نانیان بو ناردوون که سینی‌یەکەیان هیناوەتەوە پیشەوا لەژیر سینی‌یەکەدا نامەی هەلکەندووە « چاوەرریی کوشتنمان بن »

بەلام مەلا لە نەغەدەرا بگرە تا کیوە بەرزەکانی شنو و تەرگەوەررو مەرگەوەرر هەمووی بەدەستەوەیە ، ٢٠ هەزار سەربازی هەتیوەکەی رزا خان هیرشیان بردوتە سەر بەلام لەگەل ئەوەشدا روژ نی‌یە بە ماشینی گەورە سەدان لاشەیان لی نەهینریتەوە ئەو ٢٠ هەزار سەرنازە تەواو پەریشان کراون وە هەموو روژیك بەلوری کوژراویان لی دیتەوە . وە بە سەدانیان لی بەدیل ئەگیری .

ئەوانەم بو بابم گیرایەوە . بو شەوی نوستم بەلام چون نوستنیك ، هەر دەمە نا دەمی رائەچەنیم ، هەر کە چاوم دەچووە خەو بابم دەهاتەوە بەر چاوم ، ژاندرمەکانم ئەدی بەزیندانەکەدا دین و دەچن لەبرر لە دەنگی دایکم بەخەبەر هاتم کە گوتی « ئەری رولە بو وا رادەچەنی ؟ »

بەیان بوو خوری ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦ ( ١٩٤٧ ) پرشنگەکانی رشتە سەر مەهابادی خەمگین . لە پرر شیوەن دەستی پی‌کرد ، زن‌و منالانی دراوسی بەلە خودان‌و گریان خویان کرد بە مالی ئیمەدا « ئەی‌رو ئەی‌رو ئەی‌هاوار نوستوون !! » ئیمەش حەپەساین « ئەی‌رو پیشەوا رو » کە وشەی پیشەوا دای لە پەردەی هەستم ، سەرتاپا لەشم هاتە لەرزین‌و ژیانم یەکسەر لە بەر چاو تاریك بوو . پیشەوا ؟! پیشەوا کوژرا؟ چون ؟ چون پیشەوا بکوژری ؟ .

« هەی رو باوکي هەژاران‌و سەرەکي کوماری کوردستان رو » ژنان بەم ئاوازی شینە بەسوزەیان دایان بەجاری لە بیخ راتەکان و هەرچی بەریکی شـــادیی پیوە بوو وەری ..

زن هاواری ئەکرد « ئای زوردارینە ، ئای بی‌دینینە ، ئای بی شەرەفینە وازتان لە پیشەوامان نەهانی !! کوشتتان ؟ ئای روو رەشینە ئەی هەتیوە لموز خویناوی‌یەکانی رەزا خانی گورر بەگورر چون توانیتان پەنجە بەرن بو پیشـەوا ! . ئەی خودایە بو غەزەبت نابزوی ئاخر ژیر چەپوکی تاکەی ، مال ویراني تاکەی شیوەن و گریان

تاكەی ، بە قوربانت بم خودایە ئەدی كوا دەلین زالم زەوالی هەیە ؟

تاكەی ؟

تاكەی كوردستان لەتلەت كراوبی ؟

تاكەی دوژمن پیلەقەی لە دلو جەرگی دابی ؟

تاكەی كول‌بەكول بە هەزارانمان لە لوتكەی چیاو گەرووی دولا دەربەدەربن ژنانمان هەمیشە بە بەرگی رەشی قەترانی‌یەوە چاو هەر بەخوینا هەل‌بینن‌و هەر بەخوین ؟

منالانمان زاكو زرووك بە بومبا لەگەل خولا تیكەل كرین‌و تەلەزمی بەردو پارچە ئاسنی بومبا لە چاوی جوان‌و روومەتی ناسكولەیان بچەق ؟ .

رولەكانمان كوت لە پی زنجیر لەگەردن لەتاریكایی زیندانابن . . ؟

تاكەی ؟ . . .

تاكەی ئەم نەتەوە بزورگە ئازایە دیل‌بی ؟

ژن هاواری ئەكرد « خودایە كەی كوردستان بەرگی رەشی رەشپوشی‌ی دامالی ؟ » خودایە بو بەردناباری لە زولمی عەجەمان ؟

ژنیك بەقولپی گریانەوە بانگی‌كرد « كورد قرانە ! ؟ »

www.zheen.org

ە • ە

شاری مەهابادی چاوبەقین سوور هەلگەرراو بەرەو ( چوارچرا ) كشا كەس لە مالا نەما ، منال ئەگریا ، پیر مەچەك‌و لیوی ئەلەرزی ، لاو جیرەجیری دانی‌ئەهات لەعەزرەت تولە سەندن ، لیوی تولەیان ئەكروشت ، بیریان لەخوین رشتن ئەكردەوە .

چوارچرا جمەی ئەهات لە ژاندرمەی حكومەتی گەندەلی تاران ، شـــەستیرەكان دەمیان بو خەلكی داپچرریبوو . . . سی سیدارە لە چوار چرادا چەقینرابوو سی لاشەی مقدس پیایانا هەلواسرابوو . . . خەلكەكە ورد وردو بی‌دەنگ وەك شوورەی پولا جولان بەرەو سیدارەكان . . .

پیشەوای نەمری كورد بە بەرگی قازیی‌یەوە هەلواسرابوو ، سەدری قازیش لەم

ئەنیشتیوەو سەیفی قازی ( حمە حسین خان ) لەو تەنیشتی حەمە حسین خان ( سەیفی قازی ) لەبەر ئەوەی زور کەلەگەت و بەخووە بوو کە کردبوویان بە پەتەکەدا ، پەتەکە پچرا بوو ، بەلام ئەو درِرندانە سواری کولەی سنگی بوو بوون و خنکانبوویان و تنجا کردبوویان بە سیدارەکەدا .

ژاندرمەکانی هەتیوەکەی حەمەرەزا بەو نیازەوە ریگەیان دابوو بەوخەلکە کە تەرمی ئەو قارەمانانە بینن گوایا بەلکو چاوترســـین بن بەلام کورد کە تا ئەوررۆژە نەك بە هەزاران بە ملیونانی لی کوژراوە لەپیناوی رزگاری کوردستانا وە نەترساوە تویلی ئەمرِو چاوترسین بی . . . ئەوان بەونیازەوە ریگەیان دان بەلام ئەو دیمەنە تولەی رشتە هەموو دلیکەوە وە ئەمەندەی نمابوو پەلامار بدری و بیت بە کوشتار ، هەرکەس لەبەر خویەوە ئەیوت « تولەتان لی ئەسینین » .

پیشـەوای بزورگی کورد قازی محمد پیش ئەوەی گەردنی پکەن بە پەتا وتبووی « ئەی حەمەرەزای خائین ئەی حکومەتی دەستکردی ئیستیعمار باش بزانن کە بەکوشتنی قازی محمدیك کاری ئیوە سازنابی و نەتەوەی کورد دەست لە خەبات هەل ناگری بەلکو تیکوشانی زور بە تینتر ئەبی ، وەهەر کوردستان رزگاری ئەبی . . . باش بزانن کە هەر دلوپیك لەخوینی قازی محمد ، قازی محمدیکی لی پەیدا ئەبی ، ئەوسا بو کوی ئەچن بو کوی دەرئەچن ئەی ترســـنوکینە »

کاتی کە خەلکی بلاوەی پی‌کرد ، دەستە دەستەو تاك تاك کورد پەروەرانت ئەدی کە پەیمانی تیکوشانیان تازە ئەکردەوەو سویندیان ئەخوارد تولە بسینن تولە . . .

ئامانجی ئیمە لەم راپەرِرینەدا رزگاری کوردو کوردستان بو بویـە سەرو مالمان ئەکرد بە قوربان .

شیخ سەعیدی پیران

( لەبەردەمی دادگەی کەمالیەکانا )

www.zheen.org

# فولكلور

## [ چاو ]

چاوان مەرریژە بە ئیسکە ماسی
دوینی یارم بووی ئەمرو نامناسی

٥

چاوان مەرریژە بە کلی جوولەکە
مەمکت پەروەردەی سوخمەی پوولەکە

٥

چاویك هەلبینە بزانە من کیم
کوررەکەی ئەو روژەم قەولەکەت دا پیم

٥

بچاو جوان وەرە لام قەت مەررورەوە
خەمی سەد سالەم لە بیر بەرەوە

٥

چاوان مەرریژە هیشتا منالی
قوخی نەگەیو هەلووژەی کالی

## [ مەیل ]

ئەگەر مەیلەکەت بچی لە بیرم
حەرامزادە بم لەعنەت لە شیرم

٥

مەیلم دا بە تو وەمزانی پیاوی
نەمزانی خویرری مالان گەرراوی

٥

لە ترسی بەدکار ریم لی گیراوە
لە یارم وایە مەیلم نەماوە

٥

ئەگەر مەیلەکەت فەراموشم بی
سفیدەی کفن بالا پوشم بی

٥

سی جار بەو مانگەی خەرمانەی داوە
هیشتا مەیلی توم بە کەس نەداوە

٥

کە روژی ئەوەل ئەمە حالت بوو
بو مەیلت دا پیم کی زوردارت بوو

٥

بە مانگی مەولوود بە سورمەی چاوت
بە مەیلت قەستم نەمبردووە ناوت

❀❀❀

بنكەی ژین
www.zheen.org

# کوردستانی تورکیا

( چوار چرا )

بە سەرنج دانیکی سەرپێیی بومان دەرئەکەوی کە نەتەوەی کورد لەو روژەوە کە ئایینی ئیسلامی پیروز هاتوتە خاکەکەیەوە لە ئەنجامی دلپاکی و ئاینداریی‌دا خزمەتی گەلانی ئیسلامی‌ی زور کردووە کەچی لەگەل ئەوەشدا نەك هەر پاداشتی نەدراوەتەوە بەلکو بە پیچەوانەی ئەوەشەوە هەر چەند بزوتنیت بو سەندنی مافی نەتەوایەتی‌ی خوی بەوە تاوانبار کراوە کە دژی ئایینی ئیسلامە ، وە تەنانەت لە زور کاتیشا خستویانەتە ئەو قالبەوە کە گوایا کورد بە دل نەبووە بە ئیسلام وە خوینی زەردەشتی لە دەمارەکانیا هەر ماوە .

نەك هەر صلاح‌الدینی ئەیوبی بەلکو زور لە شاعیران‌و نووسەران‌و هونەرمەندانی کورد خزمەتی ویژەو هونەرو نەتەوایەتی‌ی عەرەب‌و تورك‌و فارسیان کردووە وە لە زور کاتا سەرکردەی نەتەوەیەك لەم نەتەوانە کورد بووە ، کەچی کاربەدەستانی دەولەتانی ئەم نەتەوانە لە هیچ کاتیکا دانیان بەوەدا نەناوە کە کورد خزمەتی کردوون ئەم جورە دلسوزی‌یەی کورد سەرەرای ئەوەش کە وتمان ، تا رادەیەك بووش بەهوی ئەوەی کە نەتەوەی کورد خوی نەبی بە خاوەنی قەبارەی خوی ، چونکە هەموو تواناو هیزیکی لەژیر ئالای ئیسلامیدا بەکار ئەهینا .

بەلی ئەوی توسقالیك ویژدانی هەبی پی‌لەوە ئەنی کە کورد دەسیکی بالای بووە لە دامەزراندن‌و چەسپاندنی بنچینەی شارستانیتی‌ی فارس‌و تورك‌و عەرەب‌دا کەچی هەندیك لە میژوو نووسانی ئەم نەتەوانە ( بە داخەوە ئەیلیم ) بە هیچ جوریك ئاوریان لە ویژدان نەداوەتەوە ، وە ئەاین کە نەتەوەیەك نەبووەو نی‌یە بە ناوی کوردەوە ، بەلکو هەندیکیان بە تورکی شاخاوی دائەنین‌و هەندیکیان بە تیرەیەکی عەرەب‌و هەندیکیشیان بە خیلیکی فارس .

ئەمە جاران ، ئەمە چەند چەرخیك لەمەوبەر ، بەلام ئیستا ، ئیستاش هەندیك

له کونەپەرستانی ئەو نەتەوانە هەر ئەو بلویرە کونە شکاوە ئەژەنئەوە ئەوە کونەپەرستانی عەرەب ئەلین کورد تیرەیەکە لە عەرەب ، ئەوە شاپەرستانی فارس نامیلکە دەرئەکەن‌و تیایا ئەنووسن کە کورد لە رەگەزی فارسە : خو تورکەکان یەکسەر ئەلین کورد نی‌یە .

کورسیل لەم دوایی‌یەدا لە دیاربکر وتی ( نەتەوەیەك نی‌یە ناوی کورد بی ) .

بەم جورە بومان دەرئەکەوی کەوا دەرەبەگەکانی نەتەوە ئیسلامی‌یەکان هەر هەولیك کە کورد دابیتی لە پیناوی ئیسلامەتی‌و یاریدەدانی ئەو نەتەوانەدا بە هیچیان دانەناوەو هەرگیز بە چاوی ریزەوە سەیریان نەکردوە ، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیێنی کە برایەتی لەگەل ئەو نەتەوانەدا راست نەبی ، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەو هەموو هەول‌وتەقەلایە لەلایەن کوردەوە ئەگەر بو کورد خوی بدرایە ئیستە ژیانی کورد بـــە جوریکی تر ئەبوو وە کوردستان کوردستانیکی تر ئـەبوو ، مەرام کورد ئەگەر گەرمتر هەولی بو خوی بدایە زور پیش ئەکەوت .

ئیمە برای گەلانین ، وە دەستی یارمەتی‌و برایەتی بـــە شیوەیەکی تایبەتی دریژ ئەکەین بو نەتەوە دراوسیکانمان بـە مەرجیك ئەوانیش یارمەتیمان بدەن لـە پیناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا ، وە بی‌گومان هەر بزووتنەوەیـەك دژی کوردایەتی بی ئیمە دژی ئەبین ، وە هەر هیزیك بیر لە توانەوەی کورد بکاتەوە ئیمە بە سەختی‌و توندو تیژی دوژمنایەتی‌ی لەگەل ئەکەین وەتا ( ئەو پەرری ئەنجام ) لەگەلیا دیینە مەیدانەوە

ئەم رستانەی من پیشکەشم کردن هەموو دیارو ئاشکران وە زور جار وتراون‌و وتراونەتەوە ، بەلام ئەوی من ئەمەوی لی‌ی بدویم ئەمرروی کوردە .

لە پیش ئەوەدا لەم روە بدویین با کەمیك سەرنج لەوە بدەین کە چون دوژمنانی کورد وە بە (چ) بیانوو بەهانەیەکەوە بەرەنگاری کورد بوونەوەو هەولی ئەوەیان داوە مافی کورد بخون .

سولتانەکانی عوسمانی کە کوشـکەکانیان جمەی ئـەهات لە ( حوروغولمان ) وەلـە حەوزی شیرا خویان ئەشت‌و لە هەر چەشنە شتیکی دەگمەن بەسەدان‌و لە هەر چەشنە گیان لەبەریك بە سەدانیان هەبوو ، بەلی ئەو سولتانانە کە سەدان کەنیزەکی جوان‌و

سەدان (فولالو !!) سەدان ئەمپی رەمەزیان هەبوو . وە خاکی کوردستانیان ئەبەخشی بەموبەو وەك مالی باوکیان بی ، ئــــەم سولتانانەکە خویان داتەنا بـــە ( خەلیفەی ئیسلام ) هەر بە ئاستەم کورد داوای بچوکترین مافی خوی بکردایە بە دوژمنی ئاینیان ئەدایە قەلەم .

بەلام لەمەش سەیرتر ( زوردارانەتر ) بی ویژداناتە تر ئەوە بوو کە حکومەتی تورکیای کەمالی کە ( کورد ) یارمەتی دا بەسەر بیگانەدا سەرکەوی وە خوی حکومەتیکی [ عیلمانی ] بوو داوا کردنی مافی کوردی بە تاوانی بی ئاینی دائەنا .

هەرچی رەوشت نزمی هەیە . هەرچی داوین پیسی هەبە لەو کەمالیانە ئەوەشایەوە وە هەرچی خوا حەزی پی‌نەکردایە ئەیانکرد کەچی لەو لاشەوە خویان دائەنا بـــە پاساولانی ئاین پاریز ؟ وە یەکیکی وەکو شیخ سەعیدی پیرانیان دائەنا بە بی‌دین .

سەرەکی دادگەی کەمالیە ریوی‌یەکان بە شیخ سەعیدی پیرانی وت [ تو دژی ئاینی ئیسلامی ، تو خوینی موسولمانانت رشتوە ] ! وەکو کورد موسولمان نەبی‌و شیخی تەریقەت ئیسلامیتی هەر نەبیستبی .

دوژمنانی کورد لە هەولدانیانا بو کوژاندنەوەی شوررشی کوردایەتی یان ئـــەو شوررشەیان بە بزووتنەوەیەك داناوە دژی ئاین وەیان بە بزووتنەوەیەکی دەستکردی بیگانـــە .

بە راستی سەیر ئەمەیە !! لە هەموو کاتیکا ، نەوانەی خویان فرریان بەســـەر ئاینەوە نەبووە شـــوررشـــی کوردیان بەوە داناوە کە دژی ئاینە کەچی زوریـــەی سەرکردەکانی شوررشەکانی کوردایـەتی خویان پیاوی ئاییـنی بەناوبانگ بوون وەکو : [ شیخ سەعیدی پیران ، شیخ مەحموود ، قازی محمد ... هتد ] .

ئەی دوژمنانی کوردو کوردستان ئەو دەهولەشتان دررا ، ئەمررو نەکەس باوەرر بەوە ئەکا ئیمە بە پیلانی ئیمپریالیزم بیزووتینەوە ، وە نەکەس باوەرری بەوە هەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی بو ئەوە لە دایك بووبی کە دژی ئاین ئالا هەلکا .

ئامانجی کوردایەتی ئاشکراو روونە ، وە لەشکری کوردایەتیش [ دیارە ] کە هەموو چینیکی کۆمەلی کوردە جگە لـە دەرەبەگی ، وە هەموو کەسیکە کە بو کوردایەتی تی‌بکوشی بـە دلو بە گیان نـەك بو سوودی خوی ، وە کوردایەتی ئەوەندە فراوانە خاوەن زەوی زاری دەولەمەندیش هەل ئەکەوی کە بیتە ژیر ئالایەوەو هەرچی شك ئەبا بیکا بە قوربانی کورد . ئەری ئەگەر وردبینانە سەرنج بدەین ناتوانین شیخ سەعیدو شیخ مەحموود بکەین بە جوانترین نموونە بوئەو کوردانەی بەرژەوەندیکی فراوانی گەورەی خویان ئەکەن بە قوربانی نەتەوەی کورد ؟

کوردایەتی بزووتنەوەیەکی دیموکراتی‌ی پیشکەوتەیە . وە هەر کەس ریك‌و رەوان بەبی پیچ‌وپەنا بیتە ژیر ئالایەوە پیشمەرگەیەتی .

## ئەمرروی کورد

ئـەگەرچی ئیستەش دوژمنانی کورد هیشـتا هەر بلویرە کونـەکە ئەژەنن‌و جارجار بزووتنەوەی پاکی بی‌گەردمان تاوانبار ئەکەن بەوەی کە سـەر بە ئیمپریالیزمە ، بەلام وا سەهول بەندانی ئەو ووشە ناررەوایانەیان لەبـەر تیشکی خوری کوردایەتی چورر چوررەی کەوتەبن وە بەم‌زوانە وای لی دیت کە کەس نەتوانی لە ئاستی کوردایەتیدا فزە بکات .

لەوەتی کورد کوردە ، لە هیچ کاتیکا وەك ئەمررو کوردایەتی‌ی وەك بزووتنەوەیەك ریك‌و پیك نەبووەو وەك بیرو باوەرریك ئاوا تەشەنەی نەکردووە

ئەمررو لە دەرەوەی کوردستانا کومەلەی خویندکارانمان هەیەو ، بیگانـە بە هوی ئیستگەو روژنامەکانیانەوە ( بە چاك‌و بە خراپ ) کەوتوونەتە باس‌کردنی کوردو کوردایەتی ، وە ئەمەش بەلگەیەکە بو پیشکەوتنی کوردایەتی‌و گەشە کردنی .

روژنامەی ( کومبا )ی فەرەنسی ٢٤/مایس/١٩٦٠ ئەلی : لە تورکیا هەر بە ئاستەم کورد بجولیتەوە بەشی ئاگرباران‌و دی‌سووتانن و مال ویران کردنە وە تەنانەت



www.zheen.org

چاپ‌کردنی پەڕراویکی کوردیش قەدەغەیە ، وە ئەم حکومەتە بەو چاوەوە سەیری کورد ئەکا کە ( دوژمنیکی شکاوو ژیرکەوتووبی ) .

---

روژنامەی ( لموند ) ی فەرەنسی ١٩٥٩/١٢/٢٦ ئەلی : بە پی‌ی قانوونی حکومەتی تورك ١٩٣٢ بەکوردی قسەکردن قەدەغەیە ، وە حکومەت کوردەکان بە تورکی شاخاوی ناوئەبا ، وە بە هیچ جوریك دان بەوەدا نانی کە [ ناویان کوردە ] .

بەلام ئەوە ماوەیەکە هەست بە بزووتنەوەیەك ئەکری لە ناو کوردەکانا ، وە ئەو کوردانەی گیراون ئەلین پەیوەندی‌یان بە کوردەکانی عیراقەوە هەیە ، وە ئەم کوردانە پارتی‌یەکن کە ئەمسەر تا ئەوسەری کوردستانی تورکیای گرتوتەوە .

وە لەم روژانەدا هەندیك لە رەوشەن بیرانی کورد لە کوردستانی تورکیادا داوای دەرکردنی چەند گوڤارو روژنامەیەکی کوردی‌یان کردووە ، وە لە دیاربەکر چەند پەڕراویك چاپ‌کراوە ، وە ئەگەرچی دانەرانی ئەو پەڕراوانە دراون بە دادگە بەلام ١٢ پاریزەریان هەیە .

---

روژنامەی « کومبا » ٢٦ تشرینی یەکەم ١٩٦٠ ئەلی : وەکو دیارو ئاشکرایە ئامانجی پەیمانی سەعد ئابادو بەغدا کورد ئاسان بوو .

---

بەلام گوڤاری « رەوو دڤانس ناسیونال » ی پاریسی ئەلی ئەگەرچی کورد سەرەرای ئەم هەموو شوررش‌و خەباتە سەختانەش هیشتا بە ئامانجی خوی هەر نەگەیشتووە بەلام لەگەل ئەوەشدا جی‌ی شانازی‌یە بو ئەوان کە ناوبانگیکی گەورەیان هەیە .

---

روژنامەی لیبراسیونی فەرەنسی ١٩٦٠ ئەلی : لەناو کوردەکانی تورکیادا نارەزایی یەکی زور توندو تیژ هەیە بەرامبەر بە وتەکەی جەنەرال کورسیل کە ئەلی ( کورد نی‌یە ) ، وە لەم روژانەدا قوتابی‌یەکی کورد کە ناوی ( ئەمینی بانی‌یە ) گیراوەو ئازاریکی زور سەختی دراوە بەمە کوردەکان زور قینیان هەستاوە ، وە بە کورتی

کوردەکان بڕیاریان داوە کە بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا خەباتیکی سەخت بکەن ، وە لەسەر ئەوە سوورن کە هەر ئەبی لە زوویەکی زوودا مافی سەقافیی خویان وەرگرن وە بە سەربەستی گوڤارو روژنامە دەرکەن وە لە قوتابخانەکانا بە کوردی بخوینن .

---

ئنجا لە کوتایی ئەم چەند دیرەدا ئەلیم کەوا کوردایەتی لە هەموو پارچەیەکی کوردستانا بلیسەی سەندووە . وە ئەوی میشکی ئەشلەقاوی بیر لەوە ناکاتەوە کە کورد بتوینیتەوە ، وە ئەوی دەماری شیتی لەکەللەیا ئەبی ئەبی بزانی و چاك بزانی کە نەتەوەیەك کە سەدان سالە هەولی توانەوەی ئەدەن ئەمرو لەم چەرخەدا کە چەرخی رزگاریی نەتەوەیە ، مل کەچ ناکاو مافی قووت نادری ، وە هەر ئەگا بە ئامانجی خوی .




بە لات بوونی من تو پارەداری

بە ژیر دەسی من خاوەن تەلاری

« کامەران »

www.zheen.org

# پی پکـــەنـــە

ـــ: رەحمە ئەهێنیت ؟

ـــ: نـــەء

ـــ: ئەی تو نەتوت وا خەریکم داوای ئەکەم ؟

ـــ: با ، بەلام بریارم دا داوای کچە رابەرەکەی بکەم .

کڕیار : ئەگەر ئەمە رونی شارەزوور بوو من بە چوار پی ئەڕوم

فروشیار : بەسەری جەنابت رونی شارەزوورە .

بەرگدروو : جلەکانتم ئەوەندە جوان دروەوە ، هەر کەس بتبینی ناتناسیتەوە .

ـــ: باشە با بزانین کە سبەینی لەبەرم کردوو بیرەدا تیپەرر بووم داوای هەقەکەد ناکەی ؟

ـــ: بەسەری تو ژیان تامی نەماوە من هەر خوم ئەکوژم

ـــ: بەو خوایە خوت بکوژی تا ماوم قسەت لەگەل ناکەم .

خەسو : بیرتە ئەو روژەی من هاتم چ روژیك بوو ؟!

زاوای پیسکەی خاوەن مال : روژی رەش بوو .

حاکم : ئەوە ٦ شایەت تویان دیوە کە ئەو توپە قوماشەت دزیوە .

دز : ١٠٠ شایەتم هەیە کە چاویان لی نەبووە من ئەوە بکەم .

ماموستا : باوکت ئیشی چی‌یە ؟

قوتابی : لە پوستەخانەیە

ماموستا : بەرریوەبەر ؟

ـــ: نـــەء

ـــ: فەرراش ؟

ـــ: نـــەء

www.zheen.org

ــ، فەرمانبەر ؟

ــ: نــــەء

ماموستا : ئەی چیە ؟ پوستەگیرر ؟

ــ: نـــەء . .

قوتابییەکی وریا هەل ئەداتی ئەلی « سنووق پوستەخانەیە »

---

دوو هاورری پیکەوە دائەنیشـن یەکیکیان ئەلی « ئەم برایەی من زور گیـل و گەوجە » ئەویتریان ئەلی نەء براکەی من گیلترە ، لەسەر ئەمە گرەو ئەکەن ، هاورریی یەکەم براکەی بانگ ئەکاو پیی ئەلی « هـا ئەوە ٥٠ فلس پچو ئوتوموبیلیکی زور جوانم بو بکررە لـەو چەشنەی کە ٥ کەس ئەگری ( ئەلی باشە ) هاورریی دووەم براکەی بانگ ئەکاو ئەلی « بررو بزانە لە مالی حەسەنم » ئەمیش ئەلی باشە .

لەبەر دەرکی سەرا ئەم دوگیلە بەیەك ئەگەنەوە ، دووەمیان ئەپرسی ئەری بو وا پەشوکاوی ؟ یەکەم ئەلی « کاکم ئەوەندە گەوجە ٥٠ فلـسی داوەمەتی قەمەرەیەکی بو بکررم نازانی ئەمررو دووکانی قەمەرە فروشتن نیە چونکە هەینییە » ئەمیتریان ئەلی « کاکی من گەوجترە پیی وتووم بررو بزانە من لـــە مالی حەسەنم ، ئەی خوت تەلەفونت لەبەر دەستایە بوچی تەلەفون ناکەی بزانی لە مالی حەسەنی یان نـا !!

---

ــ: ئەلین لە ئەوروپا مەکینەیەك داهاتووە گایەك ئەخەیتە ناوی لەپاش تـاویك لە لایەکەوە قاورمە دیتە خوارەوە و لە لایەکی تریشەوە رون پیو .

ــ: ئەتزانی لەملاشەوە جووت جووت پیلاوی نایاب !!

---

ــ: چون ؟ بەرراستە ئەو دەستە جلەت بە ٢٥ دینار کردووە .

ــ: فەرموو ئەوە وەرەقەی مەحکەمە کە بەرگدرووەکە شکاتی لی کردووم .

---

سوالکەر :ــ خوا نەیبرری . .

دەولەمەند : « لەبەر خویەوە ئەکەویتە ورتە ورت و ئەلی ئەوا کیلویەك نانم دا بەتو بە ٢٠ فلس دە توش پیم بفروشەرەوە بە ١٠ فلس » ئنجا دەنگ بەرز ئەکاتەوەو بە ســــوالکەرەکە ئەلی ها بگرە ئەوە ١٠ فلس . . من کیلویەك نانم قەرار دابوو بیکەم بە خیر .

# زانیوتـــه؟

عمر حسن دەولەت

ە بو یەکەم جار کە کارتی جەژن داهات لە سالی ١٦٠٠ میلادیدا بو

ە روژ ژمیری جەلالی کە شاعری ناسراوی ئیران عمر خەیام داینابوو راسترین روژ ژمیرە لە جهانا چونکی بو پینچ هەزار سال روژی هەلە ئەکا بەلام روژ ژمیری غریغوری بو هەر ٣٣٣٠ سالیك روژیك بەهەلە ئەچیت .

ە ناوی شارەکانی کوردستان لە سنوری سالی ٥٧٢ زایینیدا بەم جورە بووە وەکو لە چیروکی دەست نوسی ( جولندی )دایە کە لە سورداش وەختی خوی دوزراوەتەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

کارخل ـــ شارەزور

تالیشتر ـــ چەمچەمال

سیسر ـــ سنە

ئارانجا ـــ ئارخە = کەرکوك

نامری ـــ پشدەر

شاری بایین ـــ دەربەندی بازیان

شاری جولندی ـــ مرکزی ناحیەی سورداشە

گردە خولینە ـــ گردی یاسین تەپەیە

مارانکس ـــ شارەبانە

هوجەمیرا ـــ شاری بەعقووبەیە

فرجیا ــ ئاسکی کفری‌یە

ئاشـنـا ــ رەواندزە

---

ە ناوی عەشیرەتەکانی کورد لە سالی ٥٧٢ زایینی‌دا بەم جورە بووە :

سیرنی ــ لە چەمچەمال دانیشتون

چیخ ــ لە هەولـــیر

ئالـــکی ــ لە کویە

سـیمەوەر ــ لە ئالتون کوپری

لول ــ لولو = لە شارەزور

---

ە کامار . پیری شـالیار دوو زانای کوردی زەردەشتی بون وە ( گاتـا ) دوعای پیروزی زەردەشت بووە .

## دەنکە گەنمە

www.zheen.org

شیتیك وای ئەزانی بووە بە دەنکە گەنم لەبەر ئەوە زور ئەترسا کە مریشـــك بیخوا ، بەم جورە ناچار بوون کە بیبەن بو شیتخانە بەلام دوای ماوەیەك وتیان چاك بوتەوە کەچی کە گەررایەوە مالەوە مریشکیکی دی لە ترسا قیژانی ، کەس و کاری پی‌یان وت مەقیژینە خو تو دەنکە گەنم نی‌یت .

شیتەکە وتی : بەلی ئەزانم بەلام ئیوە بەمریشکەکەی بسەلمینن .

# پێشینان وتویانە

## [ ئەگەر ]

لەلایەن جمال محمد مصطفی کوردییەوە کوکراوەتەوە

- ئەگەر بووی بەریوبێ سەرو قنگی کلاشەکانم بکرینەرەوە .
- ئەگەر بە دوعا ئەبوو ، پشقل بەخورما ئەبوو .
- ئەگەر بەمالی بەمام و خالی ، ئەگەر بێمالی بێ مام و خالی .
- ئەگەر پشیلە بالی بیوایە ، تووی چولەکەی ئەبرریی
- ئەگەر لەکیین هەموو چون یەکیین .
- ئەگەر مامم زوو ئەمردایە ، ئیستا سێ چوار ئاموزام ئەبوو .
- ئەگەر ئەم دیایە باوکی ئەمردم لە عەزرەت دایکی .
- ئەگەر دار پوازی لەخوی نەبێ ناقلیشی .
- ئەگەریان لە مەگەر مارە کرد کورریکیان بوو ناویان نا ( کاشکیی ) .
- ئەگەر کەلەشیریش نەبێ روژ هەر ئەبیتەوە .
- ئەگەر بە بایەو ئەگەر بە باران هەر لە بەفر کەم ئەبیتەوە .
- ئەگەر گالیش بیین هەر زەوادی خواین ،
- ئەگەریان چاند سەوز نەبوو .

ئەمرو گورانیی خوم وت ، لیم گەرری با ئیوارە چراکەم هەلگرم و ئەو ریگایە بگرمە بەر کە لە باوەشی گەردەلوولایە .
« تاغوور »

# لـــه هەر تـــەلـــە دەنـــگی

## وتەی خوش

« پیاوی دانا دانامیق .

« دوژمنی دانا نەك دوستی نادان .

« دانا لە نادانەوە زورشت فیر ئەبی .

« دانا بە چاوی سووکەوە سەیری ئەمو ئەو ناکا .

« دانا بە توانایە .

## ( ژن )

ژن ئەگەر توانی‌ی بتهینیتە گریان مانای ئەوەیە کە تو ( منالی ) .

وە ئەگەر توانی‌ی بتهینیتە پیکەنین ئەوا ( لاوی ) .

بەلام ئەگەر نەیتوانی نە بتهینیتە گریان‌و نـــە بتهینیتە پیکەنین ئـــەوا بی‌گومان « پیریت »

## کورری دایکیتی

پیاویك ژنەکەی خوی تەلاق ئەدا ، بەلام لەسەر تاقە منالەکەیان لی‌یان ئەبی بەناکوکی ئەم ئەلی ئەبی لای من بیت‌و ئەو ئەلی لای من ، بەم جورە ئەچنە بەردەمی قازی .

قازی لە منالەکە ئەپرسی « تو ئەچیتە لای دایکت یان لای باوکت ؟ »

منالەکە ئەلی « لای باوکم » .

ژنەکەش بە قازی ئەلی « تکا ئەکەم لی‌ی بپرســن بوچی . . . کە قازی ئەپرسی . منالەکە ئەلی ( چونکە دایکم ئەمنیریتە حوجرە . لەویش کەدەرزەکەم رەوان نەکرد ملموستا لیم توورره ئەبی بـــەلام باوکم نامنیریتە حوجرە وە بـــەرەللام ئەکا لـەگەل منالانا بـە ئارەزووی خوم یاری بکەم .

قازی ئەلی : ئەمە کورری دایکی بیدەن بەو .

سەرم لەوانە سوررماوە کە روژی چەنـــد جاریك دەمو چاویان ئـەشون کەچی هیچ نەبی سالی جاری دلیان ناشون .

## قسەی ئەستەق

٥ هەندیك کەس وەکو پەیژە ، وان ئەمو ئەو بەسەریانا سەر ئەکەوی‌و پیایانا دیتە خوارەوە ، کەچی خویان ئەسەر ئەکەون‌و نە دائەکەون .

٥ ریوی لە لانەی شیردا نوست بەلام کە هەستا هەر ریوی بوو .

٥ تەنیا هەر یەك کەس هەیە کە ئەتوانی تو بکا بە پیاو ئەویش خوتی

٥ ترسنوك ئەو کەسەیە کە داوای لی بوردن لەو کەسە ئەکا کە لەسەرو خویەوەیەتی ، کەچی لەو کەسە نابووری کە لە خواروو خویەوەیەتی .

## کامەرانی

کامەرانی لە ٣ شتایە

١ ــ ئیشیك بکەی بە دلی خوت ، بەلام سوودمەند بی بو خەلکی .

٢ ــ خوشەویستی لە دلتا بی .

٣ ــ لە کوشی هیوادا بژیی .

## پی ئەکەنی ؟

چلیسیك بەلای چەند کەسیکا تیپەرر ئەبی نان ئەخون ، چلیسەکە ئەپرسی « ئەری ئەوە چی ئەخون ؟ » یەکیك لەوانە لەوەلاما ئەلی « زەهر » چلیسەکەش ئەلی . بابیم ، بەرراستی ژیان دوای ئیوە پوولیك ناهینی ! !

بنکەی ژین
www.zheen.org

ــ : کەنیشکە کوردەی مال لە نوی هەوار
ماچیکم بەری گاکت بو پکەم بار
ــ : ئەگا بمیقی‌و ئەخاوەنی بار
کلاوی حەوت برا بوتو ناکەم لار

« فولکلور »

## ئەزانی ؟

ە ئەزانی لە سالی رابوردوودا لــــە ( ئەمریکا ) ٢٢ ملیون پاسی سەگ درا ؟ وە نزیکەی ٥٠٠ ملیون دولار بو خواردن‌و فیرکردنی ئەم سەگانە خەرج کرا ؟

## [ درو ]

- دروی فەیلەسوف : راستە
- هی بازرگان : بو شت فروشتنە
- « هاورری : چاری تەنگو چەلەمەیە
- « قەرزار : خو رزگار کردنە
- « حاکم : قانوونە
- « پاریزەر : بەرگری‌یە
- « روژنامەگەر : زیرەکی‌یە
- « سیاسی : بەرژەوەندی گشتی‌یە
- « دلدار : شەیدایی‌یە

بەلام دروی ( دروزن ) دەردیکی سەخت‌و بی دەرمانە .

### تەمەنی زەوی

ئەم زەوی‌یەی ئادەمزاد لەسەری ئەژی تەمەنی ٤ ملیارو ٥٠٠ ملیون سالە .

## خوشە بیزانی

ە لە فرروکەخانەی لەندەنا هەر کەس دەستی راوەشینی بو خوا حافیزی ١٢٠ فلسی لی ئەسینن .

ئەزانی بوچی ؟

چونکە شوینی وەستان زور قەرەبالغە جا لەو شوینەدا دەستت راوەشینی کەس چاوی لی نابی لەبەر ئەوە ناچاری بچیتە لای تەل‌بەندەکەوە وە چونیش بو ئــەو شوینە بە١٢٠٠ فلسە .

## کەنەدی ئەناسی ؟

کەنەدی‌ی ســەرکوماری ئــــەمەریکا ( وەکو گوڤاری [ لوك ] ی ئـەمریکی بلاوی کردەوە ) ئا ئەمەیە :

١ - حەز لەوە ناکا بچیتە ناو خەلکەوە

٢ - زور دەم پیس‌و جنیو فروشە

٣ - پارە هەل ناگری‌و ئـوتومویل زور خیرا لی ئەخورری .

٤ - هیچ پەیمانی نی‌یە

٥ - تاپلی‌ی قین ئەپەچنیتە دلی .

# گوزەکەیان شکان

تا سولتان رەشاد نەهاتبووە سەر تەخت ئافرەتی کورد نە عەباو پەچەی زانیوە ، وەنەیستویتی ، ژنە کورد عەبایەکی رەنگاو رەنگی ئەدا بەسەرا تا ئەژنو ، بەلام سولتان رەشاد کە سەدان کەنیزەك لە کوشکەکەیا بوو ، بەو ژمارەیەش غولمان وە لە زەلکاوی رەوشت نزمی‌دا ئەژیا ، بو ئەوەی خەلك هەل‌خەلەتینی‌و وای پیشان بدا ( کە خەلیفەیە ) فەرمانی دەرکرد ئەبی ژن عەباو پەچە بپوشی .

لەم شاری سلیمانی‌یەدا کە ئەمەمان بیست زورمان بەلاوە سەیر بوو وە بەو پەرری سەرسوررمانەوە لەوە ئەدواین کە ئایا ئافرەت چون ئەتوانی بە پەچەوە برروات ؟!

بەلام سەیترا ، عەبای رەنگین دامالراو ژنە کورد بەزور رەش‌پوش کرا .

بەو بونەیەوە ئەم فولکلورە ریکخرا

سولتان رەشـاد
یوم الفسـاد
هلك العباد
یەکەم حوکماتی نالە پی بان بوو
دووەم حوکماتی پەچەی ژنان بوو

ژنە ئاوکیشەکەمان بە سزمانیکی کوتو کویر بوو ، لەو روژەوە کە ئەم هەوالەی بیستبوو خەمی ئەوەی لی هاتبو کە چون بە پەچەوە ئاوکیشی بکات ئەم بەسزمانە چەند روژیك ئاوی بو هینایین ، بەلام روژیکیان لە پرر بە پەشـوکاوی‌یەوە خوی‌کرد بەمالاو بانگی ئەکرد « باشە ، باشە » لەو کاتەدا لە پرر پەی هەلنووت‌و بەدەما کەوت ، کە هەلمان گرتەوە سەیرمان کرد هەموو دەم‌و لووتی خوینە . .

لیمان پرسی ئەوە چی‌بوو ؟ وتی « ژەندرمە ، ژەندرمە »

تومەس ژەندرمەکانی تورك یاساولانی داوین پیسی سولتان رەشاد راویان ناوە ، وە پی‌یان وتووە جاریکی تر بە بی پەچە نەیەیتە دەری . .



بنکەی ژین
www.zheen.org

دوای چەند روژیك ئاو کیشەکەمان بەچەی گرتەوە ، بەلام دوای ئەوەی چەند هەنگاویك لە مالی ئیمە دوورکەوتەوە لە پرر بە دەما کەوت‌و گوزەکەی شکا ، هەر کە هەستایەوە رایکردوو بەدەم راکردنەوە دوو بارە ئەیوت « باشە ، باشە »

بەلام جاریکی تر بی پەچە چووە دەری ، لە پرر ژەندرمە تورکە ئازاکان ! ! گەمارویان دا ، چون گەماروی قەلایەك ئەدری ، پیریژنە کوتو کویرەکەش ئەیزیرران‌و ئەیوت « باشە ، باشە » بەلام ئەجارە باشە سوودی نەبوو ، گوزەکەیان شـــکان‌و چینیکیان لی‌دا . . .

ئاو کیشـەکەمان ئیتر نەیویرا بچیت بو ئاو ، وە لە رایی خوادا ئیمەو دەروو دراوسی ئەمانوی‌یان بەلام ئەمەندەی پی نەچوو مرد ، تومەس توقیبوو . . .

« گیررانەوەی پیری‌ژنیك »

بنکەی ژین
www.zheen.org

[گوڤاری شـــەفەق]

وەزارەتی ئیرشـاد موافەقەتی کـرد لەمەودوا گوڤاری شەفەق لە سلیمانی دەربچی جا ئەوانەی وتارو نوسین‌و هەر ئیشیکی تریان بەم گوڤارە هەیە بینیرن بو ئەم ناونیشانەی خوارەوە :

سلیمانی ـ ئوتیلی کوردستان ـ شـــەفەق

# کەشکۆلی ڕۆژی نوێ

## « کورد »

« زیوەر »

کوردیکم ئەوی زرنگ و چالاك بـو مدعی چوسـت و بی بـاك
کوردیکم ئەوی کە روژی ئەمرو جی خەنجەرەکەی نەکا بە سیواك
کوردیکم ئەوی بەهوش و دانش بو وەزعی زەمانە خاوەن ادراك
کوردیکم ئەوی نەکا مەرایی بو خاوەني فلس و مولك املاك
کوردیکم ئەوی کە خواش بناسی ئیمانی بی بە شـاهی ( لولاك )
کوردیکم ئەوی نـەبي بـەدایم مەشغولی خەو و خەیال و خوراك
کوردیکم ئەوی کەمال و فکری لای میللەتەکەی بگاتـە ئەفلاك
کوردیکم ئەوی کەوا نـەترسی هەرگیز لـە وەزیرو میری سفاك
کوردیکم ئەوی کە هـیزی وابی بیگانە بخاتە سەر زەوی و خاك
کوردیکم ئەوی لـە ریی وەتەنـدا بی غەش بکەویتە خزمەتی چاك
کوردیکم ئەوی هـەموو برابـن هیچ فەرق نەکا نەباب و نەداك
گەورە بە بچووك بلی برالـە چوکەش کە بە گەورەکەی بلی کاك

بەم رەنگە ئەگەر دەستم کەوی کورد
بیگیاني ئەکەم هەزار زوحـاك

---

ه ئەم هونراوەیە بو یەکەم جارە بلاو ئەکریتەوە .

ه هەندیك لەنگی‌ی تیا ئەبینین جا نازانین خوی وایە ، یان لە نووسینەوەدا وای لی کراوە ، بەلام ئیمە نەمانویست دەسـکاریی بکەین چونکە دەسـکاری کردنی هونراوە « ناشـی » هەرگیز .

# ئەمشەو

— پیرەمێرد —

خەیالی وا لە باخەلما بەتوی ( پیراهەن ) ە ئەمشەو
تەماشای هەرچی یەکم کرد ، سەرانسەر گولشەنە ئەمشەو
هەموو موویەکی ئەندامم لە خوشیانا خەدەنگیکە
ئەگەر ئازایە خوی دەرخا ئەوی لیم دوژمنە ئەمشەو
شکستی زولفی توبەی پیشکانم ، توبە ، بو ، توبە
دلی شیخ و ملی مل تیك شکا ، هەر بشکەنە ئەمشەو
بەسەرمەستی کە دەستم کەوت لە ناری نارو نوور دەرکەوت
( یدی بیضا ) یە دەستم ، بویە ، دنیا رەوشەنە ئەمشەو
تەجەلی‌ی نووری ( طور ) بەم طەورە ( طوررە )ی عشقی پیشان دام
بە پەروازی جنوون جلوەم لە ( وادی ایمن ) ە ئەمشەو
لە دەوری ( بیستوون ) دەنگی ( قولنگی ) گیانی فەرهاد دی
( قەوان ) یکی ( غراموفون ) ی شوخی ئەرمەنە ئەمشەو
کە گویم زرنگایەوە وا دەنگی زەنگی ووشتری ( لەیل ) دی
ئەوا اەولایشەوە مەجنوونە ئەگری شیوەنە ئەمشەو
بەسەر شاخی ( ئارارات ) دا بەلاوك پیرەمیرد سەرکەوت
ئەلی شوینم کەون : « کورگەل شەوی سەرکەوتنە ئەمشەو »

# لە پەرچەمتایە

« عەلی کەمال باپیر »

لە پەرچەمتایە دل ، شانەی مەکە ، لانەی مەشیوینە

لەگەلما گیانەکەم تووبی خووا تەم جەورە مەنوینە
نەکا بو خزمەتی ئەو شوخە چووبی دل ، ئەمان یاران
ســـوراغی کەن لە سینەمدا دەمیکە بی سەرو شوینە
خووا ناکەردە نەك بگریت هەناسەم مانگی روخسارت
لەسەر ماچی دلی ئەم بەندە پیرەی خوت مەرەنجینە

# دوو گورانی

شیرکو بیکەس

[ ١ ]

گیانە . ژیانی تەنیایی
لە تو جیایی
منی مانەم
ئەوەندە پەست و ناکامە
کە رووناکی لی حەرامە
غەیرەز بە خەم :ـ
کە بیکاتە دەروونەوە
بە هەناسەی زەوونەوە :
مەیی ئاسەم
تاسەی ناوەختی
بی بەختی
ئەم ژیانە مات و کاسەم
کە بە ئاستەم
رووناکی لی بەدی ناکەم
غەیرەز بە خەم

منی مانـــەم
گیانە . تەنیایی ناخوشە
تاسە نوشە
وەك رەش پوشی
ژین خاموشی
مردوو ئازیز
لە بی کەتین فەراموشە
گیانە . پاییز
خو ئەزانی
کە وەختی بارەش خەزانی
گەلاکانی ئەوەریتی
مەلی هیلانەی ئارامی
بە کینەوە ئەتەرینی
ئەوسا ژیانی ناکامی
چەند پەست ئەبی
دەربەست ئەبی

بنكەی ژین
www.zheen.org

بی هەست ئەبی
خو ئەزانی .
کە پایز گەلا ریزانی
چەند ستەمە
چەند دل تەنگی
شەوە زەنگی
دەستی خەمە
ئاوا منیش وەکوو پایز
تەنیایی گەلا ریزانمە
مادام لە تو دوورم ئازیز
ژیانی پایز ژیانمە

[ ٢ ]

گیانە . . ووتیان ئەم دنیایە
هەرچی تیایە
لە ئەنجاما ئەبررینەوە
بەبی ئاژاوە ، بەبی دەنگ
بەرەو گورری تاریك‌و تەنگ
ئەگرینەوە !
پەردەی مردنی خاموشی
فەراموشی
بەسەرا دا ئەدریتەوە
ووتیان : ئەنجام هەر مردنە
روو لە وەو دنیا کردنە
بو هەموو کەسی نەمانە
ئەم ژیانە !
ئایا بررروا بکەم گیانە :
بو من‌و توش هەر نەمانە
وەك ئەنجامی ئەو خەلکانە
برروا بکەم کە دلداری :
ئارای ئالی
چەندە سالی
حەزوو ویستی
خوشەویستی
بە ئاسانی لە روو بدرری
بەبی ئاژاوە . بەبی دەنگ
بو گوری تەنگ
دلی پاکمان بەرری بخری
ئایا برروا بکەم . . گیانە
بەو قسە پررو پووچانە
کە ئەبی ئەو ( گیانە ) بمری
لە ئیمەی خوشەویست بکری
بەلی گیانە
ئەم ژیانە
وەکو ووتیان : ئەفرەدانە
لە ئەنجامیشا مردنە
بەلام گیانە
ئەو قسانە
نەبو تویە نەبو منە
دل نیایە
دل نیایە
بەرز ترین لەوەی مردن
بمان کات ، لە یەکتر کردن

بنکەی ژین
www.zheen.org

# نالەی دەرون

« حسین حاجی امین »

لە تاریکی‌وە هەستاوین بەرەو روناکی ری ئەگرین
کراسی پەستو دیلیتی لە بەردا لابەرین بدرین
ئەگەرچی رونە لیمان ریگەمان دورو ترس ناکە
بەلام زور چاك بزانن گیانمان بی ترسو بی باکە
گەلی تالاوی ژینمان چیشت لەرازی‌بون بە ژیر دەستی
لە خەو ئیستاکە هەستاوین خەوی بی هوشیو مەستی
ئیتر جاریکی تر نانوین لە کاروانی گەلان جی ماین
ئەبی گوزج لی خورین چونکی بەبی هودە گەلی وەستاین
ئەگەر چی بی چەکین ئەما دەرونمان پر لە شالاوە
وەکو ئاگر ئەسوتینین ئەوی لەم ری‌یە وەستاوە
دەرونمان پر لە خوینە خاکمان کەرت کەرتو فەوتاوە
لە هەرلا سەیر ئەکەی لاوانی کورد بی دەستو داماوە
ئەسیرو دور ولاتە چاوگەیە بو دەستی بیگانە
ئەگەر یتو بلی بوچی ئیتر خو دیلی زیندانە
زمانی مازەرای خوی نابی پی بدوی بە هیچ جوری
گوناهو کفرە باسی‌کا بەشی هەر شەقو لی‌دانە
بەلی باشە ئەمەش اما هەچی چونی مەیل بیی
لە نەوتو گەوهەرو ئالتوون لە خاکی ئیمە دەردینی
ئەوەی وتمان گەلی کەم‌بو لەوەی ئەکری بە ئەم خاکە
لە زیوو زەر هەموی ئەبری کەچی بیگانە هەر چاکە . . . !

كەچی گشت خەلقی کوردستان رەشو روتو پەریشانە
ئەمە کاری خوابە یاخود ایشی دەستی انسانە
چی یاسایەك قەراری دا کە پیشەی توبی سەر شوری
بەسەربەستی لەدایك بویت چ دەستی بوو ئەمەی گوری
ئەما ئەو روژە هیچ هیزی کە بتوانی بەرت بگری
ئەبی سەر بەستو ئازاد بیت دە یا دوژمن ئیتر بمری

---

# فەرهەنگی فەرەنسیی کوردی

وەکو لە نامیلکەی ( میژوولگای کوردی ) دا بلاوکراوەتەوە لەلایەن لیژنەی ( لیکولینەوەو بلاوکردنەوەی چاپەمەنیی کوردییەوە لە ئەوروپا ) ئەم سال «١٩٦١» فەرهەنگیکی .

کوردی ـــ فەرەنسی ٦٠ هەزار ووشە
فەرەنسی ـــ کوردی ٤٥ « «

چاپ کراوە .

ئەوی ئەیەوی لەو فەرهەنگانە بکرری بەم ناونیشانەی خوارەوە داوا بکا

**Dr. Kamuran Ali Badir Khan**
**13, Rue Humblot**
**Paris - France**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بــژار

# چەند سەرنجیك لە چیروكی گەردەلوول

چەمچەمال : محمد نوری توفیق

گەردەلوول ناونیشانی کتیبێکە لەم روژانەدا کەوتوتە بازارەوە ، دانەری کتیبەکە ماموستا عبدالمجید ملا حسین ماوەتی‌یەو نووسەری پیشەکیەکەیش ماموستا ووردی‌یە .

کتیبەکە وەك دانەر ئەلی چیروکیکی رروودراوە ، هەر چەندە من نامەویت لــە شیوەی رروودراوەکە بکولمەوە چونکە وەك دانــەر ئەلی ئەبی لی‌ی ببووردری لەوەی گەر قسەکانی غەفوور « کە پالەوانی چیروکەکەیە » لە کاتی گیرانەوەیا تیکەل‌و پیکەل بوی گیراوەتەوە لەبەر ئەوە ئەگەر لــە جی‌بەکیشدا لــە قالبیکی ئەدەبیا نەیهینابیتەوە ئەبی چاوپوشی لی بکریت ، بویە منیش تەنها باس لــەو کەم‌و کووررییانە ئەکەم کە لە پیشەکیەکەی دانەرا بەر چاوم کەوتوون لەگەل پیشەکیەکەی ماموستا ووردی‌یا .

ماموستا ووردی پاش ئەوەی مەرجەکانی چیروکی سەرکەوتووی باس کردووە و بەراوردی چیروکی گەردەلوولی لەگەل ئەو مەرجانەیا کردوە نووسیویتی کە چیروکیکی زور سەرکەوتووە بەکال‌و ناکامل و ناریکی دانانی . هەر چەند خویشی هەر لــەو پیشەکیەیا ئەلی کە بەداخەوە ئەلیم کەوا نەم توانی ئەم چیروکە بخوینمەوە بەچاکی ، بەلام هەر لەسەرەتاوە بوم دەرکەوت کە دانەر ـ واتە کاك عبدالمجید ـ لە چیروکەکەیدا سەرکەوتووە چونکە باسیکی کومەلایەتی کردووە .

زور لەگەل ئەوەیام کومەلی ئەمروی ئیمە تووشی گەلی دەردی بەئیش‌و سەخت بووەو پیویستە لەسەر نووسەرەکانمان کە هەر یەکە لە ریگایەکەوە دەرمانی ئەو دەردانەی بکات ، بەلام ئەبی ئەو دەرمانانە لە ریگایەکی راست‌و رەوانەوە بکریت بو ئەوەی هەر یەکە جی‌ی خوی بگریت و کاریگەر بن .

واتە ئەو کەسەی چیروکیك ئەنووسیت نابي ئەو چیروکە هەرچی چلونیك بیت مادەم هەر کومەلایەتیە بەبی ئەوەی لی‌ی بکولینەوە دەس بەجی پی‌ی بلین چیروکیکی سەرکەوتووە چونکە کومەلایەتیە . بەلکوو پیویستە ئەو چیروکە زوربەی ئەو مەرجانەی تیا بیت کە کاك ووردی نووسیویەتی وە ئەبوایە کاك ووردی کتیبەکەی هەموو بخوینایەتەوە و هەرچی کەموکووریەکی تیا ببینایە چاری بکردایەو سرنجی خویندەواران‌و دانەری بو رابکیشایە ئەوسا بینووسیایە کە چیروکەکە سەرکەوتووە یان کال و ناکامل‌و ناریکە . نەك وەکوو چیروکی گەردەلوول هەمووی نەخوینیتەوە .

ئینجا بابینەوە سەر ئەو چەند دیرەی کە نووسەر لەپیش گیرانەوەی چیروکەکەیا نووسیویتیەوە نووسەر ئەلی : پاش ئەوەی خویندن و نووسین پەریشانی ئەکردم کە ئەبوایە بینوسیایە پەریشانیان ئەکردم . بو ئەوەی تام لە هیمنی بچیژم رووم ئەکردە چایخانە پچووکەکەی، تەنیشت سینمای رەشیدەوە . کە ئەمە شتیك نیە لەجی‌ی خویا بیت چونکە پیاوکە ماندووی بحەسیتەوە روو لەجیگایەکی دوور لەشـــار ئەکات بو ئەوەی رزگاری بیت لەدەس هات‌و چوی خەلقی‌و قەلەبالغی ، نەك بو چایخانەیەکی وەك چایخانەکانی تەنیشت سینمای رەشیدەوە کە قەلەبالغ ترین چایخانەی سولەیمانین پیاو ئەگەر لە دەنگی موسەجیلەیش رزگاری بیت لە دەنگی رادیو و چایەك‌و ترشیك‌و ئاو بینەی شاگردو هورینی ئوتوموبیل و عەرەبانە رزگاری نابی .

نووسەر ئەلی ئیوارەی ٩٥٩/٨/١٧ لەو چایخانەیەدا دایشتبووم . یەعنی لەو روژەیا بو جاری یەکەم غەفوور ناویك هاتە لایەوەو دانیشت و جگەرەیەکی دا پی‌ی ، لەپاش تەواو بوونی کتیبەکەیش ئەلی غەفوور رویشت بو موسل و ئەوەندەی بەسەرا نەچوو کە لە هەراکەی شەوافا بی‌سەرو شوین رویشت واتە نەما . بەراستی لیرەیا پیاو لە قسەکانی دانەر تەکەویتە شکەوە کە چون پاش پینج مانگ و ٨ روژ غەفوور زیندوو بووەو ئەوی لە دلیا بوو بو تەو برادەرەی گیرایەوە کە پاش شەوو روژیك یەکتری ناسین هەرچی ئەهینی دلی خوی بوو بوی هەلرشت چونکە وەکو هەموو کەســیك ئەیزانیت کە هەراکەی شەواف لە روژی ٨ـ٩٥٩/٣/٩ یا رووی دا کەچی دانەر

ئەلی لە رۆژی ٩٥٩/٨/١٧ یا من غەفوورم تووش بوو بەریکەوت و جگەرەیەکم دا پێی و بو شەو چووین بو سینما لەگەل برادەریکی ترماو بەیانی هەر لەو شوێنەیا یەکمان گرتەوە و روومان کردە گردی سەیوان و لەوی غەفوور بەسەرهاتەکەی خوی بو گێرامەوە . کە من هەرگیز لەو باوەرەیا نیم کە پیاو برادەری شەو روژیك بی هەرچی لە دنیا هەیە بو یەکتری هەلبرێژیت وەك غەفوور بو دانەری هەلورشتووە بە تایبەتی کە ئەو قسانەیش زور نەهیی بن و هەتا ئەو روژە کەس لەدەمی غەفووری نەبیستبیت !

دانەر ئەلی لە کاتیکا کە دانیشتبووم ئەمبینی هەر زەلامەو بە بەردەمما لەسەو شەقامەکەیا تێ ئەپەری و وام لیك ئەدایەوە کە ئەو کەسانەی کە خویان ئامادەی هات و چو کردن ئەکەن ئەبی جوری رابواردنی مالەوەیان چون بی ؟ بەراستی کاك عبدالمجید پرسیاریکی سەیر بەخەیالیا تێپەرریوە چونکە من وا ئەزانم کە هات و چو کردنی ئەو کەسانە لەسەر شەقامیکی وەك ئەو شەقامانە هیچ پەیوەندی نیە لەگەل رابواردنی مالـەوەیانا ؟ چونکە ئەو کەسانە هەژاریان تیایەو دەولەمەنیش . تیریان تیایەو برسیش ، نەخوشیان تیایەو ساغیش کەواتە کاك عبدالمجید بەوەلامی پرسیارەکەی هەر ناگات . خو ئەگەر زور سەرسامیش بووە لە قەلەبالغی و هات و چو کردنی خەلقی ئەمەیش شتیکی سەیرە گەر شاریکی بچکولەی وەك سولەیمانی بەراورد بکری لەگەل شاریکی وەك بەغدادو لەندەنا یان لەگەل شاریکی پیشەسازیا .

دانـــەر بەبی ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی لەگەل غەفوورا هەبی لە پاش پیشکەش کردنی جگەرەیەك زانیویتی کە غەفوور چی ی لی قەوماوە ـ ئەگەر هەموویشی نا بەلام کەمیکی هەر لی زانیوە ـ چونکە قسەکانی پچرپچر کردوە ، کە من وا بزانم قسەی پچرپچر هیچ کاتیك یارمەتی گویگر نادات بو ئەوەی عیلمو نەفسی ئەو شـــەخسە بخوینیتەوە . بەلام من وا ئەزانم کە بەهیچ جوریك لە کاك غەفوور نەگەیشتووە بویە ئەلی لەم لا وتەیەك و لەولا وتەیەك لەوە تریك بوویەتەوە کە حەز بکەین بینە هاووری یا هەر بو دانیشتنیش بیت .

www.zheen.org

هەرچی چلونێك بێت ئەبوایە دانەر بەشێوەیەکی تر بو ئەمە بچووایە واتە بیوتایە پاش ئەوەی بەخێر هاتنی کوررەکەم کرد پاش کەمێك لێم پرسی بەبی زەحمەت کاکە ئیشت چیە ؟ پاش ئەوە خەلقی کوێیت ؟ ئینجا بەشێوەیەکی موجامەلە وای بکردایە کە بکەوتایەتە گفت‌وگو . نەك ئەوەی لێی بپرسیت ئەری ئەم هەموو خەلکە بوچی وا هەوا دانیان بو نیە ؟ کە من لە مانای وا هەوا دانیان بو نیە تێ‌ناگەم چونکە ئەمە پیوبستە بە پرسیارێکی ئەوتو ناگرێ کە لە کەسێکی نەناسیاو بکرێت بەتایەبەتی کە هات‌و چو کردن لەسەر شەقامێك هەرگیز پیویست بەپرسیارو لێك دانەوە ناکات.

پاش ئەوەی نووســـەر هەل ئەسی‌و ئیواری باش لەگەل برادەرەتازەکەیا ئەگاو ئەرواتەوە بو سبەینی کە روژ ئەبێتەوە پاش ئەوەی خور بەرەو ئاوابوون ئەبێتەوە دووبارە ئەگان ئەداتەوە بو شوینەکەی دوێنێ چونکە شیوەی گفتوگوی قســـەکانی سەرنجی نووسەری راکێشابوو وەك خوی ئەلێ لەو کاتەیا هەستی بەوەرزبوونێك ئەکرد حەزی لەوە کردووە کەیەکێك بدوزێتەوە وەکوو خوی ئاوازێکی تایەبەتی هەستی بکات کە دەربیشی ئەخات ئەو ئاوازە چیە ، چونکە وەك لە رووداوەکەیا دەر ئەکەوێت کە ئاوازەکەی غەفوور دلداریە بەلام ئاوازەکەی دانەر کەمەـق کردووە لەگەل ئەوا ریك ناکەوێت . چونکە ئەو تەنها خوێندنەوەو نووسین ماندوویان کردووە نەك دلداری .

وەك خوی لە پیشـەوە ئەلێت ... بەلام ئەوەی جێی سەر سورمانە ئەو هێزە شاراوەیەیەکە کەپالی ناوەتە ئەو دووکەسەوە بینە برادەرێکی گیانی بە گیانی هەرچەند کە هێشتا ناوی یەکتریشیان نەزانیوە .

لەدوایيا ئەوەی جێی سەر سوورمانە ئەوەیە کە غەفوور بە دانەری ووتووە تکا ئەکەم باهاورریتیمان تا سەربێ بە بێ لە یەك بچرراندن . . . بەلێ ئەم قسەیە زور جێی سەر سوورمانە چونکە ئەوبرادەریەتیەی کە دوورژو شەوێکی بەسەرا تێپەرریوەو لە یەکتری ناسین‌و پارەی چای یەکتری‌دان‌و جگەرەدان بەیەکتر بەولاوە شتێکی تر نەبووە لەبەینیانا . . ئەبێ بوچی ترسیان لەوەبێ‌و تکای ئەوەبکەن کە برادەریەکەیان تا سەربێت ؟ بەراستی شتێکی سەیرە .

دانەر ئەلێ ئەو شەوە گەلێك لە شـــەوانی تر بە پەلەتر بووم ئەمویست زەوی

بەگوررتر بسووریتەوە زوو لایەکەی ووڵاتي ئیمە بکەویتە بەر تیشکی خور . چونکە سبەینی روژی هەینی‌یەو ماندووم ئەحەسیتەوەو شتیکیش لە بەسەرهاتی کاك غەفوور نەزانم . . !

بەڵام من نازانم بوچی دانەر وابەپەروشە کە سبەینی زوو روژبیتەوە ؟ ئایا هەر لە بەر ئەوەی کە بەیانی کاتی ماندووحەسانەوەیە ؟ ئەگەر لەبەر ئەوەبی وابزانم شتیکی وانیە پیاو ئەوەنە بە ئاواتی‌وە بی ئەگەر بو ئەوەیش بی کە سبەینی بەسەرهاتیکی کاك غەفوور بزانیت ، خوشەو کاك غەفوور هیچ لەم بابەتەوە لەگەڵیا نەدوواو بەڵینی نەدایە ، یان دوینی‌و پیری کاك غەفوور هەرگیز لەم بابەتەوە نەدواوە لەگەڵ دانەرا .

دانەر ئەڵی پاش ئەوەی بوبەیانی کاك غەفوورم دی‌یەوە لەو جیگایەی کە بەڵینمان وابوو کە یەکی تیابیینینەوە هەڵساین‌و قوڵمان کردە قوڵی یەکتراو بە شەقامی کاوەیا بوی رویشتین بەڵام وابزانم دوو برادەری تازە کە بو دوو روژ بوونەتە برادەر لە کاتی پیاسە ورویشتنا قوڵ ناکەن بە قوڵی یەکتراو بگرە کە هەنگاویش ئەنین هەر یەکە لە خەیاڵی ئەوەی دایە کە ئەبی ئەم برادەرەی کی‌یەو چونە ؟ یان هەر یەکە ئەگەرریت بو قسەیەك کە بیکات‌و پیاسەکەی پی ببرینەوە ئیتر ئەبی چون غەفوورو دانەر چون لەو سەرشەقامەیا قوڵیان کردوە بەقوڵی یەکتریا ؟ کە قوڵی بە قوڵی یەکتری کردنیشا زور باوی نیە .

ئەمانە چەند سەرنجیك بوو کە لە چیروکي گەردەلوول‌دا بەرچاوم کەوتوون هیوادارم کە دانەر خویشی بەمانەی زانیبیت‌و هەوڵ بدات کە بو ئەو کومەڵە بەرهەمانەی کە خویندەوارانی چاوەری کردوە لە بەرگی ئەم چیروکەیدا . . هەوڵ بدات کە ئەو بەرهەمانەی دوور بخاتەوە لە کەم‌و کووری‌و لەکاتي نووسینا جڵەوی قەڵەمەکەی بەرنەدات‌و ئەو بیرانەی بە میشکیا دی زنجیرەیان نەپچرریت‌و یەك لەدوای یەك بن پیروزبایشم بوی کە توانیویتی ئەو بەرهەمەی چاپ بکات کە چاپکردنی مانای پرر کردنەوەی کەلینیکە لە بەتاڵی کتیبخانەی کوردستانا ، هیواداریشم کە بەم زوانەیش دەست بکات بە چاپکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بەڵینی داوە بڵاویان بکاتەوە . . .

## گوشەی بیروباوەرر

# رادەی سەربەستی

## پیوانـــەی

## ســـەربـــەخویی گەلـــە

محرم محمد امین

زور دەمیکە زانراوە دیموکراتیەت واتـەی فەرمان رەوایی گەلـــە . گەل خوی کاروباری خوی ئەبا بە ریگاوە بەهوی ئەو نوینەرانەی خوی بە هەموو سەربەستی‌یەکەوە هەلیان ئەبژیری . جا کەلە رژیمیکی دیموکراتیدا هەر گەل خاوەن دەستەلات بی ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنی کە گەل هەموو کوششیکی‌و رەنجیکی بو بەرژەوەندی خوی تەرخان ئەکا ، هەموو ووزەو توانایەکی خوی بەکار ئەهینی بو پیش خستن‌و پەرەپیدانی سامانە نیشتمانی‌یەکەی لەسەر بناغەیەکی زانستی‌و عەدل‌و حەقیانەت دابەش بکری کە هەریەکە بەپی‌ی رەنجی خوی لەم سامانەدا هاوبەش بی کە بەمە روژ بەروژ ژیانی ئابووری‌و کومەلایەتی‌و تەندروستی‌و ئەقافی رولەکانی گەل گەشە ئەکاو بەرزتر ئەبیتەوە . ئەم ووزە دروست کەریە گەورەیەش کەلە هەموو نەتەوەیەکدا هەیە بەرەللا نابی بەبی سەربەستی‌یەکی راستەقینەی تەواو . لەبەر ئەوە ئەبینین لەو وولاتانەی فەرمان رەوایی ئەکەویتە ژیر دەستی گەل لە پیش هەموو شتیکدا سەربەستی‌یە دیموکراتیەکان بەرەللا ئەکرین لە شیوەیەکی ئاراستە کراودا ، وەکو سەربەستی بیروباوەر ، سەربەستی پارتیی ، سەربەستی دامەزراندنی ریك خراوەکان ، سەربەستی پیك هینانی نقابەکان ، سەربەستی روژنامەگەری سەربەستی کوبوونەوە ، سەربەستی مانگرتن‌و خونیشان دان . وە . . تاد .

وە هەر وەکو بە تاقی کردنەوە دەرکەوتوە ژیانی گەل لە هەموو روویەکی‌یەوە ئابووژیتەوەو پیش ناکەوی‌و ناخەملی بەبی دیموکراتیەتیکی راستەقینەی ئاراستەکراو ، وە ئەم دیموکراتی‌یەتەش ناپاریزری و پیش ناکەوی بەبی شوورایەکی پتەوی بەهیز کە

بنکەی ژین www.zheen.org

سەربەخویی‌یە ، کەوابی سەربەخویی ئامانجیك نی‌یە خو بەخوی خوی بی ، بەلکو هویەکە بو بەرگری کردن لە مافەکانی گەل ، بو پاراستنی دەستکەوتەکانی‌و سەربەستی‌یە دیموکراتیەکانی .

وە ئەگەر هات‌و هەر نەتەوەیەك لە چوار چیوەی سەربەخوییدا بیبەش کرا لـــە سەربەستی‌یە دیموکراتیەکانی بـەهوی رژیمی دکتاتوری رووداپوشراو یا رووبەرەلـلا ، وە سامانە ئابووری‌یە نیشتمانی‌یەکەی تەنها چەند کەسیك خیریان لی‌بینی و خواردیان و ئەویش لە هەژاری‌و نەزانین‌و نەخوشی‌و چەوساندنەوەدا تلایەوە ، ئەوسا سـەربەخویی نیشتمانی هیچ واتەیەکی نامینی لە چوارچیوەیەکی رەنگاورەنگی بی‌کەلك بەولاوە بو تەفرەدانی خەلکی ، نەك هەر ئەمەو بەس ، بگرە ئەم چوار چیوەیەش شەق‌و شـرر ئەبی بە دەست بیگانەوە چونکە کاربەدەستە دکتاتورەکان لـە هەموو کاتیکدا ئامادەن کە بەرژەوەندیان ئەکەویتە خەتەرەوە دەست لەگەل بیگانەدا تیکەل بکەن‌و سەربەخویی وولاتەکەیانی بدەنە دەست بو پاریزگاری‌و بەردەوام بوونی دەست دریژی خویان تا وای لی‌دی سەربەخویی نیشتمانی لە ناوەکەی بەولاوە هیچی تری نامینیتەوە ، بگرە لە هەندی باردا ئەم ناوەشی نامینی ، وەکو سەردەمی شایەتی دوابراو لە عیراقدا کە نوکەری ئیمپریالیزمی بەریتانیا بوو ، وە وەکو ئیران‌و تورکیا کە جووتە چلکاو خوری ئیمپریالیزمی ئەمریکان .

جا کە سەربەخویی شوورایەك بی بو پاراستنی هەموو مافەکانی گەل ، وە بەهیزی‌و پتەوی ئەم شوورایە بەسترابی بەو کەرەسەیەی لیی دروست کراوە ، بەبی گومان باشترین‌و خوگیر ترین کەرەسە هیزی گەلە ، چونکە هەر خاوەن مال ئـەتوانی مـالی خوی بپاریزی ، بە واتەیەکی تر ئەو فەرمان رەوایی‌یەی لە گەلەوە هەلقولابی و گەل پشتیوانی بی . وە هەر وەکو بەلگە نەویستیشە هەر فەرمان رەوایی‌یەك بەراستی لـە گەلەوە هەلقولابی‌و دلسوزی گەل بی مافەکانی گەل ناخواو سەربەستی‌یە دیموکراتیەکانی پیسیش ناکا ، کەوابی بـەرەلا بوونی سـەربەستی‌یە دیموکراتیەکان لە هەر وولاتیکدا واتەی ئەوەیە کە گەل خوی کاروباری خوی ئەبا بەریگاوە ، وە واتەی ئەوەشە کە

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەربەخویی نیشتمانی بە دەست هێزیکەوەیە کە لەوانە نی‌یە توزقالیکی بە بیگانـــە بیەخشی .

کەواتە ئەگەر بمانەوی بزانین سەربەخویی هەر نەتەوەیەك تا چ رادەیەك تەواوە پیویستە وورد بینەوە لە ژیانی ناو نەتەوەکەخوی ، تا چ ئەندازەیەك تیایا دیموکراتیەت بەرەللا کراوە ؟ چون دەستەلاتەکانی دەولەت دابەش کراون‌و پەیوەندی‌یان لەگەل یەکدا ؟ لەسەر چ پروگرامیك سامانی نیشتمانی بەکار ئەهینری‌و دابەش ئەکری ؟ ژیانی کومەلایەتی‌و تەندروستی‌و ثەقافیی لە چ پلەیەکدایە لە پیپلیکەی پیش‌کەوتندا .

وەلامی ئەم پرسیارانە ناتەواوی یا تەواوی سەربەخویی نیشتمانی هەر نەتەوەیەکمان بو دەرئەخا ، وە بە کورتی‌یەکەی ئەیلیینەوە کە رادەی سەربەستی هەر نەتەوەیەك پیوانەی سەربەخویی نیشتمانی‌یەتی .


# چاپخانەی صلاح‌الدین

## لـــە بـــەغدا

چاپخانەی صلاح‌الدین کە تازەترین‌و باشترین مەکینەی چاپی هەیە ، ئامادەیە هەموو چەشنە گوڤارو روژنامەو پەرراوو کاروباری بازرگانی بە شیوەیەکی جوان‌و نایاب‌و پوخت لە چاپ بدا .

ناونیشان : بەغدا ـ چاپخانەی صلاح‌الدین ـ شەقامی شیخ عمر پشت گەراجی سعید قاسم .

# کاروانی شەهیدان

ئەی کورد کوژینە ، داگیرکەرینە ، چنگک خویناوینە ، ئەی دلرەقی رووڕەشینە زورتان لە کورد سەربری ، زورتان زیندە بە چال کرد زور منالتان گوشتا گوشت وەك بەرخ سەربری .

سەدان سالە بی وچان سامانو پیتی کوردستان بە تالان دەبەن نەك بە دزی بە ئاشکرا ، بە ئاشکرا بەژیر سیبەری سەرنیزەکانی تك تك خوین لی تکاوتان .

ئەی دوژمنینە : ئیمە هەمیشە لەبەر چاومانە :

ستەمی ئیوە ... ، گوللەو قوررقوشمی داخی بە خوینی دلیکورد ساردکراوتان .
فرتو فیلی زور نزم و سەرشورڕانەتان .
دزی و تالانیتان لە کوردستانا
رەش بگیرو ئازارو لیدان
زیندانو گرتووخانەکانتان

هەموو .. هەموو کردەوەکانتان لیمان بوتە تاووتین ، کل و کو ، هەستی گەرم و سووری وەك پشکو .

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەموو نەتەوەی کورد بیجگە لەو چەند نوکەرانەت ئەی دوژمن لە ریزیکدا تیك بەزیو ، نەبەزیو ، زورجار بە دەستی تو تەزیو ، بوونە بەردی سماتە ، سەرسەختو بەسام ، هەموو کەوتوونە ری خروشاو بەرەو جیهانی رووناكو درەوشاو .

ریگەمان زور خوشکراوو پتەوە ، بە پای پەتی کورد کوتراوە ، بە کیلی شەهیدانمان پەرژین بەندکراوە ، بە خوینیان خوین پرژین کراوە ... وا بەسەر ئەو ریگەوە ری‌رەوین ، بو تولە بو خوین خوازی ، خوین رشتن .

دوژمن ئەزانین خەریکی پەمان وەبەر پی دەی و دیسان و دیسان سەرەنگریمانکەی ، تاکەی گیل بین !

نا . . . نا کورد کوژ ئیتر بەسمانە .
نورەمانە ، کاتو سەرو دەمی چاو کرانەوەمانە .

تولەمان لی نایبتە ژیانی لەش کوشتنت ، تولەمان کوشتنی رژیمتە ، رمانی قەلای داگیرکەریتە ، تەفرو تووناکردنی داب‌و دەزگای کورد کوژیتە .

ئەدی ، ئیتر دەبی بمری‌و نەمینی .

چونکە ئیتر بەسمانە ، کات‌و دەوری بزوتنمانە .

وەرە گوی‌گرە ، لوکەت لە گویت دەرینە : گویت بو ئەو دەنگە پرر سام‌و بەگوررە هەلئە لە ئارارات‌را بانگ دەکات تو هەر لە پالەوە گوی‌بو ساسون ـ قەندیل ـ پیرەمەگروون‌ـ هەلگورد وە کەوەرکو هەلئە دەنگ دەدەنەوە بزانە ئەو دەنگە دەلی چی ! دەلی :

هوی کوردینە ، پالە ، چوتیار کریکار ، پیشەساز ، رووناك بیر بازرگان ، عەشیرەتی نیشتمان پەروەر ، لە ریزیکدا بەری‌بەك‌دا . ( یەك‌گرن ) . . . نورەمانە .

( ا . ت . سوارە )

---

**پیشرەوانی**
**( شەهیدانی کوردستانی تورکیا )**

سالی ١٩١٣ی زایینی

ـ شیخ شهاب الدین
ـ محمد شیرن
ـ سـید علی

ئەم شـەهیدانە لە شاری بتلیس شەهید کران .

١٩٢٥ی زایینی

ـ دکتور فوئادی دیاربەکری
ـ سید محمدی گەیلانی زادە ( شەمزینی )
ـ ئەیوب شیرەکی

ئەم سی شەهیدە کران بەدارا .

وە روژیك دوای ئەمان ئەم شەهیدانەی خوارەوە گەردنیان کرا بە پەتا :

ـ شیخ عبداللە گیقیەیی
ـ نورالدین نیروانی
ـ احمد ئەحەچانی
ـ محمد نیروانی

وە روژیکیش دوای ئەوان ئەم کوردانەی تر شەهید کران :

ـ شیخ عبدالقادری شەمزینی
ـ حاجی سید محمدی کورری یوسف ضیاء بەگ
ـ عبدالقادر پاشا
ـ کمال فیضی
ـ ئیمام تابووریی ئەستەموول

- سعدی غولامی

وە هەر لە سالی ١٩٢٥ دا لە روژی عارفەی جەژنی قوربان‌دا ئەمانەی خوارەوە لە سیدارە دران :

- شیخ سەعیدی پیران ( سەرکردەی شوررشی گەورەی کوردستانی تورکیا )
- شمس‌الدین قامیشلی
- عبدالله ملەکان
- شیخ حسینی چیای‌سپی ، وە براکەی کە زور لاوبوو
- شیخ شریف
- اسماعیل تیرەکانی‌و براکەی
- شیخ حاجی
- فتاح دیرەکی
- شیخ ابراهیم
- مارف قەرەداخی
- ابراهیم کوبەشی
- قادر معدەنی
- حوسنی ئەفەندی ئەرقەنی
- شیخ علیمی کوتەکان

وە دوا بەدوای ئەوان ئەم کوردانە شەهید کران :-

- خالد بەگی جبری (سەروکی کومیتەی ئیستیقلالی کوردستان )
- علی رەشی کوتی
- ئەمینی برای علی رەش
- جمیل پەنجەناری
- فەراموزی کووری جەمیلی پەنجەناری
- احمد بەرازی
- حاجی حسین آغای کوخان
- حاجی موسا خویتی
- ذوالفقاری گەوران
- مصطفی سروچی
- عبدالرحمن شرنەخی
- محمد علی غزران
- مەلا عبدالرحمانی تەبی باراو ( کە زانایەکی گەورەی کورد بوو )

سەرەرای ئەوەی شیخ سعیدی پیران‌و خالد بەگی جبری و شیخ عبدالقادری شەمزینی و سەدان قارەمانی پیر و لاوی کوردیان کرد بەدارا ، بە هەزاران مندالیشیان سەر بری‌و زگی هەزاران ژنە کوردیان بەنیزە هەلدری‌و ، سنگی دە هەزاران لاویشیان بەسونگی دادری وە ئاگریان بەردایە کوردستان و بە هەزاران دی‌یان سووتاند ئنجا لە سالی ١٩٣٢دا حکومەتی تورك قانوونیکی دانا بو قەدەغە کردنی قسە کردن بە زمانی کوردی ،

| |
|---|
| شەهیدانی خەباتی دامەزراندنی کوماری کوردستان . |

- پیشەوا ( قازی محمد ) سەروکی کوماری کوردستان وە رابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان .

- سەیفی قازی ( ژەنەراڵ محمد حسین ) وەزیری جەنگی کوماری کوردستان .
- ابوالقاسم ( سەدری قازی ) نوینەری مەهابادو شنوو نەغەدەو بوکان و سەردەشت لە ئەنجومەنی شوورای ئیران .
- عزت عبدالعزیز
- مصطفی خوشناو
- خیرالله عبدالکریم
- محمد قودسی
- محمد نانەوا زادە
- علی شیرزاد
- خوشەوی خلیل بەرزانی (لەکوشتاری مامەشادا شەهید کرا )
- احمدی فارووق ( سالار )
- علی جوانمەردی
- ٦ قارەمانی تر کە لەگەڵ فاروقیدا لە بوکان کران بەدارا . جگە لە دوو براکەی فاروق و جگە لە علی و رسولی جوانمەردی .
- امینی اسعدی
- صدیقی اسعدی
- احمد شجیعی
- محمد باباخانی فیض الله بەگی
- علی فاتحی
- عبداللەی مەتینی برای ( سالار )
- محمدی دانشوەر = ( = )
- حسینی جەلالی‌کانی نیاز
- رسولی جوانمەردی
- محمدی ناظمی
- عبدالله رەوشەن فیکر
- رسولی نەغەدەیی
- حمیدی مازوان
- وەستا برایمی بەنا
- حسنی برایمی بریاجی
- عبدالله مینە خالندی
- هاشم همزەوی
- احمد خدری شەمووالە
- مارفی پوور زەریفی
- احمدی وەستا حەسەنی

ئەم شەهیدانەی کوردستانی ئیران لە پیناوی کوماری کوردستانا هەندیکیان لە گەرمەی کوشتارا شەهید کران وە هەندیکیان کران بەدارا .

وە لە سالی ١٩٥٣ی زاینیدا لە رۆژی ١٥ی جوزەردان لە باخی میکائیلی لە مەهاباد لە مەهرەجانی لاوانی کوردستانا ( حەسەنی رەمەزانی ) بەگوللەی ئەمنیەی ئیران شەهید کرا .

ئیمە ئەگەر ناوی هەموو شەهیدانی ( کوردایەتی تومارکەین بەلایەنی کەمەوە سەرجەم ( روژی نوی )ی یەك سال بەش ناکا ) لەبەر ئەوە وا ئەم جارە هەر ئەمەندەمان نووسی .

ژینگەی ژین www.zheen.org

# پەرراوی نوی

شانوی کوردستان

- نووسینی کاك عبدالرزاق محمد ( ئەندامی یەکیتی نووسەرانی عیراق )
- ١٠٤ لاپەررەیە ، وە بریتیە لە چوار ئوپەریت و چیروکی هونراوەی سەرشانو
- لە چاپخانەی صلاح‌الدین لە بەغدا چاپ کراوە .

شوررشی دیاربەکر

- نووسینی کاك عثمان عوزیریە ، ٧٤ لاپەررەیە
- بریتیە لە کورتەی شوررشی دیاربەکر ( دەست پی کردن و شەهید کردنی شیخ سەعیدی پیران ) . لە چاپخانەی ژین لەسلیمانی چاپ کراوە ، وە پیشەکیەکەی لە لایەن ماموستا محرم محمد ئەمینەوە نووسراوە .


بنکەی ژین
www.zheen.org

کویەو شاعیرانی

- نووسینی كاك كریم شارەزایە ، ٩٧ لاپەررەیە .
- بریتیە لە میژووی ژیانی شاعیرانی کویە ، وە وردکردنەوەی هونراوەکانیان . لە چاپخانەی ( النجوم ) لە بەغدا چاپ کراوە .

پرر بەدل پیروزبایی لە نووسەرانی ئەم پەرراوانە ئەکەین وەهیواداریـن خویندەواران یقوزنـــەوە ، وە ئەو برا نووسەرانەش گـــەرمتر و گەرمتر بن لە نووسینا لە پیناوی کوردایەتی‌دا .

بو پیشـــەوە .



# له باخی گولی

ه  له کەنەدەو ئەمەریکا تەنیا لە سالی ١٩٦٠ دا ٢ ملیون ئاگر بەربوتەوە ، وە بەهوی ئەم ئاگرانەوە ١٤٠٠ ملیون دولار زیان لەو دوو ولاتە کەوتووە .

ه  رەنگە وابزانی کە تازە دەربارەی هیزی ئـــەتوم ئەدوین وە بەو هیزەیان زانیوە کە هەیە . بەلام نەء ( ئەدیسون ) لـه ســالی ١٩٢٢ دا کە لەتەمەنی ٧٥ سالیدا بووە ئەمەی خوارەوەی نووسیوە :

من هیزی ئەتومم زور بەلاوە گرنگە ، ئەم هیزە ئیجگار بزورگە ، هیزیکە بی ســـنوور ، وە روژیك ئەبی ئەم هیزە ئـەدوزریتەوە ، وەمن خوم زور خەریك بووم .

ئەم هیزە کارەبای لی دروست ئەکری، وە بەجوریـــکی ئـەوتو بەهیزو فراوان کارەبای پی پەیا ئەکری کە نەك هەر لە ئوقیانووسی ئەتلەنتی پەرریتەوە بەلکو هەمو زەمین بگریتەوە بەبی ئەوەی هیچ کوسپیك بیتە ریگەی .

ه  ژنیك کە ١٥ ســال بوو شــووی کردبوو داوای لە دادگا کرد کە میردەکەی دەســتی لی هەلگری ، لە ئەنجاما دادگا برریاری تاوانباریی میردەکەیدا ، وە ژنەکە لە دەست ئەو میردە رزگاری بوو ، بەلام تاوانی میردەکە زور سەیر بوو وە هیشتا شتی وا هەرگیز رووی نەداوە ، تاوانەکەش ئەمە بوو :

میردەکە برریاری دابوو کـە ژنەکەی هەر هەلەیەك لەم هەلانەی خوارەوە بکا

www.zheen.org

ئەبی جەزا بدات .

١ ـ بەیانیان درەنگ لە خەو هەستی ٥ دولار جەزا .

٢ ـ چیشەکەی بسووتی ١٠ دولار .

٣ ـ لە ٥ دەقیقە زیاتر بە تەلەفون قسە بکا ٧ دولار .

ئنجا بەم پی‌یە ژنەکە پارەیەکی زوری دابوو بە میردەکەی وە پارەیەکی زوریش لە سەری کەلەکە بوو بوو .

○ ئینگلیزیك چەشنە رادیویەکی دروست کردووە بەقەدەر کازمیریکی دەستە، وە بە ترانزیستور ئیش ئەکا ، پیلەکانیشی هەر یەکی ئەوەندەی حەبیکی ئەسپرویە .

○ زوربەی روژنامەکانی ئەمریکا دەربارەی سیاسەت زور کەم ئەنووسن بەلکو زوری ئەو هەوالانەی کە بلاوی ئەکەنەوە لە بابەت دزیو کوشتنو شتی سەیرەوەیە .

لە سالی ١٩٤٥ دا روژنامەی « شیکاغوتربیون » کە روژنامەیەکی زور بە ناوبانگە بە پیتی قەبە قەبە نووسیبووی « ژنەکەی خوی کوشت وە کوررەکەی سووتان » ئەم هەوالەش بریتی بوو لەوەی کابرایەك ئەو تاوانەی کردووە ... بەلام لە ژیر ئەم هەوالەدا بە وردی نووسیبووی ئەمریکایی‌یەکان لە رووباری راین پەررینەوە وە نازی‌یەکان لەبەردەمی لە شکری نوهەمدا بەزین .

## « هاورری‌یەتی »

○ وەك چون خوشەویستی‌ی پاك بە دەگمەن هەل ئەکەوی هەروەها هاورری‌یەتی‌ی راستیش دەگمەنە .

( لافونتین )

○ هاورری‌یەتی هەمیشە سوودمەندە بەلام خوشەویستی هەندیك جار زیان بەخشیشە .

( سنیکا )

○ هاورری‌یەتی راست وەك تەندروستی‌ی چاك وایە تا لە کیسمان نەچی پی‌ی نازانین .

( کولتون )

○ دوو هاورریی خوشەویست یەك گیانن لە دوو لەشا .

( ئەرەستو )

○ هاورری‌یەتی لە بەینی ژنو پیاوا نی‌یە ، یان قینە یان خوشەویستی

( ئوسکاروایلد )

بنکەی ژین www.zheen.org

# بو پیشـــەوە

## ئیمە کوردین - بژی کورد و کوردستان

**ئیمە** کوردین‌و لەپیناوی کوردستانا ، لەژیر دروشمی پیروزی کوردایەتی‌دا گیانمان ناوەتە سەر بەری دەستمان و بی کولدان خەبات ئەکەین .

نەهیچ هیزیك ئەتوانی لـــەم ری‌یە لامان‌داو ، نە بەهیچ جوریك توسقالیك ترس ئەرژیتە دلمانەوە .

بـەزین وا لـەژیر پی‌ی نەبەزینمانـا تـاساوە .

ورەمان لــە کیوی پیرەمەگروون سەخت ترە .

**ئیمە** کوردین ، نەوەی ئەو کوردانەین کە لەشکری جەنگیزخانیان لــە مەهابادا شکان و سوپای ئینگلیزیان لـــە دەربەندی بازیانا پەریشان کردوو ، تالاویان کرد بـەدەمی ســــەربازەکانی ( ئەتاتورکا )و لە مەهابادا ئالای شانازی و رزگاری‌یان هەلکرد .

**ئیمە** کوردین ، نەخوین رشتن‌و نەزیندان‌و نەزیندە بەچال کردن‌و نـە منال‌سەر برین نەیانتوانیوەو ناتوانن بن بەهوی ئەوەی سام بەئاستەم توخنی دلمان کەوی .




**دوژمنینە** ئیوە هەر روژە بە جوریك پەلامارمان ئەدەن‌و هەر تاوە بە چەشنیك بەرەنگارمان ئەبنەوە بەلام هەموو تەقەلایەکتان بی‌سوودەو هەموو کوششیکتان لەســەر بەردی ئامانجی پیروزمان پەراش پەراش ئەبی ئیوە دەمیك بەناوی ( ئاین پەرستی‌یەوە ) کە گوایا لـە خوا ترس و داد پەروەرن ، وە دەمیك بـەو ناوەوە کە ئیمە بەکریگیراوی ئەم دەولەتین یان ئەو دەولەت ، وە جاریکیش بەو بەهانەیەوە کە خوینریژو خاك ویران کەرین هەلمەتمان ئەبەنە سەرو پەلامارمان ئەدەن .

ئەری ئیمـــە خاك ویران کەرو

بنکەی ژین
www.zheen.org

داگیرکەرین یان ئیوە ؟!

خاکی کام نەتەوەمان داگیر کردووەو ولاتی کیمان ویران کردووەو کام شارو کام دیمان بوردوومان کردووە !!

ئەری سەربەستی‌ی کام نەتەوەمان ناوەتە ژیر پی‌و مافی کیمان خواردووە و مالی کیمان بەتالان بردووەو ، کام زمانمان لە نەتەوەیەك قەدەغە کردووە ؟!

**ئیمەین** مال ویران کراوو نیشتمان لەت‌و پەت کراوو سامان بەتالان براوو خوینی لاوان بە ناررەوا رژینراوو شـــار ســـووتینراوو کەچی ئیوەشن هەر هاوار ئەکەن‌و هەر خەریکی پیلان ریك خستن وادیارە ( بی‌گومانە نەك وادیارە ) لـە کورد زور ئەترسن لیشـــتان روون بی ناخەلەسین ( ئەوی ترسا نەخەلەسا ) .

لەگەل ئەم هەموو نـاسـورو دەردی سەری‌یەشدا لەگەل ئەم هەموو خوین رشتن‌و ئازاردانەشدا هیشتا ئیوەی دوژمن کە ئەبزوینەوە نەك هەر ناومان ناهینن‌و نەك هەر تاوان بارمان ئەکەن بەلکو ئەشلین ئەوانە ئەوان نەبوون . درویـــە کورد نین !!

کوردینە ، ئـەی کورد پەروەرینـە

ئەمە ســـــەرەتایەکی پچووك بوو بو ئەو بەسەرهاتە گەورەیەی لەکوردستانی تورکیادا رووی داوە .

ئاگات لی نی‌یە ؟

ئاگات لی نی‌یە خوینی برا کوردەکانت بە لیشاو ئەرریژن ؟ لە هیچ ئیستگەیەکی بی تەلەوە نەتبیستووە کە لە کوردستانی تورکیادا بەم زوانە چی رووی داوە ؟

بەرگویت نەکەوتووە کە برا کوردەکانت ئەکوژن و بەوەش تاوانباریان ئەکەن کە بەکریگیراون کەچی ناشلین ئەوانە کوردن ناویرن ، ئەلین تورکن تورك .

هەوالیکی زور گرنگەو نەتبیســـتووە رووداویکی بزورگەو کـەچی نـەهیچ روژنامەیەکی ناوچەی روژهەلاتی‌ناوەراست لەسەری نووسیوەو نەهیچ رادیویەك باسی کردووەو نەهیچ حکومەتیك لەســـەری هەلداوینی .

ئەم بی‌دەنگی‌یە بوچی ؟

تـاکـەی ؟!

ئەی برای کورد ، بی‌گومان بیستووتە کە لەمانگی مایسی ١٩٦١دا لە (تورکیادا!!!) هەرایەك بەرپا بوو ، وە بیستوشتە کە رادیوی ئەنقەرەو زور ئیستگەی تر بلاویان

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەکردەوە کە گوایا لـــە رۆژهەلات و خوارووی تورکیادا ئەوانەی ســــەر بە مەندریسن هەرایەکیان بەرپا کردووە و پیلانیکیان بەدەستەوە بووە .

بەلام برام: ئەوانەی لە رۆژهەلات و خوارووی تورکیادا ! هەرایان بەرپا کردووە نە تورکن وە نەســــەر بەمەندریسن برا کوردەکانی تون بەلام حکومەتی تورکیا ناوی‌نان تورك و دەستە و دایەرەی مەندریس !

رۆژنامەی ( کومبا ) ی ( فەرەنسی ) ئەم هەوالەی خوارەوەی بلاو کردوتەوە:ـ

رۆژنامەی ( کومبا ) ی فەرەنسی ژمارە ( ٥٢٥٠ )

پاریس رۆژی ١٩٦١/٥/١٤

بە پێی هەوالیك کە لە سەرچاوەیەکی رووتی باوەر پی کراوەوە پیمان گەیشتووە، ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەم رۆژانەدا لە رۆژهەلات و خوارووی تورکیادا بەرپا بوو، وە بوو بەهوی داخستنی سنووری تورکیاو سوریا ، وە حکومەتی تورکیا وای ئەدایە قەلەم کە گوایا لە لایەن دەستەی مەندریسەوە پیك هینراوە ، وانی‌یە , وە راستیکەی ئەوەیە کە ئەم خۆپیشاندانە لە لایەن کوردەکانەوە ریك خراوە . .

لە رۆژی ١٩٦١/٥/٨ دا لە شارەکانی کوردستانی تورکیادا بە تایبەتی شاری ( ماردین ـ سیڤەریك ـ دیاربەکر ـ بتلیس ـ وان ) هەزاران کورد رژانە شەقامەکانەوەو سەختترین و بە هیزترین خۆپیشاندانیان کرد : وە لەم خۆپیشاندانانەدا گەلیك دروشم و ئالاو پارچە ( تەختەی گەورەیان ) هەلگرتبوو .

کە ئەم دیررانەی خوارەوەیان تیادا نووسرابوو : ـــ

★ ئیمە تورك نی‌ین . کوردین .

* بمری کورسیل ، بمری مەندەریس ، بمری ئینونو وه هەموو زورداران .

* پیویسته حکومەتی تورکیا دان بەمافی نەتەوایەتی‌ی کوردا بنی .

پولیس تورك به یارمەتی سوپا بەبی ئاگاداری کردن له ناکاو له هەموو شارەکانا پەلاماری کوردەکانیان داو کەوتنه کوشتار کردن ، له ئەنجاما له بازاری گەورەی ( ماردین ) دا . وه لەبەر مزگەوتی گەورەی دیاربەکردا کوشتاریکی زور کرا .

تیکرا ( ١٣٥ ) کورد کوژرا ، وه ( ٧٥٤ ) بریندارکرا .

وه به پی‌ی هەوالیکی تریش هەر له ئەنجامی ئەم راپەرینەدا هیزی ئاسمانی تورکیا هیرشی برده سەر شارەکانی کوردستان ، وه شاری بتلیسی بوردومان کرد .

بەم جوره بومان دەرکەوت که حکومەتی تورکیا بەو پەرری توندو تیژی‌یەوه پەلاماری کورد ئەداو هەر خەریکی رشتنی خوینی کوردە وه بوشمان دەرکەوت که ئەمرو نەتەوەی کورد له سەر لوتکەی چیای خەبات به دەنگیکی بەرزی بەسوز بانگی ( کوردایەتی ) به ئاشکرا ئەدا .

برا کوردەکانمان له کوردستانی تورکیادا سنگ ئەنین به گوللەوەو بانگ ئەکەن مافی نەتەوایەتیمان ئـەوی ، بی گومان ئەمه مژدەی دواروژیکی پیروزه . وه ئیمەش پرر بەدل به دەنگیکی بەرزەوه بانگ ئەکەین « دەســتهەلگرن لەو زورداریەتان بـــەرامبەر به کورد ، داوائەکەین دان بنری به مافی برا کوردەکانمانا له کوردستانی تورکیا ، بەو پەرری توندو تیژیەوه نارەزایی خومان بەرامبەر بەو کوشتارە دەرئەبررین ) .

# ( عەشق )

عاشقی سونعی حەقم ، قوربانی رەنگی قوورەتم
چاوی ماوی ، خالی شین ، کولمی سپی ، زولفی سیا
« نالی »

هەرکەسی هات و وتی من عاشقم برروا مەکە
تابە پەیکانی موژەی مەحبووبەکەی بیمار نەبی
« کوردی »

ئیستە بو لاف و گەزاف هەر کەس ئەبینی عاشقە
نەك هەموو کەس جانفیدا وەك (م) و (ح) و (و) و (ی)
« محوی »

عەشقت کە کەوتە کەللەوە هەر جی‌یە بگری جی‌ی ئەوە
یەك سیاقە حەق شوناسی کەعبە یا بتخانە بی
« پیرەمیرد »

ئەوی عاشق بی دیارە
بەشی گوشە و کەنارە
دایم عاجزو خەمبارە
( فولکلور )

www.zheen.org

# [ پاشایانی شـــارەزور ]

[ قـانع ]

یەکەم کەسێك لە پاشایانی شارەزور کە ناوی کەوتە ناو مێژو ( حسین ) ی ناو بو هاوچاخی ( رکن الدولە ) ی کوری بویەی دەیلەمی بو حسین خوی ناسان بە رکن الدولە وە رکن الدولە زور خوشی ئەویست بەم نزیك بونەوەیە لە رکن الدولە زور سەرکەوت وە خەزینەو کەرەسەو شتومەکی زوری کوکردەوە بە دەستەلاتدار ناوبانگی دەرکرد بەلام ئەم پاشایە زور پیاوێکی ئاینی بو هەمو ساڵێك لە روژی دوانزەی مانگی مەولودا کە روژی لە دایك بونی پێغەمبەرە پارەیەکی زوری ئەبەخشی بـــە هەژارو ئاتاجەکان وە نان و چێشتی ئەدا بە هەمو دانیشتوانی شارەزور لە گوێزەبانەی پێغەمەردا وەلە روژی شەمە سێهەم روژ مانگی مەولود ٣٦٩ ی کوچی مرد .

## « بـــەدر کوری حسین »

لە پاش مردنی حسین بەدری کوری بوبە پاشا لە شارەزوردا روژ لە روژ چاکتر بەرز ئەبووەوە هەتا لە ساڵی ٣٨٨ ی کوچیدا لـە دیوانی بەغداوە ناونرایە ( ناصر الدولە ) لە شارەزورەوە هەتا دینەوەرو خوزستانو . بروجرد . اسدئابادو . نهاوەندو هەمو کێوو دەشتی ئەمانەی گرتە ژێر دەستی خوی وە بو بە پادشای تەواو لە شکری لە سوارەو پیادە دروست کردوە موچەی بو هەمو لەشکرەکەی بریوە وە هەر لـــە ناوەندی سی چوار ئاوای پوستێکی داناوە بو سەروکەکانی سەربازی دەرەجەی دانا وە قازی ناردە سەر هەمو شارەکان وە دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی شارەزور زور تێ‌کوشا بو خوێندنی کورد وە چەن قوتابخانەی گەورە گەورەی دروست کردوە بریاری دا کە هەر کەس بخوێنێت لە کیسەی خوی بەخێوی بکات وە هەر کەسی بزانێت بنوسێت وە بخوێنێتەوە لـــە هەمو بێگارو باجێك پارێزراو بێت ناردی دو پزیشکی لە بێگانەوە هێنا دو قوتابخانەی پزیشکی لە شارەزوردا کردەوە کە هەریەکە

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٥٠ قوتابی تیٔخست وای لی‌هات شاره‌زور له شارستانیه‌تدا زور پیش‌که‌وت له‌ولاته بیگانه‌کانه‌وه ئه‌هاتن بو خویندن به‌لام به‌در پاشا له‌گه‌ل هیلالی کوریا به‌ین‌یان ناخوش بو چونکو هیلال هه‌وه‌س بازو بی‌به‌زه‌یی بو له‌گه‌ل ژیر ده‌سته‌دا به‌در پاشایش به‌و جوره رازی نه‌بو هه‌تا وای لی‌هات هیلال باوکی به‌جی هیشت ده‌ستی کرد به‌گه‌ران به شارو لادی‌کانا بو کومه‌ك کردن له‌شکریکی پیکه‌وه نا بو جه‌نگی باوکی وه نوسی بو باوکی ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمان ره‌وای دیته خواره‌وه وه‌له مزگه‌وتیکدا دائه‌نیشیت بو خوت چاکه ئه‌گه‌ر دانانیشیت ئه‌وا ئه‌تکوژم بو دووای وای لی‌هات بوبه جه‌نگ کوشتار له ناوه‌ند به‌در پاشاو هیلالی کوریدا له‌و کاته‌دا ( فخرالملك ) وه‌زیری به‌غدا له‌شکریکی نارد بو جه‌نگی هیلال کوری بـــه‌در به یارمه‌تی بـــه‌در پاشاوه هیلال له جه‌نگی له‌شکری ( فخر الملك‌دا ) به‌دیل گیرا وه برا بو به‌غدا له‌وی خرایـــه زیندانه‌وه له‌و کاته‌دا ( شمس الدوله ) ی ئالی بویه که فه‌رمان ره‌وا بو له‌سه‌ر شاری هه‌مه‌دان ئـه‌م جه‌نگ‌و تیك تالای شاره‌زوریه به هه‌ل زانی ته‌ماعی کرده هه‌مو ده‌سته‌لاتی به‌در پاشا که داگیری بکات وه زه‌وتی بکات بو خوی له‌شکریکی زوری کوکرده‌وه‌و ناردی بو سه‌ر ده‌ست‌که‌وته‌کانی به‌در پاشا به‌در پاشا له‌و سه‌رده‌مه‌دا دو ده‌ردی گرنگ سه‌ری لیدابو (١) پیری که‌له هه‌موو ده‌ردی گران تره (٢) ناکوکی له‌شکره‌که‌ی له‌ناو خویانا که نیوه‌ی سه‌ر به به‌در پاشا بو روژ له روژ لـه به‌رابه‌ر له‌شکری شمسي الدوله دا کز تره‌و باریك‌تر ئه‌بو کاتی که فخرالملك وه‌زیری به‌غدا هه‌وای ئه‌م جه‌نگه‌ی به‌درو شمسی‌الدوله‌یه زانی هیلالي له زیندان ده‌رهینا وه له‌شکرو که‌ره‌سه‌ی جه‌نگي پیدا وه ناردی بو یارمه‌تی باوکی بو جه‌نگی شمسی الدوله لـه روژی دو شمه مانگی قوربان سالی ٤٠٥ کوچی له‌گه‌ل له‌شکری شمس الدوله رژانه ناو یه‌ك له‌پاش چه‌ن روژیك جه‌نگ‌و کوشتار هیلال به‌ده‌ستی سوارانی شمس الدولـه کوژرا وه له‌پاش کوشتنی هیلال‌و مردنی به‌در پاشا تاهر کوری هیلال چوه سه‌رته‌ختی فه‌رمان ره‌وای له جیگه‌ی باوکو باپیریا وه شاری قوماشی گه‌وره کرد کردی بـــه پایته‌ختی خوی ( قوماش ) له ناوچه‌ی شاره‌زور له ناوه‌ندی دیی گریزه‌و ســـه‌راو

سوبحان ئاغایه بەلام چونكو كەرەسەی حانو كردن هەر خشتی كال بوه شـوینەواری ئەم شاره كەم دیاره تاهر كوری هیلال كەوتە خزمەت كردنی كوردستان زور لـە بەدری باپیری چاك تر چەن وەسـتای ئاسن‌گەری كوكردەوە كانگایـەكی بو دروس كردن بو كەرەسەی جەنگ دروست كردن .

تاهر كوری هیلال كه خوی لەسەر شارەزور دانیشت برایەكی تری كرد بـــە فەرمان دار لەسـەر پارچەی ( ئاكو ) وە برایـەكی تری لەسەر ناوچەی ( خان الماس ) لە نزیك شاری ( وورمی ) كرد به فەرمان دارو دریژەی نەدەمی هەموو كوردی ئازربایجانیان خستە سەر شارەزورو ئاكو لەناو میژو ناسانا بە پاشای تەواو ناونران لە نەوەی ئەو برایانە كه سەروكی بو لـەسـەر ناوچەی خان الماس ( غازی قەران ) ناویكیان تیا هەلكەوت كە كوری سلطان احمد ناو بو بـە لـــەشـــكری كوردستانەوە دای بەسەر هیزی قزلباشەكانا لە شاری وورمی وە یەك هەزار كەس لە قزلباشەكانی كوشت وە شاری وورمیی گرت بەلام لەگەل توركەكانا هیندە بـە چاكی داد پەروەری رەفتاری ئەكرد هەمو دانیشتوانی شاری وورمی زوریان پیخوشبو كەلە دەست قزلباش رزگاربون وە كەوتنە ژیر دەست كورد عەشـایەری شوكاكو جەلالیو هەركیو زەرزاو كالەموینو هەمو كوردەكان چونە ژیر فەرمانی غازیقەران زوری پی نەچو پیاوە گەورەكانی تەوریز بە دزی قزلباشەوە ناردیان بو لای غازی قەران كە بچیت تەوریز داگیر بكات .

[ لە شەرەفنامەوە ]



## پاریزەر جەمال شالی

هەموو جورە داوایەك وەرئەگریت لە سلیمانی وە دەرەوەی

تەلەفون ٢٦٠

# تۆمار

## شیخ سەعیدی پیران
### لە زینداني دیار بەکرا

. . بەلی نەتەوەی کوردی قارەمان هەمیشە لە پیناوی کوردایەتی‌و دادپەروەری و مروڤایەتی‌دا چەك هەلگر بووەو بە باوەریکی پولاینەوە لە مەیداني هەق سەندنا گیانی هەزاران لاوو پیری ناوەتە سەر بەری دەست .

کورد لە ریگەی سەختی خەباتا لە پیناوی رزگاریی خوی‌و گەلاندا هەرگیز نەپشووی داوەو نە لە هەورازی ئەو ریگە سەختەدا ئەژنوی سست بووە بەلام لەزورکاتا ئەوانەی لە گەلیا لە سەنگەرا بوون هەولی ئەوەیان داوە دوای سەرکەوتن زەبری پی بگەیینن ( پاداشتی یارمەتي و چاکە ) بەلی لەزور کاتا ئەوانەی لەگەلیا بوون سپلە دەرچوون .

کورد بە هەموو توانایەکیوە هەولی پاراستنی خاکی تورکیاو کوردستانی‌دا وەکاتیك کە کوماری ( ریوبکان ) دامەزرا ( کوماری کەمالی‌یەکان ) کورد بەوپەرری دلسوزی‌یەوە هەولی دا بو پاراستنی ئەو کومارە، وە بەو پەرری ئازایەتی‌یەوە بەرامبەر بە لەشکری هەلمەت بەر بو سەر کوماری تورکیا کەوتە شـــەررەوە ، کەچی پاداشتی ئەم هەموو چاکەو تیکوشانە ، لەلایەن ئەتا تورکی سپلەو هاورری سپلەکانیەوە خاکی ویران کراو بەهەزارانی لی زیندەبەچال کراو ، بەهەزاران دیی سووتینراو بەزمانی زگماکی‌ی خوی قسە کردنی لی قەدەغە کرا . سەرکردە سپلەکانی تورك لە باتی چەسپانی برایەتی‌ی کورد لەگەل نەتەوەکەیانا ، وە لە جیاتی دان نان بە مافی کوردا ئەوە بوو کرداری

www.zheen.org

تاوانبارانەو رەفتاری دررندانەیان .

شیخ سەعیدی پیران ، سەرکردەی نمری شوررشی رزگاریی کوردو کوردستان لە زیندانی دیاربەکردا لە کاتی پرسیار لی کردنی لەلایەن نوکەرەکانی ئەتاتورکەوە ئەمەی خوارەوەی ووت :

« کاتی کە تورکیا لە شەرری جیهانگیریی یەکەم رزگاری بوو ، کەوتە شەرریکی نوی‌وە بەناوی « شەرری سەربەخوییەوە » کوردیش شان بەشانی برا تورکەکانیان چ لە شەرری جیهانگیریداو چ لە شەرری سەربەخوییدا تی ئەکوشان و بەسەرو مالەوە خویان ئەکرد بەقوربانی رزگاری ، وە لـــەم ریگایەدا هەزاران و هەزاران گیانیان بەخشی بو پاراستنی ( تورکیا ! ) تا تورکیا لە شـــەرری سەربەخوییدا سەکەوت . کوردەکان کە لەم شەررانەدا برسیتی‌یەکی زوریان دیبوو ، هەزاران دییان ویران بوو بوو ، وە زیانیکی زور گەورەیان لی کەوتبوو ، بە دەهەزارانیان لی کوژرا بوو . چاوەرریی ئەوە بوون کە ( کوماری تورکی ) پاداشتی چاکەو یارمەتی دان بیی بـە مافی ژیان‌و سەربەستی‌یانا . کەچی داخەکەم چاکەی کورد بەخراپە درایەوە ، لەشکری تورك بەرە بەرە هاتە کوردستانەوە ، وە دەستیان کرد بە پرو پاگەندەی توورانیتی وە تەنانەت دەست دریژیش کرا بو ئاین و ژیانی کومەلایەتیی کورد .

( کوماری تورکیا ) دەستی کرد بەهەولدانیکی زور سەخت بو لـە نـاو بردنی گیانی نەتەوایەتیمان‌و بی هیز کردنی ئاینمان ، وە کەوتـــە پیشیل کردنی نەریت و کەلەپووری نەتەوایەتیمان .

ئیمەیش بەرەنگاری ئەم کارە نارەوایە بووینەوە چونکە کوردین و ئیســـلامین تورك نی‌ین .

بـەم جـورە نەتەوەی کورد بەرامبەر بەو بەرنامانەی کوماری تورکیا کە دژی نەتەوایەتی‌و ئاینمانە دل گران بو وە لە ئەنجاما بوپاراستنی مافی نەتەوایەتی راپەرری‌و شـــوررشی بەرپاکرد ، ئیمەش لەگەل نەتەوەکەمانا راپەررین .

ئامانجی شوررشەکەشمان پاراستنی نەتەوەی کوردو دینی ئیسلامو رەوشتی پیروزی کومەلایەتیمان بوو . . .

حکومەتی تورك لە پرر وە لە ناکاوو بەبی هیچ سەرەتایەك پەلاماری کوردستانیدا وەکەوتە گرتنی سەرکردەکانمان ، ئەوە بوو هاتن ئەمیرالای خالد بەگی بتلیسیو حاجی موسابەگو یوسف ضیاء بەگ و گەلیك سەرکردەی کەمانیگرت ، ئنجا هاتنە سەرمن کە بمگرن منیش پشت بەخوا لە روژی ۱۳ی شوباتی سالی ۱۹۲۵ دا یەکەم گوللەی شوررشم تەقاند .

---

ئەم زانیاریانە لە پەرراوەکەی ماموستا ( احمد فخری امین ) ەوە وەرگیراوە .




www.zheen.org

وەکو بیستومانە یانەی وەرزشی سلیمانی داوای لەم تیپە بە هیزانەی خوارەوە کردووە یاری توپی پی لەگەل تیپی یانەی وەرزشی سلیمانیدا بکەن ؛

تیپەکان : ( مصلحە ) ( امانە العاصمە ) ( شرطە ) ( سکك ) بەلام ئایا یانە یەکسەر داوای لە تیپەکان کردووە بو یاریکردن وەیان بە هوی ( یەکیتی توپی پیی عیراقەوە ) داوای کردووە ؟ چونکە بەپیی یاسای تازەی یەکیتی کە تیپیك ویستی یاری لەگەل تیپیکا بکا کە ئەندامی یەکیتی بی ، پیویستە داوا لەیەکیتی بکا .

بەلام لەمە گرنگتر ئەوەیە کە هەندیك لە یاریکەرەکانی ئیمە لە میژەوە دەستیان لە مەشق هەلگرتووە . . . ئنجا تکامان وایە کە لەمەودوا هەموو حەفتەیەك تیپی یانە مەشقی خوی بکا ، وە پیویستە لەسەر فیرکەری تیپ کە هیرشی تیپەکەمان بەهیز بکا وە شوینی هەندیك لە یاریکەران بگورریت .

بە کورتی ئاواتە خوازین کە تیپەکەمان خوی ئامادە بکا بو یارییەکی بەهیز لەگەل ئەم تیپانەدا .

# زمانی کوردی زمانیکی زیندووه

سلیمانی : باوکی میدیا

لەم چەندانەی دواییدا ، هەندی دەسگاو لا ، بەدزی‌یەوە بلاوی ئەکەنەوە ، کە گوایا زمانی کوردی ، زمانیکی زیندوو نی‌یە و نابی گوی‌یەکی ئەوتوی بدریتی و بە چاوی زمانە زیندووەکان سەیر بکری .

ئەم هەلات‌و درویە رەنگە خاوەنەکەشی تەواو بروای پی نەکا ، واش دیـــارە پی‌یان وتووە کە ئەبی وابلی ، هەر لەبەر ئەوەشە کە بەدزی‌یەوە ئەو هەلاتەی بلاو کردوتەوە بی‌گوومان سەرچاوەی ئەو قسـە نارەواو نالەبارە هەر سەرچاوە کونەکەی جارانە کە پی‌ی راهاتوین و گویمان لی‌ی پر بووە قسەیەکی وەها لەوە ئەچی کە کابرایەکی شیتوکە بیەوی بەری خور بەبیژنگ بگری ، یان خیرا خیرا سەری لە بەرد بداو خەلك پی‌ی پیبکەنی .

زمانی کوردی بە گواهی دەسگا زانیاریە خورهەلاتیەکان و ئەوروپایەکان ، زمانی ویژەو هەلبەست بووە ، گەلیك بویژانی بەناوبانگی لی هەلکەوتووە ، کە لە ریزەی بویژە بە ناوبانگەکاني جیهان‌دا دائەنرین وە کە هەلبەســـتەکانیان بو چەند زمانیـك وەرگیرراوە ، وەکو ئەحمەدی خانی ، مەولەوی ، مەلای جزیری ، حاجی قادری کویی ، نالی ، علی تەرموکی . . هتد کە هەریەکەیان ئەستیرەیەکي گەشن بە آسماني ئەدەبی کوردی‌یەوە لە سەدەکانی کوندا .

وە لەم سەدەیەشدا گەلیك ویژەوان و بویژو چیروك نووسمان هەیە کە ناوبانگیان بە زورلادا بلاوبوتەوە ، گەلیك لە بیگانەکان دانیان پیا ناون وەکو پیرەمیرد ، دکتور کامەران ئالی بەدرخان ، ئیبراهیم ئەحمەد ، کامەران ، محرم محمد امین ، جگەر خوین ، عثمان صبری ، هەژار ، گوران .... هتد .

زماني کوردی هیندە تەروپاراوە ، نەخویندەواریکی لادی‌یی بە ئارەزووی خوی ئەتوانی هەلبەستی پی بلی ، هەستی دەرونی پي بخاتە روو .

ئەوە بەسەدان‌وهەزاران فولکلوری کوردی ، بە هەموو جورە شیوەیەکی زمانەکەمان لە سەرانسەری کوردستان‌دا بلاو بوتەوە خویندەوارو نەخویندەوار وا لەسەر زمانی .

ئەوە پەندی پیشینان و قسەی نەستەقی کوردی ، کە گرنگترین کەلەپووریکی ویژەی نەتەوایەتیمانە ، کە کوردیك تا ئەنانەت لە قسەی ئاسایی‌دا زور بە ئاسانی بەکاری دینی کە لە هەموو روویەکی ژیانەوە ئەدوی .

بەلام ئەوەی جیگەی داخە کە زور لە زاناو نوسەرە کوردەکان لەبەر هەندی هوی تایبەتی ، وازیان لە خزمەت کردنی زمانەکەمان هیناوەو خویان بەخزمەت کردنی ویژەی زمانی فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی‌یەوە خەریك کردووە و توانیویانە کە بەرزترین شوین لەو زمانانەدا بو خویان داگیربکەن وەکو : خسرەو خانی ناکام ، ملا عبدالله بیتوش ، ابو الفداء ، ابن خلکان ، صلاح الشهرزوری ، ماه شرف خانم (مستوره) احمد شوقي ( لە مصر ) ، جمیل صدقي زهاوي ، احمد تیمور پاشا ( لە مصر ) . عائشه تیمور ( لە مصر ) معروف الرصافي ، محمد علی کورد علی ( لە شام ) . مولانا خالدی میکائیلی ( لە فارسیدا ) . . . . . هتد

والیرەدا ئەم چەند دیرەی کابرایەکی قەشەی فەرەنسی کە ناوی ( بول بایندەر ) ە ئەخەمە روو کە لە پەراویکدا بە ناوی ( ریزمانی کوردی ) یەوە لە پاریس لە سالی ١٩٢٥ بلاوی کردوتەوە :

بول بایندەر ئەلی :

( زمانی کوردی زمانیکی خوشە ، آوازی کیشراوی خوی هەیە ، رەوانە ، لە رووە دەولەمەندە ، ئەتوانیت بە هەموولایەکا وەرچەرخیت ، فیربوونی آسانە ، راکیشەرە ، ناسکە ، پەندی پیشینان و قسەی نەستەقی گەلیك زورە ، ئەو پەندو قسە نەستەقانەی کە بناغەو بنچینەی هەموو قسەکردنیك‌و ئاخافتنیکە وبەراستی کولەکەی زمانی کوردی‌یە ، کورد بو هەموو باسیك‌و بابەتیك پەندیك‌و مەسەلەیەك دینیتەوە ، ئەو مەسەلانەی کە پارچەیەکی گرنگە لە ژیانیان‌دا ، زیرەکی کورد توانیویتی کە کوردەکان والی بکا کەمتر تەعبیر لە هەموو شتیکی سروشتی بکەن ، تەروپاراوی ئەم زمانە لە فەلسەفەکەی کە نی‌یە ، هەروەها زمانی کوردی زمانی ویژەو هەلبەستە ، هەلبەستەکانیشیان لە هەموو روویەکی ژیانیانەوە ، ئەروی‌و باس لە هەموو شتیك ئەکا )

قسەی ئەم کابرا قەشەیە بەسە بوئەوەی قورر بدریت بەدەمی ئەوانەی کە ئەلین زمانی کوردی زمانیکی زیندوو نی‌یەو نایبت وەکو زمانە زیندووەکان سەیری بکری .

# گەردوون

فەلەك ئەتناسم كارت چەپگەردە
چەپوكت زورە بـو بـاوك مردە
( مەولەوی )

لیت ( محقق ) بی زەمانە عالەمی لیت عاجزە
بي وەفا هەی بی شەرم هەی سەرسەریی پیس‌و دەنی
( بێكەس )

گەردوون گەرەكمە شـــەل‌و كویرو كەرر
گردە نشین بی تا روژی مەحشـــەر
( ا . ب هەوری )

( موقەسیم ) وەختی شەرر چاكم ئەبینی
لە خیرا ســـەیر ئەكا نابینی زەق زەق
( حەمدی )

لەسایەی دەهری دوون پەروەر ئەمیستا لەك لـە لەك ئەدوی
بە كولی كلكەوە ریوی لەگەل كەولی دەلەك ئەدوی
( مەحوی )

بنكەی ژین
www.zheen.org




## پیلاوی ئـــەهرام

پیشانگەی [ پیلاوی ئەهرام ] کەوتوتە سەر شەقامی مەولەوی لە تەنیشـــت ئەجزاخانەی رۆوف ، وە هەموو جورە پیلاویکی پیاوانە وە ژنانە لـــە پیلاوی ئەهرام بە پوختی دەست ئەکەویت .

# [ باوەشینی کوردستان ]

هەر وەکو لە یەکەم روژی جەژنی پیروزی نەوروزا شەپولی شنەی بای نوی بەهار بونی هەلالەو گولالەو نیرگست لە چیاو نزارە شیرینە تازە بەرگ گوریوە جوانەکانەوە ئەهینی وە ئەیکا بەرووتا وە هەروەهاش شنەو سروەی بای پەرەکەکانی باوەشینی کوردستان یادی ئەو روژە خوشەت ئەخاتەوە دل وە تەپووتوزی هاوینت لە روو نایەلی وە فینکت ئەکاتەوە تا دنیا تەواو گەرم ئەبوە وە پەلە پەلی ئەو روژەش لە ئیستاوە باوەشینێکی کوردستان دەست بەدەست ( حازر ) یان بە مووچە ( قیست ) بکرن ٠

**کورەکاژاو**

سلیمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پیـــلاوی

# دیجلـه دیجلـه دیجلـه

جوانـــە پتەوە هەرزانـــە

بچو بو پیشانگەی [ پیلاوی دیجلـــە ] لە شەقامی مەولـــەوی لای کاك قادر صـابر توزیك بحەویرەوە ، جووتی پیـلاوی دیجلـــەی نایابی لی بکـرە ٠

**[ رونی نیرگز ]** **( رونی راعی )**

وەکیلی گشتی شەریکەی مەنتوجاتی بذوری قوتنی

لە سلیمانی

# حاجی احمد رشید بەقال

لە جێ‌نیشتەکەمان بەرامبەر ( شارەوانی سلیمانی ) ئەم پیویستیانەت بە نرخی هەرزان دەست ئەکەویت .

| | | |
|---|---|---|
| رونی نیرگز | : | رونی راعی |
| سابونی تەوالیت | : | سابونی جل‌شتن |
| « لەیلا | : | « باز |
| « لوکس | : | « پشیلە |
| « عایدە | : | وە سیرفی توز |

سـابونی لایفبوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەروەها هەموو پیویستیەکی بەقالی وە برنج وە خوی ، وە رونی حیلـــە وە هەموو چەشنە خورمایەکی باش بەنرخی هەرزان ئەفروشین .

حاجي احمد رشید بەقال

سلیمانی ـ بەرامبەر شـارەوانی

# بوزانـــین

کەمکردنەوەیەکی ئاشـــکرا هەیە بو بەلیندان بو ئەوەی کە ( ٩٢ ) پانتول وە ( ٩٢ ) کراس دروست بکریت بو مستخدەمەکانی ( مصلحەی گواستنەوەی خەلکی ) لە سلیمانی بە پی‌ی ئەو مەرجوو گرەوانەی کە ئەتوانریت لە نمونەکاندا سەیر بکریت لە ( ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی لیوا ) یان لە مودیریەتی باس کراو .

هەرکەســـیك حەز بەهاوبەشی‌ی ئەکات پیویســـتە ئامادەبیت لە ( ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی ) لە ســـعات ( ١٠ ) ی زەوالی لە روژی دووشەمە کە ریکەوتی ٩٦١/٧/٣ ئەکات وە لەگەل خویاندا بارمتەی قانوونی ئامادە بکەن .

متصرفی لیوای سلیمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

روژی نوی ١٩٦١/٦/٢٥

ژمارە ٤ ســـالی ٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

# R̂OJÎ NUWÊ

## GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ, KOMEL̂AYETÎYE

JIMARE —4— SALÎ -2-

2573 y - KURDÎ, 1961 y - ZAYÎNÎ

| ئابوونە : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونەی سالێك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| » » لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| » » بۆ قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی


روژی نوێ
ژماره ٥ سالی ٢
ئاب ١٩٦١ ز

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەم ژمارەیەدا


| لاپەڕە | | |
|---|---|---|
| ١ | ئاوڕریك لە شوڕرشەکەی دیاربەکر | ( ئاگری ) |
| ٧ | پیویستیمان بە کردەوەیە نەك قسە | محمد نوری توفیق |
| ٩ | دە ئاموژگاری‌یەکە | شیخ محمدی خـال |
| ١٨ | شوڕرشی قوچگیری | اسماعیل حقي شاوەیس |
| ٣١ | دیسانەوە وشەی زانیاری | شیخ حەسەن |
| ٤٧ | بیروباوەڕری سەربەخو | روژ |
| ٥٤ | دوا پیشمەرگە | ڤارتو |
| ٦٢ | لەنگەری پیشکەوتن | شاکر فتاح |
| ٧٦ | سـلیمانی | ئەژدەر |
| ٨٦ | محمود جودت | عمر حسن دەولەت |
| ٨٩ | چیروکی ژمارە ( چون لە بەندیخانەی لاروکیت رامان‌کرد ) | ئاگر |
| ٩٩ | خویندکارانی کورد لە ئەوروپا | |


ئەمانەو گەلیك وتاری بە سوودو هونراوەی خوش ئەخویندیتەوە

---

[ روون کردنەوەیەك ]

زور کەس گلەیی لەوە ئەکەن کەگوڤاری روژی نوی‌یان بو ناچیت وەلەو رووەوە رەخنە ئەگرن بەلام ئیمە پی‌یان رائەگەیەنین کەوا ئەوانەی حەز بە هاوبەشی ئەکەن بە نامە ئاگادارمان بکەن وە ناونیشانی خویان بنیرن تا گوڤارەکەیان بگاتە دەست چونکە گوڤاری روژی نوی هی هەموو کوردیکە ، وەبە ناونیشانەی خوارەوە بومانی بنیرن

سلیمانی ـ شەقامی مەولەوی ـ نامەخانەی حەبات

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ڕۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ٥ | خەرمانان ٢٥٧٣ ك ــ ئاب ١٩٦١ ز | سالی ٢


# مێژووی نەتەوەکەت

## ئاوریك لـــە شورشەکەی دیاربەکر

( ئاگری )

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم مانگە ٣٥ سال تی‌ئەپەریت بەسەر شورشی دیاربەکرا بە سەرکردەیی شیخ سەعیدی پیرانی ئەمرو شـــەهیدە قارەمانەکانی شورشە مەزنەکە کە ئامانجی رزگاری کوردو کوردستان بو لە چنگ کەمالی‌یە خوین مژەکان کە پەردەی رەشی دیلیەتی‌و زورداری‌و کویرەوەری بە جاریك کوردستانی بەزور بە تورکیاوە بەستراوی داپوشیبوە وە ئەوە بو کە کەمالیستە درندەکان بە جاریك هیرشی جانەوەرانەیان بردە سەر گەلی کورد بە هەزاران پیرو منال‌و پیاوو ژنیان بە زیندویی لەناو شارو دیهاتەکانی کوردستاندا بە خاوو خیزان سوتاندو بە هەزاران ئەگیران‌و ئەدران بـــە نیشانی تفەنگەوە ئەو دادگایانەی کە پی‌یان ئەوترا دادگای سەربەخویی شرق [ شرق استقلال محکمەسی ]

کە بەپێی یاسایەکی تایبەتی پیك هێنرابون کە پێیان ئەگوت ( قانون تقریر السکون ) لە هەمو شارو دێهاتەکانی کوردستان دا پیك هێنرابوو هەمو روژ بە کومەل خەبات ـ کەرانیان حکم ئەداو ئەیان ناردن بو سەر سێدارەیان بو نیشانی تفەنگ ئەم دادگایانە کە ماوەی دو سال کە حکمیان ئەدا لـە کوردستان‌دا بە هەزاران خەبات کەرانیان لە سێدارە دا وەبە هەزارانیش بە کومەل بە دەست ریژی شەست‌تیر ئـەکوژران لە هەموو ناوچەیەك دێهات تالان کردن‌و سوتاندن بوبە جوریك کە هاوتـای کەم ێنراوە بە دە هەزاران خەلکی کوردستان دور ئەخرانەوە بو ولایـەتەکانی روژئـاوای تورکیا بە برسیەتی‌و جل شر ، زوربەیان لـەبـەر سەرماوسولەی زستان رەق بونـەوە وە بەپێی بەصەدان کیلومەترە ئەرویشتن زوریان بـــەهوی برسیەتی‌و ماندویەتی لـــە ریگا بەلادا ئەهاتن‌و ئەمردن‌و لاشەیان لەو ناوچەیە بەجی ئەماو هەروەها لەبەر گەرماو تیشکی هاوین ئەبرژان‌و لەبەر بی‌ئەناوی‌و تینویەتی پەریشان ئەبون بو نمونە لـــەو ١١٢٣ خیزانەی کەلە شاری ( اغدیر ) ەوە کە ئەکەویتە ئەوپەری روژهەلاتی تورکیا ( کوردستان ) دور خرانەوە بو شاری ( ازمیر ) کە ئەکەویتە ئـەوپەری روژئاوای تورکیا تەنها ٧٥ خیزانی گەیشتنە ازمیرو ئەوانی تر هەموو لە ریگا لە سەرمانا رەق بونەوەو لە برسا مردن‌و ئەوانەی لە قافلە لەبەر برسیەتی‌و بی‌ئەناوی بەجی ئەمان جندرمەی تورکی دەست ریژی لی ئەکردن‌و ئەیکوشتن ، ئـەم خیزانە کوردە کە گەیشتنە شاری ازمیر بەسەر مالە تورکەکان‌دا دابەش کران بو نوکەری‌و سخرەکیشی ، ئەمە نمونەیەکی پچوکە لە زور روداوی وەها ، حکومەتی کەمالیستی تورکیا بە هەمو جوریك ئەی‌ویست کورد لەناو بەریت وەبە پێی سەرچاوەیەکی روون‌و باوەر پیکراو لەم ماوەی چل سال حکمی کەمالیسیە تورکەکان .

چە لەسەر سێدارە دا خنکاندن وە چە بە گوللە باران کردن وە چە بە سوتاندن وە زیندە بەچال کردن‌و لە برسا مردن لـــەم ماوە کەمەدا نزیکەی ملیونیك کورد کوژراوەو فەوتاوە بە دەستی حکومەتی کەمالیستی تورکیا .

ئەم جنایەت‌و زورداریەو خوین رشتنە کە تورکە کەمالیستەکان لەگەل گەلی کورد

بنکەی ژین
www.zheen.org

دا كردويانە هەوتاى نەبينراون ، گەلى كورد بو پاراستنى ملتو گەلەكەى لە دەست زوردارىو جانەورانەى ئەم توركانە سەرى كز نەكردوە پەيتا پەيتاو يەك لە دواى يەك شورشى رزگارى بەرپا كردوەو بە دە هەزاران قوربانى داوەو سەرەراى ئەو هەمو كوشتارەى كە لى كراوەو ئەو كويرەوەرى كەبە سەريا هاتووە توانيويەتى وەكو پولا نەتەوەكەى لە فەوتاندنو توانەوە بپاريزيتو ئيستا لەپاش چل سال دەردى سەرى و چەلەمە هيزى نەتەوايەتىو كوردايەتى لە كوردستانى توركيا لە هەمو كاتيكى تر بە هيز ترە .

كەماليستەكان ويستيان كورد لە زمانى نەتەوايەتى بى بەرى بكەن لەبەر ئەوە كە كوردى قسە كردن قەدەغە كرا هەرچى كتيبو نوسراو كە ناوى كوردو كوردستان ئەبات مصادرە كراو سووتانديانن وە بەرنامەى دورو دريژ دانراوە بو كردنى كوردەكان بە ( تورك . ا ) چەبە فيل كە گوايە نەتەوەيەك نيە كە پيى بلين كورد وە ئەمان هەمو توركن وە زمانە توركەكەيان فارسى تيكەلاو بوە ا وە چەبە زەبرى ئاگرو ئاسن ، كەچى هەر بى سود بو .

ئەم زوردارىيەو دررندەيىيەى توركيا لەكەيەكى رەشە بەسەر ميژوى مروڤايەتيداو هەتا هەتايە لەعنەتى لى ئەكريت .

ئەم زوردارىو خوين رشتنەى كەماليستەكان لەگەل كوردەكان كرديان پاداشتى ئەو چاكىو يارمەتيە دلسوزانەى گەلى كورد بو لە چنگ استعمارى انگليزىو لەشكرى يونان كە هەتا نزيك انقرەى داگير كرد .

ئەمە ئەنجامى ئەو عەهدو پەيمانە بو كەلە نيوان كوردو تورك دا لە كونفراسى ئەرزرومو سيواس دا بەسترابو كە تيايا مصطفى كەمالو سەركردەكانى شورشى استقلالى توركيا دانيان بە هەمو مافو داخوازى گەلى كورددا نابو .

گەلى كورد هەمو قازانجو مصلەحەتى خوى خستە ئەولاوەو بو پيكەوە خەبات كردن هاتە پيشەوەو بو ياريدەدانو پشت گرتنى توركەكان هيچى دريغ نەكرد لەشكرى روژهەلات بە سەركردەى ( جەنرال كاظم قرەبكر ) كە زوربەى سەربازەكانى رولەى

کورد بون هاتن بەفریای شورش گیرەکانی تورکیاو هەر ئەم لەشکرەش بو کە هویەکی گەورەی هەبو بو سەرکەوتنی شورشی سەربەخویی دیسانەوە کوردەکان بە مال‌و گیانەوە هاتنە ناو شورش گیرەکان‌و لـە ریگای سـەربەخویی تورکیا بـــە هەزاران سەربازی کوردو تورك کوژران .

هەر سوارە قارەمانە کوردەکان بو کە لەشکری یونانی هەل فران‌و شپرزەی کرد وەلە پیش لەشکرەوە چوونە ناو شاری ( ازمیر )و رزگاری کرد لە دەست لەشکری یونان حسین خیری کە نوینەری دەرسیم بو لە [ مجلسی نوینەرانی تورکیا ] لـــە انقرە ئەیگیرایەوەو ئەی گوت :

( لە سالی ١٩٢١ کە لەشکری یونان زور ناوچەی روژئاوای تورکیای داگیرکرد بوو نزیکی شاری انقرە بوو بوەوە هیزی مصطفی کەمال لە مەترسی شـــکاندن‌دا بو روژیك مصطفی کەمال نوینەرە کوردەکانی لە انقرە کوکردەوە وەلە ژورەکەدا بـــە پەستی بە تورەیی ئەهات‌و ئەچو لە پر روی تی‌کردین‌و ووتی هەر وەکو ئەزانن لەشکری تورکیا پەریشانە بە دەست لەشکری یونانەوەو من بیر لەوە ئەکەمەوە ئەگەر زورم بو هات انقرە چول بکەم‌و لە چیا سەختەکانی کوردستان لەسەر بـــەرگری‌و شورش بروم ئایا ئیوە ئـــەتوانن جیگای بـــەرگری مناسبم بو بدوزنەوە ؟ ئیمەش پیمان ووت :

پاشا هەتا ئیستا گەلی کورد بە مال‌و گیان لـــەگەلتا بوەو پشتی شورشی گرتوەو ئیستاش هەتا دواهەناسە لەگەلتایەو خوی بەخت ئەکات بو سەربەخویی تورکیاو ژیانی کامەرانی پیکەوەی گەلی تورك‌و کورد پشت بەخوا بو پیشەوە هەتا دوایی لەگەلتاین ) کە ئەم قسەیەمان ووت مصطفی کەمال سەری هەل بری‌و بەخوشی‌و ئەشئەیەکەوە گوتی : هەتا گەلی قارەمانی کوردم لەگەل‌دا بیت لە هیچ شتیك ترسم نیە ) ئەمەی گوت‌و هاتـــە لامان دەستی دایە پشتماناو لە خوشیا قاچی دا بەزەوی‌دا )

حسن خیری یەکیك بو لەو ٧٢ نوینەرە کوردە لە پەرلەمانی تورکیا لە انقرە کە هەندیکیان خوفروش‌و نوکەری تورك بون‌و هەندیکی تریش‌یان بە درووە دەلەســـەی

مصطفى كەمال باوەریان كردبوو بەهەلە چوبون ، ئەم ٧٢ نوینەرە كوردە بون لــە سالی ١٩٢٠ بروسكە ( تلغراف ) یان ناردبو بەناوی كوردەوە لەسەر فەرماندەری مصطفى كەمال بروسكەیان نارد بو ( ویلسن ) سەرەك جمهوری ئەمەریكاو مؤتمری ئاشتی لـە ( پاریس ) كە [ كورد سەربەخویی ناویت . ا وە لـەگەل برا توركەكانی ئەیەویت بژی ] وەبە عەهدو پەیمانەكانی كەمالیەكان هەل خەلەتابونو قایل بوبون كە گوایا كە توركیا رزگاری بوو دوشمنەكانی لە خاكی خوی كردە دەرەوەو لەشكری ئینگلیزو یونان نەمان لە خاكدا ئەوسا گەلی كوردو تورك هەردوكیان لە خاكی خویان سەربەخو ئەبنو پەیوەندی دوستایەتیو ژیانی كامەرانی ئـەبیت لە نیواندا وەكە گوایا ( كومیتەی استقلالی كورد ) بەسەركردەی میرالای خالد بەگی جبریو كومەلی تعالی كوردستانو جولانەوەی سەربەخویی كورد لەم كاتەدا دژی مصلحتو قازانجی هەردو گەلی توركو كورد تفرقە ئەخاتە ناویان لەبەر ئەوە ئەبیت بـە هەموو توندو تیژیـەك بەربەرەكانی بكریت ، بەم چەشنە گەلی كوردیان فەراموشو بیبەری كرد لەو هەلـە گەورەیەی دەستی كەوتبو كە بەپێی[ پەیمانی سیڤەر ] سەربەخویی درابوو هەروەها توركە كەمالیەكان لەم كاتەدا خەریكی شورش بون لەگەل لەشكری یونانداو بەهیچ چلونیك نەی ئەتوانی پەلاماری جولانەوەی سەربەخویی كورد بدا ئەگەر لەم كاتەدا كوردەكان شورشی سەربەخوییان بەرپا بكردایە بیشك بە ئاسانی سەرئەكەوتن ، بەلام ئەم هەلە ئەگەرەی تیخراو گەلی كورد لەجی خوی نەبزوتو ئەم هەلە گەورەیەی لە دەســـت دەرچو . بەلكو گەلی كورد لەم كاتەدا هەولی بو خوی نەئەدا بە هەمو توانایەكیەوە یارمەتیو فیداكاری بو شورشی مصطفى كەمال ئەكرد وەلە هەولو تەقەلا دان بوخوی دواكەوتو خستیە ئەولاوە . ئەوەبو كە مصطفى كەمالو كەمالیستەكان لـە شورشی سەربەخویی توركیا سەركەوتنو مەرامی خویان دەست كەوتو خویان جیگیر كرد ئنجا هاتنە ویزەیو بەو دەردەیان برد كە بردیان ، كەمالیستەكان بو هەلیك ئەگەران كەلە گەلی كورد بدەن ئەو ٧٢ نوینەرە كوردانە كە مصطفى كەمال ئیشی خوی پی ساز كردن وە ئیتر احتیاجی پییان نەما زوربەی لی اعدام كردن حسن خیری یەكیك

بنكەی ژین
www.zheen.org

بو کەلە سالی ١٩٢٥ هینایان بو سەر سیدارە دوا قسەی ئەمە بو [ داخی گرانم کەمالیستەکان دەستیان برین وە ئیمە میلەتی خومان فەراموش کرد ] ئیتر هەناسەیەکی هەل‌کیشا وە گیانی لەسەر سیدارە دەرچو .

شورشی دیاربەکر شورشیکی مەزنی رزگاری گەلی کوردە کە هەرگیز گەلی کورد شانازی پیوە ئەکات ئەگەرچی لەبەر هەندیك هوو هەلە کردن سەرنەکەوت ئەمانەش یەکیکیان ئەوەبو کە هوی ئاشکرا بونی نهینیەکانی شورش بو کەمالیستەکان حکومەتی تورکیا دەست پیش کەری کرد وە لەپیش کاتی خوی کە دانرابو بو مانگی مایسی ١٩٢٦ بە سالیك زوتر دەستی پی‌کرد واتە لە ١٣ی شباطی ١٩٢٥ دەستی پی کرد گەلی کورد بە تەواوی ئامادە نەبوو بو شورش بی‌سەرکردە مایەوە ئەمە هویەکی گرنگ بو بو سەرنەکەوتنی هەروەها لەبەر هەندیك هەلەی سیاسی‌و چونیەتی بەریوەبردنی شورش‌و نەبونی چەك‌و سلاح‌و گەلی هوی تر .

ئەگینا گەلی کورد بە هەزارو دەولەمەندەوەو بە پیرو جوانەوە مال‌و گیانیان فدا ئەکرد بو رزگاری کوردستان لە چنگی کەمالیستە درندە خوین خورەکان .

ئیمە ئەمرو یادی شیخ سەعیدی پیران‌و ٤٦ لە هاوریکانی کەلە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٢٥ هەروەها سید عبدالقادرو کەمال فیضی خاوەنی روزنامەی ژین لەگەل ١٠ لە هاوریەکانی کەلە دیاربەکر لە ٢٨ی مایسی ١٩٢٥ لە سیدارە دران وە خالد بەگی جبری‌و یوسف ضیاءو دکتور فؤادو خالد بەگی حسنانی‌و علی شان‌و حیدر بەگ‌و علی شیرو سید رەزاو دە هەزاران لە قارەمان‌و شەهیدانی کورد ئەکەین کەلە ریگای رزگاری کوردستان گیان‌و مالیان فیدا کرد ئەمرو یادی ئەو قارەمانانە ئەکەین کە هەرگیز نامرن ئەوان وا لە دلی ملت‌دا ئەژین .

بەبی تو سەیری گولشەن کردنم هەر وەحشەتی هینا
گولم دی جامە چاکەو بولبولم دی غەرقی ئەفغانە

مەحوی

# پیویستیمان بەکردەوەیە نەك قسە

چەمچەمال : محمد نوری توفیق

گەر بیت بەووردی سرنج لە ژیانی پیاوە گەورەکانی جیهان بدەین ئەبینین کە ئەو گەورانە لە ژیانیانا تووشی هەزارەها چەرمەسەری و گیروگرفت بوونە بەلام لەسەر ئەمانەیشەوە هەر بەردەوام بوونەو کولیان نەداوە لە بەرەوپیری رویشتنی ئەو ئامانجانەیان کە بوی تیکوشاوون . واتە ئەو گەورانە هەرگیز ئامانجەکانیان بەقسەی پروو پووچ بو نەهاتوتەدی بەلکوو هەمیشە لە هەولدانا بوونە بو پی گەیشتنی ئەو ئامانجانەیان . بەلام بەداخەوە کە زور کەس هەیە لە ئیمە یا کە هەموو کردەو کوشەیەکیان داوەتە سەر قسەی ناو چایخانەو لاکولان هەندی لەو کەسانە هەن کە بەقسە هیچیان نەهیشتوتەوەو هەموو شتیکیان جی بەجی کردووە کەچی کە کاتی دیتە سەر کردەوە رووی خویان بەجوریك لیت وەرئەگیرن بەگوریسیش بای نادەنەوە بەلاتا . بەلی ئەو کەسانە لەکاتی شینەییدا کردەوەو رەوشتی کەس بەسەند ناکەن تەنها خویان نەبی ، ئەمە کابرایەکی بی بارە ، ئەوە ئینسانیکی خوپەرستە ، فلان ئاوها هەلەی کرد ، فیسار کەمتەرخەمەو تەمەلە ئیتر وا ئەکەن کە کەس بەبی توز دەر نەچیت لە خویان بەولاوە ، کاتیکیش کە خویان ئەکەونە سەرئیشیك و کاریکیان پی ئەسپیریت ئەبینی قسەو کردەوەکانیان ئاسمان و ریسمانە .

ئەم بارەیش وەنەبی شتیکی سەرروشتی بیت و هیچی تر . نە، بەلکوو ئەمە نەخوشیەکە کە تووشی کومەلی کوردەواری ئیمە بووەو رەگ و ریشەیەکی توندی دامەزراندوە تیامانا . دەردیکی وایش بیگومان زور پیویستی بەدەرمانە . پیویستە لەسەر کومەل کە ئەو جورە کەسانە بگەررینەوە بو سەر ریگای راستەولە چەوتی و هەلە دەریان کەن لەسەر کومەلەکە تەمی یان بکات و کردەوە ناپەسەندەکانیان بە خەلقی ئاشکرا بکات ئارسوابین و جاریکی تر بەلایا نەچن . چونکە ئیمە ئەوەنەی

پیویستیمان بەکردەوە هەیە سەد یەکی ئەوەندە ئیشمان بەقسە نیـە ، ئیمە گەلیکی بەش خوراوو دوژمن دارین گەلیکی نەخویندەوارو هەژارین گەلیکی دواکەوتووین لە هەموو باریکی ژیانەوە خاکی ئیمە دابەش کراوەو ئەبی یەك بگریتەوە ئەمەیش بی‌گومان کاریك نیە بەقسە مەیسـەر و جی بەجی بی . بەلکوو هەولو تەقەلایەکی بی‌ووچان و کول نەدەری ئەوی مەسەلەکەی ئیمە تا بلی سەخت و زەحمەتە پیویستە لە هەموو لایەکەوە سرنجی لی بدریت نەك هەر لەلایەکەوە سەیر کریت ، پیویسـتە ئیمە دوست بو مەسەلەکەمان زیاد بکەین و لایەنگری بو زورکەین . ئیمە پیویستیمان بەلی‌کولینەوەو بیر کردنەوە هەیە ، نەك بەهەلەشەیی و چەواشە ، ئەبی ئیمە سوود لە زرووف وەرگرین نەك هەموو روژو کاتیك بەمولکی خومان بزانین .

باتەو کەسانەی کە تەنها قسەکردنیان کردوتە دەرمان بو چارەکردنی ئەم هەموو گیرو گرفتانەی دەردەکانی ئیمە هەندی بیر بکەنەوە ، با کەمیك وازبهینن لە قسەکانیان و چاکی مەردایەتی لی هەلکەن بەرەو پیری کردەوکار . باکردەوەکاني خویان بەراوردکەن لەگەل کردەوەی خەلقی ترا بزانن کامیان قەرزارن ؟ با بیر قوولتر بکەنەوە تاکردەوەیەکی باشتر بکەینن بەگەلە دواکەوتوکەمان با ئەوەنە گیانی خویان لاخوشەویست نەبی و گیانی خەلقی تریش سووك .

بنکەی ژین
www.zheen.org

برای خویندەوارم تو و من و ئەو و ئەم و پیا و ژن و خویندەوارو نەخویندەوار رولەی ئەم گەلەین گەلەکەی ئیمەیش شەو و روژ نیشی ئەوی ، با بەهەمووومان لە باشترین ریگاوە چاکی لی هەلکەین بو خزمەت‌کردن بەلام بەکردەوە نەك بەقسەکردن و هیچی‌تر . !

سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤

سـەرگول

بەم زوانە چیروکي [ سەرگول ] لە نوسینی کاك ( مەدهوش ) ئەکەویتە بازاررەوە .

سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤ سەرگول ¤

# ده ئاموژگاری‌یه‌که

شیخ محمدی خال

کابرایه‌کی ئه‌مه‌ریکایی له‌وانه‌ی که په رەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان ژیاوه ، وه ساردو گه‌رمی روژگاری دیبوه‌و تالی و سوبریی چه‌شتووه له دوای ته‌مه‌نیکی زورو تاقی کردنه‌وه‌ی هه‌موو جوره روو پەررەیەکی روژگار ، ده ئاموژگاریی خوی کردووه وه ناوی ناوه : ( په‌یمانی به‌هیز ) وه له‌ســــه‌ر کاغه‌ز نووسیبونی‌و له چوار چیوه‌ی گرتوون ، وه برریاری داوه که هه‌موو به‌یانیانیك له پیش چوونه ده‌ره‌وه‌یا ده‌وریان بکاته‌وه ، وه هه‌موو هیزو ته‌وانایی خوی به‌خته بکا له ئاگاداریی ئه‌و ئاموژگاری‌یانه و به‌راوورد کردنیان ، وه به‌قه‌د موویه‌ك لـــه هیچ کامیکیان لانه‌دا تا مردن ، ئه‌مانه ئاموژگاری‌یه‌کانن :ـ

١ ـ حورمه‌تی خوم ئه‌گرم ، چونکه ئه‌توانم ده‌ست لـه هه‌موو که‌سیك هه‌لگرم له خوم نه‌بی ، هه‌میشه له‌گه‌ل خومام ، نانی له‌گه‌لا ئه‌خوم ، له‌گه‌لیا ئه‌نووم ، له‌گه‌لیا هه‌ل ئه‌ستم ، له‌گه‌لیا دائه‌نیشم ، له‌گه‌لیا ئه‌روم که‌وابوو برریار بی کاریکی وانه‌که‌م که شه‌رمه‌زاری بکه‌م .

٢ ـ ئه‌بی چاو برســیی بم وه‌هه‌ر به‌وه دانه‌که‌ووم که هه‌مه ، به‌لکو له دلی خومی ئه‌نووسم که ئه‌بی روژ به‌روژ چاکتر و باشتربم له‌وه‌ی که تیام ، له‌به‌ر ئه‌مه پیم ناخوش نابی ئه‌گه‌ر ئه‌نگیکم ده‌رکه‌وی ، چونکه ئه‌و حه‌لـه زوو به‌زوو ده‌رمانی ئه‌که‌م ، وه باشتر خومی لی ئه‌پاریزم ، وه چاکتر نایه‌لم یاخی بیم وه خوم له خوم بکورریم ، وه خیرا تر ئیش ئه‌که‌م له دروست کردن و ریك و پیکخستنی خوما .

٣ ـ چاودیریی ئه‌و بیرو باوه‌ررانه ئه‌که‌م که به بیرما دین ، چونکه کارم تی ئه‌که‌ن ، به‌م ره‌نگه دروستم ئه‌که‌ن وه یا ئه‌م رووخینن ، له‌به‌ر ئه‌مه ده‌رگای بیرو باوه‌رری خوم دائه‌خه‌م له هه‌موو بیریکی ترس و بیم‌و ناهومیدیی و سه‌رنه‌که‌وتنیك ، وه هه‌رگیز نایه‌لم ئه‌م بیرانه بچنه میشکمه‌وه هه‌ر وه‌ك نایه‌لم زه‌هر بچیته ناو سکمه‌وه .

٤ ـ دەست پاك ئەبم لەگەل خومو لەگەل مەردوما ، دەست پاك ئەبم بەدزیی و بەئاشکرا ، ئەگەر نزیك بکەومەوە لـە ناپاکی‌یەك وا ئەزانم لەگرري ئـاگر نزیك ئەبکەومەوە .

٥ ـ زور چاودیریی لەشم ئەکەم ، چونکە هیزو تەوانایی لەسـەر ئیش‌وکار هەر لەوەوە وەرئەگرم ، جگە لەوە کە لەش ساغی یەکیکە لە مایەی رەووشـت و خووی جوان ، کەوابوو ئیشی قورسی پی ناکەم ، نەبەئیشی زور ماندووی ئەکەم ، نە بە بی ئیشیش تەمەل و تەوەزەلي ئەکەم ، ئەخومو ئەخومەوە بەپی‌ی ژیریي ، خواردن و خواردنەوەی زوری دەرخوارد نادەم وەك ئاژال ، بەجوریك لەگەلیا ئەجوولیمەوە کە بوی باش بي .

٦ ـ هەوول ئەدەم بو بەرز کردنەوەی ژیریی و بیـر « عقل وفكر » م بەەم وەنکە هەموو روژیك خوراکي خویان دەرخوارد ئەدەم ، هەرودك خوراکي جەستەم ئامادە ئەکەم ، وە یەك جور زانستي ئەگرم بەدەستمەوە و ئەیکەم بەدلداری خوم ، وە هەمیشە لەگەلیا خەریك ئەبم ، وە بە قوولیی لی‌ی وورد ئەبمەوە تا ئەبم بـــە خاوەن بەهرەتیایا .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧ ـ چاودیریی سەرگەرمی و دل گەرمی خوم ئەکەم بەخوشیی‌و مام ناوەندیی ، گلەو خوتەو بولە ناکەم ، بو خوم ناقرینم ، بەو کەسانە باوەرر ناکەم کە لـە ژیانا ناهومەیدن وە هەمیشە ئەقرینن بو خویان ، هەمیشە ســـەر گەرم و دل گەرم ئەبم لەسەرچاکەو هەول و تەقەلادان بەخوشیی‌و دلخوشیی‌و کەیف خوشي .

٨ ـ لەمەولا ئارەزووی ناو بردنی مەردومم بەچاکە ئەبی زور تر بی لە نـــاو بردنیان بەخراپە ، ئەبی هەر قسەی چاك ، وە باســـی مەردوم هەر بەچاکە بکەم چە لە رووی خویان ، چە لە پاشملەیان ، ئەگەر کردەوەی ناشیرین ناپەسەندی وایان لی رەوو دا کە نەنگیان لی بگرم باسیان ناکەم تا نەگەرریمەوە مالی خوم .

٩ ـ ئاگاداریي تاقەتو تەوانایی خوم ئەکەم ، تەوانایی خوم لە شتي هیچو پووچا بەخت ناکەم ، دەمقالیی ناکەم لەگەل ئەو کەسـانەی کە کەلك لە دەمقالی‌یانا نیە ، تووررە نابم.چونکە کەلك لە تووررە بوونا نیە ، قین‌و کینە لەگەل کەسا هەلناگرم

چونکە ژیان کورت ترە لەوەی کە بەقینە بەریی و ڕرقەبەریی و کینەوە لەدەست بدری .

١٠ ـ سەرئەکەووم لە ژیانا ، وەسەر ئەکەووم هەر چەند گریم بیتە بەر ، ئەگەر درك و دال و کوسپ و قورتیك هاتە سەر ڕیگام لای ئەدەم ، بەهەموو دلەوە ڕوو ئەکەمە نیش‌وکار ، وە بەرانبەریی هەموو گیرو گرفتیك ئەکەم بەبی ترس و بیم ، وە بیرو باوەڕرم وایە کە بەختی باش هەمیشە لەگەل ئازایی و هەول و تەقەلادایە .

ئیمزا

خوم

خوزگە هەموو کەسیك ئەم دە ئاموژگاری‌یەی ئەنووسیی ، وە بەرانبەر بەخوی هەلی ئەواسی ، ئەگەر نەخویندەواریش بووایە هەموو بەیانیانیك لە پیش چوونە دەرەوەیا یەکیك بوی ئەخویندەوە تا لە چوار چیوەی ئەم ئاموژگاری‌یانە نە ئەچووە دەری ، چونکە بەراستی سەرچاوەی زانایی و دانایییە ، سەرچاوەی لەش ساغی و تەندروستی‌یە ، سەرچاوەی دەولەمەندیی و دەست داری‌یە . سەرچاوەی خوشی و خوش بەختی‌یە ، سەرچاوەی حورمەتو خوشەویستی‌یە ، سەرچاوەی زال بوون و سەرکەوتنە ، سەرچاوەی ئیستراحەتو حەسانەوەیە ، سەرچاوەی عومر دریژیی و کامەرانی‌یە .

www.zheen.org

---

کتیب و دەفتەر و تأریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنووسرایە زەمانی
مەلاو زاناو و میرو پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی

« حاجی قادری کویی »

لیژنەی پەیوەندی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

لیژنەی ناوەندی بەغـا

روژی ٩٦١/٦/٢٢

# بو ماموستایانی تیکوشەری کورد

## دەزگای بەریوەبەرایەتی گوڤاری روژی نوی‌ی خوشەویست

سلاویکی گەرم

لیژنەی خویندکاوانی کورد لە ئەوروپا سوپاسیکی گەرمی خویان بو ناردون بەهوی ئیمەوە بو ئەو دیاریە بە نرخەتان کە چەند دانەیەك لە بەرهەمی نوسینە بەنرخەکەتان پیشکەش کردبون بەم بونەیەوە ( لیژنەی ناوەندی بەغا ) لـەگەل ئەوەدا کە ئەم سوپاسە گەرمەی خویندکارانتان پی راتەگەیەنی سوپاسیکی بی پایانی خوبانتان پیشکەش ئەکەن کە ئەو خزمەتە گەورەیەتان کردوە بو بەرز کردنەوەی ســـامانی زانیاری و ویژەی کوردیمان هەمیشـە پیشکەوتوون لـــە خزمەتی زانیاری‌و بوژاندنەوەی ویژەی کوردیمـان وە پیشخستنی میراتی نەتەوایەتیمان دا بـو گەیاندنی بەکاروانی زانیاری و ویژەی گەلانی گیتی .

نیـــتر هەر بژین

لیژنەی پەیوەندی خویندکارانی کورد

**لیژنەی ناوەندی بەغـا**

## چیروك بو منالان

# بەرخولـــەو گورگ

نووسینی جنگ وونگ

وەرگیر : دەرسیم

ئـەگیرنەوە ، روژی لە روژان گورگیك بو ئاو خواردنەوە ، چوو بو گوی رووباریك ، لەوی چاوی بە بەرخولەیەك کەوت کە خەریکی ئاو خواردنەوە بوو ..
گورگەکە پیی ووت .

ئاوی ئەم رووبارە هینی منە چون ئەتوانی لیی بخویتەوە ؟ بەرخولەکە ووتی :
ئاوی ئەم رووبارە لە چیاکانەوە هەل ئەقولی ، هەموو مروڤیکیش ئەتوانی لیی بخواتەوە ، ئیتر چون ئەلیی کە هینی منە ! ؟ ..
گورگەکە ووتی : ـ

« کە ووتم هینی منە ، هینی منە ، توش چونکە لیت خواردوتەوە ئەم ئیوارەیە ئەتخوم ! » .

ئەمجا گورگەکە بە فیزی کەوە روشتوو ، کلکی بائەدا .

بەرخولەکەش گەرایەوە بومالەوەو ، لەبەر دەرگا دانیشتو دەستی کرد بەگریان چونکە گورگەکە ئیوارە دیت ئەی خوات ،

لەم کاتەدا پشیلەیەکی بەلەك هات بەلایاو چاوی پیکەوت کەوا ئەگری لیی پرسی:

« بەرخولەکە بوچی ئەگری ! ؟ . »

بەرخولەکەش وەلامی دایەوە :

« ئەم ئیوارەیە گورگ دیت ئەم خوات ! »

پشیلە بچکولەکەش پیی ووت :

گویی مەدەری ئیوارە دیمەوە بولات کە یارمەتیت بدەم »

ئەمجا پشیلەکە روشتو چوو بەلای کاری خویەوە .

بەرخولەکە هەمیسانەوە لەبەر دەرگا دانیشتەوەو دەستی کردەوە بەگریان ، لەم کاتەدا سەگیکی بوری بچکولە بەلایا تی پەریو چاوی پی کەوت کەوا ئەگری .

« بوچی ئەگریت بەرخولەکە . »

بەرخولەکە وەلامی دایەوە :

« ئەم ئیوارەیە گورگ دیت بو ئەوەی بمخوات . »

سەگەکە پیی ووت :

« گویی مەدەری ئیوارە دیمەوە بولات بوئەوەی یارمەتیت بدەم . »

ئەمجا سەگە بورەکە لیی داو روشت .

بەلام بەرخولەکە هەر لەبەر دەرگا دانیشتو دەستی کرد بەگریان ، ئەسپیکی سپی بەلادا تی پەریو چاوی پیکەوت کەوا ئەگری ، لیی پرسی .

« ئەی بەرخولە ! بوچی ئەگری ؟ ! »

بەرخولەکەش ووتی :

« ئیواری گورگ دی بولامو ئەم خوات »

ئەسپە سپیەکەش ووتی :

ئەی ناکات ! ئیوارە دیمەوە بولات بو ئەوەی یارمەتیت بدەم . »

ئەمجا ئەسپە سپیەکە ملی زیی گرتو رویشت .

هەمیسانەوە بەرخولەکە دەستی کردەوە بەگریان .

لەم کاتەدا فیلیک بەلایا تی پەریو چاوی پیکەوت کەوا بەرخولەکە ئەگری ، لیی نزیک بووەوەو لیی پرسی :

« بەرخولەکە ! . . بوچی ئەگری ؟ ! » .

بەرخولەکەش وەلامی دایەوە :

« گورگ ئیوارە دیت کە بم خوت . » .

فیلە گەورەکەش ووتی :

« گویی مەدەری . . . ئیوارە ئەگەریمەوە بولات بو ئەوەی یارمەتیت بدەم »



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمجا فیلە گەورەکەش لێی داو رۆیشت .

ئیوارە کە تاریك داهات ئەمەنـدەی پێنەچوو ، پشیلە بەلەکە بچکولەکەو سـەگە بورەکەو ئەسپە سپییەکەو فیلە گەورەکە بەروو دوا پەیدابوونو کوبوونەوە ...

کـەوتنە لێکولینەوەو بیرکردنەوە لە باشترین ریگە کە بە هویەوە بتوانن یارمەتی بەرخولەکە بدەن . . .

پشیلە بەلەکە بچکولەکە ووتی : ـ

« ئـەی بەرخولە ! . . پێویستە لە دەرەوە چاوەروان بکەیتو منیش لەو دیو ئاگردانەکەوە خوم ئەشارمەوە . ئەمجا کە گورگەکە دیتو تو نابینی لە مالەوە ، ناچار دیت بولای رووناکییەکەوە ، منیش لەوکاتەدا پەلاماری ئەدەمو دەست ئەکەم بە چررنووك لی گرتی . »

ئەمجا سەگە بورەکە ووتی :

« کە پشیلە بچکولەکە چررنووکی لی گرت ناچار گورگەکە رائەکات بو دەرەوە جامنیـــش خوم لەپشت دەرگاکەوە ئەشارمەوە ، هەرکە گورگەکە هاتە دەرەوە پەلاماری ئەدەمو ئەیگەزم »

ئەسپە سپییەکەش ووتی :

« کە سەگەکە گورگەکەی گەست ، ناچارئەبی کە لەپشت خانووەکەوە رابکات ، منیش لەویدا خوم ئەشارمەوە ، هەر کە لەوێوە تی پەرری منیش دەست ئەکەم بە جووتە لێدانی . »

لە دواییدا فیلە گەورەکەش ووتی :

« بەلام من لەژێر ئەم درەختە گەورەیەدا ئەوەستم ، هەر کە گورگەکە لەلامەوە تی پەرری خیرا بە ( خەرتوومەکەم ) ئەیگرمو بەرزی ئەکەمەوەو فرریی ئەدەمە ناو رووبارەکەوە » بەم پێیە بو هەموو شتیێك رێو شوینیان دانا .

ئەمجا :

بەرخولەکە لەنزیك خانووەکەوە لەدارستانیکی بچکولەدا خوی شاردەوە .

پشیلە بچووکە بورەکەش قەلەمبازیکی دایە پشت ئاگردانەکەوەو خوی شاردەوە .

سەگە بورەکەش لەپشت دەرگاکەوە چەموڵەی دادا .

ئەسپە سپییەکەش لەپشت خانووەکەوە خوی‌شاردەوە .

بەلام فیلە گەورەکە لەژیر درختە گەورەکەدا وەستاو چاوە روانی ئەکرد .

هەموو بی دەنگ وەستانو ، ووڕتەیان لەخویان بڕی .

زوری پی نەچوو ، گورگە پیرەکە، بە ووردە ووردە هاتو چووە ژوورەوە !! .

بەلام ژوورەکە زور تاریک بوو ، نەی‌توانی هیچ شتی‌یەك ببینی . .

گورگە پیرەکە چوو بەلای ئاگردانەکەوە بو بەر رووناکی‌یەکە .

لیرەدا پشیلەکە قەلەمبازیکی بو داو چاوەکانی ئەدرەوشایەوە ، دەمو چاوی گورگە پیرەی هەموو رووشان . گورگەکە بەترس‌و لەرزەو دستی کرد بە لووراندن‌و . وەرچەرخاو رای‌کرد .

سەگە بورەکەش لەپشت دەرگاکە هاتە دەرەوەو پەلاماری گورگەکەی داو قاچی گەست .

گورگە لەتاو ئازاری قاچی کەوتە لووراندن‌و دەستی کرد بە ( ووەو ، ووەو )

ئەمجا بەپشتی خانووەکەدا ویستی رابکات بەلام ئەسپە سپییەکە ، کە لەپشت خانووەکەوە خوی شاردبووەوە پشتی تی کردووە بە پاشووی کەوتە جووتە لیدانی ، جووتەیەکی ئەمەندە بەتینی لیدا . فڕی‌ی‌دا بو بەردەمی درەختە گەورەکە .

بەم جورە :

پشیلە بورە بچکولەکە دەمو چاوی گورگەکەی رنی .

سەگە بورەکەش گازی لی گرت .

ئەسپە سپی‌یەکەش جووتەی لی‌دا .

کەوتە سەر زەوی‌و ئیتر نەی توانی لە جی‌ی خوی هەستیتەوە .

ئەمجا فیلە گەورەکەش بە خەرتوومەکەی گورگەکەی بەرز کردەوەو فڕی‌ی دایە ناو رووبارەکەوەو گورگە پیرەکە لە رووبارەکەدا نقووم بوو .

ئیتر بیرای بیرای جاریکی تر نەی‌توانی کە بەرخولەکە بخوات .

www.zheen.org



## [ دیاپ ئاغاو مصطفی کەمال ]

ئەو ریش سپی یەی لەگەل مصطفی کەمالدا لەو گالیسکەیەدا دانیشتووە یەکیکە لە سەروکە کوردپەروەرەکانی ناوچەی دەرسیم لە خیلی ( فەرهاد ) .

ئەم وینەیە لە ٢٢ی مارتی سالی ١٩٢١دا گیراوە .

مصطفی کەمال بە دیاپ ئاغا ئەلی : پیویستە کوردو تورك پیکەوە بەرەنگاری بیگانەی داگیرکەر بینەوە . وە ئەگەر هاتوو شکاین وە ئەنقەرەمان بەجی هیشت ئایا ئیوە ریگەمان ئەدەن رووبکەینە چیا سەختەکانی دەرسیم وە دالدەمان ئەدەن ؟

چونکە بەلای ئیمەوە پەناگامان ئەو کەژانەیە ، وەمنیش وەك تو عەلەوی‌م .

دیاپ ئاغاش ئەلی ( بەلی بەهەموو توانایەکەوە یارمەتیتان ئەدەین‌و پەناتان ئەدەین )

بەلام ئایا کە مصطفی کەمال سەرکەوت ، چی‌ی بو کورد کرد ؟

وە پەناگاکەی کە دەرسیم‌و چیا سەختەکانی بوو چی‌ی لی کرد ؟

بی‌گومان ئەو ناوچانەی ویران کردوو پاداشتی چاکەی کوردی بەمەرگ‌و سزا و ویران کردن دایەوە .

# شوررشی قوچ گیری

— ٣ —

اسماعیل حقی شاوەیس

## دەستەی ئاموژگاری‌کەرانی مصطفی کمال

. . . . پەیتا پەیتا بەهوی یارمەتی‌ی والی‌یانی سیواس‌و ئەلعزیزەوە کەوتنە ریك‌خستن‌و ناردنی دەستەی ئاموژگاری ( هەیئەتی ناصحة ) بو ناو کوردانی قوچ گیری و دەرسیم .. ئەم ئاموژگاری‌کەرانە ئەیانوت کەوا مصطفی کەمال و پەرلەمانی ئەنقەرە دانیان ناوە بەحوکمی خویی کوردستانا ، لەبەر ئەوە شوررش بەرپاکردن پیویست ناکات ، بەم جورە ئەم دەستە ئاموژگاری‌کەرانە هەولیان ئەدا کە کورد لە خشتە بەرن‌و هەلی خەلەتینن لە لایەکی تریشەوە بە هەموو توانایەکیانەوە ئەم کەمالیستانە لە تەقەلای ئەوەدا بوون کە ناوی کورد نەهیلن و مەسەلەی کوردستان لە ئارادا نەمینی ، بەلام کوردانی قوچ گیریش بەرامبەر بەم پیلانە تازەیەی کەمالیستەکان هەروا بی‌دەسەلاتانە نەوەستان بەلکو ئەمانیش دەستەی ( ریش سپی‌یانیان ) پیك هینا بو بەرەنگار بوونەوەی پروپاگەندەی کەمالی‌یەکان دەستەی ریش سپی‌یان بەکوردستانا ئەگەرران وە بە هەموو جورو توانایەکەوە بیرو باوەرری کوردایەتی‌یان بلاو ئەکردەوە وە لە گەلیك جارا تارو سازو سەمتوور لی ئەدراو ئاهەنگ ریك ئەخراو ئنجا دەربارەی مەسەلەی کوردو کوردستان قسە ئەکرا .

دەستەی ریش سپی‌یانی کورد ئەم بانگەی خوارەوەی ئەدا :

« عوسمانی‌یەکان لە کاتی سەفەوی‌یەکانەوە تا ئەمررو ئیمەیان خەلەتاندووە و بەناوی ( مذهبی ) سونی‌و عەلەوی‌یەوە دووبەرەکی‌یان لە نـاوا پەیدا کردووین ، ئەمانە خیانەتیان لە ئاین و مروڤایەتی کرد ، بەرامبەر بەکوردو حەزرەتی پیرمان ئیمامی علی بەکتاشی وەلی دووزمانی‌یان کرد ، تووی کوشتن و ویرانی‌یان لە ناو کوردستانا چاند . بەرامبەر بەزورداری مل کەچ کردن کفرە ، بی‌دەنگ بوون شوورەیی‌یە .. » بابو

هەلسە ، هەلسین ، راپەررین » .

٭ بە ناوی ئاین و ( مذهبەوە ) کوردستانیان ویران و سەرگەردان کرد ، رەش‌و رووتیان کردین‌و تووشي ئەم پەریشانی‌یەیان کردین شەرریان لە ناومانا نایەوەو ، بە رووتی‌و هەژاری‌و نەزانی هیشتیانینەوە .

٭ لە جەنگی ( قرم ـ سیواستەپول ) لە شەررەکانی قارس‌و بایەزیدەوە تا ئەمررو هەر بەژیر دەست‌و پشت مالەماینەوە دیل‌و بەدبەختی هەر بەرەلای نەکردووین .

٭ لە بیرتان چوتەوە ؟ کە لەسەر هیچ خیلافەتی عوسمانی لەشکری ئەناردە سەرمان! تالانیان ئەکردین و لی‌یان ئەکوشتین ؟ هەر بەئارەزوو کاربەدەستاني عوسمانی رووتیان ئەکردینەوە و مالیان ویران ئەکردین ؟ وە سەرەرای ئەمانەش بەتاوانبارو بی ئاینیان دائەناین ؟ وە بە تاوانی کفرەوە لی‌یان ئەکوشتین ؟ .

٭ زورداری‌و نادادی عوســـمانیان ـ اتحاد چی‌یان نابی لە بیر بچیتەوە کچان و ژنانیشمان لە دەستی ناپاکی‌و داوین پیسی‌ی ئەمانە رزگاریان نەبوو پاشایان و والی‌یانی عوسمانی ئافرەتی کوردیان بەدیل ئەگرت و بەدیاری ئەیانناردن بو سولتان تا بن بە کارەکەرو کەنیزەکی کوشك .

٭ بەرتیل بوو بوو بـە قانوونـ !! نەبوایە بو تورکان کاروانی ئیمە ( بە نـاوی دیاری‌یەوە ) هەمیشە بەرریوە بوایە ، هەر کردەی ئیمەو بردەی ئەوان بوو .

٭ زورداریی حەمیدی لاچوو ، ئنجا رەشادی هات ، ئیستەش نورەی کەمالی‌یەکانە خوایە ، ئیمامی عەلی بمانپاریزی .

« بەرامبەر بەزورداری مل کەچ‌کردن کفرە ، بی‌دەنگ بوون شوورەیی‌یە . جوامیر هەلسن ، راپەررنـ »

٭ سوریاو لبنان مافی خویان دەست کەوت ، ئیمە نەبی هەر ژیر دەستی تورکانین ، دنیا گوررا کەچی کوردستان هەر ویرانەو لە کوشي تاریکي‌دایە .

٭ گەرەکە شیخ و مەلا ـ نەقشی و قادری ـ و عەلەوی جوتیار و زەویدار هەموو یەلکگرین ، زمان‌و میژوومان بپاریزین ـ گیانی پاکی احمدی خانی‌و مەم و زین شادکەین .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٭ نە کانی ما نە رەز ، نە گوند ما نە بازیر نە باخ ما نە بیستان ، نە کەژ ما نە دەشت خوینی گەشی کچان و کورانی کوردی تی‌نەرژابی‌و پیا نەپژابی تیا نەرژابی . گەلیك زاناو هوشیاران کوژران ، زورمان بو سەلتەنەتی تورك کرا بە کوچی قوربانی .

٭ ئەمە چوار چەرخە بە ناوی ( غەزاوە ) لەگەل ئیران و رووسدا شەرمان پی ئەکەن ئەنجامیشمان ئەم روژە رەشە بوو کە نەخاوەنی نانیکین نە ناویك ، سەراو کوشك و دیواخانەکانمان کاول بوون وە لە شوینی تەخت‌و بەختی پاشـاو شازادانی کورد تورکان دانیشتن جارەها بەناوی غەزاوە هەزاران رولەیان لە شەررا بەرامبەر بەرووس‌و ئەلمان لی بەکوشت داین و هەزاران بووکیان بیوەژن کردوو زاك‌و زرووك هەزاران منالیان بی دایك و باوك کرد ، کەچی پاداشتی ئەم هەموو قوربانی‌یەش لە لایەن تورکانەوە تالان ئەگراین .

٭ دەولەتە گەورەکان بەپی‌ی پەیمانی سیڤەر ، وە دەولەتی عوسمانی ، وە هەروەها ئەتاتورك و حکومەتی ئەنقرە لە کونگرەکانی ئەرزروم و سیواس‌دا تیکرا هەموو دانیان ناوە بە ئازادی کوردستانا . ئەی کوردینە تیکوشان بو پاراستنی ماف‌و شەرەفتان پیویستی‌ی سەر شانتانە ، خەبات کردن‌و جەنگ کردنی رزگاری کورد بەپی‌ی هیچ ئاین‌و مەذهەبیك تاوان نی‌یە ، جەنگ کردن لە پیناوی مافی کورد دا (شەرعی‌و حەلالە).

٭ ئەبی بەزمانی کوردی بدوین‌و بخوینین‌و بنووسین ، ئەبی بەرریوەبردنی کاروبار لە هەموو دائیرەکانی کوردستانا بەزمانی کوردی بی . ئەبی فەرمانبەرانی کوردستان هەموو کورد بن ، ئەبی خاوەنی نان‌و ئاوی خومان بین‌و سوخرەکیشی کەس نەبین .

٭ خو ! . . خیلافەتی عوسمانی و حکومەتی ئەنقەرە هیزی خوایی نین نەشکین تورکان مافی ئادەمزادیان لا پەشمە دەستووری تورك ژیانی لە کورد تال کردووە .

٭ لە بیرتان چوتەوە ؟ ئەم تورکانە چی‌یان لە ئەرمەنی کرد ؟ چون ئەرمەن قرانیان کرد ؟ تەنانەت منالی سەر بیشکەشیان سەرئەبرری ئەگەر دەستیان بردوا واش لە ئیمەی کورد ئەکەن .

بنکەی ژین
www.zheen.org

« دادگەکانی تورك بەو پەرری بی دادی‌یەوەو دوور لە رەوشتی پاك بەرامبەر بە کورد رەفتار ئەکەن‌و فەرمان دەرئەکەن . وە ئەگەر داوای مافی خومان بکەین بە جەردەو ریگرمان دائەنین . . .

« بەرامبەر بە زورداری مل‌کەچ‌کردن کفرە . . بی‌دەنگ بوون شوورەیی‌یە . . جەوامیر هەلسن راپەررن »

« سەرنج بدەن دیوانی عورفی چون لە ئاستی کورد کوشتنا ، منالی کورد سەر برینا چاوی خوی ئەنووقینی‌و بی دەنگ ئەبی ، چون گالتە بە دادو قانوون ئەکاو شەرەف‌و ناموس‌و مافی ئادەمزادی بەلاوە هیچ نی‌یە ؟ ! سەرنج بدەن چون تالان کردنی مالی کوردیان حەلال کردووە ، وە چون هەزارەها کوردیان ( بی تاوان ) ئاخنیوەتە بەندیخانەوە ! کوچیان بە هەزاران کردووەو ، گوندەکانی کوردستان ئەسووتینن ؟ ! چەند بی ئاین‌و بی ویژدانن . .

لەپیناوی ئەوەدا کە مافی کورد بخون هەرچی رەفتاری ناشرین هەبە لە پیاوکوشتن تالان کردن دی سووتانن کردوویانە بە قانوون‌و نەریت .

بو پیشەوە ، ئەمرو روژی رزگاری‌یە ، روژی ئازادی‌یە « یا ژیان یا مردن » کوردینە دواروژی کورد لەدەست ئیمەدایە پیویستە گیانمان بەخت‌کەین لە پیناوی رزگاری کوردستانا ، ئەبی نەلەرزین ، لەمردن نەترسین . . . ئاواتی احمدی خانی مەزن بینینە دی « سکە بوخومان دوورست‌کەین ، ئالای خومان هەکەین » بەرامبەر بە زورداری مل‌کەچ‌کردن کفرە ، بی‌دەنگ بوون شوورەیی‌یە . رابە ، رابن ، رابین ،

بەم جورە دەستەی ئاموژگەری‌کەرانی مصطفی کمال پرو پاگەندەی ئەکرد بو هەلخەلەتاندنی کورد ، وە دەستەی ریش سپی‌یانی کوردیش بیروباوەرری شوورشیان بلاو ئەکردەوەو بەرەنگاری پرو پاگەندەی نادادانەی ناررەوای کەمالی‌یەکان ئەبوونەوە .

## شوورش

لە ٤ی مارتی ١٩٢١ی زایی‌دا سەروکانی کوردی ناوچەکانی قوچ گیری وە قوماندانان‌و کاپیتان‌و سەربازانی کورد « صادق بەگ » یان کرد بە سەروکی لەشکری شوورشی کورد ،

لەشکری کورد بە سەروکایەتی‌ی علی شیرو مووزوور ابراهیم کە پیك هاتبوو لە ٨٠٠ شـــورشگیرر چووە سەر ( عیمرانی‌یە ) لەمانە ٤٠٠ یان لە پردی « ئیلیچ شـەیتان » ەوە پەررینەوە ( دی‌وریکی ) وە ٤٠٠ کەی‌تر روویان کردە ( تورکیلو TERKILO ) وە ٣٠٠ شەررکەریکیش بە سەرکردەیی قەرەئیبو وە فیلیك علی چاودیریی شەرریان ئەکرد . لەپشت ئەمانیشەوە ( ٢٠٠٠ ) کوردی بی چەك کرابوون بە شـــەش قولەوە ، ئـەمانە کە لەژیر فەرماندەیی ( عەزەمەت ـ تاگی بگان ـ کور رفعت ) دابوون ئیشیان ئەوە بـوو کە کوژراوو . بریندار هەلگرن وە نان بو شـــەررکەران پەیدا بکەن‌و فیشـەك‌و چەك بدوزنەوەو پـەیدا بکەن ، وە ئەمانە لە دەورو پشتی ( بوغاز ویران ـ قەرەتاش ـ مادەن ـ وە کەمووچك ) دا هاتوو چویان ئەکرد . . بەم‌جورە شاری ( کەماخ ) و چوارلای شـاری ( ئەرزنجان )و شـاری ( سیواس ) یان خستە ژیر چنگی خویانەوە .

لەم کاتەدا والی‌ی ( سیواس ) دیسانەوە دەستەیەکی ئاەوژگاریی پیك‌هیناو ناردی بو ( حەفیك ) بو دامرکاندنەوەی شورشی کورد بەلام ئەم دەستەیە هیچی پی نەکراو ناچار پاشەو پاش گەررایەوە ... .

تورکـەکان لە ئەرزرومو بایبوردەوە لە ئالای ( ١١ ) دوو فەوج پیادەو یەك بـەتەری‌یەی توپی چیایی ناردە ســەر ( ئەرزنجان ) ئەم لەشکرە توانی‌ی ئەرزنجان داگیر بکات .

لە ژیر ســـەروکایەتی‌ی محمودو بەکوزادەدا ( BEKO ) ٢٠٠ شەررکەری کورد هیرشیان بردە سەر دیکانی روفاهی‌یەو رزگاریان کرد ، وە هەموو ژاندرمەو سەربازانی تورکیان بە دیل گرت‌و چەکەکانیان لی سەندن‌و بەرەلایان کردن‌و ناردیانن بو سـیواس . وە ئەو ئالا پیادەیەی کە لە ( قەرەحەسارەوە ) هاتن بو یارمەتی‌دانی لەشکری شکاوی تورك لەلایەن لەشکری قارەمان ( نوری ) یەوە شکیترا ، وە ( زارا ) رزگارکرا .



بنکەی ژین
www.zheen.org

## شەڕی قوچ گیری

# [ ئالای کوردیان هەڵکرد ]

ڕوژی ٦ی مارتی ١٩٢١ کوڕرفەت‌و پاڵەوان حسەین‌و ئاشوور نامەیەکیان بو قوماندانی عیمرانی‌یە نووسی کە ٣ فەوجی لە ژێر دەستابوو . . . لە نامەکەدا نووسیویان « ئەگەر شەڕەکەی وەرە دەرەوە » بەلام قوماندان وەلامی نەدانەوە . . . ئەوانیش لەپڕ هەلمەتیان برد ، وە شەڕ لە بەیانی‌یەوە تانیوەڕوی خایان لە ئەنجاما شاری عیمرانی‌یە لەلایەن شوڕشگێڕانی کوردەوە ڕزگارکرا ، وە میرئالای خالص بەگ کە قوماندانی لەشکری تورك بوو لە عیمرانی‌یەدا کوژرا ؛ وە لەشکری تورك هەمووی بە دیل گیراو چەکیان لی سەندرا ، وە ( ئالای کورد لە شاری عیمرانی‌یەدا ) هەل کراو کەوتە شنەشن . . لە ئەنجامی ئەم هەلمەتە بزورگەدا ١٠ شوڕشگێڕ شەهیدکراو ٢٠ یان لی بریندار بوو .

لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەدا ناوچەکانی ( سیواس‌و عەرەبگیرو ئەرزنجان ) کەوتە ژێر دەسەلاتی لەشکری کوردەوە ، وە سەربازانی تورك بە ( وثیقەی ) کوردی ڕیگەیان پی‌درا کە بچنەوە ناو مال‌و منالی خویان .

تەکەی ژین
www.zheen.org

## دکتور نوری بەگ

دوکتور نوری بەگ یەکی بوو لە ڕەوشەنبیران‌و تیگەیشتووان‌و تیکوشەرانی دلسوزی نەتەوەی کورد . ئەم جگەرسوزە لە ڕووی دیپلوماسیتی‌یەوە یەکی بوو لە بەڕیوەبەرانی شوڕشی کوردستان ، وە گەلیك لە خزمان‌و چەند برایەکی لە پیناوی کوردایەتی‌دا شەهیدکراون ، وە کومەلی ( کوردستان تعالی‌و تعاون ) باوەڕی بەم ڕولەیەی کورد زور هەبوو .

حکومەتی ئەنقەرە زور بە عەزرەت ئەوەوە بووکە ئەم تیکوشەرە بگری ، بەلام نەیئەویرا چونکە لە کوردستانی ڕوژئاوادا زور بەناوبانگ بوو . . . .

شوڕشگێڕە کوردەکان هەر وەسیقەو ڕاپورتیکیان لە شەڕەکانی قوچ گیری‌و

دەرسیمدا چنگ کەوتبوو دابوویان بەم دکتور نوری یە بەم هویەوە کەڵکیان زور لی وەرنەگرت لە رابەری کردنا لە رووی بیرو باوەڕەوە .

بەلام روژیك لە روژان لە شاری ( سیواس ) دا دکتور نوری و چەند کورد پەروەریکي تر لە ناکاوا ئەگیرین و ئەخرینە بەندیخانەوە ، وە دەست ئەکري بە ئازاردانیکی زور توندوتیژ .. لەسەر ئەمە شوررشگیرانی کورد گەمارۆی شاری سیواس یان دا ، وە لە روژی ٨ ی مارتی ١٩٢١ دا شەرریکی سەخت بەرپا بوو ، وە لەشکری تورك شپرزە کراو شکا . لەسەر ئەمە ئەتاتورك و وەزیری ناوخو فەرمانیان دا بەوالی سیواس کە دکتور نوری و هەڤاڵەکانی دەست بەجی بەربدەن تا شەرر تەشەنە نەکاو شوررشگیرەکان بەرەو ( قەیسەری ـ ئەنقەرە ) هەلمەت نەبەن وە حکومەتی ئەنقەرە نەخەنە مەترسی یەوە ، وە لەلایەکی تریشەوە تورکەکانی قەیسەری ئەنقەرەش کە دژی حکومەتی مصطفي کەمال بوون کەوتنە بزوتنەوە ، بەم رەنگە ئەتاتورك ئەوەندەی نەمابوو بکەویتە بەینی سی هیزەوە ( هیزی کورد ، تورکانی دژی حکومەتی ئەنقەرە ، وە یونانی یەکان ) سەوەرای ئەمەش قارەمانی کورد سید رضای دەرسیمی بەوەی کە پشتی دکتور نوری ئەگرت پەرلەمانی ئەنقەرەی شپرزە کردبوو .

## دەرسیم کەوتە خوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە روژی ٩ی مارتی ١٩٢١ لە ( ئووەجق )ەوە (١٧٠٠) چەکداری دەرسیمی دایانە کەژە بەفرینەکانی ( MUNZUR ـ مونزور ) ئەو روژە بەفریکی زور باری ، ریگەوبان بەفر گرتبووی ، بەلام ئەم دەرسیمیانە چەند شتیکیان لە پی کردبوو کە پی ی ئەلین ( هدیك ) ئەم هدیکە وەکو هیلەك وایە ، ئەبەستری بەبنی پیوە ئیتر روشتن بەسەر بەفرا بو ئەو کەسە ئاسان ئەبی .

ئەم لەشکرە بزورگە خوی گەیاندە شاری ( کەماخ ) وە قایمقام و سەرکردەی لەشکری تورك و بەرریوەبەرانیان دیل کرد . وە هەر کوردیکیش کە لایەنگرانی حکومەتی ئەنقەرە بوون گرتیانەوو دایانە بەدادگە کە ناوی ( دیوانی حەربي کورد ) بوو وە لە شاری عیمرانی یەدا بوو .

ئنجا لەشکر بەرەو فورات کشا ، لە پردی ئیلیچ شەیتانەوە پەررینەوە ، وە ١٠٠ شەررکەریان کرد بە یاساولی پردی ناوبراو ، بەم رەنگە شوررشگیرانی دەرسیم

لەگەل لەشکرەکانی ( دی‌وریکی ـ جەلالی ـ وەحەفیك ) یەکیان‌گرت . . .
سەرکردەکانی لەشکری دەرسیم ئەمانەبوون :
علی شیر ـ برا ابراهیم ـ مستوبەگ ـ محمود ئاغا

لە روژی ١٠ی مارتی ١٩٢١دا علی شیری قوچ‌گیری وە دەرسیمی قوچ زادە ، وە برا ابراهیم بە ٢٠٠ شـــەررکەرەوە هاتنە نزیك شاری ( کەماخ ) و شاری ( ئەسکوپرد ) یان گرت ، قوماندانی سوپاو ژاندرمەکان بەبی شەرر دیل کران

حکومەتی تورك ئەیویست دەنگی ئەم شوررشە خەفە بکا ، وە کاریکی ئەوتو بکا کە کوردستان‌و ئەورو‌پاو جیهان نەیبیستن ، لەبەر ئەوە دەستەیەکی ئاموژگاریی نارد بو پروپاگەندە کردن ، وە لەولاشەوە خوی‌کو ئەکردەوە بو هەلمەت‌بردن .

والی ســـیواس لە ١٢ی مارتی ١٩٢١دا بروسکەیەکی نارد بو ( خوزات ) بو ســـەروکانی روژ ئاوای دەرسیم ، لەم بروسکەیەدا داوای ئەوەی کردبوو کە گوایا رەئی‌یان‌چی‌یە دەربارەی شوررشی قوچ‌گیری وە هەروەها داوای لی کردن کە ئەرمەنی‌یەکان تەسلیم بکەن .

ئەوانیش وەلامی بروسکەکەیان بەم جورەی خوارەوە دایەوە :ـ

## بو والی سیواس

١٤ مارت ١٩٢١

بە دلیکی پاکەوە بیروباوەرری خومانتان بەم جورەی خوارەوە پیشکەش ئەکەین :ـ

١ ـ جەنگ‌و خوین رشتن بەرژەوەندی ئەکورد وە ئەتورکی تیا نی‌یە .

٢ ـ لەسەر برریاری مصطفی کەمال پاشا وە کونگرەکانی ئەرزروم‌و سیواس پیویستە زوو بە زوو جوگرافیای کوردستان جیا بکریتەوە .

٣ ـ بەپی‌ی برریاری حکومەت پیویستە کوردستان لە رووی ( ئیداری‌و ئابووری‌و موعاریف‌دا ) سەربەخوبی وە لەگەل تورکیادا چون‌یەك سەیر بکری .

٤ ـ نابی سیاسەتی کونی خیلافەتی عوسمانی بو کوردستان زیندوو بکریتەوە ، پیویستە دان بنری بەمافی کوردا ، وە کورد وەکو تورك چون‌یەك تەماشا بکری وە لە کاروباری دەولەتدا بەشدار بی .



بنکەی ژین
www.zheen.org

٥ ـ بەرامبە بە داخوازی‌یەکانی کوردانی قوچگیری هیز بەکار هینان ئەنجامی خراپ ئەبەخشی ، وە نەك هەر کوردانی قوچگیری هەموومان لە ژیر باری باجی گرانا ژیانمان لی تال‌بووە ، وە تیکرا ئیمەی کورد بی قوتابخانەو بی خەستەخانەو دکتورین وە شەرری جیهانگیری مالی ویران کردووین لەبەر ئەوە کوردستان پیویستی بە ئاوەدان کردنەوەیە .

٦ ـ پیویستە هەموو بەندەکان بەر بدرین ، وە نابی لەشکری تورك وەك دوژمن سەیری کورد بکا ، ئیمە بە ناررەوا خوین نارریژین .

٧ ـ ئەو ئەرمەنی‌یانەی لای ئیمەن هەموو منال‌و ئافرەت‌و پیرن وە بی‌چەکن‌و پەنایان بو ئیمە هیناوە , وە بی‌گوناهن لەبەر ئەوە ئیمە نایاندەین بە دەستەوە .

ئیمزا

سەروکانی روژئاوای دەرسیم

وینەیەکی بو :ـ

مصطفەی کەمال پاشا

ئەنجومەنی میللی

---

www.zheen.org

والی سیواس بەو وەلامەی، سەرەوەدا بوی دەرکەوت کەوا دەرسیمی‌یەکان ریك‌کەوتوون لەتیکوشانا بو ( سەربەخویی کوردستان ) لەبەر ئەوە والی دەربارەی وەزع بو ئەنقەرەی نووسی ، وەلامی ئەنقەرەش ئەوەبوو کە پیویستە والی نەیەلیت کەوا دەرسیمی‌یەکان لەم شوررشەدا بەشداربن ، وە ریگە نەدات بەوەی ئەم شوررشە فراوان‌بیت .

لەسەر ئەمە والی‌یەکانی ( سیواس‌و ئەلعەزیزو ئەرزنجان ) کەوتنەخو ، وە لەشکریان پترکرد .

حاکمی زارا عزت‌بەگ هەوالی گەیاندە علی شیر بەگی دەرسیمی کەوا هەرچونیك ئەبی ٧٠ سوارەی شەررکەر ئامادە بکا . . . وە قوچگیری‌یەکانیش قەزاکانی ( روفاهی‌یەو قوروزچای ) گەمارو بدەن وە عیمرانی‌یەو زارا نەدەن بە دەستەوە .

لـــە ١٤ی مارتی ١٩٢١دا لە ئاماسیەوە تیپی ( ٥ ) یەك فەوج وە ئالای ١٣ دووفەوج پیادە وە یەكبەتاریە توپی چیایی نارد بو ( سیواس ) وە سوارەی ئالای ٥٣ ش هەروەها هاتن بو شاری سیواس .

## دەستەی ئاموژگاری

چەند دەستەیەكی ئاموژگاری لـە ( سیواس ) و ( ئەلعەزیزەوە ) رویان كردە ناوچەكانی روژهەلات‌و روژئاوای دەرسیم ، لەسەر دەستوورو رەوشتی مذهبی عەلەوی ( شیعە ) دەستیان كرد بەپەندو ئاموژگاری كردن بو بەرهەلست كردنی بزووتنەوەی رزگاریی كورد .

ئەمانە ئەیانوت كەوا توركیش عەلەوین ، عەلەویش نەبن ئیسلامن بەتایبەتی مصطفی كەمال پاشا خوی ئەلی « من شیعەم‌و كوردم خوش ئەوی وە ئەگەر دوژمن بیتە ئەنقەرەوە خوم‌و لەشكری حكومەتی توركیا دینە دەرسیم وە لە چیا سەختە بەفرینە جوانەكانی دەرســـیمدا كوردو تورك پیكەوە ئەژین‌و ئەمرین ، وە لە پاش دەركردنی ئینگلیزو فەرەنسەو ئەمەریكا ( حوكمی ذاتی ) بە كورد ئەدەم لەبەر ئەوە ئەم خوین رشتنەی ئەمررو بو هەردوولا زیان بەخشە ) .

بەم رەنگە ئەم ئاموژگاری كەرانە ئەو جورە پروپاگەندانەیان بلاو ئەكردەوە بو بەرهەلست كردنی شوررش وە ساردكردنەوەی كورد .

مصطفی كەمال بەهوی والی‌ی ســـیواس و ئەلعەزیزەوە بلاوی ئەكردەوە كەوا « حوكمی خویی ـ ذاتی » ئەدا بە كوردستان وە دەرسیم ئەكا بە ویلایەتیكی ناياب وە ئەم پروپاگەندەیە كاریكی زوری كردە كورد وە بە داخەوە ئەبێ‌ین كەوا كوردی سارد كردەوە

## وەفدیكی تایبەتی

جگە لە دەستەی ئاموژگاری ، دەستەیەكی تریش بە سەروكایەتی « شفیق بەگ »ی ئیداری‌و سیاسی ولەشكری پیكهات وە ئەم دەستەیە بە تایبەتی بە فەرمان‌و ئاموژگاری مصطفی كەمال پیكهینرا ، ئەم دەستەیە لە ئەنقەرەوە دەرچوو وە لەروژی ١٥ی مارتی



تکەی ژین
www.zheen.org

١٩٢١دا گەیشتە سیواس ، لە پاش چەند روژیك چووە گوندی « بوغازی ویران » لای حیدربگ میوان‌بوو . . . وە گەلیك سەروکی کورد لەوی‌بوون . . . شەفیق بەگ ووتی « بە فەرمانی مصطفی کەمال پاشا هاتووم ، مصطفی کەمال زور ســـلاوتان لی ئـەکات ئەم نامەیەی بو ئیوەو حەیدەر بەگ ناردووە کە ئەلی : بو « حوکمی خوبی کوردستان برریار دراوە ، شەرر بوەستینن ، زمانی رەسمی‌کوردی ئەبی وە ئابووری جیا ئەکریتەوە ، وە پیت‌و ســــامان‌و مەعدەنی کوردستان بو خوی خەرج‌ئەکری وە بەرریوەبەرانی کوردستان هەموو کوردئەبن .

لەئەنجاما حەیدەر بەگ بەم مەرجانە قایل بوو ، وە باوەرری بەفەرمانی کومیسونی « دەستەی » ئەتاتورك کرد ، وە خەلەتینراو جەنگیان وەستان ، ئاموزگاری‌و بەلینی کومیسیونی ئەنقەرە پشتی هەموو کوردانی ساردکردەوە ، بەم جورە بە هیوای حوکمی خوبی‌یەوە بو کوردستان شەرری قوچگیری وەستینرا . . .

> پیاو ئەبی دایم خەمی قەوم‌و ولاتی خوی هەبی
> ئەوکەسـانەی بی خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین
> « بیکەس »

پاریزەر

# جەمال حاجی شەریف

هەموو جورە داوایەك وەرئەگریت لـە سلیمانی وە دەرەوەی وە مەکتەبەکەی لە شەقامی مەولەویە ، تەلەفون ٣٠٣ .

# [ تــری ]

له پارچەکانی زەویدا ئەورووپا ناوچەی ( ئەسپانیا ) ی لە هەموو وولاتیك بـــە پیت‌ترە بو پیگەیاندنی رەزی تری ئەمرو لە ( ئەسپانیا ) دا (٥٠) جور تری هەیـە بەلام لە کوردستاندا تا (١٠٠) جور تری هەیە وەکوو :ـ سەدانی سەرقوولە ، تایەفی پایزە ، بول مازوو ، کلکە ریو ، گوون توولە ، سوور شامي ورەبولە ، مام برایمە ، نینووکی بووکی ، رەشمیری ، ریشی بابە خوشناو ، رەشکە ، فەرخی ، دوشـاوی ، گونکە ، کشمیشی ، چەمیلە ، ( هتد ) .

خواردنی هەریەك لەم جورە تری‌یانە بو پالاوتنی خوین وە هیزی جگەر ، وەبو: بینایی چاو . وە بو : میزگیران زور بەسوودە ئاوی هەریەك لەم تری‌یانەی کە باسمان کرد لە جیگای شیر سوود ئەدا بە منالی سـاوا وە پیی ئەژی یەکەم کەس لــە نەتەوەی کوردا ( جەمشید ) لە تری رەشکە شەرابی دروست کردووە ، وە دیسان سرکە ، سرکە بەهوی شەکر وە گولی وەنەوشەوە ( ئەسکەنجەبین )ی لی دروست ئەکری کە شەربەتیکی زور بەکەلکە بو نەخوشی ( تا ) وەکو ( مەولەوی ) ئەلی :

بلی : تو و شەراب ئەسکەنجەبینت          واتا : نامەکەی ترش و شیرینت

گەلای میو بە ناسکی ئەکری بەیاپراخ و خواردنی گەلای میو بەناسکی ئازاری نەخوشی ( سەرەتان ـ شیر پەنجە ئەشکینی ) .

هەروەها تری‌ی نەگەیو کە بەرســــیلەی پی ئەلین بو : لابردنی تینوویەتی و کوژانەوەی گەرمایی لەش وە خارش وە بو : چارە ســـەری دەردی خومار ـ بی وینەیســـە !

# مریشـــك

٭ هیلکەی مریشکی پیر ، نابی بە جووجەلە .

٭ مریشك لە هیچ درندەیە ناترسی . کە لەگەل چاوی بەچەقەل کەوت ئەگەر ئەو مریشکە لەسەر دیواری بی وەیا لە جیگەیەکی بەرز لە ترسا خوی فری ئەداتە بەردەمی ئەو چەقەلە . وە چەقەلەکە ئەیگری‌و ئەیخوا .

٭ کاتی مریشك هەل ئەنیشی . گشت هەناسەیەك کە وەرئەگری ئەوە خەوی لی کەوتوە . کە هەناسە ئەداتەوە ئەوە خەبەری بوتەوە .

٭ هیلکەی مریشك ئەگەر ســـەرەکانی باریك بی کە مریشك هەلی هینا ئەبی بە مریشـــك . بەلام ئەگەر سەرەکانی پان بوو ئەوە ئەبی بەکەلەشیر .

٭ هیندی مریشك هەیە روژی دوو هیلکە ئەکا .

٭ هیلکەی دوو زەردینە یا ئەبی بەدوو جووجەلە یان ئەبی بەمریشکی دووسەر .

# زمانەکەمان

## دیسانەوە ووشەی زانیاری

شیخ حەسەن

ئەمە سی‌یەم جارە کە لە بارەی ئەم ووشەیەوە دوورو دریژ ئەنوسم ، وە سەرم لەوە زور سورماوەو ئەمینی کە تا ئیستا چەند جاریك لە بارەی ئەم ووشەیەوە بەربەرەکانیم لەگەل هەندیك لە خویندەوارە بەریزەکانا کردووەو پیم سەلماندوون کە ووشەی زانیاری مانـای مەعاریف نی‌یە بەلکو ووشەی زانستی پرر بە پیستی ووشـــەی مەعاریفە ، وە تەنانە نەخویندەوارەکانیش ئەگەر یەکیکیان بیەوی ڤیشـیك بکاو لەو رووەوە پرس بە چەند هاورری‌یەکی بکا پیی ئەلین ئەم ڤیشـــە زانستی پی ئەوی یـانی مەعریفەتی ئەوی . هەروەها زورکەس لەخویندەوارە بەریزەکان چـاك لەبیریانە کە قوتـابخانەییك لە سـابوون‌کەران هەبو هی‌ی ئەهلی بو لەسەر دەرگاکەی نووسرابو کومەلی زانستی‌ی سلیمانی یـانی کومەلی مەعاریفی سلیمانی ، وە یـا نەگونجی بووتری کومەلی علمی‌ی سلیمانی . کەچی هەندیك لەو نووسەرە بەریزانە خویان لە روژنـامەی ژینـا وە یـا لە گوڤاری روژی نویدا ووشەی زانیـاری‌یان بە مانای مەعـاریف داوەتە قەلەم ، وە لە کاتی بەربەرەکانی کردنـا لەگەل هەندیکی‌تر لەو خویندەوارە بەریزانە دانیـان بەوەدا ناوە کە ووشەی زانیاری مـانای مەعـاریف نی‌یە بەلام ئەیـان ووت تـازە ئەم ووشـەیە بە مانـای مەعـاریف دراوەتـە قەلەم بـا هەلەش بی قەی‌ناکاو هەر بە مانای مەعـاریف بلاوبوتەوە بـا هەر بەو مانـا هەلەیەش برروا .


دیسانەوە ئەمەوی بو خویندەوارە بـەریزەکانی روون بکەمەوە کە ووشـەی زاینـاری ووشـەییکی تازەیە و لەلایەن ماموستای ووشەوانی کوردی توفیق وەهبیەوە دروست‌کراوە و مانای مەعلووماتە ، وە سەرچاوەی ( مصدر ) ئەو ووشەیە ووشەی « زانین »ە جا ئەگەر ئەو خویندەوارە بەریزانەی هەر لەسەر ئەوەسوورن کە ووشەی



بنکەی ژین
www.zheen.org

زانیاری به مانای مه‌عاریف بده‌نه قه‌له‌م ئه‌وا با تی‌بگه‌ن که به هه‌لـــه چوون ، وه له‌سه‌ر رویشتنی هه‌له شتیکی جوان نی‌یه‌و مانای ئه‌وه‌یه ئه‌و که‌سانه خوینده‌واری ته‌واو نین‌و به‌زور ئه‌یانه‌وی سواری ملی خوینده‌واری بین . وه گریمان زانیار وه‌کو ئـه‌و خوینده‌وارانه دایان ناوه ، مانای «عالم» بي كه‌وایش نی‌یه ، ئه‌گه‌ر «ی» ی نیسبه‌تی بخه‌ینه پال ئه‌و حه‌له زانیار ئه‌بي بـــه « زانیاری » یانی « عالمی » که ئه‌م جوره نیسبه‌ته هه‌رگیز له کوردیدا نی‌یه ، به‌لکو له کوردیدا نیسبه‌ت به « ا ، ن ، ه » ئه‌بی که « انه » یه وه‌کو ئه‌لین ؛ ئه‌م ئیشـــه ئیشیکی پیاوانه‌یه ، یان ئه‌م قسه‌یه قسه‌ییکی عاقلانه‌یه ، یان زانیارانه‌یه . جا هه‌ر ئه‌و خوینده‌وارانه خویان ئه‌که‌م به(حه‌کـه‌م) که زانیاری یاخو عالمي که‌ی مانای مه‌عاریف ئه‌به‌خشی؟ وه من زورم پی خوشه که ئه‌و خوینده‌واره به‌ریزانه‌ی ووشه‌ی زانیاری‌یان به مانای مه‌عاریف چوته میشـــکه‌وه به ووتاریکی دوورو دریژ بومانی روون بکه‌نه‌وه‌و تیمان بگه‌یینن که ووشه‌ی زانیاری به مانای ووشه‌ی مه‌عاریفه .

وه سه‌باره‌ت به‌بلاوکردنه‌وه‌ی ووتارو ووشه‌کانی ناویه‌وه ، وه‌یان ئه‌و ووشـانه‌ی له‌سه‌ر ووتارا ئه‌نووسرین و له پاشا دوورو دریژ باسه‌که‌ی ئه‌و ووتاره له خواره‌وه ئه‌نووسری ئه‌مه‌وی له خوینده‌واره به‌ریزه‌کانی بگه‌یینم که ئیستا کاتی ئه‌وه‌مان ته‌ماوه هه‌ر شتیك به‌کوردی بنووسری بلین به‌خوا شتی چاکه ، چونکه هه‌ر بـه‌کـوردی نووسراوه ، وه هه‌ر ناریکی‌ییکی بی له رسته‌و قه‌واعیدیا چاوی لی بپوشری ، چی‌یه، ئه‌مه هه‌ر باشـه چونکه به‌کوردی نووسراوه . وه ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سـانه‌ی ووتار ، یـا نامیلکه بلاو ئه‌که‌نه‌وه له شیوه‌ییکی ئه‌ده‌بی‌ی جوانا ره‌خنه‌یان لی بگیری‌و چاو پوشی‌یان لی نه‌کری جاریکی تر کـه‌س شتی بی‌که‌لك و پرو پووچ بلاو ناکاته‌وه ، چونکه سپاس بو خوای مه‌زن که ئیستا له نه‌ته‌وه‌که‌مانا خوینده‌واری پی‌گه‌یشتووی تی‌گه‌یشتوو زور بووه ، وه زوریان لـه قوتابخانه به‌رزه‌کان‌و زانستگاکانی عیراقدا ، یـان لـــه زانستگاکانی ووڵاته پیشکه‌وتووه‌کانا خویندوویانه‌و خوینده‌وارییکی ته‌واویان هه‌یه ، جا ئیتر بوچی به‌وه رازی بین که هه‌ر که‌سیك شتیکی به‌کوردی نووسی یـا خراپ و ناریك و ناشیرینیش بی هه‌ر بلین چاکه‌و له‌به‌ر هاوری‌یه‌تی ، یا دوستایه‌تی ، یـا




دیمەنی شاری ( هەولیر ) لە کوردستانی عیراق

بنکەی ژین




دیمەنی ( خورمال ) لە کوردستانی عیراق

بنکەی ژین
www.zheen.org

خۆمایەتی ، وەیان لەبەر هویێکی تر چاوی لێ بپوشین ؟ وە نابێ خاوەن ڕۆژنامەو گوڤارە کوردیەکان لەم ڕووەوە سستی بنوێنن لەبەر هەندێك ئیعتیبارات هەرچیێکیان بۆ ئەچێ بڵاوی بکەنەوە ، وە گوێ نەدەنێ هەر بۆ ئەوەی لاپەرە پڕبکەنەوە ، چونکە ئەمە دوو شت ئەگەیێنێ ؛ یەکەم یا ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی نووسینی ئەو ڕۆژنامەو گوڤارانە ئەکەن بێ مادەی نووسینن‌و ئەیانەوێ هەر لاپەرە پڕ بکەنەوە : وە یا لە مادەی ئەو نووسینانە شارەزا نین کە بۆیان ئەچێ ، جا لە باری یەکەما ئەگەر هەر پڕکردنەوەی لاپەرە بێ ئەوا هیچ‌و پێویست بەوە ناکا قسە بکەن ، وە لەباری دووەما نەزانین شتێکی شوورەی نی‌یە بەڵکو نەپرسین شتێکی شوورەیییە .

بەوێنە : چەند هەفتەیێك لەمەوپێش ڕۆژنامەی ژینی خۆشەویست لەبارەی ئەو ڕەهێلەی باران‌و لافاوەوە کە لە کانی‌خان‌و کانی ساردا ڕووی داو گوایا دوو منال خنکا بوون لەسەرباسی ووتاری ئەو لافاوەدا نووسیبووی . « خنکاندنی دوو منال » جاری ئەو ڕستەیە هەڵەیە وە ئەبوایە بی‌نووسیایە خنکانی دوو منال ' وە ئەو کەسەی ئەو ووتارەی نووسیوە ، وا دیارە هێشتە نازانێ کە لە زمانی کوردیشا فیعلی لازم‌و متعدی هەیە ، وە نازانێ کە فیعلی متعدی پێویستی بە فاعیل‌و مەفعول هەیە ، جا نازانم لە ڕستەی « خنکاندنی دوو منال » دا فاعیل کی‌یە ؟ وە تکا لەنووسەران‌و هەڵسووڕێنەرانی ڕۆژنامەی ژین ئەکەم لەم ڕووەوە زۆر ئاگاداری نووسین‌و بڵاوکردنەوەی ووتار بکەن چونکە نووسین تەنیا ئەوە نی‌یە کاغەز ڕەش بکرێتەوەو قەواعیدی تیا نەبێ ' وەهیواشم وایە کە لێم دڵگیر نەبن چونکە ئەم جۆرە ڕەخنانە سوودی زمان‌و گەلی تیایە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاریزەر جەمال شالی

هەموو جۆرە داوایەك وەرئەگریت لە سلیمانی وە دەرەوەی

وە مەکتەبەکەی لە شەقامی سەیوانە لە بارەگای ڕۆژی نوی تەلەفون ٢٦٠

# لە هەر تەلـــە دەنگی

## [ پارە ]

* ڕووکەشی جوانی ژیان بە پارە ئەکرێت بەلام کاکلەکەی نا .

* پارە خواردنی بە تامو خوشی پی ئەکریت بەلام حەز لی‌کردنی خواردن نا

* دەرمان بە پارە ئەکریت بەلام تەندروستی نا .

* ژنی جوانت بە پارە بو دیت بەلام خوشەویستی‌ی ناتوانی پی بکریت .

* پارە ناسیاو پەیا ئەکا بەلام هاوڕیی گیانی بە گیانی نا .

* نوکەر بە پارە ڕائەگیری بـــەلام دلسوزیی پی پەیدا ناکری .

* پارە ڕابواردن پەیدا ئەکا بەلام هەرگیز ( کامەرانی ) بە پارە ناکرریت

## پیکەنین و گریان

* ئەو ڕوژەی تیا پی‌ناکەنی ڕوژیکی لە دەست چووە .

* پیکەنین هەتاویکە گولی ئارام ئەگەشینیتەوە

* پیکەنینی منال ئاوازیکە بو ئیمە هی لاو بو دوا ڕوژە بەلام هی پیر بە هیوای چەند سالیکی ترە بژی .

* ئەوی ئەگری پی ناکەنی .

* گریانی دلسوزی دل ئەشواتەوە

## وتەی بەنرخ

* پیر پیویستی بە دل نەرمی‌و تیشکی ڕوژە .

* ئەوی منالەکەی بە منالی جوان پەروەردە بکا بە گەورەیی دلی پی‌ی خوش ئەبی .

* کەس ڕووناکی‌ی ئەوەندەی کویر خوش ناویت .

* ئەوی زنجیرت لە پی ئەکا خوی داینامالی .

نیرەر [ پەشیو ]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## [دایکم]

دایکم نەبوایە من کارەبام بۆ نەئەدۆزرایەوە ، چونکە ئـەو بوو پـەروەردەی کردم بە تێکۆشـان و کوڵ نەدان و باوەڕ کردن بـە سەرکەوتن .

ئەدیسـون

## پێویستە بیزانی

ه ژمارەی کورد لە ١٥ ملیون زیاترە

ه کوردی کوردستانی تورکیا لـە کوردی شوێنەکانی تری کوردستان زیاترە

ه بەناوبانگترین شاری کوردستـان ئەمانەن : سـلیمانی ـ کەرکوك ـ کرماشان ـ مەهاباد ـ دەرسیم ـ دیاربەکر

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین

( یـەکـس )

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پی ئەکەنی

ئسکوتلەندی یەك نامەیەکی نارد بۆ گوڤارێك نووسیبووی بـەس باسـی پوولەکیێی ئسکوتلەندی بکەن ، وە ئاگادارتان ئەکەم ئەگەر بێتو جارێکی تر باسی پوولەکێتیمان بکەن ئیتر گوڤارەکەتان ناخوازم بۆ خوێندنەوە :

## پێکەنینەکەی

پێکەنینەکەی وەك بلوورو زیو لە گوێمدا زرنگەی دێ . . وەك مەشخەل یا بریسکەی زیرە لەبەر چاوم ، یـا وەك رووناکییەك وایـە کەلـە بڕ جەرگی تاریکی ئـەبڕی . پێکەنینەکەی وەك دەنگی شمشالە .

# جوگرافیای کوردستان

—١٢—

کەریم زەندی

## هەریمی خورهەلات :ـ

له دواوه ئەم ریزه بەرزایی‌یانه دابەش ئەبی له دریژەی کیوەکانی دالاهووه وه دەرئەکەوی که بەرەو باکور ئەکشی وه چەند گوزەرگەیەکی تیایه .

کیوی یەمو ، گوزەرگەکاني بەلای باکوری ئەم ری رەوەدا نزیکه له بەستەوه ، زور سەخت‌و دژواره ، بەلام له باشورەوه ری رەوەکه کراوەیه ئەچیته ناو دەشتی زەهاوەوه پیا رویشتنی ئاسانه .

لیرەدا بومان دەرئەکەوی که ٤٢ کم ی ریگەی پیادەو سوارەیه ، ئەم ناوچەیه سەرەرای ئەوەی که بەرووبومي ناوخویی کەمه ، ئاوو هەواکەشی زور بەده ، له ١٠ کم سەر پردی زەهاوەوه ریگەی ئەرابه له ریگەکه جیا ئەبیتەوه بو لای باکور به دەشتایی‌یەکی ریکا ئەروا .

دوای برینی ٨کم له روباری دلەشیر ئەپەریتەوه ٣ پردی بەردو تەختەی لەسەره .

ئەم دەشته وەکو ری‌رەوی وایه به بەرزایی شانشینی له خورهەلاتەوەو بەرزایی ئاسنگەران و تەنگەکان له خورئاواوه ئابلوقه دراوه ، پانی ئەم ری‌رەوه ١٥کم ئەبی .

١٢کم لەولای ئاوایی‌یەکانی زەهاوەوه چەند ئاوایی‌یەکی بچوکی لی‌یه له ٢٠کم‌دا ئاوایی بەرق‌و بارانه له قورگی تەنگی پیشکانه .

دوای ٢٢کم ئەگەیته بەرزایی چەرمی سواران به ناوەندی تەنگایی نیوانی چەرمی سواران‌و تەنگی پیشکانا ئەروا ، ئەم شیوه ( ٣٠٠ )م پانه .

www.zheen.org

دوای ٢٦کم بە نزیکی ئاوایی ترش ئەنیەدا تی ئەپەری کە سنوری خاکی زەهاو و سەرقەلایە .

لە ٤١کم‌دا ئەگانە ئاوایی باوەیس ، لە ماوەی رویشتنی بەریگەکەدا تووشی ئەم دیهاتانە ئەبی :

کلوم کبود (٢٠) مالە ، کلانە زەهاو (٣٥) مالە ، بەرق و باران (١٨) مالـە ، سەر قەلا (٦٠) مالە ، ئەزمکە (٣٠) مالە ، دار زەنگنەی سەرو و خواروو (٤٠) مالە ، سەدبین (٧٠) مالە ، خانە ئاشور (٤٥) مالە .

٣ ـ ریگەی قەسری شیرین و نەوت شادسومار ـ

لـە قەسری شیرینەوە ریگاکە بـە ناوەندی یەك ریزە تەپولکەی بەردەلانی بەرزو نزما تا ماوەی ١١کم ئەروا تا دووریانی گیلان دریژە ئەکیشی .

لەم جیگایەوە تا ٢٠کم‌ی ریگەکە لەم لاو لەو لای ریگەکە ریزە بەرزایی‌یەکی خاکی نەکووررو نەسەخت نەزور ناسـان ئەبینی دوای ئەمە بەدەشتایی‌یەکا ئەروا لای چەپی بەرزایی‌یەکانی ئیرانەو لای راسـتی دەشــــتایی‌یەکانی هەریمی خورئاوایە ، تەنها بەرزایی‌یەك ئەبینی ئەویش خاکی ئاق شاخەکە خەسرەوی‌یەی خورئاوای پالیوگای نەوتی عـــیراقی لی ئەبینری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم ریگایە ٧٢کم‌ە لەلایەن کومپانیای نەوتەوە کراوە ، لە هیندی جیگادا بەهوی لافاوەوە لە باتی پرد رووی ریگەکە کونـکریت کراوە قولی ٢٠ـ٥٠ م ئەبی ، وە پانی ( ٥٠ ـ ٢٠٠ ) م ئەبی ، لە ٤١کم‌ی ریگەکەدا نەوت‌شایە لە پردی تەنگە ئاو ئەپەریتەوە ، ئەم روبارە ئەرژینە ئەلوەندەوە لە نزیکی پردی ســەر روبارەکەوە کومپانیا پوست‌و تەلەفونی تیا داناوە .

چونیەتی ریگەی قەسری شیرین تا سومار ـ

ئەم ریگەیە ٩٢ کم‌ە کراوە بەدوو بەشەوە :

بەشی یەکەم ٧٢کم‌ە تا نەوتشا بەردریژ کراوە ، بەشـی دووەم ٢٠کم‌ە تـا سومار بەناو زەوی‌یەکی ساکارا ئەروا .

لە قەسری شیرینەوە تا نەوت‌خانە ریگەکە بە دامینی چەند بەرزایی‌یەکا ئەروا لە

هەر جێگایەك ناوێکی هەیە وەکو : بەندی باز درێژ ، بەرزایی چیا سوور :

ئاو ، ڕێگەکەی هەڵ دڕیوە لەبەر ئەوە چەند پردێك لەسەر ڕووی ئاوەکان دروست کراوە .

لە ١١کم‌دا ڕێگەی قەسری شیرین ـ گیلان لێ جیا ئەبێتەوە لە گەڵ شوێنی ڕێگەکە تووشـــی لوولەی نەوت ئەبێ ، هەروەها چەند ئاوایی‌یەکی بچوك ئەبێ ئیتر ئاوایی تر نسابینێ .

نەوت‌خانە بنگای کانی‌نەوتە لە کەناری ڕوباری نەوت‌خانەیە ڕێگایەکی قیرتاو بەرەو کانەکانی عیراق ئەڕوات .

ڕێگای نەوت خانەو سومار چونکە یەزەوی ساکارا ئەڕوات ، تەنها بۆ کاتی وشکایی دەست ئەدا ، کاتی باران هاتوو چووی زور دژوارە ، وە ئاوایی‌یەکی وای نایەتە بەر .

جێگەی سومار دەشتایی‌یەکی ڕێکە ڕوباری کەنگیر بە ناوەڕاستیا ئەڕوا ، چەند بەرزایی‌یەك ئاباوقەی ئەم دەشتەی داوە .

لە ناوەندی ئەم دەشـــتەدا تەپەیەکی گرنگ هـەیە ، چەند دێ‌یەکی تیایە لەناو دەشـــتەکەدا دانیشتوانی ٤٠٠ کەس زیاترە ، لەم ناوچەیەدا چەند هەڵویرگەیەکی سەخی تیایە ڕێگاکە گاهی سەرەو لێژو لارو سەرەو ژوور ئەی‌بڕی کە ڕوباری گیلان تەوبرگەیەی‌پەیدا کردوە لەنزیکی سنوور بەڕوباری هەلوان ئەگا .

٤ ڕێگەی کرماشا ـ خوڕەم‌ئاوا ـ ئەم ڕێگەیە ، ڕێگەی کرماشاو سنەیە وە بولای خوڕەم ئاوادا درێژ بونەوە ڕێگەیەکی گرنگە لە ڕووی سپایی‌و ئابووری یەوە .

٢٩ کم لەولا کرماشاوە بیستونە بولای باشوور لەبیستونەوە ڕێگەیەکی لێ ئەبێتەوە ٤ کم لەولا بیستونەوە بەســــەر پردی گاماسیابا ئەڕوا پردێکی قایم‌و گرنگە ، دوای ئەم پردە ڕێگاکە ئەچێتە ڕێ ڕەوێکی نیوە شاخاوی‌یەوە ، دوای ٣٣ کم ئەگاتە ئاوایی هەرسین .

هەرسین شاروچکەیەکی ئاواو سازگارو ئاودارە ، سەران سەری دارو دەرختە ئەم بەشە ٥٤ دێ‌یە ٧٠٠ کەس زیاتر ئەبێ ، ســالی ٤٠٠ بار گەنم‌و ٢٠٠ بار جوی لەخو زیادە بە مەرداری‌یەوە خەریکن ، ٩٠٠ سەر مەڕو (٢) هەزار گا ، ٢١٠٠ مانگا

٨٥٠٠ سەر بزنیان هەیە

دوای هەرسـین ئەگەیتە ری‌رەوێکی شاخاوی کەم‌پان دوای ٣١ کم ئەگەیتە گەردنی کشوەر شوێنی دابەشی کردنی ئاوە .

دوای گەردنەی کشوەر نزیك ئەبیتەوە لە ٥٠ کمی ریگەکە ئەگەیتە ناوچەیەکی سەخت لای چەپی‌یەوە بەرزایی کرون‌و گەردنی دولیسکان ئەبینی ، بەرزایی جوی‌و تیکەل کە چەند گوزەرگەیەکی تیایە بولای سەرکەشتی کەنگاوەرو ناوچەی دلفان تا ١٠٣ کمی رنگەی‌کە ئینجا ئەگەیتە دەشـتی باناوەرو بنەی دلفان ، زەوی‌یەکانی تەپو لکەی‌یە بەروپشتی ئاوای دلفان باخە ، دوای برینی ماوەیەك دەشتی دلفان کوتایی دی بەتەنگی فەیروزئاوادا ئەروا ئەچیتە دەشتی سلسلە ئەم تەنگە پانی‌کەمە بەلام دیواری بەردی هەیە ، دوای ئەوەی لە پردیکی تەختەوە تی پەرئەبی دوو ئاو بولای گەردنەکە لە جنگەوە دی ،

لـە ١٢٥ کمدا گەردنە بەجی ئەهیلی لە پردی کاکەرەزا ئەپەریتەوە ئیتر ئاوەکانی ناوچەی لورستان‌و هەرویە .

لە ١٣٤ کمدا ئەچیتە ناوچەیەکی جەنگەلی‌یەوە لە گەردنەی ئەیواندەر نوختەیەکی بەرز چاو ئەندازیـکی فراوان‌و فەرمان‌رەوا بەسەر خورەم‌ئاواداو بەروپشتی یا تا ١٤٢ کم ئەچیتە دەشتی خورەم ئاوا ، لە ١٦٦ کمدا لە پردی روباری خورەم ئاوا ئەپەریتەوە ئەگەیتە شاری خورەم ئاوا ،

www.zheen.org


روژی نوی

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

خاوەن‌و بەرریوەبەری لی‌پرسراوی : پاریزەر جەمال‌حاجی‌ئەقی‌شالی

سەرنووسەر : کامەران .

ناوونیشان : سلیمانی ـ شەقامی سەیوان ـ روژی نوی ـ جەمال‌شالی

# بو جوانیکی کلول

« مەدهوش »

ئەی تاقە شوخی بیکەس و لانە
بەرچەپوك کەوتووی دەستی زەمانە
تەنیا پەپوولەی هیلاکی بارەش
زەرد هەل‌گەرراوی رووخوشی چاوگەش
روومەت بە توزی مەینەت تەماوی
دل بریندار ی چاو فرمیسکاوی
شیوەی ژیانت وەکو ئاوینە
لە رووتا دیارە بووە بە وینە
نازانی چی‌بکەی کەوا داماوی
هەرچەند کە ژیری بەلام ترساوی
ئەچیتە سایەی گەلای هەرداری
ئەبی‌یە نیشانەی جورە پلاری
دلسوزی نی‌یە کە هاودەمت بی
لەم گیژاوەدا یاری خەمت بی
ئیستە ئەتەوی بحەسییتەوە
توزی پشوو بەی بگەشییتەوە
ئەو ئاواتانەی پەروەردەت کردوون
لە گوشەی دلتا جیگەت بو گرتوون
بیوژینەوە هەر وەکو جاران
بگەیتەوە ناو کاروانی یاران
منیش یەکیکم لەو هاورری‌یانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

که گەردوونی بەد ، قینی لی‌یانه
تائیستا هەرچەند هەنگاوم ناوه
دەستی روزگار هیناومیه دواوه
ئیجگار زەبوون‌و بی هیزو دەستم
توخوا بی دەستت بخه ناو دەستم
ئەم بەینه ببین به هاورریي گیانی
هاندەری یەك بین بو کامەرانی
هەتا ئامانجی دل دەسگیر ئەبی
هیچ نەبی دلمان لای یەك ژیر ئەبی

---

## منال

### هەندیك کەس :-

- که منال درو ئەکا لی‌ی توورره ئەبن کەچی خویان دروزنن
- که منال شتی ئەشکینی پیاپا ئەکیشن کەچي گەوره ئەك شت دلان ئەشکینی .
- لەسەر ئەوه له منال توورره ئەبن که زیانیکی بچووك بدا یان پیالەیەك چا برریژی بەلام گوی نادەنه ئەوەی که ئەخوینی .
- ئەگەر منال شتیکی نەزانی پیا هەل ئەشاخین وەك نەزانن خوشیان منال بوون

---

## کامەرانی

- ئەوی ئیشیك بکا به دلی خوی ، تا لەو ئیشەدا سەری قالتر بی دلی خوشترئەبي.
- وەکو ( دیڤد . ه . فند ) ی دکتوری دەروونی ئەلی تیکررا ژن شادترن له پیاو وه زووترو ئاسانتر شاد ئەبن .
- ئەوی زور زیرەك بی دلی کەم خوش ئەبی .
- ئەوی یاری‌و وەرزش بکا وه له جل لەبەرکردنا ریك‌و پیك‌و پاك‌و تەمیز بی دلی خوش ئەبی ،



www.zheen.org

## کورد لای بیگانه

# کورد

[ له سالی ١٩١٩دا ]

میجەر نوئیل کە یەکێ بوو لە دپلوماسی‌یە شارەزاکانی ئینگلیز وە کاروبارو شارەزایەتی بریتی بوو لە لێدووان و لێکولینەوەی مەسەلەی کورد ، وە گەلیك شوێنی کوردستان گەرراوە و سەردەمیکیش کاربەدەست بووە لە شاری سلیمانی‌دا ، لە روژی ١٨ ی تەمووزی ١٩١٩ دا لە ئەستەموول راپورتیکی دەربارەی کورد نووسیوە بو لەندەن لەم راپورتەدا میجەر نوئیل گەلیك رووی مەسەلەی کوردی بە پێی بیروباوەررو فەرمانبەریتی‌ی خوی دەرخستووە ، وا ئیمەش کورتەی بەشیك لەو راپورتەتان پیشکەش ئەکەین وەك باری سەرنجی بیگانەیەك دەربارەی نەتەوەکەمان .

ه بە روونی دەرکەوتووە بو میژوونووسان و روژهەلات ناسان کە نەتەوەی کورد ، نە لە نەتەوەی عەرەبە وە نە فارس وە نەتورك وە نە ئەرمەنی . کورد نەتەوەیەکی ئاری‌یە ، وە ئەوی توسقالیك لە میژوو شارەزا بی ئەزانی کەوا ئەم کوردانە نەوەی ئەو قارەمانانەن کە بەرەنگاری لەشکری ( زینەفون )ی یونانی بوونەوە وە ئەو لەشکرە گەورەیەیان شکان کە نزیکەی ١٠ هەزار شەررکەری یونانی ئەبوون .

کوردەکان لەم شەررەدا بەقوچەقانی‌ی گەورەو بەررم‌و شیری قورس شەرریان ئەکرد . وە هەتاوەکو ئەلین کەوا سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکدونی بەسەر دارای پاشای فارسدا بەهوی بەکار هینانی ئەو چەشنە چەکانەوە بوو کە ئەم یونانی‌یانە لە کوردەوە فیر بوون دروستی بکەن بە تایبەتی قوچەقانی .

( زینەفون ) ی سەرکردەی لەشکری یونان لە یادداشتی خوی‌دا دان بە ئازایەتی‌ی کوردا ، وە بەشکانی لەشکرەکەی خویدا ئەنی وەناوی کورد بە ( کوردوان ) ئەهینی .

زینەفون چوار چەرخ پیش حەزرەتی عیسا چووە بەگژ کوردا وە ئەو کاتە کورد ناوی ( کوردوان ) بووە کە جیاوازی لە بەینی ئەم دوو وشەیەدا زور کەمە ،. لەگەل

بوونی ئەم بەلگەیەشا لە رووی ووشەوە ، وە لەگەل بوونی گەلیك بەلگەی تریشــدا دەربارەی ئەوەی کە کورد نەتەوەیەکی کونە ، کاچی تورك هەر ئەلی ئەمانە تورکن بی‌گومان ئەم وتەیەی تورکەکان بوختانیکی میژوویی‌یە چونکە کاتی کە زینەفونی یونانی هاتووەتە کوردستانەوە تورك لەم روژهەلاتی ناوەراستەدا هەر نەبووە .

ە نەتەوەی کورد لە چەرخەکانی کون‌و ناوەرراستدا هەر لە کوردستانا بووەو وە گەلیك دەولەتی بزورگی دروست کردووە . ئەگەرچی لەم چەرخانەی دواییدا لەژیر دەستی دەولەتی فارس و عوسمانی‌دا بووە بەلام لەگەل ئەوەشدا هەر بەناو وابووە وە هەمیشە شازادەنشینی خوی گەلیك جار هەبووە وە لەشکرو چەکی خوی بووە ، وە تا رادەیەك لە چەك دروست کردنا دەست روشتوو بوون والی‌ی مووصل (عوسمانی) داوای لە شازادەی رەواندز کردووە کە چەخماخسازی بو بنیری بو ئەوەی توپی بو دروست بکەن

وە شازادە بابانەکانیش پیشەوەری شارەزایان بووە کە تفەنگ‌و توپ‌و تەقەمەنی‌یان دروست کردووە .

ە کوردەکان هەستی نەتەوایەتی‌یان بەهیزە وە هەمیشە ئارەزوومەندی ئەوەن کە لە سایەی دەولەتیکی کوردیی سەربەخودا بژین ، لەبەر ئەوە گەلیك جار دژی عوسمانی‌و دەولەتی فارس شوررشـــیان بەرپا کردووە وەهەرچەند شوررشیکیان کوژینرابیتەوە شوررشیکی تریان هەلگیرساندووە .

محمد پاشای رەواندزی لە سالی ١٨٣٤ ی زایینی‌دا شوررشیکی ســـەختی دژی عوسمانی‌یەکان بەرپا کرد ، بەلام بەهوی ئەوەوە کە عوسمانی‌یەکان پەنایان بردە بەر بەکار هینانی دین وەك چەکیك ئەم شوررشە دامرکینرایەوە . وە لە سالی ١٨٤٣دا احمد پاشای بابان ( شازادەی سلیمانی ) شوررشی دژی تورك بەرپا کرد . وە لە سـالی ١٨٤٧دا شازادە بەدرخان بە لەشـکریکی ریك‌و پیکەوە کەوتە شـــەررەوە لەگەل عوسمانیدا ، ئەم شوررشەش ئەگەرچی لە گەلیك لاوە سەرکەوت بەلام لە ئەنجاما هـەر بەهوی پروپاگەندەی دینی‌یەوە ژیر کەوت . لە سـالی ١٨٧٦دا شیخ عبدالله بە



بنکەی ژین
www.zheen.org

هێزیکی گەورەوە چوو بەگژ ( عەجەمدا ) وە توانیی لەشکری عەجەم بە تەواوی بشکینی بەلام ریككەوتنی تورکو عەجەم وە پەلاماردانی هەردوووکیان بوو بەهووی ژیرکەوتنی ئەم شوورشەش، چونکە لەشکری ئەم دوودەولەتە زور زورتر بوو لە لەشکری کورد ، وە لە سالی ١٩١٤دا شوورشیك لە بتلیس بەرپاکرا .

ئەم شوورشانە تیکرا ، چ لە باکووری کوردستانا بەرپاکرابی چ لە باشووریا هەمووی یەك ئاماجی بووە کە ئەویش سەربەخوی‌و ئازادی کوردو کوردستانە .

تورکەکان‌و فارسەکان هەمیشە ئەم شوورشانەی کوردیان بە سی چەشن داوەتە قەلەم ،

یەك : کونەپەرستی . . . دوو : دینی سی : بەپیلانی بیگانە .

بەلام ئەپرسین ئایا کوردو تورکو فارس هەموو هەر ئیسلام نین ؟

کەواتە بوچی دین بیت بەهوی شوورش ؟! کورد هیچ ناکوکی‌یەکی دینیی لەگەل تورکو فارسدانی‌یە تا دین بیت بەهوی ئەوەی شوورش بەرپا بکات .

وە هەروەها تورکو فارس وەنەبی لە کورد پیشکەوتەتر و خویندەوارتر بن تا کورد شوورشەکانی هەولیك بی بو کونەپەرستیی ، ئایا کوردەکان لە ئەشکەوتا ئەژین‌و بەلام تورکو فارس لە شارا ؟ ! نە . . . کورد لە تورکو فارس گەلیك ئامادەترە بو شارستانیتی . . . وە قوتابخانەی ئەهلی لە کوردستانا گەلیك لەهی تورکو فارس زورترە .

بەلام لەو رووەوە کە ئەلین کورد بە هاندان‌و پیلانی بیگانە شوورش ئەکا ئەلیم ( ئایا دەولەتیك کە بەرژەوەندی خوی لەگەل حکومەتیکا مسوگەر کردبیت ئیتر چ پیویستیکی بەو سەریەشەیە هەیە ؟ ! ) هەمووکەس ئەزانی‌کە بە هیچ جوریك بیگانە کوردی هان نەداوە بو شوورش بەلکو بە پیچەوانەی ئەوەوە ، زور لە سەرکردە کوردەکان لومەی منیان کرد لەوەدا کە ئیمە گویمان نەداوەتە مەسەلەی کورد وە لایەنمان نەگرتوون .

---

ئەم زانیاریانە لە پەرراوە دەست خەتەکەی ماموستا ( احمد فخری أمین )ە وە ، وەرگیراوە .

# مناڵەکەت گرروزە؟

منال کە زور ئەگریو وررك ئەگری ، وەیان نان ناخواو کەم ئەنوی تەنیا هوی ئەوە نی‌یە کە شوینیکی بیەشیو نەخوشی‌یەکی هەبیت بەلکو لە زور کاتا هوی ئەم شتانە نەخوشی‌ی دەروونی‌یە .

## نان نەخواردن



جاری وا هەیە منال نان ناخوا ، تا وای لی دیت لە ئەنجامی کەم خوریدا لاواز ئەبی‌و رەنگی هەڵئەبزرکی ، وە کەسووکاری ئەو منالە شپرزە ئەبن‌و پەنا ئەبەنە بەر دکتور ، دکتوریش کە لی‌ی ورد ئەبیتەوە بوی دەرئەکەوی کە هیچ نەخەشی‌یەکی نی‌یە . لەبەر ئەوە تەنیا ڤیتامینی ئەداتی وە بەکەسوکاری رائەگەیەنی کەوا ئەو جورە خواردنانەی بدەنی کە زوری حەز لی ئەکا . کەچی لەگەل ئەوەشا ئەو منالە هەر بەشیوەیەکی ئاسایی ناخوا . ئنجا بەمەدا دەرئەکەوی کە ئەو منالە چەند هویەکی دەروونی هەیە کەوای لی کردووە زور ئارەزووی خواردن نەکا وە رەنگە لە هەندیك کاتا شتیکی پیس کە ئەو منالە دیبیتی بوو بی بەهوی ئەوەی بەو جورە دلی گیرابی وە یاخود تووررە بوونی دایك و باوكو قررە قرر کردنی ناو مال ئەمەندە پەستی کردبی کە نانی پی نەخوری ، وە هەروەها تا زیاتر زور لەو منالە بکری کە نان بخوا زیاتر نان خواردنی بەلاوە شتیکی ستەم ئەبی وە لی‌ی ئەسلەمیتەوە ، خو ئەگەر دەمی دابپچرینن‌و بیانەوی بەزور خواردنی بکەن بەدەمەوە ئەوا ئەو منالە ئیجگارەکی

www.zheen.org

ئەبیو وە نان خواردنی لەبەر چاو ئەکەوی چونکە منال تا بتەوی بەسەریا زال بی ئەو یاخی تر ئەبی لەبەر ئەوە ئاموژگاریی دایکان ئەکەین کەوا نەرمونیان بن لەگەل منالەکانیانا ، وە ئەگەر منالیك نانی نەخوارد لی‌ی گەررین تا تەواو برسی‌ی ئەبی وە خوی بە ناچاری یا داوا ئەکا وەیان ئەگەرری بەدوای خواردنا .

## کەم خەوی‌و گرروزی

منال زوری بەوە گرروز ئەبی کە بەرەنگاری ئارەزووی بیتەوەو لی‌ی توورره بیت‌و بیایابکیشی ، بەلام هی وا هەیە ئەلی « باشە چون بەرەنگاری ئارەزووی منال نەبینەوە ، چون ریگەی بدەین هەموو شتیك بکا ؟ منالی وا هەیە حەز بە ئاگربازی ئەکا چون ریگەی بدری ؟ بەلی ئەتوانری منال بەجوریکی ئەوتو نەرم‌و نیان لەو رەفتارانە دوور بخریتەوە کە زەرەرمەندن کە منالەکە هیچ هەست بەوە نەکا زولمی لی ئەکری .

وە هەروەها کەم خەویش لە زور کاتا هوی دەروونی هەیە . ئەو منالە یان ترساوە ، وەیان شەو کە زوو نانوی چاوەرریی باوکی ئەکا بیتەوە ، وە یان نیوەررو نانوی چونکە ئەیەوی لەگەل دایك و باوکیا دانیشی میوە بخوا ، وە یان خواردنی تر ، بەلام خوی ناتوانی ئەم بەهانیانەی دەروونی دەرخا ، وە کە لەم کاتانەشا نەنوست ئنجا وردە وردە وا رادیت کە لەو کاتانەدا نەنوی‌و وەرادیت کە کەم بنوی .

بەلام پەنجە مژینی منال تەنیا چەشنە رابواردنیکە ، ئنجا کە منال تەمەنی گەیشتە ٢ سال وە هەر خەریکی پەنجە مژین بوو ، وا چاکە شتی وای بو دانین کە پی‌ی رابویری تا پەنجە مژینی لەبیر بچیتەوە .

دایکینە : پەروەردە کردنی منال بەجوانی‌و لەسەر ری‌و شوینیکی راست خزمەتیکی گەورەیە پیشکەش بەدوا روژی نەتەوەکەتانی ئەکەن .

منالی باش پەروەردە کراو پیاوی چاکی دوا روژە .

## بیرو باوەرری سەربەخو

# ★ خوشەویستی

« روژ »

خوشەویستی دلیکە ، فراوانو پرر لە ئارەزوو ئاواتی خوشیی ژیان .

لە قوولای دەرروونی مروڤا پەیدا ئەبیتو لە ناو پرشنگی بیلبیلەدا دەرئەکەویو ئەکەویتە پریشـك هاویشتن ، مروڤ بەهوی خوشەویستییەوە ئاسوی ژیانی لەبەرچاو فراوان ئەبیو ئەستیرەی کامەراني ئەدرەوشـــیتەوەو دلی بەهیز ئەبیو باووړری پتەو ، خوشەویســــتی پیاو ئەکا بە پیاویکی کارامەو پاكو خزمەتگوزار وە هەمیشە مروڤ لە دوو دلیو نائومیدی دوور ئەخاتەوە .

هەر کاتی خوشەویستی لە ناو کومەلدا بلاو بووەوە ، هەموو بە شادیو دلخوشی ئەژین وە ئەبنە کانگای هیزو تەوانا ، وە وەکو شـــانەیهەنگ ولات پرر ئەبی لە شیرینیی ژیان وە یارمەتی یەکتریدان بنج دائەکوتيو ریگەی پیشـکەوتن رووناکتر ئەبیتەوەو بە جاریك رووناکي باوەش بە ژیانا ئەکا .

نکەی ژین
www.zheen.org

## بیباری

ماوەیەکی دوورو دریژ بوو چاوی دلنیاییم دەوبارەی بیباری لیك نابوو پشتینم لی گردبووەوە ، تا لەم شەوانەدا لەپرر یادی کون وروژمی بردە سەر دەروونو دلمو کەوتمە لیك دانەوەوە ، بە بیرما هات کـە چون خەلکی شارەکەمان باسی نیشتمان پەروەرییان ئەکرد ، وە ناوی بووبووە ویردی سەر زمانی پیروو جوان ، ئەو سالانەم بیرکەوتەوە کە تازە دەستم دابووە فرمان بو پەیاکردنی نانیك ، وە لیم ئاشکرا بوو ئەو کەسەی بیتە ناو کوړری کوردایەتییەوە سوود بە نەتەوەکەشي ئەبەخشيو خوشی بە سەربەرزییەوە ئەژیو ئەمری ، ئەوی کە شارەکەمان باسی نیشتمان پەروەریی ئەکرد لەگەل چەند زرتەبوزیکی تری لەرەنگي خوی [ روشن بیر !!! ] دەستیان بەســـەر

کارا گرتبوو ، نە سوودیان بە نەتەوە ئەبەخشی نە بە سەربەرزی خویان تەنیا خوویان دابووە « ورگ ! »

دوای ماوەیەك کە ئەستێرەی ئەوانە کشاو ناویان کە بووبووە ویردی سەر زمان کوژایەوە ئەستێرەی چەند کەسیکی تر هەلهات‌و کەوتە درەوشانەوە دنیا گوورراو ژیان بە جوریکی تر ریگای گرتە بەر ، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە زور شت روون بووەوە ، نەتەوەش ریگەی راستی خەباتی گرتە بەر .

بەلام نەە ٠ ٠ ٠ هیشتا بی‌باری وەك کابرا ماوە ، چونکە خو خەریك کردن بە رابوردن‌و ماندووحەسانەوە گەلیك کاری نابەجی بە پیاو ئەکا ، بەلی رابواردن‌و ماندوحەسانەوە لە کاتیکا کە تو کاری سەختت پی سپێردراوە ، مانای بی‌باری‌یەوە تەنیا بی‌باری ٠

## ( کچ )

کچ لە ناو کومەلدا بەرریزو بایەخدارە ، وە شایەنی شانازی‌و سەربەرزی‌یەو شیرازەی خوشی‌و کامەرانی‌یە ٠

کچ جوانی‌یەکی بەهرەدارو سەنگینەو بە گرانبەهایی سەیر ئەکری‌و دل نەوایی ئەکری وە وەك گولیکی نازدارو بون خوشە ٠

کچ بەهرەیەو ئاواتەو خوشەویستی‌ی ژیان ٠

کچی ئەمرو لەگەل پیاوا شان بە شان لە تیکوشانایە ٠

**بەلام : -**

نابی کچ بەرامبەر بەو هەموو ریزگرتنە ، بەرزی‌و سەربەرزی تەنیا بو خوی بویت نابی خوپەرست‌بی‌و نیشتمان پەروەریی بو سەر کەوتنی خوی‌بی ٠

کچ چەند ریزی ئەگیری‌و نرخی هەیە ئەبی ئەویش ئەوەندە ریزی کومەل بگری‌و نرخی بداتی ٠

پیویستە کچ چەند سەربەستی‌ی هەیە ئەوەندەش هەول بدات کە ئەو سەربەستی‌یەی لەگەل جوری ژیانی کومەلدا بگونجینی ٠

نیگەی ژین www.zheen.org

# هونەری بەرز

هاری



پیغەمبەر ( داوود )

دەستکردی
میخائیل ئینجیلو



پەیکەری ( بیتا ) دەستکردی ئینجیلو

# لە هونراوەی کامەران

لە گەرووی شەوا ، لە کوردستانا
هەزاران مۆمم داگیرسانەوە
تو لە پێناوی زێررو سامانا
مۆمی هەژارت زور کوژانەوە
بویە دلی تو شادیی نەدیوە
بەلام من خوشی دلمی تەنیوە

کاتێ دیم ئەسرین لە تەختی رووتا
وەك پشکوی گەشی ئاگر ئەسووتا
هەزاران مەشخەل لە دلما رووا
دوا پەردەی سامی بەرچاوم پووا
دایە گیان مەگری « ئەو چەکەم بەری »
( سنگم یا ـ گوللە ـ یا ـ ئالا ـ ئەگری )

کەی گەردەلوولی سوارەی ئازای کورد
لەم کەژانەدا بە تاو هەلی کرد
خونچەی ئارامم ئەگەشێتەوە
ئالای شادیی دل ئەشنێتەوە
هاوڕێم : هەر کاتێ لە لوتکەی چیا :
مردم ئەوساکە پێم بلێن ژیا

# کومەڵی [ هەرەوەز ] چی‌یە؟

عبداللە شـــالی

لە ئینگلیزی‌یەوە

« هەرەوەز » بریتی‌یە لە کومەڵی مروڤ کە یارمەتی یەکتر بدەن بو پیك هینانی بەرو بووم لە پیناوی گشتیان‌دا بەتیکوشان‌و هەوڵدان کە بەیەکەوە بەشداری قانزاج و یا زەرەر بن، لەبەر ئەوە بەهەرەوەز ئەوتریت، « جوڵانەوەیەکە لەگەڵەوە بو گەل ».

بو یەکەم جار هەرەوەز لە دەوڵەتە روژ ئاوایی‌یەکاندا دەستی پی کرد دژی تەنگ‌و چەڵەمەیەکی ئابووری کە کەس تا ئیستا بوی نەزانراوە چون ئەمەندە نەبیت کە لە ناوچەی « راین » دا کابرایەك کە ناوی « ریفزن » بووە بیری لەوە کردووتەوە کە کومەلیك هەبیت لەناو دیهاتەکاندا بو چارە سەر کردنی هەموو تەنگ‌و چەڵەمەیەکی ئابووری و پاشەکەوت کردن لەناو خویاندا لە دوایی‌دا ئەم جوڵانەوەیە بلاو بووەوە بەناو وولاتەکانی تری جیهاندا لە ئەوروپادا بەباشـــی وە لـە وولاتەکانی دەرەوەی ئەوروپادا بەکەم و کوری .

ئەو کەسانەی کە لەم کومەڵی هەرەوەزەدا بەشدارن هەموو بەچاویك سەیر ئەکرین واتە هەر یەکە بەئارەزووی خوی بەشدار بووە وە هەموو مافیك و پیویستی‌یەکی لەسەر هەبیت وەکو یەك جی بەجی‌ی ئەکات بو پیك هینانی قانزاجی ( مادی‌و ادبی ) .

کومەڵی هەرەوەزی لە جیهاندا دابەش ئەکری بەم جورانەی خوارەوە :

١ ـ کومـەڵی هەرەوەز بو پـەیدا کـردنی « خواردەمەنی ، بـەرگ ، وەهەمو پیویستی‌یەکی ناومال » بو ئەندامەکانی کە لە ناو شاردا ئەژیـن .

٢ ـ کومەلی هەرەوەزی بو پەیدا کردنی خانوو یا بەدروست کردن لە دوایدا ئەیدا بە ئەندامەکانی بەکری‌یەکی هەرزان وە یا بەدابەش کردنی پارە بەسەر ئەندامەکانی‌دا بو ماوەیەکی زور بەدەستیاو لە ناو شاردا .

٣ ـ کومەلی هەرەوەز بو یارمەتی ئەو کەسانە کە پارەیان ئەویت بو کرینی شتومەکی کشت‌وکال و پیشەسازی و هونەرمەندی . . هتد .

٤ ـ کومەلی هەرەوەزی کشت‌وکال بو کرینی تراکتور و دەرمانی چاك کردنی کشت‌وکال‌و ئاودان و دابەش کردنی بەسەر ئەندامەکانیدا لە گوندەکاندا

بو ئەوە بزانین ئایا ئەم جورە کومەلی هەرەوەزی‌یە سوودی هەیە بو ئەندامەکانی یا نە تەماشا ئەکەین ئەم جوولانەوەیە لە هەموو وولاتەکانی جیهاندا پەرەی سەندووە بلاو بووەتەوە ئەگەر هەموویان بژمیرین سەیر ئەکەین کە لە ملیون تی‌پەر بووە ، یا وولاتیکی وەکو « ئایسلندە » بگرین کە وولاتیکی دوورە و ساردە و ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە ( ٢٥٠ ) هەزار ، ٣١ر٣٧٣ ئەندام بەشدار بو لە (٥٥) کومەلی هەرەوەزیدا لەسالی ١٩٥٣ دا . تەمانە ئیستا هەمو کشت‌وکال و بازرگانی‌یەکی ئەم جیگایەیان خستوەتە ژیر دەستی خویان بو سوودی ئەندامەکانی ، لە وولاتی سیلان ( ١/٣ ) دانیشتوانی لە کومەلی هەرەوەزدا بەشدارن . لە دانمارك ( ٠/٠٤٠ ) خواردەمەنی کومەل پەیدا ئەکەن . لە بەریتانیا ( ١/٤ ) خواردەمەنی دانیشتوانی شارەکان کومەل دابەشی ئەکات‌و ئیستا (١٠ر٨٠٠ر٠٠٠) ئەندام هەیە (١٥٠) کارگەیان هەیە بیجگە لە دروست کردنی خواردەمەنی و جل و بەرگ و ئوتومویل‌و مەکینەی کشت‌وکال کە پتر لە ( ٣٥٠ر٠٠٠ ) ئەندام ئیشی تیدا ئەکەن .

لە لایەکی ترەوە کومەل هەول ئەدات بو فروشتنی بەرو بوومی خوی لەدوورو لە نزیك . با سەیری رادەی فروشتنی گەنم بکەین لە ( ٠/٠ ) دا بزانین کومەلی هەرەوەز چی کردووە : لە سوید ٣٠ ، لە وولاتە یەك‌گرتوەکانی ئەمەریکا ٣٥ ، لە کەنەدا ٤٥ لە جزائیر ٥٤ لە ئەوسترالیا ٦٧ و ٨٢ لە فەرەنسەدا . بو فروشتنی شیرو پەنیر و ماست و هیلکە و مریشك و گوشت ٦٠ لە فلندە ، ١٠٠ لە نەرویج ،

له ٦٠ــ١٠٠ لەم جیگایانەی خوارەوە : هولەندە ، ئەوسترالیا ، دانیمارك ، نیوزیلەندە، پولونیا ، نەرویج . هتد .

وەکو بومان دەرکەوت گەلی کومەلی هەرەوەز هەیە کە هەر یەکە هەل ئەسیت بەجورە ئیشیك ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم کومەلانە ئەتوانن لـە ناو خویاندا ریك بکەون و یارمەتی یەکتر بدەن هەروەکو لەسویسرە هەیە کە کومەل شتی ئەندامەکانی ئەفروشیت وە پیویستیشی جی بەجی ئەکات و بوی ئەکریت و دووبارە چی ناومالی بویت ئەیداتی بەلام ئەمانە هەمووی بو سوودی ئەندامەکانە . هەروەها دروست کردنی نەخوش‌خانەو چارە کردنی ئەندامی نەخوش و دروست کردنی قوتابخانەو پی‌گەیاندنی منالی ئەندام هەمووی جی بەجی ئەکریت لەسەر ئەو قانزاجەی کە کومەلی هەرەوەز ئەیکات لە کاروباری خویدا .

## کی توی پی‌گەیاند ؟

ــ: خوم !

ــ: چون ؟

ــ: لەو کاتەوە کە هەست بەچاکەو خراپە ئەکەم هەر چاکەیەکم لەمو لەو دیبی منیش هەولم داوە بیکەم وە هەر خراپەیەکم لی دیبن لە کردنی دوور کەوتوومەتەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ( دوا پیشمەرگە )

( ڤارتو )

تینوتیی وەك دروك گەرووی سەربازەکانی ئاخنیبوو . . .

کەس نەیئەویرا توخنی کانی‌یەکە ، کەوی کە لە سیبەری دار بەررویەکا ئەدرەوشایەوە .

سام لە چاوا مەلاس بووبوو ، لەرزین لە مەچەكو بازوو ئالابوو سەربازەکان بەمیخی سام بە تەختی پشتی سەنگەرا داکوترابوون خشەی گەلاش هەناوی ئەهینایە لەرزین‌و ئاگری ترسی لە درەختی دل بەرئەدا ، هەنگی ری لی وون‌بوو پەنجەی سەر پیلکەی تفەنگی ئەهینایە لەرزین .

لەپرر سەربازیك ئەیزریکان . . ئاو ، ئاو . . . بە سکەخشکی ئەکشا بەرەو کانی‌یە ساردەکە ، بەلام لە دووەم قوما خوینی تیکەل ئەبوو بەو ئاوە روونەو لیلی ئەکرد .

سەربازەکان لەبەر خویانەوە لەگەل جیرکردنەوەی دانی قینا ئەیانوت بوچی تینوو ئەکوژن ! بو نایەلن قومیك ئاوبخوینەوە . . ! ! بوچي توسقالیك بەزەیی لە دلیانا نی‌یە ؟ !

بالندەش نابی راوچی‌ی دل نەرم لە کاتی ئاوخواردنەوەدا بیکوژی . . !!

ئەری کوردینە ئیوە بوچی ئەوەندە دل رەقن ! !

سەربازە تورکەکان راستیان ئەکرد وەك ئەو کوردە دل رەقانە نەبوون ئەمان تەنیا سکی ژنە کوردیان هەل ئەدرری‌و منالیان ئەکرد بەسەر سونیا ، ئەمان هەرگیز کوردیکیان لە کاتی ئاوخواردنەوەدا نەئەکوشت بەلکو پیش ئەوە .

چەپەی بەرەبەیان کوتایی هات ، تیشکی خور خوی لە ئاوقەیی کەژەکان سوو . . . درەختەکەی سەر کانی‌یەکە درایە بەر لیزمەی گوللە .

سەربازەکان کە لە سونی وەشانا ئەیانوت چوستو کارامەن ، لە چیشتەنگاویشا نەیانئەویرا بیزوون . وا دیاربوو ئەیانزانی کە منال‌و ژن لەو ناوەدانی‌یە تا سونی وە شانی خویان دەرخەن سنگی پیاوە کەژی‌یەکان سەختە ، سونی باش نایبرری !! وەك سنگی ئافرەتو منال ناسکولە نی‌یە . . .

لەنیوەرۆدا کە دلنیابوون لەوەی هیچ شورشگیریك لەو شوینەدا نی‌یە ، وە

کشاونەتەوە بو دوور ، لە پرر هیرشـــیان بردە سەر گوندەکە . . . بەلام کە نزیك گوند بوونەوە لە کەژەکانەوە درانە بەر گوللە ٠

لەشـــکری هەلـمەتبەر کشـایەوە ، دووبارە سـەربازەکان خویان کوتایەوە شسوینەکەی خویان ٠ ٠ ٠ کانی‌یەکە هەر لە درەوشانەوەدا بوو تینویتی وەك کیویك لە بەردەمیانا قوت بووەوە . . .

کرریوەی نائومیدیکانی‌ی فرمیسکی گەلیکیانی تەقان . .

بەلام چی لە فرمیسك پکەن سویرە . هەرچەند زمانیشی لی‌دەن تینویتی‌یان پی‌ی ناشکی .

لە دەمەدەمی ئیوارەدا لەشکریکی تر هات بە فریای لەشکری بە زیوەوە ٠

هیرش برایەوە ، گوندەکە درایە بەر توپ ، بەلام ئەم جارە تەقەی شوررشگیررەکان نەما ، تومەس کشـاونەتەوە ٠ ٠ ٠ لەشـکر خوی کرد بە گوندی ئاگر تی بەربوودا گوندە بیسـت مالەکە لە قرچەی داروبەردووی سـووتاوو گرمەی تەپیی زوور بەولاوە هیچ دەنگیکی تری لیوە نەئەهات ٠ ٠ ٠

دوای تاویك لـەپرر ســـەربازیك لەنزیك کلپەی ئاگریکەوە زریکانی‌و ( زرم ) گوللەیەکی نا بە بەرپی‌ی خویەوەو هاواری کرد فریام کەون ٠ ٠ ٠

کە سەیریان کرد پیریژنیکە ئەقیژینی ( بمری دوژمن بژی کوردو کوردسـتان ) ئەم سەربازە سەرکەوتووە تومەس لەو پیریژنە هەل نووتاوە ٠ ٠ ٠

لی‌یان پرسی چی ئەکەی لەم گوندەدا ؟ پیریژنەکە وتی « من دوا پیشمەرگەم ٠ ٠ هیچ دەسەلاتیکم نەبوو بەرامبەر بە ئیوەی دررنە ئەوەنەبی لیرەدا هەل تروشکام بەلکو سەربازیکتان پی‌ی لیم هەلنووتی‌و بکەویتە ئەم ئاگرەوە ، وە بە چاوی خومدوا کوژراوی ئەم هیرشەتان بینم ٠ ٠ ٠

پی‌یان وت : ئەی شوورشگیررەکان‌و خەلکی ئەم گوندە لە کوین ؟

وتی : منال‌و ژن هەندیك هەن لەو ئاگرەدا ، بەلام شوررشگیررەکانمان چاوی ئیوە نەئەتوانی شەهید بوویان لی‌ببینی ، نە بریندار ، وە دەستی ئیوە نا گاتە ئەوان ٠

دوای تاویك پیریژنەکە ، وەك چەند پارچە پەرروو پاتالیك بەدەست سەربازیکەوە ئەخولایەوە ، ئنجا سەربازە چاو نەترسەکە ! ! هاویشتی‌بە ناو کلپەی ئاگرەوە ٠

# [ مەرگ یا سەرزەنشتی ]

عمر عبّدالرحیم

ئەگێرنەوە لە یەکێك لە دیهاتەکانی کوردستاندا مەلایەکی قیتو قوزی چوارشانەو تیك سمراو ئەبیت ، خێزانەکەی کوریکی ئەبیت ، لە پاش حەوتە تەواوبوون و شەوارەو ئاهەنگ گیران ، مەلا کەوایەکی شورو سەلتەیەکی فاسون لەبەر ئەکات و جامانەیەکی چویتلی ئەبەستی بەسەرییەوەو چەند پوول و پارەیەك ئەخاتە باخەلییەوەو رووەو سلیمانی ئەکەویتە ری ، لە سلیمانی بیشکەیەکی خرخالدارو هەندی کووزەکەی شینو چەند گەزیك چیتوکەو پیتوکە ئەکریت و ئەیان خاتە ناو بیشکەکەوەو بە دەسترازەکانی جوان دایان ئەبەستی ، بیشکە لەشان ئەکاتو بەدلیکی خوشەوە بەدەم لورە لورو هەلبەست وتنەوە رووەو مال ئەگەریتەوە .

لە کاتیکدا کە ئەگاتە ناو دەربەندیك لە پر زەلامیك لیی راست ئەبیتەوەو لوولەی تفەنگی روو تی ئەکاو ئەلیت :

رووتەوەبە ، کەل و پەلەکانت دانی ، هەر چەند مەلا لیی ئەپاریتەوەو ئەیەوی بەخوشی ئەم وەیە لەخوی دوور بخاتەوە بی سوود ئەبی ، کابرا میلی تفەنگی لی دینیتەوە و فیشەکی بو ئەخاتە بەر لوولەو سویندی لی ئەخوا ئەگەر رووتەوە نەبیت ئەی کوژیت ، مەلام مەلا کە ئەزانی هیچ چار نییە وەك هەلو بیشکەکە فری ئەداو پر ئەداتە کابرای ریگرو تفەنگەکەی لەدەست دەر ئەهینیو خوی فری ئەداتە پشت گابەردیکەوە .

بە کابرای ریگر ئەلیت : دە ئەمجا تو برو ملت بشکینەو لەبەر چاوم مەمینە ، سبەینیش وەرە بو فلان ئاوایی تفەنگەکەت ئەدەمەوە ، هەر کە ئەمەی لە دەم دەر ئەچی ئەبی بەتەق و تووق و ، وەك تەرزە گوللە لە چوار دەوری مەلا ئەدری بە زەویدا .

توومەس 'ەمانە حەوت ریگرن شەشیان لە نـاو قەدی شاخ خوی بووسە داوەو ئەم یەکەیان ناردووەتە سەر ری ' مەلا کە ئەمە ئەبینی ریگرە تفەنگ لی سەندراوەکەی نزیکی خوی ئەکوژیو لاقیکی رائەکیشی بو لای خوی و فیشەکدانەکەی لـە مل دائەمالیو دەست ئەکات بەتەقە کردن لەگەل ئەو شەش ریگرەی کە وان لـەناو قەدی شاخەکەدا ٠

پینجیش لەوان ئەکوژی تاقە یەکیکیان بەپی دزکی پی دزکی خوی دەرباز ئەکاتو هاوار دینیتەوە بو ئاوایی و ئەلیت :

« فریاکەون ' خوراین ، شەش لاشەمان لە فلان شویندا لی کەوتووە » خەلکی ئاواییش هەرکەس لە ئاستی خوی پەلاماری تفەنگ ئەداو ، دبن چوار دەوری مەلا ئەدەنو ئەیگرن لەگەل لاشەی شەش کوژراوەکەدا ئەی هینن بو ئاوایی بولای سەروکو دەم راستی تیرەکەیان ، کە سەروکی تیرەکە لەگەل مەلادا ئەکەویتە گفتوگوو چونیەتی بەسەر هاتەکەی بو دەرئەکەوی ، روو ئەکاتە مەلاو ئەلیت . ئایا ئەزانی کە ئەم شەش کوژراوە سیانیان کوری منن ؟ لەگەل ئەوەشدا یاخوا ئەو دەستو پەنجانەت خوش بی کە ئەم بی غیرەتانەت پی کوشتووە ' خوزگە ئەم یەکەشت ئەکوشتو تیرەکەمانت لەم گلاوەش پاك ئەکردەوە ٠

ئەمجا بانگی ئەو ریگرە ئەکات کە ماوە تفی لە رووی ئەکات تفەنگوفیشکدانەکەی لی ئەسینیو بەدەستی خوی فیشەکدا نەکە ئەبەستە پشتی مەلاو تفەنگەکەی ئەداتە دەستو ناوچەوانی ماچ ئەکاتو بەسیو چوار پیاوی خوی دا ئەی نیریتەوە بو ئاواییەکەی خوی وە سویندیش ئەخوات هەرکەسی لەگول کالتر بەمەلا بلیت پاك پاك سەری ئەتاشریو شاربەدەر ئەکری ، پاش ئەمەی کە مەلای بەم جورە رەوانە کرد سەروك دەستی کرد بە پرمەی گریانو هەنسك هەلدان ' یەکیك لەریش سپیانی ئاوایی دەستی کرد بە دل خوشی دانەوەو دل نەوایی کردنی بو ئـەمەی قولپی گریانی بنیشـینیتەوە ، بەلام سەروك زیاتر بانگی لی هەل داو ووتی :

« من بو ئەمە ناگریم کە ئەم شەش چەپەلە لە تیرەکەم کوژراوە ، بەلکو بو ئەمە ئەگریم کە ئەمانە پەلەیەکی بەد ناوی‌یان هاوردووە بە رووماندا‌و ، ویستوویانە مەلایەکی بیشکە لە شانی بی دەستەلات رووتەوەکەن بەلێن بی نابی لەگورستانی ئیمەدا بنیژرین‌و ئەبی گورەکانیشیان بی کیل بیت ، هەتا کەس نەزانی هان لە کوی

من ئەم تفەنگانەم بویە بو کرین کە پاریزگاری تیرەو پووش‌و پاوەو خاکەکەمانی پی‌بکەن‌و لە تەنگانەدا هەژارو بی دەستەلاتانی پی رزگار بکەن نەك راووررووت .

ئیتر پاش ماوەیەك پیش خواردنەوەو لیوگەستن سەروك هیلنجی ئەداو قومی زەرداو هەل ئەهینی‌تەوەو ئەلیت :

« ئیمەی کورد مەرگمان لە تالاوی سەرزەنشتی پی خوشترە » بەلادا دیت‌و گیانی پاکی دەر ئەچیت ٠

# ژن بینن

ژنەکەی سوقراتی فەیلەسووف زور لەگەل سوقراتا خراپ بوو کەچی روژیکیان سوقرات بە قوتابی‌یەکانی ئەووت ( ژن بینن ) من ئاموژگاریتان ئەکەم کە ژن بینن چونکە ئەوی ژنەکەی لەگەلیا چاك بی ئەوا ژیانی ئەبی بە بەهەشت وە ئەگەر لەگەلیا خراپ بوو ئەوا ئەبی بە فەیلەسووف ٠

گەلیك گیرودەی زنجیرو زیندان
هەموو وەك شیرو بیچووەشیران
بوریی سەربەستی‌و بەرزیی میللەتیان
ئەو بەندو کوتە خەلاتە لایان

« ئەخول »

# لە باخی گولیـــك



## گولی ئەم جارە

ئەگیرنەوە لە ( دارەشـمانە ) دوو برا هـەبوون یەکیکیان ناوی فەقێ احمد بوو ئەوی تریان خدر

ئەم دوو برایەو خزمو کەس‌و کازیان بەدەست بلباسی‌یەکانەوە پەریشان بوون لەبەر ئەمە فقی احمد بە ناچاری رووی کردە ئەستەموول بەو نیازەوە کـە ئیتر پیرای بیرای سەر نەکانەوە بە کوردستانا. روژیك لە روژان کە عوســـمانی لەگەل رووسـا لەشـەررا ئەبن وانەگیرنەوە کە ســـواریکی رووس یەك لە دوای یەك سـوارەی تورك ئەبەزینی هەر پالەوانیکی بو دیتە مەیـدانەوە بەسـەریا زال ئەبی‌و ئەیکوژی،دوای ئەمە فەقی‌احمدی دارەشمانە داوا ئەکا کە ئـەو بوی بچیتە مەیدانەوە سولتانیش دوای ئەوەی سـەیری قەلافەتی ئەکا برریار ئەدا کە بچیتە مەیدان .

فەقی احمد لـە دوای چـەرخەیەك بە نووکـــە رمیك سوارە رروسەکە فرری ئـەدانە خوارەوەو گورج سواری کولەی سنگی ئەبی وخەریك ئەبی سەری ببرری بەلام سـوارە رووسەکە لی‌ی ئەپارریتەوە فەقی احمدیش بـەدەنگ ناســـکی ســـوارەکەدا بوی دەرئەکەوی کە ژنە پیاو نی‌یە کاتی کە پەچە لەرووی لائەدا سەیر ئەکا ژنیکی ئیجگار جوانە ، ژنەکەش

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاداشتی ئەوەی کە ئابکوژی شووی پی ئەکا ، بەم جورە فەقی احمد ئەو کچە رووسی‌یە مارە ئەکا وە دوو کوڕیان ئەبی یەکیکیان ناو ئەنین بابە سلیمان وە ئەوی تریان بوداغ

فەقی احمد دوای ئەوەی ئەم کچە رووسە دینیت وە سولتانیش دارەشمانەی ئەداتی‌و لەقەبی بەگی پی ئەبەخشی ئەگەڕریتەوە بو دارەشمانە ( کە لە پشدەر ) وە لەوی ئەو دوو کوڕەی لە ژنە رووسی‌یەکە ئەبی روژی لە روژان کە فەقی احمد لە مال نابی بەلباسی‌یەکان هیرش ئەبەنە سەر دارەشمانە وە ئەکەونە شەڕرکردن ، بەلام ژنە رووسەکە ئەو لە شکرە کە ٤٠٠ سواریك ئەبن ئەیانشکینی‌و زوریشیان لی ئەکوژی ئنجا خەلکی دیی دارەشمانە کو ئەکاتەوەو پی‌یان ئەلی « فەقی احمد ژیانی پی بەخشیم وا منیش چاکەیم بەوە دایەوە کە ئەم لەشکرەم بو شکان لەبەر ئەوە وا ئەڕروم وە کە هاتەوە پی‌ی بلین دوام نەکەوی من بو ئەو نابم .

کە فەقی احمد گەڕرایەوە زور دلتەنگ بوو . وەکەوتە ری بو دوزینەوەی ژنەکەی . لە دولیکا بە ژنەگەی گەیشت زور تکای لی کرد کە بگەڕریتەوە ، بەلام ژنەکە بەهیچ جوریك دلی نەرم نەبوو وە پی‌ی وت تو ئیسلامی‌ومن مەسیحی وە من ئەمەوی بگەڕریمەوە نیشتمانی خوم‌و ناوکەس‌و کارم لەبەر ئەوە دوام مەکەوە ، وە ئەگەر لیم نەگەڕرییت ناچار ئەبم ئازارت بدەم بەلام فەقی احمد هیچ گوبی لی نەگرت ، ژنەکەی بە ڕرمەوە هەلی کوتایە سەری وە رمیکی لی داو قرری‌ی دایە خوراوەو بەجی‌ی هیشت . بەلام دوای تاویك ژنەکە دلی نەرم بوو گەڕرایەوە سەری وە شانی دەرمان کردوو دووبارە بەجی‌ی هیشتەوە وە پی‌ی وت من بو تو نابم لیم گەڕری .

دوای ئەوەی فەقی احمد زامەکەی کەمیك سارریژ بوو ، کەوتەوە ری بەرەو رووسیا .

وەکو ئەگیڕرنەوە فەقی احمد ئەگاتە شاریکی رووسی ، وە برریار ئەدا ئەسپەکەی لەبەر « چ » مالیکا وەستا لەو مالە میوان بی ، بەم جورە فەقی احمد ئەچیتە مالی پیریژنیك .

ئەو روژە ئەو شارە ئەخروشی فەقی

أحمد له پیریژنەکه ئەپرسی بوچی شار خروشاوه ، ئەویش پی‌ی ئەلی کەوا کچی پاشا سالیك لەمەوبەر لەشـــەررا لەلایەن تورکەوه بە دیل گیرابوو ، بەلام توانی‌ی بگەرریتەوه وه ئەمررو ئەیگویزنەوه بو ئامۆزاکەی فەق احمد کەئەمه ئەبیستی زور تکا له پیریژنەکه ئەکا کـه هـەر چونیك ئـەبی بیگەیەنیتە مالی زاوا وەکو یەکیك له بانگ کراوانو سەیرکەرانی شایی .

فەق احمد بەهوی پیریژنەکەوه خوی ئەگەیەنیتە شاییەکە . . . .

وه بوی ساغ ئەبیتەوه که بووکەکه ژنەکـەی خویەتی ، کاتی کـه زاوا بە پیر بووکەکەوه دیت لەپرر زللەیەکی لی ئەداو وه پی‌ی ئەلی « تو له ناوئیسلاما دیل بووی وه شەرەفت گلاو بووه ، چون ئـەویری لـەبەردەمي منا دەرکەوی ؟ » ژنەکەش بەمە زور دلتەنگ ئـەبی‌و پی‌ی ئەشـکی وه بە کوردی ئەلی « ئاخ فەق احمد له کویی ! » له پرر فەق احمد رائەپەرری‌و ئەلی « ئەمەتام » فەق احمد پەلاماری زاوا ئەداو ئەیکوژی وه لەگەل ژنەکەیا بوی دەرئەچن وه دینەوه بو دارەشمانە . .

ئەم ژنو میردە تا مردن له باوەشـی دلسـوزی‌و خوشـــەویستی‌دا ئەژین فەقی احمد هـەموو پشـدەرو ماوەت‌و مەرگه ئـــەگری . . . وه دوای مردنی بابه سلیمانی کورری لەجی‌ی دائەنیشی .

ئەم فەق احمدەی باسمان کرد باپیری بابانەکانه ، واتـه دامەزرینەری بنمالەی بابانه .

---

سەرنج : ئەم سەرگوروشتەیە راست‌بی یان راســـت نەبی لەگەلیك سەرچاوەی میژوویی‌دا نووسراوه ، بەلام میستەر ریچ ئەلی ئەم ژنه رووس نەبووه ئینگلیزبووه .

---

# پینوس

- پینووس گەلیك کەس ئەیگری بە دەستەوه ، کولکە خویندەواریش‌و نووسەری بەرزیش .
- گالینوسي فەیلەسووف ئەلی ( پینووس ) دکتوری وتەی ریك‌و پیکه .
- ئەفلاتوون ئەلی « پینووس جلەوی میشکه » .



بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەنگەری پیشکەوتن

نوسەری : شاکر فتاح

## [ گیان و لەش ]

مروڤ لە دو شت دروست بوە : ( گیان ) و ( لەش ) . هەرچیش لەجیهان‌دا ئافەریدە بوە لـــە ئاو و باو روژ و ئاگرو گل و بەردو دارو درەخت‌و درندەو پەرندە و مارو میرو بو ژیاندن و گەشەیی کردن و بووژانەوەی (گیان) و (لەش) دروست کراوە .

بەلام ئەگەر هاتو لە ئەندازە بەدەر (گیان) پەروەردە کرا ، یاخود لە ئەندازە بەدەر ( لەش ) پەروەردە کرا ، ئەوا ئەو لەنگەرەی کە هەیە لە ناوەندی (گیان) و ( لەش ) دا تیك ئەچی ، کە ئەو لەنگەرەش تیك چوو زیان و نەخوشی‌یان لەلەش یان لەگیان یان لە هەردوکیان ئەکەوی .

بەکورتی پیشکەوتنی ( گیان ) و ( لەش ) ئەبی شان بەشانی یەکتر برون . ئەگینا ئەگەر لایەکیان بەرەلا ـ کری و ئەوی تریان خەمخوری‌ی کری ، زیان‌و نەخوشی بو مروڤ پەیدا ئەبی

## ( گەشەی گیان )

گیان بەوە گەشە ئەکات : خوشەویستی بکەوینە دلەوە ، جوانی بکەویتە بەر چاو رەووشت و خوی پەسەندو کردەوەی بلند لە دەست بوەشیتەوە . سرەوت‌و ئاسایش و چاکە لە نیوان‌دا بیتە بەرهەم .

## ( گەشەی لەش )

لەشیش بەوە گەشـــە ئەکات . خواردن و خواردنەوەی خوش و جل و بەرگی نایاب و خانووبەرەی ریك و پیك و جیگای سرەوت و بەزم و رەزم بو پیاو پەیدابی.

# [ بەراووردیکی جیهان ]

بەلام ئەگەر سەیریکی میژووی ژیاز بکەین ، لە جیهان‌دا :

ئەبینین ئەوەندەی خەمی لەش خوراوە ، هیندە خەمی گیان نەخوراوە بە واتەیەکی تر ئەوەندەی زانســـت و پیشەسازیی و شارستانیتی پیش خراوە ، هیندە کردەوەی بلندو رەووشت و خوی پەسەند و گیانی مروڤایەتی پیش نەخراوە .

لەبەر ئەوە بەجوریکی تیکرایی ئەبینن کە مروڤ لە جیهاندا لـە شارستانیتی دا زور پیشکەوتووە ، بەلام لە مروڤایەتی‌دا پیش نەکەوتووە ، بەلکو زور دوا کەوتوە .

پوول پەرستی ، ئیمرو ، گەیشتوتە رادەیەك ، زوربەی فەرمان رەوایانی جیهان کەوتونەتە ژیر چنگی سەرمایەدارانەوە ، بو کەلکی ناپوختەی خویان فەرمان رەوایانی جیهان ئەکەن بەگژ یەکا ، بەملیون مروڤ بەکوشت ئەدەن ، بەهەزاران دیهات و شاران ویران ئەکەن ، دوژمنایەتی و نەخوشی و خەفەتباریی ئەخەنە نـاو گەلانی جیهانەوە کە تا سەر نەکوژیتەوە .

مەیدانی شەری ناو لەشکرانی جاران کە لە چەند کیلومترەیەك تیپەری نەئەکرد ئیستا لە هەزاران کیلومترە پتر تیپەر ئەکات . کوشتاری جەنگی جاران کە لە چەند هەزار کەسیك زور تر نەئەبو ، کوشتاری جەنگی ئیستا لە دەیان ملیون پتر ئەبی .

ئەگەر بهاتایە ئەو پارەیەی لە پیناوی جەنگا بەخت ئەکرا ، لـە پیناوی ئاوەدان کردنەوەی دیهات و شاران و نەهیشتنی هەژاریی‌و نەخوشی‌و نەخویندەواریی‌دا بەخت کرایە ، ئیستا کە لەهەمو سەرزەمینا ویرانی و نەخوشی و نەخویندەواریی بەر چـاو نەئەکەوتن

جاران کە دروزن رووی نەئەهات لە کون سەر دەرهینی ، ئیستا کە دروزنی‌و فروفیل کردن و چەواشە کردن بوون بەهونەرمەندیی ، نەك تەنها تـاك و تەرای مروڤ ، بەلکو فەرمان رەوایانیش بەرادیو درو و دەلەسەو تەلەکەبازیی و چاووراو بلاو ئەکەنـــەوە .

بەگورتی بازاری خواناسی و راستی و دوروستی و جوامیریی لە زور بەشی جیهان‌دا

کەوتوتە گژیی . داخەکەم ئەفروك ، ئەتەلەفون ، ئەرادیو ، ئەئەم هەمو تانك و توپ و شەست تیرانە ، ئەئەم هەمو خویندنگاو خەستەخانەو کوشك و تەلارە باشانە ، ئەئەم هەمو هیزو سامان و هونەرانە ، ئەیان توانیوە مروڤایەتی بخەنە سرەوت و ئاسایش و کامەرانی یەوە .

جیهان بە پرتاو بەرەو دوژمنایەتی و شەڕو شور و جوین و خوین و ویرانی و ئەخوشی و شپرزەیەتی ئەدرا . ئەمەیش هەمووی لەبەر ئەوەیە کە لەنگەری ناوەند [ لەش ] و [ گیان ] یاخود [ خوپەرستی ] و [ خواپەرستی ] تیك چوە . هەمووی لەبەر ئەوەیە شان بەشانی شارستانیتی مروڤایەتی پیش ناخری . ئەوەندەی خەمی لەشمان ئەخوین خەمی گیانمان ناخوین داخەکەم جیهان لەشـــەریکی خویننیندا ئەبینم . کە هەتا هەتایە ئەنجامی کارەساتی پرسزاو تارارو ناخوشیمان لە بیر ئەچیتەوە .

## ( پیشکەوتنی راستەقینە )

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە هەژاریی و ئەخویندەواریی و دەردەداریی نەمینی لە جیهان دا .

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە : هەموگەلیك بە دلی خوی ئازادو سەربەخویی ، ئەزوردارو داگیرکەر بمینی ، نە زورلی کراوو داگیرکراو بمینی .

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە : دانیشتوانی جیهان روژ بە روژ خویندەوارترو تەن‌دوروست‌ترو دەولەمەندترو کامەران‌ترین .

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە . پەیوەندیی ناوگەلان لەسەر بنچینەی خوشەویستی و دوستایەتی و برایەتی و یارمەتی‌دانی یەکتری دابمەزری .

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە : ئاسایش و ئارامو ئاشتیی گشتی لەجیهاندا جی‌گیربی . ئەدوژمنایەتی بمینی لەناو گەلاندا ، نە رقەبەریی ، نە شەڕوشور بمینی ، نە جوین و خوین .

پیشکەوتنی راستەقینە ئەوەیە : فەرمان‌رەوا پیگەیشتوە گەورە بەهیزەکان دەستی برایەتی و یارمەتی دریژکەن بو گەلە زور لی‌کراوەکان ، لە دەست دیلی دزگاریان کەن،

هەژاریی و نەخوێندەواریی و دەودەدارییان لەکوڵ بخەنەوە

پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە : هوشمـان زاڵ بی بەسەر دڵمان دا ، خواناسی و کردەوەی چاك و ڕەووشتی بلندو دڵی پاك لەسەروو هەموشتێکی جیهانییەوە دانیین . وازبهێنین لە خۆپەرستی ، لە تەن‌پەرستی لە پووڵ‌پەرستی . هوگری مروڤ پەرستی بین . وە لەگەڵ هەمو براکانی سەر زەمینمان‌دا ڕەنج بدەین بو کەڵك و کامەرانیی گشـــتی .

## « دەستووری خوایی »

خوا بەخوڕایی ئیمەی دوروست نەکردووە ئەم بە هەشتی سەرزەمینـــە و ئەو ئاسمانە شینە ڕەنگینەو ئەو ڕوژو ئەستێرە جوانانەی بو ژیان و کامەرانی و سەربەرزیی ئیمە دوروست کردوە . خوا بویەکی ئافەریدە نەکردووین کە تا سەر لە دیـــلی و بەندەیی و ئازارو هاوارو نەخوشی و هەژاریدا بتلیینەوە . بویەکی دوروست کردوین بەهوی ئەو زەمین و ئاسمانەوە ژیانیکی زور بلندی بەسەندی پر کامەرانی بژیـــن . بویەکی دوروست کردوین کە لە دڕندەیەتییەوە بگەینە پایەی فریشتەیی لە ڕەووشت و خوی پاك و جوان و کردەوەی بەرزا .

بنکەی ژین
www.zheen.org

بو ئەمەی نەگەین بەم ئامانجە پیروزو بلنـــدە ، بەهوی پیغەمبەران و پیاو چاکیانیەوە ، دەستووریکی خوایی پیشان داوین . ئەم دەستوورە فەرمان‌ڕەوایـــە بەسەر ئیمەو بەسەر هەمو گیان لەبەرو دارودرەخت و ئاوو بەردیکا . ئەم دەستوورە ئاشکراو ئاسـان و ڕاسـت و ڕەوانە . لە خویەوە فەرمان‌ڕەوایی ئەکات . هەرکەسی پێڕەویی بکات سەرئەکەوی لە ژیانیا . هەرکەسی پێڕەویی نەکات ژیرئەکەوی .

ئیمە ناتوانین لەم دەستوورە لادەین . ئیمە ناتوانین بەڕەنگاریی ئەم دەستوورە بکەین . ئەگەر کردمان تووشی سەرگەردانی و هەژاریی و نەخوشیی و دیلی و خەفەتباریی ئەبین .

جا ئەم هەمو شەڕ و شوری جیهانـــە وە ئەم هەمو سەرگەردانی و ناخوشییەی

له ناومان‌دا رووئه‌دا هه‌مووی له‌وه‌وه په‌یدا ئه‌بی که پی‌ره‌ووی ئه‌م ده‌ستووری خوایی‌یه ناکه‌ین .

ئه‌م ده‌ستووره داوامان لی ئه‌کات سه‌رراست و کاردوروست و دادپه‌روه‌ر بین .
ئه‌م ده‌ستووره داوامان لی‌ئه‌کا له‌گه‌ل یه‌کا خوشه‌ویستی‌و برایه‌تی‌و یارمه‌تی بکه‌ین .
هه‌روه‌ها تیکوشین بو که‌لکی گشتی .

ئه‌م ده‌ستووره داوای ره‌ووشت و خوی پاك و پوخته‌و کرده‌وه‌ی مه‌ردانه‌مان لی ئه‌کات .

نایه‌وی ، ئه‌م ده‌ستووره ، خوپه‌رست‌و پوول په‌رست‌و به‌دخوو زیان به‌خش بین .
نایه‌وی ئه‌م ده‌ستووره ، قین له دل و به‌دگوو له‌گه‌ل یه‌کا دوژمن بین . نایه‌وی زورداریی بکه‌ین . به‌کورتی ئه‌م ده‌ستووره پشتیوانمانه له چاکه‌کردن‌دا . دوژمنمانه له خراپه‌کردن‌دا .

که‌ی دانیشتوانی سه‌رزه‌مین په‌ی‌ره‌ووی ئه‌م ده‌ستووره‌یان‌کرد ، زوری پی ناچی خوشه‌ویستی‌و ئاشتی‌و ئاسایش هه‌مو جیهان ئه‌گریته‌وه . زوری پی ناچی ته‌ن‌دوروستی و خوینده‌واریی و ده‌وله‌مه‌ندیی و ئازادیی و کامه‌رانی هه‌مو دانیشتوانی رووی زه‌مین ئه‌گریته‌وه .

نه‌زورداریی ئه‌مینی . نه‌داگیرکردن ئه‌مینی . نه‌شه‌روشور ئه‌مینی . نه‌چوین و خوین ئه‌مینی . نه‌شپرزه‌یی و سه‌رگه‌ردانی و هه‌ژاریی ئه‌مینی . نه‌نه‌خوشی و نه‌خوینده‌واریی ئه‌مینی .

جیهان وه‌ك خانویکی لی‌دی ئاوه‌دان و پیشکه‌وتوو . دانیشتوانی جیهانیش وه‌ك خیزانیکی لی‌دی کامه‌ران‌و سه‌رکه‌وتوو .

## « توروسکه‌ی هیوا »

کاکه‌ی خوینده‌وار ! ره‌نگه زوربه‌ریشی من پی‌بکه‌نی که ئه‌م قسانه‌ت بو ئه‌که‌م .
به‌لام له خوام ئه‌وی ته‌مه‌نی تو و من ئه‌مه‌نده دریژبی که روژی له روژان پیت بلیم

ئەوا ئاوانەکانم هاتە دیی !

ئەمە ڕاستە ، هەروەکو لە پیشەوە گوتم ، جیهان ئیمرو بەرەو جەنگیکی خوینیی سامناك ئەروات بەهوی خوپەرستی و دل رەقی و کەم تەرخەمی ی هەندی لەکاربەدەستانی جیهانەوە . بەلام زور دلنیام کە سەر ئەنجامی ئەو جەنگە خوینینە ئەمەندە ئازار و زیانمان پی ئەگەیەنیت ، ووریامان ئەکاتەوە لە هەلەکانمان ، پەشیمانمان ئەکاتەوە لە کردەوە خراپەکانمان ، رروومان وەرئەگیریتەوە بو خوای پاکی بی‌هاوتا . داوای پیشاندانی ریگای رزگاری‌ی لی ئەکەین لە زورداریی و هەژاریی و نەخویندەواریی‌و دەردەداریی ئەویش لە ریگای بیرەوە پیمان ئەلی : « ریگاتان دەستووری خواییە. دەستووری دوستی و ئاشتی و ئاسایش . دەستووری رەووشتی بەرزو کرداری بلند . دەستووری چاکی‌و داد پەروەریی . »

## [ لەنگەری پیشکەوتن ]

دلنیام ئەو پیشکەوتنەی هەیە لە جیهان‌دا لە زانست و پیشەسازیی و هونەردا ، وانا لەشارستانیتی‌دا ، دانیشتوانی سەرزەمین بەرەو سەرگەردانی و کەساسی‌و دیلی ئەبات ئەگەر بیتو ( لەنگەری ) ئەگری بەپی‌رەوی کردنی ( دەستووری خوایی ) لەلایەن کاربەدەستانی جیهانەوە . بەواتەیەکی تر هەر تەنگ و چەلەمەو گیروگرفت‌و جەنگ کارەساتیکی ناخوش لەمەولا روو بدات لە جیهان‌دا ، ئوبالی بەئەستوی کاربەدەستانی جیهانە ! ٠

ئەم قسەیەی ئەیکەم ، راست و رەوان ، ئاوازی دەروونی زامداری هەزاران هەزارانی گەلە کلولە سەرگەردانە هەژارەکانی سەرزەمینە کە گەلی کورد یەکیکە لەوان .

لە راستیا ، کاربەدەستانی جیهان ، ئەگەر دلسوزی راستەقینە بن بو گەلەکانی خویان کە هەریەکە ئەندامیکن لە لەشی گشت دانیشتوانی سەرزەمین ، ئەگەر دلسوزی راستەقینە بن بو پیشکەوتنی راستەقینەی هەمومان . ئەبی گەلەکانی خویان تی‌گەینن کە : شەرو شور و دوژمنایەتی باوی نەماوە ٠

ئەبێ ئەو کوشکە گەورانەی بو هەلگرتنی تانك و توپ و فیشەك و تفەنگ و بومبای ئەتوم دوروستیان ئەکەن ، بەکاریان بهینن بو هەلگرتنی داوو دەرمان بو کوشتنی مارو میروو میکروبو ئەو دررندانەی کە کشتوکالی دانیشتوانی سەرزەمین ئەخون .

ئەو لەشکرانەی بەکلور دیناریان تیا بەخت ئەکری ، لەبریتی کوشتار پی کردنیان بەرامبەر براکانی سەرزەمینیان ئەبی بەکار بهینرین بو تەخت کردنی ریگاوبان دوروست کردنی ساختمان بو خویندنگاو خەستەخانەکان ، بو بەرهەم هینانی دانەویلەو سەوزەوات و میوەهات بو خورشتی هەژاران .

ئەبێ ئەو پارەیەی بەخت ئەکری لە جەنگ و شەرو شوردا بو لە ناو بردنی برایانی سەرزەمین و کاوول کردنی دیهات و شاران ، بەخت کری بو نەهیشتنی هەژاریی و نەخوشی و نەخویندەواریی لە ناو گەلە دوا کەوتووەکانی سەرزەمینا .

ئەبی ئەو فروفیلەی بەکار ئەهینرین بو لە ناو بردنی براکانی سەرزەمینیان ، بەکار بهینرین بو ئازاد کردنی گەلە زور لی کراوەکانی سەرزەمین و رزگار کردنیان لەدەست زوردارە داگیر کەرە خوینمژەکانیان .

بەلی ، ( لەنگەری پیشکەوتن ) ، بەهیچ شتیك ناگیری ، بەپیرەوی کردنی ( دەستووری خوایی ) نەبی کە بریتی‌یە لە خوشەویستی و برایەتی و یارمەتی و چاکە کردن بەرامبەر هەمو دانیشتوانی سەرزەمین . کە ئەمەش لەپیش هەمو کەسیکا پیویستی سەرشانی کاربەدەستەکانی جیهانە .

## ( کوردستانی خوینین )

کوردستانی خوینینیش کە پارچەیەکە لە بەهەشتەکانی رووی زەمین - ئەبو ئەو پانزە ملیون کوردەی تیایەتی لەوپەری ئازادیی و کامەرانیدا بژین . بەلام داخەکەم لەوپەری کلولی و سەرگەردانیدا ، لەوپەری نەخویندەواریی و هەژاریی و دەردەداریی‌دا ئەژین ا، دوژمنەکانمان چەقویان بو ملمان ئامادە کردووە . هەر روژە ئازادی‌یەکمان

لەدەست نەچی . هەر روژە کارەساتیکی پر لە نازارو هاوارمان لی روو نەدا .

لەلایـەکەوە زورداران و داگیرکەرانی دەرەوە . لەلایەکیشەوە زورداران و ستەمکارانی ناوەوە ، رەگ‌و ریشەی ژیان‌و کامەرانیمانی لەبن دەرکیشاوە . ناکوکی‌و دوژمنایەتی : شارو دیهاتەکانمانی کاوول کردووە . توروسـکەی خوشی‌ی لە دلمان‌دا نەهیشتوە .

ئالەم کاتە ناسك و گرنگەمان دا هیچ دالدایەکمان نیە پەنای بەرینەبەر خوا نەبی . تەنیا پەیرەوی کردنی ( دەستووری خوایی ) یەکە رزگارمان کات لەدەست زورداری‌و هەژاری‌و نەخوشی و نەخویندەواریی .

ئەی کاربەدەستانی جیهان ا نوبالمان بەئەستوتان . گەلی کوردیش وەك گەلی خوتان تەماشاکەن . لە دوستایەتیمان کەلك وەرنەگرن نەك لە دوژمنایەتیمان .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# راست کردنەوە

لە بەشی ( لەهەر تەلە دەنگی )کدا داخی گرانمان هونراوەکەی بیکەس بە هەلە چاپ کرابوو بیبورن ، وە راستیکەی ئاوا نەنووسری

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بو عالەمی سەر رووی زەمین
میللەتیکی قارەمانن هەر نەبی سەربەست بژین

# ( کردەوەی چاوەکانی )

دوعام کرد چاوەکەت خوش بی. کە خوش بوو ئـەمنی بیمار کرد
رەفیق ئامـان دوعاکـەن رەبی ظالم هەر بـە بیماری

« کوردی »

چاوی خوماری بە خوینم فیرە ، وەك لیوی بە مەی
لیی گەررێن ئیوەو خودا ئەو مەستە با بیخواتەوە

( ناری )

هەناسەم زولفەکەی لاداوە مەیلیکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەیگوت و شەو رابوردو نیرگس هەر لە خەودایە

( نالی )

موسەللەح بوو بە برژانگی سیاهو تیغی دوو ئەبرو
مەزنە مائیلی فیتنەو شەررو دەعوایە ئەو چاوە

( احمد مختار جاف )

وردە خالی ئیستەکەش نازی لەسەر پەروین ئەکا
چاوی بازی دائما بازی بە ئاهوی چین ئەکا

( صافی )

www.zrian.org

# [ گەلاریزانە !! ]

بە پینوسی : محمد قودسی

« ع . تینو » ناردویەتی

خوشەویستەکەم . . . تاقە گولەکەم . . .

نەجیبە گیان !! آزاد گیان !! .

کات ژمیر ثانیەو دقیقەو سعاتی ژمیر . . . . مانگی خوشەویست هەلهات‌و آوابوو روژی ژمارد چەرخەی زەویش دەستی مانگ ژماردنی‌و دریژ کردو مانگ راوورد ، بەلی فصل گەیشتە گەلاریزان !! درەختی جوان‌و پیروز نوخشەی آل‌و والای لە خوی دامالی ئەو بەرگە سەوزە جوانەی کەوتە زەردبوون‌و پەیتا پەیتا کەوتە خواری . . .

گیانە . . . سی‌سال لەمەو بەر دەستی کردگار خوی بو دریژکردم بەرەو نیشتمانی پیروزتی راکیشام . . . تەنها سی‌سال لەمەوبەر هاتمە رەواندوز .

لە مالی پیریکی دلسوزی قال بوو لە ئیشی دنیایی دابەزیم . . . هاو خوینەکەم ئەوروژەم لەبیرە زور باش لە بیرمە کە لەگەل دایکە دلسوزەکەتا هاتیتە ئەوماله . . . توم دی بەلام چون بە هەزار شەررەشەق منت دی بەلام بەریکەوت . . . هەر لەو روژەوە وانەزانم هەر لەو روژەوە بووکە هەر یەکە لە ئیمە وای بەبیردا نەهات کە هەردوکمان بو یەکتری هاتوینەتە ئەم دنیایە . . . دلسوزەکەم . . . ! !

وانەزانم هەر ئەو هیزە بوو وای لی کردم کە لیت نزیک بمەوەو هەمیشە چاوم لیت‌بی . . . آە چەند خوشە مروڤ بتوانی خوشەویستی و دلداری دەرنەخاو بە نهینی بیهیلیتەوە . . . نەونەمامەکەم دوای ئەوە بە پینج مانگ بە هوی دلسوزیکمەوە توانیم ئەوەی لەدلمایە دەری برم ، دەرکەوت ، هەروەها جگەرگوشەکەم لەلایەن توشەوە خوشەویستی‌و هاوریی‌گیان بەگیانیت دەرکەوت ، هەر لەدوای ئەوە بەسی‌مانگ بە آهەنگی خوشی کوردانەوە بەیەك گەیشتین . . . خوزگە رەواندوزم هەر نەدیایە کاشکی ناویشم نەبیستایە ، ئیستا فکرم ئەحەسایەوە ، . . گرری دەرونم هەمیشە

لەبلیسەدا نەئەبوو ۰ ۰ ۰ هاو پەیمانەکەم ! ! تەنها ! تەنها سالیکمان ژیانی کامەرانیمان بەسەر برد ۰ ۰ ۰ هەر لەو روژەدا کە بەیەك گەیشتین هەر لەو روژەدا لە دوای سالیك بەرەبەیان بوو ئەستیرەکان لەگەل مانگی لە ئاوابونیدا چاو برکییان بوو ۰ ۰ ۰ سەرت نابەسەرمەوە ووتت هەست بەوە ئەکەم کە کورپەکەمان ئەیەوی بیتە ژیانەوە ۰ ۰ ۰ دیسان ئەو لیوە ئالە جوانەت کردەوەو ووتت هەست بە ئازار ئەکەم ۰ ۰ ۰ منیش منی نەگبەت گورج و گول هەلسام هەر دوو دایکە دلسوزەکەمانم لەخەوی خوشیان راپەران ۰ ۰ ۰ خوم هاتمەوە سەر جیگاکەم هەر بیر لەوە ئەکەمەوە کەی ؟ کەی ؟ گریانی ژیانی کورپەکەمم دیتە گویی ۰ ۰ ۰

دنیا روناك بوەوە هیشتا هیچ دیارنی‌یە ۰ ۰ ۰ هەلسام ۰ ۰ ۰ چومە دەرەوەو گەرامەوە ۰ ۰ ۰ ئەوا ئەبیەم کومەلە ژنیك راوەستاون آی فەقیر ۰ ۰ ۰ آی دەستم شکی ۰ ۰ ۰ کوریکی چەند جوانی بەمردویی بوو ۰ ۰ ۰ خوی خوش‌بیت ۰ ۰ وەك شتی لەدلم چەسپی کە باسی کورپە خوشەویستەکەمە باسی ئازاد گیانە ۰ ۰ ۰ خوم کرد بە مالا ۰ ۰ ۰ چیم دی ؟ ۰ کاشکی نەم دیتایە ۰ ۰ ۰ ئەوا ئازاد گیانی ناسكو نازداریان لە کفنیکی سپیەوە پیچاوەتەوە بەرەو گورستانی گەرەگەردی ئەبەن ۰ هەر چاوم بەو وینەیە کەوت دوو دلوپ فرمیسکی گەرم لە چاومەوە سەری کرد ، کەوتنەسەر ئەولاشە پیروزە ۰ ۰ ۰ ئیتر کەوابوو گەلاویژانە راستە ۰ ۰ ۰ بەلام گیانەکەم دل خوشی خومم بەوە ئەدایەوە کەتو توی خوشەویست رزگارت بوو ۰ ۰ ۰ بەلام هەر لە دوای ئەوە بەدوو روژ ئەوا بەرەو مالەوە دیمەوە کە هەر وەکو روژان پیکەوە دانیشین بەقسەی خوش کات بەینەسەر کەچی کە خوم کرد بەژورا چی‌ببینم ؟ . . . نازانم . . .

نا . . زا . . نم . رەنگیکی زەرد هەلگەرراو . چاویکی سیس . جولانەوەیەکی بی ئەندازە ۰ ئەمە چی‌یە ۰ هاوارت کرد مەرو وەرە ۰ وەرە تەنیشتمەوە ، دەستی بکەرە ملم وا ئەرروم ۰ گویت لی‌یە ۰ ئەها ۰ آ ۰ ئە ۰ وە ۰ تا . آ ۰ زا . د ، آزاد گیان بانگم ئەکا لەم قسانە راچلە کیم بە بی شعور نزیك بومەوە خوم

دابەزەویا هاوارم کرد دوکتور راکەن دکتور بانگ‌کەن . بەلام دیســـان ئەو چاوەسیسە جوانانەت کردەوە ووتت ئەوا روح گەیشتوتە ئیرەم « دەســـتە لاوازەبی هیزەکەت خستە ســـەر قورگت » دیسان ووتت برام . . . برام . . . بـ . . . را . . . م لیـوی پیروزت‌و چاوی نازدارت پیکەوە لیك نا لە ژیان جیابویتەو . . . منی قوربەســـەریش لەوە زیاترم بو نەماوەتەوە کە غەمگین‌بم . . . دیل بم . . بەلی خوشـــەویستەکەم چوی بە هاواری ئازاد گیانەکەمەوە . . منیش هیچم بو نەماوەتەوە ئەوە نەبی کە هەمیشە گەلاویژی خوشـــەویست بگرم بەدەســـتەوە تەماشای ئەو واتە شیرینانەت بکەم کە لە باســـی ئاورریکی پاشەوەدا گەلاویژ وینەی کردوە. هیچم بو نەماوەتەوە ئەوەنەبی کە هەمیشە ووتەکانی « کانی » شاعیری خوشەویست بلیمەوە کە ئەلیت : ـ

ئاە ئەی چەرخ دەنی ئاە لەدەستت سەد ئاە
کەلەنی خستە دلم چونی لەبلام ئەی واە
مەعشوقەی مفتخرم ، یاری عزیزم رویی
حەیفە بو جسمی وەها شین بی لەسەر قەبری گیاە
وەکو درکی بی غەش بو لەچاو انس‌و مەلەك
ئەبو عەیبی هیچ ابن خالص‌و بی جرم‌و گوناە

خوشەیستەکەم ! ! . . تو رویشتیت خەم‌و خەفەتت بومنی قوربەسەر بەجی‌هیشت . ئاە لەم ساڵە چەند شومە . چەند ناخوشە . . بەراستی گەلاریزانە . . کەوابو بنووگیانەکەم بنوو بنوو نوستنیکی هەمیشەیی بنوو ! ! ! ! . . .

---

وەرگیراوە لە ژمارە ( ١٢ ) ی ساڵی ( ٥ ) ی
گوڤاری گەلاویژەوە

## ! . . .

- ئاموژگاریت ئەکەم کە ئاموژگاری کەس نەکەی تا ئەوکەسە بە تەواوی خوی داوای راویژت لی ئەکا .
- ئەو گورستانانە پرە لەو چەشنە کەسانەی کە وایان دائەنا ئەم جیهانە بەبی‌ئەوان بەریوە ناچی . . .

# سکالا ئەکەن

شیخ رەزای تالەبانی ئەلی : ــ

کاری کە فیراق‌و خەمی دووریت بەمنی کرد

سەرما بە هەتیو ، با ، بە دەواری شری ناکا

بەلام مەولەوی بە نەرمی‌یەوە ئەلی : ــ

بو بیگانەیەك منت لە بیر برد

ئەی بی بەلابی ئەمەت بوچی کرد

زیوەر دلی بوتە ( بوتە ) بویە ئەلی : ــ

دل بوتە ( بوتە ) بو تو پرر نارو پرر حەرارەت

فەوتاوە دل ئەمیستا خەریکی حیفزی جانم

کوردی بەو پەرری پەروشی‌یەوە ئەلی : ــ

جەفایان دام‌و کوشتمتان بەزاری

نزوولی رەحمەتە جەورو جەفاتان

( سالم ) یش بە نائومیدی‌یەوە سکالا ئەکاو ئەلی : ــ

سالم لە جەوری دولبەر کوتاکە شەرحی دەفتەر

تو ، بی خەبەر لە تاو ئەو ، ئەو بی خەبەر لە یاران

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پێشینان وتویانه

## * باوك *

- باوكمان برایەو من چكیك لە تو وەجاخزادە ترم

## * برا *

- برامان برابی ، كیسەمان جیایی .
- برا برایە بازارر جودایە .

## ( دایك )

- دایكی دز ، یا سنگ ئەخوات ، یا سنگ ئەكوتی
- دایە بینەو كچە بخوازە .

بنكەی ژین
www.zheen.org

## ( مال )

- مالی دزیق مەگەر شەو بكری بە خودا .
- مالی حەلال لە دەست ناچی .
- مال لە خاوەن مال حەرامە ؟
- مالی خونەخور بو چەكمە بور..
- مالی سپی بو روژی رەش .
- مالی وا بە كولیەوە .

# ســـــليمانى

( ئەژدەر )

ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەو نوسراوانە بدەین کە تا ئیستا دەربارەی شاری سلیمانی نوسراوەتەوە لەچەند کەسیك بەولاوە . هەموو بەتیکرراىی لەسەر میژوویەکی نزیکی شاری سلیمانی‌یان نووسیوەو ، وە لەو باوەرەش دا بوون کە گوایـــە میژووی دروست بوونی شاری سلیمانی لەو روژەوە دەست پی ئەکات کە ( ابراهیم پاشا ) دروســـتی کردووە .

بەلام ئەگەر بە وردی سەرنجی رابوردوی ئەم شارە میژوویی‌یە بدەین و ، وە بەتیکررای لەو نووسینە کونانە وورد بینەوە کە دەربارەی ئەم ناوچەیە نووسراوەتەوە ئەگەینە ئەو باوەررەی کە میژووی شاری سلیمانی کون ترە لەوەی کە ئیستا باس ئەکری و یا لە زەمانی ابراهیم پاشاوە دەست پی ئەکات .

ئیمە ئەتوانین چەند بەلگەیەکی میژوویی بو ئەمە بهینینەوە : ـ

١ ـ پیش ئەوەی کە شاری سلیمانی لە جیگەی ئیستادا دروست بکریت هەر لەم شوینەی ئیستەی دا کە پی‌ی ئەووتری گەرەکی مەلکەندی ئەم گەرەکە بەم ناوەوە بووە ( ئەگەرچی توزی جیاوازیش هەبی لـە اصلی ناوەکەدا وەکو ( ملك گوندی ، ملك هیندی ، ملکی ) .

٢ ـ بەپی‌ی ئەو باسانەی کە دەربارەی سلیمانی نوسراوەتەوە ئەلین یەکیك لـەو هویانەی کە شاری سلیمانی ناو نراوە سلیمانی ئەوە بووە ، کە لـەکاتی هەلکەندنی بناغەی یەکەم خانووی سلیمانی ( کە نزیك سەرای بابانەکان بوو (١) ) لە نـاو گلی بناغەکەدا لە ژیر خاکا موریکیان دوزیوەتەوە کە لەسـەری نووسراوە ( سـلیمان ) ، کە ئەمەش دووبارە بەلگەیەکي ترە بو ئەوەی کە ئەبی لەم شوینەی ئیستادا ئاوەدانی

(١) ئەم سەرایە وەکو لە میژووی شاری سلیمانی دا نووسراوە لەسالی ١١٩٦کوچی لەلایەن محمود پاشای بابانەوە کە مامی ابراهیم پاشا بووە دروست کراوە .

بوو بیت ، ئەگینا ئەو مورە لە کوێوە گەیشتوتە ژێر ئەو خاکەوە ؟.

٣ ـ وەکو لە مێژووی شاری سلیمانی دا ( کە دانەرەکەی خوالیخوش بوو ئەمین زەکی بەگە ) لە دامێنی لاپەرە ( ٩٤ ) دا نووسراوەتەوە ئەلی :

محمود پاشا ئەلی : ئەگەر گردی مەلکەندی هەل بکەندرێو بەباشی تیادا بگەڕێین زور شتی کون ئەدوزینەوە کە نیشانەی شارستانیەتیکی کونی تیا نیشان ئەدات وەکو پارچەی گلی سوورەوە کراوەو پارچە نیسقانو جورە نووسینیکی ئەو تو کە تا ئیستا نەزانراوە هینی چ دەوریکەو بە چ زمانیك نوسراوەتەوە .

٤ ـ جا بەمەدا بومان دەر ئەکەویت کە شاری سلیماني پیش ئەوەی کە ابراهیم پاشا دروستی بکاتەوەو سەر لەنوی رەنگی شـــاریکي تازە بکیشیتو بیکاتە پایتەختی امارەتەکەی خەلکی تیا بوەو شارستانیەتی تیـا بووە ، بەلام بەهوی ئەوەوە وەکو میژوو نیشاني ئەدات هەمیشە ناوچەیەکی پر لـە ئاژاوەو شەرو شوررو داگیر کراو بووە بەشیوەیەکی ریك و پیك لە ژیر دەسـەلاتی ئەو دەولەتانەدا نەماوەتەوە کە دەستیان بەسەرا رویشتووەو ناوچەی حوکم داریو دەسەلاتیانا بووە ، چونکە ووتمان هەر جارە لەلایەن لایەکەوە هیرشی هیناوەتە سەرو داگیر کراوە ، لەبەر ئەوە میژووی یەکەم دامەزراندنی ئەم شارە وون بووەو نەزانراوەو یەکەم جار لەلاین چ دەولەتو میللەتیکەوە دروست بووە . بویە هەروەها میژووی دروست بوونەکەی وون بووە و نەنووسراوەتەوە ، ئەگەرچی ناوی زور لەو میللەتانەش ئەبریت لە میژوودا کە لــەو ناوچەیدا یەك لەدوا یەك چ بە داگیر کردن و چ بەنیشتەجی‌بەتی لەو ناوچەیدا ماوەیەکی زوریش ماونەتەوە وەکو ( لولو ، گوتو ، عیلام ، ساسانی ) یەکان .

ابراهیم پاشا بوچی ناوچەی دەسەلاتی لە قەلاچوالانەوە گواستەوە بو سلیماني و شاری سلیمانی سەر لەنوی دامەزراندەوە ؟

پاش ئەوەی کە ابراهیم پاشا کرا بەحوکم داری قەلاچوالان و فەرمانی بو دەرچوو لەلاین دەولەتی عشمانی‌یەوە ، وە کاروباری وولاتی گرتە دەست ، لەبەر ئەوە پیاویکی زاناو خویندەوار بوو ، بیری لە پیش کەوتن و پەرە پی‌دان و ئاوەدانی

ناوچەکەی ئەکردەوە ، تەماشای کرد ناوچەی دەسەلاتەکەی ( کە قەلاچوالان ) بوو ناوچەیەکی لیژو بچووك بو ، وە بو ئەو ئاوەدانی و پەرە پیسەندنەی کە ئەو بیری لی‌ئەکردەوە ، بە بەریەوە نەبوو ، جگە لەوەش ناوچەیەکی پر لە نەخوشی‌و میشوولە بوو ، ئەمە جگە لە دووریش لە بەغداوە ، لەبەر ئەوە بیری لەوە کردەوە کە ناوچەی دەسەلاتەکەی بگویزیتەوە بو شوینیکی باشترو خوش تر .

لەبەر ئەمە کەوتە سوراخ و گەرانو ووردبوونەوە بو ئەو شوینەی کە مەبەستی بوو ، بویە لە دوا جارا جی شاری سلیمانی پەسند کردوو ، بریاری دا کە ناوچەکەی بگویزیتەوە ئیرانە .

وە ئەوەی زیاتریش پالی پیوەنا کە ناوچەی دەسەلاتەکەی بگویزیتەوە ئیرانـــە ئەمانە بوون :

ا ـ شوینەکەی تارادەیەك پانو گەورە بوو ، کە ماوەی پەرە پیدانی ئاوەدانی هەبوو .

ب ـ هەر وەکو لەپیشەوەش باســمان کرد ئاوەدانیشی تیا بوو وەکو دیی مەلکەندی‌و ئەو سەرایەش کە محمود پاشای مامی تیا دروست کردبوو .

ئەمانە گشتی بوونە هوی ئەوەی کە زیاتر پالی پیوە بنین کە ناوچەی دەسەلاتەکەی بگویزیتەوە ئــیرانە .

لە بەر ئەمە لە سالی ١١٩٦ کوچی دا دەستی کرد بە بناغە دانانی شاری سلیمانی وە یەکەم خانووی ( کە خانووەکەی خوی بوو ) لە نزیك سەراکەوە دروستی کرد ئەمجا مزگەوتیکی دروست کردو لە پاشا قوتابخانە ، ئەمجا وورده وورده دەستیان کرد بە دروست کردنی خانوو ، بو خەلکی ، وە هەر وەکو وتمان ابراهیم پاشـــا لە بەر ئـەمەی کـە پیاویکی زاناو خویندەوار بوو ، زور حەزی بە خویندەواری و زانستی ئەکرد ، وە بو ئەمەش زوری لە پیاوە خویندەوارو زاناکان لە خوی کو کردەوە وەهانی خویندەواری وزانیاری ئەداو ، بەمالی‌و سامان یارمەتی ئەدان بو بلاوکردنەوەی خویندەواری .

ابراهیم پاشـــا له ماوەی سی سالدا توانی له دروست کردنی شاری سلیمانی بیتەوە.

وە بو هوی ناونانی شارەکە بە ناوی ( سـلیمانی ) یەوە لەو نووسراوە نوییانەدا کەدەربارەی شاری سلیمانی نووسراوەتەوە سی هو پیشان ئەدەن بو ناونانی ئەم شارە بە ناوی ( سلیمانی ) یەوە : ـــ

١ ـــ گوایا لەو ماوەیەدا کە ابراهیم پاشـــا خەریکی دروست کردنی شـــارەکە ئەبیت کوریکی ئەبیت ناوی ئەنی ( سـلیمان ) بویە کە لە دروسـت بوونی شارەکە ئەبیتەوە ، ناوی ئەنی سلیمانی بە ناوی کورەکەیەوە .

٢ ـــ ئەلین کە بەناوی والی بەغداوە ناوی ناوە کە ناوی ( سلیمان ) بوو .

٣ ـــ ئەلین لە وەختیکدا کە خەریکی بناغە دانەوەی یەکەم خانوو ئەبن لەناو گلی بناغەکەدا موریك ئەدوزنەوە کە ناوی ( سلیمان ) ی لە سەر نووسراوە بویە ناوی شارەکە ئەنیت شاری سلیمانی .

بەلام تا ئیستا بە تەواوی ئەوە دەرنەکەوتووە کە کام لەم سی هویە راستەو ، بە ناوی کامیانەوە ناونراوە ؟

لە ســـالی ١١٩٩ کوچی‌دا بە تەواوی لە دروست بوونی شاری سلیمانی بووەوەو کاروباری فەرمان رەوایی خوی ئیتر لەویدا جی بە جی کرد .

پاش ئەوەی کە ابراهیم پاشـــا ماوەی پینج سالیك فەرمان رەوایی ئەو ناوچەیەی گرتە دەستو کاروباری وولاتی بە باشی ئەبرد بەریوە ، پاشای عثمانی‌یەکان بو ئارەزوو مەبەستی گلاوی خویانو بو ئەوەی کە هیچ کاتیك دەسەلاتو فەرمان رەوایی تا سەر بو کەس نەمینیتەوە کەوتنە رانانو هەول دان بو ناکوکی خستنە ناو پاشاکانی بابانەوە بو ئەوەی هەمیشە بتوانن لەو ناکوکی‌و دووبەرەکی‌یە بو دەست کەوتو بەرژەوەندی خویان کـەلك وەربگـرن بویە لە سـالی ١٢٠٤ کوچی‌دا بە پی‌ی فەرمانیکی دەولەتی ابراهیم پاشـای لابردو ئەورەحمان پاشـــایان لـە جی‌ی دانا ، لە بەر ئەمە ابراهیم پاشـــا بەدل تەنگی‌و بیزاری وولاتی بەجی هیشـــتو پاش ئەوەی کاروبار کەوتە دەســـت ئەورەحمان پاشـــا ئەم وولاتی بەجی هیشـــتو رووی کردە بەغدا ، بە



www.zheen.org

تەنیاو گوشەگیری تا سالی ١٢١٢ کوچی ، لەم سالەدا هەمیسانەوە سلیمان پاشای والی بەغدا کەوتە ناکوکیو دووبەرەکی خستنەوە ، بویە بەناوی فەرمانەوە ئەورەحمان پاشـای بانگ کردبو بەغداو لەوی فەرمانی لابردنی دەرکردو ابراهیم پاشـای بو جاریکي تر کرد بە حوکم داری ناوچەی بابان .

ابراهیم پاشـا لە سالی ١٢١٨ ی کوچی دا لە موصل کوچی دوای کردووەو دوای ئەو هەمیسانەوە کاروباری ناوچەی بابان درایەوە بە ئەورەحمان پاشـاو کرایەوە بەفەرمان رەوای ئەوناوچەیە . . . .

---

( ١ ) تاریخی حوکمدارانی بابان ـــ نووسینی حسین حوزنی موکریانی /١٩٣١ م

# فولکلور

نیرەر : خوشکە : ن . م

www.zheen.org

## وەیس

بابچینە سەر وەیس بو توبەکاری
توبە لەگشت شت نەوەك دلداری
بابچینە سەر وەیس وەیسی خومانە
لەوەیس نەپرسین خەتای کامانە
گەر خەتای من بوو بمکا شیت وویت
گەر خەتای تو بوو خیر نەبەتە ریت

## سەیدسادق

یا سەید سادق مال وەبەرزەوە
ئەو کچە نەکوژی بەدەم لەرزەوە
یا سەید سادق یا عەبابەیلی
بەجی نەمینی کوچەکەی لەیلی
یا سەید سادق یا مووسای کازم
میردەگولەی بمری بو خوم بیخوازم

# آخر ســـاعة

گوڤاری ( آخر ساعه )ی حەفتەیی ( مصری ) لەژمارەیەکی ئەم دوایی‌یەیدا وتاریکی سەیری بە ناوی ( پەنهانی ژیان لە دێی قبور البیض ) دا بلاو کردبووە . ئەم وتارە کەباسی دێیەك لە دیهاتەکانی کوردستانی سـوریا [ کوماری عەرەبی ] ئەکا بەلگەیەکە بو بێ رەشی‌و دل رەشی‌ی نووسەری وتارەکەو بەرریوەبەرانی گوڤارەکە سەرەرای ئەوەش بریتی‌یە لە کومەلە بوختان‌و راستی پوشین‌و درووو دەلەسە ، ئەم وتارە ناپاکە نالەبارە « پچوکترین تەقەلاش‌ی » هەر تەقەلایەکە بو(وون) کردنی ناوی کورد وە سررینەوەی .... بەلام ئایا یەکیك هەولی ئەوە بدات کە ناوی نەتەوەیەك ون کا هیچ نەبی نابی ئەوەندە گەوج نەبی کە لە وتارەکەی خویدا خوی بە درو نەخاتەوە هیچ نەبی ئەوەندە گیل‌و حول نەبی کە ، شتیکی ئەوتو بلاوبکاتەوە ئەگەر هەزاران بلین درویە یەکیك پی‌ی نلی راستە ؟ بەلام گومانی تیا نی‌یە کە ئەوانەی بیر لەوە ئەکەنەوە ناوی ١٥ ملیون کورد ون کەن هەر ئەبی گەوج بن چونکە وانەبن بیری وا ناکەنەوە.

سەرنج بدەن آخر ساعە ئەلی چی :

آخر ساعە ئەلی « دێیەك لە باکوورا هەیە لەسەر سنووری عیراق‌و تورکیا ناوی « قبور البیض » ، ئەم دێیە هەموو نەریت‌و رەوشتی عەرەبی‌ی تیا کوبوتەوە »

کەچی لەژیر ئەم دیررانەشا وینەی هەلپەرکی‌یەکی کوردی بلاو کردوتەوە کە رەشبەلەکیکی نایابە بەجوانترین جل‌و بەرگی کوردی‌یەوە ، وە سەیر ئەوەیە لە ژیر ئەو وینەیەشا نووسیویتی ( هەلپەررکی‌ی شیخانە ) ئنجا ئایا ئەو جل‌و بەرگانە ؟ ئەو کراس‌و کەواو سوخمانە عەرەبین ؟ وە ئایا هەلپەررکی‌ی شیخانە عەرەبی‌یە ؟ لەلایەکی تریشەوە وینەی ٣ ئافرەتی بلاوکردوتەوە وە لەژیر وینەکەدا نووسیویتی کە ئەمانە بەرراستی‌شاجوانن . . .

ئنجا سەیر ئەوەیە ئەو ٣ ئافرەتە جوانترین بەرگی رەنگاو رەنگی کوردی‌یان پوشیوە.

بەم جورە ئاخر ساعە لە روژی نیوەرودا دزی ئەکا . . ،

وەزانی کەس چاوی نابینی .

# لە دکتورم پرسی

ئەم پرسیارەی خوارەوەمان لە کاك [ م . م . ع ] ەوە لە سلیمانی‌یەوە بو هاتووە ئیمەش پرسیارەکەمان بەرەو رووی دکتور محمود علی عوسمان کرد ، زور سوپاسی ئەکەین دەربارەی وەلامەکەی .

## پرسیار :

ئایا ( التهابی قصبات ) چون پەیدا ئەبیت وە چیە ؟ چون توشی ئادەمزاد ئەبی وە چون ئەبی بە ( مزمن ) ؟ قصباتي مزمن مانای چي ؟ وە ئایا چاك بوونەوەی هەیە ؟ ئەمەن هیچ پەیوەندیی بەم نەخوشی‌یەوە هەیە ؟ پاریزی - دەرماني . . . هتد

بنکەی ژین
www.zheen.org

## وەلام :

التهابی بوریەکانی هەناسە - قصبات - بلاوترین نەخوشی جهازی هەناسەیە وە بەهوی هەلمژینی هەندی بخاری زەرەر بەخش کە کەم رو ئەدات بەلام زورترینی بەهوی میکروبەوە ئەبیت ، بی‌گومان بوریەکانی هەناسە بەربەرەکانی نەخوشي دەکەن بە چەند جوریك ۱ - مادەیەکی لینج دەرئەکەن کە میکروب کوژە . ۲ - هەرچي جورە مادەیەکی زەرەر بەخش بچیتە بوری هەناسەوە فری ئەدریتە دەرەوە بەهوی هەندی هوی تایبەتي - Cilia - . ۳ - خوینی زور ئەچیت بو بوریەکانی هەناسە بو ئەوەی کورەویاتی سپی زور بیت بو بەربەرەکانی میکروبی نەخوشی . ٤ - پیش ئەوەی هەوا بگاتە بوری هەناسە بەلوت‌و قورگا تی‌پەر ئەبیت گەرم ئەبیت وەپیسایی

لی ئەپالیوریت .

بەلام لە هەندی جاردا ئەم توانای بەربەرەکانی نـەخوشیە کەم ئەبیتەوە بـە هوی هیرشی بەتینی میکروبی نەخوشیەك یان سـەرمایـەکی بەتین کەبە سەر بەربەرەکانیەکەدا زال بیت بوری هەناسە توشی التهاب دەبیت ـ التهابی قصبات ـ دوو جورە :ـ

١ ـ التهابی تازە ـ Awte ـ ٢ ـ التهابی کون ـ مزمن ـ Chaonic

١ ـ التهابی تازە پەیدا ئەبیت زورتری لە سەرماوە وە دیسان لە هیندی نەخوشی وەکو کوکەرەشە وە سوریژە وە انفلونزا . یان هەلمژینی هیندی غباری بە زەرەرەوە نەخوشیەکە دەست پی‌ئەکات بـە نیشانی ماسولکەکانی لەش وە بی‌تاقەتی وە کەمی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لەگەل خیرایی هەناسەدان وە هەناسە توندیی ، کوکە لـــە پیشەوە وشك ئەبیت وە ئیشی هەیە بەلام لەپاشا وردە وردە بەلغەم پەیدا ئـەبیت . بی‌گومان لە زورترین جاردا بەیەك هەفتە نەخوشەکە چاك ئەبیتەوە ، دەنگ گر ئەبیت وە زبان بەلغ ئەگریت . التهابی تازە چارەکردنی زور ئاسانە وە بـە دەرمان چاری ئەکریت کە دکتور دای ئەنیت .

٢ ـ التهابی ـ کون ـ مزمن ـ زورتربی لەوانەدایە کەلە تـەمەنی ٤٠ ســـال تی‌بەربون وە بەتایبەتی لە دانیشتوانی شار ـ زورتری لە شارە پر رطوبەتەکانو پر فابریقەو کارگەکان ، التهابی کون بە زوری لە دوبارە بونەوەی التهابی تازە وەیان یەکسەر التهابی کون دروست ئەبیت . لە پیشان نەخوشیەکە تەنها لە سەرمادا ئاشکرا ئەبیت لەپاشا وای لی‌دیت بە سەرماو گەرما دیار ئەبیت .

بی‌گومان هەندی هو هەیە کە ئەگەر لە نەخوشیکدا بیبت زورتر ئامادەیە بوتوش بون بە التهابی مزمن ئەمانەش :ـ پشت کومی ـ چەمانەوەی بربرەی پشت ٢ ـ جگەرە کیشان ٣ ـ التهابی سنگ ـ ذات الرئة ٤ ـ قەلەوی ٥ ـ رەق‌بوونی [تصلب]دەماری خوین (شرایین) ٦ـ نەخوشی تەنگە نەفەسی ـ ربو ـ ٧ ـ نەخوشی دەمو دان یان جیوبی ـ لوت .

التهابی مزمن دەرئەکەویت کە نەخوشەکە هەناسەی توند ئـەبیت لە کاتی هیلاك بوندا ، هیزی ئیش کردنی کەم ئەبیتەوە ، کوکەیەکی زوری ئەبیت بە تایبەتی بەشەو

کەم خەوی وە هەناسە توندی تەواوی نەخوشەکە لاواز وە بی‌هیز ئەکات ـ هەناسە توندی ـ ربو ـ زور جار لەم نەخوشیە دروست ئەبیت .

ئەمە بوو بە شیوەیەکی گشتی باسیکی التهابی بوریەکانی هەناسە بەلام هەندی پرسیاری بچوك ماوە وەرامی بدەمەوە :ـ

١ ـ بی‌گومان ناتوانین بلـین هەرگیز چاك بونەوەی نیە بـەلام پاریز وە دەرمانی زوری ئەویت وە هەتا تازە تر بیت زوتر چاك دەبیتەوە ، بـەلام کە زور کون بو کشانی ـ توسع ـ قصبات لەگەل گەورەبونی ســـیەکان دروست ئەبیت کە چاك بونەوەی زور کەمە .

٢ ـ بو بەکار هینانی چە دەرمانیك وە چونیەتی بـــەکار هینانی پیویستە بچیتە لای دکتور .

٣ ـ ئەو کەسەی ئەم نەخوشیەی هەیـە استراحەتی زور ئەویت ، هەروەها زور خواردن یان ترشی‌و ساردی‌و جگەرەو خواردنەوە ئـــەزیەتی زور ئـــەدات ، وە پیویستە تا پی‌ی ئەکریت لە جیگەی گەرمی بی رطوبەتدا ژی .

٤ ـ بەلی التهابی قصباتی مزمن تأسیر ئەکاتە سەر دل ئەویش کە زور کون ئەبیت وە سیەکان گەورە دەبن ، دل ناتوانی کاروباری خوی وەکو پیویست بکات وە پەلە پەل زور ئـەکات لەگەل هەناسە توندی لەکاتی هیلاك بوندا دیسانەوە ئـەگەر زور بمینیتەوە دل گەورە ئەبیت ، ئەمەش دەرمانی تایبەتی هەیە بو چارکردنی .

تیکەی ژین
www.zheen.org

# ببوورە

بەم زوانە چیروکی ( ببوورە ) ی کومەلایەتی لە سی‌بەشدا ئەکەویتە بازاررەوە لە نووسینی کاك کمال رؤوف محمد . . . چاوەنوارر بن .

# كوچی دوایی

## ماموستا مەلا سعيد افندی کابان

لە ڕوژی ١٩٦١/٧/٥ دا ماموستا سعيد کابان کوچي دوایی کرد ، وە شاری سلیمانی بەوپەڕی ڕیزەوە لەشەکەیان سپارد بەخاکی پیروزی کوردستان ، وە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خەلك بو پرسە هاتن ، سەرخوشي لە کەسوکاری ئەکەین خوا لی ی خوش بی .

## ماموستای کوچ کردوو

◦ یەکی بوو لە ماموستایانی قوتابخانەی زانستی لە سلیمانی .

◦ یەکی بوو لە ماموستایانی یەکەم قوتابخانە لە سلیمانیدا .

◦ شـــارەزایەکی بەناوبانگ بوو لە زمانی کوردیدا ، وە یەکی بوو لەوانەی بو یەکەم جار سەرو بوری عەرەبی ی لـە نووسینی کوردیدا لابرد ، وە پیتی ( ـە )ی بەکار هینا ، وەکو وشەی شارکم = شارەکەم .

◦ ماموستایەکی کورد پەروەری ڕەوشت بەرز بوو ، تەمەنی ٩٣ سالەی بە پوختی و خزمەتکردن بردە ســـەر .

## کوچی دوایی جلال صائب

لە ڕوژی ١٩٦١/٧/١٢ دا ماموستا جلال صائب باوکی کاك شەمالی هونەرمەندو کاك نهال کوچی دوایی کرد ، خوا لی ی خوش بی و سەبووری بەکەس وکاری بدات .

## مەلا خالد کوچی دوایی کرد

مەلا خالدی دوا کوڕی شـــاعیری نەمری کورد ( مەحوی ) وە باوکی مەلا اسعد لە تەمەنی ٨٦ ســـالیدا ڕوژی ١٩٦١/٧/١٦ کوچی دوایی کرد ، خوا لی ی خوش بی و سەبووری بدا بەکەس وکاری .

# ( محمود جودت )

( عمر حسن دەولەت )

خوا لی خوش‌بو محمود کوری ئەحمەد جەودەتە کـوری محمود ئاغای بچکولـەیە وە ئـەچیتەوە سەر تیرەی ئاغاکانی زەنگەنە وە لەگەل بابانەکان‌و تیرەی باوەجانی جاف خزمایەتی‌یان هـەیە وەکو حاجی توفیق پیرە میردی شاعیری ناودار گیراویـەتیوە گوایا باپیری محمود جـەودەت سەرایەداری بابانەکان بوە وە لـەگەل میرزا بەدیعی بابە جان کە دوکتوری دواپاشای بابان بوە هاوری‌و خزمی یەکتربوون ، باوکی محمود جەودەت نوسەری ئەنجومەنی فەرمان داری تورکی عثمانی بوە لە سـلیمانی ، محمود جەودەت لە سـالی ١٨٨٩ لە سلیمانی هاتوتە دنیاوە وە لە تەمەنی ( ٥ ) سـالی‌دا لەلایەن مامیەوە نراوەتە بـــەر خویندن ولای خواجا ئەفندی‌و ملا ئەحمەدی دەنگ گەورە خویندنی قورئانی پیروز و نوسـین و خویندن فیر بوە ، پاش دوو سـال خراوەتە خویندگای روشدی سپاییەوە لە سلیمانی دوای تەواو کردنی لە سـالی ١٩٠٧ چوە بو ئەستەموول بو فیرگەی جەنگی شاهانە لە ئەستەموول وە لە سالی ١٩١١ تەواوی کردوەو بوە بە ئەفسـەری یەك ئەستیرە وە لە سەرەتای شەری یەکەم سـالی ١٩١٤ کراوە بە ئەفسـەری دوو ئەسـتیرە وە لە شـەری چەنەقەلاو کوت‌و عەمارەدا بەش‌داربووە لەگەل ئنگلیزا شیرانە جەنگاوە ، لە سـالی ١٩١٩ هاتوتە سـلیمانی وە لە سوپای کوردستانا لە کاتی شاهیتی شیخ محمودا بە پایەی خوی دامەزراوە وە لە سـالی ١٩٢٤ چوتە سوپای عیراقەوە وەگەیشتوتە پایەی سەرەکی یەکەم ( رئیس أول ) دوای ئەوە لە لەشـکری عیراقی جیا بووە لە سـالی ١٩٣٠ دا بو بە هاوکاری شورشی شیخ محمود لە پیران‌و بازیان زور بە مەردانە ئازایەتی نواندوە ، ئەحمەدی حمدی سـاحب قران لە هەل‌بەسـتی شـەری ئاوباریکا ئەلی :-

ناماری کورد سی زابت بە هاوری‌یەتی سەلام
کەوتنە مەردانە سەعی حیرەتم بو فی المثل

---

کامل‌و محمودی جەودەت متفقیان بو حەمید
زابتی جیشی عەرەب بوون کردیان سەرفی نەزەر

---

تەرکی موقعیان کە کرد هاتن بە فکری انتقام
لەم بیابانو گەرانە بی ترس وەك شـیری نەرر

---

بو پەناو شکوا لە پیران چونە لای سەرداری کورد
وەعدی دا من حازرم نەك هەر بە مال‌و جان‌و سەر

---

دوای کوژانەوەی شەری شیخ محمود بە دیل گیرا نیررا بو کەرکوك پاش دەرچوونی بە خشینی میری بو بە ئەندازیار و لە سالی ١٩٣٧ روژی دوشەممەی مانگی تشرینی دووەم کوچی دوای کردوە ( بەخنکاندن )

سەلامی شاعیر زور بە ئاواتەوەبوو لەسەر محمود جەودەت بنوسی لە رەوشت‌و بیرو باوەرو نەتەوە پەرستی کاکە مەحمودی نەمرەوە بەلام داخی بە جەرگم وەکو خوی ئەلی ئەو بیرو ئارەزوو ئاواتەم بو نەهاتە دی .

لە هەلبەسـتە شیوەنەکەی پیرە میردا کە لە روژنامەی ژیانی سـالی ١٩٣٧ ژمارە ٥٤٣ بلاو کراوەتەوە ئەلی :

ناکامی ئەیام کامەرانیم‌رو ــ بەر نەخواردوی باخی ندگانیم‌رو
فدای وەتەن دل سوزی میللەت ــ نمونەی سەخاو ئازای‌و غیرەت

---

سەرو مالی خوی بو ئیمە دانا ـــ بە بەدنمەکی نەمان گوت دانا

ناتوانم پیشەی مەردی تەواو کەم ـــ بەیادی چارەی جەرگی سوتاوکەم

هەروەها گوران بوی لاوانوتەوە ئەلی :

لە بەغدا دەرچوو ، ســـەیوانە ئامانجی

ری چولکەن ئەی برای زازاو کرمانجی

ری چولکەن بو مەیتی ریبواری ماتو زیز

توخوا با کەم تەرر بی بە فرمیســـکی پاییز

ئەو مەحمود جەودەتەی کە قبلەی هیوا بو

ئەو محمود جەودەتەی قەلاو پەنابو

ری بەردەن با بروا بو سەیوان تابوتی

چاو شورکەن لە عاستی توانجو تانوتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

وە نەبی ئەم قارەمانە هەر لە مەیدانی تیکوشانو خەباتا هەولی دابی بەلکو شورە ســـواریکی مەیدانی ویژەو نوسینو هەلبەست بوە چەند هەلبەستیکی هەیە کراوە بە گورانیو ســـرودی فیرگەکان لە کاتی کونا ئەووترا وهەروەها میژووی جولانەوەی پولونیای نوسـیوە و بهاء الله‌و دەوری نوی‌ی گوریوەتە سەر زمانی کوردی وهەروەها چەند هەلبەستیکی لە زمانی فەرەنسی‌یەوە کردوە بە کوردی وەکو هەلبەستی (گول) هەروەها لە نوسینی دەستوری خوو و رەوشت دا بەشدار بوە .

هەمو کاتی یادی ئەم نەمرە ئەکریتەوە و جیگەی شانازی هوزەکەیەتی .

## چیرۆکی ژماره

پیشکەش بە ئافرەتانی کوردستان بی

# چون لە بەندیخانەی لاروکیت رامان کرد؟

گرتنو دەربەدەریو کوشتن ، فیداکاریو خوبەخت کردن ، دەس لە خوشیو بەزمی ژیان هەلگرتن ، کویرەوەریو ئازار چیشتن ، بەشی تیکوشەرانی ریگەی رزگاری هەموگەلیکن • راستی فەرموە شاعیر کە ئەلی :

گەلی کە میژوی بە خوین نەنوسری      چون تولەی ژینی دوا روژ وەرنەگری
یا کەی سەربەستی بە کەس دراوە ؟      کە هەر بە خوینو خەبات ئەسینری

بنکەی ژین
www.zheen.org

میژوی خویناوی نەتەوەی کوردمان ، تیکوشانی ئیستەی جەزایرو ئەنگولاو کوباو لاوس ، هەموی هەر ئەو راستیانەی سەرەوە دوبارە ئەکەنەوە ئەم چیروکەی خوارەوەش ، چیروکی راکردنی شەش ئافرەتی تیکوشەری جەزایریو فەرەنسیە ، کە یەکیەتی ئامانجو بیروباوەر پیکەوەی بەستون ، نمونەیەکی تری ئەم راستیانەی سەرەوەیە •

ئەم شەش ئافرەتە تیکوشەرە کەلە خوارەوە ناویان دینن وەختی خوی ئیمپریالیستەکانی فەرەنسە بە تاوانی - یارمەتی دانی بەرەی رزگاری نیشتمانی جەزایر - لە بەندیخانەیان ئاخنیبون •

خوشکانی تیکوشەر : زینە هرایق ، فاطمە حەمود ، ئلیان روزاریو

هیلین کونا . جاکلین کاری ، میشلین بوتو ، بەم جورەی کە روژنامەی ( المجاهد ) ی جەزایری بومان ئەگیریتەوە لە بەندیخانەی ( لاروکیت ) رایان کرد .

وەرگیر بو کوردی

**( ئاگر )**

٭ ٭ ٭

خوشکە زینە هرایق بەم جورەی خوارەوە باسی راکردنەکەی خویو پینج دەستە خوشکەکەی بو روژنامەی ( المجاهد ) ی ئورگانی ناوەنـدی بەرەی رزگاری جەزایر گیرایەوە شەوی ( ١٠ ) مایسی ١٩٦٠ ، لەکاتی چونما بو لای دەستە خوشکیکم گیرام جانتاکەی دەستم وینەی هیندی پولیسی فەرەنسی تیا بو کە ناسرا بوون بە دوژمنایەتیو دل رەشیو شوڤینیتی لە راونانی نیشتمان پەروەرانی جەزایرو ئازاردانیان . هەر کە گەیشتمە قاتی دوەمی ئەو بالاخانەیەی مالی دەستە خوشکەکەمی تیا بو هەستم بەوە کرد کە هیندی کەس بە دوامەوەن . ئاورم دایەوە دیم ، دە پولیس بەخیرایی بەسەر پیپلکەکان ئەکەون ئەوسا باش تیگەیشتم چیان گەرەکە ، بەلام بەسەرخوم نەهینا وەختی پولیسیکیان گەیشتە لام ، خوم لاداو ریگەم بو چول کردو پیم ووت :

فەرمو تیپەرە ! . پولیسەکەش وەرامی دامەوەو وتی : « پەلەم نیە » ئەمەی ووتو یەخەی گرتمو رای‌کیشـــام بەدوای خویا . پاشان خوی پی ناساندم و وەزیفەکەی خوی پی گوتم ، ئنجا ئەمری پی کردم سەرکەوم لەگەلیان کە بردمیان دیم هیندی پولیسی تر لە بەر دەرگای مالەکە راوەستابوون رەنگە چاوەنواری ئەوە بو بن کە بدەن بەســـەر کوبونەوەیەکی لیژنەی لقی ویلایەتەکەیان هیچ نەبی برایەکەم بگرن ، کە چەند جاری بە خنکاندن حوکم‌دراوە .

لـەناو مالەکە داوای کلیلەکانی ئـەو جانتایانەیان لی کردم کە لە گوری فری درا بوون . منیش بە دەستوبردی و دەست پیشکەری کلیلەکانم فری دایە پشت کورسیەکو وەرامم دانەوە : « کلیلەکان لای من نین » ئەوسا بە خەنجەرو نوکە نیزە جانتاکانیان

هەلدری تا ئەودەم من بە فەرەنسـی نی ئەگەیشتن بویە لی‌یان پرسیم : « تو چون فەرەنســـی‌یەکی ؟ یارمەتی شورشگیرە پیاو کوژەکان ئەدەیت » وەرامم دانەوە وتم : « مەسەلەی جەزایر ، مەسەلەیەکی عادیلانەیە وە بە پی‌ی بیروباوەری سیاسیم پیویستە یارمەتی نیشتمان پەروەرانی جەزایر بدەم » دوای ئەوەی هەندی چەکی جەنگیان لە ناو جانتاکانا دوزیەوە کەوتنە گرماندن‌و بولە بول بەسەرما ، کە چاویان بە پاسەدەست کردەکەم کەوت ، کەوتنە گەف و هەرەشەکردن لیم . منیش ناوی راستەقینەی خومم پی ووتن ، ئنجا گوتیان باشە ئیمە ئەتپشکنین . . . وە زور بە بی شەرمی‌و زولی‌یەکەوە پییان گوتم . . . « کالمانت بـە دلە هـەلیژیرە بو ئەوەی خوتی لا روت‌کەیتەوە ! » دوابەدوای ئەم قســـەیە دەستیان کرد بە داهینانی نوکتەی بی شەرمانەو بی ناموسانە لەســـەر . . . منیش بە توندی وەرامم دانەوە و پیم ووتن : « بمکوژن خوم رووت ناکەمەوە » دوای نەختی مشتومرر لە ناو خویانا سەرکردەکەیان رازی بو کە هەقم هەیە خوم رووت نەکەمەوە بەلام گوتی : « باشە با لە نوختەی (دی سوسی) ژنیکی وەردیان تەفتیشی بکا »

دەوروبەری سەعات ( ٢/١٥ ) نیوەشەو گەیشتینە نوختەی ( دی سوس ) ی پولیس ، لەوی دەست بەجی ، داوای ئەدرێسی مالەکەی خومیان لی کردم ، من وام ئەزانی مالەکەم پی نازانن ، بەلام بە زور راپیچەکیان دام‌و بردمیانە مـالەکەی خوم . لەبەر دەرگا لولەی دەمانچەکەیان لەپشتم قایم کرد و پی‌یان ووتم « هەر نوزەت لیوە بیت ، یان شتیکی وابکەیت کەس بە ئاگایت گیانت دەردینین » . لەوی زور بسە ترس‌و پەشـــوکاوی‌یەوە ژوورەکەمیان پشکنی ، لە چەند ژمارەیەکی « المجاهـد » بەولاوە چیکەیان دەست نەکەوت .

## لە نوختەی پولیس‌دا

کە گەراندمیانەوە نوختەی پولیس ، ویستیان بزانن کی ئەو چەکەیان پی داوم ، منیش هەر لە خومەوە شتیکم هەلبەست کە گوایە کچیکی قژ زەردی سوورو سپی لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەردەمی بالاخانەیەکا لە فلانە گەڕەک ئەم چەکەی تەسلیم کردوم ، ئەوەی ڕاست بی لەباسی کچەکەدا وەسفی خومم بو ئەکردن !

دوای نیو سەعات کچیکی سوروسپی قژ زەردیان هینا . بەلام من هەزار سویندم بو خواردن کە ئەم کچە هەونیە . ئەمە هەر چەندە ئەوکچەی هینابویان لە ئیمەش نەبو .

لە سەعات چواری بەیانیدا ( ١٢ ) پولیس هاتن . لەمانە دوویان وینەیان لە ناو جانتاکەم دوزرابووە . ئەم دووە پییان گوتم : « هەرچیکمان لی بیت ئوبالی لە ئەستوی تویە ! » کە سەرم هەلبری و لی‌یان ورد بومەوە ، زور ناشیرین هاتنە بەر چاوم بەجوری کە خوم پی ڕانەگیرا و دامە قاقای پیکەنین .

لی‌یان پرسیم : کی دەناسی ؟ لەوەراما ناوو ئەدریسی نیشتمان فروشیکم دانی . ئەمە بو ئەوەی ماوەی پشودانیکم بدەن . خستمیانە ژووریکی چول و هول لە میزەکی ڕەق و تەق بەولاوە چیکەی تیا نەبو ، تەنانەت پیخەفیشیان نەدامی .

نەیان دەهیشت کەس ئاگادار کەم یان تەنانەت لەگەل ئەو دوو خوشکە تیکوشەرەش بدویم کە لەوی گیرابوون .

تا سەعات حەوتی ئیوارە بە پرسیار دایان گرتم . نیوەرو کە هاتن بمبەن بو پرسیارو گفتوگوکردن ووتم « تا نان و چام نەدەنی نایەم وە گەر بشم کوژن ورتەم لە دەمەوە نایەت »

پاش ئەوەی نانیان دامێ بردمیان بو لی پرسینەوەم . من بە سەربەستی پیم ووتن کە من سەربازیکم لە لەشکری ڕزگاری نیشتمانی‌دا وە خوم لای ئەوان بە یەخسیر ئەزانم من هەرتەنها بە فرمانی نیشتمانی خوم هەلساوم . . . گرتنەکەشم بە هەق نازانم . بویە هەر بوم ڕیکەوی ڕائەکەم وسەرلەنوی تی هەلئەچمەوە لە خەبات .

لە سەرەتادا پولیس ویستیان بەخوشی و نەرمی ، لاسم بدەن بە زولی‌یەوە پییان ئەگوتم « تو کچیکی شوخوشەنگی چیتە بە سەر ئەو خوبەخت کردنە بی سودو بی کەلکەوە » بەلام ئەم فیلە دادی نەدان . ئنجا دەستیان کرد بە گەف و هەرەشە کردن لیم . ئەو

دووەی وینەکەیان دوزرابووە لە جانتەکەما ویستیان لیم دەن . پاشان دەستیان کرد بە شیرەشیروگالەگال بە سەرما وەکومەلە پرسیاریکیان لی کردم . . . لەدوایی‌دا لی‌یان پرسیم « ئایە تو شیوعیت ؟ » لە وەراما بوم شەرح کردن کە ئیمە نیازمان چیە لە « جەمهوریەی دیموکراتی‌و کومەلایەتی جەزایر ».

روژی پینجەم بردمیانە بەردەمی حاکم ـ بیریز ـ لەوی وەرامی پرسیارەکانیم نەدایەوە .

## لە بەندیخانەی ( لاروکیت ) دا

٣هەفتە لـــە بەندیخانەی « لاروکیت » دا ماینەوە ، ئیمەیان لەگەل ئافرەتە گیراوەکانی قانونی گشتی دانا بوو . وە هیشتا بـەگیراوی سیاسیان دانەدەنایین ئیمەش رەخنەمان گرت و ئەمان سەلماند کە وەك ئەوانی تر رەفتارمان لەگەل بکریت ..

پاشان نوینەری ئەنجومەنی « سەلیبی سوور » ی دەولی هات بو چاو پی‌کەوتنمان ، وە دیتی کە نوینەرەکانمان پرر لـــە حەشەرەت‌و خواردنەکەشمان زور خراپە ، وە دەرمان و دکتوریش قاتە ! لای ئیمە دکتوریك هەبوو ناوی « بوتی جان » بو هەمیشە سەرخوش بو دکتورەکەی تریش هەمیشە وون بو ، بویە بو وەدەست هینانی دەنکە ئەسپرویەك ئەبوایە دوو سی روژ چاوەنوار بین .

بو وینە ، من خوم ، جاری ریخولەکویرەم دەیەشا دکتورە هەمیشە سەرخوشەکە دەرمانی رەوانی دامی ... وە هەر چەندە ویستم تی‌ی بگەیینم کە من نەخوشیەکەم شتیکی تری گەرەکە ، ئەو هەر پیدەکەنی .

کە بەگیراوی سیاسی داندراین ، حالمان باشتر بوو ، وە خراینە قاوشیکی پینجەمی ژنانەوە ، ئەوسا دەســـت بەجی هات بەبیرمانا کە پیلان دانین بو راکردن ، ئیتر دەستمان کرد بەدیراسەت کردنی هەموو توانایەکمان بو راکردن ، شـــان بەشانی دریژەدان بەدەرس خویندن لە ناو بەندیخانەدا بەپی‌ی ئەم ریکخستنەی بەرەی رزگاری نیشـــتمانی بوی دانابوین . تەنانەت هەندی لە خوشکەکان لـە بەندیخانەدا فیری خویندنەوەو نوسین بوون ، بەجوری کە ئیستە بەدەستی خویان نامە بوکەسوکاریان ئەنوسن .

# دریژەدان بە خو ئامادەکردن بو راکردن

یەکەم شتی لەم ریگەدا کردمان ئەوە بو ، کە کلیلمان پەیدا کرد بو دەرگاکانی ژورەوە دوای ئەوەی بەهەویر ئەندازەی کلیلەکانمان وەرگرت . بەلام زور گیروگرفتمان هاتە ری . ئنجا بیرمان کردەوە لە راکردن . بەسەربانا ، دوای برینەوەی شیشە ئاسنەکانی زیندانەکە . بەلام دیمان کە مەترسی ئەم ریگەیە گەلی زیاترە .

دوای دوو مانگ بیرکردنەوەو لیکدانەوە ، ریگەیەکی ترمان دوزیـــەوە بریارمان دا کە هەر یەك لە ئیمە ( ئیمە شەش ئافرەتی تیکوشەر بوین ) روژی چوار سەعات پاســەوان بیت . هەندی ژنە فەرەنسی هەبوون گەرەکیان بوو ئازاد بنەوە . هەندی جەزایریش هەبوو دەیانەویســت بگەرینەوە کوری خەبات . ئیمە هەمومان لەیەك قاوش بووین ، بەمە هاتو چوکردنمان ئاسان بو . ریگەی ئایابمان دوزی بووە بو پەیوەندی بەیەکەوە کردنو یەکتر ئاگادار کردن و تیشك گرتن ... بو وینە چەنـــد قوتویکی بـــەداو بەیەکەوە بەســـتراومان دانا بو ، وە ریگەی تریشمان هەبوو .

وەختی ئیمە لە ناو بەندیخانە خەریکی خو سازدان بوین بو راکردن ، ریکخراوەکەمان لە دەرەوە ئەمەی بیستەوە . وە کە محاکمە کردنی جیهازی « جونسون » لە مانگی مبتمبەرا کوتایی هات ، چالاکیمان زیاتر کرد لە خو ئامادەکردن بو راکردن .

بنکەی ژین www.zheen.org

یەکەم شتی کە ئەبوایە بیزانن ئەوە بو ئایە لە باغەکەي دەرەوە بەشەو پاسەوان هەیە ؟ بو ئەوەش ، چونکو پەنجەرە نەبو بەسەر باغەکەدا بنواری . ئەبوایە دەرگەی باغەکە بکەینەوەو بزانین پاسەوانی لی هەیە یان نا ؟ بو ئەمەش ، کەوچکمان بەکار هینا ، بەلام زور دەنگی لیوە دەهات ، بویە ناچار شیشیکی ئاسنمان بەکار هینا تا سەرکەوتین وەزانیمان کە پاسەوانەکان سەعات سیو نیوی دوای نیوە شەو بەباغەکەدا تیئەپەرن .

مانگی رەمەزان هات ، داوامان لە هەلسورینەری کاروباری بەندیخانە کرد ، کە

ماوەمان بدات شەو تا پارشیو نەنوین بەبونەی ئەم مانگە پیروزەوە هەلسورینەرەکانیش موافەقەتیان کرد لەم حالەدا گەلی دەرگای دیوی ژورەوەمان بو ئەکرایەوە و پیویست بەوە نەما . ئیمە خومان بیکەینەوە .

ئنجا مایەوە . کاری هەرە قورس و دژوار ، ئەویش برینی شیشەکانی پەنجەرەکان بوو ، بی ئەوەی پاسەوانەکان هەست پی بکەن ... بو ئەمە ئاسن برمان پەیدا کرد . ئەوەشمان ئەزانی هەفتەی دووجار مراقەبە هەیە . لە روژی هەینی و سی شەمە لە بەینی سەعات یەکو نیوو دووا بویە ئەبوایە لە دوو روژی بەینی ئەم روژانەدا کاری خومان بکەین .

بریارمان دا روژی سی شەم راکەین ، بەلام ئیشمان تەواو نەبو .. لەم ماوەیەدا زور جار پاسەوان و گیراوی تر دەهاتن بەجوری کە نەمان ئەتوانی کاری خومان تەواو کەین .

مایەوە ، پەنجەرەکەی ئاودەستخانە ... ئەومان لەسەرەوە بو خواری بری وە دەستمان کرد بە وازی ( ریاضە ) کردن و بیر لە ئیحتیات کردنەوە ، بو ئەوەی کە هەڤالەکانمان نەتوانن لە کاتی خوبا بین .

روژی پینج شەم سەرلەبەیانی ، گیراوەکانی قاووشی خومانمان ئاگادار کرد کە ئیمە شتیکي وامان بەدەستەوەیە . تاکە کوسپی ریگەکەمان ، برینی پەنجەرە دارینەکان بوو . مشارەکەمان داری باش نەئەبری ـ ناچار بوین پەنجەرەکان بسوتینین ... لە سوتانا وەخت بو ئاشکرا بی ، چونکە یەکیکیان ، لەوەی ئیمە دەمانەویست زور تر سوتا ، بویە ناچار بووین بەپەرو بیکوژینینەوە .

سەعات سیو نیوی دوای نیوە شەو دەرگای زیندانەکانی دەستە خوشکەکانمان کردەوە ، دوو دوو ، بەگوریس خومان شور کردەوە ... لە ساحەکەدا بەپیی ریك کەوتن ، پەتیکیان بو هەلداین سەری دوایەی سابونەکی پیوە بو ، بەلام پەتەکە کەوتەسەر دیوارەکەو نەهاتە خوار ناچار بەدیوارەکە هەلگەراین . لەم هەلگەرانەدا ، زور ئازارمان دیت ، هەمو قاچمان بریندار بوو . تەنانەت خوشکیکمان سەری سوراو

نەیتوانی بەتەنها پیی هەلگریت بەلام ئیمە بەهەموان یارمەتیمان داو بەسەرمان خست ، ئنجا بەپەتەکە خومان شور کردەوە و بازمان دا سەر ئەرز . . قاچمان هەمو خوینی پیا دەهاتە خوار ، بەلام خوشی خوشی ئازاد بوون هەموو ناخوشیەکی لەبیر بردبوینەوە کە نواریمان وا ئوتوموبیلیکی زل چاوەنوارمان ئەکات ، جلو پیلاوی نویشیان بو هینابوین ، خومان گوریەو چوین ( چیشتی هەرەخوش « کسکسی » مان ) خوارد ....

وا ئیستەش هاتینەوە بو کوری خەبات . لە ناو خوشکو براکانمان بەئازادی بو رزگاری نیشتمان خەبات ئەکەین .

~~~~~

## نامانجی روژی نوی

خەباتمان : خەباتیکە لە ریی سەرکەوتن و پیشکەوتنی هەموو نەتەوەی کوردا لە هەموو کوردستانی پیروزدا

( روژی نوی ژمارە ـ ١ ـ سالی ـ ١ )

تنکەی ژین
www.zheen.org

## پیویستە بیزانی

لە کاتیکا کە خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ، پارەیەکی زوری پیویستە بو چاپ کردنو کونگرە گرتنو هاتوچو کردن ، سەرەرای ئەمەش وەکو زانیومانە یارمەتیی ریکخراوی کوردستانی جیهانیش ئەدەن چونکە ئەم ریکخراوە لە رووی پارەوە زور دەستکورتە . . .
~~~~~




# جەلادەت بــەدرخان

لە ١٥ی تەمووزی سالی ١٩٥١ی زاینیدا دلی جەلادەت بەدرخانی نـەمر لــە لیدان کەوت ، بەمە نەتەوەی کورد سەرکردەیەکی شۆڕشیو نووسەریکی بــەرزو روالەیەکی تا بلی‌ی دلسوزی لەکیس چوو کە هەموو ژیانی خوی تەرخان کردبوو بو تیکوشان لە پیناوی نەتەوە قارەمانەکەیا .

دکتور بەدرخان نالاوی سزاو ناسوری تاخلتەی چەشت لە پیناوی رزگاریی کوردا بەلام هەرگیز نـە تالی‌ی ژیانو نەترسی مردن توسقالی کاریان نەکردە دلی پولایینی . حکومەتی ( تورك ) حوکمی دا بە [ اعدام ] وە تووڕانی‌یەکان هەمیشە بــە هەموو توانایەکیانەوە دررندانە هەولی ئازاردانی بەدرخانی تیکوشەریان ئەدا ، بەلام بەدرخانی ئازا تا دوا هەناسە بەبی وچان تی‌کوشا ، وە ساتیك لە خەبات کردن دوا نـەکەوت وە هەمیشە لە پیشڕەوانی کاروانی خەباتی کوردایەتی بووە ، وەلە هەموو هەنگاویکیا سەری کوردی بەرز تر کردوتەوەو بووە بە مایەی شانازی .

## بەدرخان لە چەند دێرێکدا :

• دکتور جەلادەت بەدرخان هەر لە منالی‌یەوە ریگەی کوردایەتی‌ی گرتبوو ، وە لەسەردەمی عوسمانی‌یەکاناو پاش ئەو سەردەمەش بەو پەرری چالاکی‌یەوە لە ریزی پارتی‌یە کوردی‌یەکانا تیکوشاوە .

• سەروکی کومەلەی ( خویبوون ) بوو .

• ئەلفو بێی کوردی ، وە ریزمانی کوردیی داناوە .

• فەرهەنگیکی ( کوردیی ـ کوردی ) داناوە کە هەموو لەهجەکانی زمانی کوردیی تیایە .

• دوو گوڤاری دەرکردووە بە تیپی لاتینی ، یەکیکیان ( هاوار ) وە ئەویتریان ( رووناهی ) ئەم دوو گوڤارە تا رادەیەکی زور بەرز پلەی زانیاریی کوردیان بەرز کردەوە ، وە بوو بوون بە قوتابخانەی نەتەوایەتی لاوانی کوردستان .

• تیپی لاتینی‌ی بو نووسینی کوردی دانا ، وە ئەم تیپانە بوو بە بنچینەی نووسینی کوردی بە لاتینی .

بەم جورە دکتور جەلادەت بەدرخان مەشخەلی تیکوشانی بەرز کردەوە تا خالك گرتی‌یە باوەش .

بەم بونەیەوە هەزاران سلاو پیشکەش بێ بە گیانی نەمری جەلادەت بەدرخان کە بووە بە ئەستیرەی گەشی پرشنگداری ئاسمانی خەباتی کوردایەتی ، وەلە دلی هەموو کورد پەروەریکا ناوی بە زیرری شانازی نووسراوە ، وە تا ئەبەد لە باغی نەمریدا ئەژی‌و لە توماری کوردایەتی‌دا ناوی ئەبریسکیتەوە .

لەم کاتەدا کە یادی بەدرخانی تیکوشەری نەمر ئەکەینەوە پرر بە دەنگ بانگ ئەکەینە هەموو کوردیکی دلسوز کەگەرمترو گەرمتر تێ‌بکوشن لە پیناوی کوردستانا

## هەر بژی یادی جەلادەت بەدرخانی نەمر

( روژی نوی )



www.zheen.org

# خويندكارانى كورد لە ئەوروپا

## وە

## زەمالەى خويندن

ە ١٠ قوتابى‌ى كورد بە زەمالە وەرگيران ، وە لەم ١٠ قوتابى‌يە چواريان ئيستە لە دانشگاكانى ئەوروپا ئەخوينن ، وە ئەوانى تريان بەم زوانە لەلايەن كومەلەى خويندكارانەوە ئاگادار ئەكرين .

ە لە ئەنجامى هەولى خويندكاران و دكتور كامەرانا ١٠ زەمالەى تر بو قوتابى‌يانى كورد وەرگيرا ، لەبەر ئەوە هەر قوتابى‌يەك ئەيەوى بەزەمالە بخوينيت دەست بەجى رووبكاتە بارەگاى روزى نوى لە شەقامى سەعيدان وە ئەو پيويستيانەى لەمەرجەكانا داواى لى ئەكەين لەگەل خويا بيهينيت وە يان لەگەل نامەيەكا بومانى بنيريت .

### مەرجەكان

١ـ شەهادەى بەكەلوريى ثانەوى ( بەئينگليزى دانەيەكى لى دەرهينرابيت )

٢ـ راپورتيك بە ئينگليزى بەم جورەى خوارەوە پرر پكاتەوە .

ە ناوى خوى و باوكى .

ە تەمەن .

ە چونيەتى ژيانى كەسوكارى لە رووى دەرامەتەوە .

ە ئەو بەشەى ئەيەويت بخوينيت ( واتە چ جورە خويندنيكى ئەوى ـ پزيشكى ـ زمان ... هتد )

ە چ زمانيك ئەزانيت .

ە راپورتى دكتور دەربارەى تەندروستى .

پیویسته ئەم راپورتەو شەهادەکە تا ٣١ ی ئابی ١٩٦١ بگات بە دەستی مامۆستا کامەران بەدرخان ، لەبەر ئەوە ئەبی ئەوبەروی تا ماوەی ١٠ روژ بگات بە ئیمە ، تـا ئیمەش فریای ئەوە بکەوین کە لـەکاتی خویدا بیگەیینین بە دکتور کامەران وە جگە لەو زەمالانەش ئەوی ئەیەویت لەم بەشانەی خوارەوە بخوینیت دیسانەوە ئاگادارمان بکا ، وە مەرج نی‌یە کە شەهادەی ثانەوی‌یان هەبیت .

## بەشـــەکان

١ـ ئوتوموبیل چاك کردنەوە

٢ـ کارەبـا

٣ـ ترومپای کارەبایی

٤ـ بەنـایی

٥ـ مەکینەی کشتوکال

٦ـ رادیو وە تەلەفیزیون چاك کردن

٧ـ شیرو پەنیرو کەرە

٨ـ مرەباو میوە وشك کردن

٩ـ بەرهەم هینانی هەنگوین

١٠ـ پەروەردە کردنی مریشك

١١ـ ئاووهەوا ( ئەنوائی جوی )

١٢ـ دروست کردنی رادیو وە بی‌تەل

١٣ـ دارتاشـــی

١٤ـ ئاســـنگەری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سلاو بو کونگرەی

# خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

ئەی ئەندامە بەرریزەکاني کونگرەی شەشەمی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا لە شاری سلیمانی‌یەوە ـ شاری هەلمەتو قوربانی ـ لە بارەگای گوڤاری روزی نوی‌وە، ســــلاویکتان پیشکەش ئەکەین گەرمو گورر وەك گەرمی‌ی دلی تیکوشانتان، رەنگین وەك گولی شیرینی کوردستانتان.

سلاویك بە شنەی شــەمالی بەرەبەیان گەشاوە، بەنمی کەژاوی کویستان پاراو، سلاوتان لی‌بی ئەی دلسوزانی کورد لە دەرەوەی کوردستان.

لەوەتی ئیوە بازووی خەباتتان لی هەل کردووەو، هەنگاو ئەنین لە ریگەی سەختو رەقەنو هەورازی خەباتی کوردایەتیدا لەوەتی ئیوەی خوین گەرمي دووربینی چابوك خوتان تەرخان کردووە بو نەتەوەکەتانو لەسەر لوتکەی بلندی تیکوشان بانگی کوردایەتی ئەدەن، نەتەوەکەتان لە جاران ناسراوتر بووەو لە پیشوو زیاتر کەوتوتە بەر چاو، هەر بژین بو خوتانو ری‌و شوینیك داتان نا.

تیکەی ژین
www.zheen.org

### براینە:

لیرە، لە کوردستانی خوشەویستا، دلسوزان چاویان برریوەتە هەولی مەردانەتان، لیرە خوشیان ئەوین‌و بەجگەرسوزەی خویاتان دائەنین‌و هەمیشە گویی هەستیان شل کردووە بو بیستنی دەنگی بەسوزی بانگی پیروزی خەباتتان.

### براینە:

ئەو هەولەی ئیوە ئەیدەن بەرهەمدارو، بایەخ‌دارو مایەی شانازی‌یە کورد بەرهەمی هەولی ئیوەی زور رنیوەو، ناوی کومەلەکەتانی لە لاپەرەکانی میژووی بەنرخیا نوسیوە پیروزبایی‌یەکی گەرمو گوررتان لی‌ئەکەین بەبونەی گرتنی کونگرەی ئەمســالتانەوە، وە هیوادارین لە سالان سەرکەوتووتربن وە ئاواتە خوازین سوورتربن لەسەر خەبات‌کردن

بو ئەم نەتەوەیەی هیچ نەتەوەیەك نی‌یە وەك ئەم بی بەش بی لە مافی نەتەوایەتی‌ی .

**برایینە :**

داخی گرانمان نەمانتوانی بەشدار بین لە کونگرەکەتانا ، زور سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەین ، وە تکای لی‌بوردن ئەکەین ، ئەگەرچی نەشمانتوانی بی‌ین ، بەلام دلمان هەر لای ئیوەیەو گویمان لە دەنگتانە .

هەر بژین بوپیشەوە لە ریی راستی کوردایەتیدا

هەر بژی تیکوشانتان بو کوردو کوردستان

هەر بژی برایەتی‌ی قوتابی‌یانی کورد بەررابەری کومەلەی خویندکاران

روژی نوی

١٩٦١ / ٧ / ٢٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

کونگرەی شەشەمی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا رمیك ئەبی ئاراستە ئەکری بو سەرسنگی دوژمنانی کوردو کوردستان

لە روژی ٢١ / ٨ / ١٩٦١ دا کونگرەی شەشەمی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ئەگیری تا روژی ٢٦ / ٨ / ١٩٦١ وە ئەم کونگرەیە لە ئەلمانیای یەکیتی ئەگیری

**بژی تیکوشانی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا**

ئەو وتارەی رۆژی نوی دەربارەی ریکخراوی کوردستانی جیهانی نووسیبووی ، تەرجەمەکرا بو ئینگلیزیو ئەلمانی ، وە بەم زوانە لە ئورگانی ئەو ریکخراوەدا بلاو ئەکریتەوە .

## ریکخراوی کوردستانی جیهانی

ئەم ریکخراوە بەو پەرری چالاکی‌یەوە لە تیکوشانایا بو ناسینی کورد بە گەلانی جیهان وە روون کردنەوەی مەسەلەی کوردو کوردستان ، وە تا ئیستە ٦ ژمارەیان لە ئورگانەکەیان دەرکردووە ٣ ژمارەی بە ئەلمانی وە سیانی بە ئینگلیزی .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## روون کردنەوە

گەلیك خویندەواری بەرریز پرسیارمان دەربارەی فەرهەنگی فەرەنسی کوردی وە کوردی فەرەنسی لی ئەکەن لەو رووەوە کە کەی دەر ئەچی وەچون دەست ئەکەویت لەبەر ئەوە وا روونی ئەکەینەوە کەوا ئەوی ئەیەویت یەکی لەم فەرهەنگانە بکریت نامەیەك بو دکتور کامەران بەدرخان بنووسی بەو ناونیشانەی لـە رۆژی نوی‌دا بلاو کرابووەوە ، تا ناوی ئەو کەسە لە لیستەی داواکەرانا بنووسری بو ئەوەی کە دەرچوو بوی بنیرن .

# بوزانين

کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا هەیە بو بەلیندان بو تەرخان کردنی جایەکانی مالیە لە قەزاو ناحیەکاندا بەجلووبەرگی هاوینە وە پیویستیەکانی تری ، بەپی ئەو مەرجانەی کە چنگ ئەکەویت لەلای بەریوەبەرایەتی واریداتی لیوا . ئەوانەی حەز بەم کەمکردنەوەیە ئەکەن پیویستە ئامادە بن لە( ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی لیوا ) لە سەعات ( ١٠ ) ی زەوالی روژی دوو شەمە کەریکەوتی روژی ١٩٦١/٨/٧ ئەکات وە لەگەل خویاندا بارمتەی قانوونی ئامادە بکەن .

متصرف لیوای سلیمانی

روژی نوی
ژمارە ٥ سالی ٢
١٩٦١/٨/١

---

## دونـــدرمەی

# گولالـــە و ئـــەرخەوان

مژدەبی : لەمەودوا دوندرمەی گولالە و ئەرخەوان بەمەکینەی کارەبایی دروست ئەکری .

گولالە و ئەرخەوان : ئەم دوو شوینی ساردەمەنی‌یە لەسەر شەقامی کاوەن .

ە دوندرمەی گولالە و ئەرخەوان : لە جاران خوشترو بەتامترە .

ە ساردی‌یەکەی ئاسایی‌یە .

ە بو ئاهەنگ و شایی ئامادەین چەندتان ویست پیشکەشی بکەین چونکە بەرهەمی مەکینەی کارەبایی زورە .

ە ئەو مەکینەیەی ئیمە دوندرمەی پی دروست ئەکەین بەناوبانگترین مەکینەیە .

نوری توفیق



بنکەی ژین www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# R̂OJÎ NUWÊ

**GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ, KOMEL̂AYETÎYE**

**JIMARE —5— SAL̂Î —2—**

**2573Y - KURDÎ, 1961 y - ZAYÎNÎ**

| ئابوونە : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونەی سالێك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| » » لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| » » بو قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی


رۆشنبیری نوێ
ژمارە ٦ سالی ٢
ئەیلول ١٩٦١

بنکەی ژین
www.zheen.org

خاوەن و بەرڕێوەبەری
لێپرسراوی
پارێزەر
جەمال حاجی فەقی شالی




سەرنووسەر
کامەران

# لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ١ | شوورشی شەشی ئەیلوول | جەمال شالی |
| ٩ | مناڵەکەت | دکتور محمود علی عثمان |
| ١٥ | زمانەکەمان | شێخ حەسەن |
| ٢٦ | جوگرافیای کوردستان | کەریم زەندی |
| ٣٢ | ئەم ناوانە لەچیەوە هاتوون | ج بابان |
| ٤٣ | شوورشی قوچ گیری | اسماعیل حقی شاوەیس |
| ٤٩ | مزگەوتەکانی سلیمانی | عمر عبدالرحیم |
| ٧١ | ساویلکە | شوکت |
| ٧٦ | سەلیم پاشای بابان | قانع |
| ٨٠ | دوو هەڵبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بوێژانی کورد | غفور رشید |
| ٩٨ | ئاخو کەی ژیانێکی کامەرانیمان ئەبێ ؟ | محمد مصطفی کوردی |


ئەمانەو چیروکی ژمارەو کەشکولی روژی نوێ و چەند لاپەڕەیەك دەربارەی کومەڵەی خویندکاران وگەلێك هونراوەووتاری پڕسوودو گوشەی زانست و بەشی کومەڵایەتی ئەخوێندیتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ڕۆژی نوێ

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتی‌یە

ژمارە ٦ گەلاویژ ٢٥٧٣ ك ــ ئـەیلول ١٩٦١ ز سالی ٢

## ( شــوررشی شەشی ئەیلول )

( جەمال شالی )

بنکەی ژین
www.zheen.org

زور لە نووسەر وە میژووناسەکانی گەلی کورد لەسەر ئەم روژە پیروزەیان نووسیوە وە ناوی ئەبەن ، وە بەروژیکی گرنگی دائەنین لە روژە خویناویەکانی گەلی کورد .

لەوکاتەوە کە تەموو مژی شەرریگیتی یەکەمین دابووی بەسەر اسمانی کوردەواریدا ئەبینین گەلی کورد پەیتا پەیتا وەجەنگاوەرانە وەبی کولدان داوای مافەکانی خوی ئەکرد بـەلام لەکوتایی ئەم شـەررەدا ئاواتەکانی گەلی کورد نەهاتەدیی ، وە لەبەر ئەم هویە گەلی کورد لەخەبات کردنیا بەردەوام بوو لە روژەکانی دوای ئەو شەررە ، وە هەمیشە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا هەولی ئەدا بو سەندنی مافە زەوت کراوەکانی .

بەلام لەگەل ئەم حالەشـــدا لەکاتیکدا کە تەمی خەمیك ئەررەویوە ، وە تیشکی روناکی لەلایەکەوە دەرئەکەوت ، گەل باوەشی پیائەکرد بو ئەوەی کە فراوانی بکات ، وە بو ئەوەی هـەموو ( بەشەکانی ! ! ) کوردستان بگریتەوە ، بەلام ( داخەکەم ) تەموو خەمیکی کە ئەهات چونکە دوژمن بەوە قایل نەئەوو کە گەلی کورد کە ولاتەکەی کە پرر لە سامانو پیتە رزگاری بیت وەبیتە ریزی گەلانەوە .

لەبەر ئەوە دوژمن لەدژی گەلی کورد لەشاری ( سلیمانی ) لە روژی ( ٦ ) ئەیلولی

سالی ١٩٣٠دا دیسانەوە هەلویستە کونەکەی خوی وەرگرت وە بەناگرو ئاسن بەرامبەری گەلی کورد راوەستا . لەبەر ئەوە شارەزاکانی میژوو،، وە نووسەرانی کورد ئەم روژە دائەنین بەروژیك کە جیگای شانازی کوردە ، وە مایەی سەربەرزی خەلکی سلیمانی واتە شاری ( هەلمەتو قوربانیە ) وە خەلکی سلیمانی ئەم روژە دائەنین بە روژیکی تایبەتی لەزنجیرەی هەولو تیکوشانیدا وەپیی ئەاین روژی ( شەشی رەشی ئەیلول ) وە ئەمەش راستە چونکە چ روژیکمان هەیە کە لە روژی شـــەشی ئەیلول رەش تر بیت وەچ روژیك هەیە بو خەلکی شاری ( هەلمەتو قوربانی ) لەم جورە روژانە تاریکتر بیت ، کەتیایا رولە کورد پەروەرەکان بەروژی روناك درانە بەر شەستیر ؟ کوردیان کوشت وەخوینی کوردیان رشت چونکە گەلی کورد داوای مافی نەتەوایەتی کرد وەلە دژی پەیمانی دیلیتیە ، بەلام گەلی کورد هەچەندە وەکوو کیوە سەختەکانی کوردستان بەرامبەر ئەم زورداریە وەستا وەسەری دانەنەوان بەلام وەکو شاعیر ئەفەرمویت کورد بوبوە بیچوە شیریك وەکەوتبوە داوی مندالانەوە ، وە دەولەتە ئیمپریالیزمەکان کوردیان بەسەرەوە ئەکرد وەدابەشیان کرد ! ! ، ، لەبەر ئەوە دوژمن بەرەنگاریی گەلی کوردی کرد وەداپراکاریکانی نەتەوەکەمان نەهاتە دیی وەلەگەل گیانی پیروزی شـــەهیدەکانماندا بو جاریکی کە چووە ژیر گلەوە ، بەلام گەلی کورد شـــارەزاتر وەقالتربوو لەتیکوشاندا وەپتر هوشی کرابەوە ، کەنابی وازبینیت وەنابی هەلفریویت وەپیویستە زیاتر خوی ریکخات وەیەککەویت چونکە بیگانە بو جی بەجی کردنی مەرامی خوی هیچ یاسایەك نایبەستیتەوە ، وەهیچ سنووریکی رەوشتیی بو خوی دائەناوە وە چونکە ئیمپریالیزم بی شەرمو ئابرووە ، وە ئایا بی ئابروویی لەوەپتر ئەبیت کە لەسەرشەقامەکانی شارەکەی خوتەوە لەناو جەرگی شارەکەتا لەبەر دەرگای سەرا شەستیر دابەستریت بەرامبەرت وە رولەکانت لی بکوژن ، وەهەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە خەلکی داوای مافی گەلەکەیان ئەکەن ، وە چونکە خەلکی لە دژی پەیمانی دیلیتین کە پەیمانی حزیرانی ( ١٩٣٠ )ی عراقی بەریتانیە ؟ ؟ .

وە چونکە گەلی کورد . دلی شـــکاوە ، وەبەرنگاری هەلبژاردنیکی رووکەشی

ساختە راوەستاوە وەنایەوی هاوبەشیی تیا بکات چونکە ئاواتەکانی نەهاتوتەدیی ، وە چونکە گەلی کورد داوای چارەنووسی خوی ئەکات لەدوا بەدوای شەریکی جیهانگیری کە نەتەوەکەمان بە ملیونان قوربانی تیا پیشکەش کرد بو رزگاری وەسەربەخویی ، وەگەلەکانی هاوسیی برامان تیایا ئاواتەکانیان هاتەدی ، وە مافەکانیان هاتە دەست وەلە دەولەتی عثمانی جیابونەوە وەچارەنووسی خویان وەرگرت .

بەلام لەمانەش گرنگتر ئەوەیە :ایا چیهەیە بەرامبەر بە گەلی کورد لە پەیمانی ( ٩٣٠ ) عیراقی بەریتانی رەش‌ترو بوگەنتر ، کەبەبەستنی ئەو پەیمانە انمپریالیزمی عثمانی رزیو گوررا بە ایمپریالیزمی بەریتانی خوینمژی چاوسوور !! کاتی کەپەیمانی سالی ١٩٣٠ بەسترا دوابەدوای ئەوە قونسولی بەریتانیا بەکاربەدەستە داتاشراوەکەی خویانی وت کە فەرمانرواییی عیراقیان ئەکرد کە پەیمانی ( سیڤەر ) بە پەیمانی لوزان گورراوە ، وەباسی کورد لە گوریدانەماوە ، سەبارەت بەوەی کە لەپەیمانی سالی ١٩٣٠ بەهیچ جوریك ناوی نەهاتوە ، وە هەروەکو نەباشیان دبیت وە نەباران ؟! وە کورد لەبەر چاویان توایەوەو نەما !! ، واتە موری دیلیتی بەسەر دەمووچاوی دەولەتی شاهی عیراقدا داخان‌کرا ، وەئینگلیزەکان بەهوی دەست‌و پیوەندەکانیانەوە کەوتنە ئەوەی بە ئاشکرا دژی گەلی کوردبن ، وەمافی گەلی کوردیان خستە ژیرپیوە ، بەلام خوینی گەلی کورد جما وەئازایەتی زوت بو ئەوەی رەنج وە تیکوشان وە شورشەکانی بەبا نەروات ، وە بوئەمە بریاردرا کە لە هەلبژاردنە ساختەکەی ( ئەنجومەنی نوینەراندا ) کەلەو روژەدا ئەکرا بەشداری نەکات لەبەر ئەوە لەروژی ( ٦ ) ئەیلولی سالی ١٩٣٠ خوپیشاندانی گەورە گەورە پیکهینرا لەلایەن گەلەوە لەدژی ئەو هەلبژاردنە لەشاری (هەلمەتوقوربانی ) ، وەدژی پەیمانی ( ١٩٣٠ ) وەگەلی کورد راپەری وەهاتە سەر جادەکان وەبە دنگیکی دلیرانە داوای مافە زەوت کراوەکانی ئەکرد ، بەلام لەئەنجامدا وەلەجیاتی جیبەجی کردنی مافە راستوو دروست کانی گەلی کورد وەلامی کاربەدەستان گوللەباران بوو بەسەر ئەو خەلکەدا کە تینوی رزگاری وەسەربەستی‌بون وەکەئەمانە لاو وەپیر وەکاسپ‌کار وەکریکا وەهەژار وە دەولەمەند بون وەئامانجی گەلی کورد گردی کردبونەوە ، وەتەنیا ئامانجیان هینانە دیی مافەکانی گەلی کوردبو . چونکە دلنیابون گەر

ئەو مافانە نەیەتە دیی وەگەلی کورد سەربەســـتو سەربەخو نەبی کامەرانو بەختیاری لەژیانا نەچیژن ، وەیەکیەتی بیرووباوەرو ئامانج کـەلـە پارەو ســـامان گرنگترە کوی کردبونەوە لەپیناوی گەلی کوردی قارەمانا ، لەمانە عەولەسیس ئەی قیژان کورد نەبیت باوەری بەبیگانە نەبیت وە پیویستە خوی هەق خوی بسەندیت وە کاك حمەچاوشـــین وەعول محمدی چایچی وەهەڤالەکانی ئەیان وت . روخی پەیمانی بـــەندایەتی بژی کـورد و کـوردســـتان .

خەلکی داوای هەقي گەلی کوردیان ئەکرد وە ئەیان وت کوردایەتی بەهیزترە . بەلام لە ئەنجاما وە لە ئەنجامی ئەم راپەرینە پیروزەدا ، (٢٥) کورد بەدەستی دوژمن کوژران وە (٣٥) رولەی کورد لە خو پیشاندەرەکان بریندار کران . وە لە وانەی کە کوژران ، حمە چاو شین ، وە حمەی قالە اغا ، وە محمدی خولە ، وەعزیزی کورتان درو ، وە عول محمد چایچی . وە علی سویجگەر فروش ، وە ئەحەرەشـی حەسەنی دەرویشی شیرگەر ، وە عزیزی پینەچی گیانی پاکی پیروزیان بو کـوردو کوردستان بەخت کرد وەفریشتەی شیرینی بەختیان بەدەوری بریندارەکاندا لـە هاتو چو دابون وە ئاواتی چاکبونەوەی هەڤالەکانیان ئەخواست بیئەوەی کە خەمی خویان بیت ، سەبارەت بەم حالەش (٣٠٠) پیاو پتر لە ناسراوی شارەکە رەوانەي گرتووخانە کران ، چونکە ئیمپریالیزم و داگیرکەران بەرامبەر بەگەلی کوردی تیکوشەر کانی کە ویستیان لە ناو مالی خویدا دەســـت بەکوشتنی ئەکەن وە لـە خەلکی ئەگرن

بەلام خەلکی لە هەول و تیکوشان بەردەوامن هەر چەندە کە ئیمپریالیزم هەر بـەو کارە گلاوانە ناوەستیت بەلکو دەست ئەکات بەپیلان وە تەفرەدان ، وە دەست ئەکات بەداتاشینی پیاوی ساختە وە دروزن کە گوایا ئەو جورە پیاوانە بو کورد هەول ئەدەن وە ئەوانەن (کوردپەروەر) چونکە دوژمنو بیگانە قایل نىیە کە بزوتنەوەی کوردایەتی ریبازی ئاسایی خوی بگریت وە گەلی کو د بو پیشەوە بەریت ، وە لە کاتیکدا کە بەهوی ئاگرو ئاسن هیزو توانای خەلکي کوردستانی بەرپیچ دا وە وەستانی ئەوساکە ئەکەویتە بەربەرەکانیی لە دژی بیروباوەری کوردایەتی پیشـکەوتو ، وە هەول ئەدات کە چەند پیاویکی سەربەخوی پیبگەیەنیت وە ناویان ئەبات بـە ( کورد پەروەر ) بو

www.zheen.org

ئەوەی کە خوینی ملیونان کورد کە لە پیناوی کوردایەتی وە رەنج خوراوانی کوردا رژاوە بەخورایی وەبی سەرو شوین بەفیرو بروات ، دوژمن بەو جورە پیاوانەی خوی ئەلیت ئیوە بلین کە کوردایەتی ئەکەین وە بو کورد تی‌ئەکوشین وە لە پرر کورسیان ئەدای ؟ بەلام بو وایان پی ئەلی ؟

بو ئەوەی مام جون بول قسەی بەدەستەوەبیت وە بە هوی بەکریگراوانەوە بلاوی بکاتەوە ، کە هاها . . ئەوەیە کوردایەتی ، کە چەند کەسیك بو کورسی پی‌ی هەلئەسن وە لە ئەنجامدا بو ئەوەی مروڤی ســـاکار هەلبخەلەتی وە بەو کارە چاوی گەلی پی ببەستنەوە ، وە خەلکی بەو جورە لە بیریان بچیتەوە کە کوردایەتی بزوتنەوەیەکی پیروزی میژوو کردە وە هەموو چینە تیکوشەرەکان ئەگریتەوە ، وەلە پیناوی هانینەدیی مافەکانی گەلی کوردایە ، بەلام دوژمن تەنیا بەم کردەوانەش راناوەستیت وەوازناهینی وە تەنیا بەگوللەو حەپسخانە وە بەداناشینی پیاوی ســـاختە راناوەستی بەلکو بو ئەم بەرەنگاری کردنە دالە ئەباتە بەر کوسموپولیتەکان وە بەناوی ( نیشتمان پەروەریوە ) ئەیان کاتە بەردی پالپشتی خوی بو لیدانی بزوتنەوەی کوردایەتی وەبەناوی قازانجی چینی کریکارەوە ، کە گوایە بزوتنەوەی کوردایەتی بو قازانجی چینی بورجوازی وە دەرەبەگەکانە !! ، وە دەستکەوتەکانی بو ئەوانە ، بەلام نەخیر قوربان ئەم واتەیە بو دەستکەوتی ئیمپریالیزمو لەو پیناوەدایە چونکە بزوتنەوەی کوردایەتی بەپیچەوانەی قســـەی ئیوە قازانجی چینی کریکاری تیادایە وە بی‌گومان ئەم بزوتنەوەیە بو چینی رەنج خوراوانە وەلەبەر ئەم هویانە ئیمپریالیزم لە دژیتی ، وە ئەم بزوتنەوەیە لەگەل قازانجی گەلەکانی کەدایە ، وە بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد هیچ کاتیك ناتوانریت پی‌ی بوتریت بزوتنەوەیەکی دەرەبەگی‌یە هەروەکو روژنامەکانی کوسموپولیتەکان نـاوی ئەبەن وە پیایدا هەلئەشاخن . چونکە بزوتنەوەکانی گەلی کورد وەکو بزوتنەوەی هەموو گەلە ژیر دەست وە نیوە ژیر دەستەکان بریتی‌یە لە بزوتنەوەی رزگاری وەسەربەخویی نەوایەتی لە پلەیەك لە پلەکانی ژیانی کومەلایەتی وە ئابوری گەلی کوردا بو پیشخستنی ئەو ژیانە کومەلایەتی وە ئابوری‌یە ، لـەبەر ئەوە بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو چینە



تکەی ژین
www.zheen.org

شورشگیرەکان کە حەز بەپیشخستنی کومەلی کوردەواری ئەکەن هاوبەشی تیادا ئەکەن وە تەنانەت زور لە خاوەن زەوییەکان واز لـە بەرژەوەندی خویان ئەهینن وەخویان لەناو دەریای کوردایەتیدا ئەتوینەوە ، لە پیناوی سەربەستی نیشتمانیدا هەروەکو ئـەم راستیانەمان بو رون ئەبیتەوە لە راپەرینەکانی گەلی کورد لە روژەکانی شەرری یەکەمین وە دوای ئەو شەررە لە کوردستانی تورکیادا .

کەوابو کوردایەتی هیزی بازوی ئــەو کوردانەیە کە باوەریان بەمافی نەتەوایەتیە وەباوەریان بەسەربە خویی گەلە وەلەدژی ژیردەستیو کلکایەتیو دیلیتیو دەستبە سەرین وەحەز بەسوودی خەلکی کوردستان ئەکەن .

راپەرینی بەر دەرگای سەرا رویداو ئیمپریالیزم بەریبچی دایەوە ، بەلام هەچەندە لەدوای ئەو کارەساتانەی کەرویدا چەند پیاویکی خوفروش کرنووشیان بوتەختی پادشاهی هیناوە لە ریبازی کوردایەتی دەرچون وەتفو نەحلەتی میژویان بـەچاوا هاتەخواوی ، بەلام گەلی کورد هەر لەدوابەدوای ئەوە شـــورشیکی نەتەوایەتی گەورەی بەرپا کرد بەسەروکایەتی شیخ محمودی نەمر وەلە سالی ١٩٣٠ی زاینی تا ١٩٣٢ بەردەوام بو

لەکوتاییدا داوا ئەکەین کە پیویستە یادی ئەم روژە هەموو سـالیك بەجوانترین شیوە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بکریتەوە ، وەریزی ئەم روژە لە دلو دەرونەوە بکەویتە کاروو کردەوە ، وەیادی قارەمانەکانی ئەم راپەرینە هەموو سالیك نوی بکریتەوە وەپەیکەر بو شەهیدەکانی دروست بـکریت .

تنکەی ژین
www.zheen.org

## پیسپیری

ئەوا جیت دیلم ئەی دایە بەعومری بیست و یەك سالە
لەبیخ و ریشە دەرهاتم وەکو لالەو گولی ژالە

لەسەر تابووتەکەم توخوا بریژە ئەشکی وەك زمرووت
بگاتە لای خووا . ئاهو هەناسەو گریەت و نالە

بەدەنگی بەرزو نالەی پرر لەجوش بەم جورە بوم بگری:
کوررم رو ، رولەکەم رویە ، شەهیدەو کفنەکەی ئالە

ئەگەر من خوشەویستت بووم بەیادی من هەموو جاری
بچو لای دولبەرم ماچ کە لەجیی من ئەو دەم و خالە

« ئەخول »

بنکەی ژین
www.zheen.org


# کارگەی کاشی و موزایکی کوردستان

## لە سلیمانی

کاشی جوان و موزایکی نایاب و بلوکی پتەو بو خانو جینیشتەکەت بەنرخی هەرزان لە کارگەکەمان بکرە . ( پیشانگەی ) کارگەی کاشی موزایکی کوردستان، کەوتوتە سەر شەقامی کاوە .

خاوەنی کارگەی کاشی موزایکی کوردستان

**محمد فرج شالي تەلەفون ١٨٩**

# وتـەی ناوداران

## غـانـدی

ئەی هیندی‌یەکان ، گەڵای درختەکانی نیشتمانەکەتان بەرگتانە ئاوی ، هـێزی گیانتانە ، شاخی ورەوتواناى ژیانتانە ، ژیانم ژیانتانە ، مردنم ژێر دەستی‌ی هیندستانە .

## شـیللەر

[ شـاعیری نـەمری ئەڵمانی ]

ئـــەگەر بمانەوی ئەڵمانیا زیندوو بکەینەوە ئەبی ژیانێکی برایانە بدوزینەوە .

## کاملین

نـەخوش بە دەرمان چاك ئەبێتەوە ، بەلام کە خاك نەخوش کەوت دەرمانی تەنیا « خوینە » .

٥ ٥ ٥

## دڤالیرا

[ ســەرەکی ئیرلەندە ]

ئەو نەتەوەیەی باوەرری بەخوی هەبی بیگانە ناتوانی خاکەکەی بخانە ژێر دەستی خویەوە

٥ ٥ ٥


نیرەر . ع . أ . ص .

# منالـــەکەت

دکتور محمود علی عثمان

## سك چوونی منال :ـ

ئەم باسە بەزوری بو ئەو مندالانەیە کە لـە تەمەنی یەك ســـالانەوە وە بـەرەو خوارن ، بی‌گومان لەم هاوینەدا زگ چون زورە لەبەر ئەوە بەپیویســـتم زانی ئەم باسە کورتە بنوسم :ـ



سك چون سی۳ جورە بەش ئەکری بەپی‌ی هوی پەیدا بونی :ـ

١ ـ سك چون لە خواردنەوە . ٢ ـ سك چون لە نەخوشی ریخولەکانەوە . ٣ ـ سك چون لە نەخوشی لەش بەگشتی .

لەهەر سی۳ جورەکەدا رشـــانەوە بەزوری لەگەل زگ چونەکەدایە ئەمەش دەری ئەخات کە بەزوری التهابی ریخولەکان ، مەعیدەشی لەگەلدایە کە ئەبیتە هوی رشانەوەکە سك چون‌و رشانەوەی مندال زور کەمە لە ناو ئەوانەی کە بەشیری دایك پەروەردە بکریت ، بەلام زورە لەناو ئەوانەی بەشیری قوتو پەروەردە دەکرین بەنایبەتی شیری خەستی زور شیرین .

## جورەکانی سك چوون :ـ

١ ـ لە خواردەمەنیەوە ئەمەش سی۳ بەشی زور گرنگە .

ا ـ زور خواردن زیاد لەوەی کە ریخولەو مەعیدە هەزمی بکات کە ئەبیتە هوی زگ چون .

ب ـ زوری چەوری ئەمەش ئەبیتە هوی ئەوەی کە چەوری زیادە لەگەل پیسی بیتە دەری وەشلی بکات و توشی زگ چوون بیت .

ج ـ وه لـه هەموی گرنگ تر زوری شـــیرینیە بەتایبەتی ئـەو خواردەمەنیەی نشاستەی تیدایە وەکو نـان وه لەبەر ئەوەی مندالان لـه ولاتی ئیمەدا شـیرینی زور ئەخون ئەترشی وه ئەبیتە هوی ئەوەی پیسایی شلو بوگەن وه سەوز بیت .

٢ ـ زگ چون بەهوی نەخوشی ریخولەوه ئەمەش زور زیـاد ئەبیت لە گەرمادا هوی ئەمەش بەتەواوی نەزانراوه بەلام بەزوری ئەوەیە کەمیش زور ئەبیت کە میکروب بو خواردەمەنی نەقل ئەکات وه هەروەها توزو خول ئەبیتە هوی گەیشتنی میکروب بە خواردەمەنی . دیسانەوه بـەکتریا کە هوی التهابەکەیە لـە گەرمادا باشتر وه زور تر ئەژی ، ئەم جورە ســك چونە زور پرر مەترسی ترە لە یەکەم وه ممکنە لە چەند سەعاتیکدا منالەکە بەهیلاك بەریت ئەگەر زور بەتین بیت.

٣ ـ هیندی نەخوشی امش کە ئەبنە هوی زگ چون . ئەمەش دیارە کە هیندی نەخوشی هەر چەندە لـــە مەعیدەو ریخولەدا نیە بەلام ئەبیتە هوی زگ چون و رشانەوه وەکو : ـ إلتهابی گویی ناوەراست و سیەکان ، و گورچیلە وه پیستەکان وه سحایای دەماغ ... هتد . دیسانەوه لەگەل هەمو دانی تازە دەرهاتنی مندال جورە زگ چونیکی کەمی ئەبیت . زور جار ئەم جورە نەخوشیانە ئەخرینە پشـــت گوی و تەنها تداوی زگ چونەکە ئەکریت بی ئەوەی هوکەی چارە بکریت لەبەر ئەوە زگ چونەکە چاك نابیت بەتەواوی تا نەخوشیەکە چارە نەکریت ، لە منالدا زور جـار إلتهابی گوی‌ی ناوەراست هوی زگ چونیکی بەردەوامە بی ئەوەی هەستی پی‌بکریت .

لەگەل دەست پی کردنی زگ چون منالەکە روژی ٦ ـ ٧ جار عەمەل دەکات لەگەل رشانەوه وه زگ ئیشە وه بەرزبونەوەی پلەی گەرما و کەم کردنی میز ، بەلام کە نەخوشیەکە زور بەتین بیت زور کوتو پری دەست پی‌ئەکات و هیندی جار لـە خو چون وه پەلە قاژی توشی منالەکە ئەبیت ، رشانەوەکەی زور بەتینە ، نەخوشەکە زەزدو لاواز ئەبیت و پلەی گەرمایی زور بەرز ئەبیتەوه و زبان زور وشك وەسور ئەبیتەوه سك شلو ئەچیت بەقولا ، لیدانی دل زور خیرا ئەبیت ، بەم جورە بی‌گومان ئەگەر پیشانی دکتور نەدریت زور لی‌ی پیس تر دەکات وه مردنی لی پەیدا ئەبیت .

جوریکی پرر مەترسی تری زگ چون هەیە کە لینجیو خوینی پیوەیەو ئەوەشی بەهوی إلتهابی ریخولەکانەوەیە و زگ بەپیچەوانەی پیشو بەناوا ناچی بەلکو ئەتاوسیو ئیشی هەیە ، پاش ئەوەی بەکورتی باسی زگ چونمان کرد پیویستە مەترسیەکانی بخەینە پیش چاو . هیندی لەو نەخوشیە زەرەر بەخشانەی لە زگ چونەوە پەیدا ئەبیت .

١ ـ لە دەمدا لەسەر زبان وە لە دیوی ناوەوەی گوپ پەلەی سپی سپی پەیدا ئەبیت کە پیوەی نوساوە .

٢ ـ إلتهابی گوی ناوەراست کە دوو بارە زگ چونە کە زیاد ئەکات پاش پەیدا بوونی ، دیســـانەوە بوی هەیە کە إلتهابی گوی ناوەراسـت بلاوبیتەوە و منداڵەکە توشی پیستەکانی میشك ـ سحایا الدماغ ـ بکات .

٣ ـ إلتهابی ســـیەکانی منداڵ ـ کە زور زەرەر بەخشە ـ . ٤ ـ دەرچونی هیندی برینی بچوکی کیماوی لەسەر پیست . ٥ ـ بەستنی خوین لە هیندی دەماردا بەتایبەتی ـ ورید ـەکانی ، میشك و لەم کاتەدا منداڵەکە توشی فی لیهاتن و هەتا شـــلل ـ إفلیجی دەبیت ـ .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## چارەکردنی زگ چوون :ـ

پیویستە بو چار کردنی پیشانی دکتور بدریت ، بەلام هیندی ریی هەیـــە بو پاراستن لیی وەکو کەم خواردنی شیرینی ، هەروەها پاکو تەمیزی خواردەمەنی بەتایبەتی شیری منداڵ ، هەوڵدان بو ئەوەی شـیری دایك لەجیاتی قوتو بەکار بهینریت ، وە هەمیشە خواردەمەنی فیتامین D کەم نەبیت ، وە چەوری زور نەبیت هەروەها زور خواردن زەرەری هەیە ، بیگومان دەرمان وە چونی بەکار بهینیت بو ئەم نەخوشیە دکتور بریاری ئەدات پاش بینینی نەخوشەکە .

# گوشەی زانست

## مروڤی دوا روژ

وەرگیرر : دارا کاکە حەمە

گورران ( التطور ) یەکیکە لە تیورە ( نظریە ) مەزنەکانی دەریای زانسـت ، دەیەها زاناو فەیلەسوفی وەکو داروین و مەندل ژیانی خویانْ لەگەلا بەسەر بردوەو هەزارەها پەرراو و نوسراوی بەنرخیان لەسەر نوسیوەتەوە ' چونکە سەرەررای ئەوەی گورران بەشیکە لەجەوهەری زانستو فەلسەفەی نوی ، باسیکی خوشو پرر لەزەتیشە .

لە راستیدا میشکی مروڤ توانای ئەوەی نیە بە تەواوی برریاری لەسەر دواروژو چارە نوسی دوری خوی بدات ، تەنانەت ناشتوانیت برریار لەسـەر ئەو ووتانەش بدات کە زاناکان رونیان کردوتەوەو دراسـەیان لەسەر کردوە ، تەنها ئەوە هەیە ئەبیت، ئەوکەسانەی ئەم باسە ئەخویندنەوە ، باوەرریان وابیت کە زانایەك تەصەوریکی شیاوی کردوە کەرری‌ی تی ئەچیت بیتە دی ، بو بەلگە '

گەر مروڤیك دوسەد ملیون سال لەمەو بەر بەسەردان بهاتایە سەر ئەم زەوی‌یە ، لەو دەمەدا کە تەنها دەریاکان ماسی‌و لە ماسی بچوکتر گیانداری تیا ئەژیا ، ووشکانی چولو هول هیچ جورە گیانداریکی لەسەر نەبوو ، وە پی‌ی بوترایە کە لەپاش دوسەد ملیون سالی تر ئەم ماسیانە بالیان ئەبیتە دەسـتو قاچو میزلدانیان ئەبیتە سي بو هەوا هەلمژین‌و لە ئاو دینە دەری ئەرون‌و بە داردەوەنا هەلئەگەرین‌و ئەخون‌و ئەنون و هەندیکیان مالو خانو بوخویان دروست ئەکەن وتوپو تەیارەو ساروخ دورست ئەکەن و دەسـتە دەستە ئەکەوونە رری بەرەو ئاسمان و رەنگە هەموو بوشایی ئاسمان داگیر کەن ' و بەوەش واز نەهینن بیبانەوي تیشکی روژ بکەنە سەرچاوەی شارستانیتیان بی‌گومان ئەم ووتانە ئەبوە ئەو پەرری گالتەو بی‌مانایی‌و هیچو پوچی .

ئەم باسەمان بویە هێنایە پێشەوە تاکو بە خوێندەواری بەڕیزی رابگەیەنین ، کە لی دووانی دوا روژیکی وا دوری مروڤایەتی . هەر لەم بابەتە باسەیەو نەیداوە بەولاوە ، چونکە گورران هەمیشە بەردەوامە و هەرگیز راناوەستی . بێگومان بە هێزکردنی توانای بیرو هوش‌و عاتیفەو هەست‌و چاکی تەندروستی ئەو کارانەیە کە مروڤ هەولی بوئەدات‌و خوی لەگەل خەریك ئەکات . کەواتە ئەم گوررانەی مروڤ هەولی بوئەدات بیکەین بە سەرچاوەی دراسەکەمان لەئەنجاما مروڤی دوا روژمان بەم شیوەیە دیتە خەیال :

سەریکی زور زل‌و هیلکەیی بەسەر ملیکی کورت‌و دووشانی بە هیزەوە ، بەلام لە شیکی کورتە بنەو ورگ بە چالا چوی چوار پەل باریکی بی هیزو بی پەنجەی قاچ ئەبن ، وەك چون ئیستا هەندی مەیموونی ئورانج ئوتان نینوکی نەماوە ، ئەوەش لەبەر ئەوەی بەکاری ناهینیت‌و سودی لی نابینیت مروڤیش ئەو ئەندامانەی وردە وردە بەکار هینانی کەم ئەبیتەوە بەرەو بی هیزی‌و نەمان ئەروات وە ئەو ئەندامانەی زیاتر بەکار ئەهینری‌و کەلکی زیاترە هەتایەت بەهیز ترو تیژ تر ئەبیت .

لە دوا روژا میشك لە هەموو ئەندامەکانی لەش زیاتر بەکار ئەهینریت ، لە بەر ئەوە هەتایەت مروڤ میشکی بەرەو گەورە بوون‌و بە هیزی ئەروات ، وە ( حجم )ی میشك فراوان تر ئەبیت ، هەروەها هەموو گیاندارە خاوەن میشکەکان ، لە ئەنجاما هەندی گیان لەبەری وەکو مەیموون‌و غوریلا میشکیان ئەگاتە پلەی ئیستای میشکی مروڤ وە ئەو توانایەیان ئەبیت کە مروڤی ئیستا هەیەتی بەلام لەروی عاتیفەوە مروڤی دوا روژ بەتەواوی جیاواز ئەبیت لەگەل مروڤی ئەم سەردەمەی ئیمەدا .

بنکەی ژین
www.zheen.org

چونکە غەرائز لە مروڤا هەتایەت بەرەو بیهیز بوون‌و نەمان ئەروات ، مروڤ لە دوا روژیکی دورا هەرگیز خوشەویستی‌و دلداری‌و رق‌و ترسی نامینیت ، بەلام ئەوەی لیرەدا پیویستی بەرون کردنەوەیە ئەوەیە کە لە دوا روژا دلداری‌و جوت بوونی نیرومێی مروڤ لەسەر بنچینەی زانیاری‌و عەقل‌و هەست ئەبیت ، نەك غەریزە ، هەروەها وەکو ووتمان رق هەستان‌و توورەیی و ترسان و کەللەرەقی لە ژیر پیی زانست و عەقلا ئەپلیشیتەوە ، چونکە لە دوا روژا هەمو مروڤیك هەست ئەکات کە ئەم ( صفات )انە هیچ کەلکیك نابەخشن ، وە دروست بونی ئەم صفاتانە لە مروڤا وەنەبی لەرابوردوا هەروا بیکەلك‌و هیچ بوویت ، بەلکو لەرابوردوی زور کونا کاتیك مروڤ لە دارستان‌و ئەشکەوتەکانا ئەژیان ترسان بو ئەیپاراستن لە دوژمن

هەروەها کەڵلە رەق ورق هەڵسان پالی پیوەئەنان کەواز لە بەشی خویان نەهینن .

تەنها هیواو ئاواتی مروڤی دوا روژ ئـەوە ئەبیت کـە بەتەواوی نهینیەکانی کەون تی بگەن و داگیری بکەن .

لە زانستی گورران دا دەرکەوتووە کە هەندی حەواسی مروڤ بەرەو کزبوون و نەمان ئەروات ، وەهەندیکیشی بەرەو بە هیزبوون و تیژبوون ئەروات ، وەکو حاسەی سەبرکردن وزەوق بینین لە جوانی و موسیقا ، لە دوا روژا مروڤ چاوی زور تیژ ئەبیت تەنانەت دوری ١٠ کیلومەتر بـە وردی ئەبینیت ، دور نیە هەندی حەواســـی تازە لـە مروڤدا دروســـت بیت وەك پی زانینی شتیك لەپیش ئـەوەدا روبدات ، کە لەم سەردەمەدا مروڤ هەیە ئەم حاسـەیەی تیابیت . میشکی مروڤ لە پاش سەد هەزار ســالی تر لەشی ( حجم ) ئەبیتە ١٨٠٠ر٢٠٠٠ سنتیمتری چوار گوشە کە ئیستا مروڤیکی ئاسای لەشی ( حجم )ی میشـــکی لە ١٣٥٠ سـنتیمتری چوارگوشە تیپەرر ناکات ، لە کاتیکا کە مەیمونە هەرەگەورەکان بوشایی میشکیان ٧٠٠ سنتیمەترەی چوار گوشەیە بی‌گومان ئەم گەورە بونەی میشـك بەفراوان بونی زانست و عەقلی مروڤ ئەبیت ، چونکە مروڤ تا زیرەك و دانابیت شانەی میشکی پتر تر ئەبیت و لەشی میشکی گەورە تر ئەبیت .

هەروەها مروڤی دوا روژ چەناگەی بچوك ئەبیتەوە چونکە کەمتر بەکار ئەهینریت . و دانیش ژمارەیان کەمتر ئەبیتەوەو بچوکتر ئەبنەوە .

حەواســی بون کردن و گوی لی بوون و هەســـت کردن کز ئەبن بەرادەیەك نزیك ئەبنەوە لە نەمان ، تەنها گوی لی بون بو موسیقاو ئاوازی جوان بەکار ئەهینریت ، چونکە دووان زور کەم ئەبیتەوەو هەموکـــەس خەریـکی کارکردن ئەبیت . ورگ رەنگە نەمینیت وە لەباتی ورگ و ریخولە تەنها کیسەیەك ئەبیت بو جی بەجی کـــردنی کاری ئەو خواردنە سادەو ســـوکانەکە ئەخوریت ، وە زوربەی خوراك کەم و پرر کەڵك ئەبیت ، مروڤ هیچ تووك بە لەشیەوە نامینیت دەموچاوی پیاوو ژن وەکو یەکی لی دیت ، تەنانەت موو بە سەریشەوە نامینیت ئەم قژ روتانەوەیەی ئەمرو ئەیبینن سەرەتایەکە بو ســـاف بوونی سـەربەتەواوی ، بالا هـەتایەت کورت ئەبیتەوە و جومگەکان زیاترو بەهیزتر ئەبن ، بوراگرتنی سەر . رەنگە دواندن نەمینیت و زمان ( لغە )ی بی دەنگ جی ی بگریتەوە ؟



بنکەی ژین
www.zheen.org

# زمانەکەمان

## ( ی )ی ئیزافە و ( واوی عەتف )

بەقەلەمی : شیخ حەسەن

لە دەمیکەوە پیوەم کە لـەم رووەوە ووتاریك بو خوندەوارە بەریزکان بنووسم‌و بلاو بکەمەوە چونکە زور لە خوندەوارە بەریزەکان لە نووسینەکانیانا لە « ی »ی ئیزافە وورد نابنەوە

زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تر « بنکە = قەواعید »ی هەیەو لەسەر ریگاییك دروست بووە کە هەر نرسەریك لی‌ی لابدا رشتەو رستەی نووسین‌و زمانەکە تیك ئەچی‌و لـە سنووری بنکە ئەچیتە دەرەوە .

ئەبی نووسەرانی بەریز لە نووسینەکانیانا زور چاك لە « ی »ی ئیزافە ، وە یان لە موزاف وورد بینەوە بزانن ئایا دوایی‌ی ووشـەی موزاف چ تیپیکە ئنجا بەپی‌ی بنکە لەگەل موزاف‌و ئیلەیهیدا بە « ی »ی ئیزافەوە پیکیانەوە ببەستن وە هیچ گومانی تیا نی‌یە کە نووسەرانی بەریز ئەگەر لە تیپی دوایی‌ی مـوزافەکە بوورد بینەوەو بزانن ئەو تیپەی لە دوای ووشەی موزافەوەیە « ی » یە یان تیپیکی ترە هەرگیز هەلەی تیاناکەن ئنجا ئەگەر تیپەکـەی دوای ووشـــەی موزاف « ی » نـەبو ئەوا بە تیپی « ی » ئیزافەکە پیك دی ، وە ئەگەر هاتو تیپەکەی دوای ووشەی موزاف « ی » بو ئەوا ئەو حەلە ئەبی جگە لە تیپی « ی »ی دوای ووشەی موزافەکە « ی »ی ئیزافەش بنووسری .

بەوینە : ١ ـــ ئەگەر تیپی دوای ووشەی موزاف « ی » نەبی بەم جورە ئیزافە ئەکری.

قەلەم : قەلەم ی ئەحمەد یان قەلەمی ئەحمەد

کراس : کراس ی حەمە یان کراسی حەمە

٢ ـــ ئەگەر تیپی دوای ووشەی موزاف « ی » بو بەم جورە ئیزافە ئەکری.

هەرمی : هەرمی ی وەراز

تری : تری ی گەوەرە

وەیا جاری وا هەیە دوایی‌ی ووشەی موزاف «یی» یە ئـەوحەلە ئیزافە بەم‌جورە ئەکری:

دەشتایی : دەشتایي ی بەرمالی ئەحمەد

سەوزایی : سەوزایي ی ناو مالەکەیان جوانە

کویرایی : بە کویرایی ی چاوی دوژمن لەسەر خەباتي خومان ئەروین .

ئنجا با بی‌ینە سەر واوی عەتف ، ئەو تیپە ، یان ئەم ووشـەیە بویە ئەتوانین بلی‌ین ووشە چونکە لەهەندیك زمانی ترا کە وەکو ئینگلیزی بی تیپی عەتف بوتە ووشـــەو لـە چەند تیپیك پیك هاتووە کە بریتیە لە « ا . ن . د » « **And** » لە نووسینی گەلیك لە خوندەوارە بەریزەکان وورد بوومەتەوەو وا هـاتوتە بـەر چاووم کە لە زور جیگای نووسین‌و ووتارەکانیانا واوی عەتفیان بە ووشەکانی پیشـەوە نووسـاندووە ، وە واوی عەتفیان کردووە بەتیپیك لە تیپەکانی ئەو ووشەیە .

بەوینە : لە سی‌یەم لاپەرەی روژنامەی ژینا ، لە ووتارەکەی نووسەری بەریز کاك « هیمن » دا ، لە دیری ١٣ و ١٤ دا واوە عەتفەکەی خستوتە سەر ووشەی « سەری » و « مەینەتی » وە ســـەرەرای واوە عەتفەکە واویکی تریشـی هیناوەتە مەییانەوە ، نازانم ئەو واوە چی‌یە ؟ وە ماموستای بەریز ئەبوایە بی نووسیایە : چەرمەســەری‌و چەوسانەوە نەك چەرمەسەریوو چەوسانەوە .

هەروەها ئەبوایە بی نووسیایە : « مەینەتی‌و سزا » نەك « مەینەتیوو سزا »

وەلە گوڤاری روژی نوشدا ژمارە ( ٤ )ی سالی‌ی دووهەم ماموستای بەریز « روژ » لە لاپەرەی « ١٧ » هەمدا و لە دیری « ١٤ » هـەمدا لە ووتارەکەیا نووسـیویە : « برسیتیوو ناخوشیوو نەبوونیوو دەربەدەریان دی » وە ماموستای بەریز سـەرەرای ئەوەی واوە عەتفەکانی بە دوای‌ی ووشـەکانەوە نووساندووە ، واویکی تریشي هیناوەتە مەییانەوە کە نازانم ئەوەی تر چی‌یە ؟ وە ماموستای بەریز ئەبوایە بی نووسیایە : برسیتی‌و ناخوشی‌و نەبوونی‌و دەربەدەری .

بەلی لەهەندیك ووشەدا کە پی‌یان ئەلین ئیسمی مورەکەب ئەتوانری واوی عەتف بنووسـینری بە دوایی‌ی ووشـەی یەکـەمەوە چونکە بەیەك ناو ئەدریتە قەلەم ؛ بەوینە دموچاو ، پـــەلوپو ، هاتوچو وە خوندەوارە بەریزەکان ئەوانەی زمانی عەرەبی

بنکەی ژین
www.zheen.org

یا ئینگلیزی ، وە یا فارسی ئەزانن ، ئەگەر چاك وورد بینەوە بویان دەرئەکەوی کە تیپی عەتف ، یان ووشەی عەتف بەهیچ جوریك بە دوایی‌ی ووشەوە ئەنووسینراوەو ناشنووسینری . وە تکا لە خوندەوارە بەریزەکان‌و نووسەرانی بەریز ئەکەم ئەم نوختەیە لە نووسین‌و ووتارەکانیانا بخەنە بەر چاو بو ئەوەی شیرازەو بنکەی نووسینی زمانەکەمان تیك نەچی‌و هەر کەسە بە ئارەزووی خوی قەلەمی لی بابدا . وە تکاش لە ماموستایانی بەریز « روژ »و « هیمن » ئەکەم لەم رووەوە دلگیر نەبن چونکە رەخنەگرتن سوودی بو زمانەکەمان هەیە .

mmmmmmmm

# چی لـــەوە ؟!

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەندی کەس هەر لەوەیان‌داوە کە خویان هەلکیشن وەبەدەم هیچ نایەنەوە ئەمە زور سەیرنی‌یە ، لەمە سەیرتر ئەوەیە کە شتیکی ناررەوا روو ئەدا یەکی لە خویەوە ئەلی ، ئەوە شـــارەکە پیاوی تیا نی‌یە تا ئەمە قبوول نەکا ؟ یا ئەلی ئەوە کەس نی‌یە هەل بداتی‌و نەیەلی ئەم ئیشە ناررەوایە رووبدات‌و بەرەنگاری ئەو ناررەوایی‌یە بیتەوە ؟!

هەر وەکو لە بیری نەبی کە خوی ( پیاوە ) ، یان رەنگە خوی بە لی پرســـراو نەزانیت یا بە خویدا رانەپەرمویت ، یان ئەیەوی بە دەستی خەلکی‌تر مار بگری‌و ئەگەر پیوەی‌دا گریان لەسەر ئەم ، ئەگینا ئەوی ئەلی فلان شت بو نەکری ئەی خوی بوچی نایکا !!

« باخەوان »

# پێشینان وتویانە

- ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابی
- ئەگەر زاڵ نەبیت بەسزمان ئەبیت
- ئەگەر گوڵ نیت درڕکیش مەبە
- ئەو چاوە کوێر بی کە غەنیمی خوی نەناسی
- ئەوی بترسی ناخەڵەسی
- پیاو بە وەسیت نامری
- برامان برایی ، کیسەمان جیایی
- بەرخی نێر هەر بو سەربڕینە
- بە ڕیش بوایە بزن سەردار ئەبوو
- بە عالەم سەگ ئەوەڕی بە ئیمە پشیلە
- بو کوردی هەژار ، چ گورگ چ سوار
- تو ، مەنیکی من دوو مەنم بیجگە لە گورزو کەمەنم
- خوا غەزەب بگری لە بزن نانی شوان ئەخوا
- خوا لە ( سولتان مەحموود ) گەورە ترە

## پاریزەر جەمال شالی

هەموو جورە داوایەك وەرئەگریت لە سلیمانی وە دەرەوەی
وە مەکتەبەکەی لە شەقامی سەیوانە لە بارەگای روژی نوی تەلەفون ٢٦٠

# بـــەنزین تـــەواو

[ باخەوان ]

ژمارەیەکی باش لە چاپەمەنی کونو تازەم هەیە . هەر جارە چاویك بە یەکیکیانا ئەخشینمەوە ناوی هەندی نوسەرم بەرچاو ئەکەوی کە توانایەکی بەرز ئەبینم لـــە نوسینەکانیانا لەگەل ئەوەشا لە جاریك یا لە دوجار زیاتر نابینم نوسیبیتیان . زور سەرم سرر ئـەمینی لەم کەسانە کە ئەو توانا بەهیزە جوانەیان هەبوە کەچی پـەروەردەیان نەکردوەو مرانویانە ئەمانە گەلیکیان ئەلی هەر ئەو کەسانەش نین وا لاکەوتوون . گەلیکیشیان ئیستەش بەو نوسینانەوە خویان هەلدەکیشن .

ئەم خویندەوارە بەریزانە ئەگەر لەسەر نوسینەکانیان بەو جورە برویشتنایە باری رەوشەن بیری لە پلەی هەرە بەرزیدا ئەبو .

ئنجا ئەبی ئیمە بپرسین : تو بلی هەر ئەمەندەیان لە بارا بوبی ؟

یا بەوەندە خزمەتەکەیان تەواو بوبیو برابیتەوە ؟

بەلای منەوە پیویستە ئەوانەی والاکەوتەن بە گوناهباریان دابنین هەندی نوسەری تریش هەن چەند سالی دەوام ئەکەنو پەکیان ئەکەوی نازانم هیچیان پی نامینی یا وا ئەزانن پیویستی سەرشانیان تەواو وەکو سەرباز دو سالە اجباریەکەیان لەسەر نەما

هەنـــدیك تا مردن خامەکەیان دانەنا وەکو پـیرەمـیردو رفیق حلمیو امیـن زەکی هتد . . . کەچی هەندیکی تر هەن هەر تویکلیان ماوە ناوکیان تیانەماوە .

ئەگەر خویندەوارەکانی زور لەمەو پیش کە ئیمە شارەزاي ژیانیان نەبوین ناتوانین رەخنەیان لی بگرین بەلام ئیستا هیچ بیانویەك لـــە کەس وەرناگیری چاپەمەنی زور هەیە گوڤارو روژنامە هەیە .

ئـەگەر بلێن ماوەی دەربرین نیە ئەتوانرێ بە گوێرەی روژ لەو بارەیەوە بدوێن بەری بەرەلایە . سەیرە ! ئەمانە لەو کاتانەشا نابوژێنەوە کە جارێ وا ریك ئەکەوی هەرچی سەرە واویك ئەزانی یەتە کوررەوە بە ( شرم برم ) خەلك گیژ ئەکەن وا لە خەلك ئەکەن نوسینیان لەبەر چاو بکەوی .

لە هەموان زیاتر داخی ئەوانە زورە کە نانوسن بەو بیانووەوە کە لە خەلکو خوێندەوارەکان دلگیرن گوایە ئەم ئاژاوەی وبژەیی‌یەیان بە دل نیە ئەی گوایە کەهەمو شت چاك بو ئاژاوە ئەما ئنجا نوسینی ئەوان چی تیائـەبێ نازانم بروایان بـەوە نیە کە تا ژیان هەبێ ناریکی هەر ئەبێ بەلام ناریکی هەر دەوریك بەگوێرەی خویـەتی وە بو چاك تر بوونە لە چاك

تکای تایبەتیم هەیە لە نوسەرە بەنرخەکان وەلە هەمو هونەرمەندیك کە هونەرەکەی پەروەردە بکاو نەیمرێنێ بو ئەوەی خویشی نەمر بێ .

مەولـــەوی

ئـــەلی :

هەنگەکەی روحم پەرواز کردەوە
ئاوارەش جە زولف لەیل ئاوردەوە
جە شیرینی مەیل ئەو لەیلی پرر گول
تیرە شانەشدا لە کولوورەی دل

# مام شێر ئەناسی ؟

- هەر نیچیریك خوی راوی نەكا لی ی ناخوات .
- زور حەز لەگورانیو دەنگی تەپڵو دەف ئەكا .
- بەشەو كە رووناكیی بەدی كرد بەرەو پیری ئەچی بەلام پیش ئەوەی بیگاتی بەهیمنی یەوە سەرنجی ئەداتی .
- یەكیك كە شیری دی ئەگەر ملی بو كەچ كردوو لی ی پاررایەوەو خوی بەبی دەسەلات دانا شیرەكە پەلاماری نادا .
- زور جار نەخوش ئەكەوی بەلام بەخواردنی گوشتی مەیمون زور جار چاك ئەبیتەوە .
- شیر هەمیشە سەریەشەی لەگەلدایە .
- لە دەنگی كەلەشیر زور ئەترسی .

لە كاتی برسیتیدا نازریكینی بو ئەوەی نیچیر گویی لە دەنگی نەبی و خوی ئەشاریتەوە .

www.zheen.org

## مەحوی ئەلی

سەر كە جوشیكی نەبی ، من زركە تالم بوچیە
دل كە هوشیكی نەبی ، شووشەی بەتالم بوچیە

# کۆمەلایەتی

ماموستای ئایینی ( شیخ مصطفی )

خوا ئەفەرموی : ـ

## [ والذین یکنزون الذهب والفضة ولا ینفقونها فی سبیل الله فبشرهم بعذاب ألیم ]

٭ ٭

ئایینی پیروزی ئیسلام ئەگەرچی ( مولکیتی فەردی ) ئەپاریزی بەلام ریگەش نادا بەوەی کە سامانیکی زور لەلای چەند کەسیك کوبیتەوە ، لەبەر ئەمە ئاین دایناوە کە ئەبی دەولەمەند لە سامانەکەی بەشی هەزار بدات وە ئاین دژی ئەو دەولەمەندانەیە کە سامان کەلەکە ئەکەن وە کەس سوودیان لی وەرناگریو هیچ پروژەیەکی ئەوتو سازناکەن کە نەتەوەکەیان پیی سوودمەندبیتو هەژارانی پی بحەسیتەوە .

خوا ئـــەفەرموی « والذین یکنزون الذهب والفضة ولا ینفقونها فی سبیل الله فبشرهم بعذاب الیم » واتە ئەوانەی ئالتوونو زیو کو ئەکەنەوەو هیچی لە رایی خوادا نادەن لە دواروژا خوا سزای بە تینیان ئەدا ،

ئایا سامان کوکردنەوە کە هەربو سامان کوکردنەوە بی ئەبی چ سوودیکی هەبی ؟ ئایا قاســە پارەی تیابی یان کاغەزە شرر کە سوود لەو پارەیە وەرنەگیری جیاوازیی لەگەل ئەوکاغەزە شررانەدا چییە ؟

## زەکات.

ئاینی ئیسلام زور لە دەولەمەند ئەکا کە دەست بە سامانەکەیا نەگریو هیندیك لەو

سامانەی دابەش بکا بەسەر هەژارانا ئەم جورە کارەش پی ئەلین ( زەکات )

زەکات ئـەوە نییـە کە دەولەمەند بە ئارەزووی خوی پارمەتیی هەژار بـــدا یان نەدا ، وەیان سالی چەند دیناریك بکا بەوردەو دابەشی بکا ، بەلکو زەکات بریتییە لە چەردەیەك لەو سامانە کە هەر ئەبی ببەخشـــریت ، وە جگە لەمەش زەکات بو ئەوەنییە کە دەولەمەند خوی پیوە هەل بکیشی ، بەلکو باشـــترین ریگە ئەوەیەکە دەستی لی قەوماوان بگري .

هەندیك دەولـــەمەند لای ئیمە بەشیوەیەکی چەوت زەکات ئەدەن کە ئـــەو زەکات دانە ئـــەبی بەهوی ئەوەی خواش پی خوش نەبیو خەلکیش وەکو : لە مانگی زەکاتا ( رەجەب ) دەولەمەندیك چەند هەژاریك رائەگری لەبەر دووکانەکەیا ، وە تەنەکەیەك رەنگیش دائەنی ، هەر یەکە لەم هەژارە داماوانە ئەبی کە پارەکەیان وەرگرت دەستیان رەنگ بکری گوایا ئەمە بو ئەوەیە کە جاریکي تر نەیەنەوە بو پارەوەرگرتن ، بەم جورە هەر هەژاریك ٥٠ فلسیك وەرئەگری و بەجوریکیش دەستی لەو رەنگە هەل ئەکیشریت کە رەنگە بە ٢٠ فلس سابوون ئەو رەنگەی لی نەبیتەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

نرخی شـــتوومەك

## مالعب قوم المیزان والمکیال والاسعار إلا قطع الله عنهم الرزق

( پیغەمبەر )

تاوانی گەورە ئەوەیە کە پاری بە ترازوو گەز بکـــری . وەکەلو پەل هەلگیری بە تەمای ئەوەی نرخي بەرزتر ئەبیتەوە .

لە ئەنجامی ئەمانەدا لەم ولاتەی ئیمەدا بازارر بووە بە شەیتان بازارری وە ئارادەیەك کرینو فروشتن شیواوە ، ئەوی بییەوە پچووکترین شت بکرری ئەبی وەك بچی بو

کوړری زوران بازی بازووی خوی لی هەلکا ، چونکە نرخی شـــتوومەك بەجوریك یاریی پی‌نەکری کە هەموو کەسیك سەری لی بشـــیوی ئەمە سەرەرای ئەوەش کە ترازوو گەز هەر لە جەنگایە . . . .

بە تایبەتی فروشیاری وا هەیە خوا خوای ئەوەیەتی منالیك یان پیریژنیکی بەسزمان رووی تی بـکا تا بە ئـارەزووی خـوی هەلی‌بخەلەتینیو فیلی لی بکا ئنجا ئایا ئەمە پیی ئەلین نان پەیاکردن یان . . . . ؟ .

## نیش کردن

ئایینی ئیسلام هانی هەموو کەسیك ئەدا بو ئیش کردن وە پیویستی کردووە کە ئەوەی پەککەوتە نەبیو ئیشی پی بکری ئەبی بەرەنجی شانی خوي نان پەیدا بکات ، نەك وەك ئەو دەرەبەگە چەوسینەرانەی کە لەسەر پیخەفی تەمەلی پالیان لی داوەتەوەو چاوەرریی بەری رەنجی جوتیارانی ئەرك‌کیشی هەژارن . وە لەلایەکي تریشـەوە جگە لەم چەوسینەرانە هەندیك هەژاریش ئەبینین کە ئیشیان دەست ئەکەوی بەلام نایکەن‌وە ئەیانەوی دەست لەمو لەو پان‌کەنەوەو نانی تەمەلی بخون ، ئەم جورە هەژارانەش بەم رەفتارە نابەسندەیان تاوانبارن ، وە هی واش هەیە گەلیك ئیشی پی شـــوورەیی‌یە ، وە مل نانی بو ئیشکردنیکی پوختی سەربەرزانە ، بو ئەوەی نانی خوی پەیدا بکات، بەلکو ئەیەویت یان ( فەرمانبەر ) بی یان بی‌ئیش وە بەلایەوە ( نان پەیدا کردن ) شـوورەیی‌یە . . . بەلام ئەوەی بەلاوە شـــوورەیی نی‌یەکە دەست لەکەس‌و کارو هاووری‌یانی پان‌بکاتەوە وە لە هەررەتي لاویدا بەوپەرری تەمەلی بژی .

جاریکیان حەزرەتی عومەری خەتاب بە ( ئەبی هورەیرە ) ئەلی : بوچي ئیشیك بوخوت ناکەی ؟ ئەبی هورەیرە ئەلی « خیرەومەند زورە پەکم ناکەویت » حەزرەتی عومەریش ئەلی « ئەوی بەرەنجی شـــانی خوت پەیدای بکەی لە روژی دوایی‌دا لی پرسینەوەی نی‌یە ) .




وینەیـەکی جوان

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پیویسته بیزانی

## توو

- کرمی ئاوریشم هیچ گەلایەك ناخوا گەلای توو نەبی
- گەلای تووی شیرین‌و گەلای میو و گەلای هەنجیری رەش بە ئاوی باران بکولینە . توکی سپی رەش ئەکاتەوە
- تووە رەشە بی لەجی ئازاری دوپشك ژانی ئەشکینی
- لەبن داری توودا پیازە خوگانە بروینی ئەو تووە بەهیزو تام‌دار ئەبی

## هەنجیر

- شیلەی هەنجیر بدری لەجی گازی جرو جانەوەر کەپیوە ئەدا زەهرەکەی بلاو نایێتەوە بو لەش
- خولەمیش داری هەنجیر بکری بە زەویوە هەمو کرمەکانی ئەکوژی
- گەلای هەنجیر بکوتە . چەند جاریك ئاوەکەی بدە لە خالی کوتراو ئەو خالانەلەناو ئەبا

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بـــەهی

- خولەمیشی داری بەهی کاری توتیا ئەکا
- خواردنی دەم‌وچاو جوان ئەکا ، ژنی ســـك پرر ئەگەر زور بەهی بخوا ئەومناڵەی زور جوان ئەبی
- خواردنی معدە بەهیز ئەکاو تینویتی ئەشکینی
- ئەگەر بەهی بە چەقو بشکینی بی ئاووشك ئەبی ئەگەر بەدەس بیشکینی ئاودار ئەبی
- ئەگەر شیر لەمەمکی ئافرەتا وەستاو ئازاری بوو ، بەهی بە هەنگوینەوە بکولینە وە لەو مەمکەی بدە چاك ئەبی
- بەهی لای هەر میوەیەکەوە بی دوای چەند روژی ئەومیوانە ئەرزینی .

# جوگرافیای کوردستان

— ١٣ —

کەریم زەندی

## هەریمی خورهەلات :

٥ ـ ریگەی قەسری شیرین ـ تەهران ٧٧٥ کم٥ بە کەنگاوەرو.سبەحنەدا تیئەپەری بەرەو کرماشا .

کەنگاوەر ٤٧٩ کم لە تەهرانەوە دوورە ، شاروچکەیەکی کونە پاشماوەی میژوویی تیا ماوە جیگایەکی سپاییە ، لەبەر ئەوەی کە جەمسەری ریگایە .

دوای کەنگاوەر ئەگەیتە گەردنەی بەردەلانی مەلا مەنکمو بیسور جیگایەکی لەشکرییان هەیە ، چەند ریگایەك بو لای خزلو سەر خلیج جیا ئەبیتەوە بە شیویکا ئەروا ئەنجا ئەگاتە سەحنە بنەی بەشی سەحنە بەروباری قەرەسو بەلایا ئەروا باخاتی میوو میوەی زوری هەیە ، تاڤگەی باسەفای جوانی هەیە ، بیستون ٣٨ کم لە کرماشاوە دوورە لە پانیی یا بەرزاییە بەردەلانیکانی پرویە ، نوسراوەکانی داریوشی گەورە بە چەند زمانی لینوسراوە .

دوای بیستون بەرامبەری ( سلیمانی ) یە بە ریگەی خورەمئاوا ١٦٢ کم بەرەو دەشتی کرماشا ئەروا .

ریگای تازە بە تاق ئەوسانا ئەروا کە نەخشەکانی شای ساسانیو نوسراوەکانیو وینەی راوو شکاری لەسەر هەل کەنراوە .

لە روباری قەرەسو ئەپەریتەوە کە (٥) کم لەو لای شارەوە ئەخشی ، ئەم جیگایە پالیوگای تازەی نەوتە ، نەوتی نەوتشای بە لولە بوری دوای خاوین کردنەوەی

بو پێویستی کیشوەر بەکار ئەهێنرێ .

شاری کرماشا لە دەشتێکی فراوانایە ، ١٨٠ کم لە بەغداوە وە ٥٧٧ کم لە تەهرانەوە دوورە ، موناتی ( ١٥٠ ) هەزار کەسە گەورەترین شاری کوردستانە.

لە کرماشاوە ئەم ریگایانە جیائەبێتەوە :

١ ـ ریگەی قەسری شیرین ٢ ـ ریگەی رەوانسەر ـ نەوسوو ٣ ـ ریگەی کوردستان ( سنە ) ٤ ـ ریگەی هەمەدان ٥ ـ ریگەی لورستان لە عوسمانەوەندەوە ئەروا بەشێکی پیادە ریگەیە .

ریگە لە خوارووی خورئاوای کرماشاوە بە ماهی دەشتدا ئەروا لە کەناری روباری مەرك کە لقی روباری قەرەسووە بەسەر پردیکا ئەروا لەسەر ئەم روبارە دروست کراوە بە بەرزاییەکانی چوار زەبرەو حەسەن ئاواو زیبیری‌دا تێئەپەری تا ئەگاتە هارون‌ئاوا کە ئیمرو بە شاەئاوا ناو ئەبری ، لە کرماشاوە تا شاەئاوا ٦٤ کم٥ .

شاەئاوا ـ شاریکی تازەیە کەوتوتە کەناری روبارو ئاوی بەرف ئاواوە ، باخ و باخاتی زور جوانی هەیە ، کارخانەی شەکری تیایە ، لیرەوە ریگە ئەچی بو عیلام و گیلان .

بنكەی ژین
www.zheen.org

لە ١٢ کم ی ئەو لای شارەوە لە بور بور چەند کانە نەوتی لی هەل کەنراوە بەلام نەگەیشتونەتە ئەنجام .

شاەئاوا زور زوو بەرەو پیش‌کەوتن رویشت ئیستا شەقامی فراوان‌و پر درەختی هەیە ، بەموش کەرەوەو چیکەنەی لی هەیە ، لە رووی ئاوەدانی‌و ساختمانەوە دیمەنیکی هیجگار دل‌گیری هەیە .

لیرە بە دواوە دیتە گوزەرگە میژوویی‌یەکەی پاتاق لە زور جیگایا ( ٢٠٠ ) م پان ئەبی کیوەکانی ئەم لاو ئەو لای وەکو دیوار وایە ئەم گوزەرگەیەی داخستوە ، بە دریژایی روباری ئەلوەند لە سورە دیزەو پاتاق وە ئەروا لە تەنگی کەلە عومەرەوە ئەچیتە دەشتی زەهاو لە پردی روباری ئەلوەند ئەپەریتەوە وەتا دیتە قەسری شیرین

کرند ـ ٦٧٥ کم لە تەهرانەوە دوورە بنەی بەشی کرندە موناتی ١٥ هەزار

کەس زیاترە کەوتوتە دامێنی کێوی کەوە ، ڕێگەیەکی بە دیمەن لـــە ناوەندیەوە ئەڕوا ، بەرو پشتی ئەم شارە باخە ، میوەی زۆری هەیـە وەلێی ئەنێرری بو دەرەوە دانیشتوانی ئەم شارە چەکی ساردو گەرمی پەسەند کراوو باش دروست ئەکەن .

گرنگترین دێیەکانی حەریرە ، ئاوو هەوای خوشە نزیکی شێوی ئیسکە .

لە کرند دەرچووی ڕێگە بەرەو پاتاق ئەڕوا پیچاو پیچ سەرەو ژیر ئەبیتەوە .

گەردنەی پاتاق فەرمان رەوایە بەسەر ئەو ناوچەیەدا جیگایەکی سپایی‌یە .

لە کرندەوە ڕێگەکە بە شێویکا ئەڕوا لای چەپی‌یەوە ڕیزە کێوی نوحە وە لای راستی بەرزایی پیونج‌و کورانە پیش ئەوەی بگەیتە پاتاق ڕیگاکە بە تەنگی سورەدیز دا ئەڕوا بەناو جەنگەل‌و دارستانا .

سەرپول ـ ١٤٧ کم لە کرماشاوە دوورە شارو جیگەیەکی گەورەیە دەشتایی‌یەکی فراوانی هەیە ، لە ئەلوەندەوە ئاودیر ئەکری ، زور بە پیتە ' پیی ئەلین دەشـــتی زەهاو ٠ گەلی یادگاری میژوویی هی ئاسوریانی شای لی‌یە چەند دیلیکی راگرتوە یەکە یەکە میشکیان کوناودەر ئەکەن .

لە زەهاوەوە تا قەسری شیرین ڕیگەیەکە بە دەشتایی‌دا ئەڕوا هیچ بەرهەلســـتی نایەتە بەر بەریکی ڕوباری ئەلوەندا ئەڕوا .

لە شیوی خورەم پارەوە ئەکەویتە ژیر فەرمان رەوایی هیلی سنور لەبەر نزمی ڕیگەکە لەم جیگەیەدا .

قەسری شیرین ١٧٧ کم لە کرماشـــاوە دوورە ٢٢ کم لە سنورەوە دوورە ، موناتی ( ٢٠ ) هەزار کەسە لە کەناری ڕوباری ئەلوەندە لە هاوینا رادەی گەرمـا ئەگاتە ٤٥ ـ ٥٠ پلەی سەدی .

بە هوی نزیکی لە سنورەوە ئەم شارە زور گرنگە لە دووری شار لەناو باخەکانا گەلی خانووی تیایە هاوینە هەوارە ، لە قەسری شیرین کانی خەلوزی بەرد ، گوگرد گەچی هەیە .

لـــە شاناواوە تا قەسری شیرین ١٢٢ کم٥ . لـــە قەسرەوە تا خەسرەوی ٢٢ کم ئەبی .

له مانەی سەرەوە بومان دەرکەوت ریگەی قەســـری شیرینو هەمەدان بـــەم جیگایانەی خوارەوەدا ئەروا :

١ ـ بەرزاییەکانی ئەلوەند نیوانی هەمەدانو کەنگاوەر .

٢ ـ « بیبەسوور نیوانی کەنگاوەرو کرماشا .

٣ ـ « چوار زەبرو حەسەن ئاوا زیری نیوانی کرماشاو شائاوا

٤ ـ « پاتاق نیوانی قەسری شیرینو شا ئاوا .

ئەم بەرزاییانە ریکی سنوورن له ئەلوەندەوە تا سوورەبی ١٠٠ کم ئەبی لــە بیبە سوورەوە تا چوار زبر ١١٦ کم ، له چوار زبرەوە تا حەسەن ئاوا زیری ٦ کم ، له حەسەن ئاواوە تا پاتاق ٨ کم ئەبی .

گرنگی ریگەی قەسری شیرینو کرماشا : ـ

ریگەی قەسرو شائاوا گرنگترین ریگەی ناوچەی کرماشایە لــــە خسرویەوە تا شائاوا ١٣٤ کم ئەبی ئەو جیگایانەی کە ئەکەویتە ئەملاو ئەولای ریگەکەوە ئەمانەن

١ ـ گل داود ٢ ـ پاتاق ٣ ـ سەرمیل .

گل داود بەرزاییەکی کەمە تەنیا بو باش خستنی لەشکر تا رادەیەکی کەم ، بەکار دیت .

www.zheen.org

پاتاق ـ یەك ریزە بەرزاییە وەکو دەرگایەك وایە باشترین ریگەی پانی ئیرانـە ئەگەر کەمیو کوری نەهیلریت ، تەنها لای راستیەوە جیگەی مەترسیە کە پاشەوەی لی بگیری لەبەر ئەوە پیویستە زور بایەخ بدری بە باوەیس .

سەرمیل ـ ناوەندی تەنگی پاتاقە هەر چەندە وەکو پاتاق نییـــە بەلام گرنگو سەرنج راکیشەرە .

٦ ـ ریگەی کرماشا ـ نەوسوو .

دریژیەکەی ١٧٢ کم٥ پانی ٦ مەترە چونکە ریگەکەی شاخاویە هاتوو چوو گواستنەوە لەم ریگەیە دژوارە ، دوای دەرچوون لە کرماشا ئەگەیتە دەشتی لە ٤ کم بەولاوە لە پردی روباری قەرەسو ئەپەریتەوە لە ٩ کم ئەگەیتە پاتاق لە ریگەی

کرماشا جیائەبیتەوە تا ٨٨ کم ئەگەیتە ملەی پلنگان سەرەتای بەرزاییو جەنگەلە لە دەشتی جوانرو نزیکی بەرزاییەکانی بەریرەویکا ئەروا پانی ٣ کم ئەبی لە چیاو جەنگەلی ئەنبوهی پیچو لوفەی تیئەکەوی ، بەرزاییکانی باکوور شاهوی پی ئەلین تا ئاوای نەجار دریژ بوتەوە لە دامینەکانی خورئاوایەوە تیپەر ئەبی ، جیگایەکی گرنگە بو پاریزگاری ٠

دوای ٢٣ کم ریگەی کرماشاو سنەو لەم ریگەیە جیائەبیتەوە لە کیلو مەتری ١١٠ دیی قشلاقە تا گەردنەی توانەبری ( کریوە ) ریگەکە لە جەنگەل ئەچیتە دەرەوە بە دامینی شاهودا دیژ ئەبیتەوە .

لەکمی ١١٤ دیسانەوە ئەچیتەوە ناو جەنگەلو چیای ئەنبو لە گەردنەی تەوانەبەری پیچی زوری تیئەکەوی دوای گەردنە ئەچیتە دەشتیکی بیدارستانەوە ، لە کمی ١١٩ لە گەردنەی شمشیر تیئەپەری تا کم ١٤٥ لە گەردنەی نورییاب ، لیرە بەدواوە بە زەوی شاخاویو سەختو هەلدیرو شیوا ئەروا لە کمی ١٥٤ لە جیگەی بە یەك گەیشتن روباری سیروانو روباری شمشیر لە پردی دووئاو ئەپەریتەوە ، ئەو پردە بەرگەی ٨٠ تەن ئەگری کە بەسەریا تیپەربی .

دوای ئەم پردە ئەچیتە بەرزاییو جەنگەلەو پیچی زوری تیایە تا نەوسو دریژ ئەبیتەوە ٠

www.zheen.org

---

پاریزەر

## جەمال حاجی شەریف

هەموو جورە داوایەك وەرئەگریت لە سلیمانی وە دەرەوەی وە مەکتەبەکەی لە شەقامی مەولەویە ، تەلەفون ٣٠٣

# سەرو دل

## III

## لەم هونراوانەدا

وا سەرم دانا بە رەسمی بەردە بازی ریگەکەت
مەرهەمی دەردی سەری من وا بە گەردی پاتەوە

( طاهربگ )

سەرم گەر بەردەبازی ریت نەبی پشیلی دوژمن بی
دلم گەر فەرشی بەرپی‌ی تو نەبی با ئەنجن ئەنجن بی

( علی کمال باپیر )

ئەو سەرە سەر بوچە دایم پرر لە عەشقی یار نەبی
ئەو دلە دل بوچە دایم عاجزو غەمبار نەبی

( کوردی )

سەر بەردەبازی ریتە
تەن تەختەبەندی جیتە
دل مەیلی خاکی پیتە
روح مالی خوتە بیبە

( نالی )

# ئەم ناوانە لەچیەوە هاتون ؟؟

نوسینی ( ج بابان )

**مندلی :** مندلی مەرکەزی قەزای ( مندلی ) یە لەسەر سنوری عیراق و ایران و ئەکەویتە لای زوروی روژهەلاتی بەغدا ونزیکەی ( ١١٥ ) کیلومەترەیەك لیوەی دورە .

مندلی لە شارەکونەکانە کە ناوی بەزوری لە پەرراوە میژوینەکانا هاتوە بە ناوی ( بندنیجین ) کە ئەلین شاریکی بچکولە بوە نزیك ( نهروان ) بەلای شاخدا و سەر بە بغدا بوە / مەبەسیش لەشاخەکە ( پشتکوە ) یە / وە وتویانە لەوە ئەچیت کە بەیەکیك لەناحیەکانی ( مهرجان قذق ) بدریتە قەلەم / مهرجان قذقیش ناحیەیەکی گەورەبوە کە شارو دیهاتیکی زوری هەبوە و نزیك ( صیمره ) بوە کە لە ناحیەکانی چیا ژمیرراوەو کەوتوتە دەستە راستی ئەو کەسەوە کە لە ( حلوان ) ەوە چوبیت بو همدان هەروەها ئەلین کە بندنیجین ( واتە مندلی ) ناویکە بەگەلیك شوینی بلاوو دور لەیەکەوە ئەوتری بەجوریك کە دانیشتوانی ئەوشوینانە یەکتری نەبینن لەبەر دوری لەیەکەوە گەورەترین گەرەکیشی پێی وتراوە ( باقطنایا ) انجا ( بویقیا ) دوای ئەویش ( سوق جمیل ) .

ئەلین بندنیج وشەیەکی فارسیە / لە بنچینەدا ( بندنیگ )ە کە بەواتای سنوری باش دیت ، ابو حمزەی اصفهانیش وتویەتی کە ( وەندنیگان ) شوینیکە لە عیراقا بەلام معناکەی لیك نەداوەتەوە .

**قزرابات :** مەرکەزی ناحیەی سعدیە سەر بەقەزای خانقین کە سعدیەش بەناوی هاوریی پیغەمبەر ( سعد کوری ابی وقاص )ەوەیە

قزرابات لەبنچینەدا وشەیەکی تورکیە ( قزل رباط ) کە بە واتای کچی نوتوم بو دیت .

یاقوتی حموی له معجم البلدان‌دا ئه‌لی : ( خسروشادفیروز ) شوینیك یاخود دی‌یه‌كه نزیك به حلوان كه پینج قوناخ ( فرسه‌خ ) لیوه‌ی دوره / كه ( استانی خسروشاد فیروز )یشی پی ئه‌لین ،

ئنجا یاقوت باسی ( خسروشادقباد ) ئه‌كات ئه‌لی : ئه‌كه‌ویته خاكی عیراقه‌وه دوای ئه‌ویش باسی ( خسروشادهرمز ) ئه‌كات كه ئه‌لی ئه‌ویش ئه‌كه‌ویته به‌شی روژ هه‌لاتی عیراقه‌وه و جلولاش یه‌كیكه له شاره‌كانی .

له‌هه‌ندی به‌رراوی میژوییدا ناوی خسروآباد و قزل رباط پیكه‌وه دین .

هـه‌ندیكی تر ئه‌لین ره‌نگ هه‌یه ناوی قزرابات له بنچینه‌دا ( قزآباد ) بـو بیت كه به واتای ئه‌وشاره دیت كه كچ ئاوای كردبیته‌وه / ئه‌مه‌ش كه‌متر ری‌ی تی ئه‌چیت .

یه‌كیك له شاره به‌ناوبانگه‌كانی ئه‌م ناحیه‌یه‌ش جلولایه .

## جلولاء :

جلولاء یاخود قه‌ره‌غان نیمچه شـــاریكه له‌سه‌ر روباری دیالی كه له‌شكرگایه‌كی گه‌وره‌ی سوپا و ئیستگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ریشی تیایه وئه‌كه‌ویته سه‌ر دوری‌یانه‌كه‌ی خه‌تی ئاسنیی به‌غداو كركوك / و به‌غداو خانقین .

ناوی جلولاء له كتیبه میژوویینه‌كانا زور هاتوه / وه‌كو ناوی روباری جلولاء دیت مه‌به‌س له روباری ( خریسان )ی ئیستایه / وه ئه‌م روباره‌ش بویه به‌م جوره ناونراوه چونكه ریگای به‌ینی عیراق‌و خوراسان بو ئیران له‌م روباره ئه‌په‌ریه‌وه / و ناوه‌كه‌ی له‌وه‌پیش روباری ریگای خوراسان‌بوه كه مه‌به‌ستیان له روباری جلولاء بوه .

هه‌روه‌ها ئه‌لین كه جلولاء منزلگایه‌ك بوه له‌ســـه‌ر ری‌ی خوراسان‌دا كه‌حه‌وت قوناخ له خانقینه‌وه دوربوه كه حه‌وت قوناخه‌كه‌ش ئه‌كاته ( ٣٥ ) كیلومه‌تره .

ئه‌وشه‌ره گه‌وره‌یه‌ی له‌به‌ینی ئیسـلامه‌كان و فارسه‌كانا رووی‌دا له سـالی ( ١٦ )ی كوچ‌دا / كه به سه‌ركه‌وتنی له‌شكری ئیسلام دوایی هات پاش ئه‌وه‌ی كه ( مدائن ) یان داگیركرد له‌جلولا دابوه / به‌م بونه‌یه‌وه هه‌ندی له‌میژوناسه‌كانی عه‌ره‌ب ناویان ناوه ( جلولاء الوقیعه ) كه مه‌به‌سیان له‌و واقعه‌یه دیت كه تیا روی داوه .

هه‌ر له‌م ناوه‌شدا پیشه‌وای له‌شكری ئیسلام ( قعقاع كوری عمر ) دوای له‌شكری



بنكه‌ی ژین www.zheen.org

فارس ئـــەکەویت تاکو خانقین / بویە هەندێ کەس ئەلین گوایە ناوی جلولاء لە ( جل ولاء )ەوە هاتوە / واتا خەلکەکە هەرکە ئیسـلام بون / ریزی تاییفی ئیسـلام یان گرتوە و دلسوزو بە پەروش بون بوی .

**قورەتو :** ناوی ئەو ناحیەیە کەسەر بەقەزای خانقینە .

هەندیك ئەلین قورەتو خوی وشەیەکی تورکیە لە ( قوری ) و ( أوتو ) وە هاتوە / قوری بە واتا وشك و أوتو بە واتاپوش دیت . کەهەردو وشەکە پوشی وشك ئەگریتەوە . کەوابو بەم گویرەیە لەپیشدا ( قوری ـ أوتو ) بوە و لەدواییدا وەرگیرراوە و وردە وردە بوبە قورەتو هەندیکی کەش ئەلین ( قری أوت )ە کە ئەمیش هەر پوش ئەگریتەوە . بەلگەش بو رای ئەوکەسانەی کە ئەمانە ئەلین ئەوەیە گوایە لەکاتی خویا ( واتا لەزەمانی عوسمانیا ) لەشکریکی تورك بەسواری ریگایان ئەکەویتە ئەمناوە / لەکاتیکدا کەباران برران وە زەوی وشك و برنگ بون و لە وەری تیانەبوە بو ولاخەکانی لەشکرەکە / تەنها پارچە پارچەی کەم ئەبیت لیرەو لەوی / کە سەر لەشکر چاوی بەم حالە ئەکەویت ئەلی ( قری أوت ) واتە پوشەکەی وشکەوبی لەوەرە بەلام بەبروای ئیمە ئەم لیكدانەوەیە لە جیی خویانیە چونکە ئەم ناوچەیە زور کونترە لەوەی کە ئەم جورە کەسانە ئە ناوەها لیکی بدەنەوە .

**بکرەجو :** ئەمررو بەو جوگا میریە ئەلین کەلە ناحیەی سەرچنار سەربەشاری سلیمانیدایە / وە کە لە سەرچنارەوە هەلگیراوە بو ناو زەوی و زاری میری کە ئیستا گیلگەیەکی بەنرخە لەکشت سازیدا .

دانەری پەرروای ( السجل العثمانی ) ئەلیت روباری بکرەجو کە لە سەرچنارەوە دیت بەناوی بکربگی بابان کوری فقی احمدی دارەشـومانەوەیە کە بە بکرەسور بەناوبانگە / چونکە ئەو فەرمانی هەلکەندنی ئەم جوگەیەی داوە . ئەم بکرە ســـورە دوای میر ( سلیمانی بە بە )ی برای لەولاتی سلیمانیا لەسەدەی پانزە هەمینی کوچ دا فەرمان رەوابوە / کە فەرمان رەوایەکی زور وریاو تیگەیشتو بەدەسەلات بوە بەجوریك دەستی عوسمانیەکانی کیشاوەتەوە لە حوکمی ولاتی باباندا / وەسنووری ولاتەکەی



www.zheen.org

قراران کردوه .

**بکراوا** – دیەکە نزیك هەلەبجە / ئەمیش هەربەناوی میر بکرە شوری بابانەوەیە کە پیاویکی زور داناو ئیشکەر بوە و گەلیك خوی بەئاوەدان کردنەوەی ولاتەکەی‌و پیش‌خستنی کشت‌وکالەوە خەریك کردوە .

**شارەزور** – ئەمرو بەو ناوچەیە ئەلین لە لیوای سلیمانیا / کە لە عربتەوە دەست پی ئەکات تا خورمال و نزیك هەلەبجەو بەولاترەوە بو ناحیەی وارماوا / واتا بەشیکی زور لە ناحیەی تانجرو ( عربت ) و ئەتوانین بلین گشت ناحیەی ( سید صادق ) کە شــــهرزوری پی‌ئەلین‌و بەشی دەشتاییەکەی ناحیەی خورمال بەشیك لە ناحیەی وارماوا ئەگریتەوە .

ئەوەی گومانی تیانیە / ئەوەیە کە لەپیشدا شارەزور شار بوەو ئەمرو ویران‌بوە .

بەلام ئایە ئەم شارەکی دروستی کرد و شوینەکەی کوی بوە و بوچی ناونراوە شارەزور ؟ ؟ لەم روەوە قسەو باس زورە .

ابن خلکان لەپەرراوی ( وفیات الاعیان )دا ئەلی شاری شارەزور / زور کوری ضحاك دروستی کردوە وە ئەسکەندەری گەورەش لەویدا وەفاتی کردوە بەم قسەیەدا ئەبی شارەزور لە شاری زورەوە هاتبی خوالی خوش بو امین زکی بگی ئەمریش ئەلی ( بەوەدا کە ابن الفقیە ومستوفی ) دەریان خستوە / ئەبی شارەزور کاواز یاخود قباد کوری فیروزی ساسانی لە سالی ٤٨٧ ــ ٥٣١ زایینی‌دا دروستی کردبی .

مستر ( ریچ )یش ئەلیت شوینی شـاری شارەزوری کون ئەکەویتە بەینی عربت‌و قزقلای ئیستاوە . وئەلی شـاری نیم‌را یاخود نیم ازری [ واتا نیوەی ری ] لەکاتی ساسانیەکانا / شاریکی گەورە و گەشاوەی شارەزور بوە .

روژهەلات ناس [ هامەر ]یش ئەلی : لەنزیك دەروازەی شاری شارەزور گردیك هەبوە سلطان سلیمان لەسەر ئەو گردە قەلایەکی دروست کردوەو ناوی ناوە [ گلعنبر ] ماموستا حسن فهمی جافیش لەگەلاویژی ژمارە [ ١٢ ]ی سالی « ٥ »دا ئەلی کە ئەویش لەکتیبی هامەرو امین زکی بگەوەی وەرگرتوە کە گوایە : رومەکان بە شارەزوریان

وتوه « زیازوروس » / هامەر ئەلی قەلای گلعنبر دوای ئەوەی لەلایەن شاعباسەوە ویران کراوە / خسرو پاشا سەر لەنوی لە رەمەزانی سالی ١٠٢٩دا تعمیری کردوتەوە شارەزور لەبەردەمی دولیکدا بوە ، لەناو ئەم دولەدا ئەشکەوتیك بوە « أزرق حادو مغارەسی » یان پی گوتوە / لەبەر دەمی ئەم ئەشکەوتەدا تاشە بەردیکی تیژو بلندبوە و قەلای زەلمی لەسەر بنیات نراوە . هەرلەنزیك ئەم شاری شارەزورەوە ئەشکەوتیکی تر هەبوە کە مەیتەکەی اسکندری تیابوە پیش ئەوەی بگویزریتەوە بو أسکندریە .

هەر بەم جورە ماموستای جاف قسەکانی یاقوتی حموی دەرخستوە کە لە لاپەرەی ٣١٢ی بەرگی « ٥ » معجم البلداندا ئەلیت « شارەزور بە ناوچەیەکی زور گەورە ئەلین کە کەوتوتە بەینی همدانو أربیلەوە ، زوربەی ئەم ولاتە کەژو کیوە / خەلکەکەشی هەمو کوردن » . یاقوتی حموی خوی لە « ابن المهلهل »ی بیستوە کە لەدەوروپشتی سالانی ٣٤١دا شـــارەزوری بەچاوی خوی دیوە ئەلی « ناوچەی شـــارەزور شارو دیهاتی زوری هەیە / ئەو شارە کە لە هەمویان گەورەترە لەم ناوچەیەدا بە « نیمازرای » بە ناوبانگە ، خلقی ئەو شارە بە هیچ جوریك سـەر بو خلیفەو ســـولتان دانانەوینن و سەربەخو ئەژین / ئەم شارە / چوار تایەفەی گەورەی کوردی تیایە کە ناویان جلالیە / باسیان / حکمیە / سولیەیە . لە شارەزورا شاریکی تریش هەیە ناوی « شیز »ە .

## خورمال

ماموستا حسن فهمی جاف لەگەلاویژی ژمارە « ١٢ »ی سالی « ٥ »دا ئـــەلیت : جیماوی کون بومان دەرئەخات کە خورمال لەمەوپیش شاریکی زور گرنگی کوردستان بوە / ئیستا دییەکی « ٥٠ » «١» مالی بچوکەو مەرکەزی ناحیەی خورمالە وە « ١٨ » کیلومەترە دورە لە هەلەبجەوە .

ماموستای جاف ئەلیت : خورمال یاخود خولمار رەنگە لە بنچینەدا گلعنبر بو بیت کە ناوی زەمانی عوسمانلیەتی وبەهەلە بو بی بە خولمار / چونکە خولمار / گولمار / گول ئەمار / گلعنبر / کەوابو هەلەگری خولمار لە بنچینەدا گلعنبر بو بی .

ئنجا ماموستای جاف ئەلی « نیم ازرای » واتا نیوەیری کە شاریکی کونی ساسانیە بەگویرەی بەلگەی میژوییەن ئەبی خولمار بو بیت/امین زکی بگیش لەمڕووەوە لەگەلیایەتی «٢»

---

« ١ » ئیستا « ١٥٠ ــــ ٢٠٠ » مال ئەبیت

« ٢ » لاپەرەی « ٨و٩ » لە هەمان ژمارەی گەلاویژ

هەندیکی تر ئەلین خولمار لەبەر ناخوشی و وەشاندنەوەی ئیشو ئازاری زور لـە خاکەکەی ناونراوە خولمار / کە خولەکەی وەك زەهری مار دەردە داربوە / وەبە تایبەتی نەخوشی لەرزوتا « ملاریا » و سپل خەلکەکەی پەریشان کردوە .

**ولوبە** - شوینیکە ئەکەویتە خوار شاری سلیمانیو نزیك بە ریگای سلیمانی و چەمی تانجەرویە .

ماموستا سپایزری روژهەلات ناس ئەلیت : ناوی دیی اولوبەی نزیك سـلیمانی زور گرنگە وەوا تیئەگەم کە ناوی میژوویینی نەتەوەی کورد بیت / چونکە ئـەم ناوە لەکاتی دەست رویشتنی ئاشوریەکانا بەو شـوینانەیان وتوە کە ناوچەی دلیسی ئیستا ئەگریتەوە .

تیفلات پلاسری سی۳هەم شای ئاشور ۳۰ هەزار کەسی لـە شاری [ حما ] وە بو هیناوە تیا دابەزاندوە وە ئەلی : دور نیە ناوی [ لولو ] ش لە اولوبەوە هاتبی

**یاسین تەپە** گردیکی دەست کردی کونەو ئەکەویتە ناوچەی شارەزورەوە لە ناحیەی تانجەرودا / وە نزیك بە دیی بیستانسورە . میژو دروست کردنی ئەم گردە ئەگیریتەوە بو سەردەمی ساسانیەکان / بویە هەندیك ئەلین کە دور نیە ناوەکەی لە بنچینەدا ساسان تەپە بوبیت وە وردە وردە وەرگەرابیت تاکو بوە بە یاسین تەپە .

www.zheen.org

**هەلەبجە** . شـاریکی گەورەو گەشاوەی کوردستانی عیراقەو مەرکەزی قەزای هەلەبجەیە لە لیوای سلیمانی .

نازانین ناوی هەلەبجە خوی لە چیەوە هاتوە بەلام میژو ناسی مەزنی کورد خوا لیخوش بو امین زەکی بەگ ئەلی : شاری [ هار هار ] لەکاتی حکومەتی [ اکد ] دا واتا لە نیوەی یەکەمی سـەدەی [ ۲۸ ] ی پیش زایینی دا لـەلایـەن مەلیك سارگونەوە گەلیك جار هیرشی براوەتە سەر تاکو داگیر کراوەو ناوەکەی گوراوە و کراوە بە کارشاردکین واتا شاری سارگون . ئنجا امین زەکی بەگ ئەلی :

ئەبی ئیستا ویرانەکانی ئەو شارە بوبیت بە ژیر خاکی شاری هەلەبجەی ئیستا یا نزیکیەوە .

**وەلانە** دیەکە لە ناوچەی شارباژیردا وە لە گەلێك پەراوی مێژوییدا ناوی هاتوە .

وەك دانیشتوانی دیەکە خویان بە ساکاری ناوی گوندەکەیان لێك ئەدەنەوە گوایە ئەم ناوە لە ملی دانەنەواندنی دانیشتوانیەوە هاتوە کە هەرچیەکیان پێ وتون یا داوا لی کردون وەلامیان « وەللا » « نەء » بوە . بەلام ماموستا امین زەکی بەگ ئەلیت : ئاشور ناصر پالی سی٣هەم مەلیکی ئاشور « ٨٨٤ - ٨٦٠ » پیش زایینی هێرشی هینایە سەر ولاتی زائوما لە کوردستانی خوارو کە شوینی نەتەوەی گوتی کورد بو » وە یەك لە دوای یەك شارەکانی داگیر کرد / تەنها شارێك کە نەیتوانی داگیری بکات شاری « مسو » بو کە رەنگە هەیە شوینی گوندی وەلانەی ئیستا بیت کە بە هەموو هێزیکەوە بەرامبەر بە ئاشوریەکان وەستانو خویان نەدا بە دەستەوە / بەلام سوپای ئاشور لە دواییدا هێرشیکی زور بە تینیان بردنە سەر تاکو شارەکەیان داگیر کردوو دانیشتوانیان لەناو برد .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سوقرات ( روو بە رووی مردن )

سوقراتی فەیلەسووف زور دل نەرمو تیگەیشتوو بوو بەلام خاوەن زەوی وزارەکان قینیان زور لی ی بوو چونکە هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بو رزگاربی کویلە لە دەست خاوەنی نارەوای کویلەو زەوی ، لەبەر ئەوە لە ئەنجامی هەولیکی زورا ئەو دەولەمەندە کون پەرستانە سوقراتیان گرت وە حوکمیان دا بە مردن . کاتیك کە وەردیانەکانی زیندانەکەی هاتن بو کوشتنی پی یان وت

:ــ سوقرات خوت ئامادە بکە بو مردن

سوقرات سەری راوەشانو بــە زەردەخەنەوە وتی ، لەوەتی هەم خوم ئامادە ئەکەم چونکە زیانم بو کەس نەبووە نەبە ئاشکراو نەبە دزیەوە .



# بـــو پێکەنین

ڕوەستای کارەبایی : - بڕرو بو مالی میرزا زەنگی دەرگاکەیان چاك بکە .

شاگرد : ( دوای ناویك ئەگەڕێتەوەو بە وەستای ئەلی ) :

وەستام کەس لە مال نەبوو .

وەستا : چون ؟ ئا ئیستا ناردیان بو لام کە زەنگەکەیان چاك کەین .

شاگرد : بەلی لە مال نەبوون زورم لە زەنگەکە دا کەس وەلامی نەبوو .

---

/ چەند هاوڕێیەك دانیشتبوون باسی ولاتانیان ئەکرد . باسی هەر شوینیکیان ئەکرد ( خلە ) ئەیووت دیومە ، بەلام لە ڕاستیشا هیچ شوینیکی لـــەو شوینانـــە نەدیبوو . . . هاوڕێیەکی پی‌وت : وا دیارە کاك خلە تو زور شـــارەزای جوگرافیای ، کاك خلە وتی ( بەلی دوو مانگی لی‌بووم بەلام ئەختیك گەرمە )

---

تەیمووری لەنگ : ئەری مەلا ، ئەوە چی‌یە هـەر خەلیفەیەك ناویکی لـە خوی ناوە ! وەکو [ المعتصم بالله ] [ المتوکل علی الله ] هتد . .

ئەی بوچی من ناویك لە خوم نەنیم .

مەلای مەزبوورە : توش ناوی خوت بنی [ نعوذ بالله ] .

---

یەکەم : بەفری کەلی خان‌و هی پیرەمەگروون کامیان سارد ترە ؟
دووەم : پرسیارەکەی تو لە هەردوکیان سارد ترە .

---

ژن : جەنابی قازی ئەوە ٣ مانگە شووم کردووە بەم پیاوە هیچ قسەی لەگەل نەکردووم .
پیاو : گەورەم راست ئەکا ، چونکە ئەوەندە قسە ئەکا هیچ نورەی من نادات

---

یەکەم : ئەگەر یەکیك بە خەنجەری رووتەوە هەلی کوتایە سەرت ، چ هەنگاویك ئەنیی بو خوپاراستن ؟
دووەم : هەنگاوی گورج‌و دریژ ، بو راکردن .

---

( نیرەر : ناسك محمد حویز )

بنکەی ژین
www.zheen.org

## تەمەنی چەندە ؟

ژنیك لە برناردشو ئەپرسی « تەمەنم بەچەند دائەنیی »
برناردشو ئەلی : بە دانە وردەکانتا بە « ١٨ » سال ، وە بە قژە زەردەکالەکەتابە « ١٩ » سال وە بە دیمەنیش بە « ١٤ » سال .
ئنجا ژنەکە ئەلی « ئەی تو بەچەند سالم دائەنیی ؟
برناردشو ئەلی « زور ئاسانە ئابەمەندە ١٨+١٩+١٤ = تەمەنی راستیی تویە » .

# ★ شـــوتی ★

ئەمررو چاك ترین خاك بو : شووتی پیکەیاندن خاکی ( کوردستان ) ە

شووتی دوو جورە : یەکەم لە ( بەراو ) دا ئەچینری ئەوە پی‌ی ئەلین : شووتی هاوینە . دووەم : لەسەر ( بەستە ) ی روبارەکان چال هەلدەکەن قوولایی ٥ ، ٦ بست هەتا ئەگاتە ئاو . هەر یەك لەم چالانە بررکی شووتی تیا شەتل ئەکەن ئەوە پی‌ی ئەلین : شووتی پایزە تویکلەکەی زور سەختە ئەگەر لە شوینی فینك دا. پاریزری هەتا ( نەوروز ) ئەمینی وە هیچ خراپ نابی .

خواردنی شووتی بو گەلی نەخوشی بەکەلکە وەکوو :ــ

خارش‌و گەرمی لەش ، زیپکە ، میز گیران ، وە هەندی برینی ناوســك ، وە تینوویەتی‌و گەروو وشك بوون . وە دیسان ئاوی شـووتی لەگەل ( تـەمری هیندی ) بو دەردی « سەفرا » زور بە سوودە .

هەروەها شـووتی‌یەکی گەورەی چاك بینە سـەرقاپیکی پچوکی لی هەلینەرەوە پرر

به کەوچکیکی چیشـــت خور هەنگوین یان دوو کولو شەکری تی بکە لـــەپاشا سەرقاپەکەی چەسپ بکەرەوە بـە هەویر درزەکەی بگرەو شووتی‌یەکە بخەرە نـــاو ( کا ) یان ( پـەین ) ەوە پاش هەفتەیەك ئەبی بە ( شەراب ) یکی نایاب . دووبارە تویکلی شووتی ئەکری بـە ( مرەبا ) بەلام لیرە لەسەر ریگا فرری‌ی ئـــەدەن مروڤ رەت بیا .

باشترین شوین بو : پیگەیاندنی شـووتی ( بەست ) ی چەمی قەلاچوالان وە چەمی ( سیوەیل ) ە زور دوور ناروون بو : ( پردە زیررینە ـ ئالتون کوپری ) ئەمە باسی شووتی پشت بەخوا ئەجارە باسی کالەك تان پیشکەش ئەکەین .

# وتەی بەنرخ

بنکەی ژین
www.zheen.org

ە سەربەستی گەلی زیاترە لەوشەیەك بووتریت ، لەپارەیەکی قەلب کە سیاسی‌یەکان دەستاو دەستی پی‌ئەکەن .

سیسیل دای لویس

( شاعیری ئینگلیزی )

ە هیوا وەك ئەستیرە وایە تا شەو تاریکتر دابیت ئەوزیاتر بریسکەی لیوە دیت .

( ونســلو )

ە بایەخی نی‌یە چەند ئەژیت بەلام پیم بلی چون ئەژیت .

( بیلی )

ە رووبار هەمیشە سەرچاوەکەی پاکترە .

[ پاسکال ]

ە ئەوی ئەنیا بو خوی بژی ئەمری ، ئەوی بو کورد بمری لە دلی کوردا ئەژی .

# شـــوررشی قوچ گیری

## ( ٤ )

اسماعیل حقی شاوەیس

## نەخشەکەی لوید جورج Loyd GorG

دکتور نوری بەگ کە بەفەرمانی مصطفی کەمال لە زیندان دەرهینرا برایە بەردەمی والی سیواس ( رشید پاشا ) ، والی پی‌ی وت « ئاغا بەگ ، دکتور ، تو خویندەواریکی زور بەرزی ، وە دپلومتاری هەیە . زمانی فەرەنســی چاك ئەزانیت وە لەجیهانی رامیاریدا « سیاسەت » ئاگاداری ، جا لەم کاتەدا کە یونانی‌یەکان هەلمەتیان بردوتە سەر

## مێژووی نەتەوەکەت

تورکیاو حکومەتی میللیمان « کە حکومەتی تورك‌و کوردە . وە هیچ جیاوازی‌یەکمان نی‌یە » وە روژی خوشی‌و نالیمان بەکە ، ئایا لەم کاتەدا رەوایە ئەم کوردانە شەرر لەگەل حکومەتا بکەن‌و داوای جیا بوونەوە بکەن وە بە قسەی « ئەوروپایی‌یەکان ...!! » بو دروست کردنی حکومەتی کوردستان شەررمان لەگەل بکەن ؟!!

بنواررە ، ئەمە نەخشـەکەی لوید جورجە ، تورکیای بە پەلەیەکی تاریك‌و رەش پیشـان داوە ، وە ئەلی گەرەکە ئەم رەشی‌یە بەچەقو بکرریتریت وەسپی بکەینەوە ، ئەم پیاوە ئیستا وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە . بەریتانیاو ئەمەریکاو فەرەنسـەو ئیتالیا ئەیانەوی لە « ئەدرنە هەتا قەفقاسیا » و ناوەراستی دەریای رەش ئەرمەنستانیکی گەورەی لی دروست بکەن ئەدرنەو ئەستەموول‌و داردەنیل‌و ئەزمیر بدەن بەگریك ـ یونان ، وە کوردو تورکیش بکەن بە نوکەری خویان .

مزگەوتەکانمان بکەن بە کنیسـە .

نابی کورد فریوبخوا وەك عەرەب بە قسەی اورانس فریویان خوارد ، ئیمە « تورکیا » باوەڕمان بە مافی کورد هەیەو دانمان پیاناوە . دوای پاکژ کردنی نیشتمان لە دوژمنان ، بە فەرمانی ئەتاتورك خود موختاری ئەدری بە کوردستان ، وە « بیوك میللەت مەجلیسی پەرلەمانی تورکیا »ش دانی بەو مافانەدا ناوە ، لەبەر ئەوە پیویست ناکات کورد شەڕمان لەگەل بکاو دنیامان لی پڕ بکات ، چونکە دوای بڕانەوەی شەڕ لەگەلی بیگانە هەموو شتیك بەپێی هیواو خواستو ئارەزووی کوردان ئەبیت .

دکتور ، تو بو تورکیا خزمەتو دلسوزیت زورە وەلەلایەن حکومەتەوە پاداشتیشت دراوەتەوە ، ئەمڕو هەموو شتیك بو تو ئامادەیە ، تەنیا مەیەلە « کوردەکان » شەڕ بکەن ...

لەسەر ئەمە دکتور نوری بتر لە جاران لە سیاسەتی تورکیا کەوتە گومانەوە ، لەبەر ئەوە هەر کە لە زیندان هاتە دەری لەجاران گەرمتر کەوتە تیکوشان بو سەرخستنی شورشی قوچ گیری .

---

لە روژی ١٣/مارتی/١٩٢١دا لە بوغاز ویران سەروکی کومیسیون شەفیق بەگ فەرمانی مصطفی کەمالی بو نوری بەگو هەڤالانی خویندەوە ، وە دوورودریژ باسی خودموختاری کوردستانی بو کردن وە لە دژی شەڕ گەلیك قسەی کرد .

بنکەی ژین
www.zheen.org

دکتور نوری وەلامی شەفیق بەگی سەروکی دەستەی ئاموژگاری دایەوە وتی « پیویستە ئیوە دەست لە بزووتنەوەی لەشکری هەلگرن ، وە رەش بگیری « نفیرعام » نەیەلن وە دان بنین بەمافی ئابووریو زانیاریی کورددا ، وە ئەو خود موختاریەی بو ئیمەی باس ئەکەن بە رەسمی دەری ببڕن وە پەرلەمانی تورکیا بە ئاشکرا بڕیاری لەسەر بداتو روژنامەکانی لەسەری بنووسنو بڕیاری حکومەتی تورکیا دەربارەی خود موختاری کورد لەهەموو جیهاندا بلاو بکریتەوە . ئەگینا ئیمە بە بەلین باوەڕ ناکەین ، چونکە کوشتارو تالانەکانی زەمانی عوسمانیمان هەر لەبەر چاوە ،

ئەم وتانەی دکتور کاریکی بەتینی کردە سەر سەرکردەکانی کورد وە کەوتنە ئەو باوەڕەوەکە وەستانی شەڕ لەلایەن حەیدەر بەگەوە راست نییە وە ئەبیت بەهوی

روژیکی رەش بو کوردان ، لەبەر ئەمە خەریك‌بووەن دەستەی ئاموژگاری بە دیل بگرن بەلام روژی ٢٢/مارت/١٩٢١ گەررانەوە بو سیواس ، وە هوی ئەوەش کە نەیانگرتن هەر ئەوەبوو چونکە میوانی حەیدەر بەگ بوون ، پی‌یان نەنگ‌بوو میوان بگیری . لەم کاتەدا حکومەتی تورکیا خەریکی ریکخستنی پیلانیکي گەورەتربوو بو قررانی کورد .

## لەشکری تورك

دوای گفت‌و گوکەی دکتور نوری بەگ ناوچەی ئوردووی ئەنقەرە کەوتە خوی ، تیپي سوارەی ( ١٤ )و لیوای سوارەی ( ١٣ ) یان بە پەلەپەل ناردبو ( سیواس ) تا بتوانن العزیزو ارزنجان‌و سیواس لە هەلمەتی شوررشگیرراني کورد بپاریزن .

## حەیدەر بەگ‌و سەرکردەکانی تری کورد

لە سەرەتادا پیلانی ئەم جارەیان وابوو کە لە سیواسەوە پەلاماری ئەنقەرە بدەن‌و بیگرن ، بەلام حەیدەر بەگ کە لەئەنجامی دل‌پاکی‌ی‌دا باوەرری بە پەیمان‌و بەلینی ئەتاتورك کردبوو قایل نەبوو هیرش ببرنە سەر ئەنقەرە ، بەمە حەیدەر بەگ ئەو نەخشەوپیلانەی ژیروژەبەر کرد .

لەشکری فەرەنسە لە ئورفەو عەینتاب‌و ئارام سازبوون . ویستیان بینە پیشەوە ، بەلام کوردان نەیانویست بینە ناو قوچ گیری‌یەکانەوە ، چونکە لەهیلی عەینتابەوە هەتا سیواس ئەم ناوچانە هەموو کەوتبوونە ژیر دەستی قوچ گیری‌یەکان .

علی شان بگ زادە و عزت بگ‌و محمود بگ‌و عەزەمەت ئاشـــکی ، ئەم جوار قارەمانە سەرکردەیی شوررشگیررایی ( قوررروچای ـ بلووجان ـ زارا ـ هاڤیلك وەسیواس ) یان ئەکرد ، لە هەندیك شوین‌دا ئافرەتانی کوردیش لەم شوررشي قوچ گیری‌یەدا بەشدار بوون بو بریندار تیمار کردن‌و زەخیرە گواستنەوەو شەررەتفەنگیش .

کوردەکان لەم ناوچانەدا بەتەواوی ســـەرکەوتن ، وە هەموو ئەوشوینانەیان گرتە دەست ، شـــوررشگیررە کوردەکان لە هانوچوو هەلمەت بردنا مارشي دەرسیمی ( کوردابەتی‌یان ) لە سیبەری ئالای کوردا ئەووت ، بەمە ئاگریان ئەررشتە هەموو

بنکەی ژین
www.zheen.org

دلیگەوە بو تیکوشان لە پیناوی کوردستانا ، بەلام فەرەنسی یەکان کە دی یان کوردەکان شوورشیکی ریك و پیکیان بەرپاکردووەو ئالای کوردیان هەل کردووە ، ترس کەوتە دلیانەوە لەبەر ئەوە لەژیرەوە لەگەل تورکدا کەوتنە گفت و گوکردن .

کەمالی یەکان لە ١٨ی مارتی ١٩٢١دا لە ویلایەتەکانی ترابزون و گومووش خانەو شبین قەرەحەسار و سیواس دا دەستیان کرد بە رەشبگیری ، لەسەر ئەمە کوردەکانی ناوچەی ( زاماریك ) یاخی بوون وە هاتوچویان لەبەینی شارەکانی ئەرزنجان و خەرپووت و کەماخ دا بەجاریك نەهیشت وە تەلی تەلەفون بچرپینرا . وەلەلایەن حکومەتەوە عورفی لەئەرزنجان و سیواس و خەرپووت دا اعلان کرا . بەم جورە کوشتار لەهەموو لایەکەوە بەرپابوو کوردەکان بەدەم بانگی یاحەق یاعلی یەوە هەمەتیان ئەبردە سەر لەشکری تورك وە لەهەموو لایەکەوە لەگەرمەی کوشتارا لەشکری کورد سروودی رزگاری کوردستانی ئەووت ، لە٢٠ی مارتا لەبەینی شاری زارا و قویوول حیساردا کوردەکان پوستەیەکی حکومی یان گرت بەمە گەلیك راپورت و فەرمانی حکومی یان کەوتە دەست . شەرکەرەکانی ( سید هەباس ) کە ٣٠٠ تفەنگ چی ئەبوون دایان بەسەر لەشکری تورکا کە بەرەو کەماخ ئەکشان ، ئەم لەشکرە شکا وە ١٠٠ کەسی لی کوژراو بەرەو ئەرزنجان هەلاتن . . .

وەلەشەوی ٢٢ی مارتا ناوچەی سینجان کە بە قەزای ( دی وریکی ) یەوە بەستراوە شەرکەرانی زالم چاوەش و عزت بەگ گرتیان . وە شەرکەرانی تورك خویان دا بە دەستەوە بەم جورە ناوچەکانی ( ئارموودان و دی وریکی و چەلین قەیا ) بەجاریك کەوتە ژیر دەستی کوردەوە ، سەربازەکانی تورك لەم شەرەدا بە تەواوی پەریشان بوون .

ئنجا کەمالی یەکان دیسانەوە کەوتنەوە فرروفیل و پاررانەوەو لالانەوە ، وە اعلانی عەفووی گشتی یان کرد .

لەم شوورشەدا تورکە موعاریزەکان کەم و زور یارمەتی کوردیان ئەدا ، وەلە پەرلەمانیشا موعاریزەکان کەوتنە خویان .

## جەنەرال نورالدین پاشا

حکومەتی ئەنقەرە ئەیووت ئەم شەررە ، شەرری دزو جەردەیە . . .

له ٢٤/مارتی/١٩٢١دا. جەنەرال نورالدین پاشا .کە دوژمنی عەرەب بوو ، وە ناوی بەوە دەرکردبوو کە بەخوینی سەری کورد تینووە ، کرا بە قوماندانی ئەو لەشکرەی هیرشی ئەبردە سەر قوچ گیری‌یەکان .

حکومەتی ئەنقەرە دەسەلاتیکی زوری دا بە جەنەرال نورالدین. نورالدینیش دەست بەجی رەشبگیریی بانگ دا ، وە هەر کە گەیشتە ( سیواس ) گورج بەیاننامەیەکی دەرکرد دژی کوردانی قوچگـــیری وەلـەو بـــەیانەدا هیرشیکی بەتینی بردە سەر شوررشگیرانی کورد وە ناوی لی‌نان جەردەو ری‌گر ، وە هەروەها لەو بەیاننامەیەدا وای دەربرری کە گوایا کوردە شوررشگـیرەکان دژی ئایینی ئیسلامن ، وە لـەگەل دوژمنانا ریك کەوتوون وە پەنایان بردوتە بەر ئەرمەنی‌یەکان ، وە پەیوەندی‌یان بـە دەولەتی بیگانەوە هەیە وەکو « بەریتانیاو فەرەنسەو ئەمەریکاو ئیتالیاو گریك » وەئەم کوردانە دژی حکومەتی تورك‌و ئیسلام ئەجوولینەوە ، وە لەگەل دوژمنا ریك‌کەوتوون بو دروست کردنی حکومەتی کوردستان ، وە بیروباوەرری ئەوروپایی رژاوەتـە ناو کوردستانەوە ، بەم جورە جەنەرال نورالدین پاشا کەوتە پروپاگەندە کردن‌و بەیاننامە دەرکردن دژی شوررشی کوردایەتی وە هەروەها کەوتە هەررەشەو گوررەشە کردنیش وە بلاوی کردەوە کە گوایا ئەگەر شوررشگیرەکان بلاوەی لی‌نەکەن‌و پەنا نەبەنە بەر حکومەت ئەوا سزای بەتینیان ئەدری .

www.zheen.org

ئەم توندو تیژی‌یەی جەنەرال نورالدین نواندی ، وە ئەو هەررەشانەی کردی بە پیچەوانەی ئارەزووی ئەووەوە کاری کرد چونکە شوررشگیرانی قوچگیری لەم هەررەشەو گوررەشەیە زور دلگیربوون وە زیاتر گەرم بوون لەسەر تیکوشان ، ئـــەوە بوو دلی بزورگی کورد ئاگری گرت ، وە خوی ئامادە کرد بو خوین رشتنیکی سـەخت لـە پیناوی کوردو کوردستانا .

جەنەرال نورالدینیش زور بە پەلە خوی کوکردەوە ، وە هەرچی سەربازیك کە درابوون هینرانەوە ژیر چەك ، وەلە سیواسەوە (٥٤) مین ئالایی سوارە بو حیسارو لە توقاتەوە (٣٢) مین ئالایی سوارە بو سیواس لەگەل ژاندرمەو میلیشیا کە هەزار کەس

پتربوون پیکەوە بە (٢) فەوج پیادەو (١) بەتاریای توپی چیایی‌یەوە لە ئەنجامی شەڕیکی سەخت‌و خوین رشتنیکی زوردا بە دوو روژ گەیشتنە ( روفاهی‌یە ) .

## سەرکردەییتی گشتی

جەنەرال نورالدین پاشای خوین ریژ جگە لەم لەشکرەش لــە ( یوزگادەوە ) ( ٥٣ ) مین‌ئالایی سوارەو لە ( ئاماسی‌یەوە ) فەوجەکانی هیرشی تیپی (٥) ی لەگەل ئالایی پیادەی ( ٧٠ ) هەم‌و (٣) بەتاریای توپ‌و گەلیك ژاندرمەو میلشیای لە روژی ٢٥/مارت/١٩٢١دا نارد بو شاری سیواس ، وەلە دیاربەکرەوە ئالایی‌یەکی پیادەو (٤) توپ‌و (٨) مەترەلوزی لەگەل فەوجیك ژاندرمەو هەزار میلیشیای نارد بو سیواس


بەلام لە گەلیك شویندا ئەمانە تووشی پیشمەرگانی کورد ئەبوون وە کوشتار دەستی پی کرد .

بە کورتی جەنەرال نورالدین (٦) هەزار سوارەو (٢٥) هەزار پیادەو ( ٨٠ ) مەترەلوزو چەند هەزار میلیشیاو ژاندرمەی بەکار هینا بو هیرش بردنە سەر قوچگیریان بو ئەوەی کوتایی بینن بە شوررشی کورد .

بنکەی ژین
www.zheen.org


## رزگاری کوردستان

شوررشی پیروزی قوچگیری شوررشیکی سـەخت‌و خویناویی نەتەوەی کورد بوو بو رزگاری‌و سەربەخویی کورد و کوردستان ، وە ئەم شوررشە بە (٢) جار بەرپاکرا جاری یەکەم لە ٣/کانوونی‌دووەم/١٩٢٠ تا ٢٦/ئەیلوول/١٩٢٠ وە جاری دووەم لە ٢٤/شوبات/١٩٢١ تا ٣/حوزەیران/١٩٢١ . بەلام لە ٥/حوزەیرانی/١٩٢١دا کوتایی شوررش هات بە بانگ کردنی ( عەفووی گشتی ) .




١ ـ قوپی قەرەداغ [ داری‌زەرد ] هاوینە هەواری شاری سلیمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org



٢ ـ سولاف : هاوینە هەواری ئامیدی

بنکەی ژین
www.zheen.org




# مزگەوتەکانی سلیمانیو زانا ئایینییەکانی

عمر عبدالرحیم

ئەم زانا ئایینییانەی کە لیرەدا باس کراون وەنەبی تەنیا هەر لە رووی ئایین و خوا پەرستییەوە ناویان دەرکردبی ، بەلکو هەندیکیان لە نیشتمان پەروەریش دا هەستیکی پیروزو دەستیکی بالایان هەبووە .

١ ـ ئەگیرنەوە لەکاتی هاتنی ئەو وەفدەدا کە لە جنیفەوە هاتبوون بو کوردستانی عیراق بو ئەمەی کە ولایەتی موصل واتە « موصلو ئەربیلو کەرکووك و سلیمانی » ببەستری بەتورکیاوە یان بە عیراقەوە ؟ چەند کەسی لە چلکاو خورو پروپاگاندەچییەکانی تورکیا ئەچنە لای خوا لیخوش بوو حاجی شـیخ ئەمینی خالو داوای لی ئەکەن کە خەلکی هان بدات تاکو ولایەتی موصل ببەستری بەتورکیاوە ، خوا لیخوش بووش وەلامەکەی ئەمە ئەبیت « هیچ پیویست ناکات کە من لەم رووەوە لەگەل ئەم میللەتەدا بدویم ، چونکی لەم ماوە دریژەدا کە ئەم میللەتە لە ژیر دەستی تورکیادا بووە ، ئـەگەر تورکەکان خزمەتیان کردبنو سوودیان پیگەیاندبن بیگومان ئەوا خویان دەنگ بو ئەوان ئەدەن ، وە ئەگەر ئـازارو ئەشکەنجە و ئاوارەییو مل بەپەتا کردنیش بەشیان بوو بیت من ئەمانەم ئەبو میللەتەکەم و ئەبو هیچ کەسیك ناویت » .

٢ ـ وە هەروەها ئەگێرنەوە کە جاریکیان گەرەکي سەرشەقامو دەرگەزێن لەسەیرانێك ئەگەرینەوە ، لێیان ئەبێ بەشەرو بەخەنجەرو تیلاو لیس بەر ئەبنە سـەرو گویلاکی یەکتريو دەرگەزێنیەکان بریار ئەدەن کە ئەبێ گەرەکی سەرشەقام سووتێنرێ ، بەلام کە خوا لێخوش بوو حاجی مەلا عەلی لـەمە ئاگادار ئەکرێت قورئانێك ئەگرێت بەدەستەوەو دێت بەپیر دەرگەزێنیەکانەوە و ئەفەرموێت « ئێوە کە لە بەرە بابێکن ، هاو خوێن و هاو زمانی یەکترین ، بو خاتری ئـەم قورئانە بە نارەوا خوێنی یەکتری مەرێژن‌و بە ئاگری نەزانی یەکتری مەسووتێنن ، مەبن .بەکەوی خو خور با راوچی‌یان‌و دوژمنانتان بسکەی سمیلیان نەیەت » .

## مزگەوتەکان :ـ

١ ـ مزگەوتی مەلکەندی :ـ لەکاتی دروسـت کردنی سلیمانی‌دا ( مەولانا ئیبراهیم ) مودەرریسی ئەم مزگەوتە بووە ، وە لـە زەمانی ئەحمەد پاشاش‌دا ( مەلا عبدالرحمن‌ی نودشی ) و لە پاش‌دا کوررەکەی کە ناوی حاجی مەلا ئەحمەد بووە لەم مزگەوتەدا دەرسیان ووتووەتەوە .

٢ ـ مزگەوتی حاجی ئەحان :ـ کە ئەم حاجی ئەخانە یەکێك بووە لـە دەولەمەندەکانی قەلاچوالان و کاتی کە هاتووەتە سلیمانی ئەم مزگەوتەی دروسـت کردووە ، وە لەو زانا بەناو بانگانەی لەم مزگەوتەدا دەرسیان ووتووەتەوە ( شێخ بابە رەسوول ) بووە کە پێیان ووتووە ( بابە رەسوول پلاوخور ) .

٣ ـ مزگەوتی مەلامینی مام روسـتەم :ـ کە خوی لەم مزگەوتەدا دەرسـی ووتووەتەوە .

٤ ـ مزگەوتی بن تەبەق لەگەرەکی مەلکەندی ، وە بویە بەم ناوەوە نـاو نراوە کارێزێکی تێدایە کە بە چەند پێپیلکەیەك بوی ئەچێتە خوارەوە .

٥ ـ مزگەوتی نەقیب :ـ کە بەسەراوە نووساوە .

٦ ـ مزگەوتی حاجی شـێخ ئەمین :ـ یەکێکە لـە مزگەوتە کونەکانی زەمانی بابانی‌یەکان ، وە لەپێش‌دا ( شێخ إسماعیل ) باپیری حاجي شێخ ئەمین مودەرریسی ئەم مزگەوتە بووە ، وە دوای ئەو خوا لێ خوش بوو ( حاجی شـێخ ئەمین ) کە

ئەم زاتە بەخوا پەرستن و ئایین داری و گوشـە گیری ناوبانگی دەرکرد بوو ، لـە پاش ئەمەی کە لە سالی ١٥٣١ هـ کوچی دوایی کردوە ، شیخ محمدی کورەزای کە بە شیخ محمدی خال مەشوورە دەستکاری مزگەوتەکەی کردووە وسەرلەنوی دروست کراوەتەوە ، وە ئەم زانا بە نرخە واتە شیخ محمدی خال زور بەتەنگ ئایین‌و بلاو بوونەوەی رەوشتی جوان و ڕاژە گوزاری و پاریزگاری زبانی کوردی‌یەوەیە ، وە ئیستا قازی شاری سلمیانی‌یە .

٧ ـ مزگەوتی شیخ محمدی بەرزنجەیی :ـــ کە ئەم زاتە لە زانا دینی‌یە بەنرخەکان بووەو لەپاش شەری گشتی ١٩١٤ ز کوچی دوایی کردووە .

٨ ـ مزگەوتی عبدالرحمن پاشا :ـــ کە پیی ئەووتری مزگەوتی سەید حەسەنی مفتی ، میری میران عبدالرحمن پاشای بابان ئەم مزگەوتەی دروست کردووە و خوشی دەرسی تیداوتووەتەوە ، لە پاش‌دا زانای بەناوبانگ (مەلا عبداللەی رەش)ی کردووە بەمودرریس ، وە هەروەها زانای بەناوبانگ سەید مصطفی مفتیش لـەم مزگەوتەدا دەرسی ووتووتەوە ، وە شاعیری بەناوبانگی کورد «نالی» لیرەدا ژووریکی بو تەرخان کراوە هەتا ئەوکاتەی کە سلیمانی بەجی هیشتووە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٩ ـ مزگەوتی هەمزاغـا :ـــ کە هەمزاغا یـەکیك بووە لـــە کاربەدەســـتانی بـابـانی‌یەکان .

١٠ ـ مزگەوتی عبدالرحمن پاشا :ـــ کە پیی ئەووتری مزگەوتی شیخ عبدالرحمنی شیخ ئەبو بکر ، وە ئەمرو بە مزگەوتی شیخ بابە عەلی ناسراوە ، وە یەکەم زانـا کە لەم مزگەوتەدا دەرسی ووتووەتەوە سەید عبدالکریمی بەرزنجەیی بووە ، کە لـە سالی ١٢١٣ هـ . دا کوچی دوایی کردووە ، وە لیرە خوا لی‌خوش بووان ( مەولانا خالید ، وە مفتی زەهاوی )ش دەرسیان ووتووەتەوە .

١١ ـ مزگەوتی حاجی عبدالعزیزی خەیات :ـــ کە پیی ئەووتری مزگەوتی شیخ جەلال ، چونکی ئەم زانایە مودەرریسی ئەوی بووە .

١٢ ـ مزگەوتی عەزیزاغا :ـــ کە بە مزگەوتی ناوبازار ناسـراوە ( عەزیزاغای

مەسرەف ) دروستی کردووە ، کە ( أمین‌المال )ی زەمانی ئەحمەد پاشای بابان بووە .

١٣ مزگەوتی مفتی :ــ کە زانایانی بەناوبانگی مەلا ئەحمەدی چاومارو حاجی مەلا محمد أمین و ، مەلا عەبدول عەزیزی مفتی‌و ، خوالی‌خوش بوو مەلا مەحموودی بی‌خود ، لیرەدا دەرسیان ووتووەتەوە

١٤ ـ مزگەوتی کانی‌ئاسکان :ــ کە کاریزی کانی‌ئاسکانی بەناودا ئەروات .

١٥ ـ مزگەوتی شیخ سەلام :ــ کە شیخ عبدالسلام خوی دەرسی تیدا ووتووەتەوە وە دوای خوشی زانای ئایینی مەلا عبدالرحیمی چوررستانی داناوە بو دەرس ووتنەوە .

١٦ ـ مزگەوتی قامیشان :ــ کە عبدالله پاشای دوایی دروستی کردووە .

١٧ ـ مزگەوتی بن تەبەق ، لەگەرەکی کانی‌ئاسکان :ــ کەپی‌ی ئەووتری مزگەوتی ( عیرفان ) خدر اغای دەست رویبو لەزەمانی بابانی‌یەکان‌دا دروستی کردووە ، زانای مەزن ( مەلا عبدالله ) کەبە عیرفان ناسراوە لیرەدا دەرسی ووتووەتەوە .

١٨ ـ مزگەوتی گەورە :ــ کەیەکەم مزگەوتە لە سـلیمانی‌دا لەزەمانی ئیبراهیم پاشادا دروست کراوە ، لەلایەکی‌یەوە گوری هەندی لە بابانی‌یەکان‌و عبدالرحمن پاشای تیدایە . وەلەلای راستی‌یەوە لەژووریک‌دا گوری کاك ئەحمەدی شیخ‌و قارەمانی « کوردو کوردستان شیخ مەحموودی نەمر » هەیە ، وە لەنزیك دەرگای دەرەوە منارەیەکی بەفەرمانی سولتان ( عبدالحمید خان ) لە سالی ١٣٠٨ ھ . دا لی دروست کراوە ، وەیەکەم کەس دانراوە بو دەرس ووتنەوە لیرەدا خوالی خوش بوو شیخ مارفی نودی‌یی بووە کە پتر لە ( ٦٠ ) شەست ( موجللەو تەئلیفاتی ) لە پاش بەجی ماوە ، لەپاش ئەمەی کە لەتەمەنی ٨٩ سـالیدا لە سالی ١٢٥٢ ھ . دا کوچی دوایی کردووە لەگردی سەیوان نیژراوە ، وە خوالی خوش‌بوو کاك ئەحمەدی شیخی کوری لە جیگای دانراوە .

وە ئەم زانا بەناوبانگە واتە کاك ئەحمەدی شیخ لە سالی ١٢٠٧ ھ . دا هاتووەتە دنیاوە ، وە لە سالی ١٣٠٥ ھ . دا کوچی دوایی کردووە ، ٨٦ نووسراوی دینی‌و ئاموژگاریانەی لە پاش خوی بەجی هیشتووە ، وە خوالی خوش بووش مەلا عبدالرحمن



بنکەی ژین www.zheen.org

پیجوینیش لیرەدا دەرسی ووتووەتەوە .

١٩ ـ مزگەوتی حاجی بەگ :ــ کە شوینی تایبەتی هەیە بو زیکر کردن‌و ئەمرو بە تەکیەی شیخ مارف مەشوورە .

٢٠ ـ مزگەوتی شیخ عبدالکریمی کوری شیخ عبدالقادر سنەیی وە ئەم زاتە خوی مودرریسی ئەم مزگەوتە بووە :

٢١ ـ مزگەوتی حاجی شیخ عبدالرحمانی قەرەداغی کە شیخ مارفی کوری شیخ ئەمینی قەرەداغی دەرسی تیدا ووتووەتەوە .

٢٢ ـ مزگەوتی حاجی مەلا مەحموودی حاجی مەلا عەلی :ــ کەئەم مزگەوتە لەبەر خاتری زانای بەناوبانگ شیخ عبدالقادری سنەیی دروست کراوە لەکاتیکدا ( سنە )وە هاتووە بو سلیمانی .

٢٣ ـ مزگەوتی ( شیخ عبدالله )ی هەولیری .

٢٤ ـ مزگەوتی ( شیخ عبدالرحمانی عازەبانی .

٢٥ ـ مزگەوتی شیخ یوسف .

٢٦ ـ خانەقای مەولانا خالید :ــ کە مەحموود پاشای کوری عبدالرحمن پاشا دروستی کردووە ، لەم مزگەوتەدا مەولانا خالیدو شیخ عبداللەی هوررەوی‌و شیخ عومەری قەرەداغی دەرسیان تیدا ووتووەتەوە .

٢٧ ـ خانەقای مەحوی :ــ کە حاجی مەلا محمدی مەحوی لەم مزگەوتە پچکولەیەدا دەرسی ووتووەتەوەو لە پاش‌دا بەهوی یارمەتی ( سولتان عبدالحمید )ەوە توانیوی‌یەتی دەست‌کاری‌یەکی باشی بکات‌و گەورەی بکات .

٢٨ ـ مزگەوتی حاجی عبدالرحمن بەگ :ــ کەپی‌ی ئەووتری مزگەوتی ( خوم خانە ) خوالی خوش‌بوو مەلا محمدی دەلیژی‌و پاش خوی مەلا محمد سعیدی کوری

دەرسیان تیدا ووتووەتەوە .

٢٩ ـ مزگەوتی حاجی مەحموودی رەش :ـــ کە مەلا عبداللە سوورەو مەلا محمد امینی بالیکەدەری دەرسیان تیدا ووتووەتەوە .

٣٠ ـ خانەقای حاجی مەلا عەلی مەلا وەسـمان :ـــ کەئەم زاتە بە خواپەرستیو رەوشت جوانی ناوی دەرکردووە ، هەر وەکوو لەبەرایی باسەکەمان‌دا باسمان کردووە.

٣١ ـ مزگەوتی حاجی مەلا عبدالرحمنی کانی کەوەیی :ـــ کەزانای بەناو بانگ مەلا حسین قازیو حاجی مەلا عبدالرحمن دەرسیان تیدا ووتووەتەوە .

٣٢ ـ مزگەوتی مەلا حوسەینی پیسکەندی :ـــ کەلەم مزگەوتەش‌دا زانایانی وەکوو: مەلا مەحموود سوورەو مەلا عومەری گورویسیو مەلا حوسەینی پیسکەندی دەرسیان تیدا ووتووەتەوە ، ئیستاش بەدەست مەلا ( سەلام )ی کوری مەلا حوسەینەوەیە .

٣٣ ـ مزگەوتی مەلا عبدالرحمنی رەسوول ئاغا :ـــ کە مەلا عەلی نیزامی دەرسی تیدا ووتووەتەوە .

٣٤ ـ مزگەوتی مـەلا عەبدول غـەفوور :ـــ کە رووخاو حاجی فەرەج دووبارە دروستی کردەوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣٥ ـ مزگەوتی حاجی مەلا شەریف لەگەرەکی مەلکەندی .

٣٦ ـ مزگەوتی عبداللە لطفي لە سەرشیوەیەکی جوانو تازە دروستی کردووە .

٣٧ ـ مزگەوتی شیخ مەحموود لەگەرەکی چوارباخ .

٣٨ ـ مزگەوتی شیخ هەباس :ـــ لەگەرەکی جوولەکانی جاران .

٣٩ ـ مزگەوتی حاجی عبداللە ریخولە .

٤٠ ـ مزگەوتی حاجی عەلی بەگ

٤١ ـ مزگەوتی پیرەمەگروون :ـــ لەلای خانووەکانی ئیسکانەوە .

تی‌بینی :ـــ زوربەی ئەم کورتە باسـە لەپەراوەکەی ماموستا مەلامحمدی قزلجی‌یەوە وەرگیراوە .

# کەشکۆڵی ڕۆژی نوێ

## [ یـــار ]

**ئاهی**

کەچی دانا سەرو فیست و کڵاوی
کە یەعنی پێی بڵێن خەڵکی کە لاوی
رەقیبی سەگ سـەفەت لاچو گڵاوی
بەڵام قوربان ئەتو عەترو گوڵاوی
سوواری مەرکەبی حوسنی هەمیشە
بە صیادی دڵی خەڵکی لە راوی
بە نووکی تیری موژگانی دریژت
دەرریژی خوێن‌و ناپرسی کە ماوی
مەڵێن خەنایە رەنگی دەست‌و پەنجەی
بە خوێن ئاغشتەیە پەنجەی خەناوی
پەری سوورەت مەلەك سیرەت کە تو بی
بەڵی سـەر فیتنەیی ئەرزو سەماوی
شوخ‌و مەوزون‌و بالابەرزو لەرزی
ئەڵێی سەروی لە باخی دل چەقاوی
فتووری دین‌و ئیمانە بە غەمزە
فریبی هوش‌و ئیدراکە بە چاوی
تەحەیور ماوم [ ئاهی ] چونە ، ماوی ؟ !
لە تیری سـەهمناك‌و خاڵی ماوی !



www.zheen.org

# ( بازووی ژیان )

شیرکو بی‌کەس

کاتی مەچەکی ئەستووری
بە خوین سووری
دەمار گرژی
مەردایەتی
ویستی بژی
بە پیاوەتی
ویستی بیسەلمینی کە کورد
سەر شورر ناکا
وەکو نەی‌کرد
کرنووش نابا
وەکو نەی برد
بو رابەری
روژی هەلسان
کەوتە جمان‌و راپەرری
( کاوەی خولقان )
مەچەکی کاوەی خویناوی
زیندووە ، رریی‌و شوین‌و ناوی

° ° °

کاتی بازووی تولەسەندن
کە ئەکەوتە هیرش بردن
چەکی شەرری
بو باوەرری
ـ هاتا سەری ـ
ئەخستە سەر دەفەی شانی
ئەکەوتە رری بو مەیدانی
یەکگرتنەوەی ئیشتمانی
چاك ئەیزانی
ئەبی گیانی
بخاتە سەر لەپی دەستی
ئنجا ئەگا بەسەربەستی
ئنجا کاروانی هەورازی
سەخت‌و گران
بەرەو روژی سەر فرازی
بی پشوو دان
ئەگا بە رووناکی بەیان
ئەبی ئەو بارە گرانە
بە تەنیا خوی
بە هیزی بازووی مەردانە
بو روژی نوی
سەرخا بەرەو ئەو جیگایە
کە سەربەرزی کوردی تیایە
بی‌گەیینی بەو ئاواتە



بنکەی ژین
www.zheen.org

که دەمیکه ئەم وولاتە
پەروشــــیتی
خولیای گەرم بە جوشیتی
سەودای دەروونو هوشیتی
ئەگینا کەس
نیەدەربەس
دەس بانەدەس
ئەوی بی‌کەس
بیرەوەری

گەلی جاری .
کوردەواری
بەترو جهان
ئەمەی سەلمان
کەوا ئاواتو ئازادی
بەبیگانە نایەتە دی
{ یا بەرەو لوتکەی سەرکەوتن }
{ یا دەستەو ئەژنو تا مردن }

بنکەی ژین
www.zheen.org

# « من و تو »

بەبی تو من پیالەی غەم دەنوشــم
وەکوو مەجنون نەماوە عەقلو هوشم

لەحەسرەت خەطی نەوخیزی وەنەوشەت
هەمیشە بەرگی « نیلی » غەم دەپوشم

قەدەم رەنجان ، گەدی‌ی حالم بپرسە
بترسـە ، لەم دەروونەی پرر خروشم

ئەتو ســـولتانی ئیقلیماتی حوســـنی
ئەمن بی‌چارە ، عەبدی حەلقەگوشم

لەگەرمی مەیلی سەردت نووری چاوم
وەکو دیزەی لەکول دایم بە جوشم

دەخیلم روحی [ خەستە ] بەسیە بەسیە
بەوەصلت ، یا لە هیجرا مەی فروشم

٥ ٥ ٥

# له شیعره‌كانی ( بیسارانی )

## ( نــه‌وبه‌هار )

نه‌وبه‌هار غه‌مین . . . .

عه‌جه‌ب نه‌وبه‌هار ، دل گیرو غه‌مین

هه‌ور مه‌گیرو ئاو . وه دیده‌ی نه‌مین

مــه‌وارو وه تاو نه‌رووی ســه‌رزه‌مین

شه‌تاوان چون تار پیچ مه‌دان وه‌هه‌م

نه‌بای وه‌فراوان ، پیشان مه‌بو كه‌م

سه‌ركیوان نه‌مین ، ده‌شتان گشت زه‌رر‌گون

بــو له‌بل مه‌ژه‌نو ســاز ئه‌رغه‌نون

مه‌ژه‌نو وه سوز ، مه‌گریو وه‌زار

عاشقی شه‌یدا ده‌روون پررجه‌خار

گاشاده‌ن وه‌سه‌یر شكوفه‌ی گولان

گاهی زه‌لیله‌ن چون « ره‌فته دلان »

ئه‌وسا گوم مه‌بو شه‌وق شعله‌ی گول

وینه‌ی ده‌رده‌دار له‌ت له‌ت مه‌بو دل

ده‌رده‌دار مه‌شیو وینه‌ی بلبل بو

دایم چه‌مه‌رای ته‌ماشای گول بو

ئاخ په‌ی حه‌كیمی دانشمه‌ندی دل

تاستاش حه‌سره‌ت مه‌ند ، داخ به‌رو وه‌گل

° ° °

---

ئه‌م هونراوانه‌مان له‌لایه‌ن كاك نه‌وشیروان مسته‌فاوه بو هاتووه زور سوپاسی ئه‌كه‌ین .

# روو بەرووی مردن

وەرگێڕ
کامەران

هونراوەی
ئەنتونیو ماخادو

لە ساڵی ١٩٣٦دا .

کە ( لورکا )ی شاعیری نەمری ئیسپانیا لەلایەن فرانکوییە فاشیستەکانەوە درایە بەر گوللە ( ئەنتونیو ماخادو ) ی شاعیری ئیسپانی ئەم هونراوەیەی بو وت :

سەرنجمان دا ، ئەرروی بێدەنگ
لەملاو ، لەولایەوە . . . تفەنگ
بەرەو دەشتی ، پرر شنەشن
لەژێر پەردەی . ئەستێرە چن
لەوی ، نزیك ئاسۆی رووناك
کوژرا ، بەتفەنگی . . . ناپاك
چاویان لێك نا ، پیاو کوژەکان
ملیان کەچ ، سەریان دانەوان
زاتیان نەبو . تیی بنوارن
سەرنج بەن ، لە چاوی ، گەردن
بەدەم نوێژەوە ، ورتەیان
بە پەردەی گوێی ، ژینی گەیان
— تازە ، رزگارت ناکا خواش —
— تازە ، رزگارت ناکا خواش —

روومەت ، خویناوی ، گوللەی رەش



بنکەی ژین
www.zheen.org

پەراسویان ، گرتە باوەش
مرد . . و ، تاوانێکی گران
رویدا ، لە شاری بەسزمان
بەسزمان . . . ( غرناتە ) ی شیرین
زور بەسەزمانە . . . . نەیزانین ! !

---

دیمان ، ئەرروی ، لەگەل مەرگا
( ورە ) ، مەلاس ، لەناو جەرگا
نەترسا ، لە داسی مردن
لە زەبری ، بەتینی کوشتن

---

روژ لە تەلارەوەو . . . . دەسگا
چەکوش بەگورر خوی پیا نەدا
دەنگی بەسامی لی نەهات
لورکاش ، لەریی مەرگ و خەبات
لەگەل مردنا . . . . . نەدوا
گویی لی بو . . . . دەنگی هەلئەسا
( هاورری هەموی هەر دوینی بو
شەمال خوی لە درەخت ئەسو
گەلای دار خورما نەیچریان
بوو ، بە تەرزە بەستەکەمان
بە داسێکی تیژی زیوین
دەس و پیی بەژارە — پەررین )
بەم جورە — بەستە ئەلیم من
بو ئەو لەشەی بردی مردن
بو ئەو بەژنەی هیتو نەبو



بنکەی ژین
www.zheen.org

هی گـەل بـو ، ئـەی برای زینـدو
بو ئەو قژەی پەرشـــی رووه
بو لیوی ئال کە نوســـتوه
بو ئەو دەمەی لەمەوپیش دەم
ئەیمژی . . . . خوشـەویستەکەم
چەند خوشە ، من ئیستە . . . تەنیا
لەگەلتا بوومایە . . . . . برا
ئەی گیانی ( غرناتە ) ی ئـازیز
بـیرمان نـاچیتەوە هەرگـــیز
دیمانن ، ون ئەبوون لە چاو
بو نـاو شـــەپولی خورەتـاو
هـاورریینە : لەنـــاو بـەردا
لـــە خەوی گەش‌و بی گـەردا
قوول . . . لە کوشکیکی رەنگ ئالا
لەناو بەردا . . . . لە خەیالا
لە ژیر کانیا . . . قولە قول
کە ئاوی روون ، ئەگری بەکول
گوررێك هەلکەنن ، بو شـــاعر
بو [ لورکا ] . . . . . بو گیانی نەمر
ئـاوی کانی ئـەگری بـەخورر
تـا ئـــەبەد ئەلی‌و دلی پرر
[ لە غرناتە جورمی(١) گران
وەك درنج هەستایە سەرپیان ! ]


---

(١) جورم = جریمە .

# یادی عەباسی جوانەمەرگ

دوو سـال لەمەوبەر لـە رۆژی ١٩٥٩/٨/٣٠دا دلی عەباسی کوردپەروەری دلسوز لەلیدان کەوت .

• کاك عەباسی برایم دەرویش لە سالی ١٩٢٨دا لەدایك بووە .



• لـەو رۆژەوە کـە فامی کـردوتەوە بیروباوەرری کوردایەتی رژاوەتە میشکی .

• هەڤال عەباس لە سالی ١٩٥٤دا نیقابەی فیتەرو ئوتوموبیل لیخورری سلیمانی دامەزراند، وە لە هەلبژاردنی نهیتیدا بوو بە سەروك .

• یەکیتی کریکارانی کوردستان ـ لە سلیمانی وهەلەبجەو چوارتاو گەلیك شوینی تری کوردستانا ئەو دایمەزراند .

• پیش مردنی خوی بە ٢٤ روژ خیزانەکەی کوچی دوایی کرد وەپیش مردنی خیزانەکەی تاقە کورریکی هەبوو ئەویش مرد ،

• لە سەرەمەرگا وتی « وامن ئەمرم هیوادارم ئەی هەڤالینە ئیوە هەرگیز ساردی نەکەن لە تیکوشانتانا بو کوردو کوردستان .

• لە روژی ١٩٥٩/٨/٣٠دا لە سەعات ٥و نیوی پاش نیوەرروودا کوچی دوایی کرد وە لەگردی شیخ محی الدین نیژرا .

• هەڤال عەباسی تیکوشـەر لە سالی ١٩٥٣ ـ ١٩٥٤دا بوو بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەتا ئەو کاتەی گیانی سپیردرا بەخاك لە ریزی پیشەوەی پارتیدا بەو پەرری چالاکییەوە تیکوشا .

# پەرراوی نوی

## سەرگول

* چیروکیکی دلداری‌و کومەلایەتی کوردایەتی‌یە .
* بریتی‌یە لە ٧٣ لاپەررە .
* لە چاپخانەی کامەران چاپ کراوە .
* نووسینی کاك ( مەدهوش )ە ، هەروەك هونراوەکانی ئەم چیروکەش بە تام‌و بەسوزە پرر بەدل پیروزبایی لی ئەکەین ، هیوادارین کاك مەدهوش کە ماوەیەکە زور بەگەرمی ئەنووسی، هەر لە پیشکەوتنابی‌و روژ بە روژ گەرمتر بی لەسەر نووسین .

## بەستەی مەبەست

* کومەلە هونراوەیەکە لەهونراوەکانی کاك جەمال شارباژیری .
* بریتی‌یە لە ١٢٨ لاپەررە ، وە لە چاپخانەی ( ژین ) چاپ کراوە .

بریتی لە هونراوەی کوردایەتی‌و دلداری‌و کومەلایەتی‌ی بەسوز . پرر بەدل پیروزبایی لی‌ئەکەین وە داوای سەرکەوتنی ئەکەین .

* بەرگی ئەم کومەلە هونراوەیە لەلایەن ماموستا جەمال بەختیاری هونەرمەندەوە کیشراوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ببوورە

* چیروکیکی شانویی کوردی‌یە لە نووسینی کاك کەمال رەئوف .
* لە چاپخانەی کامەران چاپ کراوە ، وەبریتی‌یە لە ١٤٤ لاپەررە ، پرر بەدل پیروزبایی لی ئەکەین وەهیوادارین روژ بە روژ هەنگاو بنی بوپیشەوە .

وە ئەوی شایەنی باسە ، جگە لە جوانی‌ی ناوەروکەکەی ، دریژیی چیروکەکە بەلگەیەکە بو توانای ئەم چیروك نووسە لاوە .

ئەم ( ٣ ) پەرراوە ، لەم مانگەدا کەوتنە بازاردەوە هیوادارین چاپخانەی کوردی ، برەوی زیاتر بچی‌و گەرمتر هان بدری بو پیشکەوتن .

# کی یە ؟

ئەو پیشەوا گەورەیەی کورد کی‌یە کە :

° لە پیناوی دامەزراندنی دەولەتی گەورەی کوردستانا ئاکریو ئامیدیو مادینو جزیرەی رزگارکرد .

° وە سنوری دەولەتەکەی گەیاندە سنووری سوریا وە تەنگی بە شاری ( بەغدا ) هەلچنی .

° لە سالی ١٨٢٠ دا بانگی دامەزراندنی دەولەتی کوردستانی دا .

° حکومەتی قاجاریی ئیران ،وە والی‌ی بەغدا دانیان بەم دەولەتەدا نا .

° لەگەل ( خدیوی مصر ) محمدعلی گەورەدا بە نامەکەوتنە لی‌دوان دەربارەی ئەوەی بە هەردوولا پەلاماری حکومەتی ئەستەموول بدەن .

° کارگەی زور گرنگی بو چەك دروست کردن دامەزراند ، وە ئیستەش چەند توپیکی ئەوسا ماوە . وە بونموونە دانراون .

ئەگەر نەتزانی کی‌یە لەلاپەرەیەکی تردا پیت ئەلی‌ین .

بنکەی ژین
www.zheen.org

**گەردنی کوردی لە کیوی بیستوون مەحکەمترە**
**چونکە سەد سالە لە ژیر باری خەمایەو نانەوی**

**(کوردی)**

# كومەڵەی خوێندکارانی کورد

# لە ئەوروپا

www.zheen.org

ه هەر بژی تێکۆشانی کومەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا .

ه بژی خەباتی ئەو ڕوڵە دلسوزانەی لە دەرەوەی خاکی کوردستان بێوچان تێ ئەکوشن لە ڕێی کوردایەتیدا .

# كومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

بەیاننامەی کومیتەی بەرریوەبەری گشتی دەربارەی کونگرەی سالانەی شەشەم

دوستو هەڤالانی بەرریز

برایانی کوردی خوشەویست

کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا خوی بە بەختیار ئەزانیت ئاگادارتان بکات کە ئەمسال کونگرەی سالانەی شەشەمی لە شاری مونیستەر ـ ئەلمانیای روژئاوا لە ٢١ ـ ٢٥/ئاب/١٩٦١ ئەبەستیت .

ئەندامەکانی کومەلە لە هەموو ولاتەکانی ئەوروپا ، لەهەر بەشیکی کوردستانەوە هاتبن بانگ کراون بو ئامادە بوون لە کونگرەی ئەمسالماندا ، وە هەولدان بە هەموو هیزو توانایەکەوە بو سەرکەوتنی چونکە بیگومان سەرکەوتنی کونگرە سەرکەوتنە بو کومەلە خوشەویستەکەمانو هەنگاویکە بوپیشەوە لە ریگای جی بە جی کردنی ئامانجە پیروزەکانیدا ، سەرەرای ئەوەش هەلیکە بو ناسینی برا کوردەکانی ترتانو گوررینەوەی بیرورا لە گەلیاندا دەربارەی کومەلەو خەباتی بیوچانی لە پیناوی ناسینی گەلی کوردی خوشەویستمان بە گەلانی جیهانو یارمەتیدانی لە تیکوشانی نەبەزییدا بو ئازادیو سەربەخوییو یەکیتی کوردستانی دابەش کراومان .

ئیمە بەگەرمی بانگی هەموو ریکخراوە دوستەکانی کومەلەو گەلی کورد ئەکەین بو بەشدار بوون لە کونگرەی ئەمسالماندا بە ناردنی نوینەرانی خویان .

ئیتر بو پیشەوە بو هینانەدی ئامانجەکانی کومەلەو گەلی کوردی خوشەویستمان .

کومیتەی بەرریوەبەری گشتی

٢١/تەمووز/١٩٦١ ـ ٢٩/پووشپەرر/٢٥٧٣

## شـــوینی کونگره :

**HoteL Kronenburg**
**Hammerstr . 35 - 37**
**MUNSTER / I . W**

**G E R M A N Y - West**

# کونگره

به پی‌ی دەستووری کومەڵەی خویندکاران

## کونگرەی گشـتی

ا ـ پیك دیت لەو ئەندامانەی کە ئامادە ئەبن .

ب ـ کونگره بەرزترین دەســەڵاتی کومەڵەیە ، وەئەتوانی دەسـکاریی دەستوور بکا بە برریاری زوربەی ئەندامانی کونگره ، وە ئەگەر هاتوو دەنگ بەنیوەیی بوو ئەوا هەر لایەك سەروکی لەگەڵ بی بەسەرکەوتوو دائەنری لەو برریارەدا .

ج ـ کونگره سالی یەك جار ئەگیریت ، بەلام لەکاتی پیویستی‌دا لەسەر داوای سی‌یەکی ئەندامانی کومەلە ( یان ) لە سی بەش دووبەشی ئەندامانی کومیتەی بەرریوەبەری گشتی کونگره ئەگیری ، بەلام پیویستە لەهەردوو حالەتەکەدا گشت ئەندامان لە پیش مانگیك لەگرتنی کونگره ئاگادار بکرین بە شوین‌و کاتی گرتنی ئەو کونگرەیە .

د ـ دانانی کات‌و شوینی کونگره تەنیا لەلایەن کومیتەی بەرریوەبەری گشـتی‌یەوە ئەبی .

# نامەی کومەلە

بو

گەلی کوردی نەبەزمان لە کوردستانی داگیرکراوی بەزور بە تورکیا بەستراو .

ئیوە ئەی رولەکانی شیخ سەعیدو دکتور فوئاد

ئەی رولەکانی دەرسیمو ئاگریداخ

ئیوە کە پیشەنگی بزووتنەوەی کوردایەتیو ریگاکەرەوەی خەباتی گەلی کورد بوون بو ئازادیو سەربەخویی یەکیتی کوردستانی مەزنمان ، ئیوە کە زوربەی گەلی کوردی خوشەویستمانن .

سلاویکی گەرمی تیکوشان ، سلاوی کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا پیشکەش بیت ، سلاوی ئەو خویندکارانەی ئەرکی گەیاندنی دەنگی ئیوەیان بە گەلانی جیهان خستوتە سەر شانیان .

دەنگو باسی تیکوشانی نەبەزانەی ئیوە لە پیناوی وەرگرتنی مافی مروڤایەتیو نەتەوایەتییەکانتاندا جیگای ئەوپەری شانازیو بەختیاریمانە .

بیگومان لەسەر بەردی بناغەی تیکوشانی ئیوە کە زوربەی گەلی کوردن ئالای کوردستانی ئازادو یەکگرتوومان بەرز ئەبیتەوە .

هاورییانی خوشەویست :

بەلای ئیمەوە زورگرنگو پیویستە کوبوونەوەتان لە دەوری ریکخراویکی کوردستانی بەهیزو گورجو گولدا .

دامەزراندنی پارتیکی شوررشگیر لە کوردستانی تورکیا ئەرکی پیروزی ئیمرروی سەرشانتانە ، بی دامەزراندنی ریکخراویکی ئەوتو کە تیکوشانتان ریك بخاتو سەرکردەتان بکات تەنیا لایەنگریو چەند ریکخراویکی تری کوردستان هیچ سوودیك نابەخشیت .

دامەزراندنی ئەم جورە ریکخراوە هەنگاوییەکەمە بەرەو سەرکەوتن ، پاشان بەهیزکردنی پەیوەندی لەگەل ئیمەو ریکخراوەکانی تری کوردستان .. بو پیکهینانی ئەم جورە ریکخراوە ئەوەندەی لە توانادا بیت ئیمە ئامادەین بو یارمەتی دانتان .

دووبارە ســـلاوی گەرمان پیشکەش بە ئیوە ئەی رولە نەبەزەکانی کوردستان ، سلاوی گەرمان بو ئەو رولە نەبەزانەی لەسەر مافەکانی گەلی کورد خرانە بەندیخانەوە سلاومان بو هاورریکانی ئەمین بانی ، ئەوانەی بی‌ترس بەرەنگاری حکومەتی کونەپەرستی سەر بەئیمپریالیزمی (تورکیا) بوونەوەو بو مافەکانی گەلی کورد تی‌ئەکوشان ، ئەو رولە نـەبەزانەی لە دلو دەروونی ئیمەو هەموو کوردیکی بەشـەرەفو دلسوزدا جیگیرنو لە بیرناچنەوە ، ئەو رولە نەبەزانەی جیگای ئەوپەرری شانازیو ســـەربەرزی ئیمەو هەموو گەلی کوردن .

بو پیشەوە بو دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا .

بو هینانە دیی ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانیکی ئازادو یەکگرتووی دوور لە دەست بەسەری بیگانەی داگیرکەرو نوکەرەکانیان .

کەمال فوئاد

لەباتی

کومیتەی بەرریوەبەری گشتی

## دەربارەی کومەلەی خویندکاران

○ بەپی‌ی ئەو هەوالەی لە موسکووە پیمان گەیشتووە ماموستا ( عصمت شریف )ی تیکوشەری کورد ( سەرەکی کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ) لە فورومی لاوانی جیهانیدا ئامادە بووە ، وە بەناوی نوینەری کومەلەی خویندکارانەوە بەشداری ئەو فورومە بووە ، فوروم برریاریکی لەسەر مەسەلەی نیشتمانی‌ی کوردستان داوە ، بەم زوانە ئـەو برریارە بلاو ئەکریتەوە . . . بی‌گومان لە ئەنجامی هەولی چابوکانەی کومەلەی خویندکارانا لە گەلیك لاوە خەریکە مەسەلەی کورد بەچاوی سەرنجەوە سەیر ئەکری .

٭ لە ١٠تا١٦/ئابی/١٩٥٦دا دەستەیەك لە خویندکارانی کورد لە ئەوروپا لە شاری ( ڤیزبادن ) لە ئـەلمانیا کوبوونەوە ، لەم کوبوونەوەیەدا بریاردرا بە دامەزراندی ( کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ) .

٭ کومەلە لەو کاتەوە تا ئیستـــە ( ٤ ) کونگرەی تری بەســتووە ، وە لە ٢١تا٢٥/ئابی/١٩٦١ کونگرەی شەشەمیش ئەگری .

## کـونگرەکان

کونگرەی یەکەم : ١٠ــ١٦/ئاب/١٩٥٦ ڤیزبادن ( ئەلمانیا )

کونگرەی دووەم : ٢ــ١٩٥٨/١/٤ لەنـدەن ( ئینگلتەرە )

کونگرەی سیهەم : ٢ــ١٩٥٨/٨/٨ میونیخ

کونگرەی چوارەم : ٢٣ــ١٩٥٩/٧/٢٦ ڤییەنا

کونگرەی پینجەم : ٢٢ــ١٩٦٠/٨/٢٦ بەرلین

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سوپاس

کاك ( دارا کاکە حەمە ) ( ١٠ ) کلیشەی نایابی شارەکانی کوردستانی پیشکەش کرد بە گوڤاری روژی نوی پرر بەدل سوپاسی هەستی بەرزی ئەکەین .

# „ ســـاويلكه "

نوسینی : ئەنتون شیخوف

وەرگیری لەئینگلیزیەوە ( شەوكەت )

چەند روژیك لەمەو پیش داوام لـــە لەلەی منالەكانم كرد كە بیتە لام بو ژوری خویندنەوەم .

پیم ووت « جولیا ڤاسلیڤنا ، دانیشە باحسابمان دوو پات كەینەوە . هەر چەندە پیویستیت بەپارە هەیە بەلام كەنارت لیگرتوە داوای ناكەیت . با ئیستا لیی بدوین ، بریارمان مانگی لەسەر ٣٠ سی روبل بو . »

ـــ: « چــــل »

« نەء ، ٣٠سی . لای خوم نوسیومە . هەمیشە هەر ٣٠سی روبلم داوە بەلەلە. باشە تو دوو مانگە لیرەیت لەبەر ئەوە ... »

« دوو مانگ و پینج روژ »

« دوو مانگی تەواو . بەتایبەتی نوسیومە . واتە حەقی ٦٠ شەســت روبلت هەیە نو (٩) یەك شەمەی لی دەركە . خویشت ئەزانیت كە یەك شەمان لەگەل كولیا خەریك نەبوبت تەنها پیاســـەت لەگەل كردوە وە سی٣ تەعتیلیش . . . » جولیا رەنگی سورهەلگەرا ، دەستی گرت بەدامینی كراسەكەیەوە بەلام ـ بیوورتە

« ســی٣ تەعتیل كەواتە ١٢ دوانزە روبلی لیدەركە . چوار روژیــــش كولیا نەخوش بو دەرسی تیا نەخویندوە تویش بە ڤانیاوە خەریك بویت وە ســی٣ روژیش دان ئیشەت بو ژنەكەم بواری دایت پاش نان خواردنی نیوەروان ئیش نەكەیت . . دوانزە و حەوت ـــ نوزدە . لیی دەركە . . . .چەندی مایەوە . . . . . ا مممم م چل و یەك روبل تەواوە ؟ » چاوی چەپی جولـیا سور هەلـگەرا و فرمیسكی تیزا چەناگەی كەوتە لەرزین و نەرمەكوكەیەكی دەمار توندی بو كردو لوتی سری بەلام وورتەی لەدەم دەر نەهات .

« له سەرەتای سالی تازەیشدا پیالەیەك و ژیر پیالەیەكت شكاند ئەویش دوو روبلی لیدەركە . پیالەكە زو بەنرخ بو چونكە یادگاریكی خیزانی بو بەلام . لیی گەری با بروات . تو بلیی هیچم لەبیر نەچوبی ! تا لەبەر كەم تەرخەمیت كولیا بە درەختیكا هەلگەراو چاكەتەكەی درراند : دە (١٠) روبلی لیلادە . هەروەها لەبەر بیهوشیت كارەكەرەكە پیلاوەكانی ڤانیای دزی . پیویستە ئاگاداری هەموو شتیك بكەیت ! چونكە پارەت ئەدریتی . واتە پینج روبلی تریشت لی روی . لە دەی كانونا دە روبلم دایتی »

جولیا لەژیر لیوەوە ووتی « نەت دامی »

« بەلام من لای خوم نوسیوە . »

« كەواتە . . تەواوە »

« ٢٧ لە ٤١ دەركە ـــ ١٤ ئەمینیتەوە »

هەر دوو چاوی پر بو لە فرمیسك ئاو بەلوتە خنجیلە باریكەكەیدا هاتە خواری كیژولەی بەســزمان ! بە دەنگیكی لەرزوكەوە ووتی « تەنها یەكجار پارەم دراوەتی ئەویش سی٣ روبل بوو ژنەكەت دایمی هیچی تر ' »

« بەراستە ؟ چاوت لییە ، لای خویشم ئەم نوسیوە ! سی٣ لە چواردە دەركە . یانزەی ئەمینیتەوە .'ئەمە پارەكەت گیانە سی٣ ، سی٣ ' سی٣ ، یەك و یەك . ئەوەتا! »

یانزە روبلم دایە دەستی ' لیی وەرگرتم بەپەنجەی لەرزوكەوە خستیەگیرفانیەوە . لەژیر لیوەوە ووتی « سوپاس »

بازیكم داو راســت بومەوە دەستم كرد بە ئەم سەرو ئەو سەر كردنی ژورەكە بەتورەییەوە .

لیم پرسی « ئەم سوپاسە بوچی ؟ »

« بو پــارەكــە »

« بەلام بو خاتری خوا سوور ئەزانیت كە دەستم بریویت ، فیلم لی كردویت . بەراستی دزیم لی كردویت . ئەم سوپاسە بو ؟ »

« لەو شوینانەی تر كە ئیشم لیئەكرد هەر هیچیان نەئەدامی »

« هیچیان نەئەدایێ ؟ گوەانی تیا نی‌یە ! بەراستی وەرمەگرە تەنها گاڵتەیەك بو لەگەڵم کردیت ، دەرسێکی سەخت بو بو ئەوەی شتێك فێربیت .. هەر هەشتا روبلەکەت بەتەواوی ئەدەمی ! ئەوەتا لەناو زەرفیکدایە ئامادەیە بوت .. توبلێیت هەبیت کەسێك ئەوەندە بێ‌پشتیوان ؟ بو بەرهەڵستی ناکەیت ؟ بو بێ‌دەنگ ئەبیت ؟ ئایا ری‌ی تی‌ئەچیت لە جیهاندا کەسێك هەبیت ئەوەندە بێ‌دەنگ و بەسەرمان ـــ ئەوەندە بێ‌دەسەلات ؟ »

زەردەخەنەیەکی پر مانا لەسەر لیوی بو پێی راگەیاندم کە هەیە .

داوای لێ بوردنم لێ کرد بو ئەو دەرسە سەختە وە بو سەرسامی ئەویش هەر هەشتا روبلەکەم پێدا چەند جارێك لەسەر یەك « سوپاس »ە وردیلانەکەی ووتەوە چوە دەری لەپشتەوە سەیرم کرد و لیکم دایەوە « چەند ئاسانە بێ‌دەسەلات‌و بێ‌هێز لەم جیهانەدا بژاریت ! »

~~~~~~~~~~

## شــاعیر

شاعیر ئەو کەسە نی‌یە کە ( قافیە ) باش دینیتەوە و دەست بلاوی ئەکا لــە کاغەز رەش کردنەوەو خامە بەکار هینانا .

شیعر وتن شتێکی ئەوەندە ئاسان نی‌یە ، وە ئەوەندەش ئاسان نی‌یە شاعیری وەکو دیمتریف و درگافین و لومونوسوف هەلکەون چونکە ئەم شاعیرە نەمرانە خوشەویستی نیشتمان‌و بەرز کردنەوەی نیشتمانمان فێر ئەکەن وەهەستی پاك بلاو ئەکەنەوەو میشکی مروڤ رووناك ئەکەنەوە .

شاعیری رووسی‌ی نەمر
« پوشـــکین »
~~~~~~~~~~

# لـە هەر تـــەلـە دەنگی

## پی‌نەکەنی ؟

ه کابرایەکی سادە ، وشەی تەرەفەین ئەبیستی بـەلام وەزانی تەرەفەین ئـەو جورە کەسەیە کە شەرر بکا ، روژیك بـەریکەوت ئاغاکەی لـەگەل کابرایەکا دەنگە دەنگی نەبی ئەمیش ئـــەچیتە بەردەمی ئاغاوەو خیرا خیرا ئـــەلی ( قوربان لی‌ی‌گەرری ئـەوە چی‌یە دەم ئەخەیتە دەمی ، لەعنەت لەبابی تەرەفەین

ه لە روژنامەیەکا ئەمە نووسرا بوو ( چاویلکەکەم لی ون بووە تکا ئەکەم ئەوی دوزیویەتەوە بەپیتی گەورە لـەم روژنامەیەدا بوم بنووسیت .

## نـــەزاني ؟

ه لە یەك جگەرەدا ئەوەندە نیکوتین هەیە ئەگەر یەکسەر هەمووی بکریتە خوینی مروفیکەوە لەوانەیە بمری ؟

ه لە سالی ١٦٥٧ دا کات ژمیر لەلایەن ( کریستیان هیوجین )ی زانای هولەندی‌یەوە دروست کرا ؟

[ فولکلور ]

کاغەز ئەنووسم بە خوینی دلم
ئەیدەم بە شەمال بیبا بو گولم
نایدەم بە شەمال پیچوو پەنایە
بو خوم بوی ئەبەم داخم لە دلایە

## ئەم پوولەکی ترە

پیاویکی پوولەکی هەموو بەیانی‌یەك پلیتەی چراکەیان ئەگوشی نەك نەوتەکە بەهەوا برروا ، روژیکیان لەبیری ئەچی بـەلام کەلـە بازارر بیری ئەکەویتەوە بە پەلە پەل ئەگەریتەوە بو مالەوە

ژنەکەی ئەلی : چی‌یە وا پەشوکاوی

میردەکە ئەلی : پلیتەکە

ژنەکە ئەلی : خو لە ئەنجامی پەلە پەلیدا لە پارەی نـەوتـەکە زیاتر بنی پیلاوەکانت رووشا..

بەم جورە دەرکەوت کە ژنـەکە پوولەکی ترە .

## قسەی نەستەق

▭ لەبەردەمی پەیکەری مەسیحدا بزمار ئەفروشن

▭ ئەگەر پیاو تا مردن هەموو روژیك دوست بو خوی پـەیدا نـەکاتەوە روژیك دیت بي دوست بمینیتەوە .



www.zheen.org

## ئـازادی

ئـازادی بو مروڤ نایەتە
خوارەوە بەڵکو پیویستە
مروڤ خوی بوی سەرکەوی

ئازادی :

ئەبی سـزا لە پیناویا
بچیـژین پیش ئەوەی تامی
بکەین .

( ڤیکتور هوگو )

## ئەم هونراوانە هیکین ؟

١ ـ تەلی ( تەمموورەی ) خـەم پرر ئاهەنگە
پـیری دەربارەی جوانی بە جەنگـە
رەشـەبا لیمان بە ژارو ژەنگـە
گـەلاریزانە گول ئالتوون رەنگـە

٢ ـ گەرچی شـیوەنە ، شینی پیشـەوا
گریان نەنگی یە لە شینی ئـەوا

٣ ـ ئەی قیبلەیی مـورادم ئاخو بە روژگاران
جاریك ئەپرسی لەکەس حالی غەریبی (تاران) ؟

٤ ـ ئەم کوردە عەجەب ساحیبی بەختیکی زەبوونن
هیشتاکو ئەلی ی داخلی سەحرایی نەبوونن !!!

---

ئەبی بەخشندە ، مل کەچ کا لە ئاستی مووچە خوری خوی
سوراحی بو ( پی یالـە ) سەر فرودینی کە تیکا بوی

[ پیرەمیرد ]

---

## فەرهەنگ

○ خوپەرست : ئەو کەسەیە کە ئاگر بەربووە جگەرەکەی لەو ئاگرە دائەگیرسینی

○ ئازایەتی + تیکوشان = سەربەرزی

○ دلداری : راکردنە بەدوای ئافرەتا تا ئەکەویتە توررەوە .

○ بیرو.اوەرر : ئاگر ، ئـەگەر نەبی میشك رەق ئەبیتەوە .

○ ژن : گریانی بەسـوزو پیکەنینی بەکولە .

○ تەندروستی : سـەرکەوتنە بەسەر رابوردوودا .

[ مەتـەل ]

ئەم خانانە پرر بکەرەوە بە ژمارەی ١ تا ٩ بەمەرجیك هەر یەکیك لەمریزانە بکاتە (٣٤) . بەلام ئەبی بەیەك دەقیقەلی بیتەوە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | | | |
| ١ | | ٧ | |
| | | | |
| | ٨ | | |

[illegible]

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ( سەلیم پاشای بابان و شاری سنە )

وەرگیر قانع

له کاتیکدا حمه حەسەن قاجار هیشتا نەفەوتابوو له خاکی ئیراندا بەرابەرکوی ئەکرد لەگەل لەشکری کەریم خانی زەندا وە هوزی زەند بە تەواوی دامەزرابون بە پاشای ئیران سەلیم پاشای بابان لە قەلاچوالان چەند سواریکی خستە تەك خوی وەرویشت بو لای ئازادخان کەلە هوزی کەریم خانی زەند بووە نزیك بو بە شاری سنە لەو سەردەمەدا ( حەسەن عەلی خان ) ئاردەلانی فەرمان رەوابو لە سەر شاری سنە وە دوستی قاجارەکان بوچونکو ئەترسا ئەگەر پاشایی کەریم خان سەر بگریت لە ئیراندا نەوەکو ئەو دەربکات وەیەکی لەهوزی زەندبکات بە حاکی ئەردەلان جاکاتی سەلیم پاشای بابانی گەیشت بە ئازادخانی زەند ئازادخان بە گورجی فەرمانی فەرمان داری ئاردەلانی نوسی بو سەلیم پاشای بابان سەلیم پاشا شیرانە هەلیکوتایە سەر حەسەن عەلی خان لە سنەدازور بەئاسانی گرتی وەزنجیری کردو ناردی بو قەلاچوالان لەمانگی رەجەب سالی ١١٦٧ کوچی سەلیم پاشا بە فەرمان درای لە سەر کوردی ئەردەلان لە شاری سـنە دانیشت لەپاش حەوت مانگ نامەیەکی بوقەلاچوالان حەسەن عەلی خان بکوژن بەگەیشتنی نامەکەی سـەلیم پاشا حەسەن عەلی خانیان‌دا لە سیدارە وەخنکانیان بەلام ئەم پاشایی سەلیم پاشـایە زوری نەخایان بەپروپاگەندەی قاجەریەکان هەمو هەزو بەرەکانی کوردی ئادەلان کوبونەوە لەداخ خنکاندنی حەسەن عەلی خان لەشکریان کرد لەسەلیم پاشا وەلەشـاری سنە دەریان پەران سەلیم پاشا بەناچاوی پەنای برد بو محمد حسـن خان قاجاری کەبەلکو بەو بونەیەوە دووبارە بییت بەفەرمان داری پارچەی ئاردەلان لەوکاتەدا خەسرەو خان یکوری ئەحمد خان ئاردەلانی پەنای برد بولای ( محمد خان ) کە کومەك نەکات بە سەلیم پاشای بابان حەمەحەسەن خان لەوەرامدا ووتی بە خەسرەو خان یوهیشتا منت نەناسیوە چون نوکەری

زەندەکان ئەکەم بەفەرماندار بی‌دالغە بەمن پاشای ئاردەلان کەکە لە پوری نەتەوایەتی
تویە نادەم بە هیچ‌کەس چون ئەو هەموفیداکارەیە کەتو کردوتە بومن لەبیرم ئەچیتەوە
لەپاش چەن روژیك حەمەحەسەن خان قاجاری سەلیم پاشا دەرئەکات وەخەسرەو خان
ئەکات بەفەرمانداری ناوچەی ئاردەلان لەسالی ١١٦٨ کوچی خەسرەو خان ئاردەلانی
کرا بە فەرمانداری ناوچەی ئاردەلان وەمەستورەخانم کە شاعر وەنوسەریکی زور
بەهیزی کوردەو چەن پەرتوکی لەمیژوی کوردوکوردوساما نوسیوە وەزورتریان چاپ کراوون
لە چونیەتی خەسرەو خان فەرمانداری ئاردەلان ئەم دوشعرەی نوسیوە

فارسی

چنین خسروی درجهان کس ندید بدورانش بامیشی گرگ آرمید
بدورش زبس تازه شد عدل و داد کس ازدادکسری نشانی نداد

---

واتا پاشایەکی وەکو خەسرەو خان لەجهاندا کەس نەی دیوە لە چاخی پاشای
ئەوا گورگ‌و مەر پیکەوە پشویان ئەدا

لەکاتی پاشایی ئەودا تەواو دادپەروەری تازە بووە وەهیچ کەس بیری لەدادی کسری
نە ئەکردوە وەکاتی خەسرەو خان لەسەر پارچەی ئاردەلان بوبەفەرمان دار کەوتە
چاکەکردن لەگەل هوزو بەرەی کوردی ئاردەلاندا بەرامبەر بەو چاکەیەکە سەلیم پاشای
بابانیان دەرکرد بو بەلام خەسرەو خان وای بەچاك زانی کەقەلای ( حسن ئاوا )
پینەبکاتەوە وتیادانشیت چاکترە لە سنە جیگەی فەرنداری خوی‌گویزایەوە بو حەسەن
ئاوا وە قەلاکەی تازە کردەوە لەم لایشەوە سلیمان پاشای بابان لەداخی دەر کردنی
سەلیم پاشا لە سنە بەدو هەزار سوارەوە رووی کردە سنە بو داگیر کردنی پارچەی
ئاردەلان کاتی خەسرەو خان لە قەلای حەسەن ئاوا بیستی کە سلیمان پاشای بابان
بە لەشکرەوە هاتوە بو داگیر کردنی پارچەی ئاردەلان قەلای حەسەن ئاوای پرر
کرد لەدانەویلە لە ترس گەمارودان سلیمان پاشای بابان وەناردی هەموو هیزی لەشکری
ئاردەلانی کوکردەوە وە ئامادە بو بو جەنگ وەهات بەدەم سلیمان پاشاوە لەدەشتی

مەریواندا ئەم دو لەشکرە کوردە رژانە ناو یەك لەوکاتەدا قاجاریەکان بەهەلیان زانی بەناوی یارمەتی خەسرەو خانەوە لەشکریکی زوریان نارد بو جەنگی سلیمان پاشا دریژەی نـــەدەمی بەلەشـــکری ئاردەلان و لەشـکری قاجارەکان سلیمان پاشایان شکان وە لە پاش زیانیکی زور چو بولای کەریم خانی زەند. کەریم خان چونکو پاشایاني بەبە بچوکی خوی بون وەکورد بون زور ریزی گرت لەسلیمان پاشا وە فەرمانی فەرمانداری ئاردەلانی بو نوسیوە هیزیکي وەهای خستە تەکی کەزور بەئاسانی خەسرەو خان ئاردەلان کەخوی بەبچوکی قاجاری ئەزانی دەرکرا وەسلیمان پاشا دانیشت لەسەر شاری سنە ئەم پاشایەتی سلیمان پاشایە لەسەر پارچەی ئاردەلان لە سالی ١١٧٧ کوچي بو لە پاش شەش مانگ فەرمانداری کردنی سلیمان پاشا لەسەر شاري سنە هەموو هیزی خوي وە لەشکری ئاردەلاني کوکردەوەو هات بو سەر ئەحمەد پاشای بەبە کە بەیارمەتي تورکانی عوسمانی فەرمانداری شارەزور بو وە زور بەئاساني ئەحمەد پاشای دەرکردو بابانی خستە سەر ئاردەلان کاتی عەلی پاشای وەزیر کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە والی بەغدا بو زانی بەدەرکردنی ئەحمەد پاشا کە نوکەری تایبەتی تورکەکانە بو بیست هەزار جەنگ کەری کوکردەوە لـــە کوردو لە عەرەب هات بو جەنگی سلیمان پاشـــا واتا هەلی بو هەلکەوت بەبیانوی یارمەتی ئەحمەد پاشاوە هات بو کورد کوشتن وە ئەمیر پاشای موصلو عبدالله پاشای زەهاو ئەوانیش بەلەشکری خویانەوە کە هیزەکەیان هەر کورد بوون هاتن تیکەلاوی بیست هەزار جەنگ کەرەکەی عەلی پاشای وەزیر بوون لە شاری کفری لەشکری سلیمان پاشا کە دوو هەزار سوار بو لەگەل لەشکری عەلی پاشا دەستیان کرد بەجەنگ تا سی٣ روژ کوشتارو خوین ریژی لە هەردوولا کرا پاش سی٣ روژە سلیمان پاشا شکا وە رای کردەوە بو سنە وە ئەحمەد پاشای برای بە ئەمری علی پاشای بەغدا هاتەوە دوبارە بو بەفەرمانداری شارەزور لە پاش گەرانەوەی علی پاشـــای وەزیر بو بەغدا وە بلاو کردني لەشکرەکەیان دوبارە سلیمان پاشا لەشکری ئاردەلاني هینا بو سەر ئەحمەد پاشای برای لە شارەزور وە بەیەکەم هەلمەت رژایە ناو لەشـــکری ئەحمەد

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاشا وەشکاندی و دەری کرد خوی بو بە پاشـا لەسـەر پارچەی ئاردەلان و بابان سلیمان پاشا علی بەگی بەمالو منالەوە نارد بو شیراز بو خزمەت کەریم خانی زەنـد کە هەمیشە لەلای کەریم خان بیت وە ئامادە بیت بو فەرمانی کەریم خان ئەمجار سلیمان پاشا سەردەمیك لە شارەزور دائەنیشت وە سەردەمیك لەسنە هەتا فەقی برایم ناو لە تولەی ئەوەدا کە ئەیان ووت سلیمان پاشا بەدزی‌یەوە لەگەل ژنی فەقی برایم‌دا تیکەلی ئەکات لەسالی ١١٧٨ کوچی نیوەشەو خوی گەیانە زووری سلیمان پاشـــاوە بە خنجەر کوشتی وە لەپاش کوشتنی سلیمان پاشا بەفەرمانی کەریم خانی زەند محمد پاشای برای سلیمان پاشا بو بەفەرمانداری شارەزور وە علی بەگی کوری کە زووتر چوو بو بولای کەریم خان بو شـــیراز کرا بەفەرمانداری ئاردەلانو لە شـــاری ســـنە دانیشت .

میژووی مەردوخ لاپەرە / ٢٨ هەتا ٣١

## کی‌یە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو پیشـەوا گەورەیەی کورد جەمەپاشای رەواندزیی نەمرە کەبە ( کورپاشـــا ) ناوی بلاو بوبووەوە .

## [ تکا ]

تکا لەو بەشدارانە ئەکەین کە تا ئیستە ئابوونەیان نەداوە پارەی ئابوونە بنیرن بو نامەخانەی خەبات لە سلیمانی زور سوپاسیان ئەکەین .

روژی نوی

# لاپەرەیەك لەمێژوی شاری سلیمانی

## ( دوو هەلبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بویژانی کورد )

## ( نالی و سالم )

ئەم دوو هەلبەستە ، کەپرسیارو وەلامی یەکترین . لاپەرەیەك لەمێژوی شاری سلیمانی پیشان ئەدا ، وەکو شریتیکی سینەمایی ، زولمو ویران کردن وکاول کردن و کردوە ناپەسەند درندانەکانی داگیرکەرانی عوسمانیان بو ئەگیریتەوە ٠کاتیك وروژانە شاری سلیمانی‌یەوە میرنشینی بابانیان لەناوبرد نیازی گلاوی خویان هینایەدی وراستەوخو حکمی سلیمانیان گرتەدەست لەسالی ١٨٥٠ ز دا

هەلبەستەکەی ( نالی ) دوای سالانی ١٨٥٩ ز ریکخروەو لەشاری شامەوە نیراوە بو سلیمانی ، بو بویژی هەلکەوتوی ئەوچاخە بو هاوسەدەو بیرو باوەری نالی عبدالرحمن بەگ صاحب قران کە نازناوی شیعری ( سالم ) بووە سالمیش هەلبەستەکەی ( نالی ) وەرئەگری‌و بە هەلبەست وەرامی بو ئەنیریتەوە .

بەقسەی ماموستا علاء الدین سجادی کە لە پەراوی ( میژوی ئەدەبی کوردی ) دا نوسیویتی ، هەلبەستەکەی ( نالی ) لە سالی ١٨٣٤ ز ریکخراوەو نیراوە بو سلیمانی ، بەلام ئەم بروارە ( ١٨٣٤ ز ) راست‌نی‌یەو هەلەیە :

١ـ خویندنەوەی هەلبەستەکەی ( نالی ) و وەرامەکەی سالم بە أشکرا ئەوە ئەگەیەین ، کەمیرنشینی بابان لە ناوچووەو رومیان حکمی سلیمانیان گرتونەدەست‌و لەسەر رەوشتی باپیرەیان ، تەیموری لەنگ ، پاچو خاکەنازیان گرتووە دەستەوە بو کاول کردنی ئەو شارە ، وەکو لە وەرامەکەی ( سالم )دا دەرئەکەوی .

٢ ـ ماموستا محمد القزلجی لە پەراوی ( التعریف بمساجد السلیمانیة ومدارسها الدینیة ) لەلأپەرە ( ٢٧ )دا ئەلی : بویژی بەناوبانگی کورد ملاخضر نالی کەلە مزگەوتی

سید حسن دا زوریکی تایبەتی خوی هەبوو ، پاش ئەو ئەگبەتیەی کە بەسەر بابانەکاندا هات لەسلیمانی دەرچووکوچی کرد . . . . هتد

والیرەدا هەردوو هەلبەستەکە پیکەوە پیش کەش خوینەدەوارانی گوڤاری روژی نوی ئەکەم ، پاش ئەوەی کەووشە گرانەکان و بیگانەکانی یەکەیەکە رووتم کردنەوە ، ئەو شوینانەی کە لەهەردو هەلبەستەکە دا باسی کراوە بەپی توانا باسم لی‌کردون ونەختیك لە سەری دواوم .

بی‌گومان لە چەرخی نوزدەهەمی زایینی‌دا ، بویژەکانمان‌و نوسەرەکانمان بە ئارەزووی خویان زور وشەی قورس‌و گرانی فارسی‌و عەرەبی یان بەکار هیناوە ، کە ئەوروژە ئەم جورە هەلبەست‌و نوسینانە باوبووە . شاعران‌و نوسەران شانازیان پیوە کردوە چونکە هەلبەست‌و شعرو نوسینی ئەو کاتە بوتاقمیکی دیاری کراو بووە نەك بو هەموان ، بو خوینەدەوارانی مزگەوتەکان ( مەلاکان ) یان خوینەدەوارانی مالە گەوران (میرزاکان ) ، تاتەنانەت ئەو چەرخە یەکیك ئەگەر خوینەدەواریەکی بوایە بەمەرجیك مەلا نەبوایە پی‌یان ئەوت ( میرزا ) کەوشەی میرزاش مانای میرزادەیە یان لەبنەمالەی میرانە ، نەك وەك ئیستا کە هەلبەست‌و نوسین‌و شیعر بو هەمووانە ، بەلام چەرخی ( نالی و سالم ) یەکیك کە پی‌یان ئەوت خوینەدەوار ئەبوایە بەلای کەمەوە یەکیك لە زمانەکانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی بزانیایە بەلام ئەمرو نوسەران‌و ، بویژان ، هەلبەست و نوسین بو هەموان ریك ئەخەن ، بەپی‌ی توانا کەرەسەی خومالی ( کوردی یەتی ) بەکار ئەهینن ، هەرچی بونی بیگانەی لیوەبی توورری ئەدەن .

ئەوە نوسینەکانی ماموستا ئیبراهیم ئەحمد ، ئەوە چیروکەکانی ماموستا محرم محمد امین‌و دکتور رحیمی قازی ئەوە هەلبەست‌و شیعرەکانی پیرەمیردو کامەران‌و گوران . . . . هتد کە هەموویان بو گەل ، بو زوربەی خەلك ، هەمووان ئەنووسن .

بو لیکدانەوەی ئەم دوو هەلبەستە ماموستای بەریزم محمد مصطفی کوردی زور یارمەتی داوم ، لەناخی دلەوە سوپاسی ئەکەم .

# پرســـیاری نالی

قوربانی تۆزی ڕیگەتم ئەی بادی١ خوش مروور

وەی پەیکی٢ شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور٣

ئەی لووتفەکەت٤ خەفی‌و هەوا خواەوە٥ هەمدەمە٦

وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گوشەی٧حزوور

١ ـ باد = بـــا ، بادی خوش مروور = بای تیژرەو ٢ ـ پەیك = برید
٣ ـ شارەزوور = لە کوندا هەریمیکی زورگەورە بو سلیمانی‌و کەرکووکیشی گرتبووە تا تەنانەت شاری کەرکووك لـە چاخی عوسمانی‌یەکانا ، ناوچەی شـارەزوور بووە ، بەلام ئیستا دەشتایی‌یەکی پان و بەرین و بەپیت‌و برشتە ، کەوتوتە دامینی چیاکانی هەورامانەوە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە رووباری تانجەرو سنوریکی تی. رووباری زەلمی پیا ئەروا ، پرە لەشوینەواری دیرین تا چەند سالیك پیش پشت گوی خرابوو ، بەلام ئیستا خەریکی دوزینەوەی ئەو شوینەوارانەن ، بەکراواو تەپەکوررەو دەورو بەری خورمال پرن لەشوینەواری شارستانیتی کون ٤ ـ لووتفەکەت خەفی = میهرەبانە بەنهانی‌یـــەکـەت ٥ ـ هەوا خواە = آرەزوو خواز ٦ ـ هەمدەمـە = هـاودەم
٧ ـ سەرگوشەی حزوور = سەر سووچی دل.

ئەی هەم مزاجی٨ ئەشکی٩ تەرروگەرمی عاشـقان

تەوفانی١٠ دیدەو شەرەری١١ قەلبی وەك تەنوور

گاهی١٢ ئەبی بەروح‌و ئەکەی باوەشـــینی دل

گاهی ئـەبی بـەدەم‌و١٣ ئەدەمینی دەمی غرور

مـەحوی قبولی خـاتری عـاتر شـــەمیمتە١٤

گەردی١٥ شمال و گیژی جنوب و کزەی دەبوور١٦

٨ ـ هەم مزاج = هاو سرووشت = هاوتەبیعەت ٩ ـ ئەشـك = فرمیسك



www.zheen.org

١٠ ـ تەوفانی دیده = لافاوی چاو ١١ ـ شەرەری قەلب = گری دل ١٢ ـ گاهی = جاریك
١٣ ـ دەم = لیرەدا مانای مووشه دەمەبە ١٤ ـ شەمیم = بون ١٥ ـ گەرد = توز
١٦ ـ دەبوور = بایەکی ناخوشه وەکو رەشەبا وایە .

سووتا رەواقی١٧ خانەی صەبرم وەکو دەروون
نەیماوە غەیری گوشە زکریکی یاصەبوور ١٨
هەم هەمەنانی١٩ آهمو هەم هەمرکابی٢٠ ئەشك
رەحمی بەم آەو ئەشکە بکە هەستە بیقسوور

١٧ ـ رەواق = تارمە ١٨ ـ یاصەبوور = یا آرام بەخش ، آمانجی لە خوایە
١٩ ـ هەمەنان = هاوجلە = هاوری ٢٠ ـ هەمرکاب = هاوسوار = هاوری .

وەك آهەکەم دوان٢١ بە هەتا خاکی کوی‌یار٢٢
وەك ئەشکەکەم رەوان بەهەتا آوی ( شیوە سوور٢٣ )
بەو آوە خوت بشـــو لە کدوراتی٢٤ سەرزەمین
شادبن بەوەصلی یەکدی٢٥ کەتوی طاهر٢٦ ئەو طهور٢٧

www.zheen.org

٢١ ـ دوان = بەپەلەرویشتن ، بەخیرایی رویشتن

٢٢ ـ کوی‌یار = بو تعظیم بەکاری هیناوە ، کوی = کیوی . بو لای کیوی یار لە گەورەیەتی‌دا وەکو کیوی لی‌کردووە .

٢٣ ـ شیوەسوور = شیویکە کەوتوتە خوار چەمچەمالەوە ، آوەکەی بەدولیکدا ئەروا کە گلەکەی سوورە ، لەبەر ئەوە ئەکاتی آو هەلسانا ، لە بەهارو زســتانا ، آوەکەی سوور ئەبی لە هاوین‌دا آوەکەی ووشکە ، ئەمە چەند ســالیکە پردیکیان لەسەر درووست کردووە ، بەر لەم پردە کە آو هەلئەستا ریگەی سلیمانی‌وکەرکووك ئەبررا تا آوەکە ئەنیشتەوە .

٢٤ ـ کدورات = ناخوشی‌و ناسور ٢٥ ـ یەکدی = یەکتری

٢٦ ـ طاهر = پاك ٢٧ ـ طهور = پاك كەرەوە

ئەمجا مەوەستە تا دەگەیتە عەینی ٢٨ ( سەرچنار٢٩ )

آویکە لە نارو٣٠ چنارو گوولو چنوور٣١

٢٨ ـ عەین = سەرچاوە

٢٩ ـ سەرچنار = هاوینەهەواریکی سلیمانی‌یە ، لیوەی نزیکەی حەوت کیلومەترە دوور ئەبی . ریگاکەی قیرتاویکی باش کراوە ، لەم چەند سالانەی دوایەدا کارگەی چیمەنتویەکی لی دانراوە ، نزیکەی ٢٥٠ خانوویەکی لی دروست کراوە بو کریکارو مووچەخورەکانی کارگەکە ، بەم بونەیەوە کراوە بە ناوچەی ناحیەی سەرچنار .

آویکی زوری هەیە کە لەیەك شویندا هەلئەقولی کە ئەم لاو ئەو لای چنارو بی‌و شورەبی‌و دارو درەختی ترە . آوەکەی بەبوریەکی ١٢ ئینجی بەپەمپ ئەبریتە سلیمانی ئەوەکەی تری ئەبیتە دوو بەشەوە ، بەشیکی ئەروات بو ( بەکرەجو ) بەشەکەی تری بەجوگەی آوبارەدا ئەروا .

دوو گازینوی هاوینەی جوان لە گوی آوەکە دروست کراوە ، کارگەی چیمەنتوو ئوتیلیك و بازاریکی نوی لی درووست کردوە ، لە ریگای سەرچنار پاسی دەزگای گواستنەوە کار ئەکات .

٣٠ ـ نار = هەنار ٣١ ـ چنوور = گیایەکی کویستانی بون خەشە .

چەشمیکە٣٢ میسلی خور کەبە سەد جی لەروشەنی٣٣

فەورانی٣٤ نوری سافە لەسەر بەرد وەك بلوور

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوینەدا کەوا

ئەستیرەکانی رادەکیشی وەك شەهابی٣٥ نوور

یا چەشمەساری٣٦ خاتری پر فەیزی عارفە

بەنبوعی نووردا دەرژینی لە کیوی توور٣٧

٣٢ ـ چەشمیکە = سەرچاوەیەکە ٣٣ ـ روشەن = رووناك



www.zheen.org

٣٤ ـ فەوران = هەلقولان ٣٥ ـ شەهاب = ئەستێرەی کشاو

٣٦ ـ چەشمەسار = سەرچاوە

٣٧ ـ کیوی توور = کیویکە لەسیناکە بەر مصر کەوتووە ، وەکو ئەلین لەم کیوەدا حەزرەتی مووسا خوای پەرستووەو لە گەلیا قسەی کردووە .

ئەمووت دوو چاوی خومە ئەگەر ( بەکرەجو )ی ئەشك٣٨

بیوایە لیلو بی سەمەرو گەرمو سویرو سوور٣٩

---

٣٨ ـ بەکرەجو = کیلگەیەکی میریە بەقەراسی ١٠ کیلومەتر لە سلیمانی یەوە دوورئەبی لقیکی آوی سەرچناری پیائەروا ، گەلیك کشتوکالی بەنرخی تیا ئەکریت ، زەویەکەی زور بەپیتو برشتە ، لەم کیلگەیەدا گەلیك ئەمامو تووی ئەوروپایی و ئەمەریکایی ئەروینن وبلاوی ئەکەنەوە ، زەویو زاریکی زوری هەیە ، هەندیکی لەم دوایەدا بەش کراوە بەسەر ئەو جوتیارانەی کە زەویەکانیان بووبەژیر آوی دووکانەوە ، قوتابخانەی کشتوکالی تیدایە ، خەریکی درووست کردنی کارگەیەکی سپاییو کەرە درووست بکری لیی ، بوتە گوندیکی نوی ، ئاووکارەباشی تیدایە ، خەریکن ریگاکەش قیرتاو بکەن .

٣٩ ـ سووور = امانجی لیلاوە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

داخل مەبە بەعەنبەری٤٠ سارای(٤١) ( خاكوخول ) ٤٢

هەر تا نەکەی بەخاکی ( سلیمانی ) باعبوور

یەعنی ریاضی رەوضە٤٣ کەتیبدایە چەنددەمی

مشـــکین٤٤ دەبی بـەکاکولی غلمان٤٥ و زلفی حوور٤٦

---

٤٠ ـ عەنبەر = شتیکی بون خوشە وەکو مسك وایە .

٤١ ـ سارا = صحرا = دەشت ، لیرەدا صفەی پیش موصوف خســتووە . عەنبەری سارا = دەشتی بون خوشی خاکو خول

٤٢ ـ خاکو خول : گووندیکە لە شارەزوور ، کەوتوتە گوی رووباری تانجەرو وە

٢١٦٠

نزیکەی ٢٥ کیلومەترەیەك لە سلیمانی‌یەوە دوورئەبی ، نالی خوی خەلکی ئەم گووندەیە ، لەتەنشت ئەم گووندەوە گردیکی دەســـت کرد ( تورەکە ریژ ) هەیە کەپی‌ی ئەلین ( یاسین‌تەپە ) ئەم گردە شوینەواریکی دیرینە ، بەلام تا ئیستا کەس بەلایانەچووە بو لیکولینەوەی ئەو شوینەوارە ، ئەلمانەکان ( شەریکەی بتیون منیرباو ) کاتیك ریگای عەربەت‌و دەربەندی‌خانی درووست کرد ، لەم بەر گوندی خاك‌و خولەوە گوندیکی بە بەنگەلە درووست کرد ناوی نا ( پیپسی کولا ) چونکە وشەی خاك‌و خول ، لەسەر زمانیان بوو بە کاکوکول وەبو بە کوکاکولا .

٤٣ ـ ریاضی رەوضە = باخ‌و باخات

٤٤ ـ مشکین = کراوە

٤٥ ـ غلمان = کوران

٤٦ ـ حور = پەری

ـــ خاکی مزاجی٤٧ عەنبەرو داری رەواجی عوود٤٨

بەردی خەراجی گەوهەرو جوباری عەینی نوور٤٩

شامی٥٠ هەموو نەهارو٥١ فصولی هەموو بەهار

توزی هەموو عەبیرو٥٢ بخاری٥٣ هەموو٥٤ بخوور

شاریکە پر لەعەدل ، لە جیگای خوش‌و نەرم

بو دەفعی چاوەزار، ئەلین شاری شارەزوور

www.zheen.org

---

٤٧ ـ مزاج = سرووشت ٤٨ ـ عوود = داریکی بون خوشە

٤٩ ـ عەین = وەکو ٥٠ ـ شام = شەو ٥١ ـ نەهار = روژ

٥٢ ـ عەبیر = بونیکی خوشە ٥٣ ـ بخار = هەلم ٥٤ ـ بخوور = بووغوورد

٥٥ ـ چاوەزار = وا بلاوە کە شـــارەزوور شوینیکی گەرم‌و ناخوشە مەلاریاو میشولەو آوەکەشی ناسازاەو ، یانی وشەی شارەزوو روانەگەیەنی بەلام نالی ئەلی وانی‌یە بەلکو بو چاوەزار وا ئەلین

ئەهلیکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن٥٦

هەم ناظمی٥٧ عقودن‌و هەم ناظری٥٨ امور

سەیری بکە لە دارو لە بەردی محلەکان

دەوری بدەبە پرسش‌و٥٩ تەفیش خوارو ژوور

داخو دەروونی شەق نەبووە پردی ( سەرشەقام٦٠ )

پیروفتادە٦١ تەن نەبووە داری پیرمەسوور٦٢

---

٥٦ ـ دانش = زانا ٥٧ ـ ناظمی عقود = هونەرەوەی ملوانکە آمانجی لەریکخستنی هەلبەستە ٥٨ ـ ناظمی امور = لە کاروباری ئیدارەدا شارە زایی‌یان هەیە ٥٩ ـ پرسش = پرسـیارکردن ٦٠ ـ سەرشەقام = گەرەکیکی گەورەیە کەوتوتە خواروی سلیمانی‌یەوە ئەوکاتە وەکو ئیستا شیوەکان سەرەکەیان دانەپوشرابوو، لە هەرگەرەکە لەسەر ئەوشیوە پردیك درووست کرا بوو . لەمانە پردیکی گەورەو ریك‌و پیك لەگەرەکی سەرشەقام لە سەر شیوەکە درووست کرابو .

٦١ ـ فتادەتەن : پیربوو ، لەشی پەك کەوتوو .

٦٢ ـ پیرەمەسوور = مەزارگەیەکە کەوتوتە گەرەکی پیرمەسوورەوە ، وەختی خوی داریکی گەورە بەسەریەوە هەبوو ئیستاش ئەو دارە لق‌و پوپی کوتەرەکەی ماوە .

( ماویتی )

ناونیشانی روژی نوی
سـلیمانی ـ شـەقامی سـەیوان ـ روژی نـوی
جەمال شالی ـ تەلەفون ٦٠٩

# ئەرنيست هەمنگواى

« قەرەداخى »

ه ئەرنيست هەمنگواى چيروك نووسى گەورەو نەمرى ئەمريكى‌يە كە لە سالى ١٩٠٠دا لەدايك بووە .

ه لە سالى ١٩٥٤دا خەلاتى ( نوبل )ى پى بەخشرا لەســـەر چيروكە نايابەكەى ( الشيخو البحر ـ پيرودەريا ) .

ه زور حەزى لە راو ئەكرد .

• چوار ژنى هيناوە ، وە دوا ژنى لە سالى ١٩٤٦دا هيناو ٣ منالى لى‌ى هەيە .

ه لەسەرەتاوە نووسينەكانى بە ناوى خواستەمەنى‌يەوە بلاو ئەكردەوە .

ه ستوديوكانى ئەمريكا چيروكەكانيان ئەقوستەوە ، وە چيروكى ( بەفرى كليمانجارو ) و ( پيرودەريا ) و چەند چيروكيكى تريشى كرا بەفليم .

ه ئەم سال هەمنگواى كوچى دوايى كرد ، ئەلين گوايە تفەنگى راويى لە دەست دەرچووە ، وەخوى كوشـــتووە ، بەلام لەلايەن هەنديك خەلكەوە گومان لەم كارەساتەدا هەيە ، وە ئەلين رەنگە كوژرابيت .

هـــەمنگواى ئەگەرچى بەرهەمى زور كەم بوو بەلام بەناوبانگترين چيروك نووسى جيهان بوو .

بنكەى ژين
www.zheen.org

## ئەى كورد پەروەرينە :

يارمەتى كومەلەى خويندكاران بدەن

كومەلەى خويندكارانى كورد لە ئەوروپا :

دەنگى بلندى كوردايەتى‌يە لەدەرەوەى كوردستان . مايەى سەربەرزى‌و شانازى‌يە بو نەتەوەى كورد .... تى‌ئەكوشى بو ناسينى كورد بەبيگانە .

بو دەرخستنى ژيانى پرر چەرمەسەريى كورد لاى گەلانى جيهان .

بو بلاوكردنەوەى داخوازى‌يەكانى نەتەوەكەت لەهەموو جيهانا .

# هونه‌ری به‌رز

صادی



« كویله »

ده‌ستكردی میخائیل ئێنجیلو



[ كه‌نیزه‌ك ]

ده‌ستكردی هونه‌رمه‌ندی به‌ناوبانگی جیهانی [ رنوار ]

## ورده‌کاری

# خـــه‌م

### لـــه هونراوه‌دا

من خه‌مم خواردو خه‌میش خوینی جگه‌رمی خوارده‌وه
بویه گریام چه‌ند به چه‌ند فرمیســـکی خوینینم نه‌هات

( کوردی )

نه‌وعه ئینســـانیك هه‌یه خه‌م قوتی‌یه
من خه‌می خوم‌و خه‌می عالم ئه‌خوم

( نالی )

خه‌م که‌سی ده‌ست ناکه‌وی غه‌یری من‌و بلبل نه‌بی
جی‌ی نی‌یه تیا بسره‌وی په‌رده‌ی ده‌روون‌و دل نه‌بی

( مه‌لا اسعد )

خه‌م بوو به نانم خه‌م بوو به به‌رگم
خه‌م بوو به خه‌نجه‌ر درا له جه‌رگم

( فولکلور )

گه‌رچی هه‌ندیك هه‌ر خه‌ریکن ورگ‌و گیرفان پرر ئه‌که‌ن
شه‌و به‌بی خه‌م سه‌ر ئه‌نینه سه‌رسه‌رین هه‌ر سه‌رسه‌رین

( بیکه‌س )

بنکه‌ی ژین
www.zheen.org

# ئاخو کەی ژیانیکی کامەرانیمان ئەبی ؟ !!!

سلیمانی / محمد مصطفی کوردیی

ئەگەر توزیك هیز بدەین بە سەرنجو تی‌بینیو بیرمان ، هەر لە دەورو بەری خوماندا شت زورە کە پەندو ئاموژگاریی لی وەربگریین ، ئنجا ئەگەر لە هەر شتیکیان پەندیك وەرگریینو بیگریینە گویو پەیرەویی بکەین ، ئیتر لەوانەیە کە دەرگای کامەرانیو خوشبەختیمان بو بکەویتە سەر گازی پشت ، وە بەو دەرگایەدا بچیین بو سەیرانگای باخو بیستانو گولو گولزاری بەختیاریی ، وە بەچیای بەرزی ئاواتا هەل زنیین تا لوتکەی :

ئەگەر سەرنج بدەینە دوو درەخت کەبە تەنیشت یەکەوەن کە چون یەك لە رقی یەك ، وەبەیاسای کیشەی مان « تنازعی بقاء » دەست پیشکەریی ئەکەن لەبەرزبونەوەو بەخودا هاتن و رەگ داکوتاندا ئیمەش تەماشای گەلانی دراوسیکانمان بکەین چون ئەوان لەهەولو تیکوشانو رەنجوکاران تاچاویان لی بکەینو بەریگای ئەوانا برروین وەئەگەر تەماشای میروولە بکەین کە چون لەهەول وتەقەلای بی‌پسانەوەدان بو پەیاکردنی پی بژیو ، وەشەوو روژ لەجمو جوول دان وە ویستانیان نیە ، وە ئەم بەهرەیە لەوان وەربگریین .

وەئەگەر برروانیینە حاجی لەقلەق کەچون گیانیخوی بەخت ئەکا لەریی پاراستنی هیلانەکەیا لە بیگانان ، وەچون پاسی ناموسی خوی ئەکا ، وە گیانی شیرینی لە سەر دائەنی ئیمەش وابیین .

وەئەگەر لەهەنگ وورد بینەوە کە بەچ ئەرکیك شان هەل ئەبەستی وەهەلالە لە گولو گولووك وەرئەگری ، وە بەرهەمی هەنگوین ئەهینیتە دیی وە بەشی ئیمەشی لی ئەدا ، وە ئەمکردەوە پەسەندەش لەو وەر بگریین .

وە ئەگەر تەماشای گورگ بکەین کە چون لە کاتی زور بوهاتنیا ئەبن بەگەلەوە هەمووپشت ئەنین بە پشتی یەکەوە رووئەکەنە دوژمن ، وە تادواتنوکی خوینیان ئەرژی خویان نادەن بە دەستەوەو سەرشورر ناکەن ئیمەش ئالەم خووەدا چاو لەوان بکەین.

وەئەگەر سەرنج بدەینە حوشتر کەچەن دووربینیو چەندە توانایی هەلگرتنی باری

مەینەت‌و رنج‌و تەقەلای هەیە ، وەچەند هەستی تولەســەندنی هەیە لەکەسیك یاشتیك بەنارەوا ئازاریکی دابی ، ئیمەش ئەم رەووشتانە لەژیانمانا بکەین بەپیشە .

وە ئەگەر تەماشای قازبکەین کە چەند سوورن لەسەر پاسەوانیی گیانیان تەنانەت شەو کە ئەنوون یاساوول دانەنین‌و ئەویاساووله لە سەر قاچیك ئەوەستی و بەردیك یازیخیك بەچنگێ هەل ئەگری بو ئەوەی ئەگەر وەنەوز بیباتەوە و بەردەکە بکەویتە خوارەوە گورج بیدار ببیتەوە ، وەلەوپیویستەدا کەخراوەتە سەرشانی وپی‌ی سپیراوە دوانەکەوی . یاهەر دیسان لەقاز ووردبینەوە لەمەدا کە ری ئەکەوی لەمالیکا سی چوار قاز بەچکە هەل ئەهینن . وە لە ناو خویانا ئەم بەچکانە تیکەلاو ئەکەن و بی جیاوازیی بەهەموویان بەخیویان ئەکەن ، ئیمەش ئەم کردە جوانانە لەوانەوە وەربگرین و بیکەین بەپیشەو یاسا وە لەســــەری بروین وە نەتەوەی یەکتریی وەك هی خومان تەماشا بکەین وە هەموو یاساوولی یەکتری بین وەیەکتری بپاریزین .

وە ئەگەر تەماشای گا بکەین کە هەستی کومەلایەتی‌یان ئەوەندە بەتینە ری ئەکەوی کە لە ئاوایی‌یەکا گایەك سەر ئەبرری ، ئیتر گاکەلی ئەو ئاوایی‌یە هەر چەن بەلای ئەو خوینەدا تی ئەپەررن کوئەبنەوە سمکول ئەکەن‌و ئەمرقینن و ئەیکەن بەگابورر ، وە هەتا ئەو خوینە بمینی ئەمە پیشەیانە ، جا ئیمەش لەناوخومانا هەستی کومەلایەتیمان ئەوەندە بەتین و بە تەوژم بی

بنكەی ژین
www.zheen.org

وە ئەگەر تەماشای کوتر بکەن کە چەند خوشەویستی زیدو نیشتمانی گەرم و راستەقینەیە ئەگەر بەچکەیش لەشوینەزای بگویزریتەوە بو جیگایەکی ئیجگار دور ، هەر کەبال‌و پەرری تەواو هات ، ئەداتە شەققەی بال‌و دیتەوە بو نیشتمانی پیشوی ؛ ئیمەش هەستی نیشتمان پەروەریمان هیچ نەبی ئەوەندە بە تەووژم بی .

وە ئەگەر تەماشای سەگ بکەین کە چەندە چاو لەبەر « بەوەفا » یە ئەگەر لە ماوەی ژیانیا جاریك پەتروکیك نانی بدەیتی ، هەرگیزاو هەرگیز فەراموشی ناکا ، وەهەر کاتیك بت بینی بەدەست‌و بەسەرو بەچاوو بەکلك چاولەبەریی‌و خوشەویستیت پیشان ئەدا ، ئیمەش تەنیا ئەم خووەی لی وەربگریین .

ئینجا وەکوو ووتم لە هەر گیانلەبەرەی رەووشتیك وە لەهەر شتەشتیکي باش وەربگرینو بیکەین بە شتیك لە سورشتمان وە لەبیری دەرنەکەین ، بەهەموویان هوی بەختیاریو کامەرانیو خوشبەختیو ئازادیی ئەهینینە ژیردەستی خومان .

خوئەگەر ئەم هەستەشمان نەبی کە لە شتومەکی دەورو بەری خومانو لەگیاندارانیبی زبانیش پەندو ئاموژگاریی وەربگریین ئەوە مافی گلەییو سکالامان نیە لە کەسی بکەین ، وە ئەبی هەمیشە بەتەمای ئەوە بیین هەر بزورداریك هەلسی سوارمان بی وبارمان کاو بوکوی بیەوی لیمان خورری ، وە خوشمانو وەچەو وەچەی وەچەشمان بە کەنەفتی بمینینەوە هەتا هەتایە .

## خلاصة

# تأريخ الكرد و كردستان

## من اقدم العصور التأريخية حتى الان

- بەشی بەکەم لەو پەرراوە بە نرخەی سەرەوە بەزمانی عەرەبی دەرچوو .
- ئەم پەرراوە نووسینی زانای نەمری کورد ماموستا امین زەکی یەوە لە لایەن خوالیخوشبوو ماموستا علیعونییەوە کراوەبە عەرەبی .
- لە سالی ١٩٣١دا بە کوردی چاپ کراوە ، وەلە سالی ١٩٣٩دا لە مصر بە عەرەبی چاپ کراوە ، وا لە سالی ( ١٩٦١ ) یشدا بو دووەم جار بەعەرەبی چاپ کرایەوە .
- بریتی یە لە ( ٥١٨ ) لاپەرەی گەورە ، وە بەجوانترین شیوە لە چاپخانەی صلاحالدین لە بەغدا چاپ کراوە .
- ئەم پەرراوە بەنرخترین پەراوی میژوویی یە کەدەربارەی کورد و کوردستان تا ئەمرو دەرچوو بی .

# ( ڤولتــیر )

« هیمن »

گەر بەوردی سەرنج بدەینە میژووی هەرگەلیك ، گەلی رولەی بەشەرەفی خوبەخت کەرمان دیتە بەرچاو چ بەجوری تایبەتی‌و چ بەجوری گشتی لەهەموو رووەکانی پلەی ژیان تی‌هەل چوون ، بو ئەوەی گەلەکەیان رزگار بکەن لەو چەرمەسەری‌یەی کەتیایان . وەلیرەدا ئەوەی شایانی باس بیت رولەی بەشەرەفی گەلی فرنسی کەهەموکاتي هەست‌و بیری تەرخان‌بوە بەرانبەر بەو کەمتەرخەمی‌و ناقولایی‌یەی کەوا لەمیانەی کومەل هەبوەو بەرانبەر بەودەســـتەلاتە ناهەموارە کەبوە وەبوە بەهویەکی گەورە بو روناك کردنەوەی ریبازی خەبات و پال پیوەنەریکي دلسوزانە بوە بو پال پیوەنان بو گەلەکەی‌و هوشی بو راپەررین و ووشیاری گەلەکەی بەشیوەیەکی تایبەتی ، وە بو گەلانی ئەوروپی بەشیوەیەکی گشتی .

رولەی دلسوز ڤولتیر :

لە ٢١ تشرینی دووەم سالی ١٦٩٤ لەشاری پاریس لە دایك بوە ، لە تەمەنی حەوت سالاندا ، دایکی مردووە ، کە ئەمە هویەکی گەورە بو کە تأثیریکی بی‌پایانی هەبوو لە هەموو روویەکەوە بو سەری . بەلام باوکی کوششیکی تەواوی کرد لە پیناوی پەروەردەکردنیا زانیاری ، وە ڤولتیر بەردەوام بو لە ئامادە کردنی خوی لەهەموو دوویەکی زانیاریو و زانین ، بو ئەمە چەند جاریك چوو بو هولەندە و المانیا و ئەگەرایەوە بو فەرەنسا ،

بەلام لە ئەنجامدا لە پلەکانی زانیاری و زانین بەشی ( أدب ) ی زیاتر لە پەسند بوو وە زیاتر خوی لەگەل‌دا ماندو کرد وە بوە أدیبیکی بەرزو بەنرخ لە هەموو جیهانا دەنگی دایەوە .

ڤولتیر ، زاناو ئەدیب‌و نوسەریکی بەرزو بەنرخ بوو وە لە پیناوی

گەل‌و نیشتمانەکەیا تی ئەکوشا ، وە هەر ئەوەش بوو بە هوی ئەوە کە هەموو کات‌لە دل‌و دەرونی هەموو مروڤیکی بەشەرەفا چ فرنسی بیت یان غەیری فرنسی جیی‌خوی‌گرت .

لە پاریس دەستی کرد بەنووسینی چەند حکایەتیکی شانوییو لەسەر شانوکانی پاریس دەس کرا بەپیشکەش کردنی ، بەلام داموو دەسگای میری فرنسی ، ماوەی نەئەداو دەس‌و برد ئەو نیشتەجیو شانویانەیان دائەخست‌و ڤولتیر بانگ ئەکرا بو لی‌پرسینەوە .

بوچی‌و لەبەرچی ؟ لەبەر ئەوەی کە هەستی مروڤ ئەجولینی و باری مروڤایەتی روون ئەکاتەوە وە دانیشتوان لەو کەمو کوری‌و ناقولاییەی داموو دەسگای فرنسی شـــارەزائەکات بەشیوەی تەمثیل یان بە نامیلکە کە بلاو ئەکرایەوە .

ئەم هیرشانە بوە هوی ئەوە کە رولەکانی گەلی فرنسـای وریا کردەوەو لـەوەش بگەن ڤولتیر کی‌یە و بو کی خوی ماندوو ئەکات ، وە پیویســت چی‌یە لەسەریان .

وە لەلایەکی تریشەوە ، داموو دەسـگای مـیری بەردەوام بوو لـە چاودیری‌و ، پشکنینی نیشتەجیی ڤولتیر هەموو کات ، تا دەر دەستیان کردو بەرەو « گرتووخانەی باستیل » بردیان‌وە ماوەی لە سال زیاتر تیدا مایەوە .

ڤولتیر رای ئەگەیاند بەبەکری گیراوانی رژیمی پاشایەتی لویسـەکانی فرنسا ، ئیوە زور سەیرن بەگرتنی من یان یەکیکی ترا وا ئەزانن دل‌و دەرونو هەستو بیری گەل بەیەکجاری کپ ئەبیتەوە یان لە ناو ئەچیت ، وەیان بەمە ری ئەدەن‌کە ئیوە هەر بەردەوام‌بن لە تاوان بەرانبەری . نەء نەء :

وە کە بەر بوو لە گرتووخانەی باستیل یەکسەر بردیانە سـەر سنوورو بەرەلایان کرد ، وە پی‌یان ووت نابی بیتەوە بو فرنسا ، سەیرە مال لەمال خو قەدەغەیە .

رولەی نیشتمانی لە دایکی دلسوزی جیا ئەکەنـەوە . ئیوەی تـاوان بار هەرچی بکەن روله هەر دلسوزە بو نیشتمانی و نیشتمانیش هەر دلسوزە بو رولەی . وەمن ئیستا کە ئەروم دەنگی راستەقینەی گەل‌و نیشتمانم دیتەگوی :

لە سالی ١٧٢٩ لە تەمەنی ٣٥ سالیدا ، داموو دەسگای فرنسا ریی‌دا کەوا ڤولتیر بگەریتەوە بو فرنساو ئەمری قەدەغەی لەسـەر نەما : کە گەرایەوە لـە جاران زیاتر گەرمترو بەتین تر بەردەوام بوو لەتی‌کوشان .

ڤولتير راى ئەگەياند بەهاو نيشتمانەكانى : كە مروڤ خولقاوە كەوا بژىو كەلك و سوود وەرگرى لە هەموو شتيكى كەوا ديتە بەر چاوى و لەچوار دەورىدايەو ئەبى سەربەست بيت لەپيشان دانى كرداروو قسەى ، وەنابيت مەترسى بخريتە بەردەمى

وە ئەيووت پيويستە لەسەر هەموو زانايەك بەردەوام بيت لــە پيناوى رزگار كردنى گەلى فەرەنســــى لەو زولموو زورداريو شپرزەيى و نەخويندەوارى و نەخوشى و هەژارىيەى كە تيدايە .

رەنجو تەقەلاى چى بوو زور جار داموو دەسگاى ميرى « رژيمى پاشايەتى بوگەنى لويسىيەكان لە فرنسا » ئاگريان ئەنا بەنوسراوەكانيەوەو خوشيان تەهينا رايان ئەگرت: وە ليرەدا ئەوەى پيويست بيت :

ڤولتير هاوارى ئەكرد : وەئەيووت :

ئەى دانيشتوانى پاريس ئەزانن ، كتيبەكانم ئەسوتينين ئەم تاوان بارانە ، بەلام ئيوە داخى پيوە مەخون ، چونكە بليسەى ئەم ئاگرە هوى گەورەيە بو ئيوەو هەموگەلانى ئەوروپى كەوا ميشكوو دلوو دەرونيان روناك ئەكاتەوە ، وچرايەكەكە ريبازى روژگار بوو سەربەستى هەمووتانى دانراوە . وئەو جەنگانەى كەئيوە ئەيبيستن يان ئەيبينن هەموى بريتيە لەهينانەدى ئاواتى تايبەتى پيسى داموودەزگاو بەكرى گيراوانى رژيمى پاشايەتى بوگەن لەهەمو اوروپا .

www.zheen.org

ڤولتير بەو جورە بەردەوام بو لە نوسينى حكايەتى شانويى وە وتـارى كـومەلايـەتى و زانيارى وسياسى ، وەگەلى نوسراوى بوە بەجوريكى قوولو فراوان بەشيوەيەكى رەخنە ، كەوا لەرزەى گەياندوە كوشكەكانى رژيمى پاشايەتى بوگەن و بەكرى گيراون .

لەگەل ئەوەشـــدا بەردەوام بوو لەپيشكەش كردنى هەستوو بيروبارەرى خوى بە جماهير لە هەر لايەك بوايە . وە ئەى ووت هەر گيانى نەتەوايەتيە كە هەمو كات پـالم پيوە ئەنيى كە بـجوليم وبدويم ســەبارەت بەوە كـە روژيك لـەروژان گەلەكەم بە سەربەستى ورزگارى ببينم .

لەپيش كوچ كردنيا ، لە دەرەوەى فـرنـسا بوو . خـوشەويستى وگيانى نەتەوايەتى پالى پيوەنـا كە بگەريتەوە ، كەوا هات لەبەربوەبەرايەتى گومرك لـە قەراغ پاريس ،

فەرمانبەرەکانی رژێمی پاشایەتی بوگەن کەدیان ، ووتیان ماوەیەك رەحەت بوین بەلام هاتیتەوە ڤولتیر ؟ ئەویش وەلامی دانەوە: هەق ناشاریتەوە و گوم ناکری؟ لەو کاتەدا کە رولەکانی گەلی فرنسا زانیان هاتوتەوە . هەمو رووەو دەری پاریس رویشتن بو پیشوازی . وئەویش بەگەرمەوە چوە ناویان . وە لە سالی ١٧٩١ گیانی ئەم نوسەرە خەبات کەرە بەریزە بەخاك سپیرا لە تەمەنی ٨٣ سالی دا ، لە سالی ١٩٧١دا گەلی فرنسا بەرەو قبرسانی دەرەوەی پاریس کەوتنە ری . سەرلەنوی لاشەی ئەم تیکوشەرەیان هینایە دەرەوە وە بە قەلـەبالغیکی گەورە برا بەرەو قبرسانی پانتیون ، لەم کاتەدا رولەیەك لە رولەکانی فرنسا رای گەیاند تو بوی ئەی مروڤی دلسوز بەشەرەفی گەلی فرنسا ، توی پیشرەوی مروڤایەتی توبوی ئەی مروڤی دلسوزو بەشەرەفی گەلی فرنسا ، پیشرەوی مروڤایەتی تو بووی بالت بەئیمە بەخشی بو رفین بو ئەوەش پەروەردەت کردین کە کوتو زنجیر بشکینین لە پیناوی سەربەستیو رزگاریدا

بنکەی ژین
www.zheen.org

# (٣٠)ی ئاب

## روژی خەباتی قوتابیانی کوردستانە

- ئەی قوتابی‌یانی کوردستان: ٣٠ی ئاب روژی خەباتی گشت قوتابی‌یانی کوردستانە
- ئەم سالو هەموو سالیك لەو روژەدا یادی ئەمین بانیو عەدنان خودادادو ئەو قوتابی‌یە کوردانە بکەنەوە کە بوون بە قوربانی کوردستان .
- لە روژی ٣٠ی ئابدا بەلین نوی کەنەوە بوخەباتیکی گەرمتر لە جاران لەپیناوی کوردستانا .

# ئاهەنگی خیوەتگای سەرسیر

قوتابی‌یانی پیشەنگی قوتابخانەکانی ناوەندی‌و ئامادەیی‌و پیشەسازی ، ئەم سال خیوەتیان لە هاوینەهەواری سەرسیر هەڵدا ، بو بەسەر بردنی چەند روژیك لەکەژو کیوەکانی کوردســـتانا تامەشق ، بکەن لەژیانی هەرەوەزی‌و گوزەرانی کەژی‌و هەڵزنان بەشاخ‌وهەردا

خیوەتگا لە روژی [ ١٢ /١٩٦١/٨ ]ە وە دەستی پی‌کرد تا ٨/١٦ . . . وە ئەو لیژنەیەی ئەم خیوەتگایەی بەرریوە ئەبرد پیك هاتبوو لە ماموستایان صالح عەلی عزیزمحمد ـ عمرامین ـ قادرخلیل ـ وە غفورطاهر ، وەهەروەها چەند لیژنەیەکی تریش پیك هینرابوو بو هەاسوورراندنی کاروبار .

## ئاهەنگی خیوەتگا

روژی ١٩٦١/٨/١٥

دەمەدەمی ئیوارە بوو کەگەیشتینە هاوینەهەواری سەرسیر قوتابی‌یەکان اەجمووجوڵ‌و هاتوچویانا . هیوای پیشمەرگەیەتی دواروژیان تیا دیـار بوو . . . لەبەر چەپەروکەی خیوەتگادا یاساولانی قوتابی لەبەرگی پیشەنگی‌دا وەستابون لەکەنار حەوزە جوانەکەی سەرسیر تاشە بەردیکی پانکەلە لەسەر شان دانرابوو ، وەدروشمی خیوەتگای لەسەر کیشرابوو ، دروشمەکە بریتی‌بوو لە گەلاتوتن‌و گولەگەنم‌و لقی‌دار بەررو .

گەلیك کەس لە سلیمانی‌و چوارتاوە بو ئەم‌ئاهەنگە بانگ کرابوون . . . دوای نان خواردن ئاهەنگەکە دەستی پی‌کرد بەکردنەوەی ئاگر . ئنجا چەند گورانی‌یـەك پیشـکەش کرا ، لەوانە گورانی‌ی [ بەدەربەدەری ] ـ رووناك ـ زارا ـ کەلەلایەن بەختیار عبدالرحمانەوە پیشـــکەش کران ، وەگورانی‌ی [ ئەی‌کچی خاوەن تەلآر ] لەلایەن محمود کوردەوە ، وە گورانی‌ی [هەلوور بلوور تەکامە] لەلایەن بەهمەن صالحەوە ، ئەم هەلووربلووره زور خوش‌و پیکەنین دەر بوو .

وە دوو چیروکي نواندنیش پیشکەش کرا ئنجا لە دەوروبەری سەعات ٩دا کوتایی ئاهەنگەکە هات‌کە اەسەعات ٨دا دەستی پی‌کردبوو ، رووهەر کەکوتایی هات لەهەموو لایەکەوە سروودی کوردایەتی [ ئەی رەقیب ] دەستی پی‌کرد ، وەلەگەرمەی چەپلەریزانا ئەو سرودە کلپەی ئەسەند .

ئەوی شایانی باسە ،ماموستا ئەنوەر توفی دەسیکی بالای هەبوو لەریك خستنی ئەم‌ئاهەنگە خوشەدا وەقوتابی [جەلال وەستا ئەمین[ دیا ترین‌و چالاکترین قوتابی‌بوو لەم ئاهەنگەدا.

# بەسەرھاتی ژمارە ...

## « بەلام کوردم »

موسکو ـــ کاکەی ریبوار

وەکو کیویکی سەخت لەبەر دەما قووت بوبووە ئەگەرچی بەچاوی سەیری منی ئەکرد ، بەلام بیری لە شوینیکی تر دوور زور دوور هەواری هەلدابو ! بەلەشی ئەگەرچی لەتەك منەوە بو ، بەلام گیانی فری بو . زور بەرز . . رەنگە بو وولاتەکەی . بوناو خیلو کەسوکارەکەی . کەچەند سالە لی‌یان دورەو تەریە دەنگو باسیانی نەبیستوە . . ئاگای لی‌یان نیە . لەوروژەوەی هەلاتوەو لەوولاتی ئاوارە بووە بەشوینیان بەفاویان نازانیت ! رەنگە هەر ئەوکاتە بیری لەکەسو کارەکەی کردبیتەوە چی‌یان بەسەرهاتوە ماون؟ مردوون لەزندانیکی‌قولی تەرری تاریکا دەس‌و پی بەستراون؟ یان لەسەر پەتی قەنارە هەلواسراون‌و گیانیان سپاردوە . . ؟ نازانیت ؟ رەنگە ئیستە لەگوری تاریکو نوتەکدا حەسابنەوە ! نازانیت . نازانیت . وە ئەم نەزانینە لەهەموی ناخوشترە بویە لەداخی ئەو نەزانینە کە ئەچزا بەهەستیا وەکو پشکو جار جار چاوی ئەتروکان هەناسەیەکیشی لەگەلیا هەل ئەکیشا هەمو گیانی لەتوندیا ئەهینایە لەرزین ! لەبیریکی قولی بیرکردنەوەدا نوقم بوبو هەتا ئەو جگەرەیەی بەدەستی‌وە کوژابووە دای‌نەئەگیرسانەوە ! کابرایەك بەلام با بلیم برادەریك چونکە هەرچەندە تورکیکی تورکیابو بەلام لە کانگای دلیوە خوی بەکورد ئەناسیو دائەنا وەبو خزمەتی گەلی کورد توانای تەرخان کردبو ! بە بالا تیك سمراویکی مام ناوەندی بو ، سەری رووتاوەبو . . دووچاوی رەش لەگەل دوو بروی پری چرر دەوری دابو . . هەرچی دەمی بو کەمیك‌یان بو جوتی لیوی باریك بەتوندی لەسەریەك چەسپابون وەکو هەموکات فیری ئەوە بوبیت کەبەپیویستی نەبیت نەکریتەوە . جار جار کە ئەدوا

هەردو لالغاووی کەمیك چرچ ئەبو . . کەپیش ئەکەنی هەرچەندە زور کەم‌بو هەردو گووپی ئەئاوسا وەلەناوەراستیا بەجیگای ئەموستیك قوول ئەبو . تەمەنی لەدەوروپشتی ٤٥ سالیدابو بەلام بەگورجوگولی‌و لەش سوکی بەلاویکی هەرزەکار ئەهاتە پیش چاو . خوم مت کردبوو چاوم تیی بریبو زور بەریزەوە سەیری بیی‌دەنگیەکەیم ئەکرد وەکو گومیکی مەنگی بی جولە لەبەردەما دانیشتبو زور لام نەنگ‌بو بیشلەقینم . جیگاکەشمان زور خوش‌بو شوینی لیکدانەوەو دالغەلی‌دان‌بو . لەتەنیشت گوماوی ڤانزی لەشاری برلین لەبەردەمانا گومیکی فراوانی شین رەنگ . . بەسەدەها لاوو پیرو منالو ژنو پیاو خویان رووت کردبووە مەلەیان ئەکرد لەناو ئەو هەرەی ژیانەدا بونی پاشماوەی بوچروکی شەرر ئەهات کە تیکەلاو بە بوچروکی جەرگی سوتاوی هاورریی دانیشتوم ئەبو کەلە هەناسە قولە گەرمەکانیا ئەهاتە دەری ! جار جار بایەکی تەرری فینك هەلی ئەکرد وە ئەو دو ۳سی تاقە مووانەی سەری هاوریەکەمی ئەشەکانەوە بەهیواشی وە زور بە نەرمی هەتا وەکو ئەویش ئاگاداری ئەو متیو بی دەنگیەی بکات کەلە ناویا نوقم بوبو !

لەپر داچلەکی ، وەلام وایە لەبەر ئەو هەموسەیر کردنەی من بو . کەمێك خوی لەقان وەکو خوی بتەکینی دەموچاوی گرژبووە وەکو ئەوکاتە لەخەویکی زور ناخوش راست بوبیتەوە .. ئاگر بەلیشاو لەچاوە رەشەکانیەوە ئەهاتە دەری .. ئاگریك لەوبروایەدا بووم هەمو ئاوی گوماوەکە توانای کوژانەوەی نەبو یەك دوو نەفەسی لەجگەرەکەی دا بەلام کوژابووە وە دوکەلی نەبو . بەرقەوە هەستا دەستی برد بو شقارتەکەی وەبەقایمی دەنکیکی داگیرسان وەکو ئەوان تاوان باربن ، لەپاش ئەوەی دو سی ۳ نەفەسی توندی لیی‌داو چررە دووکەل لەدەمیوە هاتە دەری شقارتەی توورر دایە سەرمیزەکەو وە بەنوکی پەنجەی کەوتە لی‌دانی . دەمیك‌بو پرسیاریکم لی کردبوو هەمو گیانم چاوەروانی وەلامەکەی بو وەکەکەوتە تەقە تەق لەسەر میزەکە دلم خوش بو کەزبانی کراوەتەوە ، زوری نەبرد بەخیرایي وەکو بیەویت رزگاری بیت لەدوا من ووتی :-

- لیت پرسیم کوردم ؟ ئەلیم نأ ! دایکم کوردەو باوکم تورکە ؟ تورکی تورکیام !

کەمیك وەستاو جگەرەکەی لەناو پەنجەیا هەل گلوفت وەلەگەلیا خوی بو برد بەپشتا

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوی بەسەر کوردا ساغ بکاتەوە ، یان ئیمە ساغی بکەینەوە !

بەتەواوی رقی هەلسا وەپەنجەی لیهینامە پیش‌و لەچاومی نزیك کردەوە وەمزانی چاوم هەل ئەکولی وە بەتورەییەوە ووتی : ـ

ـ شیخی تەریقەتت بیستووە ؟ ووتم بەلی

ووتی : ـ دیارە چونکە لەهەمو شوینیك زورن . . ! خو دەرویشەکانیشت بیستوە بەلکو دیوتن ؟ ووتم بەلی . . بەلی . ، !

ووتی : ـ زورباشە . . ئەگەر هەزارەها دەرویش خویان تەرخان بکەن بویەك کەس بو شیخیك چی‌تیایە یەکیك خوی تەرخان بکات بو میللەتیك ئەگەرچی میللەتی خوشی نەبیت !

سەری نزم کردەوە ، هەر چەندە بەنزمی کەوتە وورتە وورتو بولە بول . . بەلام ئەکولا . . ئەیووت : لەکورد بی‌بەش تر هەیە . . خاك ویران تر هەیە ! لە ئیسپانیا شـەرربو ، هەزارەها تیکوشەر لەوولاتانی ترەوە ئەچون‌و شان بە شانی گەلی ئسپانیا ئەجەنگان‌و خویان بەخت ئەکرد . . ئەگەر منیش شان بە شـانی گەلی چەك هەلگرم توانای خوم بخەمە تەك توانایان . . ئەمە سەیری چی‌تیایە ؟ ناتەواوی چی‌تیایە ؟

لیرەدا قســـەکەیم پیی برری وەووتم . . ! ـ بەم جورە کورد لاری لەوانە نیە بەلکو جی‌ی شانازیەتی هاوکاری نیو میللەتان . . یارمەتی‌دانو پشت‌گیری یەکتر راستو باشە او ..

قسەکەی پی بریم وە ووتی :ـ ئەزانم . . فیرم مەکە . . لەگەل ئەوەشا خوم بەکورد ئەزانم چونکە من وا چوتە میشکمەوە کەهەتا گیانم هەســـتم تیکەلاو بەگیان‌و هەستی کوردی بریندار نەبیت یەك ناکەوین‌و بەیاکا نالکین .

سەری راوەشان وەدەستی لەسەر میزەکە دریژ کرد وەخوی لی هینامە پیشـــەوە وەکو بیەویت هەستیت ئەوسا ووتی : ـ

ـ رەنگە من‌وتو لەم بارەوە جیاوازیمان هەبیت . . تو بتەویت یان نا ـ لات تال بیت یان شیرین راست بیت یان ناراست . من وەهام بەباش زانیوو وەها لەسـەرما چەسپیوە !

لەم قسانەیدا بوو کەجگەرەکەی لەتاو دەست راوەشاندنی لەچنگی فرری هەستاو

هینایەوە و لەجێی خوی بەمتی دانیشتەوە !

وام زانی کە ئەم جارە بەهیچ جوریك دەم ناکاتەوە وە بو ئەوەی بیجولینم لیم‌پرسی :

ـ باشەپیم نالی‌یت ئەم هەستەت لەکوی‌وە بوهاتوە ؟

وادیار بو من راست بوی نەروشتبوم چونکە خیرا وەلامی دامەوەو بەدەمودەستی ووتی : ـ

ـ ئا ـ زورباشە . . من چاوەروانی ئەم پرسیارە بووم !

سەری بردە دواوە دەنکی شقارتەی دەرهینا کەوتە تیك‌دانی سووتوی جگەرەکان چمکی کراسەکەی هەلدایەوە تاویکی باریکی گوشت پارە بەدریژایی مەچەکی کەوتە پیش چاوم . . کەمیك دەنکە شقارتەکەی بەسەردا هیناو بردی، سەری لەگەلیا شورر کردەوە . . کەوتە وورد بونەوە . لە گوشت پارەکە لەگەلیشیا کەوتە دووان ..

وەکو دەنگی ووشەکانی لەبیریکی قولەوە بی‌و لە شوینیکی دورەوە ئەهاتە دەری . . دەمو چاوی رەق بی‌جولە . . جار جار ئەبیت کەلالچی هەل ئەقورتا . . هیواش هیواش لەیەکەم جارا بەساردی . . دوایی ووشەکان هەتا ئەهاتن گەرم ئەبوون . . داغ ئەبوون . . بەرادەیەك وەم ئەزانی ئاسنەو لەکوورەی دەرونی چکیاویا داغ بووەو دیتە دەری‌و ئەچزیت بەهەستی منالا

ئیستەش لەبیرمە وەکو دوینی رووی داست . . لەبیرمە وەکو خەویکی قولی دریژی تالی ناخوش . دیی یەك بەقەد پالی شاخیکی سەختی بلندەوە . . یەکیك لەو هەزارەها دی‌یانەی کەلە ناو دەشتو چیاکانی کوردستانی بەزور بەتورکیاوە بەستراو وەکو ئیمرو ئیوە ناوی ئەبەن ! یان تورکیای شاخاوی وەکو خویان ناویان لی ناوە ! دی‌یەکە خنجیلەو بەشمیلە جوانو نازدار . . بەشاخەکەوە ئەلی ملوانکەیەکی رەنگینە بەملو گەردنی شوخیکی بالا بەرزەوە !

منالی کوردی سوروسپی‌و پەسك سوکی کوردە بە نەرمونولیو دەنگە دەنگ لەسەرتاشە بەردو خولەکەی یاری ئەکەن‌و ئەتلینەوە کچو ئافرەتی نازداری شەرماویە لەکانیەوە دینو ئەرون . پیاوی هەرزەکاری کوردە بەگورجی دینو ئەچن‌و بەسەرزاریاوا ئەهاتە بەرچاو کەدی‌یەکی گەورەی پر ئاسایشە . دەنگو باسو شالاوی

شورشی کوردەکان هیشتا نەگەیشتوتە ئەم ناوچەیە . . بەلام سەرزاری زور جار هەل خەلەتینە . . میللەتەکە لەسەرەوە بی دەنگو کپ بوون ـ ئەگەرچی لەژیرەوە ئاگرو دوزەخ بوون . هەر ئەو پیاوو ژنە هیمنەی ئەت دی دوور نیە ساتیك بیت لەخو حەشار دانی پەنا بەردیك هاتبیتە دەری دوای ئەوەی بەشی خوی شەری کردوە ! بو نەگبەتی باوکم لەو دی یە تەنیا موچە خوری کاربەدەستانی تورك بو ، بو سەردان چوبومە لایان ! لەو روژانەدا شورشی ئاگری داغ داگیرسابو ، هەمو سوچیکی کوردستانی گرتبووە . بەلام ئەوروژانەی من لەو دی‌یە کوردیە بووم شورشەکە لەکزی‌دابو . . هەر هیزی سوپای تورك‌بو وەکو کولە خوی ئەدا بەسەر هەرچ شارو دی‌یەکدا ویران‌و ژیروزەبەرو تەفروتوونای ئەکرد هەر سوپای تورك بو ئەگەیشتە هەر شوینیك دارو بەردەکەشی بەررەش هەلگەراویو سوتاوی بەجی ئەهیشت ! لەو روژانەدابو کەمنی نەگبەت لەو دی‌یە بووم ئەلیم‌منی نەگبەت چونکە ئەو کارەساتەم دی کەئیستەش بەخەو بیبینم موچرکەم پیادیت لەو روژانەدابو کەدەنگوباس وەهای گەیان کەسوپای تورك‌لەدی‌یەکە نزیك بوتەوە! راست بوو زوری نەبرد لەدورەوە سوپای تورك دەرکەوت ! ئەوی راستی بیت من کە تورکیك بووم هەر ئەوەندە فیرکراوم کە تورك خوینی لەهەمو میللەتان پاك ترە. وەلە هەمو ئازاو خوین گەرم ترە ! ئەلیم کەدیم سوپای تورك نزیك بووە چەشنە شانازیەك دای گرتم وەکو پەردەیەکی تاریك بەسەر چاوما . . بەسەر هەستما کشابیت وای لی کردم بەسات ئەم ژمارد کەی ئەگەنە دی‌یەکە هەتا چاوی خوم بەبینینی جەندرمەی سمیل بابر . . ئازاو ئەبەردی تورك تیر بکەم . . کە توانیویانە کوردەکان بشکینن وە بەسەریانا زال بین.

کە دەنگ بلاو بووە بەنزیك بونەوەی سوپای تورك ترسیکی کتوپری دی‌یەکەی داپوشی ترسی شەرر کردن نا. ترسی بەرەنگار بونی دوژمن‌نا : نا : نا : ترسیکی جیاواز ترسیك هەستم پیی کرد کە ترسی خراپیو ناپەسەندی جەندرمەی تورکە ئەو ترسەی کەمن هەمیشە بروام نەئەکرد لەجەندرمەی تورك بوەشیتەوەو خاوەنی پەیداکردنی بیت ! بەلی بروام نەئەکرد . . . تابەچاوی خوم دیم !

لیرەدا کەمیك وەستا : هەناسەیەکی هەل‌کیشا : چاوی لیك‌نا وەکو لەئیشیکی گرانی قورس هەلسابیت هیلاکو ماندو دیاربو : دلوپی ئاوی بچوك : بچوك لەسەر

ناوچەوانی کشابو . . بەهیلاکیو سستیەوە چاوی کردەوەو ووتی : ـ

ـ رەنگە بروام پی نەکەیت . • رەنگە تو کە کوردیکی ئەو رووداوانەت بیستبیت دانی بەتەواوی پیانەنیت بەلام بروابەمن بکە کە تورکیکم وەبەچاوی خوم دیومە لە بەردەمی خوما رووی داوە بەلکو پرریشکی کوورەکە منیشی گرتەوە !

لەسەری روی وە ووتی : ـ

ـ هەر کە جەندرمەی تورك نزیك بووە شتیکی زور سەیر روی‌دا ! هیندەم زانی هەر ئافرەتە ژنوکچ گەورەو پچوکیان • • بەخیرایی بەکومەل کوئەبنـەوەو بەرەو لوتکەی شاخەکە ئەرون من‌وام زانی • • ئەدەنە شاخەکە بو شەرر کردن • • بەلام خراپ بوی چووم •• چونکە بو نیازیکی تر ئەچون رووەو شـــاخەکە ! ژمارەیەکی زور گەلیك زور لەو ئافرەتە شوخو نازدارانە هەروا لەبەر چاوما لەسەر شاخەکە کوبونەوە • • راوەستابوون سەیری دی‌یەکەیان ئەکرد • • وادیار بو چاوەروانی شتیکیان ئەکرد ئەو شتەش وەکو دوایی بوم دەرکەوت کە ئەوە بو کەدی‌یەکە ئەدریت بەدەستەوە یان ـ ! زوری نەبرد دی‌یەکە داگیر کرا •

کوردی هەژاری بی‌چەك بەدوو تفەنگو دارو تیلای شکاوەوە لەکوی پیی ئەکریت بەرەنگاری سوپایەکی چەکداری زوربەی وەکو ئەو سپایە بکات! ئەوەندەی بلیت یەکو دوو وەکو میرولە رژانە دی‌کەوە کەوتنە قەلاچو هەر لەخانوبو ئەسوتا . . هەر پیاوبوو بەنیشانەوە ئەنران . . شەلم کویرم ناپاریزم . . بەراستو چەپا قەلاچوی نادەمیزاد . . قەلاچوی کوردیان ئەکرد و لەنیو هارەی پی‌کەنینا ، من نەم ئەزانی سەیری کام لا بکەم لە سـەر هەیوانەکەی مالەوە وەستابووم . سـەیری ئەو بەزمەم ئەکرد و چاویشـم لە ئافرەتەکان نەئەتروکان . . مەراقیان دای گرتبوم . . کەتەقەی تفەنگ کزبو . . وە جـەندرمەی تورك کـەوتە چاوگیران بو ئافرەت . . بو تەخت‌کردنی ئارەزویان . . ئەوسا زانیم بوچی ئەو ژنانە لەو لوتکە بەرزە خویان قایم کردوە ! کەدی داگیرکرا ئەوسا کارەساتیکم دی قەت نایبینمەوە وەناشمەویت ببینمەوە !

کە گەیشتە ئیرە بەدەســـتیکی لەرزوکەوە جگەرەیەکی داگیرساند وەخوی توند کردەوە وەکو توانا بدات بەخوی بو تەواو کردنی باسەکەی ! ووتی : ـ

- هـــەر هیندەم زانی ئەو هەمو ئافرەتە یەك لەدوای یەك لەو لوتکەیەوە خویان فری‌دایە خوارەوە ! لەو هەزار بەهەزارەوە هەتا هەپرون بەهەپرون بین . . . هەتا نەکەونە بەردەســتی جەندرمەی تورك . مردنیان لەوە لاخوشــتربو ! هەرچەند یەکیك لەوان خوی فری ئەدایە خوارەوە من لەســەر هەیوانەکەوە هاوارم ئەکرد دەستم دریژ ئەکرد وەکو بمەویت بی‌یان وەستینم ، چاویشم لەداخا . . لە رقا . . بەلکو لەتەریقیا . . تەریقی ئەوەی تورك جەندرمەی تورك کارەســاتي وەها بخاتە ناوەوە . . ! ئەلیم لەداخو تەریقیا فرمیسك بەچاوما ئەهاتە خواری ، ! بەوچەشنە ئافرەتیك نەمایەوە . . هەمویان پارچە پارچە بوون !

هەرچی جەندرمەی تورکیشــە کەئەمەیان دی . . کە لە ئارەزوی بوگەنی هەرزانیان بی‌بەش بوون پترشیت گیر تربون . . ئەوسا کەوتنە گیانی منال . . منالی ساوا . . منالی بی‌دەسەلات منالی شیرەخورە . . ! ئای خوایە . . بو ئەوەت پیشان دام . . بومنت هیشتەوە هەتا هەمو جار بیتەوە بیرم . . تەزوی مەرگیش لەگەلیا بەگیانما بیت !

کەئەمەی ئەگیرایەوە وەکو ئەو تاوان باربیت لەو کارەساتە رەنگی سپی بوبو . . ئارەقیش ناوچەوانی گرتبو . . بەلکو دلوپی وورد وورد بەسەر لوتیوە کوبووبووە !

کەوتە گیرانەوەو تەواو کردنی باسەکەی بەلام بەخیراییی وەکو بیەویت هەتازووە رزگاری بیت ووتی : -

هـەرچی منالی دی‌یەکە هەیە . . لەشـیرەخورەوە هەتا ٥ - ٦ سالان هینایاننە دەری . . بو بەردەمی خانووەکەی ئیمە . . لەویدا کویان کردنەوە . . دەنگی گریانی منالی شیرە خورە کەبو شــیر ئەگریان . . وە دەمیان بو مەمکی دایکیان ئەگیررا . . منالی ساوا . . کە خل ئەبووەوەو بو دایکی ئەیزریکانو چاوی ئەگیراو . . دەستی بورانەوەشان . . ! جەندرمەی تورك . . ژیریان ئەکردنەوە بەلی ژیریان ئەکردنەوە . . زور بەئاسانیو بەخیراییش !

نازانم چون ئەتوانم ئەمانە بگیرمەوە ؟ چون توانیومە روژی خوی ســەیری بکەم هەتا ئیمرو بیگیررمەوە ! وادیارە هەستم لەو کاتەدا بەستبوی .. ئەگینا ئەوە کردەوەی



بنکەی ژین
www.zheen.org

# یادی راپەڕینەکەی شەشی ئەیلوول

## داخوازییەکانی کورد

١ ـ دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی لە زاخووە تا پشتی خانەقین ، وەهیچ عەرەبیکی ئەعەسکەری وە ئەمەدەنی لەم شوینەدا نەمینی .

٢ ـ ئەم ناوچەیەی ( کوردستان ) لە ژیر چاودیری بەریتانیادا بیت تاکو [کومەلی ئەقوام] برریاریکی لەسەر دەر ئەکا .

٣ ـ ئەوانەی بەهوی شوورشی بەردەرکی سەراوە [٦ی ئەیلوول] گیراوون و دوور خراونەتەوە بەرەللا بکرین

٤ ـ هەر ئەفسەرو فەرمانبەریکی کورد هەیە لە « عەرەبستانا » بنیردرینەوە بو کوردستان.

[ ئەمە بوو داخوازییەکانی کورد کە شیخ محمود ناردی بو مەندووبی سامی ] ، لە شوباتی سالی ١٩٣١ی زایینیدا[ دوای راپەڕینی ٦ی ئەیلوول ]

بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لە ناکاو گولله وەك باران
ئەباری بو قڕی میللەت ئەوی پیرە ، ئەوی لاوە
لەبەر دەرکی سەرا دیارە لەهەر لایەك تەماشاکەی
سەراسەر پڕر لەلاشەی مردووە ، شیلراوە ، کوژراوە
لە هەر کووچەو بەنایەکدا تەڕی‌و سووریت بیینیایە
ئەوە خوین‌و سروشکی دایك‌و جوانان بوو کە ریژراوە

[ لە هونراوەی ئەخول ]

## شەڕری ئاوباریك

• لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی زایینیدا کە شاری هەلمەت‌و قوربانی راپەڕری وە ئەو کوشتارە گەورەیەی تیاکرا ، شیخ مەحموودی نەمر لەو کاتەدا لە ( پیران ) بوو . شیخ مەحموود کە ئەم هەوالەی بیست نامەیەکی نارد بو مەندووبی سامی لەبەغدا وە(داخوازییەکانی) کوردی تیا تومار کرد . ئنجا دوای ئەم نامەیە شەڕری بەناوبانگی ئاوباریك رووی‌دا .

• شیخ مەحموودی پیشەوای نەمری کورد لەشکری پیکەوە نا ، وە مەبەست لەم لەشکر کردن و راپەڕینە تەنیا تولە سەندنی خوینی شەهیدانی شەشی ئەیلول نەبوو بەلکو ئامانجی گەورەی ئەم هەلمەتە رزگاری کوردستان بوو .

• حکومەتی عیراق وە (بەریتانیای ئاغای) وەلامی داخوازییەکانی کوردی نەدایەوە . لەبەر ئەوە شیخ مەحموود بەپیویستی زانی کە هەلمەت بەری لە پیناوی مافی کوردا .

• لە مانگی شوباتی ١٩٣١دا لەشکری شیخ مەحموودی بزورگ بەرەو کەرکووك بزووت بەو نیازەوە کە کەرکووك بگری ، وە گرتنی کەرکووك سەرەتای شوورشی گەورەی کوردستان بی بەلام کە لەشکر گەیشتە ( ئاوباریك ) لە پڕر لەلایەن فەوجیك سەربازی عیراق‌و ژمارەیەکی زور پولیس و لەشکری چەند ئاغایەکی زولە کورد دەوری گیرا .

• ئەم لەشکرەی شیخ مەحموود تەنیا (٥٠) کەس بوو ، نەك هەموو لەشکرەکە ، لەگەل ئەوەشا سەختترین شەڕریان کرد ، وە بەجوریکی ئەوتو ئازایانە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە ئەو شەڕرەیان کرد بەنموونەی قارەمانیتی لە میژووی کوردو کوردستانا . وەلەشکری دوژمن بەتەواوی شکا ، وە تەفرو توونا بوو .



پیشەوای نەمری کورد
شیخ مەحموود

کورد نابڕریتەوە خەیالیان خاوە
بەڕاتی نەجات بەخوین نووسراوە
« پیرەمیرد »

لە سلیمانی جادەی بەر سەرا
بە خویناوی کورد ئاوڕرشین کرا
« سەلام »

## راپەرینی شەشی ئەیلوول

کوردی ماف خوراوی خاك ویران بووی پی لە خواستو نیاز نراو ، لە سالی ١٩٣٠ دا کەوتە خوی دژی پەیمانی ١٩٣٠ی بەریتانیی عیراق کە خەریکی بەستی بوون ، ئەوە بوو شارەکەی هەلمەتو قوربانی کەوتە جموو جولیکی پیروز بو ئەم ئامانجە ، وە بو سەندنی مافی کوردی قارەمان ، بەم جورە بزووتنەوەیەکی پیروز لەو شارەدا دەستی پیکرد تا روژی ٦ی ئەیلوول ، لەو روژەدا ئەو کوردە دل بریندارانە کە باوو باپیرانیان هەزاران جار لە پیناوی کوردایەتیدا خوینیان رشتووە ، رژانە ناو شەقامەکانی شارەوە ، وە بەجاری دووکان داخراو ، کەس لە مالا نەما ، بەرە بەرە ، ئەم گەلە راپەرییو رووەو بەردەرکی سەرا کشا . بەلام [ داخی بەجەرگ ] گەل هیچ چەکیکی پینەبوو چەکی باوەرر نەبی ، لەبەر ئەوە کە زانییان حکومەتی نوکەری استعمار نیازی خراپەی هەیە ، هەرکەس لە ئاستی خویەوە دەستی دایە لیسو تیلاو پاچو خاکەناز ، بەم چەشنە ئەم کوردە چاو نەترسانە رژانە بەردەرکی سەرا وە بەئاشکرا کەوتنە داوا کردنی مافی کورد ، لەو کاتەدا کەوا هەیئەتی تەفتیش برابوونە سەراوە بو دەنگ دان بو هەلبژاردنە قەلبەکەی حکومەتی فەیسەلی نوکەر ، ئەو کوردە ئازایانە بانگیان ئەکرد مافی کوردمان ئەوی ، تاکەی ژیر دەست بین . . لەپرر بوو بەگولله باران ، سەربازو پولیسی حکومەتی ترسنوکو دەست نیژی ئینگلیز کەوتە دروینە کردنی گیان بەشەستیر .

کوردی ئازای قارەمانیش بەبەردو بەدار کەوتە هەلمەت بردن ، لە ئەنجاما نزیکەی [٥٠] کەسیك کوژران و بریندار کران .. خەلکی سلیمانی ئەگەرچی سەریش نەکەوتن بەلام گەورەترین قارەمانییان نواند .

## دەربارەی شەشی ئەیلوول

٥ بەپیی ئەو بەیانەی کە حکومەتی عیراق لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٣٠ دا بلاوی کردەوە ، لە راپەرینەکەی شەشی ئەیلولدا ٩ پولیس بریندارکراو یەك سەرباز کوژراوەو ١٣ کەسیش لەهەلمەت بەرانی کورد پەروەر کوژراوەو ٢٣ کەسیش بریندابووە بەلام لە راستیدا وانەبوو بەلکو لە ٥٠ کەس زیاتر لە دانیشتووانی سلیمانی کوژرانو بریندار کران

٥ دوای کوشتارەکەی ٦ی ئەیلوول نزیکەی ١٧٠ کەس گیرا ، لەوانە عەزمی بەگی بابان . شیخ قادر شیخ سەعیدی حەفید ، عزت بەگی وەسمان پاشا ، شیخ محەدی گولانی ، حەماغای ئەورەحمانئاغا ، حمە صالح بگی حمە علیبەگ مجید افندی ، توفیق قەزاز ، رەمزی فتاح ، عبدالرحمن آغای احمد پاشا ، وە فایق بەگ .

٥ شیخ مەحموودی نەمر هەرکە هەوالی کوشتارەکەی بەردەرکی سەرای بیست بەلاماری پینجوینیدا ، وەداگیریکرد . . .

٥ لە ئەفسەرانی سوپای عیراق « مەحموود جەودەت ، حەمید جەودەتوە کامل حسن » خویان گەیاندە لەشکری شیخ مەحموود ، وەهاوبەشیی ئەو راپەرینە پیروزەیان کرد ، کە ئەنجامەکەی شەرری ئاوباریك بوو .

هەر بژی یادی راپەرینی شەشی ئەیلوول نموونەی قارەمانییو لەخوبوردنی کورد .

ئادەمیزاد نیە بیکات . . وەکاریش نیە سەیری بکات ! بەلی ژیریان کردنەوە . . لەزریکەو هاواریان خستن . . لەبەر چاوی خوم . ، ئەم دوو چاوە !

کەتـەمەی ووت هەردو پەنجەی بو هەردو چاوی دریژ کرد بەتوندی خەریـك بو هەلیان کولی ! بەم دوو چاوەم دیم . . کومەلیك تفەنگیان بەسونیەکانیانەوە لەسەر زەوی داچەقاندبو قیت رایان وەســتانبوون . .کومەلیکی تریش منالیـان وەکو توپ هەل ئەدا بو ئاسمان . منال بەرز ئەبووە . . ئەگەیشتە زریکەی ئەگەشیتە ئاسمانو تیکەل بەهارەی پیکەنینی ئەو درندانە ئەبو . . منال هیواش هیواش دوایی بە توندی ئەهاتە خواری بوسەر سونیەکە وەبە ناویا ئەچووە خواری . . زریکە لە دەمیا ووشك ئەبو . . هەناسەی ئەپسا جەندرمەکەش خیرا تفەنگەکەی هەل ئەگرت وە ئەیتەکان و منالەکەی لیفری ئەدا لەلایەکی تریش کومەلیکی تر یەکو دوو منالیان هەل ئەگرت کە ئەیقیژانو بەچاوی ئەینواریە جیگایەك رەنگە بوسەر لوتکەی شاخەکە بیت کەدایکی تیانیژراوە منالیان هەل ئەگرت وەگرەویان لەسەر ئەکرد کەچەند ئەکەن بە سونیەکەوە یەکو دوو . . تا سی٣ پیوەیان ئەکرد ئەوسا شیشی گوشت پیك ئەهات ئاگرو خویەکەی کەم بو !

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمانەم لەبەردەمما ئەدی . . وەکو دەستیك هوشیارم کاتەوە . . وپالم پیوەنیت لەسەر هەیوانەکەوە خوم فری دایە خواریو دەستی نزیك ترین جەندرمەم گرت کە هیشتا منالی نەگەیشتبو سەر . . بەلام بە هەمو هیزی سونی لەمەچەکم گیر کرد . . من لەتاو ایشو آزار لەهوش خوم چوم . وەباشتر . . چونکە کارەساتی ترم نەدی . وادیاربوو باوکم زوو بەفریاما گەیشتوە ئەگینا منیش ئەبوم بە قوربانی سونیەك ! ئەزانم لەهوش خوچونەکەم هی تەریقی . . هیشەرم . . هیوجدانو هیستو بیرو باورم بو هەتا ئەو کاتە وام ئەزانی ئەم سەربرینو قەسابیە لەداخی لەدەست چونی ئافرتەکانە بەلام لەکاتی کوشتارەکەدا بوم دەرکەوت کەلەبەر ئەوەنیە بەتەنیا چونکە گویم لیبو ئەیان ووت : ـ بیان کوژن ، . باسبەینی گەورە ئەبنو سەر شاخمان لینەگرن بیان کوژن سەریان برن ـ لە ناویان بەرن . . بە رەگەزیان بچنە خواری تاتوویان نەمینی !

که ئەمەی ووت ئینجا سەری هەل برری ، ' دەستي برد ناوچەوانی سرری هەناسەی سوار بوبو ، ' وەکو ئەوسانە لەناو کارەساتەکە هاتبیتە دەری ، . وەئەوساتە لە سونی لیدانەکە هاتبیتەوە هوش : سەری بولەقان وەبە هیواشی ووتی : ـ قسەکەی خوی بردە سەر ! کەمیك لیم وورد بووە ' ، وادیار بو منیش شلەژاوو هەلبزرکاو بووم ، ' بەلام ئەو ووشەیەی سەر لەنوی ئارەزوی پرسیاری هەلساندم لەبەر ئەوە ووتم !کی ؟

ووتی بەحەپەساویەوە ، ' ! گوایە نایزانیت ووتم بە پەلە پەل ، ، ! نأ ، ووتي : کمال اتاتورك ! کە ناوی ئەوم بیســــت ووتم بەخیرایی : ـ ئا ، ، ئا ! وەکو لام شتیکی برراوە بیت کە هەرچ کوشتاریك خراپەیەك ناوی ئەوی لەدوابیت دەربارەی کورد ئەوە لیکولینەوەی پیی ناویت ! ویستی بوم روون بکاتەوە ووتی : ـ

ـ لەپاش رزگاربونی تورکیا لەچنگ یونانیەکان یەکیك لەپیاوە گەورەکانی کورد ئەچیتە لای کمال اتاتورك وەپیی ئـەلیت : ئەوا بەپشـتگیریو یارمەتی کورد تورکیا رزگاری بو ' ، وە یستە بەلینەکانت بەجی بینە ! ئیمە کە کوردین جیابونەوەمان ناویت بـەس ئەمانەویت بوتریت کە کورد هـەیە وە منالی کورد بەزبانی کوردی بخوینیت ! کمال اتاتورك پیی ئەلیت : ئەوە هیچ نیە بەس ئەترسم ئەم نەختە دواروژ بیت بەداواکردنی جیابونەوە ! نوینەری کوردیش ئـەلیت : ئەی ئەگەر ئیســـتە داوای جیابونەوە بکەین چی ئەلیت !

خیرا ئەلیت : بی‌گومان سەرتان ئەبررم .

بەم جورە قسەکەی بەلکو بەلینەکەی بەجی هیناو زور جوانو تەواو بردیە سەر ، کەمیك لیم وورد بووە ، ' ! منیش تیك چوبوم ، ، ! بەلکو وروژابووم ' ، خوین لە لەشما هوروژمی هینابو ، ، ئەیویست لەهەمو سوچیکی لەشـمەوە بیتە دەری سەرم رائەوەشاند لەتاو بی بروایی ، ، چونکە بیستومانە ، ، بەلام بەم شـیوەیە نا ! وە جیی برواشە چونکە ئەوی ئەیگیریتەوە تورکیکە نەك کوردیك ،

کەدی من خەریکە سارد ئەبمەوە ، ' وەلەتاساویەکەم راست ئەبمەوە ووتی : ـ منیش تورکیکم ، ، بـەلام نادەمیزادیکیشم ، ، هەستم هەیە ! کورد گەلیکە شورشی کردوە بو مافی خوی ! لەو کاتەوەدەروونم هەستم بروام سەرەوژیربو گورا ،،



www.zheen.org

لەهەمو ئەو قسە قورانەی ئاخیئرابووە میشـکمانەوەرزگارم بوو هەر لەوروژەوە بریارمدا کە هەتا ماوم دوژمنی ئەو خوین خوارانەبم کە منالی تورك بەو بیروباوەررە نالەبارە لەبارچووە ئاودەدەنو مافی میللەتانیش بەو جورە ئەخون . . بەلی بریارمدا کەلەسـەر ئەوەشەوە هاوری‌و دوستی میللەتی کورد بم . چونکە هەردوکمان لەو کارەساتەدا خوینمان رژینرا ، وە تیکەل بەیەك بو !

لەو روژەشەوە من شەوو روژ خەریك بووم ئەمویست لەهەموو تورکیکی بگەینم کە لەناو دەریایەکی گەورەی دروو هەلخەلەتاندنا ئەژین‌و دوا روژ تیا نوقم ئەبن ! ئەنجام ئەوە بو هەستم پی‌کراو قەیسەری‌یان لی کردم بەکونە مشك ، لە شاریکەوە بو دی‌یەك ،، لە دیوە بو ژوریك هەتا دوایی دەریان فرتاندم ، هەلاتمو خاکەکەمم بەجی هیشت بەداخەوە ! کە نەمتوانی ئەو نەختە رووناکی‌یەی لە میشکمایە بەناو ئەو تاریکی‌یەدا کە تورك تیا ئەژی بلاوی بکەمەوە !

نیستە ئەمە نزیکەی ٣٠ سالە لە دوور وولات ئەژیم وە کە بیســـتم کومەلەی خویندکارانی کورد کونگرە ئەگریت لـە برلین هاتم هەتا منیش دەنگم بخەمە تـەك دەنگتان . وە توانام بخەمە تەك تواناتان .!

دەستی دریژ کرد وە بەهیواشی خستیە سەر دەستم کەمیك گوشی .. چاوی بو تروکانم وەمزانی ئەیەویت بگری بەلام وا دیار بو ویستی لەو بیرەوەری‌یە تال‌و ترشە خوی بتەکینی‌و رزگار کات ! زەردەخەنەیەکی شیرین سەرلیوی گرت ، پشتی تی‌کردم وە لی‌ی‌دا رویشت کزەی بایەکی سارد ئەهات .. ئەو دوو سی٣ مووەی ســـەری ئەشەکانەوە .. دەستی بو برد ریکی بخاتەوە .. ئەو دەستەی روژیك لەروژان لەسەر پاراستنی منالیکی کورد بریندار بوو شکاو ئیمرروش کەمیك خوارە .! روژیش لەدەم کەلەوە خەریك بو ئاوا ئەبو ،، زەرد هەلگەرابو وەکو ئەویش لەو باسە سامناکەی کاکەی تورکم شلەژابیت و ژاکابیت !

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بوزانین

کەمکردنەوەیەی نهینی هەیە بوبلیندەرەکان بودروست کردنی [٥] خانو بو مستخدمەکانی ئیدرەی محەلی لە سلیمانی بەپیی ئەو کەشفەو مەرج و گرەوانە کەئەتوانریت دەست بکەویت لەلای بەریوە بەرایەتی خەزینەی ئیدارەی محەلی بەنرخی دوو دینار .

ئەوانەی حەز بە هاوبەشی کردنی ئەم کەمکردنەوەیە ئەکەن پیوستە پەیەکانیان بخەنە ناو زەرفیکەوە لەسەری ناوی کەمکردنەوەکە بنوسریت لەگەل بارمتەی قانونی وەیا کەفالەی مەسرفی بە [ ٦٣ ] دینار بو هەر خانویەك کە [ ٣١٥ ] دینار ئەکات بو هەمو خانوکان وەبدریت بە ئەنجومەنی بەریوە بەرایەتی لیوا لە سەعات [ ١٠ ] ی زەوالی لە روژی دووشەمە کەریکەوتی ١٩٦١/٩/٤ ئەکات . هەر یەك لە دوای کاتی ناوبراو بیشکەش بکریت وەیان ئەمەرجانەی کە ناوبراون لەگەلیا نەبیت ئەخریتە پشت گوی .

عبدالهادی صالح

متصرفی لیوای سلیمانی

www.zheen.org

# سەرنج

○ وتارەکەی ماموستا [ ج بابان ] کە لەلاپەررە ٣٢دا بلاوکراوەتەوە [ ماویتی ] پاشماوەکەی لەژمارەی ئاینده دا بلاو ئەکەینەوە

○ لە وتارەکەی ماموستا شاوەیس‌دا کە لە لاپەررە ٤٣ دایە لەدیری ١٢ دا بە هەلە نووسراوە « ئەیانەوی لە ئەدرنە هەتا قەفقاسیاو ناوەراستی دەریای رەش » بەلام راستیکەی بەم جورەیە « لە ئەدرنەوە هەتا قەفقاسیاو ناوەراستی دەریای رەش وە دەریای سپی » . تکایە ئەم هەلەی چاپە راست بکەنەوە .

# بوزانین

ئیحالەی دوایی بو بەلیندان بوئامادەکردنی قوتابخانە سەرەتایەکان بە پیویستیەکانی ئەکریت لەسەر ئەوکەسەی کە ٠/٣. کەم ئەکاتەوە لەو نرخەی کە دوابەلیندەر تائیستا لەسەری ماوەتەوە لەسەعات [ ١٠ ]ی زەوالی لەروژی دوشەمە کەریکەوتی ١٩٦١/٨/٢٨ ئەکات ، هەر کەس حەزبەکەم کردنەوەی نرخی ناوبراوئەکات لەکاتی ناوبراودا بیتە ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی لیوا وەلەگەل خوشیدا بارمتەی قانونی بهینیت .

عبدالهادی صالح

متصرفی لیوای سلیمانی

گوڤاری روژی نوی

بنکەی ژین
www.zheen.org


پیلاوی

دیجلە دیجلە دیجلە

جوانە پتەوە هەرزانە

بچو بو پیشانگەی « پیلاوی دیجلە » لە شەقامی مەولەوی لای کاك قادر صابر توزیك بحەویرەوە ، جووتی پیلاوی دیجلەی نایابی لی بکرە

# چاپخانەی کامەران

سلەیمانی ـ شەقامی سەیوان

ئامادەیە بۆ چاپکردنی رۆژنامەو گوڤارو پەڕاوو

هەموو جورە چاپەمەنی یەکی بازرگانی

خاوەنی : محمدی حاجی عزیزی قەفتان

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# RÔJÎ NUWÊ

GOVARÊKÎ EDEBÎ, SÎYASÎ, KOMELAYETÎYE

JIMARE —6— SALÎ —2—

2573y - KURDÎ 1961 y - ZAYÎNÎ

| ئابوونه : | فلس | دینار |
| --- | --- | --- |
| ئابوونەی سالیك لە عیراقدا | ٥٠٠ | ١ |
| » » لەدەرەوەی عیراق | ٧٠٠ | ١ |
| » » بو قوتابیان | ٢٠٠ | ١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە (١٤٠) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلەیمانی